# هەرێمی کوردستانی عێراق

# چاکسازی ئابوری لە پێناو بووژانەوەی هاوبەش و پاراستنی نەداران

# هەرێمی کوردستانی عێراق

# چاکسازی ئابوری لە پێناو بووژانەوەی هاوبەش و پاراستنی نەداران

## خشتەی ناوەڕۆک


**پێزانین** ............................................................ ٥

**زاراوە و کورتکراوەکان** ............................................................ ٧

**پوختەی جێبەجێکاری** ............................................................ ١١

**١. باکگراوندی ئابوری گشتی** ............................................................ ٢٦

**٢. یەکخستنی داراییەکان** ............................................................ ٤١

**٣. چاکسازی بنەڕەتی بۆ دانانی بەردی بناغەی گەشەیەکی بەردەوام و هەمەلایەن بە ڕابەرایەتیی کەرتی تایبەت** ....... ٥٣

**٤. چاکسازییەکانی کەرتی کۆمەڵایەتی و ڕێوشوێنی هێورکردنەوە** ............................................................ ١٥٧

**٥. لێپرسینەوە** ............................................................ ١٨٩

**٦. چوارچێوەی دامەزراوەیی و چاودێری دادوەری** ............................................................ ٢٠١

**٧. شێوازەکانی جێبەجێکردن** ............................................................ ٢٠٤

**نەخشەرێگەی چاکسازی ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان –نەخشەی سیاسەتەکان** ............................................................ ٢٠٧

**سەرچاوەکان** ............................................................ ٢٨٨


### خشتەکان


خشتەی ١.١. داراییەکانی حکومەت، ٢٠١٢–٢٠١٥ ............................................................ ٣٧

خشتەی ٢.١ هێزی کار بەپێی کەرت ............................................................ ٤٣

خشتەی ٢.٢ چاکسازی لە خزمەتی مەدەنی: شێوازی سێ تەوەری ............................................................ ٤٦

خشتەی ٣.١ کۆکردنەوەی داهاتەکانی پارەی ئاو وەک ڕێژەکاری کارپێکردن و چاککردنەوە ، ٢٠١١ ............................................................ ٦٩

خشتەی ٣.٢ ڕێکارە ڕاسپاردراوەکان بۆ چارەسەرکردنی ئاو ............................................................ ٧٢

خشتەی ٣.٣ ئاستەنگەکانی بەردەم وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت لە گەشتیاری ............................................................ ٩٠

خشتەی ٣.٤ ئاستەنگەکانی بەردەم کەرتی کارەبا ............................................................ ٩٦

خشتەی ٣.٥ چاکسازی لە کەرتی کارەبا و باشترکردنی ئەدا ............................................................ ٩٩

خشتەی ٣.٦ ژمێرەکانی حکومەت: ئەنجامە بەراییەکانی ڕاهێنانی هاوسەنگی گشتی ژمێردراو (CGE)، ٢٠١٥ ............................................................ ١٠٧

خشتەی ٣.٧: ئەولەوییەتی پێشبینیکراو بۆ چاکسازی: بەرنامەکانی بازاڕی هێزی کار ............................................................ ١٥٤

خشتەی ٤.١ سیستمی دابەشکردنی پلانی خانەنشینی گشتی و ئەهلی لە هەرێمی کوردستان و بەشەکانی تری عێراق ............................................................ ١٥٩

خشتەی ٤.٢ ئەولەوییەتی پێشنیارکراو بۆ چاکسازی، بیمەی کۆمەڵایەتی و خانەنشینی ............................................................ ١٦٣

خشتەی ٤.٣ سیستمی دابەشکردنی گشتی خۆراک: ڕووماڵ، ئامانجگیری، و بەفیڕۆدان ............................................................ ١٦٥

خشتەی ٤.٤ چاودێری کۆمەڵایەتی پێشکەشکراو لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ............................................................ ١٦٦

خشتەی ٤.٥: ڕێژەی وەرگرانی داهاتی بێ بەرامبەر (کۆمەک) لە هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٧ و ٢٠١٢ ............................................................ ١٦٧

خشتەی ٤.٦: ئەولەویەتی پێشنیارکراو بۆ چاکسازی، چاکسازیی تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی.......................................... ١٧٣
خشتەی ٤.٧. دانانی ئەولەوییەت بۆ چاکسازیی لە کەرتی پەروەردە ........................................................................... ١٨٢

شێوەکان

شێوەی ١.١. پرۆژەی وەبەرهێنانی مۆڵەتپێدراو لە هەرێمی کوردستان ........................................................................ ٢٨
شێوەی ١.٢ کۆی لیستی نرخی بەکاربەر و نرخی خۆراک لە هەرێمی کوردستان (تێکرای گۆرانکاری ساڵانە).................... ٣٠
شێوەی ١.٣ نرخی کارەبا لە هەرێمی کوردستان (تێکرای گۆرانکاری ساڵانە)............................................................. ٣٠
شێوەی ١.٤ لیستی نرخی بەکاربەر لە چەند پارێزگایەکی دیاریکراو لە عیراق............................................................ ٣٠
شێوەی ١.٥ بەشی کەرتە ئابورییەکان لە جی دی پی، ٢٠١٢ ......................................................................... ٣١
شێوەی ١.٦. بەشی کەرتە ئابورییەکان لە جی دی پی، ٢٠١٤.......................................................................... ٣١
شێوەی ١.٧ کارکردن لە کەرتی گشتی....................................................................................................... ٣٢
شێوەی ١.٨ کارکردن بەپێی چالاکی ئابوری لە هەرێمی کوردستان (% ی کۆی کار)................................................. ٣٣
شێوەی ١.٩ دابەشبوونی زیاتر.................................................................................................................. ٣٥
شێوەی ١.١٠ ڕێژەی هەژاری .................................................................................................................. ٣٥
شێوەی ١.١١ گۆرانکاری لە داهاتی بەکاربردنی تاکەکەس، کاریگەری قەیرانی ٢٠١٤ ........................................... .. ٣٥
شێوەی ١.١٢ قەرزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ................................................................................ ٣٨
شێوەی :٢.١ مووچە و کرێی کەرتی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٠١٠-٢٠١٤......................................... ٤٤
شێوەی :٢.٢ داهاتی باج و داهاتی گشتی لە هەرێمی کوردستان..................................................................... ٥٠
شێوەی ٣.١ قەرز بۆ کەرتی تایبەت........................................................................................................... ٥٤
شێوەی ٣.٢ نرخی دانەوێڵە و نەوت........................................................................................................... ٥٩
شێوەی ٣.٣ بازرگانی لە خزمەتگوزاریەکان (ڕێژەی سەدی لە جی دی پی)........................................................ ٧٧
شێوەی ٣.٤ بازنەی داخراو (پشتبەستن بە کەرتی گشتی) .......................................................................... ٨٠
شێوەی ٣.٥ ژمارەی ئەو گەشتیارانەی سەردانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەن.............................................. ٨٧
شێوەی ٣.٦ وولاتی ئەو گەشتیارانەی سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن، ٢٠١٣-٢٠١٥.................................... ٨٧
شێوەی ٣.٧ گەیشتنی گەشتیاران بۆ هەرێمی کوردستان بەپێی ناوچەکە، ٢٠١٥ .................................................. ٨٨
شێوەی ٣.٨ بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان............................................................................... ١٠٤
شێوەی ٣.٩ ئەو خزمەتگوزارییانەی لە لایەن پیشەسازی نەوت و گاز پێشکەش دەکرێت لە هەرێمی کوردستان ................ ١٠٩
شێوەی ٣.١٠ بەراوردی بەکارهێنانی برۆدباندی مۆبایل لە هەرێمی کوردستان، و عێراق، و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ................ ١٢٢
شێوەی.٣.١١ بەراوردی بەکارهێنانی برۆدباندی چەسپاو لە هەرێمی کوردستان و عێراق، و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست............ ١٢٢
شێوەی ٣.١٢ ئەو کۆمپانیایانەی کە پێیان وایە "دەستگەیشتن بە تەمویل" ئاستەنگی سەرەکییە یان زۆر سەختە ..................... ١٣١
شێوەی ٣.١٣ ڕێژەی ئەو کۆمپانیانەی کە لانی کەم ١٪ ی بەرهەمەکانیان هەناردە دەکەن ......................................... ١٣٥
شێوەی ٣.١٤ دەستکردن بە پرۆژە: دووریی لە بەرەی پێشەوە، ٢٠١٦ ......................................................... ١٣٩
شێوەی ٣.١٥ ڕێژەی ئەو کۆمپانیانەی کێبڕکێی نافەرمییان بە ئاستەنگی سەرەکی داناوە ............................................ ١٣٩
شێوەی ٣.١٦ ژمارەی ئەو ڕۆژانەی دەرکردنی کەرەستەیەک لە گومرک دەیخایەنێت ........................................... ١٤٠
شێوەی ٣.١٧ ڕێژەی سەدی ئەو کۆمپانیانەی بڕوانامەی کوالیتی جیهانییان هەیە ........................................... ١٤٠
شێوەی ٣.١٨ ژمارەی بانکی بازرگانی بۆ ١٠٠,٠٠٠ کەسی باڵغ، ٢٠١٣ ........................................................ ١٤٢
شێوەی ٣.١٩ ڕێژەی سەرمایەی دابینکراوی کارکردن لە لایەن دەزگای نابانکیەوە ........................................... ١٤٢

شێوەی ٣.٢٠. تێکڕای قەبارە خێزانەکان و پێکهاتەکانیان ........ ١٤٨
شێوەی ٣.٢١. ڕێژەی زێدە نزمی دامەزراندن ........ ١٤٨
شێوەی.٣.٢٢ ڕێژەی بەشداریی هێزی کاری مێینە ........ ١٤٩
شێوەی ٣.٢٣. ئاستی خوێندەواری هێزی کار بەپێی تەمەن ........ ١٤٩
شێوەی ٣.٢٤. پێکهاتەی بێکاری بەپێی ئاستی خوێندن ........ ١٥٠
شێوەی ٣.٢٥. ژمارەی پێشبینیکراوی ساڵانەی هێزی کاری نوێ تا ٢٠٢٠ ........ ١٥١
شێوەی ٣.٢٦. ڕێژەی وازهێنان لە قوتابخانە بەپێی تەمەن و ڕەگەز ٢٠١٢ ........ ١٥٢
شێوەی ٤.١. خەرجییەکانی مووچەی خانەنشینی بەرامبەر هاووڵاتیانی بەساڵاچوو ........ ١٥٨
شێوەی ٤.٢. ڕێژەی سوودمەندبووانی هەژار ........ ١٦٥
شێوەی ٤.٣. دابەشبوونی سوودمەندان بەپێی کەیسەکان لە هەرێمی کوردستان، ٢٠١٠-٢٠١٤ ........ ١٦٧
شێوەی ٤.٤. خشتەی خستنەرووی بەئامانجکردنی ناکارا، ٢٠١٢ ........ ١٦٨
شێوەی ٤.٥. دابەشبونی سوودمەندان لە هاوکاری وەزارەتی کۆمەڵایەتی بە گوێرەی پارێزگاکان ٢٠١٤ , ........ ١٦٩
شێوەی ٤.٦. کۆی ژمارەی سوودمەندان لە هاوکاری نەختینەی بێمەرج (تەوەری چەپ) و بڕی پارەی حەواڵەکراو ........ ١٧٠
شێوەی ٤.٧. تۆمارکردن بەگوێرەی ئاستی خوێندن لە تەمەنی ٦ ساڵ و سەرووتر ........ ١٧٥
شێوەی ٤.٨. گەشەی تۆمارکردن لە نێوان ٢٠٠٣-٢٠٠٤ تا ٢٠١٢-٢٠١٤ ........ ١٧٦
شێوەی ٤.٩. ژمارەی تەختی نەخۆشخانە بە گوێرەی پارێزگاکان لە گشتی و ئەهلی ........ ١٨٥
شێوەی.٥.١ سیستمی کاری PIM ........ ١٩٦
شێوەی.٥.٢ حکومەتی هەرێمی کوردستان: تێڕوانین لە گرێبەستە گشتییەکان ........ ١٩٨
شێوەی ٥.٣. ئایندەی گرێبەستە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان ........ ١٩٨
شێوەی ٦.١. گەشەسەندنی دامەزراوەیی و زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان ........ ٢٠٢

خانەکان

خانەی ٣.١. وانەکانی فێری بوین ........ ٦٦
خانەی ٣.٢. پێوەری ژیر ........ ٧٠
خانەی ٣.٣. شێوازی نوێ بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان ........ ٧٣
خانەی ٣.٤. ڕاسپاردەکان بۆ دانانی ئەولەوییەت بۆ کەرتی ئای سی تی ........ ١٢٨
خانەی ٣.٥. دانانی ئەولەوییەت بۆ کارەکانی چاکسازی لە گەشەپێدانی کەرتی تایبەت ........ ١٣٣

نەخشەکان

نەخشەی ٣.١. یونسکۆ و شوێنەوارە جیهانیە مێژووییەکان لە عێراق ........ ٨٦
نەخشەی.٣.٢ هێڵی ژێرخانی هەرێمایەتی ........ ١٠٥
نەخشەی ٣.٣. ڕێگەوبان بەرەو ئەوروپا (٢٠١١) نەخشەی ڕێگە خێرای ئاسیا(٢٠١٤) ........ ١١١
نەخشەی ٣.٤. ڕێگەکانی ترانزیت لە عێراق و قەبارەی بازرگانی ........ ١١٢
نەخشەی ٣.٥. ڕێگەکانی گواستنەوە لە عێراق ........ ١١٤
نەخشەی ٣.٦. شوێنی پەسەند وەک بنکەی دابەشکردنی بار ........ ١١٦
نەخشەی.٣.٧ ڕێگەوبانە گشتیەکانی گواستنەوە لە ئاییندەدا ........ ١١٧
نەخشەی ٣.٨. هێڵی ئاسنین لە ئێستادا و لە پلاندا لە عێراق و لە هەرێمەکە ........ ١١٩
نەخشەی ٣.٩. ڕێگەکانی ئینتەرنێت بۆ پێکەوە بەستنەوەی کێبڵی ژێردەریایی لەگەڵ ئەوروپا و عێراق و وڵاتانی MENA ........ ١٢٦

# پێزانین

سیبیل کولاکساز (گەورە ئابوریناس، بانکی نێودەوڵەتی ) و ڕاپتی گنەسکار (ئابوریناسی پسپۆڕ، ئای ئێف سی) بەرپرسی تیمەکانی ئەم کارەن. تیمی کار پێک هاتووە لە نازەنین عەلی (گەورە پسپۆڕ لە بواری گرێبەستە گشتیەکان)، جەودەت دەنیزەر (ڕاوێژکار)، هارون ئۆندەر (گەورە ئابوریناس)، تیتۆ کۆردیلا (ڕاوێژکار)، شەهرەزاد موبەشیر فەرد (ئابوریناس)، ئەشواق مەسیح (ئابوریناس)، ماریۆ گیتیرەز (ڕاوێژکار)، ئیبراهیم داجانی (گەورە بەرپرسی چالاکییەکان)، سۆران عەلی (بەرپرسی چالاکییەکان)، ئیگۆر یۆکانۆڤیچ (ڕاوێژکار)، دانیاڵ ڤیکۆڤیچ (ڕاوێژکار)، رەمزی عاتیف نوعمان (گەوە پسپۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتی)، غەسان ئەلخۆجە (گەورە پسپۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتی)، مۆنتیسەرات پالاریس میرالێس (گەورە پسپۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتی)، فەرهاد ئەسەن (گەورە پسپۆڕی بواری وزە)، لیلیانا بێنیتیز (ڕاوێژکار)، مایکل بهاتیا (گەورە ئابوریناسی بواری وزە)، محەمەد حەسەن عەبدولقادر (پسپۆڕ لە بواری گەشەی کەرتی تایبەت)، ئەمینور رەحمان (گەورە ئابوریناس)، باربارا کۆشاور (گەورە بەرپرسی بواری سیاسەتی وەبەرهێنان) ئێدوارد ئاکوبۆڤ (بەرپرسی چالاکییەکان)، کارلۆ ماریۆ رۆزۆتۆ (گەورە پسپۆڕی ئای سی تی)، مارۆلا حەداد (ڕاوێژکاری ئای سی تی)، نانسی کلێر بینجامین (گەورە ئابوریناس)، ناندینی کریشنان (گەورە ئابوریناس)، سێرجیۆ ئۆلیفێری (ئابوریناس)، فەخرەدین یاخچی (ڕاوێژکار)، جۆن بافیس (گەورە ئابوریناسی کشتوکاڵ) ئۆلیڤەر کاتانیۆ (گەورە پسپۆڕی بازرگانی)، ئیمانوێل کوڤیلەر (گەورە پسپۆڕ لە بواری کەرتی گشتی)، جاد مازاهرە (گەورە پسپۆڕی بواری بەڕێوەبردنی دارایی)، مایک ستیڤنس (ڕاوێژکار لە بواری بەڕێوەبردن)، تمۆمۆی میاجیما (پسپۆڕ لە بواری پەروەردە)، عەتیە زەیدی (ڕاوێژکار لە کەرتی پەروەردە)، هانا ئادەم ئەلغالی (ڕاوێژکار لە کەرتی پەروەردە)، عەلی عەنبوری (ڕاوێژکار لە کەرتی پەروەردە)، عەبدولحەمید ئازاد (گەورە پسپۆر لە بواری بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو)، نەدوە رافیح (گەورە ئابوریناس، کەرتی تەندروستی)، کریستۆفەر کانتیلمی (بەرپرسی سەرەکی وەبەرهێنان، ئای ئێف سی)، ئێریک بێکەر (بەڕێوەبەری خزمەتگوزارییەکانی ژێرخان، ئای ئێف سی)، زیشان ئەحمەد شێخ (بەرپرسی وەبەرهێنان، ئای ئێف سی) بوشرا محمد (بەرپرسی ستراتیجیەت، ئای ئێف سی) و هاڤگەر عەبدولرەحمان (ڕێکخەری ناوخۆیی). سوپاسی هاوڕێیانمان دەکەین لە دەزگای راند بۆ بەشدارییان لەم ڕاپۆرتە بە پشتبەستن بە کارەکانیان لە هەرێم. ئەم بەڵگەنامەیە لە لایەن ئیکاترینا گیۆرگیڤا ستیفانۆڤەوە (بەڕێوەبەری بەرپرس) و شیرین پرات (یاریدەدەری بەڕێوەبەری بەرنامە) پێداچوونەوەی بۆ کراوە و ڕێک خراوە.

ئەم ڕاپۆرتە لەژێر سەرپەرشتی فەرید بیلحاج ئامادە کراوە (بەڕێوەبەری بەشی رۆرهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقیا)، و ئۆگست کومای (بەڕێوەبەری پیادەکردن، ئابوری گشتی و بەڕێوەبردنی دارایی). تیمی کار سوپاسی ڕێنماییەکانی ئەم بەڕێزانە دەکەن: رۆبەر بۆجاودی (بەڕێوەبەری بەرنامەی وڵات)، زیاد بەدر (گەورە بەرپرسی بەرنامەی وڵات، ئای ئێف سی)، پیلار ماسیتیرا (ڕێکخەری بەرنامەی وڵات)، حوسام محەمەد بێدیس (بەرپرسی بەرنامە)، حەنین سەعید (بەرپرسی بەرنامە)، پیتەر موسلی (بەرپرسی بەرنامە)، و بەڕێوەبەرانی پیادەکردن لە گلۆباڵ پراکتیسز. هەروەها بۆ ڕاپۆرتەکە سوودمان وەرگرتووە لە سەرنج و تێبینییەکان و پێداچوونەوەی جۆرگی ئاراوجۆ (ئابوریناسی ڕاوێژکار) و جۆن سپیکمان (ڕاوێژکار)، و چەند کەسێکی تر کە کاری پێداچوونەوەیان کردووە وەک راج نالاری (گەورە ئابوریناس) و هیدیکی ماتسوناگا (ڕاوێژکار).

هەروەها تیمی کار سوپاس و ستایشی هاوکاریی پتەو و تۆکمە و بەشداری کارای دەزگا و بەرپرسانی سەر بە وەزارەتی پلاندانان دەکات، کە سەرجەم ڕێنمایی و هەماهەنگیی حکومەت لەلایەن بەڕێزان دکتۆر عەلی

سندی، وەزیری پلاندانان، و زاگرۆس سیوەیلی، بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەی پلاندانان، پێشکەش کراوە. هەروەها تیمی کار ئەوپەڕی پێزانینی خۆی ئاراستەی ئەم بەڕێزانە و بەرپرسانی تر لە حکومەت کە هاوکارییەکی بەرچاویان کردووین، وەک بەڕێز شیروان ئەسعەد قادر (جێگری وەزیری پلاندانان)، بەڕێز سیروان محمد (سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان)، بەڕێز دکتۆر جەمال ئەمین (گەورە ڕاوێژکار لە وەزارەتی پلاندانان). هەروەها دەزگاکان و تیمەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەشداربوون لە بەڵگەنامەی ڕێنمایی "هەرێمی کوردستانی عێراق ٢٠٢٠: دیدگایەک بۆ ئایندە".

ئەستۆپاکی لە بەرپرسیاریتی: ئەم کارە بریتییە لە بەرهەمی بانکی نێودەوڵەتی لەگەڵ هاوکاریی لایەنی تر. بۆچوونەکان و لێکدانەوەکان و دەرەنجامەکانی ناو ئەم کارە مەرج نییە ڕەنگدانەوەی بانکی نێودەوڵەتی بێت یان هی بەڕێوەبەرانی جێبەجێکار، یان هی ئەو حکومەتانەبێت کە نوێنەرایەتییان دەکەن. بانکی نێودەوڵەتی گەرەنتیی وردەکاریی ئەو داتایانە نادات کە لەم کارەدا هەیە. دیاریکردنی سنوور و ڕەنگ و ناو و بەها و هەر زانیارییەکی تری سەر نەخشەکانی ناو ئەم کارە ڕەنگدانەوەی حوکمی گروپی بانکی نێودەوڵەتی نییە لەسەر هیچ ڕەوش و پێگەیەکی یاسایی هیچ خاکێک یان پەسەندکردنی یان قبوڵکردنی هیچ سنوورێک.

# پێشەکی

ئەم نەخشەڕێگەیەی چاکسازی ئابوری پەیامێکی سادە دەگەیەنێت کە هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئایندەیەکی باشتر و گەشتری هەبێت ئەگەر بەیەکەوە کاربکەین بۆ جێبەجێکردنی.

ئێمە زیاتر لە پێویست وابەستەین بە نەوتەوە، خەرجیە گشتیەکانی حکومەتی هەرێم زیاد لە پێوستن، هێزی کار لە کەرتی گشتی لە رادەبەدەرە و سیاسەتەکانمان ئاستەنگ دروستدەکەن لەبەردەم گەشەکردنی کەرتی تایبەت. دابەزینی نرخی نەوت دوچاری ئەم قەیرانە ئابوریەی کردین کە پێویستە بەپێی کاریگەریەکانی هەنگاو بەرەو خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم دۆخە نوێیە بنێین.

لەژێر رۆشنایی بەرنامەی چاکسازی سەرۆکی هەرێمی کوردستان "مەسعود بارزانی" و هەروەها رۆشنایی دیدگای ٢٠٢٠ی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دانانی خەڵك لەپێش هەموو شتێکەوە، هەوڵ دەدەین ئەم چاکسازیانە ئەنجام بدەین، بەبێ کەمکردنەوەی ئاستی گوزەران. هەروەها دڵنیایی دەدەین کە خەرجیە گشتیەکان سوودی بۆ هەموومان هەبێت و راستەوخۆ تەرخان بکرێن بۆ ئەو بوارانەی کە گرنگترینن بۆ ژیانی هاوڵاتیانی هەرێمەکەمان.

پرۆسەی خۆگونجاندنی ئابوری بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ ئایندەیەکی باشتر لەم نەخشەرێگەیەدا: "چاکسازی ئابوری لەپێناو بوژانەوەی هاوبەش و پاراستنی نەداران" روونکراوەتەوە، کە ئەنجومەنی وەزیران لە حوزەیرانی ٢٠١٦ پەسەندی کرد و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی واژۆی لەسەرکردووە. ئەم دۆکۆمێنتە پلانێکی روونی بۆ پەرەپێدانی مرۆیی داناوە لەڕێگەی بەرەوپێش بردنی چەندین کەرتی وەکو پەروەردە، تەندروستی و کار، هەروەها فرەچەشنکردنی ئابوری بەدەر لە نەوت. بەپێی ئەم نەخشەڕێگەیە هاووڵاتیان لەڕێگەی کارتی هەڵسەنگاندنەوە ئەدای کاری وەزارەتەکان هەڵدەسەنگێنن. لەو بڕوایەداین دەتوانین هەموو هەنگاوەکانی نەخشەڕێگەکە بەدیبهێنین، بەمەرجی بەشداریکردنی کارای هەموو وەزارەتەکان و کۆی کۆمەڵگە.

هاوکات لەگەڵ بایەخدان بە ئاسایش و پاراستنی کۆمەڵگە، پێویستە ئامانجە ئابوریەکانیشمان لەبەرچاوبگرین. گرنگە برەو بدەین بە کەرتی تایبەت و راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی بۆ ئامادەکردنی هێزێکی کار کە تەنها گەورە نەبێت لە قەبارە بەڵکو بەرهەمهێنەریش بێت. پێویستە ئاسانکاری لەدامەزراندن و تۆمارکردن و داخستنی کۆمپانیا بکەین. پێویستە هانی پێشەنگی کار (entrepreneurship) بدەین، بەتایبەتی لەناو لاواندا، کە کلیلی ئایندەی هەرێمی کوردستانن. پێویستە زیاتر بایەخ بە گەشەی کەرتی تایبەت بدەین، لەڕێگەی کاراکردنی خاڵە سنوریەکان بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی. هەروەها وەبەرهێنان لە پەروەردە و راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی یەکێکی ترە لە بوارەکان کە پێویستە پەرەیان پێ بدرێت، هاوکات لەگەڵ بەرەوپێشبردنی کەرتەکانی کشتوکاڵ، ئاو، کارەبا، تەندروستی و گەشتوگوزار لەڕێگەی پرۆگرامی دیاریکراوەوە کە لەم راپۆرتەدا روونکراونەتەوە.

ئەگەر بتوانین ئایندەی هەرێمی کوردستان لەبەرچاوبگرین کە خاوەنی کەرتێکی تایبەتی گەشەسەندوو و خزمەتگوزاری گشتی کارا و زیادبوونی هەلی کار و دەستگەیشتنی گشتگیر بە خوێندن بە کواڵیتی بەرز هەر لە باخچەی ساوایان تا قۆناغی ١٢ بێت، ئەوکات دەتوانین پلان بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە دابنێین.

سەرەڕای ئاستەنگەکان، لەو بڕوایەدام هۆکار گەلێك هەن بۆ ئەوەی گەشبین بین. لەڕێگەی ئەم چاکسازیانەوە پشت بە خاڵە بەهێزەکانمان دەبەستین کە پێکهاتەی زۆری گەنج لە نێو دانیشتوان، رۆحی پێشەنگی کار، خاکی بەپیتی کشوکاڵی و کاربەدەستی خەمخۆری حکومەت لەخۆدەگرێت.

د. عەلی سندی

وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

# زاراوە و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ALMPs | سیاسەتەکانی بازاڕی هێزی کاری چالاک |
| ATM | ئامێری پارەپێدانی ئۆتۆماتیکی |
| BITs | ڕێکەوتننامەی دووقۆڵیی وەبەرهێنان |
| BOI | دەستەی وەبەرهێنان |
| BMI | چاودێریی پرۆژەی نێودەوڵەتیی |
| BSA | دیوانی چاودێری دارایی |
| CBA | شیکردنەوەی تێچوو وسوودەکان |
| CBI | بانکی ناوەندیی عێراق |
| CC | بازنەی هاوبەش |
| CCT | حەواڵەی نەختینەیی مەرجدار |
| CMC | کۆمیسیۆنی گەیاندن و میدیا |
| CoA | هێڵکاریی ژمێرە |
| CoCI | ژووری بازرگانی و پیشەسازی |
| CPI | لیستی نرخی بەکاربەر |
| CPA | دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان |
| CSP | بەرنامەی پشتگیریی کۆمەڵگە |
| DAC | لیژنەی هاوکاری پەرەپێدان |
| DBR | ڕاپۆرتی ئەنجامدانی پرۆژە |
| DNO | کۆمپانیای نەوتی نەرویجی |
| DPS | وێستگەی کارەبای دهۆک |
| DTM | ماتریکسی تۆمارکردنی ئاوارەکان |
| ECOSOC | ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتیی |
| EMIS | سیستەمەکانی زانیاری بەڕێوەبردنی پەروەردە |
| EU | یەکێتیی ئەوروپا |
| FAO | ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ |
| FDI | وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی |
| FINI | دەستپێشخەری خۆراکی نائاسایشی خواردن |
| FTA | ناوچەی بازرگانیی ئازاد |
| GCC | ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو |
| GDP | کۆی بەرهەمی ناوخۆیی |
| GDRB | بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگەوبان |
| GFMS | نامیلکەی ئاماری دارایی حکومەت |
| GIZ | دەزگای ئەڵمانی بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی |
| GOI | حکومەتی عێراق |
| GTZ | ئاژانسی ئەڵمانی بۆ هاوکاری تەکنیکی |
| HRMIS | سیستمی بەڕێوەبردنی زانیاریی سەرچاوە مرۆییەکان |
| IATA | یەکێتی نێودەولەتیی گواستنەوەی ئاسمانیی |
| ICAO | ڕێکخراوی نێودەوڵەتی فرۆکەوانی مەدەنی |
| ICOs | کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت |
| ICSID | بنکەی نێودەوڵەتی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی وەبەرهێنان |

| | |
|---|---|
| ICT | تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن |
| ID | دیناری عێراقی |
| IDPs | ئاوارەی ناوخۆ |
| IEA | ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی |
| IFC | دەزگای دارایی نێودەولەتیی |
| IFIs | دەزگاکانی دارایی نێودەوڵەتی |
| IFMIS | سیستەمی یەکخراوی بەرێوەبردنی زانیاری دارایی |
| IHSES | ڕوپێوی کۆمەڵایەتی و ئابوری خێزانی عێراقی |
| ILO | ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی |
| IMC | لیژنەی نێو وەزاری |
| INTOSAI | ڕێکخراوی نێودەولەتی دەزگاکانی چاودێری دارایی |
| IOM | ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی |
| IPPs | یەکێتی سەربەخۆی بەرهەمهێنەرانی وزە |
| IPSAS | ستانداردی نێودەوڵەتی ژمێریاری کەرتی گشتی |
| IRM | نەخشەڕێگەی چاکسازیی وەبەرهێنان |
| IRU | یەکێتی ڕێگەی نێودەوڵەتیی |
| ISIS | دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام |
| IT | تەکنەلۆجیای زانیاری |
| ITC | یاسای باجی عێراقی |
| JFPR | سندوقی یابان بۆ کەمکردنەوەی هەژاری |
| JICA | ئاژانسی هاوکاری نێودەوڵەتیی یابان |
| KDMS | سیستمی بەڕێوەبردنی گەشەسەندنی کوردستان |
| KIPA | پەیمانگەی کوردستان بۆ ئیدارەی گشتی |
| KMoTC | وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی کوردستان |
| KRG | حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| KRI | هەرێمی کوردستانی عێراق |
| KRSO | دەستەی ئاماری کوردستانی عێراق |
| LFS | ڕووپێوی هێزی کار |
| LMIS | سیستمی زانیاری بازاڕی هێزی کار |
| MoA | وەزارەتی کشتوکاڵ |
| MEF | وەزارەتی ئابوری و دارایی |
| MENA | رۆژهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقیا |
| MFN | هەرە نەتەوەی پەسەند |
| MNR | وەزارەتی سامانە سروشتییەکان |
| MoCH | وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن |
| MoE | وەزارەتی کارەبا |
| MoFE | وەزارەتی دارایی و ئابوری |
| MoP | وەزارەتی پلاندانان |
| MoTC | وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن |
| MoTI | وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی |
| MTEF | چواچێوەی خەرجیەکانی مامناوەندی خایەن |
| MTFF | چوارچێوەی دارایی مامناوەندی خایەن |
| MW | میگاوات |

| | |
|---|---|
| PAYG | بەدەم-ڕێوە-پارە-بدە |
| PDS | سیستمی گشتی دابەشکردنی خۆراک |
| PER | پێداچوونەوەی خەرجییە گشتیەکان |
| PFM | بەڕێوەبردنی دارایی گشتی |
| PIM | بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی گشتی |
| PIMS | سیستمی بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی گشتی |
| PMT | تاقیکردنەوەی شێوازەکانی پرۆکسی |
| PPP | هاوبەشی گشتی-تایبەت |
| RAND | دەزگای لێکۆڵینەوە و گەشەسەندن |
| RSCA | بنکەی لێکۆڵینەوەی کۆلیژی کشتوکاڵ |
| SAIs | پەیمانگەکانی چاودێری دارایی |
| SBDs | بەڵگەنامەی تەندەری ستاندارد |
| SEINA | هەڵسەنگاندنی پێداویستیەکانی ژێرخانی کۆمەڵایەتی وئابوری |
| SIDA | ئاژانسی نێودەوڵەتی سوید بۆ گەشەسەندن |
| SMEs | کۆمپانیای قەبارە بچووک و مامناوەندی |
| SNAP | بەرنامەی هاوکاریی تەواوکەری خۆراک |
| SOEs | کۆمپانیای حکومی |
| SOMO | ڕێکخراوی بازاڕگەریی نەوتی دەوڵەت |
| SSN | تۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتی |
| SSNP | بەرنامەی تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی |
| TA | هاوکاری تەکنیکی |
| T&D | گواستنەوە و دابەشکردن |
| TFP | کۆی فاکتەری بەرهەمهێنان |
| TIFA | ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی بازرگانی و وەبەرهێنان |
| TIMSS | ئاراستەکانی دیراسەتی نێودەوڵەتی زانست و بیرکاری |
| TSA | ژمێرەی یەکخراوی خەزێنە |
| TUV | یەکێتی ڕێکخراوی ئەلمانی بۆ پشکنینی تەکنیکی |
| TVET | خوێندن و مەشقی تەکنیکی و پیشەیی |
| UAE | میرنشینە عەرەبییە یەکگرتووەکان |
| UCT | حەواڵەی نەختینەی بێمەرج |
| UI | بیمەی بێکاری |
| UN | نەتەوە یەکگرتووەکان |
| UNCTAD | کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بازرگانی و گەشەسەندن |
| UNDP | بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان |
| UNHCR | کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران |
| UNICEF | ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ فریاکەوتنی ناکاوی و مافەکانی منداڵان |
| UNIDO | ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی |
| USAID | ئاژانسی ئەمریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی |
| USDA | وەزارەتی کشتوکاڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا |
| VAT | بەهای زیادەی باج |
| WB | بانکی نێودەوڵەتی |
| WTO | ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی |

جێگری سەرۆک: حافیز غانم

بەڕێوەبەری بەرنامەی وڵات: فەرید بیلحاج

بەڕێوەبەری ئای ئێف سی: موئەیەد مەخلوف

بەڕێوەبەری پیادەکردن: ئۆگست کوامی

بەرپرسی تیمەکانی ئەم کارە: سیبیل کولاکساز و ڕاپتی گنەسکار

# پوختەی جێبەجێکاری

١.	**هەرێمی کوردستانی عێراق هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆیە لە باکوری عێراق دەستوری عێراق دانی پێداناوە.** حکومەتەکەی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، پایتەختەکەی لە هەولێرە، و مافی هەیە – بە گوێرەی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥– دەسەلاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی پیادە بکات، بێجگە لەو دەسەلاتانەی کە تەنها بە دەسەڵاتی دەزگا فیدراڵییەکان دانراون بە گوێرەی دەستور. دەستوری عێراق پێناسەی هەرێمی کوردستان دەکات کە قەوارەیەکی فیدراڵییە لە عێراق. سیستمی حوکم لە هەرێمی کوردستان پەرلەمانی دیموکراسییە و ئەنجومەنێکی نیشتمانی هەیە کە لە ١١١ کورسی پێک دێت.

٢.	**هەرێمی کوردستانی عێراق تا ڕادەیەکی زۆر بەدوور بوو لەو ناکۆکی و ناتەناهییەی کە ناوچەکانی تری عێراقی گرتبۆوە، بە تایبەتی دوای شەڕی ٢٠٠٣.** ئەمەش بواری بۆ هەرێمی کوردستان رەخساند هانی کەرتی تایبەتی تازەپێگەیشتووی بدات و وەبەرهێنانی بیانی ڕابکێشێت لە کەرتی نەوت و نا–نەوتدا. لەگەڵ ئەمەش، لە ناوەڕاستی ٢٠١٤ ەوە، دابەزینی نرخی نەوت و زیادبوونی هەڕەشە لەسەر ئاسایش فشاریان هێنا بۆ سەر ئابوری عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستانیش، وەڵامدانەوەی ئەمەش پێویستی بە کاری بەپەلەبوو بۆ بەرسڤدانەوەی ئاستەنگە بەپەلە و دەستبەجێکان وئاستەنگە مامناوەندییەکان، کە لەم ڕاپۆرتەدا تیشکیان خراوەتەسەر. پێگەی دارایی حکومەتی عێراق تێکچوو و گرژی سیاسیی زیادی کرد و خۆپیشاندانەکان تەشەنەیان سەند و داوایان دەکرد چاکسازی بکرێت لە دەسەلاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەرییدا.

٣.	**حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین تەحەددای دەستبەجێ و مامناوەندی و درێژخایەن بۆتەوە. ئەم ئاستەنگانە گرێدراون بە رەوشی گشتی –ئابوری گشتی عێراق و هەرێمایەتی و ژینگەی جیهانییشەوە.** ئاستەنگ و تەحەددا بەپەلە و هەنووکەیەکان بریتین لە (أ) قەیرانی قووڵی دارایی، و (ب) گرفتی ئاسایشی و کۆمەڵایەتی لە دەرەنجامی شەڕی دژی داعش و هەروەها لێشاوی پەنابەری سوریی و ئاوارەی ناوخۆی عێراقی. ئەم ئاستەنگانە بە ڕوونی ئەولەوییەتی بەپەلەن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، و کاریگەری گەورەی نیشتمانی و نێودەوڵەتییان دەبێت ئەگەر بە شێوەیەکی گونجاو کاریان لەسەر نەکرێت. ئاستەنگ و تەحەددا مامناوەندی و درێژخایەنەکان پەیوەستن بە کەمکردنەوەی پشتبەستن بە کەرتی نەوت و گواستنەوەی ئابوری هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ئابورییەکی فرەچەشن کە بە شێوەیەکی گونجاو ڕێگە خۆش بکات بۆ گەشەی ئابوری و دروستکردنی هەلی کار بە ڕابەرایەتیی کەرتی تایبەت.

٤.	**وەک بەشەکانی تری عێراق، قەیرانی دارایی و تەحەددای بواری ئاسایش لە ئەنجامی شەڕی داعشەوە کاریگەرێکی نەرێنیی گەورەی هەبووە لەسەر گەشەی ئابوریی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.** تاسانە ئابورییەکە، ئێجگار سەختە. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چەند ڕێگەیەکەوە کاری لەسەر بەرسڤدانەوەی دابەزینی داهاتەکانی کرد، وەک دواخستنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان، دواخستنی مووچە و کرێی کارمەندانی حکومەت، قەرزکردنی ناوخۆیی لە بانک و کۆمپانیای خۆماڵی و بیانی، و قەرزی دەرەکی. کاریگەری کەمکردنەوەی وەبەرهێنان لە ژێرخاندا لە ماوەی مامناوەندییدا هەستی پێدەکرێت بە

شێوەی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی کەرتی تایبەت و کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی بیانی. هەروەها، دواکەوتنی دانەوەی پارە بە کۆمپانیاکانی نەوت و بەڵێندەرەکان ژینگەیەکی نادڵنیا دروست دەکات بۆ پرۆژە. ئەمانە دەبنە مایەی ساردکردنەوەی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی. شەڕی داعش لە رێی زیادبوونی خەرجییەکانی بواری ئاسایش و لێشاوی پەنابەر و ئاوارەی ناوخۆوە، فشاری گەورەی خستۆتە سەر حکومەت.

٥. **بۆ کارکردن لەسەر کاروباری بنیاتنانی مامناوەندی خایەن و درێژخایەن، حکومەت داوای لە بانکی نێودەوڵەتی کردووە پشتگیری بکات بۆ داڕشتن و جێبەجێکردنی نەخشەڕێگای چاکسازییەکی بونیاتنانی ئابوری.** ئەم کارە بریتییە لە وەڵامدانەوەی داواکارییەکی فەرمی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرێز نێچیرڤان بارزانی، کە لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی  دکتۆر جیم یۆنگ کیم لە شوباتی ٢٠١٦ داوای کردبوو شەراکەت بکرێت بۆ گەشەپێدان و بووژانەوە بۆ وەڵامدانەوەی ئاستەنگەکانی ئابوری و گەشەسەندن. وەک بەرسڤێک بۆ داواکارییەکەی حکومەت، ئەم ڕاپۆرتە چەند ڕێکارێک پێشنیاردەکات بۆ چاکسازیی لە بواری دارایی و فرەچەشنکردنی ئابوری، سەرەڕای چەند ڕێوشوێنێکی کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی خەڵکی نەدار بۆ ئەوەی پارێزراوبن لە کاریگەرییەکانی تاسانی دەرەکی. نەخشەڕێگەی پێشبینیکراو بۆ چاکسازیی ئابوری پێشبینی دەکرێت ڕێنمایی بێت بۆ بڕیاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا کاردەکەن لەسەر ئەو ئاستەنگە مامناوەندی خایانە و درێژخایانە کە ڕووبەڕووی هەرێم دەبنەوە لە ڕەوشێکدا کە لە عێراق بە گشتی هەژاری تەشەنە دەسێنێت. ئەم کارە پشت دەبەستێت بە هەڵسەنگاندنێکی چڕوپڕی شیکارییانە و تەکنیکییانەی بانکی نێودەوڵەتی لە دووتوێی "لێکۆڵینەوەی دەستنیشانکردنی گەشەی ئابوری" ی هەرێمی کوردستانی عێراق، و هاوکاریی تەکنیکی بۆ چاکسازیی لە چاودێریی کۆمەڵایەتی و نوێکردنەوەی سیستمی گرێبەستە گشتیەکان. ڕاپۆرتەکە هەروەها سوودی وەرگرتووە لە ئەزموونی دەزگای دارایی نێودەوڵەتی (IFC) لەگەڵ کەرتی تایبەتی هەرێمی کوردستان لەم چەند ساڵەی دواییدا، بۆ دەستنیشانکردنی چاکسازی پێویست کە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات لە هەنگاونان بەرەو ئاستێکی بەرزتر لە ڕاکێشانی وەبەرهێنانی پێویستی کەرتی تایبەت لە ژینگەیەکی ناوخۆیی و ناوچەییدا کە پڕە لە تەحەدا و ئاستەنگ. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەخشەڕێگەیەکی چاکسازیی هەبێت بۆ بنیاتی ئابوری، کە گشتگیربێت و وەک چوارچێوەیەک بێت بۆ چاکسازییەکانی حکومەت بۆ ماوەی کورتخایەن. وەزارەتی پلاندانان ئامانجی گشتگیری داڕشتووە وەک ڕێنمایی بۆ داڕشتنی سیاسەتەکان لە میانی هەرێمی کوردستانی عێراق ٢٠٢٠: دیدگایەک بۆ ئاییندە، کە کرۆکی ئامانجەکان بریتییە لە فرەچەشنکردنی ئابوری هەرێمی کوردستان دوور لە کەرتی نەوت. بۆ سەرکەوتنی ئەم چاکسازییانە و پتەوکردنی توانای مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تەنگژانە، پێویستە هاوبەشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پشتگیریی حکومەتی هەرێم بکەن. ئەم ڕاپۆرتە یەکەمین قۆناغە لە ئەگەری هاوکاریی (بانکی نێودەوڵەتی ) بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری داڕشتن و جێبەجێکردنی چاکسازیی درێژخایەن. پێشبینی دەکرێت دووەم قۆناغی هاوکاریی تەکنیکی بریتی بێت لە جێبەجێکردنی پشتگیرییەکە. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی کردووە بە پیادەکردنی چەند ڕێوشوێنێکی تەقەشوف وەک چاکسازیی لە خشتەی مووچە و لە پاڵپشتی نرخ.

هاوشێوەی بەشەکانی تری عێراق، ئابوری کوردستان بەوە جیادەکرێتەوە کە لە چوار بواردا زۆر بە سەختی پشت دەبەستێت بە هەندێک شت:

I. *پشتبەستنی زۆر بە کەرتی نەوت.* بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، ئابوری هەرێمی کوردستانی عێراق زۆر پشت بە کەرتی نەوت دەبەستێت. سەرەڕای چەندین دانوستان، هێشتا ناکۆکی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی لەسەر بەشکردنی داهاتی نەوت و حەواڵەکردنی بەشە بودجە، چارەسەر نەکراوە. داهاتەکانی هەناردەکردنی نەوت، کە وەک حەواڵەی بودجە لە حکومەتی مەرکەزییەوە وەردەگیرا (لەم دواییەدا وەستێندرا)، ٨٥ لە سەدی داهاتی حکومەتی پێک دەهێنا. لە کاتێکدا کە ڕێژەی مەزەندەکراوی کارمەندانی حکومی لەم کەرتەدا تەنها ١ لە سەدە. ئەو پشتبەستنە زۆرە بە هەناردەکردنی نەوت بوو بە هۆی تووشبوون بە "نەخۆشیی هۆڵەندی" بە تایبەت ئەو کاتەی کە نرخی نەوت زۆر بەرز بوو. ژینگەیەکی دروست کرد کە هاوکار نەبوو بۆ گەشەی پرۆژەی کەرتی تایبەت و پەیداکردنی شارەزایی، کە ئاستی شارەزاییەکە هێندە پێشکەوتوو نەبووە وەک ئەوەی داواکراو و پێویستە، بوو بە هۆی زیادبوونی ئارەزووی خەڵک بۆ دامەزراندن لە کەرتی گشتی، ئەمانەبوون بە هەڕەشە لەسەر کەرتەکانی تر لە بازاڕەکانی ناوخۆ و نێودەوڵەتییدا، و گەشەی کەرتی تایبەت و بەرهەمهێنانی ناوخۆییان لە کەرتەکانی بازرگانی و هەناردەدا سەرکوت و کپ کردووە.
پشتبەستن بە نەوت دەوڵەتی داهات (الدولە الريعية)ی دروست کردووە، بازنەی گەشانەوە و خامۆشبوونی پرۆژە و ژینگەیەکی نادڵنیای بۆ پرۆژە دروست کردووە. ئەو ماوەیەی بووژانەوە هەبوو، گرفتە سەرەکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی شاردبۆوە و نەیهێشتبوو دەربکەوێت. لە ڕابردوودا، لەبەر ئەو لێشاوەی پارەی نەوت، حکومەت مەبەستی نەبوو گرفتە بنەرەتییەکان دەستنیشان بکات و کاریان لەسەر بکات. ئەم قەیرانەی ئێستا، هەموو گرفتە بنەرەتییەکانی خستە بەر چاوان[١].

II. *ڕۆڵێکی زێدە بەرفراوان دراوە بە کەرتی گشتی لە بواری ئابوریدا.* کەرتی گشتی زاڵە بەسەر ئابوری هەرێمی کوردستاندا. خەرجیی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ڕێژەی

[١] بۆ بەڕێوەبردنی باشتری داهاتی نەوت، حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسایەکی تێپەڕاند کە بوار دەدات بە دامەزراندنی سندوقی سامانی سەروەریی (یاسای سندوقی داهاتی نەوت و گاز، لە نیسانی ٢٠١٥ پەسەند کرا)، ئەمە بوار دەڕەخسێنێت بۆ کارکردن لەسەر دوو ئامانج لە سەقامگیرکردنی ئابووری و پاشەکەوت بۆ باشترکردنی وەبەرهێنان. یاساکە باسی پێنج بوار دەکات بۆ داهاتەکانی نەوت: بودجەی ساڵانەی هەرێمی کوردستان، خەرجیی وەبەرهێنان، ژێرخانی نەوت، پاراستنی ژینگە، و سندوقی دارایی "نەوەکانی ئایندە". ئەمە هەنگاوێکە بە ئاڕاستەیەکی ڕاستدا، و ڕێگەش خۆش دەکات بۆ چەسپاندنی لێپرسینەوەو شەفافییەت لە خەرجکردنی داهاتەکانی سامانە سروشتییەکان. ئەگەرچی یاسایەکە و سندوقەکە دەتوانن ژێرخانی پێویست دابین بکەن بۆ بەڕێوەبردنی دارایی داهاتەکانی سامانە سروشتییەکان، بەڵام بە تەنها بەس نییە. داڕشتنی وردی ڕێوشوێن بۆ کارپێکردنی ئەم سندوقانە، وەک ڕێسا و ڕێنمایی دارایی، و ئیرادەی سیاسی بۆ پیادەکردنی ئەم پرەنسیپ و ڕێسا و ڕێنماییە، هێندەی ئەوە گرنگن.

جی دی پی (کۆی بەرهەمی ناوخۆیی) زیاترە لە ٥٠ لە سەد، بە بەراورد لەگەڵ عێراق کە ٦١ لە سەدە. حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرچاوەی سەرەکییە بۆ دامەزراندن، کە زیاترە لە ٥٠ لە سەدی کۆی گشتی دامەزراندن دەگرێتەوە (٢٦ لە سەدە لە دامەزراندنی نا-سەربازیی). هاوشێوەی بەشەکانی تری عێراق، مووچە و خانەنشینی و پارەی هاوکاری کۆمەڵایەتی و پاڵپشتی نرخی هەندێک کەرەستە (کارەبا، بەنزین، ئاو، کشتوکاڵ) زیاتر لە پەنجا لە سەدی بودجە دەبەن. باج تەنها ٤.٧ لە سەدی کۆی داهاتە. لە ئەنجامی ئەمانەدا، خەرجییە گشتیەکان هەڵسووڕێنەری سەرەکی گەشەی ئابوریین. گرفتێکی سەرەکی بریتییە لە ناسەقامگیری خەرجییە گشتییەکان، کە ئەمەش دەبێتە مایەی ناسەقامگیریی گەشە لە ڕێی چەندبارەی دارایی (المضاعف المالي، fiscal multiplier.[٢]). ناسەقامگیری خەرجییەکانیش لە ناسەقامگیری داهاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە گۆڕانی نرخی نەوت و ڕاوەستانی بەرهەمهێنان یان گواستنەوەی نەوت لە ئەنجامی شەڕەوە، دەبێتە هۆی ڕوودانی گۆڕانی گەورە تێیدا، هەروەها لە هەمووی گرنگتر، ناکۆکی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی لەسەر بەشکردنی داهاتەکانی نەوت. ئەگەرچی توانا هەیە و ڕوحیەتێکی بەرز هەیە بۆ دامەزراندنی پرۆژە بەلام کەرتی تایبەتی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بچووکە و پێ نەگەیشتووە چونکە کەرتی گشتی بواری بۆ نەهێشتۆتەوە.

III. *پشتبەستن بە هاوردە.* لە ئەنجامی سروشتی ئابوری عێراق بە گشتی کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی نافرەچەشنە، بۆشاییەکی گەورە هەیە لە نێوان داواکاری (طلب) و بەرهەمهێنانی ناوخۆیی بەرهەمە بازرگانییەکان لە هەرێمی کوردستان (هەناردەکانی هایدرۆکاربۆن نزیکەی ٩٥ لە سەدی کۆی هەناردەکردنی عێراقە، کە ئەمە بەرزترین ئاستە لەناو ئەو هەناردەکارانەی کە داهاتیان لە سەروو ناوەندییەوەیە). ئەم بۆشاییە بە هاوردەکردن پڕ دەکرێتەوە، کە نزیکەی ٩٠ لە سەدی (کۆی بەرهەمی ناوخۆیی)ی نا-نەوتییە. بەرهەمهێنانی ناوخۆیی بەندە بە فرۆشتنی بەرهەمە هاوردەکراوەکان و خزمەتگوزارییەکانی تری گشتی. هەناردەکردنی بەرهەمە ناوخۆییەکان ئێجگار سنووردارە. ئەمەش خەسڵەتێکی گشتی ئابوری ئەو وڵاتانەیە کە لەسەر ڕەیع (قازانج) دەژین. سیاسەتی خاڵە سنوورییەکانیش ئەوەندەی تر ئەمەی لاواز کردووە. بە گوێرەی سیاسەتەکانی ئێستا، زەحمەتە پرۆژەی ناوخۆیی بتوانێت کێبڕکێ بکات لەگەڵ هاوردەکان و خۆی فرەچەشن بکات و گەشە بە خۆی بدات.

IV. *سیستمێکی لاوازی دارایی و پشتبەستن بە ئابوری پارەی نەختینە.* هەبوونی سیستمێکی دارایی هەمەگیر و کارا زێدە پڕبایەخە بۆ گەشەسەندنی کەرتی تایبەت. سیستمێکی دارایی کە بە ڕێکوپێکی و بە باشی داڕێژرابێت و گەشەی کردبێت دەتوانێت تەمویلی وەبەرهێنانی زیاتر بکات بۆ ژمارەیەکی زۆرتر لە هاووڵاتیان. هەرێمی کوردستان کەرتێکی دارایی هەیە کە بە باشی دانەڕێژراوە و گەشەی نەکردووە، ژێرخانی دارایی لاوازە و دەستگەیشتن بە تەمویل زۆر

---

[٢] ڕەنگە پێشبینی مضاعفی مالیی گەورە بکرێت لە هەرێمی کوردستان چونکە ڕێژەی باجی دەرامەت و پەراوێزی مەیل بۆ پاشەکەوت ئێجگار نزمن ئەگەرچی پەراوێزی مەیل بۆ هاوردەکردن، بەرزە.

سنووردارە، بە تایبەتی بۆ کۆمپانیای قەبارە بچووک و مامناوەندی. لە مامەڵەی بازرگانییدا پارەی نەختینە زێدە پەسەندە. تەنها نزیکەی سێ لە سەدی کۆمپانیاکان پشت بە کەرتی بانک دەبەستن بۆ وەبەرهێنان و سەرمایەی کارکردن (لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقیا ئەم ڕێژەیە بیست لە سەدە). بەشێکی هۆی ئەمە بریتییە لە ژینگەی پڕ لە بێ متمانەیی بە کەرتی بانک ئەمەش لە دەرەنجامی تێکچوونی باری دارایی و ناسەقامگیریی هەرێمەکە.

ئەم ئاستەنگە بنیاتییانە ئەوەندەی تر سەخت بوون لەم دواییەدا لە ئەنجامی چەند کاریگەرێکی سەختەوە:

- شەڕی دژی داعش لە ناوەڕاستی ٢٠١٤ ەوە، کە تا ١٣ میل لە هەولێر نزیک بۆوە،
- لێشاوی ١.٨ ملیۆن پەنابەری سوری و ئاوارەی عێراقی بوونە مایەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی ٢٨ لە سەد،
- دابەزینی توندی نرخی نەوت لە بازاڕە جیهانییەکان، نرخی نەوت لە ١١٥ دۆلار بۆ بەرمیلێکەوە لە حوزەیرانی ٢٠١٤ دابەزی بۆ ٣٥ دۆلار لە کانونی یەکەمی ٢٠١٥، ئەمەش مانای ئەوەیە داهاتەکان لە فرۆشتنی ڕاستەوخۆوە دابەزی.
- دابەزینی حەواڵەکردنی دارایی لە حکومەتی مەرکەزییەوە، لە ١٢ ملیار دۆلارەوە لە ٢٠١٣ بۆ ١ ملیار دۆلار لە ٢٠١٤، و لە حوزەیرانی ٢٠١٥ بە تەواوەتی ڕاگیرا[٣].

٦. **زیادبوونی لێشاوی پەنابەری سوری و ئاوارەی ناوخۆی عێراق بەرەو هەرێمی کوردستان باری گرانی تری خستۆتە سەر بودجە و دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان.** ئەم ژمارە گەورەیە بووە بە کۆتوبەند لەسەر توانای حکومەت لە بواری دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی وەک تەندروستی، پەروەردە، و چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ ئەو دانیشتوانەی کە ژمارەی زیادی کردووە. ئاستی ژیانی دانیشتوانەکە تێک چووە و زۆر کەس هەژار کەوتوون یان وەختە تووشی هەژاری ببن. لە ئەنجامی ئەم زنجیرە قەیرانە، ڕێژەی هەژاری لە کوردستان لەو کۆمەڵگانەدا کە ئاوارە و پەنابەریان لەخۆگرتووە، دوو هێندە زیادی کردووە – زۆرترین زیادبوون لە دهۆک ڕوویداوە کە زۆرترین ئاوارەی ناوخۆ ڕوویان تێکردووە. کاتێک ژمارەی ئاوارە و پەنابەرەکان حساب دەکرێت، ڕێژەی هەژاری تەنانەت لەوەش بەرزترە: هەژاری لە هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٤ بەرز بۆوە بۆ ١٢.٥ لە سەد. زیاتر لە ٧٥ لە سەدی پەنابەر و ئاوارەکان ژن و کچن و زۆر بێدەرەتان و نەدارن. حکومەتی هەرێمی کوردستان خزمەتگوزارییە گشتیەکان بۆ سەرجەم هەرێمەکە دابین دەکات و تا دێ ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاد دەکەن. پێویستییەکانی ئاوارەکان ئێجگار

[٣] لە کانونی دووەمی ٢٠١٤، ڕێککەوتنێکی نوێ واژۆ کرا لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوندی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکە. بە گوێرەی ئەم ڕێککەوتننامەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ٥٥٠,٠٠٠ بەرمیل لە ڕۆژێکدا هەناردە دەکات لە ڕێی هێڵی جیهانی تورکییەوە و ٢٥٠,٠٠٠ بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە ڕێی کێڵگەکانی خۆیەوە و ٣٠٠,٠٠٠ بەرمیلیش ڕۆژانە لە کێڵگە فیدراڵییەکانەوە، بۆ سۆمۆ، و لە بەرامبەریشدا حکومەتی ناوەندی دەست دەکاتەوە بە حەواڵەکردنی ١٧ دەرسەت لە بەشە بودجەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ڕێککەوتنەکە بە تەواوەتی جێبەجێ نەکرا، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشەکەی خۆی وەرنەگرت لە ١٧ دەرسەت بە تەواوەتی، و کەمتر لە ٥٥٠,٠٠٠ گەیاند بە سۆمۆ. ناکۆکییەکان بەردەوام بوون. دواجار، لە حوزەیرانی ٢٠١٥، حکومەتی ناوەند حەواڵەکردنەکانی هەڵپەسارد، و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ناردنی نەوتەکەی بۆ سۆمۆ ڕاوەستاند و دەستی کردەوە بە هەناردەکردنی نەوت بە شێوەیەکی سەربەخۆ.

گەورەیە و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا دووچاری قەیرانی دارایی بۆتەوە، ناتوانێت ئەو پێویستییانە دابین بکات. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی هاوبەشی بانکی نێودەوڵەتی و وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەناوی "*هەرێمی کوردستانی عێراق: هەڵسەنگاندنی کاریگەری ئابوری و کۆمەڵایەتی ئاوارە سورییەکان و شەری داعش*" پێویستییەکانی سەقامگیرکردنی پەنابەرە سورییەکان و ئاوارە ناوخۆییەکان لە ٢٠١٥ پێویستی بە ١.٤ ملیار دۆلارە

## فرەچەشنکردنی ئابوری هەرێمی کوردستانی عێراق: هێڵکاری گشتی چاکسازی ئابوری هەیکەلی بۆ هەرێمی کوردستان

٧. "هەرێمی کوردستانی عێراق ٢٠٢٠: دیدگایەک بۆ ئاییندە" بریتییە لە تێڕوانینی گشتی و هەمەگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چاکسازییەکان لە بواری هەیکەلی کارگێڕییدا: لە ٢٠١٣ پێشکەش کراوە، لە دیدگاکەدا هاتووە "لە هەرێمی کوردستانی عێراق هەموو کەس بە ئازادی دەژی، و خزمەتگوزاریی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئاسایشی ئابوری و دەرفەتی کارکردنی بۆ دابین دەکرێت." دیدگەکە تیشک دەخاتە سەر ئەولەوییاتەکان لە چوار بواردا: یەکەم شت خەلک دێت (تەندروستی، پەروەردە، گشتگیری، و کار)، بونیاتنانی ژێرخانی هەرێم، بونیاتنانی ناوچەی ئاوەدانی یەکسان لە بواری ئابوریدا (کشتوکاڵ، کەرتی تایبەت و پاراستنی ژینگە)، و کارکردنی حکومەت لە پێناوی خەڵکدا (کارایی، شەفافییەت، بەرپرسیارێتی دارایی، و چاکسازیی خزمەتگوزاریی مەدەنی). بەم دیدگەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو بناغەیە دادەڕێژێت کە چاکسازیی ئابوری هەرێمی کوردستانی لەسەر بونیات دەنێت.

٨. **حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە چاکسازیی گەورە لە بواری هەیکەلی کارگێڕییدا بە مەبەستی گونجاندنی دارایی و بۆ بەدەستهێنانی گەشەسەندنێکی بەردەوام و گشتگیر لە هەرێمی کوردستان.** هەرێم ڕووبەڕووی چەند ئاستەنگێک بۆتەوە، بەڵام دەرفەتیشی هەیە بەرەوپێش هەنگاو بنێت لە ڕێی ئەنجامدانی چەند چاکسازییەکی درێژخایەن و فرەچەشنکردنی ئابورییەوە. کورتهێنانی بودجە، کە تادێت زیاد دەکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخاتە ژێر مەترسی گەورەترەوە، و ئەمەش هاوارێکە بۆ پتەوکردنی لەسەرخۆی دارایی لە ڕێی ئیحتیواکردنی زیادبوونی خەرجیەکان و چاکترکردنی پەیداکردنی داهات. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرفەتی چاکسازی ئابوری بەکاردەهێنێت بۆ کارکردن لەسەر کاروباری هەیکەلی ئیدارییش. حکومەت پابەندە بە جێبەجێکردنی ئەو چاکسازییانەوە کە زۆر پڕبایەخ و پێویستن، هەر لە چاکسازی لە پاڵپشتی نرخەوە و لە دامەزراندنەوە تا دەگاتە چاکسازییەکان لە کەرتی دارایی و کەرتی وزە. ئەم چاکسازییانە رۆڵیان دەبێت لە پتەوکردنی کارایی خەرجییە گشتیەکان. لە لایەکی ترەوە، قووڵکردنەوەی چاکسازییە ئابورییەکان بە مەبەستی فرەچەشنکردنی ئابوری دوور لە نەوت ڕێگە خۆش دەکات بۆ هاندانی گەشەی کەرتی تایبەت و دروستکردنی هەلی کار.

٩. **هاوسەنگکردنەوەی کەرتی گشتی زێدە بنچینەییە بۆ خوگونجاندن لەگەڵ ئەو داهاتەی کە دڵنیا نییە و ناسەقامگیرە، هەروەها بنچینەییە بۆ پشتگیریی لە فرەچەشنکردنی ئابوری بە ڕابەرایەتیی کەرتی تایبەت.** ئەو ستراتیجەی کە دەتوانێت هەرێمەکە دەربهێنێت لە قەیرانی دارایی و دەتوانێت لەسەرخۆ ئابوری هەرێمی کوردستان هاوسەنگ بکات و بیخاتە سەر ڕێی گەشەسەندنی بەردەوام پێویستی بە دوو کۆڵەکەی سەرەکی و سیاسەتی هەیکەلیی گونجاوە. ئەم دوو کۆڵەکەیە بریتین لە ئاوێتەکردن و گونجاندن

و سەقامگیکردنی دارایی، لەگەڵ دانانی بەردی بناغە بۆ گەشەسەندنێکی گشتگیر و بەردەوام. وا پەسەندە حکومەت چاکسازیی دارایی ئەوتۆ بکات کە توانا داراییەکەی بەهێز بکات لە بواری سەقامگیرکردنی خەرجییە بنەڕەتییەکان، و لە درێژخایەنی و مامناوەندی خایەنیدا سەقامگیری و متمانە بە بودجەکەی زیاتر بکات.

**١٠. ڕێکخستنی دارایی هەندێک ڕێوشوێن لەخۆدەگرێت بۆ ڕێکخستنەوەی خەرجییەکان و داهاتەکان.** چاکسازیی لە بواری خەرجییەکاندا بریتین لە دەستپێوەگرتن و دارشتنەوەی ئەولەوییەتەکانی خەرجییە گشتیەکان وەک پاڵپشتی نرخ بە شێوەیەکی ئامانجگیراو, و ئاڵوگۆڕی ئەو کارمەندانەی زیادەن و هاوکات ئامادەکردنیان بۆ کەرتی تایبەت لە ڕێی مەشق و ڕاهێنانەوەی گونجاو و سیاسەتی تری بازاڕی هێزی کارەوە. ئەم چاکسازییانە دەبنە مایەی زیاترکردنی ئاستی بەرهەمدارێتیی خەرجییە گشتیەکان و چڕکردنەوەی وەبەرهێنانی تایبەت بەرەو فرەچەشنکردنی ئابوری. هاوسەنگکردنەوە پێویستی بە دابەشکردنەوەی خەرجییە گشتیەکانە بەرەو سەرفکردنیان لەسەر ژێرخان (ئەمە لە کاتێکدا کە پێشبینی ناکرێت وەبەرهێنان و تەمویلی ئەهلی هەبێت یاخود وەبەرهێنانی تایبەت سوودێکی بازرگانی ئەوتۆی نەبێت)، لەسەر پەروەردە، و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، ئەمەش لە ڕێی دارشتنەوەی پاڵپشتی نرخ و گۆڕینی قەبارەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی. حکومەت دەستی کردووە بە ڕێکخستنەوەی دارایی بە شێوەیەک کە پێشتر وێنەی نەبووە و دەگاتە نزیکەی ٣٧ لە سەدی کۆی گشتی بەرهەمی ناوخۆیی لە ماوەی کەمتر لە سێ ساڵدا، ئەمەش لە ڕێی بڕینی نزیکەی نیوەی خەرجییەکانی. لە بواری داهاتەکاندا، وا پەسەندە ئەو داهاتانەی لە سەرچاوە هەرێمییەکان کۆدەکرێنەوە زیاتر بکرێن بۆ ئەوەی کاریگەری ناسەقامگیرێتیی نرخی نەوت لەسەر حەواڵەکردنی بەشە بودجە لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە، هەڵمژن و کاریگەرەکەی نەهێڵن. هەروەها پێویستە ڕێکخستنەوەی داراییەکان هاوکات بکرێت لەگەڵ پتەوکردنی سیستمی بەڕێوەبردنی دارایی گشتی، لە بەراییدا دەستکردنەوە بە کارکردن بە بودجەی ساڵانە، و پەسەندکردنی لە لایەن دەزگای یاسادانانی هەرێمەوە (کە مەرجێکی دەستورییە)، گەڕاندنەوەی لێپرسینەوە، بە شێوەیەک کە بتوانرێت لەسەر ئەم بناغەیە سیستمەکانی کۆنترۆڵ و چاودێریی دارایی و نووسینی ڕاپۆرت و کڕیاری و ژمێریاری و وردبینی دەرەکی، بنیات بنرێن.

**١١. پێکەوە بەستنەوەی ستراتیجیەتەکانی کەرتی ئابوری و تەرخانکردنی سەرچاوە، زێدە پربایەخە.** بۆ گونجاندنی ڕەوشی ناسەقامگیریی دارایی و پرۆسەی دانانی بودجە کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت پێشبینی بکرێت، وا پەسەندە پلاندانان بۆ خەرجییەکانی مامناوەندیی خایەن جیابکرێتەوە لە مەزەندەکانی داهاتی کورتخایەن. بۆ ئەم مەبەستەش، پێویستە چوارچێوەی دارایی مامناوەندیی خایەن (MTFF) هەبێت، کە ئەمیش دەکرێت بگۆڕدرێت بۆ چوارچیوەی خەرجییەکانی مامناوەندیی خایەن (MTEF) وەک ڕێنیشاندەرێک بۆ بودجەی ساڵانە. پێویستە جوارچێوەی لەم جۆرە پشت ببەستێت بە دەستنیشانکردنی پێویستییە سەرەکییەکان، و هەندێک ستانداردی کۆکی بودجە بۆ خەرجییە بنەڕەتییەکان، و توانای دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان. MTFF/MTEF دەبنە مایەی جەختکردنەوە لە جۆرایەتی و سەقامگیری و بەردەوامیی ئاستەکانی خەرجییەکان لە ڕێی جەختکردنەوە لە تەواوکردنی پرۆژە گەورەکان بە گوێرەی ئەو پلان و بودجانەی بۆیان تەرخان کراوە، نەوەک تەواوکردنیان بە گوێرەی ناکاوی و حاڵەتی بەرز بوونەوە و دابەزینی داهاتەکانی نەوت و حەواڵەکانی پارە.

**١٢. له ماوەی مامناوەندی خایەندا، ئامانجێکی بنەڕەتیی حکومەت بریتییە لە هاندانی چالاکییەکانی کەرتی تایبەت لە بوارە نا–نەوتییەکاندا.** بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە، پێویستە ژینگەیەک بهێنرێتە ئاراوە کە ڕێخۆشکەر بێت بۆ پرۆژە و هەروەها پشتگیری لە دامەزراندنی پرۆژە بکرێت) ( بە تایبەتی بۆ هێزی کاری لاو) و پشتگیری بکرێت لە کۆمپانیاکان بۆ چاکترکردنی ئاستی بەرهەمهێنان، کوالێتی، داهێنان، و هەروەها دەستگەیشتن بە بازارە ناوخۆییەکان و جیهانییەکنایش ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت. داڕشتنی سیاسەت و ڕێوشوێنی ئەوتۆ کە ڕێخۆشکەربن بۆ گەشەسەندنی پرۆژەی قەبارە مامناوەندی و بچووک رۆڵیکی ئێجگار بەرچاوی دەبێت بۆ دروستکردنی دەرفەتی کار. هاوکات، هاندانی کۆمپانیا گەورەکانیش بۆ ئەوەی ببن بە ڕکابەر لە ئاستی بازاڕە و بازارە جیهانییەکانیشدا، و وا باشترە شەراکەت بکەن لەگەڵ ئێف دی ئای (وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی) و/یان کەرتی گشتی. وەک لە دیدگەی ٢٠٢٠ باسی کراوە، بونیاتنانی کەرتێکی تایبەت کە بەهێز و فرەچەشن و کێبڕکێکار بێت ئامانجێکی پرپایەخی ئابوریيە. دەتوانرێت ژمارەیەکی زۆر لە ئامرازی تری تەواوکەر و کۆک لە بواری جۆراوجۆردا بەکاربهێنرێت بۆ ماوەیەکی زیاتر بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەم ئامانجە. بەرنامەیەک کە پشت ببەستێ بە دانانی ئەولەوییەت و زنجیرەیی بێت، پێویستە ئەمانە لەخۆبگرێت (i) چاکسازی لەو ڕێنمایی و یاسایانەدا کە ئاستەنگن لە پێش دامەزراندنی پرۆژە و بەڕێوەبردنی و داخستنی، (ii) کارکردن بۆ هاندانی پرۆژەی سەربەخۆ، بە تایبەتی لەنێو لاوان، (iii) زیادکردنی ئاستی کۆمپانیاکان لە بواری بەرزکردنەوەی کوالێتی خزمەتگوزارییەکان و بەرهەمەکان و داهێنان لە ڕێی بوون بە بەشێک لە زنجیرەی بەهای ناوخۆیی یان جیهانی، (iv) بونیاتنانی ڕێکخراوێکی بەهێز بۆ داکۆکی و لۆبیکردن بۆ گەشەسەندنی کەرتی تایبەت، (v) کاراترکردنی سنوورەکان بۆ گەشەپێدانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، (vi) داڕشتنی بەرنامەیەکی مەشق و فێرکاریی کارا بۆ خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی، (vii) زیاترکردنی دەستگەیشتنی پرۆژەی بچووک و مامناوەندی بە تەمویل، بە تایبەتی بۆ کۆمپانیا بچوک و مامناوەندییەکان، و (viii) چاکترکردنی ژێرخانی خزمەتگوزارییەکان (بە تایبەتی کارەبا).

**١٣. کەرتی بانک لە هەرێمی کوردستان پێویستی بەوەیە پتەو و تۆکمە بکرێت تا بتوانێت بەشداریی لە گەشەی کەرتی تایبەت بکات.** سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر بانک هەیە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام کەرتی بانک گەشەی نەکردووە. کارە سەرەکییەکەی جێبەجێ ناکات کە بریتییە لەوەی کەناڵێک بێت بۆ سەرچاوە داراییەکانی کەرتی تایبەت بۆ پشتگیریی لە گەشەسەندنی. بانکەکان بەشدارنین لە ئەرکە سەرەکییەکەیاندا کە بریتییە لە پێدانی قەرز بە ئابوری هەرێمی کوردستان یان داراییکردنی پرۆژەی درێژخایەنی وەبەرهێنان. وەک پێوەرێکی سادە، بۆ ئەوەی ڕێژەی کرێدیت (قەرز)ی ئەهلی بۆ تێکڕای بەرهەمهێنانی ناوخۆیی (جی دی پی) لە ڕێژەی ئێستای بەرز بکەیتەوە، کە بریتییە لە ٢ لە سەد، بۆ ٥٠ لە سەد کە بریتییە لە تێکڕای ڕێژەکە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا، ئەوا پێویستە بانکەکان قەرز بدەن بە کەرتی تایبەتی هەرێمی کوردستان بە بڕێک کە دەگاتە ١٥ تریلیۆن دینار (١٣ ملیار دۆلار). لە ئێستادا بانکەکان، بە دەست قەیرانێکی سەختی نەختینەوە دەناڵێنن، ئەمەش چالاکییەکانی پەک خستووە و کاریگەرێکی نەرێنی هەبووە لەسەر ئابوری هەرێمی کوردستان. ڕەوشی هەنووکەیی سەختتر بووە بە هەبوونی چاودێرییەکی لاواز لەسەر کەرتی بانک و کارەکانی بانکی ناوەندی بە کۆنترۆڵی وەزارەتی دارایی و ئابوریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جێگەی گیراوەتەوە.

١٤. **خزمەتگوزارییەکان دەتوانن رۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە هەوڵەکانی فرەچەشنیی ئابوری.** خزمەتگوزارییەکان بریتین لە پێداویستییە زۆر گرنگەکان لە هەر شێوەیەکی بەرهەمهێناندا، هەروەها پێکهاتەیەکی سەرەکیین بۆ پێکەوەگرێدانی هەرێمایەتی، بەم شێوەیە بڕیاردەرێکی سەرەکیین لەسەر توانای کێبڕکێی هەرێم و توانای هەرێم بۆ ئەوەی بچێتە ڕیزی زنجیرەی بەها ناوچەیی و جیهانییەکان. خزمەتگوزارییەکان دەکرێت ببن بە سەرچاوەیەکی پڕبایەخ بۆ هەناردەکردن بۆ دەرەوە بەدەر لە کەرتی گاز و نەوت، ببن بە نموونە بۆ ناوچەکە، و دەتوانن هەلی کار دروست بکەن بە دەر لە هەلی کاری گشتی. هەرێمی کوردستان کە خاکێکی داخراوە، تەنانەت زیاتر پشت بە خزمەتگوزارییەکان دەبەستێت، دەتوانرێت سوود لەم ڕەوشە وەربگیرێت دەرفەتی لێ دروست بکرێت و دەتوانرێت هەرێمی کوردستان بکرێت بە سەکۆیەک بۆ گواستنەوە و دابینکردنی خزمەتگوزاری لە ناوچەکە، بە تایبەتی کە سنووری هەیە لەگەڵ چەند بازاڕێکی گەورەدا. بە تایبەتییش، هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێت بە دەروازە بۆ دابینکردنی ژمارەیەکی زۆر خزمەتگوزاری بۆ ناوچەکانی تری عێراق. بەم شێوەیە، ڕەوشێک دروست دەبێت کە هەمووان قازانجی لێ دەکەن بەگشتی لە عێراق. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە یەکەم جار هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر کۆتوبەند لابەرێت لەسەر خزمەتگوزارییەکانی بازرگانی، بە تایبەتی کە ئەو خزمەتگوزارییە بازرگانییانە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئاستی ناوەندی دان و لە چوارچێوەی تۆڕی جیهانییدا ئەنجام دەدرێن. هەروەها پێویستە هەندێک دڵنیایی یاسایی، و هەندێک یاسا و ڕێوشوێنی نوێ پەسەند بکرێن و هەندێک تواناسازی دابین بکرێت (شارەزایی، ستاندارد، و ژێرخان). چاکسازیی لە یاساکان و ڕێوشوێنەکاندا و باشترکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی لە هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکرێن، بێجگە لەوەی ڕەهەندێکی ئابورییان هەیە، پێش هەر شت و کەسێک سوودی بۆ دانیشتوانی هەرێم هەیە، بە تایبەتی کە کەلێنی گەورە هەیە بۆ نموونە لە بوارەکانی کەرتی تەندروستی و پەروەردەدا.

١٥. **دەتوانرێت پێکەوە بەستنی هەرێمایەتی باشتر بکرێت لە ڕێی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن (ئای سی تی) و خزمەتگوزارییەکانی هاتووچۆ و گواستنەوە.** هەندێک تەواوکاریی هەیە کە دەبێت جێبەجێ بکرێت لە بواری بازرگانییدا بە خزمەتگوزاری تەکنەلۆجیای زانیاری (ئای تی)، ئەمە بێجگە لەوەی خزمەتگوزاری ئای سی تی سوودی هەیە و دەتوانێت ژینگەیەکی گونجاو دروست بکات بۆ بازرگانی. ئای سی تی بێجگە لەوەی کەرتێکی گرنگی ئابورییە، بە تایبەتی بواری برۆدباند (شەپۆلی فراوان)، ئێجگار ڕێخۆشکەریشە بۆ گەشەسەندنی ئابوری. ڕۆڵی گرنگی تەکنەلۆجیای دیجیتاڵ بۆ گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان لەوەدا دەبێت کە دەتوانێت دەرفەتی کار دروست بکات، هەروەها دەتوانێت ئابوری هەمەچەشن بکات و توانای کێبڕکێ و کارایی کەرتی تایبەت بەهێز بکات. بۆ خستنەگەڕی ئەم ئەگەرە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگاکانی حکومەتی ناوەندی، تەبەنی گەشەسەندنی ئینتەرنێتێکی ئێجگار خێرا بکات و لە ڕێی چاکسازی لە چەند کارێک و چەند یاسا و ڕێشوێنێکەوە هانی بازاڕی ئای تی بدات، وەک i) کردنەوەی بازاڕ بە ڕووی کێبڕکی لە ڕێی مۆڵەتی نوێوە، ڕێنمایی و ڕێوشوێنی نوێ کە دەرگا واڵابکەن بۆ کێبڕکێ، مۆدیلی نوێ وەک PPPs، و ئاڵوگۆڕکردنی ژێرخان، ii) پتەوکردنی توانای چاودێری و دەسەڵاتی یاسا و پتەوکردنی توانای وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە بواری دانانی ڕێوشوێن و ڕێکخستنی کاروبارەکان iii) سوودوەرگرتن لە پێگەی جیۆپۆلیتیکی بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان و عێراق ببن بە بنکەیەک بۆ پێکەوەگرێدانی نێودەوڵەتی کە بتوانێت خزمەتی بازاڕی

ئینتەرنێتی ناوچەکە و جیهان بکات، iv) دارشتنی ستراتیجێکی نیشتمانی بۆ ئای تی بۆ کارکردن لەسەر خاڵەکانی لاوازیی و وەڵامدانەوەی داواکاریی لەسەر خزمەتگوزارییەکانی ئای تی، و v) دارشتنی بابەتەکان بە زمانی کوردی. ئاماژە بە شوێنە گرنگە جیۆپۆلیتکەکەی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای خزمەتگوزارییەکانی ئای سی تی، تۆڕی گواستنەوەش رۆڵی ئێجگار گرنگ دەگێڕێت لە گەشەسەندنی ئابوری هەرێمدا. کەرتەکانی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستن بە رێگەوبان وەک کەرتێکی هەرە گەشەسەندووی گواستنەوە و هاتووچۆ، بەڵام نە بە باشی پێکەوە بەستراونەتەوە و نە صیانەی باش دەکرێن. سەرەڕای ئەم کەرتە، گواستنەوەی ئاسمانییش پێویستی بە بەرەوپێشەوەبردن و گەشەپێدانە. کەرتی هێڵی ئاسنین و سەکۆ (هەب)ی لۆجیستی گەشەیان نەکردووە و ئەمەش رێگەی لە هەرێمی کوردستان گرتووە سوود وەربگرێت لە دەرفەتە ئابورییە هەرێمایەتییەکان. سەرەڕای ئەمانەش، یاساکانی بواری کەرتی گواستنەوە، رۆژیان بەسەرچووە و کۆنن. پێویستە چاکسازی بکرێت لە گومرک و ئاسانکاریی بازرگانییدا بۆ پتەوکردنی هاوکاری لە نێوان وڵاتانی دراوسێ. بۆیە، ئەگەر خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوە و ئای سی تی چاکتر بکرێن، ئەوا هەرێمی کوردستانی عێراق ئەگەرێکی گەورەی لە پێشە ببێت بە هەبێکی گواستنەوە و لۆجیستیک بۆ تەواوی ناوچەکە لەبەرئەوەی نزیکە لە بازاڕە گەورەکان و شوێنەکەی لە ڕووی جیۆپۆلیتیکەوە تا ڕادەیەک ئارام و سەلامەتە.

١٦. چاکسازی کەرتی کارەبا دەتوانێت بارگرانی دارایی کەمبکاتەوە، بازرگانی وزە برەو پێبدات، و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کارەبا باشتر بکات. ئەگەرچی توانای بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان چەند قات فراوانبووە لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا بەهۆی وەبەرهێنانەکانی کەرتی تایبەت، بەڵام بەردەوام بارگرانی دارایی زۆری پاڵپشتیکردنی نرخ و پشتبەستن بە سووتەمەنی شلی گرانبەها بۆ پڕکردنەوەی کەموکوری گازی سروشتی، ئاستەنگەکانی گواستنەوە، بەفیرۆچوونی زۆری تەکنیکی و بازرگانی، کەمی نرخ، لاوازی توانای دامەزراوەیی، و لاوازی کواڵێتی دابینکردن. پلانێک لەسەر بنەمای سێ کۆڵەکە پێشنیار کراوە بۆ بەرسڤدانەوەی کێشە هەنووکەیی و درێژخایەنەکان لە توانای کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان: (ا) تەبەنی کردنی سیاسەتێکی یاسایی و چوارچێوەی رێکخستنی کارا لەسەر بنەمای دیاریکردنی رۆڵ و ئەرکەکان بە روونی لەسەر بنەمای ڕۆڵی ڕوون و فەرمان بۆ قەوارە جیاوازەکان. چوارچێوەکە یاسایەکی نوێی کارەبا لەخۆبگرێت، لەگەڵ رێکخەرێکی سەربەخۆ بۆ کەرت، وەهەڵوەشاندنەوەی کەرتی یەکخراو بەشێوەی ستوونی، تایبەتاندنی دامەزراوەکانی کەرت، و دواجار تایبەتاندنی کەرتەکە. (ب) ئەنجامدانی وەبەرهێنانی گرنگ لە ژێرخان بۆ زامنکردنی دابینکردنی وزەی تەواو، متمانەیی، کەمکردنەوەی بەفیرۆدان، و بازرگانیکردن بە کارەبای زێدەکی لەگەڵ ناوچە دراوسێکانی عیراق و تورکیا. وە بەهۆی کۆتوبەندەکانی رەوشی دارایی، پێدەچێت بەشداریکردنی سەرچاوەکانی کەرتی تایبەت پێویست بێت. بەڵام پێویستە وەبەرهێنانەکانی کەرتی تایبەت زۆر بە وورییایی ئەنجام بدرێن بۆ ئەوەی ئەدای ئێستای کەرتەکە دەستەبەری راکێشانی ئارەزووی تەواوی کەرتی تایبەت بکات، هەروەها بەرزبوونەوەی تەواو لە توانای دامەزراوەیی و چوارچێوەی سیاسەت و رێکخستنی یاسایی بۆ بەرێوەبردنی سیستمێکی ژینگەی ئاڵۆز. (ج) گرتنبەری رێوشوێن بۆ پاڵپشتیکردنی باشترکردنی ئەدا و لێپرسراوێتی. ئەمەش بریتی دەبێت لە گرتنەخۆی رێنماییکردنی سیستمی سەبارەت بە کرێیەکانی کارەبا هەروەها وەک بەرنامەیەک جەخت دەکاتە سەر کەمکردنەوەی بەفیرۆدان و باشترکردنی داهات. ئەگەرچی تایبەتاندن (خصخصە)ی تەواوی پرۆسەی دابەشکردن کارێکی ئەستەم و ئاڵۆزە، دەکرێت کەمکردنەوەی

بەفیرۆدان و باشترکردنی داهات ئەنجام بدرێت لە ڕێی گرێبەستێکی باش داڕێژراو لەگەڵ کەرتی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی پسوولەکان و کۆکردنەوەی کرێ. لەمەش زیاتر، دەتوانێت چوارچێوەی سیاسەتێکی روون و بەرنامەیەکی پتەو بۆ چوستی وزە، پارێزگاریکردن لە وزە، و وزەی نوێبۆوە یارمەتیدەربن لە وەڵامدانەوەی داواکاری گەشەسەندوو لەسەر کارەبا.

١٧. **کشتوکاڵ دەرفەتێکە بۆ هەرێمی کوردستان، و گەشەپێدانی ئەم کەرتە تەریب دەبێت لەگەڵ پێویستیی جۆراوجۆر بۆ وەبەرهێنان و کار.** کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا تووشی چەندین تاسان بووە، وەک هاوردەکردنی خۆراکی هەرزان بە گوێرەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراک، گەشەسەندنی بازرگانیی نەوت (کە بووە مایەی ئەوەی سەرچاوەکان بۆ کشتوکاڵ تەرخان نەکرێن و ڕووبکەنە کەرتی گشتی و بیناسازی)، و پاڵپشتیکردنی نرخی دانەوێڵە کە تا رادەیەکی زۆر دەکرێت (کە بووەتە مایەی ئەوەی سەرچاوەکان تەرخان بکرێت بۆ کەرەستە و کەلوپەلی جگە لە دانەوێڵە/گەنم). بۆ ئەوەی ئەم کەرتە بخرێتەوە گەڕ، بێجگە لە پرۆژەی وەبەرهێنان لە بواری کشتوکاڵدا، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کار لەسەر ئەم بوارانە بکات: i) دەستکردن بە چاکسازی لە داتا وەک دەستکردن بە ئەنجامدانی ڕووپێوی کشتوکاڵی، کۆکردنەوەی نرخ، و ڕوومال و شیکردنەوەی پێکهاتەی خاک و نەخشەی خاک و ئاو و تۆماری زەوی، ii) چاوخشاندنەوە بە هەموو پاڵپشتییەکان، باجەکان، قەدەغە لەسەر هاوردە، و رسوماتی مۆڵەت، و iii) داڕشتن و دانانی میکانیزمێکی کارا بۆ لێکۆڵینەوە و بەرفراوانکردن بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، و ئەو بنکە و ناوەندانەش بگرێتەوە کە تایبەتن بە لێکۆڵینەوە، و کۆلێژەکانی کشتوکاڵ. سەرەڕای ئەمانەش، بەرنامەیەکی مەزن بۆ بووژاندنەوەی کشتوکاڵ دەتوانێت چالاکیی ناوخۆیی ئابووریی و دەرفەتی کار دروست بکات.

١٨. **وەبەرهێنان لە کەرتی ئاو بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکوپێکتر ئاو بەکاربهێنرێت.** کەمیی ئاو تا دێت باوتر دەبێت. ئەم کەرتە ڕووبەڕووی کەمیی بۆتەوە چونکە لێشاوی ئاو بۆ هەرێمی کوردستان کەم بۆتەوە، و کواڵیتیی ئاوەکەش گۆڕاوە. لەگەڵ ئەمانەشدا، داواکاریی لەسەر ئاو بۆ کشتوکاڵ و بۆ ماڵان و بۆ پیشەسازی (لەناویشیدا بۆ کەرتی نەوت) تا دێت بە خێرایی زیاد دەکات. سەرەڕای ئەمانەش، ئاو پێویستە بۆ وزەی کارەبا و بۆ ژینگە. پێدەچێت کەمیی ئاو زیاتریش بکات لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا چونکە لە چاوگەکان و لە سەرەوەی ئاوەکان تا دێت ژێرخانی زیاتر بونیات دەنرێن، بەمەش هەرێمی کوردستان لە رەوشێکی نەداریدا دەبێت. سیاسەتێکی یەکخراو بۆ کاکردن لەسەر پڕکردنەوەی ئەم کەلێنەی نێوان داواکاری (طلب) وهەبوو (عرض) پشت بە چەند فاکتەرێکی کۆمەڵایەتیی و ژینگەیی و ئابووریی و تەکنیکی دەبەستێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە ئەگەر گۆڕانکاری پێویست بکات لە ستراتیجەکانی بەڕێوەبردنی عرض بەرەو شێوازێکی تەواوکاری کە هاوکات کار لەسەر لایەنی داواکارییەکانیش بکات. بۆ ئەوەی سوود لەو وەبەرهێنانە گەورانە وەربگیرێت کە لە بواری گەشەپێدانی سەرچاوەکانی ئاودا ئەنجام دراوە، وا پێشنیار دەکرێت کە حکومەت چەند کارێکی بەرفراوان ئەنجام بدات کە هەژاری بە ئامانج دەگرێت و نەک هەر کار دەکاتە سەر گەشەسەندنی سەرچاوەکانی ئاو و بەڕێوەبردنی بەڵکو هەروەها دابینکردنی خزمەتگوزاری ئاویش. ئەولەوییەتەکان بریتی دەبن لە (i) پلاندانان و بەڕێوەبردنی ئاسایشی ئاو، (ii) باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی دابینکردنی ئاو، (iii) پتەوکردنی میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی ناوخۆیی و نیشتمانی و یەکێتییەکانی بەکارهێنەرانی ئاو.

١٩. **حکومەتی هەرێمی کوردستان خاڵی بەهێزیی هەیە و دەرفەتی لە پێشە بۆ ئەوەی ئابوریەکەی لە قەیران ڕزگار بکات و بکەوێتە سەر ڕێی گەشەیەکی هاوسەنگی بەردەوام.** ئەمانەش بریتین لە (i) سەرچاوەی گەورەی نەوت و گاز، (ii) زەویی کشتوکاڵی بەپیت، (iii) دانیشتوانی گەنج، (iv) شوێنێک کە دەکەوێتە چەقی ڕێگە بازرگانییەکانەوە و چوارڕیانی بازرگانییە، (v) حکومەتێک کە شێلگیرە لەسەر پیادەکردنی چاکسازی، (vi) کۆمەڵگەیەکی کۆمەکبەخش کە ئامادەیە و تامەزرۆیە بۆ هاوکاری، (vii) گیانی دەستکردن بە پرۆژە لەلای خەڵکەکە، و (viii) شوێنێکی سەقامگیرە بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە ئێستادا بۆ ئەنجامدانی پرۆژە بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری وڵات. ئەگەر ئەم خاڵانەی بەهێزیی و ئەم دەرفەتانە بەشێوەیەکی کارا بەکاربهێنرێت لە ژینگەیەکدا کە سیاسەتی هاوکارانە پیادەبکرێت، ئەوسا ئابوری هەرێمی کوردستان دەرفەتێکی باشی دەبێت بۆ زاڵبوون بەسەر زەحمەتییەکانی ئێستادا و هێنانە ئارای ئابوریەکی فرەچەشن و گەشەسەندنێکی گەورەی بەردەوام لە ماوەی مامناوەند و درێژخایەن.

٢٠. **خێراکردنی گەشە و فرەچەشنێتیی ئابوری هەرێمی کوردستان پێویستی بە کۆششی هاوکات هەیە لە کەرتە سەرەکییەکانی ئابورییدا.** حکومەت دەتوانێت دەست بکات بە پرۆسەیەکی چاکسازی کە هەیکەلی کەرتەکان بگرێتەوە و گەشەی زیاتر بدات بە ژینگەی یاسایی و ڕێوشوێنەکان، کە پێویستن بۆ بازاڕی ئازاد. پێویستە چاکسازی لە کەرتەکان بە شێوەیەکی خول و بە زنجیرەیی ڕێکوپێک ئەنجام بدرێت، چونکە کارایی چاکسازی لە کەرتێکدا زۆر جار پشت دەبەستێت بە سەرکەوتنی چاکسازی لە کەرتەکانی تری ئابوریدا. لە هەرێمی کوردستان ئەم پێکەوە گرێدراوێتییە بریتییە لە هەماهەنگی چاکسازی لە نێوان چەند کەرتێکی جۆراوجۆردا بە شێوەیەکی زنجیرەیی. ئەم نەخشە ڕێگەیە چاکسازی کۆنکریتی لە سیاسەتەکاندا لەخۆ دەگرێت لە کەرتەکاندا بۆ ئەوەی حکومەت جێبەجێیان بکات.

## کەمکردنەوەی کاریگەری نەرێنی کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی سیستمێکی چاودێریی پتەوی کۆمەڵایەتی

٢١. **ئەولەوییەتی هەرە لە پێش بریتییە لە سەقامگیرکردنی ئابوری بەبێ ئەوەی شلۆقیی کۆمەڵایەتی و–سیاسی زیاتر بکات.** پتەوکردن و دابینکردنەوەی ئامراز بۆ میکانیزمەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی بۆ کارکردن لەسەر ناکاوی (طوارىء) بریتین لە ئەولەویەتی پڕبایەخ بۆ حکومەت. ئەو میکانیزمانەی ئێستا لە ئارادان بۆ چاودێریی کۆمەڵایەتی پێویستە پتەوتر بکرێن و تا ڕادەیەک ئامرازی نوێیان بۆ دابین بکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانن کار بکەن لەسەر قەیرانە مرۆیی و کۆمەڵایەتیە بەردەوامەکان. لەم دواییەدا حکومەت چوارچێوەیەکی ڕێکوپێکی داڕشت بۆ چاودێریی کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی هەژاران و نەداران، هەروەها، ئەم بەرنامەی چاکسازییە پێشنیاری چەند کارێک دەکات کە پێویستە بە وریاییەوە هەڵبەسەنگێندرێن بۆ دیاریکردنی ئەو خەڵکە لانەواز و نەدارەی کە ڕەنگە کاریان تێ بکات، و بۆ مەزەندەکردنی قەبارەی کاریگەرە پێچەوانەکەی لەسەر چاودێریی کۆمەڵایەتی. بەتایبەت ئەو کارانەی دەکرێن لە بواری زیادکردنی باجی دەرامەت، کەمکردنەوە و نەهێشتنی پاڵپشتی نرخی نەوت و کارەبا و گەنم و کەرەستە کشتوکاڵییەکان. ڕەنگە ئەم گۆڕانکاریانە کاریگەری پێچەوانەیان هەبێت لەسەر خانەوادە هەژارەکان. سەرەڕای ئەمانەش، بە ڕەچاوکردنی قەبارەی کەرتی گشتی، ڕەنگە کاریگەری پێچەوانەیان هەبێت لەسەر کارمەندە هەژارەکانی کەرتی گشتی، کە خەڵکی ئاستی جۆراوجۆری خوێندەواری کاری تێدا دەکەن وەک فەرمانبەر.

٢٢. **پێویستە هەژاران و نەداران بپارێزرێن.** چاکسازییە پێشنیارکراوەکان بە شێوازی جۆراوجۆر کار دەکەنە سەر چەشنە جۆراوجۆرەکانی دانیشتوان. پێویستە لێکۆڵینەوە بکرێت لە کاریگەری چاکسازییەکان لەسەر هەژاری و کاریگەری کۆمەڵایەتی چاکسازییەکان بۆ ئەوەی بە گشتی لە قەبارە و سروشتی کاریگەری بەرنامەی چاکسازییەکە تێبگەین. ئەم شیکارییە ڕێگەمان بۆ خۆش دەکات مەزەندەی قەبارەی قەرەبووی پێویست بکەین بۆ پاراستنی هەژاران و نەداران بە شێوەیەکی دارایی. بۆ تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی، ئامانجگیری بریتییە لە تەحەددای سەرەکی. ئەو پۆلێنەی بەکاردەهێنرێت لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ئامانجگیری، ڕەچاوی هێڵی هەژاری یان قەبارەی خێزان ناکات. بڕی ١٥٠٠٠٠ دیناری عێراقی تەرخان کراوە بۆ خێزانی سوودمەند بە بێ ڕەچاوکردنی قەبارە یان پێگەی خێزانەکە، وەک پێناسە بۆ هێڵی هەژاری یان ئاستی بەکاربردن. پارەی نەختینەی تەرخانکراو بە گوێرەی پۆلێنی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی دەدرێت لە جیاتی میکانیزمی کارا بۆ ئامانجگیری بە مەبەستی دەستنیشانکردنی شایستەیی، هەر بۆیەش زۆربەی هەژاران سوود وەرناگرن لەم بەرنامەیە. بەم شێوەیە تەنها ١١ لە سەد لە پێنجیەکی ژێرەوە لە ئێستادا پارەی نەختینە وەردەگرن. لە ئێستادا کار دەکرێت لەسەر داڕشتنی بەرنامەی (ڕێپێدان بۆ تاقیکردنەوە و لێپێچینەوە لە داهاتی ئەو کەسەی داوای چاودێریی کۆمەڵایەتی دەکات، (proxy means test (PMT). ئەمەش بەکاردەهێنرێت بۆ بڕیاردان لەسەر شایستەیی کەسێک بۆ ئەوەی ناوی بخرێتە ناو بەرنامەی چاودێری کۆمەڵایەتییەوە، و لێکۆڵینەوە لەوە دەکرێت کە (بەرنامەی تۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتی) لە پۆلێنێکەوە بگۆڕدرێت بۆ بەرنامەیەکی ئامانجگیر کە تێیدا بڕیار دەدرێت لەسەر شیاوی کەسەکە بۆ ئەوەی بخرێتە ناو چاودێری کۆمەڵایەتی بە گوێرەی ئەنجامی لێپێچینەوەیەک لە داهاتی کەسەکە (تاقیکردنەوە و لێپێچینەوە لە شایستەیی بۆ وەرگرتنی هاوکاریی چاودێریی کۆمەڵایەتی). ئەم تۆڕی چاودێرییە بە ئامانجگیری کار دەکات و تۆمارێکی یەکخراوی و شەفافی دەبێت. شەفافییەت و داپەروەری و میکانیزمی هاوکاریی لێقەوماویی ئەم سیستەمە پتەو و تۆکمە دەکات.

٢٣. **تەنانەت پێش قەیرانەکە، هەرێمی کوردستانی عێراق ڕووبەڕووی ئاستەنگ بۆتەوە لە بواری چاکسازی لە سیستمی چاودێریی کۆمەڵایەتی.** هەرێمی کوردستانی عێراق ڕووبەڕووی ئەرکێکی زەحمەت دەبێتەوە لە زیادکردنی قەبارە و داینامیکی کەرتی تایبەت، کە چاوەڕێ دەکرێت زۆربەی گەشەی ئاییندەی لە بواری دامەزراندندا لەم کەرتەوە بێت. ئاستەنگی دامەزراندن لەوەوە سەرهەڵدەدات کە قەبارەی کەرتی تایبەت، بچووکە، هێزی کار بە خێرایی زیاد دەکات لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و ڕووداوە جیۆپۆلیتیکییەکان. ڕێژەی دامەزراندن-بۆ-دانیشتوان ٢٢ لە سەدە و هاوشێوەیە لەگەڵ وڵاتانی تری کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ڕێژەی دامەزراندن دەکەوێتە ژێر کاریگەری هێزی کاری کەم و ڕێژەی بەشداریی تەمەنی کار (١٥-٦٤) و ئافرەتان، کە بریتییە ١٤ لە سەد، کە لەگەڵ ئەمەشدا بەرز دەبێتەوە بۆ ١٧ لە سەد ئەگەر قوتابیان هەژمار نەکرێن.

٢٤. **سیستمی خانەنشینی و دڵنیایی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان سەقامگیر نییە، گرفتی هەیە لە بواری رووماڵ (تغطية)ی نزم، و کارا نییە.** ساڵی ٢٠١٤ کۆی خەرجییەکانی خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان بە نزیکەی ١.٣ تریلیۆن دینار مەزەندە کرا (٢.٨ ی جی دی پی)، کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری هاوشێوەی ئابوری و هاوشێوەی قۆناغی دیمۆگرافیی تەمەن. زیاتر لە ٥٠ لە سەدی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان سیستمی بیمەی کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە. زۆربەشیان

کارمەندی کەرتی گشتین. لە کەرتی تایبەت نزیکەی ٤٨ لە سەدی هێزی کار ئەم سیستمە نایگرێتەوە. هەروەها، تەنها ٥٠ لە سەدی خەڵکی سەروو تەمەنی ٦٥ ساڵ لە هەرێمی کوردستانی عێراق سوودمەندن لە سیستمی مووچە (زۆربەیان خانەنشینی کەرتی گشتین). بەسالاچووانی تر دەبێت پشت ببەستن بە خزمەتگوزاریی نافەرمی، وەک هاوکاری کۆمەلایەتی. دەتوانرێت ئاستەنگە سەرەکییەکانی پێش سیستمی بیمەی کۆمەلایەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە چوار خاڵدا چڕ بکرێنەوە: (i) توانای کارگێڕیی نزمە، (ii) خشتەکان نابەرامبەرن و لە ڕووی داراییەوە نابەردەوام و ناسەقامگیرن (iii) سیستمەکە بەش بەش بووە، ئەمەش بووەتە مایەی تێکچوونی بازاڕی کار لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا (iv) سیستمەکە دووچاری ڕووماڵێکی نزم بووە لە کەرتی تایبەتدا.

٢٥. **بۆ کارکردن لەسەر ئەو ئاستەنگانەی سەرەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان چوارچێوەیەکی ستراتیجی پرهیوای دارشتووە بۆ چاکسازی لە چاودێریی کۆمەلایەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.** چوارچێوەی ستراتیجی چاودێری کۆمەلایەتی پشتگیری لە جێبەجێکردنی ئەم چاکسازییە دەکات لە ڕێی پاکێجێکی تەواو لە ستراتیجیەت، یاسا، دەزگا، و بەرنامە. ستراتیجەیەتە پێشنیارکراوەکان تەبان لەگەڵ میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی ئەولەوییاتەکانی *دیدگەی* ٢٠٢٠. ستراتیجەیەتەکان بەم شێوەیەن: (i) حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی تەواو لە هێزی کاری چالاک دابین دەکات لەو کەسانەی بەدوای کاردا دەگەرێن و لەگەڵ کرێکاری لێهاتوو لە ڕێگای سیستمەکانی خوێندن و راهێنانەوە و بە پشتبەستن بە هاندان بە گوێرەی خواستی بازاڕەکە، (ii) حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێوشوێنی گونجاو دەگرێتە بەر بۆ کەمکردنەوەی دووکارێتی کە کەسێک لە کەرتی گشتیش دەوام بکات و لە کەرتی تایبەتیش و بەم شێوەیەش کەرتی تایبەت دینامیکتر دەبێت، (iii) حکومەتی هەرێمی کوردستان چوارچێوەیەکی ڕێکخستن و دامەزراوەیی دادەڕێژێت بە گوێرەی شیکردنەوەی داتا لە کاتی خۆیدا، لەگەڵ سیاسەتی گونجاوی دامەزراندن، و دایەلۆگی بنیاتنەرانە لە نێوان هاوبەشە کۆمەلایەتییەکاندا، (iv) حکومەتی هەرێمی کوردستان چاکسازی سنوری و چوارچێوەیی ئەنجام دەدات لە خشتەکانی ئێستادا بۆ جەختکردنەوە لە سەقامگیری و بەردەوامی دارایی و گواستنەوە بەرەو ئاوێتەکردنی خشتەی خانەنشینی پیشەیی کەرتی گشتی و تایبەت و هی تر، (v) حکومەتی هەرێمی کوردستان میکانیزمی تەقلیدی و بەدیل دادەڕێژێت بۆ بەرفراوانکردنی خانەنشینی و بیمەی کۆمەلایەتی، (vi) حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی بیمەی بێکاری دادەڕێژێت و جێبەجێ دەکات، (vii) حکومەتی هەرێمی کوردستان هەژاری وەک بڕیاردەر بەکاردەهێنێت بۆ شایستەیی بۆ بەرنامەی تۆڕی چاودێری کۆمەلایەتی (بە سیستەمی گشتی دابەشکردنی خۆراکەوەش)، و بایەخپێدانی گونجاوی کۆمەلایەتی دابین دەکات بۆ نەداران و گروپە ناسوودەمەندەکان، (viii) حکومەتی هەرێمی کوردسان سامانە مرۆییەکەی خۆی دەپارێزێت لە ڕێی پێدانی حەوافز بۆ تەندروستی و خوێندنی باشتر.

### مەترسییەکانی بەرنامەی چاکسازی

**٢٦. هەندێک مەترسی گەورە هەن کە ڕەنگە سەرکەوتنی بەرنامەی چاکسازییەکە بخەنە ژێر مەترسییەوە، کە پاشخانەکانی پرهیوایە و دوورەدەستن.** مەترسییەکان جۆراوجۆرن، لە هەڕەشەی بواری ئاسایشی تا دەگاتە ئاستەنگی سیاسی و ئابوری. ڕەنگە گرژیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و

حکومەتی ناوەندی هەر بەردەوام بێت. هەروەها، ڕەنگە کرژیی سیاسی لە نێوان حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان درێژە بخایەنێت. بە تەریبی، مەترسییەکانی بواری ئاسایش زێدە گەورەن. داعش دەتوانێت هەڕەشە بێت لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان. ئەگەری دەستگرتن بەسەر موسڵدا لە لایەن سوپای عێراقەوە ڕەنگە ببێتە مایەی زیادبوونی لێشاوی ئاوارەی ناوخۆ بۆ هەرێمی کوردستان. هەروەها، ڕەنگە نرخی نەوت بە نزمی بمێنێتەوە بۆ ماوەیەکی تر، بەم شێوەیەش مەودای بەرفراوانبوونی داهاتی دارایی و گەشەی دارایی سنووردار دەبێت. ئەگەر هەر یەکێک لەو مەترسیانە بێنە دێ ئەوسا ڕەنگە کاریگەرەکەیان ببێتە مایەی وەستاندنی بەرنامەی چاکسازی.

## هێڵکاریی ڕاپۆرتەکە

٢٧. **ئەو پلانی کارە تێروتەسەلەی کە لەناو ئەم نەخشەڕێگەی چاکسازییەدا پێشنیار کراوە، لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئامانجە ستراتیجییەی سەرەوەدا داڕێژراوە.** ئەم کارە پشت بە چەند بەشدارییەکی بەرهەمداری تیمەکانی گروپی "بانکی نێودەوڵەتی " و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، کەرتی تایبەت، لایەنە ئەکادیمییەکان و هاوبەشە نێودەوڵەتەکان دەبەستێت. ئەنجامەکەشی بریتی بووە لە هەڵسەنگاندنێکی قوڵی تەکنیکی و شیکاریی سەرجەم بوارە ئابورییەکان، هەروەها شوێنپێی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە هەرێمەکە لە کەرتی جۆراوجۆردا، کە تا دێت زیاتر دەبێت. دەرەنجامەکان و ڕاسپاردەکانی ناو ئەم شیکارییە پشت ئەستوورە بە بەڵگە و پشتی بەستووە بە ڕاوێژکاریی و تاوتوێی هەمەلایەن و گشتگیر لەگەڵ سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان. ئەم ڕاپۆرتە چەندین بواری بەرفراوانی ئابوری لەخۆ دەگرێت وەک گەشەسەندنی کەرتی تایبەت، بازرگانی، سیستمی وەبەرهێنان، بازاڕی هێزی کار و هەروەها بابەتی پەیوەست بە کەرتەکانی تر. یەکەم چاپتەر بریتییە لە باکگراوەندی ئابوری گشتی و چاپتەری دووەم و سێهەم بریتین لە کاری چاکسازی کورتخایەنی پێشنیارکراو وەک ڕێوشوێنی دارایی و ئامانجی مامناوەندی خایەن بۆ ئەوەی بەردی بناغە دابنرێت بۆ گەشەیەکی ئابوریی فرەچەشن و سەقامگیر و بەردەوام و هەمەلایەن. چاپتەری چوارەم بریتییە لە تاوتوێی کارەکانی چاکسازی لە کەرتی کۆمەڵایەتی و کارکردن لەسەر قەیرانە گەورە بەردەوامە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان. چاپتەری پێنج و شەش جەخت دەخەنە سەر کێشە و بابەتەکانی حوکمرانی (governance) و چاکسازیی وەک لێپرسینەوە، چوارچێوەی دامەزراوەیی و چاودێریی دادوەریی. دوایین چاپتەر بریتییە لە نموونەی پێشنیارکراوی شێوازەکانی نەخشەڕێگای چاکسازیی هەیکەلی ئابوری بۆ ماوەی سێ ساڵ.

## ١. باکگراوندی ئابوری گشتی

**١.١ دوای گەشەسەندنێکی بەرچاو لە نێوان ٢٠١١-٢٠١٣، ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەمان ڕێچکەی ئابوری عێراقدا ڕۆیشت و لە ٢٠١٤ ەوە ڕووبەڕووی نزمبوونەوەیەکی بەرچاو بۆتەوە.** هەرێم زۆر پشت بە نەوت دەبەستێت، و زۆربەی هێزی کار لە کەرتی گشتی کار دەکەن. کەرتی نەوت، کە مەکینەی گەشەیە پیشەسازییەکی چڕی سەرمایەیە و تەنها ١ لە سەدی کارمەندان لەم بوارە کار دەکەن. لە ناوەڕاستی ٢٠١٤ ەوە، دابەزینی داهاتەکان بووە مایەی وشکبونی نەختینە لەلای حکومەت و وەبەرهێنانی گشتی و گەشەسەندنی ئابوری ڕاگرت، ئەمەش وەبەرهێنانی بیانی ساردکردەوە لە گەشەپێدانی نەوت و وەبەرهێنانی تری ئەهلی. بەکاربردنیش (استهلاک) کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەمە لە ڕێی کەمبوونەوەی دارایی حکومەت و دواکەوتنی مووچەی کارمەندانی حکومەت. پێکدادانەکانی ناوچەکەش ئەم قەیرانانەی سەختتر کردووە. زەبروزەنگی داعش و پێکدادانی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە، گەشەی ئابوری لە کەرتی نەوت و نا-نەوتیشدا کەم کردۆتەوە. داعش دەستی بەسەر سێ یەکی عێراق و بەشێکی گەورەی سوریادا گرتووە لە ٢٠١٤ ەوە، ئەمەش وەبەرهێنانی بیانی ڕاگرتووە و ١.٨ ملیۆن پەنابەری سوری و ئاوارەی ناوخۆی عێراقی ناچارکردووە ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن، ئەمانەش هەموو فشاری تریان دروست کردووە لەسەر خەرجییەکانی حکومەت.

**١.٢ هاوتا لەگەڵ زیادبوونی خەرجییەکانی بواری ئاسایشی، و دابەزینی نرخی نەوت، بڕینی حەواڵە داراییەکان لە لایەن حکومەتی فیدراڵەوە ڕەوشی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانی زۆر سەخت کردوە.** حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێژەی فرۆشتنی نەوتی هەناردەکراوی زیاتر کرد (ئەگەرچی بە نرخێکی بەرچاو کەمتر لە هی بازاڕەکان دەیفرۆشێت) و خەرجییەکانی حکومەتی لە ناوەڕاستی ٢٠١٤ ەوە بە شێوەیەکی بەرچاو کەم کردۆتەوە. قەرز و دواکەوتنی موچەی کارمەندانی حکومەت و قەرزی دانەوەی پارەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت، زیاتریان کردووە. کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکومەت لەمساڵدا، کە پێشبینی دەکرێت لە ٢٠١٧ ش هەر بەردەوام بێت، بووەتە مایەی وەستاندنی وەبەرهێنانی حکومی، و ئەمەش ئابوری زیاتر خاو کردۆتەوە، تەنانەت لە کەرتی نانەوتییشدا. خاوبوونەوەی گەشەسەندن ڕەنگە لە ٢٠١٦ و لە ٢٠١٧ ش بەردەوام بیت، کە لە پێشیانەوە هۆیەکەی بریتییە لە دابەزینی داهاتەکانی نەوت و گۆڕانکاریی لە داراییدا. پێشبینی دەکرێت گەشەی ئابوری بە خاوی بمێنێتەوە لە ٢٠١٦-٢٠١٨ و خەرجییەکانی حکومەت و بەکاربردنی تایبەت و ئەهلی و هەناردەکردن و وەبەرهێنان لەژێر فشار دەمێننەوە لەبەر نزمی نرخی نەوت و کەمی بودجەی حکومەت.

**١.٣ بە هەمان شێوەی عێراق، پێویستە یەکخستنی ئابوری بەپەلە پیادە بکرێت بۆ وەڵامدانەوەی قەیرانە هەنووکەییەکان.** حکومەت دەستی کردووە بە پیادەکردنی ڕێوشوێنەکانی خەرجکردن. لە کانونی یەکەمی ٢٠١٥ کەمکردنەوەی بودجە ڕاگەیەندرا و لەناویدا کەمکردنەوەی دەرماڵە و پاڵپشتی پارەی کرێ و پارەی کارەبای کارمەندە پلە باڵاکان، ئەگەرچی ئەمە فشاری گەورەی سیاسی دروست کرد. چاکسازی تری داراییش هەیە لە بواری بڕی مووچە و کرێ و خانەنشینی، کە نزیکەی ٧٠ لە سەدی بودجەی حکومەت دەگرێتەوە و پاڵپشتی کەمدەکرێتەوە لەسەر بەرهەمەکانی نەوت و کرێی کارەبا. چاکسازییەکان بەتایبەتی بابەتی "کارمەندی بندیوار" دەگرێتەوە، لەگەڵ پێویستبوونی پتەوکردنی کۆنترۆڵ بەسەر

دامەزراندن و ژمارەی کارمەندانی کەرتی گشتییەوە. ئەم بڕین و کەمکردنەوانەی بودجەی حکومەت دەبنە مایەی کەمکردنەوەی داهات و خەرجییەکانی خەڵک.

**١.٤. ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی قەیرانی دارایی و پێکدادانەکانی ناوچەکە.** قەیرانە دوانەییەکە -قەیرانی دارایی، و لێشاوی پەنابەری سوری و ئاوارەی عێراقی- لە ناوەڕاستی ٢٠١٤ ەوە دەستی پێکرد و کاریگەرێکی پێچەوانەی نەرێنی هەبووە لەسەر ڕێژەی هەژاری و ٦ لە سەد بەرزی کردۆتەوە. هۆیەکی سەرەکی ئەم بەرزبوونەوەیە بریتی بووە لە بەرزبوونەوەی هەژاری لەناو کۆمەڵگە خانەخوێیەکانی دهۆک، کە ژمارەیەکی زۆر ئاوارەی ناوخۆ ڕووی تێکردوون. کاتێک ژمارەی خەڵکە ئاوارە و پەنابەرەکەش هەژماربکرێت، ئاستی هەژاری تەنانەت لەوەش زیاتر زیادی کردووە. مەزەندەیەکی تر بە شێوازی نموونەی وورد باسی ئەوە دەکات کە هەژاری لە هەرێمی کوردستان بۆ ١٢.٥ بەرز بۆتەوە لە ٢٠١٤. ئەم مەزەندەیە دانیشتوانە ئاوارەکەش دەگرێتەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی ڕەوشی خراپترە لەوەی دانیشتوانی هەرێم، و لەگەڵ ئاوارەبوونیاندا دووچاری گۆڕانێکی سەخت بوون لە ئاستی بژێویدا.

## أ. ئەدای دەرەنجام و هەڵاوسان (التضخم)

**١.٥. نەوت ئاڕاستەکەری سەرەکی بووە لە گەشەی ئابوریدا لە هەرێمی کوردستانی عێراق.** یاسای تایبەت بە هاندانی وەبەرهێنان و فرەچەشنکردنی ئابوری (یاسای وەبەرهێنانی هەرێومی کوردستان ساڵی ٢٠٠٦) بە شێوەیەکی کارا ئاستەنگە ئابوریەکانی لابرد لەسەر ڕێی وەبەرهێنەری ناوخۆی و بیانی بۆ ناو بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و ڕێخۆشکەر بوو بۆ گەشەی ئابوری بە شێوەیەکی گشتی. لە ماوەی پێش ٢٠١٤ دا ئەدای گەشەسەندن تا ڕادەیەکی زۆر لە ئەنجامی حەواڵەکردنی بەشە بودجەی نەوتەوە بوو کە لە ٢٠١٣ دا بریتی بوو لە ١٢ ملیار دۆلار کە لە حکومەتی ناوەندییەوە حەواڵە دەکرا و ئەم زیادبونەش لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و زیادبوونی هەناردەکردنی نەوتی عێراقەوە بوو. ئەم پارەی حەوالانە دارایی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەکرد، و بەکاردەهێنرا بۆ پێدانی مووچەی کارمەندان، خەرجییە سەرمایەکان، و ئەولەوییەتی وەبەرهێنان لە کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردە. لە ٢٠١٣ دا، کۆی بەرهەمی ناوخۆیی (جی دی پی) بە ڕێژەی ٨ لە سەد لە هەرێمی کوردستان زیادی کرد بە پشتبەستن بە بەرهەمهێنانی نەوت وەک ئامرازی سەرەکی گەشەسەندن. کەرتی بیناسازییش بەرفراوانیی بەخۆیەوە بینی و هاوکات خەرجی گشتی و سەرمایە زیادی کرد. کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ هەر تاکێک بە ڕێژەی ١٢ لە سەد زیادبوونی بە خۆیەوە بینی لە نێوان ٢٠٠٨ و ٢٠١١، کە لە ٢٠١١ بە ٤،٤٥٢ دۆلار مەزەندە دەکرا. لەگەڵ ئەمەش، گەشەی گەورەی ئابوری نێوان ٢٠٠٧ و ٢٠١٣ تا ڕادەیەکی کەم هەژاری لە هەرێمی کوردستان کەم کردەوە.


**١.٦. لە ٢٠١٤، ئاویتەیەک لە چەندین فاکتەر کاریگەری نەرێنییان کردە سەر ئابوری بە گشتی.** یەکەم، و پێش هەر شتێک، بەشی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی کە نزیکەی ١٢ ملیار دۆلار بوو لە ساڵێکدا (مانگانە یەک ملیار دۆلار) ڕەوانە نەکرا لە ئەنجامی ڕەوشی سیاسی. وەزارەتی دارایی و ئابوری دەڵێت تەنها ١.١ ملیار دۆلار بە درێژایی ئەو ساڵە حەواڵە کراوە. بە هەمان شێوە، لە ٢٠١٥، هیچ حەواڵەیەکی دارایی ئەنجام نەدراوە. دووەم، بەرسڤی مرۆیی بۆ ئاوارەکانی ناوخۆ، کە ژمارەیان پێنج ئەوەندەی ژمارەی پەنابەرە سوریەکانە، فشارێکی گەورەی دروست کردووە لەسەر حکومەتی هەرێمی

کوردستان. سێیەم، کێشەکانی پەیوەست بە داعش کاریگەرییان هەبووە لەسەر چالاکییە ئابورییە ناوخۆییەکان و بازرگانی نێودەوڵەتی و وەبەرهێنان. داهات و خەرجییەکانیش دابەزینێکی گەورەیان بە خۆیانەوە بینیوە و حکومەت بەشێک لە مووچە و کرێی کارمەندەکانی داوە و دواش کەوتووە. خەرجییەکانی وەبەرهێنان لە لایەن کەرتی گشتیەوە لە حوزەیرانی ٢٠١٤ دا ٦٠ لە سەدی ئاستەکەی بووە لە ٢٠١٣، و لە ئێستادا بودجەی وەبەرهێنان ڕاگیراوە. لە ئێستادا، زیاتر لە ٤٠٠٠ پرۆژە، کە لەژێر جێبەجێکردندا بوون، ڕاگیراون.

١.٧ **کەمبوونەوەی وەبەرهێنان.** ماوەی ٢٠٠٧ تا ٢٠١٣ چالاکی ئابوری لە هەرێمی کوردستانی عێراق گەشایەوە، و وەبەرهێنانی بیانی زیادی کرد، بە تایبەتی لە بواری بیناسازییدا. لە کاتێکدا بیناسازی دەگەشایەوە، لەگەڵیدا چیمەنتۆ، گەشتیاری، و موڵکوماڵ زیادبوونێکی بەرچاویان بەخۆوە بینی. دەستەی وەبەرهێنان داتای هەیە لەسەر وەبەرهینانی مۆڵەتپێدراو و نا-نەوتییدا کە کەرتی تایبەت تەمویلی کردوون. شێوەی ١.١ ی خوارەوە بریتییە لە زیادبوونی پرۆژەکانی وەبەرهێنان، و ئینجا دابەزینی لە ٢٠١٤. بە مەزەندەی دەستەی وەبەرهێنان هەرێم لە نێوان ٢٠٠٦ و ٢٠١٢ دا ٢٢ ملیار دۆلاری بۆ هاتووە وەک وەبەرهێنان، کە ٢١ لە سەدی هی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی بووە یان هاوبەش بووە. بە گوێرەی ڕاپۆرتی دەستەی وەبەرهێنان پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە ١٢.٤ ملیارەوە لە ٢٠١٣ دا کەمی کردووە بۆ ٤.٤ ملیار لە ٢٠١٤. لە ئەنجامی ئەم دابەزینە بەرچاوە لە خەرجی سەرمایەی حکومی، پرۆژەکانی بیناسازی ڕاگیراون و کۆمپانیاکانی چیمەنتۆ ئاستی بەرهەمهێنانیان دابەزاندووە بۆ خوار ئاستی بەرزترین. نرخی موڵکوماڵ بە ڕێژەی نزیکەی ٥٠ لە سەد دابەزیوە لە سەرەتای ٢٠١٦ بە بەراورد لەگەڵ ئەو کاتەی لە لوتکەبوو لە سەرەتای ٢٠١٤. سێ کۆمپانیا گەورەکەی نەوت (کۆمپانیای تورکی-ئینگلیزی گەنەل ئینێرجی، دی ئێن ئۆ، و گەڵف کیستۆن پێترۆلیەم) وەبەرهێنانەکانی خۆیان ڕاگرت لە گەشەپێدانی کێڵگەی نوێی نەوت.

**شێوەی ١.١ هەرێمی کوردستان: پرۆژەی مۆڵەتپێدراوی وەبەرهێنان**

(ملیۆن دۆلاری ئەمریکی US$)




سەرچاوە: دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کانونی یەکەمی ٢٠١٥.

١.٨.     **وەک ستراتیجێکی خۆگونجاندن، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پشتگیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە و مووچە و کرێی کارمەندەکانی حکومەتی داوە ئەگەرچی دواکەوتووە.** سەرەڕای برێکی بچووک قەرز لە بانکەکان، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان توانیویەتی کورتهێنانەکە داپۆشێت. وەزارەت نزیکەی ١.٥ ملیار دۆلاری قەرز کردووە لە کەرتی تایبەتی ناوخۆیی و ١.٥ ملیاری تریشی قەرز کردووە لە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان لە بەرامبەر فرۆشتنی نەوت لە ئاییندەدا. هەروەها بە بری نزیکەی ١.٣ ملیار نەوتی هەناردە کردووە. پێدەچێت مووچە و کرێ و هەندێک حەوالەی تر بۆ چەند وەزارەتێک و دارایی پرۆژەکانی وەبەرهێنان کەمێک کاریگەری قەیرانی بودجەی خاوتر کردبێت. وەزارەت نەوەک تەنها مووچە و کرێی داوە (کە دواکەوتووە) بەڵکو هەروەها ١ ملیار دۆلاری داوە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری سەرەکی بۆ ئاوارەکان. ئەم خەرجیانە بریتین لە هاوردەکردنی دیزڵ و پاڵپشتی کارەبا و تەندروستی و خزمەتگوزاریی خوێندن و هی تریش. هەروەها دارایی هەندێک پرۆژەی وەبەرهێنانی خۆی کردووە و نزیکەی ٢ ملیار دۆلاری خەرج کردووە لە ٢٠١٤. وەزارەت نزیکەی ٢.٦ ملیاری داوە لە ٢٠١٣ تەنها بە پرۆژەی وەبەرهێنان.


١.٩.     **وەک پێشبینی کراوە، قەیرانی دارایی کاریگەرێکی کرژبوونەوەی هەیە لەسەر ئابوری هەرێم.** لە کاتێکدا خەرجییەکانی گشتی و تایبەتی بە نزیکەی ٦٠ لە سەد کەم کراونەتەوە، داواکاری لە ئاستێکی نزمدا ماوەتەوە و بەم شێوەیەش گەشەی جی دی پی لە ٢٠١٤ بە شێوەیەکی بەرچاو کەمتر بووە لە هی ساڵانی ڕابردوو. پێشبینی دەکرێت کە گەشەی جی دی پی لە ٢٠١٤ نزیکەی ٣ لە سەد بووە، کە پێشتر لە ٢٠١٣ نزیکەی ٨ لە سەد بووە. ئەگەر پشتگیریی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان نەبوایە، ئابوری گەشەیەکی نەرێنی تۆمار دەکرد لە جی دی پی دا لە ٢٠١٤.

١.١٠.     **بەکاربردن (استهلاک) زیانی گەورەی بینی.** دابەزینی ئابوری کە لە ناوەڕاستی ٢٠١٤ دەستی پێکرد هاوکات لەگەڵ تێکچوونی داهاتی دارایی، زیانی گەیاند بە بەکاربردنی تایبەت و حکومی. مەزەندە دەکرێت کۆی بەکاربردن لە ٢٠١٤  بە ڕێژەی ١٤ لە سەد دابەزی و لە ٢٠١٥ یش بە ڕێژەی ٢٤ لە سەد دابەزی. بەکاربردنی حکومی بە ڕێژەی ٢٧ لە سەد دابەزی لە ٢٠١٥. حکومەت کرێ و کڕینی کەرەستە و خزمەتگوزاری کەم کردەوە و ئەمەش کاری کردە سەر دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان. بەکاربردنی تایبەتیش دابەزی بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە هێزی کار، کارمەندی حکومیین. بەهای موڵکوماڵ و کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبیل و کەرەستەی بەکاربەر، بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزین.

١.١١.     **هەڵئاوسان لەژێر کۆنترۆڵ مایەوە لە هەرێمی کوردستان، بە هەمان شێوەی عێراق، لە ڕێی سەقامگیریی نرخی ئاڵوگۆڕ و کۆنترۆڵکردنی نرخ و پاڵپشتییەکانەوە.** ڕێژەی نرخی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ دۆلاری ئەمریکی و کۆنترۆڵکردنی نرخەکانی کارەبا و نەوت و خۆراکە سەرەکییەکان لەلایەن حکومەتەوە، فاکتەری سەرەکی بوون بۆ کۆنترۆڵکردنی هەڵئاوسان لە ساڵانی ٢٠١٠ تا ٢٠١٥. هەڵئاوسانی نرخی بەکاربەر ٣.٧ لەسەد بوو بە تێکڕا لە سالانی ٢٠١٢ تا ٢٠١٤ و دابەزی بۆ ٠.٨ لەسەد لە ٢٠١٥ کە لە ٢٠١٤ ٣.٩ لەسەد بوو. (لە عێراق بە گشتی، ڕێژەی هەڵئاوسان لە ٢.٢ لەسەدەوە دابەزی بۆ ١.٤ لە ٢٠١٥) لە هەرێمی کوردستان بەهای خۆراک (کە دەکاتە ٤٠ لەسەدی CPI) بە ڕێژەی ٢.٥ لەسەد دابەزی لە ٢٠١٥. بەڵام نرخی کارەبا لەم ساڵانەی دواییدا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە (شێوەی ١.٣). شێوەی ١.٤ بریتییە لە بەراوردی هەلاوسان لە عێراق لە چەند پارێزگایەک. ڕێژەی ئاڵوگۆڕی دراو بە


نرخی خۆی ماوەتەوە و بریتی بووە لە ١,١٦٦ دینار/دۆلار لە ٢٠١٢-٢٠١٥. لە کانونی یەکەمی ٢٠١٥، بانکی ناوەندیی عێراق بە ڕێژەی ١.٤ لەسەد بەهای ئاڵوگۆڕی دابەزاند بۆ ١,١٨٢ دینار/دۆلار.

**شێوەی ٢.١ کۆی لیستی نرخی بەکاربەر و نرخی خۆراک لە هەرێمی کوردستان (تێکرای گۆڕانکاری ساڵانە)**





سەرچاوەکان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

**شێوەی ١.٣ لیستی نرخی بەکاربەر و نرخی کارەبا لە هەرێمی کوردستان (تێکرای گۆڕانکاری ساڵانە)**




سەرچاوەکان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

**شێوەی ١.٤ لیستی نرخی بەکاربەر لە چەند پارێزگایەکی دیاریکراو لە عیراق (تێکرای گۆڕانکاری لە کانونی یەکەمی ٢٠١٤-کانونی یەکەمی ٢٠١٥)**





سەرچاوە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق

## .II. مەزەندەی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی (جی دی پی) نانەوت


١.١٢. **کارگێڕی گشتی و کەرتەکانی بیناسازی زۆرترین بەشیان هەیە لە جی دی پی نانەوتی.** لە ٢٠١٤ دامەزراوەی راندی ئەمریکی و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانی سەر بە وەزارەتی پلاندانان، مەزەندەیەکیان بڵاوکردەوە بۆ جی دی پی نانەوت لە ٢٠١٢ بە گوێرەی بەهای کەرت لە سەرجەم کەرتەکان بە گوێرەی چوارچێوەی ژمێرەی داهاتی نیشتمانی. سەرچاوەی زۆرینەی ڕێژەکانی گەشەی مەزەندەکراو لە کەرتەکاندا بریتی بوو لە داتای ڕاستەقینەی بەرهەمهێنان کە وەزارەتە سەرەکییەکان و کەرتی تایبەت پێشکەشیان کردووە بە دەستەی ئامار. مەزەندەی جی دی پی لە ٢٠١٢ بریتی بووە لە ٢٤.١ ملیار دۆلار. ڕێژەی گەشەی کەرتەکان لە ٢٠١٣ و ٢٠١٤ پشتی بەستووە بە داتای بەرهەمهێنانی وەزارەتەکان. ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە کارگێڕی گشتی و کەرتەکانی بیناسازی زۆرترین بەشدارییان هەبووە لە جی دی پی و بەشداری کەرتەکانی تری نانەوت لە گەشەسەندندا بەشێوەیەکی پەراوێز بووە لە چەند ساڵی ڕابردوودا. کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی لە دواوە ماونەتەوە. بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان لە کشتوکاڵ و لە چالاکییەکانی پیشەسازی کەوتۆتە ژێر بەزەیی ئاستی کەمی بەرهەمهێنانی هێزی کار، نەپارێزراوە لە بەرامبەر هاوردە، چالاکییەکانی بازاڕ لاوازن، هەروەها شەڕی داعش. قەیرانی دارایی هانی هەندێک کەسی داوە ڕوو بکەنەوە کشتوکاڵ بەڵام نەبوونی تەکنەلۆجیای نوێ و کەمی توانا بووەتە هۆی ئەوەی کشتوکاڵ هەر بۆ مانەوە سەیری بکرێت. هەندێک پیشەسازی لە ئاستی بەرزدا سەری هەڵداوە وەک کۆکا کۆلا و ئاوامێدیکا (کۆمپانیایەکی دەرمانسازییە) و کارخانەیان هەیە لە هەولێر. بەڵام لە ٢٠١٥ لە کۆی گشتی کارخانەکان لە هەرێم تەنها ٥٤ لەسەدیان کاریان دەکرد.

**شێوەی ١.٦ بەشی کەرتەکانی ئابوری لە جی دی پی، ٢٠١٤**




سەرچاوە: خەمڵاندنەکانی بانکی نێودەوڵەتی

**شێوەی ١.٥ بەشی کەرتەکانی ئابوری لە جی دی پی، ٢٠١٢**





سەرچاوە: دامەزراوەی راند

***١.١٣.   لاوازیی چالاکیی بازاڕی خزمەتگوزاریی و کاڵا، بە خزمەتگوزارییە داراییەکانیشەوە، و لاوازیی هێزی کار، بوونەتە مایەی لاوازیی گەشەی چالاکییەکانی کەرتی نانەوت.*** لەم دواییانەدا، لە ٢٠١٥ وە، چالاکییەکانی نانەوت زیانێکی گەورەتریان بەرکەوتووە لە ئەنجامی داگیرکارییەکانی داعش و شەڕەکانی لەگەڵ پێشمەرگە، و سامانی بەرهەمهێنەر و ژێرخان بە تەواوەتی تێکچون، بازرگانیی ناوخۆ و دەرەکیی پچڕا، و متمانەی خەڵک و وەبەرهێنەرەکان شلۆق بوو.

## III. کار و گەشە

**١.١٤.   دامەزراندن لە کەرتی گشتی، بەردەوام زیادی کردووە.** دروستکردنی هەلی کار هاوشان نەبووە لەگەڵ گەشەسەندنی بازاڕی هێزی کار، بەدەوام کاری نوێ دروست کراوە لە کەرتی گشتی، لە جیاتی کەرتی تایبەت. لە نێوان ٢٠٠٧ و ٢٠١٢، زیاتر لە ٧٥٠,٠٠٠ کاری نوێ دروست بووە کە زیاتر لە ٨٠ لەسەدی بریتی بووە لە وەزیفەی کەرتی گشتی. بەم شێوەیە بەشی کەرتی گشتی لە دامەزراندن (کە بریتییە لە کارگێڕی گشتی، و کارەکانی تری کەرتی گشتی لە بواری پەروەردە، تەندروستی، و خزمەتگوزاریی تر) بە ڕێژەی ٤٢.٤ لە ٢٠٠٧ (زیاترە لە تێکڕای عیراق ٣٤.٧ لەسەد لە ٢٠٠٧) زیادی کردووە بۆ ٤٤.٣ لە ٢٠١٢ (تێکڕای گشتی عیراق ٣٩.١ لەسەد بووە) و لە ٢٠١٤ ش گەیشتۆتە ٥٣ لەسەد (شێوەی ١.٧). وا پەسەندە حکومەت پێداچوونەوەی ئەم ڕەوتە بکات لە ڕێی هاندانی دروستکردنی هەلی کار لە کەرتی تایبەت کە ئەگەری ئەوەی هەیە دەرفەت بۆ زۆر هەژار دابین بکات. لە ٢٠١٢ ڕێژەی ٧٣ لەسەد لە هەژارانی شارەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە بواری بیناسازی، بازرگانی و دوکان و وردەفرۆشی، و گواستنەوە و هاتووچۆ و گەیاندن کاریان دەکرد)  و ٧٨ لەسەد لە هەژارانی گوندنشین (لە بواری بیناسازی و کشتوکاڵ) لە کەرتی تایبەت کاریان کردووە.


**شێوەی١.٧   دامەزراندن و کار لە کەرتی گشتی**
(% ی کۆی گشتی هێزی کار)




**سەرچاوە: ڕووپێوی هێزی کار، حکومەتی هەرێمی کوردستان، و داتابەیسی** ILO ILOSTAT

**١.١٥ لە هەرێمی کوردستانی عێراق، زۆرینەی دامەزراندن و کارمەند لە کەرتەکانی خزمەتگوزاری کار دەکەن، بەڵام زیاتر بواری کەرتی گشتیین.** ئەگەرچی هاوشێوەیە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستانی عێراق، بازاڕی هێزی کار بە گشتی لە خزمەتگوزارییەکاندا چڕبۆتەوە وەک لە شێوەی ١.٧ دیارە. داتای ڕووپێوی هێزی کار دەریدەخات کە کەرتی خزمەتگوزاری زۆرینەی کەرتی گشتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە. هەروەها، بەشداریی ئافرەتان لە هێزی کاری هەرێمی کوردستان (١٢.٢ لەسەد) یەکێکە لە نزمترین ڕێژەکان لە سەرتاسەری عێراقدا (کە لەوێ ١٤.٧ لەسەدە)، و لە ئوردن (١٥.٣ لەسەدە)، و ئێران (١٦.٤ لەسەدە). کاتێکیش ئافرەتان کاریان دەست دەکەوێت لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی لە کەرتی خزمەتگوزارییدایە (٩٣.١ لەسەد) لە بەرامبەر بە کشتوکاڵ (کە ٤.٧ لەسەدە) یان پیشەسازی (کە ٢.٢ لەسەدە). کەرتی نەوت نزیکەی ١ لەسەد لە کۆی هێزی کاری هەرێمی کوردستانی لەخۆگرتووە.

شێوەی ٨.١ کار بەپێی چالاکییە ئابورییەکان لە هەرێمی کوردستان ( % ی کۆی کار)




سەرچاوە: ڕووپێوی هێزی کار، حکومەتی هەرێمی کوردستان


١.١٦ **حکومەت جەخت دەخاتە سەر زیاترکردنی کواڵیتی هێزی کار.** سەرچاوە مرۆییەکان فاکتەری سەرەکییە لە بەرهەمهێنان، لەبەرئەوە ئەو سیاسەتانەی کە پەیوەستن بە هێزی کار و خوێندن زۆر پڕبایەخن. جووڵەی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان، وەک لێشاوی ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەر بۆ هەرێمی کوردستان ژمارەی دانیشتوان و هێزی کاری زیاد کردووە، ئەگەرچی زۆر کەس بە هیوان بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان. لە هەموو حاڵەتێکدا، ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان زیادی کردووە و ئەمەش داهاتی کەس کەم دەکاتەوە بەڵام ژمارەی هێزی کار بەرز دەکاتەوە. بابەتە سەرەکییەکانی ئەم بارودۆخە ئەوەیە کە دەرفەتی کار لە ئارادا بێت، بە تایبەتی لە کەرتی تایبەت، لەگەڵ کواڵیتی سەرچاوە مرۆییە نوێیەکان. هەروەها، کواڵیتی بەشداریی هێزی کار بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار دەکاتە دەرەنجامی گەشە و بەرهەمهێنان. بابەتێکی تر بریتییە لە کاتژمێری کار. بە بەراورد لەگەڵ کاتژمێری کار لەو وڵاتانەی ئاستی گەشەیان بەرزە، کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتێکی زۆر کەم بە کارکردنەوە سەرقاڵ دەبن.

**١.١٧. ئەگەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی بەرچاوی ناوە بۆ باشترکردنی کەرتی پەروەردە و خوێندن، بەڵام هێشتا ڕێگەکە ماویەتی.** هەندێک بابەتی سەرچاوە مرۆییەکان و کوالێتی کارمەند هەیە کە پێویستە کاریان لەسەر بکرێت. ئابوریە سەرەکییە نانەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان (بە شێوەیەکی سەرەکی بیناسازی، موڵک، و گەشتیاری) توانیویانە گەشە بکەن لە ڕابردوودا لەبەر پشتبەستنی کەم بە کارمەندی خاوەن توانای تەکنیکی بەرز یان شارەزا. بۆ گرووپێک وڵاتی هاوشێوە لە داهاتی تاکەکەس، ڕێژەی چوونە بەر خوێندن نزیکەی ١٠ خاڵ لە خوارەوەیە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە باشترکردنی ئاستی چوونە بەر خوێندن زۆر پێویستە بۆ پشتگیری لە گەشەیەکی بەردەوامی ئابوری. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی پێویستە سنوورێک دابنرێت بۆ ژمارەی کارمەندانی گشتی، پێویستە جەخت بخرێتە سەر باشترکردنی دەرەنجامەکانی کەرتی خوێندن لە کورتخایەنیدا لە ڕێی جووڵەی ئاستی توانای بەرهەمهێنانی ستافی مامۆستایانەوە نەوەک زیاترکردنی ژمارەیان.

## IV. هەژاری و لانەوازی


**١.١٨. هەژاریی لە سەرتاسەری وڵاتەکەدا زیاد دەکات بەڵام لەو پارێزگایانەی کە داعش کاری تێکردوون زۆر بەرزترن، بە هەرێمی کوردستانی عێراقەوە.** ئەو لانەوازێتییە پێشتر هەیکەلی بۆ دانرابوو و ئاشکرا بوو پێش قەیرانەکە، بەڵام لە ئەنجامی زەبروزەنگی بەردەوام و تێکچوونی ڕەوشی ئابوری و کۆمەڵایەتی خراپتر بوو. مەزەندە لە ڕێی ئابوری گشتییەوە ئەوە دەردەخات ئەو خۆشگوزەرانی و هاوکارییەی لە ڕابردوو بەدەست هاتووە ڕەنگە نەمێنێت، لەگەڵ ئەمەشدا، هەژاری لە سەرتاسەری عێراق بە گشتی لە ١٩.٨ لەسەدەوە لە ٢٠١٢ بەرز بۆتەوە بۆ ٢٢.٥ لە ٢٠١٤. هەژاریی هاوکات بووە لەگەڵ کورتهێنانێکی گەورە لە سەرمایەی مرۆیی- لە تەندروستی، لە خوێندن و لە دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان. زۆر عێراقی لە نزیک هێڵی هەژاری دەژین، بەمەش دەکەونە ژێر هەڕەشەی زیادبوونی نرخەکان و دەستکەوتنی پێویستییەکان، و/یان لەکیسچوونی موڵکەکان و خۆشگوزەرانی. بەگوێرەی ڕاڤەکانی بانکی نێودەوڵەتی، ئەم تاسانەی دوایی بوونە مایەی زیادبوونی ژمارەی ئەو خەڵکانەی لە خوار هێڵی هەژاری دەژین و مەزەندە دەکرێت ٢.٨ ملیۆن کەس بوو بن لە کۆتایی ٢٠١٤. لە ٢٠١٤ ئاوارەکانی ناوخۆ نیو ملیۆن هەژاری عێراقیان پێک دەهێنا، و ڕێژەی هەژاری بە ٤٠ لەسەد مەزەندە دەکرا، دوو ئەوەندەی تێکڕایەکە. هەرێمی کوردستان دووچاری زیادبونی ڕێژی هەژاری بۆوە و گەیشتە ١٢.٥ لەسەد، لە ئەنجامی لێشاوی بەرفراوانی ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەری سوریای و زیادبوونی کێبڕکی لەسەر کار و خزمەتگوزاری و کاڵاکان. دانیشتوانی ئاوارەی ناوخۆ بەگشتی ئاستی خۆشگوزەرانیان نزمترە لە دانیشتوانە بنەڕەتیەکە، و ئاوارەییەکە دووچاری کاریگەرێکی نەرێنی گەورەی کردوون لە بواری خۆشگوزەرانیدا. لەو پارێزگایانەی داعشی لێیە (نەینەوا، ئەنبار و سەلاحەدین) کاریگەری ڕاستەوخۆی تێکچوونی ڕەوشی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئاسایش بووەتە مایەی دوو ئەوەندە بوونی ڕێژەی هەژاری و بەرز بۆتەوە بۆ ٤١.٢ لەسەد. پارێزگاکانی تریش لە عێراق زیادبوونێکی بەرچاویان بە خۆوە بینیوە بەپێی ڕێژەی ژمارەی تاکەکەس.

**شێوەی ١.٩ دابەشبوونی ٢.٨ ملیۆن هەژار بەسەر ناوچەکانی عێراقدا لە ٢٠١٤**





*سەرچاوە: مەزندەی ستافی بانکی نێودەوڵەتی*

**شێوەی ١.١٠ ڕێژەی هەژاری بە ژمارەی تاکەکەس**




١.١٩ **بەکاربردنی خێزان دابەزیوە.** لە ئەنجامی قەیرانەکانی ٢٠١٤، مەزندە دەکرێت لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا کۆی داهات، کە داهاتی کار و ناکار دەگرێتەوە، دابەزی بێت. بەکاربردن بەپێی تاک بە ڕێژەی ١٤ لەسەد کەمی کردووە لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ دابەزینی بە ١١ لەسەد لە باشوور، ٩ لەسەد لە ناوەڕاست، ٩ لەسەد لە شوێنەکانی تری باکور، و ٨ لەسەد لە بەغدا (شێوەی ١.١١).

**شێوەی ١.١١ گۆڕانکاری لە بەکاربردن بەپێی داهاتی تاکەکەس، کاریگەری قەیرانی ٢٠١٤ (ڕێژەی گۆڕانکاری)**




**سەرچاوە: خەمڵاندنەکانی ستافی بانکی نێودەوڵەتی**

## ٧. گرفتە داراییەکان و پرۆسەی بودجە: پێویستی بە چوارچێوەیەکی دارایی بۆ مەودای مامناوەند

١.٢٠ **حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگی نائاسایی دەبێتەوە کە دەبنە مایەی ئاڵۆزبوونی دارشتنی سیاسەتی گونجاو و کارای دارایی.** لە رەوشێکدا کە هیچ ڕێککەوتننامەیەک نەهاتە دی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی لەسەر بەشکردنی داهاتەکانی نەوت و بودجە، ئابوری نەوت ڕۆڵی گەورە و

بەرچاوی هەیە لە هەرێمی کوردستان: نزیکەی ٤٥ لەسەد لە بەهای دابینکراو و ٩٠ لەسەد لە کۆی بودجە پشت دەبەستێت بە کەرتی نەوت. بەم شێوەیە، پشتبەستن و گرێدراوێتی ئابوری و بودجە بە نەوتەوە زۆر قووڵترە وەک لەوەی وڵاتانی تر، ئەگەرچی ئەمان سامانە سروشتییەکانیان زیاتریشە. بۆ نموونە، سعودیە پێنج ئەوەندەی هەرێمی کوردستان یەدەکی نەوتی هەیە بە گوێرەی ژمارەی تاک، بەڵام رێژەی پشتبەستنی ئابوریەکەی وەک ئەوەی هەرێمە و رێژەی پشتبەستنی بودجەکەی زۆر لەوەی هەرێم نزمترە و بە رێژەی ٧٨ لەسەدە. لە هەرێمی کوردستان، ئەو هەڕەشەیەی لەسەر ناسەقامگیرێتی و تەواوبوونی سەرچاوە سروشتییەکانیەتی چەند بارە بووە لە ئەنجامی گرژییە جیۆپۆلیتیکەکان. یەکەم، ئەو ناسەقامگیرییەی داهات کە ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتەوە زۆر زیاترە وەک لەوەی ڕووبەڕووی ئەو وڵاتانە بۆتەوە کە بە سامانی سروشتی دەوڵەمەندن. سەرەڕای بەرزی و نزمی نرخی نەوت، داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پچڕ پچڕە لە ئەنجامی پێکدادان لەگەڵ داعش و ناکۆکی لەگەڵ بەغدا. بۆ نموونە، حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها یەک ملیار دۆلاری وەرگرتووە لە بەشە بودجەی فیدراڵی لە ٢٠١٤ کە بەشەکە خۆی ١٢ ملیار دۆلارە. دووەم، بەو پێیەی کە هەرێمێکە لە چوارچێوەیەکی فیدراڵیدا، توانای وەرگرتنی قەرز لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە زۆر کۆتوبەندی لەسەرە. بۆیە، ناتوانێت کەلێنە داراییەکانی دابخات. لە ئەنجامیشدا لەم ساڵانەی دواییدا قەرزێک و دواکەوتنێکی زۆری پارەی قەرزداری ناوخۆیی و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت لەسەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەڵەکە بووە. سێیەم، داهاتی ئاییندەی هەرێمی کوردستان دیار نییە لەبەر گومانی سیاسی و یاسایی. پەیوەندیی لەگەڵ بەغدا، رەوشی پێکدادانە هەرێمایەتییەکان، و داهاتی نزمی گشتی کاریگەرێکی گەورەیان هەبووە لەسەر نەختینە و دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

١.٢١. **داراییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٤ ەوە هەر خراپتر بووە.** داهاتەکانی حکومەت لە ٨٧ لەسەدی جی دی پییەوە لە ٢٠١٣ دابەزیوە بۆ ٣٨ لەسەدی جی دی پی لە ٢٠١٤، ئەمەش لە ئەنجامی چەند تاسانێک (صدمات).[٤] بەشە داهات لە کۆکردنەوەی باجەوە هەر بە بچووکی ماوەتەوە. تێکچوونی داراییەکانی حکومەت لە ٢٠١٤-٢٠١٥ نەختینەی حکومەتی وشک کردەوە و وەبەرهێنانی گشتی لەناوبرد. خەرجییەکانی حکومەت هێشتا بەرزن سەرەڕای دەستکاریی بەرچاو تێیدا. قەرزەکان و دواکەوتنی مووچەی کارمەندانی حکومەت لە ٢٠١٤ ەوە هەر کەڵەکە دەبێت.

---

١.١. ٤ حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو بودجەی جیای هەیە. حەواڵەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان تەنها بەشێکی داهاتی نەوتن بۆ وەزارەتی دارایی. ئەوەی تر بۆ خەرجییەکانی بەکارخستنی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، پارەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت و خەرجیی بەرگری

**خشتەی ١.١ حکومەتی هەرێمی کوردستان: داراییەکانی حکومەت لە ٢٠١٢-٢٠١٥**

**(% ی جی دی پی)**

| | ٢٠١٢ | ٢٠١٣ | ٢٠١٤ | ٢٠١٥ |
|---|---|---|---|---|
| داهاتەکان بە نەوتەوە | ٧٨.٧ | ٨٧.٣ | ٣٧.٨ | ٥٥.٨ |
| باج | ١.٩ | ٢.٠ | ٢.٧ | ٣.٥ |
| بەشداری بیمەی کۆمەڵایەتی | ٠.٥ | ٠.٤ | ٠.٢ | ٠.٣ |
| داهاتی تر | ٤٣.٨ | ٤٧.٩ | ١٤.٧ | ٢٢.٢ |
| خەرجییەکان | ٧٩.٨ | ٨٩.٢ | ٤٩.٦ | ٥٨.١ |
| خەرجییەکانی هەنووکەیی | ٧١.٣ | ٧٩.٣ | ٤٣.٨ | ٥٥.١ |
| مووچە و کرێ | ١٧.٨ | ١٩.٧ | ٢٣.٣ | ٢٣.٣ |
| هاوکاریی بیمەی کۆمەڵایەتی | ٦.٨ | ٩.١ | ٧.٨ | ٦.٩ |
| کەرەستە و خزمەتگوزاریی | ١٠.١ | ٩.٧ | ٤.٨ | ٥.٠ |
| خەرجیی دیکە | ٣٦.٦ | ٤٠.٨ | ٨.٠ | ١٩.٩ |
| خەرجیی سەرمایە | ٨.٥ | ٩.٩ | ٥.٩ | ٣.٠ |
| کۆی میزانیە | (١.١) | (١.٩) | (١١.٨) | (٢.٣) |
| میزانیەی نا-نەوت | (١.١) | (١.٩) | (٢٥.٦) | (٢٢.٤) |
| کۆی گشتی جگە لە نەوت و حەواڵەکانی بەغدا | (٣٣.٦) | (٣٨.٩) | (٣٢.٠) | (٣٢.١) |
| قەرزی حکومەتی هەرێم | ٢.٩ | ٧.٦ | ٣٠.٠ | ٧٥.٥ |
| دواکەوتوو | - | - | - | ٣٦.٤ |

سەرچاوە: وەزارەتی دارایی و ئابوری، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، و مەزەندەی ستافی بانکی نێودەوڵەتی


١.٢٢ **داهاتە نانەوتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر نزمن.** لە ٢٠١٥ داهاتەکان لە باجەوە تەنها ٣.٥ لەسەدی جی دی پی بوو. کارمەندانی حکومەت مانگانە ٥ لەسەد لە مووچەکەیان دەدەن. مووچەی کەرتی تایبەت ١٢ لەسەد باجی لەسەرە، کە ٥ لەسەدی خاوەنکارەکە دەیدات و ٧ لەسەد کارمەندەکە دەیدات. کۆمپانیاکان ١٥ لەسەد باج دەدەن لەسەر فرۆشتنەکانیان، بەڵام هەر پرۆژەیەک کە لە لایەن دەستەی وەبەرهێنانی کوردستانەوە تۆمار کرابێت و مۆڵەتی وەرگرتبێت ئەوا لە باج و لە رسوماتی هاوردەکردن بەخشراوە. کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت بەخشراون لە باج. شتێک نییە بە ناوی باجی گشتی فرۆشیاری، بڕێکی کەم لە باج دەخرێنە ژێر کارگێڕی و پابەندکردنێکی لاوازی باجەوە. باجی پیشەیی لە ڕێژەی ٣ تا ١٠ لەسەدن و دەخرێنە سەر داهاتی دوکانەکان و پسپۆڕی سەربەخۆی تەکنیکییەوە وەک دارتاش و ئاسنگەر. ٩ لەسەد باج دەخرێتە سەر بەکرێدانی خانوو و ٢ لەسەد دەخرێتە سەر بەکرێدانی زەوی. ڕەسمی گشتی گومرک ٥ لەسەدە، بەڵام هاوردەکردنی کاڵا و بەرهەمی نێوەندیی، کە بەکاردەهێنرێن بۆ بەرهەمهێنان لەلایەن ئەو کارخانە و کارگانەی کە مۆڵەتیان لە دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان هەیە هیچ گومرک نادەن و ئەوانەشی ئەو مۆڵەتەیان نییە تەنها ١ لەسەد گومرک دەدەن. چەندین کاڵا هەیە کە بەخشراون لە گومرک، وەک بەرهەمی خۆراکی، دەرمان، پەراوگە. ئوتێل و چێشتخانە پێنج ئەستێرەییەکان بۆ ماوەی ٧ساڵ لە باج بەخشراون ئەگەر لە دەرەوەی شاری هەولێر بن و ٥ ساڵ ئەگەر لەناو شاری هەولێر بن. هەروەها ئوتێل و چێشتخانەکانی پۆلێنی نایاب یان پلەی یەکەم بە پێناسەی دەستەی وەبەرهێنان، لە باج بەخشراون.

١.٢٣ **دەستکاریکردنی خەرجییەکانی حکومەت ئاسان نەبووە، لەبەر خەرجی گەورە بۆ مووچە، چاودێریی کۆمەڵایەتی و خەرجییەکانی بواری بەرگری.** خەرجییەکانی حکومەت لە ٩٠ لەسەدی جی دی

پییەوە لە ٢٠١٣ دابەزی بۆ ٥٠ لەسەدی جی دی پی لە ٢٠١٤ ئەمەش لە ئەنجامی بڕین و کەمکردنەوەی خەرجییەکانی کرێنی کەرەستە و خزمەتگوزاریی و پارەدان بە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت و بەڵێندەرەکان. لە ٢٠١٥ کۆی گشتی خەرجییەکان بەرز بۆوە بۆ ٥٨ لەسەدی جی دی پی بە شێوەیەکی سەرەکییش لە ئەنجامی پارەدان بە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت و بەڵێندەرەکان، کە قەرز بوون لەسەر حکومەت و لە ئەنجامی خەرجییەکانی بواری بەرگری لەبەر شەڕی بەرفراوان لەگەڵ داعش. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی کردەوە بە پێدانی پارە بە سێ کۆمپانیای نەوتی نێودەوڵەتی سەرەکی لە ئەیلولی ٢٠١٥ ەوە ( کەنزیکەی ٨٧ تریلیۆن دیناری عێراقییە) بەڵام بەشێکی کەمی ئەو پارانە بۆ خەرجییە تەشغیلییەکان بوون و هیچ بوارێکی ئەوتۆیان نەهێشتەوە بۆ وەبەرهێنانی تر لە گەشەپێدانی کێڵگە نەوتییەکان. حکومەت لە کانونی یەکەمی ٢٠١٥ کەمکردنەوە و بڕینی خەرجییەکانی ڕاگەیاند، کە بریتی بوو لە کەمکردنەوەی دەرماڵەی وەزیرەکان و بەرپرسە باڵاکانی بە ڕێژەی ٥٠ لەسەد، و بڕینی دەرماڵەی کرێی خانوو و پارەی کارەبای کارمەندە پلەباڵاکان. لە ئازاری ٢٠١٦ کرێ و مووچەی سەرجەم کارمەندانی حکومەت کەم کرایەوە، بێجگە لە هی پێشمەرگە. کەمکردنەوەکە لە ١٥ لەسەدی مووچەکانەوە دەستی پێدەکرد، بۆ مووچەی کەمتر لە ٢٠٠،٠٠٠ دینار لە مانگێکدا، تا دەگاتە ٧٥ لەسەدی مووچە بۆ کارمەندی پلە باڵا، و وەزیرەکانیش ٨٠ لەسەدی مووچەکانیان براوە. تێکڕای کەمکردنەوەکە نزیکەی ٦٠ لەسەدی مووچەیە. هەروەها حکومەت لیژنەیەکی پێک هێناوە بۆ پێداچوونەوەی خەرجییەکانی تری ناموچەیی و پێشنیارکردنی ڕێوشوێنی تری دەستپێوەگرتن.

**١.٢٤ قەرزەکان زۆر بە خێرایی کەڵەکە دەبن.** قەرزی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە نزیکەی ١٧ ملیار دۆلار لە کۆتایی ٢٠١٥ (شێوەی ١.١٢) کە بڕی ٨ ملیار دۆلاری ئەم پارەیە هی مووچەی دواکەوتووە. حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی دانابوو بۆ دەرکردنی سەنەدی نێودەوڵەتی بە بڕی ٥٠٠ ملیۆن دۆلار بەڵام جێبەجێ نەکرا. حکومەت لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە هەندێک لە موڵکەکانی بفرۆشێت بۆ دانەوەی قەرزە کەڵەکەبووەکان لەناویدا مووچە دواکەوتووەکان.

شێوەی ١.١٢ قەرزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان
بە ملیۆن دۆلار




سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەزەندەی بانکی نێودەوڵەتی

**١.٢٥ پرۆسە و ڕێوشوێنی پەسەندکردنی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە چاکسازییە بۆ ئەوەی بودجە ببێت بە ئامرازێکی کاریگەری داڕشتنی سیاسەتەکان.** بەم شێوەیە دەکرێت مەترسییەکان لەسەر گەشەسەندنی ئابوری بە شێوەیەکی باش بەڕێوە ببرێن و دیدگای ٢٠٢٠ بهێنرێتە دی، کە ئامانجەکەی بریتییە لە بەدیهێنانی فرەچەشنکردنی ئابوری. توانای ئێستای وەزارەتی دارایی و ئابوری زۆر سنووردارە. ڕوون نییە کە ئاخۆ تەرخانکردنی بودجەکان تەبایە لەگەڵ ئەولەوییەتەکان یان نا. لە بواری خەرجییەکاندا، وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هێندەی پێویست و لە کاتی خۆیدا زانیاری نادەن بە وەزارەتی دارایی. لە ساڵانی چاکسازییدا، وەزارەتی دارایی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانن سوود لە پرۆسە و ڕێوشوێنی دانانی بودجە ببینن بەم شێوەیەی خوارەوە:

١.٢٦. **یەکەم هەنگاو لە پرۆسەکەدا بریتییە لە دیاریکردنی کۆی سەرچاوەکانی بەردەست**، یان قەبارەی سەرچاوەکان لە داهاتەکانەوە و لە قەرزی ناوخۆیی و بیانیەوە یان لە داهاتی ترەوە (وەک داهاتی نەوت، و داهاتی تایبەتاندن (خصخصة، privatization)) کە پێویستە بەردەست و تەبابێت لەگەڵ ئامانجەکانی گەشەی ئابوری. ئەمە خاڵی دەستپێکە بۆ هەر سیستمێک لە بەڕێوەبردنی سەرچاوەی گشتی و ئەولەوییەتسازی. لە حاڵەتی هەرێمی کوردستاندا، هیچ دیاریکردنێک نییە بۆ کۆی سەرچاوەکانی بەردەست، جگە لە بودجەی وەبەرهێنان، ڕێوشوێنەکانی ئێستا نابنە مایەی دامەزراندنی کۆتوبەند لەسەر بودجە یان "کۆی سامانی بەردەست"، بۆیەش ناچار دەبن کە دەستکاریی خەرجیەکان و ئینجا ئەولەوییاتەکان بکەن. لە ئاستێکدا، ئەمە یەکێکە لە ئەنجامەکانی نەبوونی چوارچێوەی دارایی مامناوەند خایەن، و هەروەها بریتییە لە ئەنجامی نەبوونی پرۆسە و ڕێوشوێنی گونجاوی دانانی بودجە.

١.٢٧. **بەدەستهێنانی ئامانجەکانی دیدگای ٢٠٢٠، کە بریتیین لە ئامانجی مەودا مامناوەندی، پێویستیان بە شێوازێکی ئامادەکردنی بودجەیە کە بۆ مەودای مامناوەندی بشێت.** بە شێوەیەکی بنچینەیی ئەمە بریتییە لە چوارچێوەی خەرجیەکانی مامناوەند خایەن کە پرۆسەیەکە بۆ دەستنیشانکردنی سەرچاوە گشتیەکانی بەردەست و تەرخانکردنی ئەم سەرچاوانە بە گوێرەی ئەولەوییەتەکانی حکومەت. هەوڵ دەدات خەرجییەکان سنووردار بکات بە گوێرەی ئەوەندەی کە بکرێت و بۆ زیاترکردنی پێشبینی گەیشتنی سەرچاوەکان لە مەودای مامناوەندیدا. پشت دەبەستێت بەو بیرۆکەیەی کە بڕیارەکانی بواری سیاسەتەکان کە حکومەت دەریان دەکات مەحکوم دەبن بە واقعی سەرچاوەکانی بەردەست لە مەودای مامناوەندیدا و هەرە کاریگەرترین ڕێگە بۆ ڕێکخستنەوەی خەرجییەکان بکرێت بە شێوەیەک کە بڕیارەکان ڕەنگدانەوەی سەرچاوە بەردەستەکان بن و ئەمەش لە ڕێگەی روانگە و بیرکردنەوەیەکی مامناوەندیەوە. زۆر گرنگە سەرنج لەوە بدەین کە پێش ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان شێوازێک دابڕێژێت بۆ ئامادەکردنی بودجەی مەودا مامناوەندی، پێویستە پرۆسەی بودجەی ساڵانە دابنێت و ئینجا سیاسەتی بەڕێوەبردنی تەرخانکردنی سەرچاوەکان دابنێت لە گۆشەنیگای مەودای مامناوەندییەوە.

١.٢٨. **چاکسازیی پێویست بۆ گرێدانی سیاسەتەکان و نەخشەدانان و دانانی بودجە پێویستە دامەزراوەیی و ڕێکخراوەیی بن.** لە کاتێکدا ڕەوشی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕ کێشە بووە لە سەرەتای ٢٠١٤ ەوە، زۆر شت ماوە کە بکرێن بۆ جەختکردنەوە لە پێکەوە گرێدانی پرۆسەی ئامادەکردنی بودجە و خەرجییەکان لەگەڵ ئەولەوییاتی ستراتیجی، و کارپێکردنیان بە شێوەیەکی کارا. بودجە لە ڕێی ڕێکخستنی سیستمی کاش (نەختینە)ەوە ڕێک خرا لە ٢٠١٤ و ٢٠١٥. چوارچێوەیەکی کارا بۆ دارایی گشتی، بە تایبەتی لە دیدگای ٢٠٢٠، کە دەبێت جێبەجێ بکرێت، پێویستی بە چەند هەنگاوێکە لەگەل چەند ڕێوشوێنێک. بە گشتی، سێ کۆمەڵ ڕێوشوێن هەیە کە دەبێت ڕەچاو بکرێن بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆسەی ئامادەکردنی بودجە کە بریتین لە:

- بنچینەی یاسایی پرۆسەی ئامادەکردنی بودجە، وەک بەڵگەکردن (توثیق)، ڕووماڵ، تەرخانکردنی خەرجییەکان، مەرج و بەندەکانی لێپرسینەوە و شەفافییەت.
- هەبوونی پرۆسەیەک بۆ دیاریکردنی سەرچاوەکانی بەردەست کە بڕیاردەرن لەسەر کۆی سەرچاوەکانی بەردەست و کۆتوبەند و مەرج لەسەر بودجە دادەنێن.

- پرۆسەیەکی ڕێکوپێکی ئامادەکردنی بودجە کە بەپێی پێویستییەکان و سەرچاوەکانی بەردەست ئەولەوییەت بۆ خەرجییەکان دابنێت بەمەبەستی جەختکردنەوە لە گەیاندنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

١.٢٩. **داهاتە داراییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەحکومن بە ناجێگیریی نرخی نەوت.** ئەم پشتبەستنە بە نرخی نەوت زۆر کاریگەرە چونکە داهاتە ناوخۆییە نانەوتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی، ئێجگار نزمە. چوارچێوەی دارایی مامناوەند خایەن پێویستی بە ڕەچاوکردنی ئەم بابەتەیە. پێویستە نرخی بەدیل و سیناریۆی چەندایەتی دابڕێژرێت و بخرێتە دووتوێی چوارچێوەی دارایی مامناوەند خایەن و بەم شێوەیە دەتوانرێت مەزەندەی لێشاوی سەرچاوەکان بکرێت و پچڕان لە پرۆسەی بودجەدا کەم بکرێتەوە. بەرزبوونەوە و دابەزینە گەورەکانی نرخی نەوت ئەوەی پیشان داوە کە ئەم جۆرە بازاڕانە زۆر ناسەقامگیرن. ئەم تاسانە گەورانەی بازرگانی ئەوە دەردەخەن کە پێویستە بەرسڤ و میکانیزمی گونجاو هەبێت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرەکەیان لەسەر ئابوری. لە ساڵانی چاکسازییدا، پێویستە حکومەت ئەولەوییەت بدات بە داڕشتنی سیاسەت و دەزگای گونجاو بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە یەکلاکەرەوەکانی هەڵبەز و دابەزی نرخەکان.

## ٢. یەکخستنی داراییەکان

٢.١ **فشارە داراییەکان لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کەڵەکە دەبن.** دابەزینی نرخی نەوت چالاکی دارایی ئێجگار دابەزاند و داهاتە داراییەکانی کەمبوونەوە، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر وەبەرهێنان و رەوشی دارایی کۆمپانیاکانی نەوت و گاز. لە نەبوونی یەدەگێک و رێکەوتنێک بۆ ناردنی حەواڵەی دارایی لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچارە پلانەکانی بۆ خەرجییەکانی مامناوەندی هەڵبسەنگێنێتەوە و گۆڕانکاری دارایی ئەنجام بدات. ئامانجی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی خەرجییەکانی ئێستا و پاراستنی ئەو خەرجییانەی کە ئەولەوییەتن، ئەمەش لە ڕەوشێکدا کە لێشاوی ئاوارە و پەنابەر لە ئارادایە و هەڕەشەی ئاسایش هەیە. پێویستە حکومەت کۆنترۆڵی خەرجییەکانی ئێستا بکات، لە ڕێی خۆپاراستن لە زیادبوونی خەرجییەکانی مووچەی کەرتی گشتی، وەستاندنی دامەزراندن، کەمکردنەوەی پارە تەرخانکردن بۆ کۆمپانیاکانی دەوڵەت و بۆ پارەی تەرخانکراو بۆ پاڵپشتی نرخی هەندێک کاڵا.

٢.٢ **پاڵپشتی نرخ، تەرخانکردنی پارە و دواکەوتنی مووچە داراییەکە دەشێوێنن.** پاڵپشتی نرخ بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ زۆربەی جار بارێکی گران بوو لەسەر تەرخانکردنی سەرچاوەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. هەروەها دواکەوتنەکانی مووچە زۆرە و ئەمەش هەڕەشەیە لەسەر ڕێکخستنی دارایی و ڕێگر دەبێت لە سەرهەڵدانی نەریت و ئاکاری پێویست بۆ بازاڕی ئازاد. پاڵپشتی نرخ، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر کێبڕکێ، کە ئەمەش ڕۆڵی ئاماژەکانی نرخ کەم دەکاتەوە بۆ ئاڕاستەکردنی تەرخانکردنی سەرچاوەکان. بۆ پتەوکردنی بازاڕی ئازاد و زیادکردنی توانای بەرهەمهێنان، پێویستە ئەم کەلێنانە پڕبکرێنەوە.

٢.٣ **حکومەت هەنگاوی گەورەی ناوە بۆ ڕێکخستنی دارایی.** لە نێوان ٢٠١٤ و چارەکی یەکەمی ٢٠١٦، حکومەت گۆڕانکاری گەورەی دارایی ئەنجامدا، کە بڕەکەی گەیشتە ١٠.١ تریلیۆن دینار، نزیکەی ٣٧ لەسەدی جی دی پی، ئەمەش لە ڕێی کەمکردنەوەی نیوەی خەرجییەکانەوە.[٥] کەمکردنەوەکان بریتی بوون لە ٣.٥ تریلیۆن دینار لە خەرجییەکانی ئێستا، ٢.٣ تریلیۆن لە خەرجیی سەرمایە، و ١ تریلیۆن لەو خەرجییەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، هەروەها ٣.٤ تریلیۆن دینار بە کەمکردنەوەی مووچە و کرێ. حکومەت هەروەها هەندێک لە پاڵپشتی نرخی بەنزینی لابرد (وەک پاڵپشتی بەنزین و گاز)، حکومەت خەرجییەکانی کڕینی سووتەمەنی کەم کردەوە بۆ کەرتی کارەبا بە بڕی ٣ تریلیۆن دینار. هەروەها، حکومەت پاڵپشتی قەرزی خانووبەرە، قەرزی پیشەسازی و قەرزی کشتوکاڵی لابرد. لەسەر ئەم ڕێگەیە، حکومەت پلانی هەیە چاکسازیی بکات لە پاڵپشتی نرخی کارەبادا، لە هاوکاریی ڕاستەوخۆ بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کارەبا بەرهەم دەهێنن وچاکسازیی لە دەستگەیشتنی پیشەسازییەکە بە وزەی هەرزان. ئامانجی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ٢٠١٦ بریتییە لە کەمکردنەوەی پاڵپشتی سووتەمەنی بۆ کارەبا

---

٥ پریزێنتەیشنی جێگری سەرۆک وەزیران بۆ باڵیۆزەکانی G٧، "ئەولەوییاتەکانی ناکاوی بۆ ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان: پلانی کاری ئاست بەرز"، هەولێر، ئازاری ٢٠١٦

له ١.٥ ملیار دۆلارەوە بۆ ٥٠٠ ملیۆن دۆلار. حکومەت پلانی هەیە کە تا ناوەڕاستی ٢٠١٧ دابەشکردن و کۆکردنەوەی پارەی کارەبا بداتە کەرتی تایبەت. لە سێ ساڵی داهاتوودا، لە ڕێی چاکسازی داراییەوە لە بواری خەرجییەکان و داهاتەکان، حکومەت پێشبینی دەکات کورتهێنانی دارایی بە بڕی ١٥.٨ تریلیۆن دینار کەم بکاتەوە، لەم سیناریۆیەدا نرخی نەوت هەر بە نزمی هەژمارکراوە.

٢.٤. **لە کاتێکدا کە پێدەچێت نزمیی نرخی نەوت هەر بەردەوام بێت، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێگەی دارایی خۆی بگونجێنێت، بە شێوەیەک کە جەخت بکاتەوە لە سەقامگیرکردنی ڕەوشی دارایی.** لەبەر قەبارەی گەورەی گۆڕانکاریی لە دارایی حکومەت، پێویستە ئامانجی ڕوونی دارایی گەورە دابڕێژرێت بۆ چاکترکردنی ڕێوشوێنەکانی دەستپێوەگرتن. چاکسازییەکان پتەوتر دەکرێن لە ڕێی یەکخستنی دارایی مەودا مامناوەندییەوە و بۆ ئەمەش پێویستە سنوور دابنرێت بۆ خەرجییەکانی ئێستا. دانانی ئەولەوییاتەکان بەوریاییەوە و هەڵسەنگاندنی پرۆژەی قەبارەداری وەبەرهێنان کاری گرنگن بۆ گەشەی مامناوەندی. پێویستە ئەو پرۆژانەی ئەولەوییەتیان هەیە، بەردەوام بن. لە دووتوێی چوارچێوەی ئابوری گشتیدا حکومەت دەتوانێت پلانی بەرفراوانی گەشەسەندن ببەستێتەوە بە داڕشتنی سیاسەتی ئابوریەوە. ئەمەش جەخت دەخاتە سەر ئەوەی کە خەرجییەکان، داهاتەکان، و قەرزەکان پێکەوەبن و پێکەوە کاربکەن لەسەر گەشەسەندن وەک ئامانجێک و بەشێک لە چوارچێوەی دارایی بۆ مەودای مامناوەندی. سەرەڕای ئەمەش، پێویستە پێداچوونەوە بە ڕۆڵی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بکرێت کە پێدەچێت لە دەرەوەی دەسەڵاتەکانی دارایی و خەزێنەوە خەرجیی بودجەی بکات.

### أ. خزمەتی مەدەنی و چاکسازی لە مووچە

**٢.٥. کەرتێکی گشتی کارا و دادوەر بریتییە لە پێشمەرجێک بۆ گەشەسەندنێکی بەردەوامی ئابوری و گەشەسەندنی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی، ئەمەش لە دیدگای ٢٠٢٠ جێگەی هەیە.** دیدگای ٢٠٢٠ بە تایبەت دوو کۆڵەکەی پێکەوە گرێدراو لەخۆدەگرێت کە تێیاندا هاتووە "خەلک گرنگترینن لە ڕێی جەخت خستنە سەر تەندروستی و خوێندن و چاودێریی کۆمەڵایەتی و بازاڕی ئازاد" (کۆڵەکەی ١)، و " حکومەت کار بکات بۆ خەڵک لە ڕێی حکومەتێکی کارا و ڕاستگۆ، شەفاف، کاریگەر، و سیستمی دارایی یەکسان و چاکسازیی لە خزمەتی مەدەنی" (کۆڵەکەی ٤). بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە پێویستیان بە کۆششی گەورە و بەردەوام هەیە بۆ ماوەیەکی درێژ.

**٢.٦. کەرتی گشتی لە هەرێمی کوردستان، زۆر گەورەیە.** لە نێوان ٢٠٠٧ و ٢٠١٢، بەشی کەرتی گشتی لەو کارانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە لە ٤١.٩ لەسەدەوە زیادی کرد بۆ ٤٤.٢ (لەسەرروو تێکڕای نیشتمانییەوە). نزیکەی ٩٠ لەسەدی کارمەندانی گشتی، مووچەی خانەنشینیان هەیە. هەروەها، لە کەرتی گشتی کاتژمێری کارکردن کەمترە بە بەراورد لەگەڵ کەرتی تایبەت. ئەم بۆشاییە لە ٢٠٠٧ تا ٢٠١٢ لە ٢٢ لەسەد کاتژمێری کەمترەوە بۆ کاتژمێری مامناوەندی لە کەرتی تایبەت کەمی کرد بۆ ٢٧ لەسەد. ئەگەری کارکردن لە کەرتی گشتی کە زیاتر دڵنیایە مانەوە لە کارەکە و سوود و دەرماڵەی باشە و کاتژمێری کارکردن کەمە ئەبێتە مایەی ئەوەی کە ئەو خەڵکەی لە تەمەنی کارکردندان زیاتر کاری حکومییان لاپەسەند بێت. لە ٢٠١٢ گەنجێکی نێرینە لەوانەی تەمەنیان هی کارکردنە ٢٠ لەسەد زیاتر وەردەگیرا بە

کارمەند لەلای حکومەت ئەگەر خوێندنی سەرەتایی تەواو بکردایە، بە بەراورد لەگەڵ نەخوێندەوار. بە هەرحاڵ، تەواوکردنی ئاستێکی تر ئەوەندە جیاوازی دروست ناکات تا ئەو کاتە نەبێت کە دەرچووی زانکۆ بێت. خشتەی ٢.١ بریتییە لە بەڵگە لەسەر خاوبوونەوەی دروستبوونی دەرفەتی کار لە نێوان ٢٠١٢ و ٢٠١٤، جگە لە دەرفەتی کار لە کەرتەکانی دارایی و دڵنیایی و کەرتە خزمەتگوزارییەکان، کە دەرکەوتووە بریتی بوون لە کەرتی ئاسایش لەو پیشانە کاتێک قووڵ دەبینەوە.

**خشتەی ٢.١: دامەزراندن بەپێی کەرت**


| | ٢٠٠٧ | | | | ٢٠١٢ | | | | ٢٠١٤ | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دهۆک | سلێمانی | هەولێر | کۆی هەرێم | دهۆک | سلێمانی | هەولێر | کۆی هەرێم | دهۆک | سلێمانی | هەولێر | کۆی هەرێم |
| کشتوکاڵ و کانزا | ٩,٠٩١ | ٧٥,٣٧٦ | ١٨,٣٧٥ | ١٠٢,٨٤٢ | ٢٤,٨٥٦ | ٧٢,٠٢٩ | ٢٢,٨٤٦ | ١١٩,٧٣١ | ١٧,٠٦٥ | ٦٢,١١١ | ٤٣,٩٥٦ | ١٢٣,١٣٢ |
| بەرهەمهێنان و بیناسازی | ٢٧,٥١٣ | ٨٨,٦٨٥ | ٧١,٣٣٧ | ١٨٧,٥٣٥ | ٤٣,٦٧٦ | ١١٣,٣٢٧ | ٩٠,٣٦٨ | ٢٤٧,٣٧١ | ٤٢,٣٩٢ | ٩١,٣٧٢ | ٦٠,٠٧٩ | ١٩٣,٨٤٤ |
| بازرگانی، گواستنەوە، هی تر | ٣٩,٨٠١ | ١٧٤,٠٩٧ | ٨٩,٦٤٥ | ٣٠٣,٥٤٣ | ٨٥,٥٠٦ | ١٦٨,٦٧١ | ١٢٥,٨٢٢ | ٣٧٩,٩٩٩ | ٦٥,٨٨٠ | ١٦٣,٩٢٧ | ١٢٢,٤٩٤ | ٣٥٢,٣٠٠ |
| دارایی، بیمە، پسپۆڕی | ١٧,٤٧٤ | ٣٣,٩٩٩ | ١٥,٧٤٣ | ٦٧,٢١٦ | ٤٢,٤٤٩ | ١٠٥,٩٢٢ | ٩٢,٩٣٢ | ٢٤١,٣٠٣ | ٢٤,٧٢٥ | ١٠١,٨٤١ | ١٢٨,٢٩٤ | ٢٥٤,٨٦٠ |
| ئیدارەی گشتی، تەندروستی، خوێندن | ٦٠,٢٩٣ | ٥٦,٤٩٩ | ١٢٠,١٠٩ | ٢٣٦,٩٠٢ | ٦٥,٢٦٨ | ٩١,٥٥٥ | ٨٦,٩٢٥ | ٢٤٣,٧٤٧ | ٩٤,٢٨٧ | ١٢٢,٠٣٧ | ٦٦,٦٨٤ | ٢٨٣,٠٠٨ |
| کۆ | ١٥٤,١٧٣ | ٤٢٨,٦٥٥ | ٣١٥,٢٠٩ | ٨٩٨,٠٣٧ | ٢٦١,٧٥٥ | ٥٥١,٥٠٣ | ٤١٨,٨٩٢ | ١,٢٣٢,١٥٠ | ٢٤٤,٣٤٩ | ٥٤١,٢٨٨ | ٤٢١,٥٠٧ | ١,٢٠٧,١٤٣ |

**٢.٧ قەبارەی کار لە کەرتی گشتی زۆر گەورەترە لە ستانداردی جیهانی و بە ڕێژەیەکی ناسەقامگیر زیادی کردووە.** تەنانەت بە ڕەچاوکردنی ڕەوشی ئاسایش و ئەو ڕاستییەی کە سێ یەکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بریتین لە قوتابی (لەبەرئەوە ژمارەیەکی زۆر مامۆستا هەیە) ڕێژەیەکی نەگونجاو لە هێزی کار لە لایەن کەرتی گشتیەوە دامەزراوە (نزیکەی ٦٨٠٠٠٠) کە دەکاتە ١١.٦ لەسەدی کۆی دانیشتوان کە لە کەرتی گشتی بەرفراواندا ( بە پۆلیس و سەربازەوە) کاردەکەن و ٨.٣ لەسەد وەک فەرمانبەری مەدەنین. ڕێژەی نێودەوڵەتی بۆ خزمەتی مەدەنی بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان بریتییە لە ڕێژەی ٣.٥ تا ٦ لەسەد، لە وڵاتانی داهات نزمەوە تا وڵاتانی داهات بەرز و نزیکەی ٥ لەسەدە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست. دامەزراندن لە کەرتی گشتی هەر زیادی کردووە لە ٤٢ لەسەدەوە بۆ ٤٤ لەسەد لە ماوەی نێوان ٢٠٠٧ و ٢٠١٢، و لە ٢٠١٤ گەیشتۆتە ٤٦ لەسەد. بە تێکڕا لە نێوان ٢٠٠٧ و ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان نزیکەی ٣٢٥٠٠ کار زیادی کردووە لە ساڵێکدا لە کەرتی تایبەتیدا و ٣١٩٠٠ کار زیادی کردوە لە کەرتی گشتیدا. بە پێچەوانەوە، لە ماوەی نێوان ٢٠١٢ و ٢٠١٤

کار لە کەرتی تایبەت کەمی کردووە بەرێژەی ١٣٠٠٠ کار لە ساڵێکدا، بەڵام کەرتی گشتی کاری زیاتر کردووە بە ڕێژەی ١٧٠٠٠ کار لە ساڵێکدا.

**٢.٨ مووچە و کرێ و پاڵپشتی نرخی بەئامانج نەکراو، گەورەترین خەرجیی گشتی ناسەربازی پێکدەهێن و بەم شێوەیەش هێندەی پێویست سەرچاوە لەبەردەست نامێنێت کە زۆر پێویستن بۆ ژێرخان و بۆ خەرجی ناموچە بۆ بواری وەک کواڵێتی خوێندن و خزمەتگوزاری تەندروستی.** تا ئەو کاتەی لەم دواییەدا کەمکردنەوە و بڕین ئەنجامدرا لە مووچەی کەرتی گشتی و مووچەکان دواکەوتن، لەگەڵ زیادبوونی دامەزراندن لە کەرتی گشتی موچەی فەرمانبەرانیش هەر زیاد دەبوو، کە خۆی لە خۆی ئاستێکی بەرزبوو بە بەراورد لەگەڵ کەرتی تایبەت. مەرجە بەراییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێجگار سەختن لە بوارەکانی قەبارە و پێکهاتەی کارمەندانی کەرتی گشتی، هەروەها ڕۆڵی کاری حکومی کە وەک ئەوەی تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی بێت، بەڕێوەبردنەکەی لاوازە و توانای کارگێڕی لاوازە و سیستێمک نییە بۆ ڕاپەڕاندنی چالاکییەکان و ئەنجامدانی شیکردنەوەی پشت ئەستوور بە بەڵگە. پارەی مووچە زۆرە. لە ٢٠١٢ کارمەندانی کەرتی گشتی ٣٠ لەسەد زیاتر داهاتیان بووە وەک لە کارمەندی کەرتی تایبەت، بە بێ دەرماڵەکان. لە ٢٠١٢، لە کەرتی گشتی، پیاوان بە گشتی ٢٠ لەسەد زیاتر وەردەگرن لە ئافرەتان. لە ئەنجامی دابەزینی داهاتەکانی حکومەت و نرخی نەوت، مووچەی کەرتی گشتی بووە بە بەرپرسیارێتییەکی دارایی گەورە لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێگرە لەوەی وەبەرهێنانی گرنگی گشتی بکات و خزمەتگوزارییە گشتیەکان بە باشی بگەیەنێت. هاوکات ئەم ڕەوشە هەندێک شتی تر سەختی کردووە وەک پاڵپشتی بەئامانج نەکراو، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی وابەستەبوون و ساردکردنەوەی کاری زەحمەت و ماندوونەناسانە و خەرجی لەسەر چالاکی نابەرهەمهێن زیاد دەکات. حکومەت پاڵپشتی نرخ دەکات بۆ چەند بابەتێکی بەئەمانج نەکراو، هەر لە کارەباوە تا دەگاتە خۆراک و مووچەی چاودێری کۆمەڵایەتی. ئەمانە دەگەن بە کەسانێک کە پێویستیان بە یارمەتی نییە و بەم شێوەیەش توانای حکومەت کەمدەکاتەوە بۆ داراییکردنی هەندێک خزمەتگوزاریی کە سوودیان بۆ هەژارانە، بەڵام هاوکات سوودی بۆ هەرێمی کوردستانیش هەیە چونکە بوار دەرەخسێنن بۆ گەشەی ئابوری.

**شێوەی ٢.١: مووچە و کرێی کەرتی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٠-٢٠١٤**
(بە ملیۆن دینار)




*سەرچاوە: بودجەی ساڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٠-٢٠١٤*

۲.۹. **دامەزراندن لە کەرتی گشتی قەبارەی زۆر گەورەیە و ئاکامی سەختی دارایی هەیە.** ڕەوشی سەختی دارایی ئاکامی هەیە لەسەر داراییکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان و وەبەرهێنان، ئەمانەش کاریگەرییان هەیە لەسەر خۆشگوزەرانی هاوولاتیان و گەشەی ئابوری بەرتەسک دەکەنەوە. حکومەت دانی بەمەدا ناوە و لەم سالانەی دواییدا ڕێژەی بەرزبونەوەی مووچە و کرێی کارمەندان دابەزیوە. لە ۲۰۱٤ دامەزراندن بەرتەسک کرایەوە و وەستێندرا (بێجگە لە هەندێک پیشە وەک دکتۆر) و مووچەی کارمەندە بالاکان کەم کرایەوە. بە هەرحاڵ، پێویستە شێوازێکی ستراتیجیتر و گشتگیرتر پیادە بکرێت.

**۲.۱۰. ڕێگەی بەرەوپێشچوون ئەوەیە کە کەرتی گشتی لە خاوەنکارێکی ڕۆتینییەوە و ناچارییەوە بگۆڕدرێت بۆ دەزگایەکی شایستەی پیشەیی کە لەسەر ئەولەوییەتی پێویستییەکانی هەرێم و توانای دارایی خەڵک دابمەزرێنێت.** بەم شێوەیە نابێت دامەزراندن لەلای حکومەت ببێت بە چاودێرییەکی کۆمەڵایەتی دی فاکتۆ کە تێیدا خەڵکێک کە شارەزاییەکی پێویستیان نییە بۆ حکومەت، کاریان دەست دەکەوێت. پێویستە دامەزراندن شەفاف و بەرتەسک بێت، و لەسەر بناغەی پێویستیی وەزارەت و فەرمانگەکان بێت، و بودجە تەحەمولی بکات. دەبێت پێداچوونەوەی مووچەی کەرتی گشتی بکرێت و مووچەی بەرزی کەرتی گشتی نەمێنێت. ئەمە هەروەها یەکسانی دروست دەکات لە نێوان بازاڕی کاری گشتی و تایبەت و ژمارەی ئەو قوتابیانە کەم دەکاتەوە کە خوێندنێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی کە لە کەرتی گشتی دابمەزرێن لە جیاتی ئەوەی بۆ پیشەزانییەک بخوێنن کە لە کەرتی تایبەت داوای لەسەرە.

**۲.۱۱. حکومەت لەم دواییەدا ڕێوشوێنی توندی کورتخایەنی پیادەکرد بۆ هاوسەنگکردنی بودجە.** مووچەی کارمەندانی حکومەت کەم کرایەوە، مووچەی بەرپرسە پلە بالاکان بەڕێژەی ۷۵ لەسەد کەمکرایەوە و مووچەی کارمەندەکانی تریش بەڕێژەی ۱۰–۲۰ لەسەد. لەلایەن حکومەتەوە ئەمە وەک ڕێوشوێنێکی کاتیی ئەنجام دراوە: "پاشەکەوتکردنی بەشێک لە مووچە کە دواتر دەگەڕێندرێتەوە کاتێک ڕەوشی دارایی سەقامگیر دەبێت." بە هەرحاڵ، ئەم پلانە ریسکێکی گەورەیە بە کەڵەکەبوونی دواکەوتنی مووچە لە مەودای مامناوەندییدا. بۆیە، لە کاتێکدا حکومەتی هەرێم پێداچوونەوەی چەند بوارێکی ئیداری دەکات، پێویستە بە وریاییەوە لە هەیکەلی مووچە بڕوانێت. لە لایەک پێویستە مووچەی گشتی یەک بخرێت لەگەڵ ڕکابەرەکانی بازاڕی کار، هەروەها بۆ ڕێکخستنەوەی مووچەی کەرتی گشتی و سیستمی پلەکان بۆ جەختکردنەوە لە یەکسانیی مووچە بۆ هەمان کار، و بۆ شەفافییەتی زیاتر و بۆ جەختکردنەوە لەوەی حکومەت دەتوانێت ئەو مووچانە بدات. مووچەی هێزەکانی ئاسایش و سوپای هەرێم وەک خۆی ماوەتەوە و نەگۆڕاوە. حکومەت هەروەها بە نیازە ژمارەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی کەم بکاتەوە. ئەمەش کارێکی قورسە چونکە هیچ تۆمارێکی کار و سیستمێکی بەڕێوەبردنی کارا لە ئارادا نییە، تەنانەت پۆستەکان وەسفی وەزیفییان نییە. ڕوون نییە چەند پۆست پێویستن و کێ چی ئەکات.

۲.۱۲. **ئامانجێکی ستراتیجیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتییە لە تەباکردنی کەرتی گشتی لەگەڵ دیدگای ۲۰۱۲ و کۆتوبەندەکانی سەر دارایی ئێستا.** بۆ ئەمەش پێویستە پێداچوونەوەی چالاکی و شیکاری گەورە ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی دەرماڵە رابگیرێت، مووچە کەم بکرێتەوە، دامەزراندن وەستێندرێت، و چاکسازی بکرێت لە خانەنشینی و گواستنەوەی فەرمانبەران و دواجار پیادەکردنی پێوەر و ڕێوشوێنی

نویێ بۆ دامەزراندنی کارمەندی بواری گشتی. هەروەها مانای ئەوەیە کە پێویستە داتابەیسێکی بەهێزتر دابنرێت بۆ کارمەندانی کەرتی گشتی، سیستەمەکانی دامەزراندن و دەزگاکان و کۆنترۆڵی مووچە و بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان و هەڵسەنگاندنی کارمەندان و دامەزراندنی دەزگای نویێ وەک کۆمیسیۆنی هەرێمی خزمەتی گشتی بۆ ئەوەی سیاسەت و ڕێوشوێنەکانی خزمەتی گشتی دابڕێژێت، وەک دامەزراندن بە گوێرەی پێوەری شایستەیی و شێوازەکانی پلەبەرزکردنەوە.

٢.١٣. بەشێکی سەرەکی لەمە بریتی دەبێت لە دروستکردنی بەرنامەیەکی سەربەخۆی خۆبەخشی کە هەڵبژاردەی تری هەبێت کە تەبا بێت لەگەڵ یاساکانی کار. ئەمەش پێویستی بە هاوکاری تەکنیکی و داڕشتن و گەشەپێدانی داتابەیس هەیە، لەگەڵ کۆکردنەوەی داتا لەسەر کارزانیی کارمەندان، و پێویستە یەکێک بێت لە ئامانجەکان بۆ مەودای مامناوەندی. ئەمە هەروەها ئاستی جۆراوجۆری هاندەر لەخۆدەگرێت. بابەتی گرنگ بۆ پیادەکردنی بەرنامەیەکی سەربەخۆی خۆبەخشی ئەوەیە کە چۆن "باشترین" کارمەندەکان بهێڵێتەوە.

### *سیاسەتی کاردانەوە*

٢.١٤. **شێوازێکی سێ تەوەری دەتوانێت دیدگەی ٢٠٢٠ بخاتە واری کردارییەوە.** چاکسازیەکان زنجیرەیی دەبن و لەسەرخۆدەبن (خشتەی ٢.٢). بە شێوەیەکی نموونەیی، چاکسازی لە خزمەتی مەدەنییدا زۆر زەحمەت و پڕ ئاستەنگە و ڕەنگە جێبەجێکردنی بە تەواوەتی، چەندین ساڵ بخایەنێت، و پێویستی بە حکومەتێکی بەردەوام و بەپشتگیرییەکی پتەوە. هەروەها، چاکسازی لە خزمەتی مەدەنی و بەرفراوانکردنی کەرتی گشتی پێویستە پێکەوە بە هاوشانی یەک بەرەوپێش بچن.

**خشتەی ٢.٢. چاکسازی لە خزمەتی مەدەنی: شێوازێکی سێ تەوەری**

| |
|---|
| **١. بەردەوامی و دامەزراندنی کۆنترۆڵ** |
| **ئەولەویەتی بەرز: دەبێت لە کورتخایەندا بکرێت (١-٢ ساڵ) و بەردەوام بێت** |
| لیژنەیەکی ئاستی بەرز پێک بهێنە و کۆیان بکەرەوە (وەک فەرمانگەی باڵا بۆ چاکسازی خزمەتی مەدەنی، سەر بە نووسینگەی سەرۆک وەزیران بێت و لە وەزیرەکان پێک بێت) بۆ جەختکردنەوە لە پێویستبوونی چاکسازییەکان لە بواری خزمەتی مەدەنییدا. پلان دابنێ بۆ پرۆسەی چاکسازی و جێبەجێی بکە. کۆمسیۆنی حکومەتی هەرێم بۆ خزمەتی گشتی دابمەزرێنە بۆ جەختکردنەوە لە پیادەکردنی ڕێسا و ڕێوشوێنە نوێیەکان. |
| ئەو پۆستانەی بەتاڵ بوون لە ئەنجامی بەجێهێشتن (وەک خانەنشینبوون، وازهێنان، مردن) پڕ ناکرێنەوە بە کارمەندی نوێ بەڵکو کارمەند لە شوێنی ترەوە دەگوازرێتەوە بۆیان و ئەولەوییاتەکانیش دادەڕێژرێنەوە. دەبێت بەگشتی ئەو کەمکردنەوەی مووچانە بهێڵدرێتەوە بە گوێرەی پیادەکردن و پەیڕەوکردنی سیاسەتی کاراتر و نوێ لە بواری مووچەی کەرتی گشتی. |
| ئەنجامدانی وردبینیی مووچە بۆ نەهێشتنی کارمەندی "بندیوار" و نەهێشتنی دامەزراندنی نەشیاو. |
| پێداچوونەوەی چوارچێوەی بەڕێوەبردن بۆ باشترکردنی ئەدایان و باشترکردنی ئاستی کۆنترۆڵکردنی دامەزراندن. |

| |
|---|
| **ئەولەوییەتی مەودای مامناوەندی: لە مەودای مامناوەندیدا تەواو دەکریت (٣-٥ ساڵ)** |
| داڕشتنی مووچە بۆ مەودای مامناوەندی بۆ کۆی خەرجییەکان و جی دی پی هەرێمایەتی، تەبا لەگەڵ چوارچێوەی دارایی مامناوەند و چوارچێوەی خەرجیەکانی مامناوەند، و بەدواداچوونی پابەندێتی. |
| کۆتوبەند لەسەر هەر زیادبوونێک لە ئاستی گشتی مووچەی کارمەندانی مەدەنی، و سنووردانان بۆ زیادکردنی مووچە و بەرزکردنەوەی پلە، تەنیا بۆ پێوەرە پێناسەکراوەکانی ناو ڕێسا و ڕێوشوێنەکان. |
| شیکردنەوەی ئاستی مووچەی خزمەتی مەدەنی بە بەراورد لەگەڵ مووچە لە کەرتی تایبەت. پێداچوونەوە و گونجاندنی جۆرەکانی دەرماڵەی خزمەتی سەربازی، برەکانیان و شایستەییان، و جەختکردنەوە لە یەکسانی دەرماڵە لە وەزارەتە جۆراوجۆرەکان. داڕشتنی سیاسەتێکی نوێ بۆ مووچەی گشتی. |
| دەستکردن بە زنجیرەیەک پێداچوونەوەی وەزارەتە سەرەکیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێداچوونەوەی دەسەلاتەکان و هەیکەلی ڕێکخراوەیی و ژمارەی کارمەندان. پێداچوونەوەکان هەروەها لە مەودای کارایی دەپێچنەوە لە ڕێی گرێبەست لەگەڵ لایەنی دەرەکی. |
| دامەزراندنی بەرنامەیەکی خۆبەخشیی سەربەخۆ بۆ لەخۆگرتنی کارمەندانی کەرتی گشتی، و بەرنامەیەکی جیاکەرەوەی یەکسان بۆ ئەو کارمەندانەی کە زیادەن بە گوێرەی ئەنجامەکانی پێداچوونەوە بە کارەکاندا. |
| **ئەولەوییەتی نزم: چاکسازییە درێژخایەنەکان (٥-٧ ساڵ)** |
| هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی حکومەت لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و دیاریکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە دەکرێت بە گرێبەست بدرێن بە لایەنی دەرەکی. |
| هەڵسەنگاندنی هەیکەلی وەزارەت و دەسەلاتەکان بۆ نەهێشتنی زیادەیی. |
| ڕەچاوکردنی سیاسەتی کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندانی خزمەتی مەدەنی، بە "پاکێجی وازهێنان"یشەوە. |
| **٢. چاکسازیی بناغەیی لە خزمەتی مەدەنی** |
| **ئەولەوییەتی بەرز: لە کورتخایەن ئەنجام دەدرێت (١-٢) ساڵ، و پێویستە بەردەوام بێت.** |
| بنیاتنانی داتابەیسێک بۆ ژمارە و ئاستی ئەو کارمەندانەی هەیە بە گوێرەی فەرمانگە و شیکردنەوەی ژمارەی کارمەندەکان و پێداچوونەوەی سیاسەتەکە وەک پێویست. |
| ڕاسپاردنی نووسینگەی سەرۆک وەزیران یان دەستەیەکی تری ئاست بەرز، بۆ کارکردن وەک کۆمیسیۆنی هەرێمایەتی بۆ خزمەتی گشتی، وەک دەزگایەک بۆ دابینکردنی توانای پێویست بۆ خزمەتی مەدەنی و بەڕێوەبردن و چاودێریی خزمەتی مەدەنی و ڕێسا و ڕێوشوێنەکانی. |
| بنیاتنانی سیستمی کۆنترۆڵی دەزگاکە، کە بەرنامەیەکی مەرکەزی مووچە و ساغکراوە زانیاری پێدەدات. |
| دروستکردنی سیستمی ئامادەبوون و هەژمارکردنی ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردن. |
| **ئەولەویەتی مامناوەندی: بۆ ماوەی مامناوەندی (٣-٥ ساڵ).** |
| چاکترکردنی توانای ئەو فەرمانگانەی کە خزمەتگوزاریی پڕبایەخ دەگەیەنن/دەسەلاتی ئابوریان هەیە. |
| دروستکردنی سیستمێک بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای سەرەکی و وەسفی وەزیفی، پلانی ئەدا، و جەختکردنەوە لە هەڵسەنگاندنی ستافی ئاسایی، و بەرەوپێشچوونی ئۆتۆماتیکی پلەیەک بەرز بکەوە. |
| **ئەولەوییەتی نزم: چاکسازییەکان لە درێژخایەندا دەکرێن (٥-١٠ ساڵ)** |
| ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی شارەزایی بنەڕەتیی کارمەندان. |
| داڕشتنی پلانی مەشق بۆ وەزارەتەکان بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی شارەزاییەکان. |
| پشتگیریی لە داڕشتن و بەرەوپێشچوونی پەیمانگەی کوردستان بۆ ئیدارەی گشتی (KIPA) بکە. |
| بونیاتنان و کارپێکردنی تۆماری کارمەندان و دروستکردنی سیستمێکی بەڕێوەبردنی زانیاریی سەرچاوە مرۆییەکان |
| کارکردن لەگەڵ دەزگاکانی پەروەردە لەسەر ئەو شارەزاییانەی کە فەرمانبەران نییانە. |

| ٣. شێوازەکانی دامەزراندن |
|---|
| **ئەولەوییەتی بەرز: حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستپێشخەری بۆ ئەم کارە دەکات بۆ ئامادەکاری بۆ دامەزراندنی تر (١-٢ ساڵ)** |
| سوود وەرگرتن لەو دامەزراندنەی کە پێشتر دەستی پێکراوە و پشت دەبەستێت بە شایستەیی. |
| دەبێت پۆستەکان ڕابگەیەندرێت بە گوێرەی مەرجەکان و ئەرکە سەرەکییەکان. |
| **ئەولەوییەتی مامناوەندی: لە ماوەی مامناوەندی-خایەندا ئەنجام دەدرێت (٣-٥ ساڵ)** |
| دەکرێت دامەزراندن بۆ هەموو پۆستەکان بە شێوەیەکی مەرکەزی بێت و هەروەها دەشێت تەنها بۆ پۆستە باڵاکان مەرکەزی بێت. |

٢.١٥ **چاکسازیی لە خزمەتی مەدەنی ڕێگە خۆش دەکات بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی حکومەت وەک خاوەنکاری سەرەکی و پشتگیری دەکات لە گەشەسەندنی چالاکییە نانەوتییەکان.** چاکسازیەکە پسپۆڕێتی خزمەتی مەدەنی پتەو دەکات، کە بۆ ئەم مەبەستە پێویستە پێوەرەکانی هەڵبژاردن باشتر بکەین، هەروەها سیستمەکانی دامەزراندن و بەرزکردنەوە باشتر بکەین، لەگەڵ ڕێوشوێنەکانی دەرکردنیش. چاکسازییەکە هەروەها کار دەکات لەسەر گۆڕینی قەبارەی فەرمانبەران لە سەرتاسەری وەزارەتەکانی حکومەت و فەرمانگەکانی، وەک کۆمپانیاکانی دەوڵەتیش. چاکترکردنی کارایی و سەقامگیریی دارایی کۆمپانیاکانی دەوڵەت زۆر گرنگە بۆ سەقامگیری دارایی. چاکسازییەکە پێداچوونەوە دەکا بە نرخ و تێچووەکان، و جەخت دەخاتە سەر باشترین نرخی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و کەرەستەکان. چاکسازییەکە هەروەها پێداچوونەوەی ژمارەی کارمەندان لەخۆدەگرێت لەگەڵ لێپرسینەوە لە گەیاندنی خزمەتگوزاری و بەرهەمەکان، و لێپرسینەوە لە بەڕێوەبردنی ستاف. چاکسازیی دارایی کار لەسەر قەبارەی مووچە و کرێ و پسووڵەکان و پلانی خانەنشینی دەکات، کە ئێستا نزیکەی ٧٠ لەسەدی بودجەی حوکمەتی هەرێمی کوردستان دەبات. چاکسازییەکە بە تایبەت کار لەسەر "فەرمانبەری بندیوار" دەکات (ئەو کەسانەی ناویان لە لیستی مووچە هەیە بەڵام دەوام ناکەن).

٢.١٦ **پێداچوونەوەکەی ئەم دواییە بە کارگێڕی گشتی لە لایەن دامەزراوەی (ڕاند) و وەزارەتی پلاندانانەوە چەند پێشنیارێک پێشکەش دەکات بۆ چاکسازی و پێویستە ئەو چاکسازییانە ڕەچاو بکرێن و مەزەندەی ئاڵۆزییە داراییەکانیان بکرێت.** لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵک لە کەرتی گشتی کاردەکەن، کارپێکردنی کارمەندان بەکارێکی بەرهەمهێنەوە، کارێکی زەحمەتە. فرەچەشنکردنی ئابوری یەکێکە لە ئامانجەکان، حکومەت بۆ ئەم مەبەستە پلانی کارێک دادەڕێژێت بە بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەکەی ڕاند لەسەر چاکسازی کەرتی گشتی. کارکردن لەسەر ئاستەنگ و گرفتەکانی دامەزراندن لە کەرتی تایبەت، دەبێتە هۆی بووژانەوەی گەشە و توانای بەرهەمهێنان و دەبێتە هۆی وەبەرهێنانی زۆرتریش.

## ب. چاکسازی لە پاڵپشتی نرخ، سوودی کۆمەڵایەتی و مووچەی خانەنشینی

**٢.١٧ پاڵپشتی نرخەکان و مووچەی چاودێری کۆمەڵایەتی و خانەنشینی فشار دەخەنە سەر بودجەی گشتی.** خەرجییەکانی پاڵپشتی نرخی کارەبا و ئاو و کشتوکاڵ دەگاتە ٢.٤ ملیار دۆلار لە ساڵێکدا.

مووچەی خانەنشینی و کۆمەکی کۆمەڵایەتی دەگاتە ١٢.٢ ی ڕێژەی سەدی کۆی جی دی پی[٦]. داهاتی خانەشینی، کە بۆ ئەوە دانەڕێژراوە کە دژە-هەژاری بێت، کەمتر لە ٢٠ لەسەدی هەژاران وەریدەگرن، و زیاتر لە چارەکێک لە خەڵکی ناهەژار. نزیکەی ٨٥ لەسەد لە خانەنشینەکان لە خانەوادەی ناهەژارن لە ٢٠١٢.

٢.١٨. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بکات بە دوورکەوتنەوە لە دامەزراندن لە کەرتی گشتی و سیستەمەکانی پاڵپشتی نرخ بۆ هەمووان وەک شێوازی سەرەکی بۆ پشتگیری کۆمەڵایەتی لە هەژاران، لە جیاتی ئەوە پشتگیری بکات لە گەشە و بەرەوپێشچوون بە ڕابەرایەتی کەرتی تایبەت و دانانی بەرنامەی چاودێری کۆمەڵایەتی بەشێوەی بەئامانجکراو. چاکسازی لە داراییدا هەروەها بریتییە لە کەمکردنەوەی پاڵپشتی بەرهەمەکانی نەوت و کەرتی کارەبا. پێویستە هاوکاری کۆمەڵایەتی جەخت بخەنە سەر بەئامانجکردنی هەرە نەدار و لانەوازەکان، وەک ئەوانەی پشت دەبەستن بە بەشەخۆراک و هاوکاری تری کۆمەڵایەتی. زیادکردنی پاشەکەوتی دارایی زۆر پڕبایەخە نەوەک تەنها بۆ بەرزکردنەوەی وەبەرهێنانی گشتی، بەڵکو بۆ بەرزرکردنەوەی پاشەکەوتی نیشتمانیش. پێویستە خەرجییەکانی ئێستای حکومەت لەسەر خانەنشینی ڕێکبخرێت و کۆکردنەوەی باج تۆکمە بکرێت. ئەم کارانە مەرجەکانی قەرزکردن لە حکومەت کەم دەکەنەوە لەسەر کەرتی بانک و دەرگا دەکەنەوە بە ڕووی قەرزی کەرتی تایبەت.


## ج. ڕێوشوێنی پەیداکردنی داهات

٢.١٩. **لە ئێستادا بە نزیکەی هەموو داهاتێکی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرچاوەکەی هەناردەکردنی نەوتە، کە ئەمەش سەقامگیر نییە لەبەر بەرزی و نزمی نرخی نەوت.** سەرەڕای ئەمە، ناکۆکییەکی درێژخایەن هەیە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لەسەر بەشکردنی داهاتەکانی نەوت و ناردنی بودجە. باجی ناوخۆ، کە بەشێکی سەقامگیرترە لە داهاتی گشتی، تەنها ٢.٦ لەسەدی جی دی پی پێکدەهێنێت و ٤.٧ ی کۆی داهات پێک دەهێنێت کە یەکێکە لە هەرە کەمترینەکان لەو وڵاتانەدا کە دەوڵەمەندن بە سامانی سروشتی: ١٧.٨ لە ئازەربایجان، ٣٥.٢ لە بۆتسوانا، ١٥.٥ لە مالیزیا، و ٥.٣ لە سعودیە. ئاستی نزمی لەوجۆرە لە داهاتی باج بریتییە لە دەرەنجامی چەند هۆیەک (ا) نزمی نرخەکان، (ب) پابەندێتی کەم چونکە برێکی زۆر نافەرمێتی هەیە لە ئابوریدا، و (ج) سەپاندنی بەهێز نییە. ئەم هەڵوێستە دەبێتە مایەی پشتبەستن بە نرخی نەوت و دەبێتە مایەی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوە و ناسەقامگیری داهات و خەرجییەکانی حکومەت.

---

٦ بانکی نێودەوڵەتی و وەزارەتی پلاندانان، ٢٠١٥ "ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەڵسەنگاندنی کاریگەری پێکدادانی سوریا و قەیرانی داعش"

**شێوەی ٢.٢: حکومەتی هەرێمی کوردستان: داهاتی باج و کۆی داهات**
**(بە ملیار دینار)**




٢.٢٠. **حکومەتی هەرێمی کوردستان سیستمی باجی خەملاندنی هەیە**. پشت دەبەستێت بە یاسای باجی عێراق بۆ ساڵی ١٩٨٢ و هەموارەکانی لە ٢٠٠٧ و ٢٠١١. باج تا ڕادەیەکی زۆر پشت دەبەستێت بە خشتەیەک بۆ ئەو داهاتانەی کە پێشوەخت بڕیار دراوە باجیان دەکەوێتە سەر و فەرمانگەی باج ئامادەی کردووە، لە جیاتی ئەوەی سیستمێک بێت کە پشت بە ژمێرە ببەستێت و خۆی باجەکە هەڵبسەنگێنێت. لە هەندێک شتدا جیاوازە لە سیستمی باجی حکومەتی ناوەندی. ڕێژەی باجی داهاتی کۆمپانیاکان بریتییە لە نرخێکی دیاریکراو کە ١٥ لەسەدە. بە گوێرەی یاسای باج، باج لەسەر پوختەی قازانج دادەنرێت بە گوێرەی دەرخستەی دارایی وردبینکراو. لە نەبوونی سیستمێکدا بۆ دەرخستەی دارایی وردبینکراو یان ئەوەی ئەگەر ئەم دەرخستە داراییانە جێی متمانە نەبوون لەلای فەرمانگەی باج، ئەوسا هەڵسەنگاندنێک دەکرێت بۆ ئەو داهاتەی کۆمپانیاکە کە باجی دەکەوێتە سەر بە گوێرەی خشتەیەکی پێشتر ئامادەکراو بۆ قازانج بە گوێرەی کەرتەکان. وا باوە فەرمانگەی باج دەرخستەی دارایی فەرامۆش دەکات و بڕی باجی سەر کۆمپانیاکان بە گوێرەی قازانجەکەی، هەژماردەکات. باجی دەرامەت پشت بە سیستمی باجی داهات دەبەستێت. بە شێوەیەکی سەرەکی، فەرمانگەی باج بڕیار دەدات لەسەر خشتەیەک بۆ داهات بە گوێرەی خشتەی مووچەکان، و ئەمەش ساڵانە ئامادە دەکرێت بە گوێرەی سروشتی پرۆژەکە و هەلومەرجی دارایی هەرێم. ژمارەیەکی بەرچاو هەڵبژاردە لێرەدا هەیە. بۆ بەڵێندەرەکان و کرێاریی لە ئاژانسە گشتییەکان، ئەو داهاتەی باجی لەسەرە (قازانجەکە) بە گوێرەی ڕێژەی سەدی حساب دەکرێت لەسەر بڕی بەڵێندەرایەتییەکە یان بەهای کرێارییەکە.

٢.٢١. **ناسنامەی باجی دەرامەت بۆ پرۆژە و ناسنامەی مۆڵەتی هاوردەکردن جیاوازن، بەم شێوەیە یەک ژمارەی دیاریکراو نییە بۆ ناسنامەیەک کە گرێدراو بێت بە ئاستی چالاکی پرۆژەکەوە و ئاستی ئەو هاوردانەی هەمان کۆمپانیا ئەنجامی دەدات**. لە کاتێکدا ئەمە تاکە جۆرێکە لە ساغکردنەوە کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ ساغکردنەوەی ئاستی دەرامەت و داهات، یەکێکە لە هۆیەکانی دوورکەوتنەوە لە یەکخستنی ئەم دوو ژمارەی ناسنامەیە و بەکارهێنانی زانیاری پێکەوە گرێدراوە ئەوە دەردەخات کە

ڕەوتێکی پڕبایەخ لە ئارادایە بۆ چاکترکردنی چوارچێوەی ڕێساکان و ڕێوشوێنەکان. لەوبەری سنوورەوە لە تورکیا، بۆ نموونە، سیستەمەکانی ژمارە (ناسنامە)ی داهات و باجی هاوردەکردن، وەک یەکن.

٢.٢٢ **نووسینگەی سەپاندنی باج (کۆکردنەوەی باج) بە شێوەیەکی ئەوتۆ ڕێکخراو نییە کە بتوانێت زانیاری پەیوەندیدار کۆبکاتەوە تا بتوانێت زۆربەی جۆری داهاتەکان ساغ بکاتەوە.** کارمەندانی کۆکەرەوەی باج ئەزموونیان نییە لە پرۆژە و بەم شێوەش شارەزایی تەکنیکییان نییە بۆ ساغکردنەوە و پشکنینی تۆمارەکانی پرۆژە. ئامرازەکانی سەپاندن و جێبەجێکردن سنووردارن و دەسەڵاتە سیاسییەکان وایان لەلا پەسەندە خۆیان نەدەن لە قەرەی بێزارکردنی کۆمپانیاکان و پرۆژەکان بە سەپاندنی باج بەسەریاندا. لە ئەنجامدا، پێدەچێت پابەندێتی بەباجەوە نزم بێت، واتە، زۆربەی کۆمپانیاکان پێیان وایە کۆمپانیاکانی تر ئەو برە باجانە نادەن کە بە گوێرەی ڕێوشوێنەکان لەسەریانە، بەم شێوەیەش ئەمانیش باج ناخەنە سەر خۆیان لە کاتێکدا کۆمپانیاکانی تر نایدەن. تەنانەت ئاواش دەتوانرێت ئەو باجەی کە دیاریکراوە بسەپێندرێت بەسەر کۆمپانیاکاندا، ئینجا قازانج بکەن یان نەیکەن. هەر بۆیەش دانی باج باو نییە.

٢.٢٣ **دەبێت ڕێوشوێنەکانی پەیداکردنی داهات ببنە مایەی کەمکردنەوەی پشتبەستنی زۆر بە حەواڵەی بودجە لە لایەن حکومەتی مەرکەزییەوە، کە سەقامگیر نییە، و کەمکردنەوەی پشتبەستنی زۆر بە داهاتی نەوت، کە نرخی نەوت هەڵبەز و دابەز دەکات.** دەبێت گومرک لەسەر هاوردە ڕێک بخرێت لەگەڵ ئاستە نێودەوڵەتییەکە بۆ ئەوەی هاوسەنگی هەبێت لەگەڵ بەرزکردنەوەی داهاتەکانی حکومەت و پتەوکردنی گەشەی چالاکییەکانی کەرتی نا-نەوتی. پێویستە داهاتی باج ببێت بە سەرچاوەیەکی ڕوو لە زیادبوو بۆ داهاتی حکومەت. چاکترکردنی سەرچاوەکانی داهاتی حکومەت لە باج ئێجگار پڕبایەخە بۆ کەمکردنەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی بەرزی و نزمی داهات لە کەرتی نەوت. پێویستە دانانی باج جەخت بخاتە سەر چەند باجێک، بۆ ئەوەی سەپاندنەکەی ئاسان و سادە بێت، و پێویستە فەرمانگەی باج کارا بێت بۆ کەمکردنەوەی خۆدزینەوە لە باج. پەیڕەوکردنی سیستمی ڤات ((value added tax (VAT، باجی بەهای زێدە، ضريبة القيمة المضافة) و زیاترکردنی باجی داهاتی کۆمپانیاکان بۆ ئاستی نێودەوڵەتی. خاڵێکی تر بۆ چاکسازیی لە بواری باجدا بریتییە لە نەهێشتنی فرەباجی و فرەرسومی کە داهاتێکی کەمیشیان هەیە و لە ڕووی کارگێڕییەوە خەرجیەکەیان گرانە.

٢.٢٤ **بۆ جیاکردنەوەی خەرجییە بنەڕەتییە گشتیەکان لە نرخی نەوت کە بەرزی و نزمی تێدایە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەقامگیری و بەردەوامی داهاتی باجی ناوخۆ زیاتر بکات.** دەکرێت ڕێوشوێنەکان بریتی بن لە:

- پێداچوونەوەی هەیکەلی نرخەکان و پێکهاتەی باجەکان بۆ دەستنیشانکردنی بواری شیاوی باج و زیاترکردنی نرخەکانیش بە گوێرەی ئەوانە.
- پتەوکردنی کۆنترۆڵ بۆ ئەوەی نافەرمێتی لە داراییدا کەم بکرێتەوە و پابەندێتی بە باجەوە زیاتر بکرێت.

- دانانی یەکەیەکی باج بە کارمەندی شایستەوە کە بتوانێت سیستمی باج بەڕێوەببات و بەشێوەیەکی کارا یاساکانی باج بسەپێنێت.
- لە ئێستادا کار بەم سیستمەی باج بکرێت کە خشتەیەک هەیە و پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵام دەبێت لە درێژخایەندا سیستمێکی مۆدێرنی باج دابڕێژرێت کە بتوانێت خۆی هەڵسەنگاندنی بڕەکانی باج ئەنجام بدات، لە بەراییدا بۆ سەر باجدەرە گەورەکان، و ئینجا باجی تر وەک باجی فرۆشتن و باجی بەهای زێدە (VAT).

٢.٢٥. **حکومەت دەرفەتی لە پێشە بناغەی باج باشتر بکات و هاوکات ئامادەیی بۆ وەرگرتنی باج بەرزتر بکاتەوە**. باشترکردنی کۆکردنەوەی داتا و دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار لە بواری رێشوێن و رێساکان کە هانی بەفەرمیکردنی لێشاوی دارایی بدات، رێگە خۆش دەکەن بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێت زانیاری باشتری هەبێت لەسەر بناغەی باج و بەشداری لایەنی ئەهلی و تایبەت زیاتر بکات لە سیستمی باجدا. لە رێی دروستکردنی زانیاری کە جێی متمانە بێت لەسەر بناغەی باج، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت سەرچاوەی مەودا مامناوەندی دروست بکات بۆ سەرچاوەی دارایی، کە دارایی بەرنامەکەی حکومەت بکەن، وەک وەبەرهێنان لە ژێرخاندا.

٢.٢٦. **پێویستە سیاسەتێکی نوێی باج بخرێتە پاکێجی چاکسازییەوە و خزمەتگوزارییەکان باشتر بکرێن لەگەڵ داهاتە نوێیەکاندا**. پێویستە هاوکات لەگەڵ گۆڕینی سیستمی باجدا، چاکسازی بکرێت لە سەپاندنیدا، بۆ ئەوەی خەڵک پەنا نەباتە بەر نافەرمێتی ئابوری، و رێگری بکرێت لە خۆدزینەوە لەدانی باجەکان لەبەرئەوەی ناهاوتان. پێویستە هانی ئەوە بدات کە لە ئاستی ئاژانس و فەرمانگەی جۆراوجۆردا ئاڵوگۆر بە زانیاری بکەن و بەشداری یەکتری پێ بکەن بە مەبەستی جەختکردنەوە لە سەپاندنی. پێویستە پێکهاتەکانی سیستمە نوێیەکەی باج بڵاوبکرێتەوە لە رێی پلانی گونجاوی زانیاری گشتیەوە، وەک رێککەوتن لەسەر چۆنیەتی باشترکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان. کە داهاتی گشتی جێی متمانە بێت و بەردەوام و سەقامگیر بێت و بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر کۆمپانیاکاندا بسەپێندرێت، نەک هەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەنها سوودمەند دەبێت بەڵکو عێراقیش بە گشتی سوودمەند دەبێت.

٢.٢٧. **پێویستە دیالۆگی نێوان کەرتی گشتی-تایبەت پتەوبکرێت**. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت رێگەخۆش بکات بۆ بەشداری کەرتی تایبەت لە سیستمی باج و رێوشوێن و رێساکاندا بۆ ئەوەی سیاسەتێک پیادەبکرێت کە هانی گەشەسەندن بدات. کەرتی تایبەت پێویستی بەوەیە حکومەت متمانەی لەلا دروست بکات بە بەشداریکردنی لە سیستمی باجدا و بڕوای پێ بهێنێت کە بەشداریکردنی سوودبەخشە. لە پێناو سوودی هەمەلایەنەی پێکهاتنێکی لەو جۆرە، پێویستە وەزارەتەکانی پلاندانان و دارایی کاربکەن بۆ پتەوکردنی دیالۆگی گشتی-تایبەت بە شێوەیەک کە رێکەوتنێکی بنکەفراوان و بونیاتنەرانە دروست بکات لەسەر خزمەتگوزاری گشتی باشتر و ئەوەی کە کەرتی تایبەت زیاتر پابەندبێت بە سیستمە فەرمییەکانەوە.

## ٣. چاكسازیی بنەرەتی بۆ دانانی بەردی بناغە بۆ گەشەیەكی بەردەوام و هەمەلایەن بە ڕابەرایەتیی كەرتی تایبەت

٣.١ **ئابوری حكومەتی هەرێمی كوردستان دووچاری لاوازی بنەرەتی بۆتەوە.** حكومەت ڕووبەڕووی ئاستەنگی دابینكردنی خزمەتگوزارییە گشتیەكان بۆتەوە بۆ دانیشتوانانی هەرێم، لە نێوانیاندا پەنابەرە سووریەكان وئاوارەكانی ناوخۆ، لە كاتێكدا كە ڕووبەڕووی تاسانێكی گەورەی دارایی بۆتەوە، و هاوكات شەڕی داعشیش دەكات. پشتبەستنی زۆر بە كەرتی نەوت دەبێتە مایەی ئەوەی كە ئابوری هەرێمی كوردستانی عێراق بكەوێتە ژێر كاریگەری گۆڕانی نرخی نەوت لە بازاڕە جیهانییەكاندا. بە هەرحاڵ، تەنانەت پێش پێكدادانەكانی ناوچەكە و پێش قەیرانی دارایی، ئابوری هەرێمی كوردستان گرفتی هەبوو لە بواری هەیكەلی ئابوریدا، بۆ نموونە، كەرتی نانەوت بچووک بوو، كەرتی گشتی گەورە بوو، ژینگەی پرۆژە لاواز بوو. كاركردن لەسەر قەیرانە هەنووكەییەكان لەگەڵ پلانێكی دەستبەجێ بۆ دەستپێكردنی گەشەسەندن و بووژاندنەوەی متمانە بریتین لە ئەولەوییەتی كارەكانی حكومەت. حكومەت پابەندە بە كاركردن نەک تەنها لەسەر قەیرانە هەنووكەییەكان، بەڵكو لەسەر دانانی بەردی بناغە بۆ كاركردن لەسەر ئەو لاوازییەی دەمێكە هەیە لە هەیكەلی ئیداریدا.

٣.٢ **پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان پەلە بكات لە چاكسازییەكانی بواری هەیكەلی بۆ ئەوەی ئابوریەكەی ئازاد بێت، بە تایبەتیش پێویستە پشتگیری بكات لە ئاسانكردنی ڕێوشوێنەكانی پرۆژە و ڕێگەخۆش بكات بۆ پتەوكردنی كێبڕكێ.** چەند ڕێوشوێنێک هەن كە ڕێگەخۆش دەكەن بۆ كەمكردنەوەی كاریگەری نەرێنی یەكخستنی دارایی لەسەر گەشەسەندنی كەرتی نانەوت، وەک چاكسازی قووڵ بۆ فرەچەشنكردنی ئابوری دوور لە نەوت، بە تایبەتی باشتركردنی ژینگەی پرۆژە و كەرتی بانک، داڕشتنی هاندەر بۆ پرۆژەی ئەهلی، و زیاتركردنی كار لە كەرتی تایبەت. ڕەوشی گشتی ئابوری ئەوە دەخوازێت كە كاربكرێت بۆ هاندانی گەشەسەندنی كەرتە ئابوریەكانی نانەوتی. هاوكات، پێویستە چاكسازییەكانی پاراستنی كۆمەڵایەتی ئەنجام بدرێن بۆ ئەوەی لانەواز و نەدارەكان بپارێزرێن.


٣.٣ **پشتگیریكردن لە پرۆژە و كۆمپانیاكان بەردی بناغەن بۆ بەدەستهێنانی سوودەكانی ژینگەیەكی ڕێگەخۆشكەر بۆ پرۆژە.** بۆ زیاتركردنی سوودەكانی ژینگەیەكی ڕێخۆشكەر بۆ پرۆژە، بەردی بناغە بریتییە لەو سیاسەت و ڕێوشوێنانەی كە هانی دامەزراندنی پرۆژە و كار دەدەن بە تایبەتی لەلای لاوان و بوار دەڕەخسێنێت بۆ كۆمپانیاكان گەورە ببن و دەرفەتی كار دروست بكەن. پێویستە بوار بڕەخسێندرێت بۆ نەوەی نوێ و لاوان كە كار و پرۆژە بكەن بۆ ئەوەی وەها نەڕواننە كەرتی تایبەت وەک ئەوەی تاكە ڕێگەچارەیەكی بەردەست بێت كاتێک دەچنە بازاڕی كار. بە هەمان شێوە، پێویستە كۆمپانیاكان كواڵیتی بەرهەم و خزمەتگوزارییەكانیان باش بكەن بۆ ئەوەی دەستیان بگات بە بازاڕی نوێ و بەم شێوەیەش بەرفراوان ببن و دەرفەتی كار دروست بكەن. بەم شێوەیە، پێویستە پشتگیری لە ئاستی كۆمپانیاكان بكرێت لە بواری بەرزكردنەوەی ئاستی تەكنەلۆجیا و بەرهەمەكانیان و شێوازەكانی بەڕێوەبردن و پرۆژە باشتر بكرێن و هەڵسەنگاندن بكرێت بۆ دۆزینەوەی بازاڕی نوێ.

٣.٤. **پشتگیری لە گەشەی ئابوری پێویستی بە شارەزاییە بۆ گەشەسەندن بە رابەرایەتی کەرتی تایبەت.** هەرێمی کوردستان بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە لە بواری تۆمارکردنی قوتابیان و باشترکردنی زانکۆکان، بەڵام پێویستە پێداچوونەوە بکرێت بە توانا و بناغەی شارەزاییەکانی لاوان و ئەو خەڵکەی لە تەمەنی کارکردندان لە بواری شایستەیی و ڕێکخراوەیی. چاکترکردنی کارزانییەکانی کارمەندان بەردی بناغەیە بۆ گەشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی. وەرگرتن و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا پێویستی بە کرێکاری شارەزایە. لەم ڕەوشەدا، جەختکردنەوە لەوەی سیستمی خوێندن لە هەرێمی کوردسان (لە خوێندنی بنەڕەتییەوە تا پاش ئامادەیی) هاوکار دەبێت لە ئامادەکردنی گەنجان بۆ پێداویستییەکانی بازاڕی کار. هەروەها ئەو کارمەندانەی ئێستای کەرتی گشتی کە بۆ کار دەگەڕێن لە کەرتی تایبەت پێویستە مەشق ببینن بۆ بەدەستهێنانی کارزانیی پێویست.

## أ. چاکسازی لە کەرتی دارایی

٣.٥. **بانکەکان زاڵن بەسەر کەرتی دارایی لە هەرێمی کوردستان، بەڵام قەرزیان بۆ کەرتی تایبەت هەر نزمە.** لە کوردستان ٤٩ بانک کار دەکەن کە ٤٣ دانەیان کەرتی تایبەتن و شەش دانەیان هی دەوڵەتن. سەرەڕای ژمارەی زۆری بانکەکان، کەرتی بانک لە هەرێمی کوردستان گەشەی نەکردووە و بەشداری کەمی کردووە لە ئابوری هەرێمی کوردستاندا. کۆی قەرزی دراو بە کەرتی تایبەت وەک بەشی جی دی پی لە ٢٠١٥ نزیکەی ٢ لەسەد بوو. ئەمە ئێجگار کەمترە لە وڵاتانی وەک ئازەربایجان و تورکیا، کە ژمارەکان لەوێ ٣١ لەسەد و ٧٠ لەسەدن یەک لە دوای یەک (شێوەی ٣.١). هەروەها ئێجگار کەمترن لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات ی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا کە ٥٠ لەسەدە. ئەم بەشدارییە کەمە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستیەیە کە بانکەکان لە کوردستان بەشدارنین لە ئەرکە سەرەکییەکەیان کە بریتییە لە پێدانی قەزر بە ئابوری یان تەمویلکردنی پرۆژەی وەبەرهێنان. لە بانکە ئەهلییەکان، قەرزدان بە کەرتی تایبەت تەنها ٦ لەسەدی ئسولەکانە. زۆربەی ئسوڵی بانکەکان بێکارن: نزیکەی ٦٠ لەسەد لە کۆی ئسوڵی بانکە ئەهلییەکان بە شێوەی پارەی نەختینە و هاوشێوەی نەختینەیە. هاوکات، کەرتی بانک دەتوانێت ڕۆڵی بەرچاو بگێڕێت لە گەشەسەندنی ئابوری هەرێمی کوردستان. وەک نموونەیەک، بۆ ئەوەی ڕێژەی قەرزی تایبەت بۆ جی دی پی لە ٢ لەسەدەکەی ئێستاوە بگەیەنیتە تێکڕای ٥٠ لەسەدەکەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێویستە بانکەکان بە بڕی ١٥ تریلیۆن دینار (١٣ ملیار دۆلار) قەرزبدەن بە کەرتی تایبەت.

**شێوەی ٣.١ قەرز بۆ کەرتی تایبەت** (بە گوێرەی بەشی جی دی پی)




سەرچاوە: بانکی نێودەوڵەتی
تێبینی: داتای هەرێمی کوردستان مەزندەیە بۆ ٢٠١٥، داتاکانی تر هی ٢٠١٤ ن.

## گەڕاندنەوەی نەختینە بۆ کەرتی بانکی هەرێمی کوردستان

٣.٦. **سیستمی بانک لە هەرێمی کوردستانی عێراق ڕووبەڕووی قەیرانێکی سەختی نەختینە دەبێتەوە.** ئەم قەیرانە بریتییە لە ئەنجامی چەند تاسانێک کە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە ٢٠١٤ەوە. لە کاتێکدا ڕووبەڕووی کەمی بەرچاو دەبنەوە لە پارەی نەختینە، زۆر بانکی ئەهلی کۆتوبەندیان داناوە لەسەر مشتەرییەکانیان کە پارەی نەختینە ڕابکێشن لە هەژمارەکانیان. زۆربەی بانکەکان ناتوانن لە نێوان هەرێمدا حەواڵە بگوازنەوە، ئەمە بۆ گواستنەوەی حەواڵە بۆ عێراقیش ڕاستە. قەرزدان لە لایەن بانکەوە بە کەرتی تایبەت وەستاوە و بانکە ئەهلییەکان هیچ نووسراوی دڵنیایی یان قەرز دەرناکەن.

٣.٧. **قەیرانی نەختینە لە لایەن لقەکانی هەولێر و سلێمانی بانکی ناوەندی عێراقەوە دروست کرا، کاتێک ئەو هەژمارانەیان سڕکرد کە بانکە بازرگانییەکان کردبوویانەوە لەلایان.** هەروەها یەدەگی نەختینەی بانکەکان بەو چەکانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەریکردن کەمتربوو، کە بانکەکان لە بەرامبەریاندا پارەی نەختینەیان دەدا بە مشتەرییەکانیان بەڵام نەیاندەتوانی لە لقەکانی هەولێر و سلێمانی بانکی ناوەندی عێراق بیکەنەوە بە پارەی نەختینە (چونکە ئەمەی دوایی پارەی نەختینەی نەبوو). پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەختینە بگەڕێنێتەوە بۆ کەرتی بانک لە ڕێی بەردانی لقەکانی بانکی ناوەندی عێراق لە هەولێر و سلێمانی پارەی سرکراوی بانکە بازرگانییەکان کە لایان دانراوە و ئەو چەکانە خەرج بکەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەریکردوون.

٣.٨. **پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەختینە بگەڕێنێتەوە بۆ کەرتی بانک.** حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین ملیار دۆلاری پارەی نەختینەی لقەکانی بانکی ناوەندی عێراقی نەهێشتووە. ئەم هەنگاوەش بووە مایەی ئەوەی لقەکانی بانکی ناوەندی عێراقی لە هەولێر و سلێمانی (ئەو دوو لقەی کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن) هەژمارەکانی ئێستای بانکە بازرگانییەکان دابخەن لەلای خۆیان. مەزەندە دەکرێت نزیکەی ٥ ملیار دۆلاری بانکەکان لەلای بانکی ناوەندی لە هەرێمی کوردستان گرتبێتەوە[٧]. یەدەگی نەختینە لە بانکەکان بەو چەکانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەریکردوون ئەوەندەی تر چۆڕبڕ بوون (مەزەندە دەکرێت یەک ملیار دۆلار بوو بێت)، کە بانکەکان کردوویانە بە پارەی نەختینە بۆ مشتەرییەکانیان بەڵام نەیانتوانیوە بیکەنەوە بە پارەی نەختینە لە لقەکانی هەولێر و سلێمانی بانکی مەرکەزی عێراق چونکە ئەمەی دوایی هیچ پارەیەکی نەختینەی لەبەردەست نەبووە. گەڕاندنەوەی نەختینە بۆ کەرتی بانک لە ڕێی ئەوەی کە لقەکانی بانکی ناوەندیی عێراقی لە هەولێر و سلێمانی سرکردنی سەر پارەی دانراوی بانکە بازرگانیییەکان لابەرێت و ڕێز لەو چەکانە بگرێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەریکردوون، پێویستی بە دەستپێکردنەوەیە، تا سیستمی بانک لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەست بکاتەوە بەکار. ڕەنگە باشتر وابێت لە لایەن حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە ڕێی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانەوە یەکلا بکرێتەوە. لە نەبوونی چارەسەرێکی لەم جۆرەدا، ئەو هەڵبژاردانەی لەبەردەستن بۆ گەڕانەوەی نەختینە بۆ سیستمی بانک، زۆر بەرتەسک و سنووردارن.

---

[٧] داتای فەرمی لەسەر بڕی پارەی بانکە ئەهلییەکان کە سرکراوە لە لقەکانی بانکی ناوەندیی عێراق لە هەرێمی کوردستان، بەردەست نییە. ئەو ٥ ملیار دۆلارە، مەزەندەیە بەڵگەیەکی زارەکییە لە دیمانەکان لەگەڵ بانکی ناوەندی عێراق لە هەرێمی کوردستان.

**٣.٩ پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان متمانەی خەڵک بە بانکەکان بگەڕێنێتەوە.** تەنانەت پێش ئەم قەیرانە، متمانە زۆر نزم بوو بە سیستمی بانک و ئێستا خراپتر بووە. بونیاتنانی متمانەی گشتی پرۆسەیەکی درێژخایەنە و هیچ ڕێگەچارەیەکی بەپەلەی نییە. وەک هەنگاوی یەکەم، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ژینگەیەکی سەقامگیری ئابوری گشتی دابمەزرێنێتەوە لە هەرێمەکە. دووەم، پێویستە سەرپەرشتی و ڕێکخستنی بانکەکانی هەرێمی کوردستان سەرلەنوێ دەست پێبکاتەوە بۆ جەختکردنەوە لە کارگێڕی باش. سێیەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی عێراق بکات بۆ کۆششی بەردەوام بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دڵنیایی پارەدانان کە پارەی خەڵک لە بانکەکان، دەپارێزێت.

**چارەسەرکردنی کێشە یاساییەکانی کەرتی بانک**

٣.١٠. **ژینگەی ڕێکخستنی کەرتی بانک لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی دوو کێشەی بنچینەیی دەبێتەوە.** یەکەم، لقەکانی بانکی ناوەندیی عێراق لە هەولێر و سلێمانی کەوتبوونە ژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە جیاتی ئەوەی لەژێر کۆنترۆڵی بانکی ناوەندیی عێراق بن. دووەم، بانکە گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕێک خراون و کاردەکەن بەبێ ئەوەی مۆڵەتیان هەبێت لە بانکی ناوەندی عێراق.

٣.١١. **ئەم ڕەوشە مەترسییەکی سیستماتیکییە بۆ کەرتی بانک لە هەرێمی کوردستانی عێراق**. ڕێکخستن و چاودێریی بانک دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی حەسریی حکومەتی عێراق[٨]. لە کاتێکدا کە کەرتی بانک لە هەرێمی کوردسان بە تەواوەتی لە بانکی ناوەندی عێراق پچڕاوە، پێدەچێت کەرتەکە بکەوێتە حاڵەتی ناڕێکخراوییەوە و هیچ چاودێرییەکی کارای لەسەر نابێت نە لەلایەن هەولێرەوە و نە لەلایەن بەغداوە. بۆ جەختکردنەوە لە ئیدارەی کەرتی بانک بە شێوەیەکی باش، لقەکانی بانکی ناوەندی عێراق لە هەولێر و سلێمانی وا پەسەندە کە پەیوەندییان ببڕن لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەک بەشێکی نەپچڕاو لە بانکی ناوەندی پەیوەندییەکەیان لەگەڵی بگەڕێننەوە. ئەمە هەنگاوێکی پێویست و پڕبایەخە بۆ گەڕاندنەوەی سیستمی بانکی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ دەستکردنەوە بە کارکردن بە چاودێرییەکی سەربەخۆ و بە ڕێوشوێن و ڕێکخستنی گونجاوەوە. هەروەها، ئەو بانکە حکومییانەی کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن پێویستە لەژێر چاودێری وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربچن و بخرێنە ژێر چاودێری بانکی ناوەندی و مۆڵەتی بانک لە بانکی ناوەندی وەربگرن.

**باشترکردنی کێبڕکێ لە کەرتی بانک**

٣.١٢. **بانکە ئەهلییەکان لە هەرێمی کوردستان لە مەیدانێکی نایەکساندا کار دەکەن بە بەراورد لەگەڵ بانکە حکومییەکان**. تا ئەم دواییەش، یاساکان بواریان نەدەدا بە دامودەزگاکانی حکومەت و کۆمپانیا حکومییەکان هەژمار یان پارە لە بانکە ئەهلییەکان هەڵبگرن. هەروەها نەیاندەتوانی پارەی مووچە لە ڕێی

[٨] بە گوێرەی مادەی ١٠٧ لە دەستوری عێراق.

بانکە ئەهلییەکانەوە بدەن. سەرەڕای ئەمانەش، دامودەزگاکانی حکومەت و کۆمپانیا حکومییەکان بۆیان نەبوو نووسراوی قەرز یان دڵنیایی (خطاب ضمان او اعتماد) یان چەکی بانکە ئەهلییەکان قبوڵ بکەن.

٣.١٣ **ئەم ڕەوشە کێبڕکێ دەشێوێنێت لەناو کەرتی بانک و چەند ئاکامێکی نەرێنی هەیە.** یەکەم، بانکە ئەهلییەکان دەستیان ناگات بە سەرچاوە گرنگەکانی نەختینە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی کارا ئاڕاستەی بانکە حکومییەکانی کردووە، بەم شێوەیە پێگەی بانکە ئەهلییەکان لاوازتر بووە. دووەم، بانکە حکومییەکان توانایەکی حەسرییان هەیە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، و کارایی خزمەتگوزارییەکانیان بە کێبڕکێ لەگەڵ بانکە ئەهلییەکان ساغ نەکراوەتەوە. سێیەم، لەبەرئەوەی بانکە ئەهلییەکان دەستیان ناگات بە هەژماری مووچەی کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ناتوانن مێژووی مووچەیان هەڵبسەنگێنن و بەم شێوەیەش ناتوانن قەرزیان بدەنێ، بەم شێوەیەش دەستیان ناگات بە تەمویلکردن.

٣.١٤ **گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە کە حکومەتی عێراق پێشنیاری کردن هەوڵ بوون بۆ دروستکردنی مەیدانی یەکسان بۆ هەردوو لایەن، بانکە حکومییەکان و بانکە ئەهلییەکان**[٩]. بەڵام، ڕەوشەکە لەسەرزەوی هیچ نەگۆڕا و وەک خۆی مایەوە. دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامن لە ئاراستەکردنی چالاکییەکانی نەختینەی سەرجەم دامودەزگا و کۆمپانیا حکومییەکان بەرەو بانکە حکومییەکان. بۆ کارکردن لەسەر ئەم کێشەیە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێوشوێنی نوێ دەربکات و ئەوە پیشان بدات کە هەردوو لایەنەکە، بانکە ئەهلییەکانیش و حکومییەکانیش، وەک یەک بە یەکسانی دەستیان دەگات بە گەیاندنی خزمەتگوزاری بە دامودەزگا و کۆمپانیا حکومییەکان. بەم کارە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەک تەنها هانی مەیدانێکی یەکسان دەدات بۆ سەرجەم بانکەکانی هەرێمەکە، بەڵکو دەبێت بە نموونە بۆ کێبڕکیی دادپەروەرانە لە نێو کەرتی بانکدا بۆ عێراق.

### باشترکردنی ژێرخانی کەرتی بانک

٣.١٥ **خزمەتگوزارییەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاری لەسەر قەرز بریتین لە پێکهاتەیەکی بنچینەیی بۆ ژێرخانی کەرتێکی بانک کە بتوانێت ئاڵوگۆڕی دارایی بازاڕ جێبەجێ بکات.** کاتێک بانکەکان دەیانەوێت بڕیار بدەن لەسەر پێدانی قەرزێک، بە شێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستن بە زانیاری لەسەر شایستەیی ئەو لایەنە بۆ قەرزپێدان لە لای قەرزبەخشەکان. بەم شێوەیە، هەبوونی تۆمارێکی ڕێکوپێک لەسەر قەرز (کە زانیارییەکانی تێدابێت) ڕاستەوخۆ ئامادەیی بانکەکان پیشان دەدات بە پێدانی قەرز بە کەسێک لە کەرتی تایبەت.

٣.١٦ لە ئێستادا، بانکەکانی هەرێمی کوردستانی **عێراق هیچ توانایەکیان نییە بۆ ساغکردنەوەی مێژووی قەرزی قەرزارەکان چونکە هیچ تۆمارێک نییە بۆ قەرزەکان.** بانکی ناوەندی عێراق تۆماری خۆی هەیە بۆ قەرز بەڵام پێدەچێت ناتەواوبێت و کاری پێ نەکرێت. هاوکات. بانکی ناوەندی عێراق (لە ڕێی پشتگیری

[٩] بە گوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی کۆماری عێراق ژ. ٣٧٠، کە لە ١٨ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ دەرچووە.

USAID) له ئێستادا کار دەکات لەسەر ڕێکخستنی ئامادەکردنی تۆمارێک بۆ قەرز لە عێراق. وا پەسەندە هەرێمی کوردستان خۆی گرێبدات لەگەڵ بانکی ناوەندی عێراق بۆ ئەوەی تۆماری قەرز کوردستانیش بگرێتەوە.

## ب. چاکسازی لە کەرتی کشتوکاڵ


٣.١٧ **کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستانی عێراق ڕووبەڕووی چەندین تاسان بۆتەوە.** یەکەم، بەرفراوانکردنی دامەزراندن لە **کەرتی گشتیدا** لە سایەی نەوتدا **بۆتە مایەی ئەوەی کەس لە کشتوکاڵ کار نەکات (هەروەها لە کەرتەکانی تری نانەوتی).** کرێی کاری کشتوکاڵ زۆر زیادی کرد، لە ٢٠٠٢ لە ڕۆژێکدا ٥ دۆلار بوو، و بەرز بۆوە بۆ زیاتر لە ٣٠ دۆلار لە ڕۆژێکدا لە ٢٠١١-٢٠١٣. کەرتی کشتوکاڵ توانای کێبڕکێی نەما، لەگەڵ دابەزینی بەهای پارە (ئەوەی پێی دەگوترێت "نەخۆشیی هۆڵەندی") و ئەمانەش هاوردەی خۆراکی بیانییان زیاتر کرد. لە ئێستادا ٨٠ (٢٠) لەسەد لە بەکاربردنی میوە و سەوزە لە زستان (هاوین) لە هاوردەوە دێت، زۆربەی لە ئێران و تورکیاوە.

٣.١٨ دووەم، **کەرتی کشتوکاڵ گۆڕاوە بۆ تاک-چاندن، واتە بەرهەمهێنانی گەنم ( و هەندێک کەمتر لە جۆ).** مەزەندە دەکرێت نزیکەی ٩٠ لەسەد لە بەرهەمی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان لە دانەوێڵەوە بێت. ئەم بەرفراوانبوونە بەهۆی بەرزی نرخی کڕینی گەنم لە لایەن حکومەتی عێراقەوە ڕوویدا. لە ٢٠٠٥-٢٠١٢، نرخی کڕینی گەنم لەسەرووی ٦٠٠ دۆلار/تەن بوو، بە گوێرەی نرخی ئاڵوگۆڕی دراوی ئێستا، بە بەراورد لەگەڵ نرخە جیهانییەکەیدا کە بریتییە لە ٢٠٠ دۆلار/تەن. بەم شێوەیە جوتیارەکانی گەنم لە هەرێمی کوردستان (تا ئەم دواییەش بەلای کەمەوە) چەند ئەوەندەی نرخی جیهانییان وەرگرتووە، تەنانەت سەرباری پارەی زۆر بۆ گواستنەوە. حکومەتی عێراق ڕێکەوتنەکەی نەبردە سەر بۆ نرخی گەنم. تەنها بەشێک لە کڕیاریەکانی ٢٠١٤ پارەیان دراوە بە جوتیارەکان و هیچ پارەیەک بۆ ٢٠١٥ نەدراوە.

٣.١٩ **دامەزراندن لە کەرتی کشتوکاڵ دادەبەزێت.** لەسەر ئاستی نیشتمانی، دامەزراندن لە کەرتی کشتوکاڵ بە تەواوی بۆ ئافرەتان و بۆ پیاوانیش دابەزیوە لە نێوان ٢٠٠٧ و ٢٠١٢. لە کاتێکدا بەشی کشتوکاڵ لە کۆی دامەزراندن لە هەرێمی کوردستان لە ٢٥ لەسەدی دامەزراندنەکانەوە بۆ ئافرەتان دابەزیوە بۆ ٢٢ لەسەد و لە ٨ لەسەدەوە دابەزیوە بۆ ٧ لەسەد بۆ پیاوان، بەڵام هەندێک بەرزبوونەوەش هەبوو لە دامەزراندن لە کەرتی کشتوکاڵ (نزیکەی ٩٠٠٠ کار بۆ پیاوان و ٥٤٠٠ کار بۆ ئافرەتان.). هاوکات، بەشی خێزان بە هەندێک فرەچەشنێتییەوە، واتە، کە ئەندامی خێزان هەیە لە کشتوکاڵیش کار دەکات و لە ناکشتوکاڵیش کار دەکات، لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە، و ئەم گروپە لە ئاستی نیشتمانییدا خۆشگوزەرانیان زیادی کرد (ڕێژەی هەژاریش نیوە بووە لەم جۆرە خێزانانەدا).

٣.٢٠ **توانای کێبڕکێ لاوازە.** هەرەسهێنانی نرخی نەوت لە زیاتر لە ١٠٠ دۆلارەوە بۆ بەرمیلێک لە ناوەڕاستی ٢٠١٤ بۆ ژێر ٥٠ دۆلار بۆ بەرمیلێک لە ٢٠١٦ (و ئەو فشارە داراییە)، دابەزینی نرخی دانەوێڵە لە جیهاندا، نابەردەوامی لە پاڵپشتی نرخی بەرزی گەنم (کە دەبێتە مایەی ئەوەی بەرهەمهێنانی گەنم نەتوانێت کێبڕکێ بکات لەگەڵ نرخە جیهانییەکان)، و پێکدادانەکان لە دەوروبەری هەرێم (کە دەبێتە مایەی ئەوەی هەناردەکردن بۆ وڵاتانی کەنداو ئێجگار گرانتر بێت) بریتین لە چەندین ئاستەنگ.

شێوەی ٣.٢ نرخی دانەوێڵە و نەوت




سەرچاوە بانکی نێودەوڵەتی.

سەرنج: دوایین سەرنج لە نیسانی ٢٠١٦.

٣.٢١ **بەڵام ئاستەنگەکان هەر ئەمەندە نین**. ئاستەنگی تر هەیە کە دەبنە هۆی توانای لاوازی کێبڕکێ وەک دابەزینی کواڵیتی خاکەکە، پیسبوونی ئاوەکان، نەبوون و دابەزینی ئاستی ئاو، تووەکان ڕێژەی بەرهەمهێنانیان نزمە، دەزگا نییە بۆ خەزنکردنی سارد، لۆجیستیکی کشتوکاڵیی لاوازە، و زانیاری و مەعریفە لە ئارادانین. بۆ زیاتر کردنی توانای کێبڕکیی کشتوکاڵ، بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵامی پێویستییەکانی بەکاربردنی ناوخۆ بداتەوە، و بۆ ئەوەی هانی هاوردەکردن بدرێت، پێویستە حکومەت جەخت بخاتە سەر ئەم بوارانەی خوارەوە:

### ئاڵوگۆڕە کەرتییەکان

٣.٢٢ **بەرنامەی گەنم**. پێدەچێت پاڵپشتی نرخی گەنم، کە زۆری تێدەچێت، کۆتایی بێت. وەک هەنگاوێک بۆ ماوەی کورتخایەن، پێویستە ئەو گەنمانەی کە کڕاون بە نرخەکەی لەسەری ڕێککەوتوون پارەکانیان بدرێت. بۆ مەودای مامناوەندی، وا پەسەندە پاڵپشتی گەنم (و جۆ) وردە وردە نەمێنێت، بۆ ئەوەی ئیتر تەنها جەخت نەخرێتە سەر ئەم بەرهەمە و بەرهەمی تریش کە بەهایان گرانە بچێندرێن، وەک میوە، سەوزە، و بەرهەمی ئاژەڵ.

٣.٢٣ **پاڵپشتی کەرەستەکان (Input subsidies)**. چەندین پاڵپشتی نرخ هەیە بۆ کەرەستەکان (وەک پەیین، تۆو، مەوادی کیمیاوی، و سووتەمەنی). لە ئێستادا دیار نییە ئاخۆ چەندیان تێدەچێت و کێ وەریان دەگرێت. دیسان، لەبەر فشاری دارایی، پێویستە درێژە نەدرێت بەم پاڵپشتی نرخانە.

## سیاسەتەکانی بواری بازرگانی

٣.٢٤. **قەدەغەکردنی هاوردەکردن**. بۆ ئەوەی ئەو کەرەستە خۆراکییانە بپارێزرێت کە لەناوخۆ بەرهەم دەهێنرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان قەدەغەکردن دەسەپێنێت. بەڵام بەشداربووانی بازاڕ گومان دەخەنە سەر کاراییان و هەندێکی تر باسی ئەوە دەکەن ئەمانە دەبنە مایەی گەندەڵی. پێویستە لە نزیکەوە لێکۆڵینەوە بکرێت لە کاریگەری ئەم جۆرە قەدەغەیە و ئەگەر کاریگەریان نەبوو، کە نییانە لە ڕاستیدا، ئەوا نەهێڵدرێن. ئەگەر کاران، ئەوا ئەوسا پێویستە ڕێک بخرێن.

٣.٢٥. **گومرک لەسەر هاوردە**. هەندێک گومرک دانراوە لەسەر ژمارەیەکی بێکۆتا لە کەرەستە، وەک ئامێری کشتوکاڵی. نوێنەرانی کەرتی تایبەت باسی ئەوە دەکەن کە تێچووی تراکتۆرێکی مامناوەندی، کە لەسەر سنوور نزیکەی ٢٠,٠٠٠ دۆلارە، پێنج هەزار دۆلاری تریشی گومرک و مۆڵەت وەرگرتن دێتەسەر. دەبێت ئەم گومرکانە لاببرێن. هەر دابەزینێک لە داهاتی دارایی دەتوانرێت هاوسەنگ بکرێت بە کەمکردنەوەی پاڵپشتی کەرستەکان. نەهێشتن یان ڕێکخستنی قەدەغەکردنی هاوردە و گومرکی هاوردە پێویستە بە هەماهەنگی بێت لەگەڵ حکومەتی عێراق، چونکە کار دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان و عێراقیش.

## پشتگیری لە جوتیاران

٣.٢٦. دەبێت ئامانج لە بەرنامەی پشتگیری جوتیاران بریتی بێت لە فرەچەشنێتی بەروبوومەکان بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵامی داواکارییەکانی بەکاربردن و ئەگەری هاوردەکردن بداتەوە، و بەروبووم بەرز بکاتەوە بۆ ئاستی جیهانی، گەشە بە کێڵگەکان بدات و خزمەتیان بکات، و جوتیارەکان بخرێنە ناو زنجیرەی مۆدێرنی دابینکردنی خۆراک. بۆ ئەم مەبەستە، دەتوانرێت پێشنیاری چەند دەستپێشخەرییەک بکرێت بۆ پشتگیری لە جوتیاران.

٣.٢٧. **لێکۆڵینەوە لە کشتوکاڵ**. لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدرێت لە لایەن چوار بنکەی لێکۆڵینەوەوە. جاران ئەم بنکانە لەلایەن ڕێکخراوی فاو تەمویل دەکران. چەند گرفتێک ڕووبەڕووی ئەم بنکانە بۆتەوە وەک، یەکەم، ئەم بنکانە (بەلای کەمەوە ئەوەی هەولێر) سەرقاڵی چەندین چالاکییە. دووەم، تەمویلەکەیان کەمە. سێیەم، ئەنجامەکانیان ناگات بە بەرهەمهێنەکان. چوارەم، بڵاوکردنەوەی ڕێژە نوێیەکان دوادەکەون لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقەوە، کە ساڵانە کاتێکی زۆری دەوێت تا ڕەزامەندی دەدرێت لەسەریان، کە وا باوە دوو ساڵ بخایەنێت. پێویستە بنکەکانی لێکۆڵینەوە قەوارەیەکی سەربەخۆ پێک بهێنن، بەم شێوەیەش کەمکردنەوەی ڕۆتینی دوا کەوتن. هەروەها پێویستە جەختیان چڕبکەنەوە و ئەولەوییەت دابنێن بۆ چالاکییەکان بۆ ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی. پێویستە لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە بە هەماهەنگی بکرێت لەگەڵ دەزگا گشتیەکانی لێکۆڵینەوەی کشتوکاڵی. هەروەها پێویستە بنکەکانی لێکۆڵینەوە هەماهەنگی بکەن لەگەڵ کۆلیژەکانی کشتوکاڵ و هەروەها لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

٣.٢٨. **خزمەتگوزاری ڕێنمایی**. لە ڕاستییدا خزمەتگوزاری ڕێنمایی لە ئارادا نییە، بۆیەش ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ناگات بە بەرهەمهێنەرەکان. بۆ کارکردن لەسەر ئەم بابەتانە، پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو چاکسازی بکات لە فەرمانگەی ڕێنمایی و مەشق و لێکۆڵینەوە و دەبێت هەماهەنگی بکات لەگەڵ بنکەکانی لێکۆڵینەوە و کۆلێژەکانی کشتوکاڵی، بەم شێوەیە سێگۆشەیەکی کارا دروست دەکرێت لە خوێندن–لێکۆڵینەوە–دابەشکردن. پێویستە فەرمانگە بەرپرسیار بێت لە مەشقکردن، ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە بەروبووم، و دابینکردنی زانیاری ناوبەناو بۆ جوتیاران.

٣.٢٩. وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پێویستە پێداچوونەوە بکات بە پاڵپشتی نرخەکان و بەرنامەی دڵنیایی بەروبووم بۆ ئەوەی هاوسەنگ و ڕێکوپێکیان بکات تا لەگەڵ نرخە جیهانییەکان بگونجێن.

٣.٣٠. بۆ تەواوکاری جوتیاران لەگەڵ زنجیرەی دابینکاری مۆدێرن، پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئاستی بەڵگەنامە و ژێرخان و پشتگیری تەکنیکی لەسەرتاسەری زنجیرەی دابینکاری کشتوکاڵییدا بەرزتر بکاتەوە. لەناو ئەمەشدا داڕشتنی ستاندارد بۆ پراکتیزەکانی باشی کشتوکاڵ، و دابینکردنی پشتگیری بۆ کەرتی تایبەت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زنجیرەی دابینکاری و بۆ وەبەرهێنان لە زەوی و لە پرۆژەی کشتوکاڵی.

### زانیاری لەسەر کەرت و بازاڕ

٣.٣١. **ڕووپێووی کشتوکاڵی**. زانیاری لەسەر کشتوکاڵ زۆر سنووردارە و کواڵیتیەکەی باش نییە، جێی سەرسوڕمان نییە، چونکە لەم دواییەدا هیچ ڕووپێوێکی کشتوکاڵی لە هەرێم ئەنجام نەدراوە. پێویستە بەم زووانە ڕووپێوێک ئەنجام بدرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بابەتی وەک قەبارەی کێڵگە، پێکهاتەی هێزی کار، کەرەستە بەکارهێنراوەکان، پارەی وەرگیراو لەبەرامبەر بەرهەمەکان و پارەی دراو بە کەرەستەکان، و دابینکردنی ئەم زانیارییانە و بەردەست خستنی بۆ لێکۆڵینەوە لە لایەن زانکۆکانەوە.

٣.٣٢. **زانیاری لەسەر بازاڕ**. زانیاری لەسەر نرخ زۆر سنووردارە. پێویستە ئەو زانیارییانەی لەسەر نرخ کە لە لایەن عەلوەکانەوە کۆدەکرێنەوە، ڕۆژانە کۆبکرێنەوە (ئێستا هەفتانەیە). پێویستە ئەم نرخانە بخرێنە پێش چاوی هەمووان بۆ ئەوەی جەخت بکرێتەوە لەوەی جوتیاران و بازرگانان و هاوردەکاران و حکومەت هەموویان ببیبنن. ئەم داتایە هەروەها زۆر سوودبەخش دەبێت بۆ لێکۆڵینەوەکان. هەروەها، پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو داتا لەسەر ڕەوشی کشتوکاڵ وکەشوهەوا کۆبکاتەوە، هەروەها لەسەر خاک، ئاو، بەروبوومەکان و نرخەکان، و بەرهەمهێنانی ئاژەڵی. دەکرێت ئەمانە لە ڕێی ڕووپێوێکی بەرایی ئەنجام بدرێت لەگەڵ کۆکردنەوەی بەردەوامی زانیاری بازاڕ. لە ئێستادا لە هیچ کام لە چوار کۆلیژە کشتوکاڵیەکە بەشێک نییە بە ناوی ئابوری کشتوکاڵی. پێویستە بە لای کەمەوە کۆلیژێکیان بەشی ئابوری کشتوکاڵی بکاتەوە کە لێکۆڵینەوەکانی جەخت بخەنە سەر زانیاری بازاڕ بۆ ئەوەی بڕیارەکان پشتئەستوور بن بە زانیاری. ئەم فەرمانگەیە پێویستە لە نزیکەوە هاوکاری بکات لەگەڵ بنکەکانی لێکۆڵینەوە و خزمەتگوزارییەکانی ڕێنمایی.

## چوارچێوەی ڕێکخستن

٣.٣٣. پێدەچێت مەرجەکانی وەرگرتنی مۆڵەت درێژخایەن بن و هەندێک جار ڕوون نین. سەرەڕای بەرزبوونەوەی نرخی بەرهەمهێنان، ئەم مەرجانە دەبنە مایەی گەندەڵی. پێویستە پرۆسەکە ئاسان بێت و ئەوەندەی بکرێت لە دەستی یەک دەزگادا بێت "لە یەک شوێن هەموو کارەکان بکەیت". پێویستە بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق کار بکرێت لەسەر ڕێکوپێک کردنی پرۆسەی مۆڵەتدان.

٣.٣٤. **پسووڵەی خۆراک.** ڕەنگە نەمانی بەرنامەی دابەشکردنی گشتی، ببێتە مایەی بووژانەوەی کشتوکاڵ لە هەرێم و ئەو ناڕێکوپێکیە نەمێنێت کە بازاڕی خۆراکی نقوم کردووە، هەروەها هاوکارییەکە بە شێوەیەکی ئامانجگیرتر بگەیەنرێت بە هەژاران. هاوکات لەگەڵ ئەمەدا دەکرێت کارتی زیرەک دابەش بکرێت کە گرێدراو بێت بە ناسنامەی بایۆمێتریک لە ڕێی تۆمارکردنی گشتیەوە. لە ئێستادا تاوتوێی ئەم بژاردەیە دەکرێت. هەندێک ئەزموونی جیهانی هەیە کە دەکرێت ڕەچاو بکرێن. بۆ نموونە لە کۆتایی ٢٠١٤ بەرنامەی هاوکاریی تەواوکاریی خۆراک (SNAP کە پێشتر پێی دەگوترا بەرنامەی کۆپۆنی خۆراک) لە ویلایەتە یەکگرتووەکان گۆڕا و دەستپێشخەرییەکی لەو جۆرەی ئاوێتە کرا، کە پێی دەگوترێت دەستپێشخەریی خۆراک بۆ نائاسایشی خۆراک. ئەم دەستپێشخەرییە توانای کڕین بە کارتی سناپ یان فود ستامپ دەدات بە کەسەکە لە بازاری جوتیاران. ئەگەر کەسێکی وەرگری بەرنامەی سناپ دە دۆلاری بەکارهێنا لە بازاڕی جوتیاران بۆ کڕینی میوە و سەوزەی تازە، ئەوسا بایی ٢٠ دۆلار خۆراکیان پێدەدرێت. ئەو دە دۆلارەی جیاوازییەکە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵی ئەمریکاوە و کۆمەکبەخشی تایبەتەوە تەمویل دەکرێت، کە ئەمە سوودی هەیە هەم بۆ خێزانی کەم داهات و هەم بۆ جوتیارە خۆماڵییەکان.

### ج. ئاسایشی ئاو و بەڕێوەبردنی ئاو

٣.٣٥. **تا دێت کەمی ئاو دەبێت ڕوو لە زیادبوون دەکات.** ئەم کەرتە تووشی دابەزین بووە لە ئەنجامی بچووکی سەرچاوەکان لەناو هەرێمی کوردستان و خراپیی جۆرەکەی. لەگەڵ ئەمەشدا، داواکاری لەسەر ئاو بۆ کشتوکاڵ و بۆ خێزانەکان و بۆ پیشەسازی (لە ناویدا بۆ کەرتی نەوت) تا دێت بە خێرایی زیاد دەکات. سەرەڕای ئەمەش، ئاو پێویستە بۆ وزەی کارەبا و ژینگە، قووڵبوونەوەی کەمی ئاو تا دێت بە تێپەڕبوونی کات زیاتر دەبێت چونکە لە سەرەوەی سەرچاوەکان ژێرخانی ئاو دروست دەکرێت و بەم شێوەیەش هەرێمی کوردستان و بەشەکانی تری عێراق زیاتر نەداردەبن لە بواری ئاو (لە نەبوونی ڕێککەوتن لەسەر حەوزی دیجلە و فورات). زیادبوونی خێرای داواکاری لەسەر ئاو بەشێکی بریتییە لە ئەنجامی کەموکوڕییەکی زۆر لە بەکارهێنانی ئاودا و لە ئەنجامدا بڕێکی زۆری دەبێت بە هەڵم و هەروەها هەندێکی لە تۆڕی ئاوەکەدا بزر دەبێت، و شێوازەکانی بەڕێوەبردن لە کشتوکاڵ و لە بەکارهێنانی تری ئاودا دەبێتە مایەی کەمبوونەوە و سوێربوون و پیسبوون، ئەمانەش کار دەکەنە سەر جۆری ئاوی سەرچاوەکان.

٣.٣٦. **دیدگای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئاو پێویستی بە شەبەنگێکی بەرفراوان هەیە لە ئامانج.** یەکەم شت بریتییە لە دابینکردنی ئاوی گونجاو بۆ خەڵک لە چەندایەتی و لە چۆنیەتی. بۆ ئەوەی ئەم ئامانجە پتەو بکەیت، پێویستە هەندێک هەنگاو لەناوخۆ جێبەجێ بکرێت کە دەکەوێتە دەرەوەی بواری ئاو: دابینکردن و دابەشکردنی ئاو بە گوێرەی بەڕێوەبردنی داواکاری، بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاراتر ئاو بەکاربهێنرێت بۆ نموونە ئاودێری مۆدێرن و سیستمی ئاودێری بەپێی پێویست، و ریساکلینی ئاو، و بەرپرسیارێتی تر، و بەکارهێنانی گونجاوی ئاو، و کەمکردنەوە و سوککردنی وشکەساڵی، هاندانی هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و دامەزراندنی رێگە بۆ هاوکاریی کارا لەگەڵ دراوسێی سەرچاوەی ئاوەکان. ستراتیجێک کە بتوانێت خواست و خستنەڕوو رێک بخات بۆ هەموو بەکارهێنەرانی ئاو، بریتییە لە پێکهاتەیەکی تەواوکەر بۆ ئاسایشی ئاو، هاوکارییە بۆ ڕەچاوکردنی گۆڕاوەکانی هایدرۆلۆجی و وشکەساڵی، و ئەمانەش گرفتی کەمیی ئاو سەختتر دەکەن. ئەو دەزگا و سیاسەت و رێکارانەی کە دەبنە مایەی بەدەستهێنانی ئاسایشی ئاو، هەروەها دەبنە مایەی پاراستن و بەرەوپێشبردنی بواری تر وەک تەندروستی مرۆڤ، گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابوری، و خزمەتگوزارییەکانی سیستمی ژینگە.

٣.٣٧. **بۆ وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی هەرێمی کوردستان لە ئاو لە ئاییندەدا، پێویستە لێکۆڵینەوە بکرێت لەسەر ستراتیجەکانی خواست و خستنەڕوو.** ستراتیجەکانی بواری خستنەڕوو بریتین لە زیاترکردنی بڕی ئاوی پاک لە رێی بەکارهێنانی باشتری بەنداوەکانەوە، و جێبەجیکردنی ستراتیجە نوێیەکانی تەرخانکردنی ئاو و کاری خەزانەکان. ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێرزەوی هەر یەکێکیان رۆڵی گرنگی خۆیان هەیە لە دابینکردنی ئاوی پاک. کۆنترۆڵکردنی خواست لەسەر ئاو هێندەی ئەوە گرنگە کە جەخت لە دابین کردنی بڕی پێویستی ئاو بکەینەوە بۆ هەر کەرتێک.

٣.٣٨. **سروشتی بەکارهێنانی ئاو و گرفتەکان لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر جیاوازە.** ئەو سیاسەتانەی بەکاردەهێنرێن بۆ کارکردن لەسەر کەلێنی نێوان خواست و خستنەڕوو، پشت بە چەند فاکتەرێکی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و ئابوری و تەکنیکی دەبەستێت. پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە لە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە ئەگەر دەستکاری پێویستی ستراتیجەکانی بەڕێوەبردنی بەردەست بکرێت لە چوارچێوەی شێوازێکدا کە کار لەسەر بابەتەکانی بواری داواکاریش بکات. بۆ هاندانی بەکارهێنانی رێکوپێکی ئاو و بۆ چنینەوەی سوودەکانی ئەو وەبەرهێنانە گەورەیەی لە گەشەپێدانی سەرچاوەکانی ئاودا ئەنجام درا، وا پەسەندە کە حکومەت چەند دەستێوەردانێک بکات کە هەم بەرفراوان بن و هەم هەژاران بکەنە ئامانج، کە نەک تەنها کار دەکەنە سەر گەشەپێدان و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو بەڵکو لەسەر گەیاندنی خزمەتگوزارییەکەش. ئەو بوارانەی کە ئەولەوییەتن بریتین لە: (i) پلاندانان و بەڕێوەبردنی ئاسایشی ئاو (ii) چاکترکردنی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکە (iii) پتەوکردنی میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی ناوخۆیی و یەکێتییەکانی بەکارهێنەرانی ئاو.

**ئەولەوییەتی ١: پلاندانان بۆ ئاسایشی ئاو و بەڕێوەبردنی**

٣.٣٩. **خەسڵەتێکی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە هاتوو و دەرچووی ساڵانە زۆر گۆڕان بە خۆیەوە دەبینێت**، تەنانەت بەبێ ئەوەی گۆڕانی کەشوهەوای جیهان لەبەرچاو بگرین. هەروەها مەودایەکی کەم هەیە بۆ زیاترکردنی توانای خەزنکردن، و تا دێت خواست زیاتر ئەبێت بۆ ناوخۆ و بۆ پیشەسازی و کشتوکاڵ. وەڵامەکانیش کۆتوبەندیان لەسەرە وەک نەبونی سیاسەتێکی تەواوکەری ئاو. دەزگاکانی پلاندانان و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو پێویستە کاریان لەسەر بکرێت و پتەوبکرێن لەسەر ئاستی ناوەندی، و بەڕێوەبردنی ئاو پێویستی بە شەفافیەت و بەرپرسیاربوونە لە هەموو ئاستەکاندا. بەدەستهێنانی ئاسایشی ئاو پێویستی بە تێروانینێکی وردە لە ئامادەیی ژێرخانی هەنووکەیی و ئاییندەدا. هەروەها پێویستە ڕێوشوێن بگیرێتە بەر بۆ بەڕێوەبردنی خواست وەک: (i) نرخ، کە دەبێت ڕەنگدانەوەی بەهای دەگمەنێتی سەرچاوەکانی بێت، لەگەڵ پاڵپشتی نرخ بۆ جەختکردنەوە لە پاراستنی هەژاران، (ii) هاندان بۆ کەمتر بەکارهێنانی ئاو لە شارەکان (مەتری پێوانە، بەرنامە بۆ کەمترکردنەوەی بەفیڕۆچوونی ئاو لە سیستمەکە و لە ماڵان (iii) چاکترکردنی کارایی لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی (iv) وەبەرهێنان بۆ داخستنی سووڕی ئاو، واتە ریسایکلی ئاو.

٣.٤٠. **هاوکاری بۆ سەرچاوە هاوبەشەکانی ئاو، لە ئاستی ناوخۆ و لە ئاستی نێودەوڵەتییش، بەردی بناغەیە بۆ بەدەستهێنانی ئاسایشی ئاو.** ئەمڕۆ نزیکەی ٥٠ لەسەد لە ئاوی سەرزەوی لە دەرەوەی سنوورەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و گەشەپێدانەکان لە سەروچاوەکانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو ئەو ئاوە کەم دەکاتەوە کە دەگەنە سنوورەکان لە نێوان ئێستا تا ٢٠٣٥. تورکیا و ئێران هەر یەکێکیان پلانی خۆی هەیە بۆ کارکردن لەسەر ئامانجەکانیان لە بواری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابوری لە ڕێی بەرفراوانکردنی ئاودێری کشتوکاڵ، چالاکی پیشەسازی، و دروستکردنی کارەبا. بونیاتنانی ژێرخان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە هەر لە ئێستاوە کاریگەری هەبووە لەسەر هایدرۆلۆجی و کواڵیتی ئاو لە شوێنەکانی کۆکردنەوەی ئاو وەک بەنداوەکان، و لەو لقانەی لێیانەوە دروست کراوە. گەشەپێدانی بەردەوام لە وڵاتی سەرچاوە بەردەوام فشاری تر دەخاتە سەر هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی ئاسایشی ئاو مەگەر ڕێوشوێنی هاوکارانە بگیرێتە بەر. پێویستە هاوکاری هەبێت لە نێوان عێراق (بە هەرێمی کوردستانیشەوە)، تورکیا، سوریا و ئێران بۆ ئەوەی کۆششی هاوبەش بکرێت بۆ پاراستنی ئاو و بەکارهێنانی شێوازی باشی بەکارهێنانی ئاو.

## ئەولەوییەتی ٢: باشترکردنی خزمەتگوزاری ئاو

٣.٤١. **کشتوکاڵ دەناڵێنێت بەدەست کەمی ئاستی بەرهەمهێنانەوە.** ساڵانێک لە وەبەرهێنان بە شێوەیەکی پەراوێز توانیویەتی بەکارهێنانی ئاو باشتر بکات، بەڵام بەگشتی ئاستی بەرهەمهێنان هەر لاوازە. سەرەڕای ئەمە، ئاوی ژێرزەوی زۆر بەکاردەهێنرێت و لە ئەنجامدا ئاستی ئاوەکان دابەزیوە، و خوێیاوبوونی لەسەرخۆ ڕوویداوە لە چینەکانی ئاوی ژێرزەوی و لە زەوییە کشتوکاڵییەکاندا. کارە ئەولەویەتەکان بریتین لە نوێکردنەوەی ژێرخانی ئاودێری و دەزگاکانی، پیادەکردنی بەهای بەرزتر و نرخی بەرزتر، ئەو بەروبوومانەی ئاوی کەمیان دەوێت، بەکارهێنانی تەکنیکی باشتری چاندن و

کۆکردنەوەی بەروبووم، شاند بۆ ڕێخکراوەکانی ناوخۆیی و هی کێڵگەکان، و ستراتیجێک بۆ بەڕێوەبردنی داواکاری و بەردەستی ئاوی ژێرزەوی.

**٣.٤٢ خزمەتگوزارییەکانی دابینکردنی ئاو چەسپاو نیە و بەفیرۆچونی گەورەی تەکنیکی ڕوودەدات و بەڕێوەبردنەکەشی باش نییە.** ڕەسمی کەم پشت دەبەستن بە پاڵپشتی نرخ لە لایەن دەوڵەتەوە. کەرتێکی گەورەی ڕێک نەخراوی نافەرمی ئاو هەیە کە داواکارییەکی زۆری هەیە بۆ ئاو و نرخەکەی گرانە بۆ هەژاران. ریسایکلنی ئاو زۆر سنووردارە. وەبەرهینان لە دابینکردنی ئاو و ژێرخانی پاککردنەوە بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکە زۆر پێویستە. هەروەها دەزگاکانی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکە پێویستیان بە چاکسازییە بۆ ئەوەی کاراییان زیاتربکرێت و بەفیرۆدان کەمتر بکرێت و نرخەکان کۆبکرێتەوە لە ڕێی هاوبەشی گشتیو تایبەتەوە.

**٣.٤٣ لە ساڵانی دواییدا کەمتر بەرەوپێشچوون رووی داوە لە ئاستی بەرهەمهێنان و تا دێت هەبوونی ئاو بۆ ئاودێری کۆتوبەندی زیاتری لەسەرە.** حکومەت ماوەیەکی زۆر کاری بۆ بەرفراوانکردنی ئاودێری دەکرد، بەڵام ئەداکە باشترین ئەدا نەبوو، و چاکسازییەکانیش هێشتا نەبوونەتە مایەی کاراترکردن و باشترکردنی خزمەتگوزاری ئاو. کەرتی ئاودێری ڕووبەڕووی ئەم ئاستەنگە بۆتەوە و لە سێ بوارەوە تووشی کێشە بووە: بەکارهێنانی ئاو بە شێوەیەکی کارا نییە، زۆر پشت بە تەمویلی حکومەت دەبەسترێت، و ستانداردی بەڕێوەبردن و صیانە زۆر نزمن. بەشێکی لێکۆڵینەوە بۆ باشترکردنی وەبەرهێنان و مۆدیلە دامەزراوەییەکان لە بواری ئاودێرییدا جەختیان خستۆتە سەر چارەسەرکردنی ئەو سێ ئاریشەیە.

## ئەولەوییەتی ٣: پتەوکردنی میکانیزمەکانی بەڕێوەبردن

٣.٤٤ **هێلکارییەکی ڕوون نییە بۆ دەسەڵاتەکانی یاسادانان، ڕێکخستن و کارپێکردن.** زۆر گرنگە بۆ کەرتی ئاو کە بە ڕوونی سێ جۆرە دەسەڵاتەکە جیابکرێنەوە. باشترین پراکتیزە نێودەوڵەتییەکان ئەوانەن کە هەر ئەرکێک دەسپێرن بە لقێکی جیاوازی حکومەت. جێی سەرنجە کە جیاکردنەوەی توندی نێوان دەسەڵاتی ڕێکخستن و دابینکەری خزمەتگوزارییەکان دەبێتە مایەی سڕینەوەی ئەوەی کە ئەمەی دوایی پێداچوونەوە بکات بە ستانداردەکانی ئەدا بەگوێرەی توانای خۆیان، ئەمەش دواجار دەبێتە مایەی دابەزینی ئاستی کواڵیتی خزمەتگوزارییەکە و گرانبوونی نرخەکان. لە بەرامبەر بە ڕەزامەندی لەسەر لێپرسینەوەبۆ ڕێکخستن، ئەوسا دەبێت حەوافز بدرێت بە دابینکەری خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەوەی بە باشی کاربکەن. ڕێگەچارەیەک کە لە ماوەی ئەم بیست ساڵەی دواییدا تاقی کراوەتەوە بریتی بووە لە بەڕێوەبردنی ئاودێری بە بەشدارییپێکردن کە یەکێتی بەکارهێنەرانی ئاو (WUA) لەخۆدەگرێت لە خشتەکانی داراییکردن و بەڕێوەبردندا. چارەسەرەکە درەنجامی لۆجیکی خۆی هەیە لە تەحویلکردنی بەڕێوەبردنی ئاودێری، دەستاودەستکردنی بەرپرسیارێتی لە خشتەی کارپێکردن و صیانە بۆ جوتیارەکان و ڕێکخراوەکانیان. ئەم چارەسەرە بەڵێنی ئەوە دەدات کە حکومەت دووربخاتەوە لە بارگرانی دارایی و لە بەرپرسیارێتی لە کەرەستە و بنەمای کارپێکردن و صیانە و هەروەها چاکترکردنی کارایی و چوستی لە ڕێی تواناداركردنی جوتیارەکانەوە. بە هەرحاڵ، چوستی تەنها بە ڕێژەیەکی پەراوێزیی زیادی کردبوو، و زۆر خشتە هەیە لە خشتەکانی کارپێکردن و صیانە کە جوتیارەکان ناتوانن کاری لەسەر بکەن، بۆ

نموونە، بەڕێوەبردنی سیستمەکانی بنکە سەرەکییەکان و سیستمە سەرەکییەکانی دابەشکردن. سەرەڕای ئەمەش، وەبەرهێنانی گەورە لە ئاودێری وا باوە گەورەتر بێت لە توانای دارایی جوتیاران.

**٣.٤٥ چەمکی هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت (PPP) ڕێگەیەک بێت بۆ هێنانی شارەزایی گونجاوی بەڕێوەبردن و تەمویلی نوێ و حکومەت ڕزگار بکات لە باری گرانی دارایی و کارگێڕی.** چەند ڕێوشوێن و بوارێک هەیە بۆ هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت کە ئەوە دەردەخەن وەبەرهێنان، کارپێکردن و صیانە، و بەڕێوەبردن بریتین لە ئەرکی سەرەکی بۆ بەشداریی کەرتی تایبەت. خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە ئامانجەکە، چووستییەکەی چاکتر کردووە- خزمەتگوزاری ئاو لە کاتی خۆیدا دابین دەکرێت و نرخی هەرزانتریشە و پێویستییەکانی جوتیاران پڕدەکاتەوە. زۆر گرنگە باشترین شێوازی دامەزراوەیی دابڕێژرێت. لەبەرئەوەی کەرتی تایبەت بە شێوەیەکی بەرچاو سەرکەوتووە لە زۆر کاروباری ئاودێرییدا، پێدەچێت زۆربەی حاڵەتەکانی بەڕێوەبردنی هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت حاڵەتی نموونەیی بن. دەشێت لایەنێکی سێیەمی دابینکاری خزمەتگوزاری کەرتی گشتی بێت (بۆ نموونە، دامەزراوەیەکی حکومەت کە چاکسازی تێدا کرابێت و لەلایەنی داراییەوە سەربەخۆ بێت) یان کەرتی تایبەت بێت (بۆ نموونە، دابینکارێکی خزمەتگوزاری ئاودێری ئەهلی کە هەوڵ بدات پرۆژەیێک یان "یەکێتی بەکارهێنەرانی ئاو" بگۆڕێت بە کۆمپانیایەکی ئەهلی".

**خانەی ٣.١ ئەو وانانەی فێریان بووین**

ئەو وڵاتانەی کە ئاویان کەمە، بۆ نموونە ئوسترالیا، سەنگافورە، هند، ویلایەتە یەکگرتووەکان، و چیلی، ئەوەیان پیشان داوە کە ئیرادەی سیاسی گونجاو، دەتوانێت کەمیی ئاو بگۆڕێت بۆ هەبوونی ئاو. ئەو وانانەی فێریان بووین بریتین لە:

ئاوێتەکردنی کۆمەڵگەکان: بەرنامەیەک بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکە بەخێرایی و بە بەشداری هاووڵاتیان بۆ ئەوەی کەلێنی هەبوونی ئاو و پێویستیی ئاو بۆ بەکارهێنان و بۆ ئاودێری پڕبکرێتەوە، بە تایبەتی لە ناوچە هەژارەکان و شارەکان.

بونیاتنانی خزمەتگوزاری ئاسایشی ئاو: بەکارهێنانی بەڕێوەبردنی گونجاوی ئاو لە شارەکان و سیستمەکانی ئاو بۆ کشتوکاڵی بەرهەمهێن کە پێکەوە کاردەکەن لەسەر سەقامگیری و بەردەوامی خزمەتگوزارییەکانی ئاو و سەرچاوەکانی ئاو (دەزگاکان و ژێرخانیش).

بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و رسوم لەسەر ئاو: دامەزراندنی نرخێکی روو لە زیاد کە تا زیاتر بەکاربهێنیت نرخەکەی بەرزتربێت لەگەڵ کۆنترۆڵی بڕی بەکارهێنراو بۆ کۆنترۆڵی تەرخانکردنی و بۆ تەبەنی کردنی تەکنەلۆجیای داهێنەرانە (وەک لابردنی خوێیاوبوون بە خۆر، بەکارهێنانەوەی ئاو، ئاودێریی دڵۆپ) بۆ کارکردن لەسەر کەمیی ئاو بە کەمترین نرخ لە ڕێی کەڵەکەبونی خستنەڕوو و بەڕێوەبردنی خواست.

بەرفراوانکردنی ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتییەکانی بەڕێوەبردنی ئاو: دامەزراندنی چەند سەکۆیەکی تەکنیکی لە چەند وڵاتێک بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری، شیکردنەوە و دایەلۆگ بۆ پشتگیری لە ڕێکەوتننامەی سیاسی لەسەر بەشکردنی سەرچاوەکانی ئاو، لەگەڵ چاکترکردنی چاودێریی سەرچاوەکانی ئاو.

٣.٤٦.    بە گوێرەی ڕێژەی بارانبارینی ساڵانە، هەرێم بۆ سێ بەش دابەش دەبێت: ناوچەی دڵنیایی بارین (زیاتر لە ٥٠٠ ملم)، ناوچەی نیمچە دڵنیایی بارین (٣٥٠-٥٠٠ ملم) و ناوچەی نادڵنیایی بارین (کەمتر لە ٣٥٠ ملم). بۆ وەڵامدانەوەی داواکارییەکان پێویستە سەرچاوەکان بەش بکرێن، چونکە هەرێم هەم دەکەوێتە خوارەوەی سەرچاوەکان و هەم دەکەوێتە لای سەرچاوەکان: ٥٠٪ لە سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی لە وڵاتانی دراوسێوە هەڵدەقوڵێت تورکیا و ئیران. لەلایەکی ترەوە، بەڕێوەردنی سەرچاوەکانی ئاو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر هەبوونی ئاو لە ناوەڕاستی عێراق. گۆڕانی کەشوهەوا و زیادبوونی بەکارهێنانی ئاو لە سەرچاوەکان پێدەچێت کاریگەرێکی نەرێنیان هەبێت لەسەر هەبوونی ئاوی سەرزەوی. بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەم ئاستانگانەدا - داواکاری کە تا دێت زیاد دەبێت، بەشکردنی سەرچاوەکانی ئاو و کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی بەردەست — پێویستە ڕێککەوتنامە هەبێت لە نێوان ئەو وڵاتانەی سنووریان لەگەڵ هەیە لەسەر بەشکردن و بەڕیوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو بە هاوبەشی. تا دێت دەگمەنیی ئاو زیاتر دەکات و کۆتێکی سەرەکییە لەسەر گەشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی.

### سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی

٣.٤٧.    ئاوی سەر زەوی سەرچاوەیەکی گرنگی ئاوە. بەشێوەی رووبار و جۆگە و کانییە. سەرچاوەکانی ئاو پەیوەستن بە بڕی باران و بەفر بارینە ناو حەوزە سەرەکییەکانی ئاو و پەیوەستن بە سیاسەتی بەڕێوەبردنی بەنداو و ئەستێرکەکانی سەر سەرچاوەکانی ئاوە هاوبەشەکان لە تورکیا و ئێران. نەبوونی ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی بۆ بەشکردنی ئاو لە نێوان ئەم دەوڵەتانەدا دەبێتە مایەی ناسەقامگیریی هەبوونی ئاو لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر. پێشبینی دەکرێت کە ئاو کەمتر ببێت و کوالیتییەکەی زیاتر دابەزێت لە ئاییندەدا، پاش ئەوەی کە تورکیا و ئێران پرۆژە ئاودێرییەکانیان تەواودەکەن. ئەم دوو دەوڵەتە هەوڵ دەدەن نزیکەی یەک ملیۆن هەکتار زەوی بۆ کشتوکاڵ بەکاربهێنن، ئاوەکەشی لە حەوزەکانی روباری دیجلەوە دێت. بەم شیوەیە ئەو ئاوەی ڕوباری دیجلە کە دەرژێتە هەرێمی کوردستان و عێراقەوە کەمتر دەکات.

### کانییەکان

٣.٤٨.    کانییەکان وا باوە سەرچاوەی سەرەکی ئاو بن (بۆ ئاودێری و بۆ خواردنەوەش) لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان.

### سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی

٣.٤٩.    ئاوی ژێرزەوی یەکێکە لەو سەرچاوانەی ئاو کە زۆرتر بەکاردەهێنرێت. سەرچاوەی سەرەکییە بۆ ئاوی خواردنەوە و ئاودێری و بۆ بەکارهێنانی تریش لە شار و گوند. ئەنجامە ئامارییەکانی ٢٠٠٦ ئەوە دەردەخەن کە کۆی گشتی بیرەکان نزیکەی ١٩٤٤٨ بیر بوون، کە ٧٩ لەسەدیان بۆ خواردنەوە بەکارهێنراون. ١٨ لەسەد بۆ کشتوکاڵ، و ئەوانی تر بۆ پیشەسازی و بۆ رێنمایی و لێکۆڵینەوەی کشتوکاڵی.

**خواست لەسەر ئاو**

٣.٥٠. بەکارهێنانی سوودمەندانی سەرچاوەکانی ئاو نزیکەی ٣ ملیار مەتری سێجایە لە کۆی سەرچاوەکانی ئاوی بەردەست کە بریتییە لە ٦.٥ ملیار مەتری سێجا.

**کێڵگەکانی نەوت**

٣.٥١. مەزەندەی گەشەسەندنی کەرتی نەوت ئەوە دەردەخات کە بەرهەمهێنانی نەوت، زیاد دەکات. لەگەڵ زیادبوونی بەرهەمهێنانی نەوت، داواکاری لەسەر ئاو بۆ پشتگیری لە پیشەسازییەکە زیاد دەکات (بۆ بەرهەمهێنانی ١ بەرمیل نەوت، ١.٥ بەرمیل ئاو پێویستە). هەروەها لە ئەنجامی ئەو ئاوەی کە بەفیڕۆ دەڕوات لە سیستمەکانی تۆڕی ئاودا، داواکاری لەسەر ئاو لەلایەن کەرتی نەوت زیاتر دەکات. کۆی ئاوی پێویست بۆ پاڵاوتگەکانیش پێشبینی دەکرێت زیاتر بکات. لە ئاییندەیەکدا کە ئاو کەمە، هیچ بیانویەک نییە بۆ بەکارهێنانی ئاوی پاک بۆ پشتگیری لە بەرهەمهێنانی نەوت.

**بەنداوەکان**

٣.٥٢. سێ بەنداوی گەورە هەیە (دەربەندیخان، دوکان، و دهۆک). گۆڕانی کەشوهەوا و جیاوازی لە سیستمی هایدرۆلۆجی خەسڵەتە هایدرلۆجیکییەکان و بوونی دیاردەی کارەسات دەبنە مایەی جیاوازی گەورە لە یەکەی لێشاو و چەندین بواری تری هایدرۆلۆجی. خەزنکردنی ئاوی زستان ئاوی زیاتر پەیدادەکات بۆ سەرفکردنی لە هاوییندا (بۆ ئاودێری، ئاوی خواردنەوە، پیشەسازی، گەشتیاری و وزەی کارەبا). سیاسەتەکە ئەوەیە کە توانای خەزنکردن لە هەرێمی کوردستان زیاتربکرێت لە رێی دروستکردنی ئەستێرکی بچووک و بەنداوی گەورەوە.

**سەلامەتی بەنداو**

٣.٥٣. ئەگەرچی بەنداوەکان رەوشیان باشە و بەنداوە سەرەکییەکان هەندیک پشکنینیان بۆ دەکرێت، بەڵام بە شێوەیەکی سیستماتیکی پشکنینیان بۆ ناکرێت بۆ جەختکردنەوە لە سەلامەتییان و هیچ بەرنامەیەک نییە بۆ سەلامەتی بەنداوەکان. دەبێت یەکەیەکی سەربەخۆ بۆ ئەم مەبەستە پێک بهێندرێت. پێشنیارەکە ئەوەیە کە پلانێکی ناکاوی ئامادە بکرێت بۆ هەر بەنداوێک.

٣.٥٤. **سیستمەکانی دابینکردنی ئاو و پاکوخاوێنی رووبەڕووی ئاستەنگ بیوونەوە پێش ئەوەی قەیرانەکان ڕووبدەن، لە بواری وەک خزمەتگوزاری بەردەوام بۆ هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان.** رێژەی دانیشتوان کە بەشێوەیەکی گونجاو دەستیان بە ئاو دەگات لە سەروو ٩٠ لەسەدە. کواڵیتی خزمەتگوزارییەکە لە بواری بەردوامی هەبوونی ئاو و پەستانی ئاو باش نییە. سەرفکردنی ئاو لە هەرێمی کوردستان بە ٣٧٣ و ٧٠٠ لیتر لە رۆژێکدا بۆ تاکێک مەزەندە دەکرێت. ئەمە رێژەیەکی بەرزە بە گوێرەی تێکڕای سەرفکردنی ئاو لەو وڵاتانەی داهاتیان مامناوەندییە کە نزیکەی ١٦٢ لیترە لە رۆژێکدا بۆ تاکێک.

سەرفکردنی ئاو بەو شێوەیە دەتوانرێت بە دیزاینی سیستمەکە لێک بدرێتەوە کە نرخە هەرزانەکەی ئەوەندەی تریش تێکی داوە[١٠]. هەروەها، خەرجیی بۆ کارپێکردن و صیانە تەنها ٤.٤ لەسەدە.

**خشتەی ٣.١ داهاتی کۆکردنەوەی پارەی ئاو بەپێی ڕێژەی کارپێکردن و صیانە لە ٢٠١١**

| | خەرجییەکان | | داهاتەکان | کۆکردنەوەی پارەی ئاو وەک ڕێژەی کارپێکردن و صیانە |
|---|---|---|---|---|
| | کارپێکردن و صیانە (ملیۆن دۆلار) | وەبەرهێنای سەرمایە (ملیۆن دۆلار) | کۆکردنەوەی پارەی ئاو (ملیۆن دۆلار) | |
| ٢٠١١ | ١١٩.٢ | ١٥٣.٥ | ٥.٢ | ٤.٤ |

**سەرچاوە: داتای MOW، ڕاپۆرتی SENA، و ژمێرەی ستافی بانکی نێودەوڵەتی**

٣.٥٥ **زیادبوونی لەناکاو لە دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی ئاو هاوشان نەبووە لەگەڵ وەبەرهێنانی هاوشێوە لە ژێرخانی ئاوی پیس.** ڕەوشەکە جێی نیگەرانییە. بە تایبەتی لە کامپی ئاوارەکانی ناوخۆ. کەموکوڕییە گەورەکە بریتییە لە نەبوونی دەزگاکان، بە تایبەتی نەبوونی وێستگە بۆ پاککردنەوەی ئاوی پیس و تۆڕی ئاوەڕۆ، بێجگە لە سلێمانی کە لەناو شارەکە و لە هەندێک شارەوانی سەر بە شارەکە تۆڕی ئاوی ئاوەڕۆیان هەیە. نەبوونی تۆڕی خاوێنکردنەوە دەبێتە هۆی زیادبوونی مەترسی لەسەر تەندروستی گشتی و پیسبوونی ژینگە. لە بواری ئاودا، بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی [١١] بۆتە مایەی کەمبوونەوەی ئاستی ئاو، کە ئەمەش بۆتە هۆی گرانبوونی پاککردنەوەی ئاوەکە و دەرهێنانی. هەروەها، کەلێنێکی گەورە هەیە لە نێوان ناوچەکانی شار و ناوچە دوورەکان لە بواری ژمارەی ئەو دانیشتوانەی دەستیان دەگات بە سەرچاوەی ئاو و دەزگای پاکوخاوێنی.

٣.٥٦ **نرخی گونجاو بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری.** دەزگاکانی ئاو و ئاوەڕۆ بە داهاتەکانیان ئەو پارانەیان دەست ناکەوێتەوە کە خەرجیان کردووە لە کارپێکردن و صیانەی خزمەتگوزارییەکان، بەم شێوەیەش داراییەکە نەگونجاوە. ئەو ئاوەی پارەکەی کۆناکرێتەوە بڕێکی زۆرە، ئەگەرچی هیچ داتایەک نییە چونکە زۆربەی ماڵان پێوەری ئاویان نییە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو ڕاستییەی کە زۆربەی خەڵک گلەیی ئەوەیان هەیە کە هێندەی پێویست ئاویان بۆ بەرنادرێتەوە، مانای ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی ستانداری دیزاینەکان بەرزن، بەڵام بەشێکی ئاوەکە ناگات بە بەکارهێنەرەکان. سەرچاوەیەکی تری ناکارایی، بریتییە لە ژمارەی زۆری کارمەندان. چارەسەرکردنی ئەم کەموکوڕییانە لە کولفەی تەشغیلی، لە مەودای درێژخایەندا سوودی گەورەی دەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا، لەبەرئەوەی کرێی ئاو زۆر کەمە و دەزگاکان پشت دەبەستن بەو داراییەی بۆیان دێت، داموەزگاکانی حکومەت پاڵنەرێکی ئەوتۆیان نابێت بۆ هەوڵدان بۆ کارایی. گۆڕینی ئەم هاندەرانە، لەناو ئەمانەدا باشترکردنی پسوولە و کۆکردنەوەی کرێ و زیادکردنی کرێی ئاو و ئاوەڕۆ بۆ سەرجەم بەکارهێنەرەکان هەنگاوێکی زۆر گرنگە.

---

١٠ لە تێکڕای ١ دۆلاری ئەمریکی لە مانگێکدا بۆ شوقەیەک لە هەولێر و دهۆک.

١١مەزەندەی بەکارهێنانی بیر بە ٣٥ لەسەد دادەنرێت لەناوشاری هەولێر و ٤٠ لەسەد لە دەرەوەی شار، لە سلێمانی لەناو شار ٢ لەسەد و لە دەرەوەی شار دەگاتە ٧٠ لەسەد، و لە دهۆک لەناو شار ٢ لەسەد و لە دەرەوەی شار دەگاتە ٤٠ لەسەد.

٣.٥٧.  **پێش ئەوەی هەر گۆڕانکاریەک بکرێت لە نرخەکاندا، پێویستە لە سەرەتادا کار بکرێت لەسەر باشترین شێوازەکانی نرخی نزم و کۆکردنەوەی.** پڕکردنەوەی کەلێن لە سیستمی پارەوەرگرتن دەبێتە مایەی دروستبوونی سەرچاوەیەک بۆ داهات و فشار کەم دەکاتەوە لەسەر زیادکردنی نرخ بۆ جەختکردنەوە لەوەی کە بتوانرێت بەردەوام خزمەتگوزاری ئاو دابین بکرێت. هەروەها دەبێتە مایەی ئەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو و ئاوەڕۆ هێندە پشت نەبەستن بە تەمویلی حکومەت بۆ کارکردن بە سیستمەکانیان و صیانەکردنیان و هاوکات دەتوانن خەلک هان بدەن کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێکتر ئاو و ئاوەڕۆ بەکاربهێنن. لەم کاتەدا لەم بارودۆخەی عێراقدا گرانکردنی نرخەکەی بابەتێکی هێندە گرنگ نییە. زۆربەی خەڵک پارە نادەن لە بەرامبەر خزمەتگوزارییەکانی ئاو و ئاوەڕۆ.

**خانەی ٣.٢ پێوەری ژیر**

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بڕێکی زۆر ئاو بگەڕێنێتەوە لە ڕێی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای پێشکەوتو بۆ پێوەری ئاو "پێوەری ژیر"، کە سەرفکردنی ئاوەکە دەپێوێت و زانیارییەکان ڕەوانە دەکات بۆ دەزگایەکی ناوەندی بۆ ئەوەی چاودێری بکرێت و نرخی بۆ دابنرێت، ئەمە زۆر هاوکاری دەزگاکانی حکومەت دەکات کە بزانن چۆن ئاو بەکاردەهێنرێت و لە کوێ، و هەروەها دەبێت بە بناغەیەک بۆ سەپاندنی رسومی ئاو. ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، کە یەکێکە لەو ولاتانەی زۆرترین بڕی ئاوی تێدا سەرف دەکرێت لە ئاستی جیهاندا، سەرقاڵی ئەوەیە هەموو ئەبوزەبی داپۆشێت بە پێوەری ژیر و چاککردنی نرخی ئاو بە گوێرەی خشتەی پێوەرەکان.

### نەبوونی لێشاوی داهات

٣.٥٨.  پێویستە سیستمێکی باشتر هەبێت بۆ دیاریکردنی نرخەکان و بۆ کۆکردنەوەی پارەکان، بەکاربەرەکان زیاتر ئاشنا بکرێن بە نرخی خزمەتگوزاریەکە و ئەوەی کە دەبێت بە پاراستن و وریاییەوە ئاو بەکاربهێنن و ئینجا هەنگاوی لەسەرخۆ بنرێت بۆ زیاترکردنی نرخەکە لەسەر بەکاربەر و کرێکان زیاتربن بەگوێرەی خەرجییەکان، و سیاسەتی روون و ئاشکرا هەبێت سەبارەت بە پاڵپشتی نرخ. گۆڕانکاری دامەزراوەیی لەو دەزگایانەدا بکرێت، بۆ ئەوەی زیاتر سەربەخۆبن، بەڵام ئەمە پێویستی بە چاکسازی گەورەی ناوخۆییە. لە ئێستادا، دەتوانرێت هەنگاوی مامناوەندی بنرێت بۆ پاراستنی چالاکییەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە بەڕێوەبەرایەتییەکان بەرەو ئەوەی زیاتر سەربەخۆبن و توانای لێپرسینەوەیان هەبێت.

### *ئاودێری*

٣.٥٩.  بەکارهێنانی زەوی بۆ کشتوکاڵ لە زۆربەی ناوچەکان پشت بە ئاوی باران دەبەستێت و کەمترین ئاوی دەوێت. یەکێک لەو بوارانەی کە ڕێگرە لە پێش گەشەسەندنی کشتوکال بریتییە لە سیستمی لاوازی ئاودێری، کە بەرتەسکە و تەکنەلۆجیای پێویستیشی نییە. ئاستی بەکارهێنانی ئاودێری زۆر کەمترە وەک لە جاران، و بواری ئەوە هەیە کە ئاودێری بەکاربهێنرێت بۆ بەروبوومی پڕبەها. ئاودێری لە هەرێمی کوردستان لەبەر سێ هۆ گرنگە: (أ) کەمکردنەوەی مەترسی کەشوهەوا، (ب) جەختکردنەوە لە کواڵیتی و ستاندارەی بەرهەمەکان وەک پێویست بۆ کشتوکاڵی بازرگانی، و (ج) دابینکردنی داهاتێکی شایستە و

ئاستی ژیانی باش بۆ ناوچە دوورەکان. ئاودێری زۆر پڕبایەخە بۆ میوە و سەوزە بۆ ئەوەی کوالێتییەکەی باش بێت و لە کاتی خۆیدا پێبگات، ئەمە سەرەڕای زیادکردنی بەروبوومەکەش. پێشبینی دەکرێت لە ڕێی ئاودێرییەوە جوتیاری کێڵگە بچووکەکان بتوانن بگوازنەوە بۆ کارکردن لەسەر بەروبوومی بەها گران و دەستیان بگات بە بازاڕە تایبەتەکان، و دوورکەوتنەوە لەو کشتوکاڵەی کە تەنها بۆ مانەوە لە ژیان بێت.

٣.٦٠. نزیکەی ١٥٠,٠٠٠ هەکتار لەژێر ئاودێرییە. شێوازە نوێیەکانی ئاودێری (پرژێنەر و دڵۆپە) هێشتا لە قۆناغی بەرایی جێبەجێکردندان.

٣.٦١. بەکاربردنی ئێستای ئاو لە کەرتی کشتوکاڵدا، زۆر بەرزە و کارایی سیستمی ئاودێری زۆر نزمە. پێویستە ڕێوشوێنی پاراستنی ئاو پیادەبکرێت لە کەرتی کشتوکاڵ بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە ئاوی بەردەست بەکاربهێنرێت بۆ پشتگیری لە سەرجەم بەکارهێنەرانی ئاو.

٣.٦٢. بەرهەمهێنانی بەروبووم سەرچاوەی سەرەکی داهاتی ٧٥ لەسەدی جوتیارەکانە، ئەوانی تر پشت بە بەخێوکردنی پەلەوەر دەبەستن. دانەوێڵە بە تایبەتی گەنم و جۆ بەروبوومی سەرەکین. بەخێوکردنی ئاژەڵ و مریشک سەرچاوەیەکی سەرەکی پرۆتین و داهاتی خەڵکی ناوچە دوورەکانن.

٣.٦٣. کەرتی کشتوکاڵ ٧٧ لەسەد لە کۆی ئاوی سەرچاوەکانی ئاو بەکاردەهێنێت. لە ئەنجامدا، کاتێک وشکەساڵی ڕوودەدات، کشتوکاڵ یەکێکە لەوانەی گەورەترین گورزی پێدەکەوێت. بۆ نموونە، ساڵی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ وشکەساڵی ٤٠ لەسەد لە زەوی کشتوکالی عێراقی فەوتاند، و ٥٠ لەسەدی زەوی کشتوکاڵی لە نەینەوا و هەولێر زیانی پێکەوت. لەگەڵ هەڕەشەی وشکەساڵی، ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەی کە پێویستیان بە ئاودێرییە بۆ گەنم بە بڕی ٣٣ لەسەد فراوان بوون لە نێوان ٢٠٠٠ و ٢٠١٠.

**بەڕێوەبردنی وشکەساڵی**

٣.٦٤. لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا ناوبەناو وشکەساڵی لە هەرێم ڕوویداوە و کاری کردۆتە سەر بەروبوومی کشتوکاڵی و سەرچاوەکانی ئاو و بۆتە مایەی زیاتر بەکارهێنانی حەوزەکانی ئاوی ژێرزەوی. ئەمە هەروەها کاریگەریشی هەیە لەسەر کۆچ لە لادێ و گوندەکانەوە بەرەو شارەکان.

**پاڵپشتی نرخ**

٣.٦٥. لەبەرئەوەی ئاوی ئاودێری بە خۆڕاییە، سەرجەم تێچووی کارپێکردن و صیانە بۆ ئاودێری بچووک و گەورە وەک پاڵپشتی نرخ وایە. بڕی پاڵپشتی نرخی ساڵانە بە ٣ ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت (٢٠ دۆلار/هەکتار * ١٥٠٠٠٠ هەکتار ئاودێری). سەرەڕای ئەمانە، پاڵپشتی نرخ هەیە بۆ دەرهێنانی ئاوی ژێرزەوی چونکە جوتیارەکان پارە نادەن بۆ ئاوی ئاودێری و بەکارهێنەرەکانی تریش پارە نادەن بۆ تێچووی کارپێکردن و صیانە. ئەمە بێگومان دەبێتە مایەی نەبوونی هاندەر بۆ دەستگرتن بە ئاوەوە و

یەکێکە لە هۆیەکانی زیادبەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی. هەروەها، ئەو پاڵپشتی نرخەی سەرەوە مووچەی کارمەندانی ئاودێری لە خۆناگرێت کە کار دەکەن لەسەر کارپێکردن و صیانە و دەبێت ئەم پارەیەش بخرێتە سەر کۆی خەرجییەکان.

**خشتەی ٣.٢ رێکارە ڕاسپاردراوەکان بۆ چارەسەرکردنی کەمی ئاو**

| ئاستی **//** | ئاستی **/** |
|---|---|
| IIA: بەڕێوەبردنی تەواوکاریی حەوزەکان<br>• چاودێری و هەڵسەنگاندنی هایدرۆ-جیۆلۆجی<br>• بەڕێوەبردنی داواکاری (طلب)<br>• بەڕێوەبردنی بەردەست (عرض)<br>• بەکارهێنانی گرێدراوێتی<br>• بەڕێوەبردنی کواڵیتی ئاو<br>• بەڕێوەبردنی بەشداری پێکردنی ئاوی ژێرزەوی<br><br>IIB پتەوکردن دەزگاکانی WRM<br>• کۆکردنەوەی داتا و بەڕێوەبردنی<br>• تواناسازی و مەشق<br>• دابەشکردنی زانیاری<br>• ئاشناکردنی جەماوەر<br><br>IIC: هاوبەشی گشتی-تایبەت PPP<br>• PPP لە دابینکردنی ئاو، پاککردنەوەی ئاوی ئاوەڕۆ، و پرۆژەی I&D بۆ هێنانی لایەنێکی سێهەم بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی بە مەبەستی باشترکردن و رێکوپێکترکردنی خزمەتگوزارییەکە. | IA: نوێکردنەوەی سیستمی ئاودیری<br>• چاککردنەوە و نوێکردنەوەی سیستمەکانی ئاودێری<br>• نوێکردنەوەی سیستمەکانی ئاودێریی بیرە ئەهلییەکان (گۆڕین بۆ سیستمی دابەشکردن بە بۆری)<br>• بەڕێوەبردنی ئاوی ناو کێڵگە بە شیوەیەکی باش (لەناویشدا، بەڕێوەبردن بە بەشدارپێکردن)<br><br>IB: چاکترکردنی ئاوەڕۆ و کواڵیتی ئاو<br>• چاکترکردنی ئاوەڕۆ<br>• گەشەپێدانی چوارچێوە و پلانی کار بۆ بەڕێوەبردنی کواڵیتی ئاو<br><br>IC: پرۆژەکانی بەڕێوەبردنی ئاوی ژێرزەوی بە هاوبەشی<br>ID: تەکنەلۆجیای گونجاو بۆ پاککردنەوەی ئاوی ئاوەڕۆ و بەکارهێنانەوەی لە کشتوکاڵدا لە گوند و دێیەکان<br>IE: وەبەرهێنان لە بیری بچووک و خەزنکردنی ئاو |

### ***دامەزراوەکان***

٣.٦٦. وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دابینکاری سەرەکی ئاوە و بەرپرسیارە لە پلاندانان بۆ ئاو، بەکارخستنی بەنداوەکان، وێستگەی کارەبا کە بە ئاو کاردەکەن و پرۆژەکانی ئاودێری. دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە کە پەیوەستن بە سەرچاوەکانی ئاو و بەنداوەکان: بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو و بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداوە گەورەکان. بەرپوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو چەند فەرمانگەیەکی هەیە: فەرمانگەی لێکۆڵینەوە و دیزاین، فەرمانگەی پرۆژەکانی ئاودێری، فەرمانگەی ئاوی ژێرزەوی و فەرمانگەی بەنداوە بچوکەکان (ئەستێرکەکان). کۆی گشتی کارمەندانی ئەو بەڕیوەبەرایەتییە بەم شیوەیەی خوارەوەیە:

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو: کۆی گشتی کارمەندەکانی بریتییە لە ١٥٨٥، لەمانە ٦٨٦ کەسیان کارمەندی تەکنیکین (ئەندازیار، جیۆلۆجی، پسپۆری کشتوکاڵی).

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداوە گەورەکان. کۆی گشتی کارمەندەکانی بریتییە لە ١١٠، لەمانە ٥٠ کەسیان ئەندازیارن، ١٥ جیۆلۆجین، و ٧ کەسیان پسپۆڕی کشتوکاڵن، نزیکەی ٦٥٠ کارمەندیش لە پارێزگاکان دەوام دەکەن.

### *چاکسازیی سەرچاوەکانی ئاو*

٣.٦٧. تا ئێستا کۆششێکی ئەوتۆ نەکراوە بۆ چاکسازی لە کەرتی ئاو، جگە لە نووسینەوەی رەشنووسی یاسای نوێی ئاو. یاسا نوێیەکە زانیاری روونی تێدایە سەبارەت بە پێویستبوونی گەشەپێدانی سەرچاوەکانی ئاو بە شێوەیەکی بەردەوام و ژینگەیی، وەک کاریگەری لەسەر گۆڕانی کەشوهەوا، هاندانی بەشداریکردنی بەکارهێنەران، هەروەها دوو پرەنسیپی جیهانیی تیدایە بۆ بەکارهێنانی ئاو: پێویستە ئەوانەی ئاو بەکاردەهێنن پارە بدەن، و ئەوانەی ئاو پیس دەکەن پارە بدەن.

**خانەی ٣.٣ مۆدیلی نوێ بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری**

| |
|---|
| گواستنەوەی چالاکییەکانی کارپێکردن و صیانە بۆ کۆمپانیایەکی سەربەخۆ بە گرێبەست لە وڵاتی تر بە سەرکەوتوویی بەکارهێنراوە وەک ڤیتنام، کە لە باکوری وڵاتەکە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە کە تێیدا ئاژانسەکانی بەڕێوەبردنی ئاودێری IMAs بە گوێرەی وەرز گرێبەست ئیمزا دەکەن لەگەڵ کۆمپانیا هەرەوەزییەکانی گوندەکان. بە هاوکاری دارایی بانکی نێودەوڵەتی، چین و تورکیا شێوازی هاوشێوەیان پیادە کردووە بۆ فەرمانگەی خودی-ئاودێری و ئاوەڕۆ کە دەزگای سەربەخۆن بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوەی ئاو و ئاو دەفرۆشن بە یەکێتییەکانی بەکاربەری ئاو. ئەم مۆدیلە تازەیە زۆر سەرکەوتوو بووە لە دابینکردنی خزمەتگوزاریەکە و پاراستنی ژێرخانەکە بە بەراورد لەگەڵ شێوازە تەقلیدییە حکومییەکەی ئاودێری و بەڕێوەبردنی ئاوەڕۆ. یەکێک لە هۆیەکانی پەیڕەوکردنی ئەم مۆدیلە ئەوەیە کە دابەشبوونی بەڕێوەبردنی ئاودێری لە رابردوودا کە پشتی بەستبوو بە سنوداڕێتیی کارگێڕی شار و شارۆچکەکان و بوو بوونە مایەی ناکارایی و ناهەماهەنگیی بەڕیوەبردنەکە. |

### *بەڕێوەبردنی ئاوی ژێرزەوی*

٣.٦٨. ئەنجامی ئامارەکان ئەوە دەردەخەن کە کۆی ژمارەی بیرە بەکارهێنراوەکان نزیکەی ١٩٤٤٨ بیرە، کە ٧٩ لەسەدیان بۆ خواردنەوەیە و ١٨ لەسەدیان بۆ کشتوکاڵە و ئەوانی تر بۆ پیشەسازی و بۆ رێنمایی و لێکۆڵینەوەی کشتوکاڵییە. جێی سەرنجە کە ژمارەی بیرەکان لە ئێستادا لەم ژمارەیە زیاترە چونکە بەردەوام بیری تر لێ دەدرێت و بەردوام مۆڵەتی تر دەدرێت و بەردەوام بیر بە نایاسایی و بەبێ مۆڵەت لێ دەدرێت. سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی بە شێوەیەکی زۆر خراپ بەکارهێنراون و ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کە ئاستی ئاوی ژێرزەوی ئێجگار دابەزیوە و رێژەی خوێیاوێتی زەویەکان، زیادی کردووە. لەم بارودۆخەدا زۆربەی خەڵکەکە پەنایان بردۆتە بەر هەڵکەندنی بیری ئاو لەناو موڵکەکانیاندا، ئەمەش هەڕەشەی تەندروستی هەیە چونکە ئەو ئاوەی ژێرزەوی تووشی پیسبوون بووە و پێویستە پێش ئەوەی بۆ ناومال بەکاربهێنرێت، چارەسەربکرێت و پاک بکرێتەوە.

### لێکۆڵینەوە و تواناسازی

٣.٦٩. پێویستە هانی لێکۆڵینەوەی بەردەوام و بەرەوپێشبردنی تەکنەلۆجیا بدرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرتی ئاو بە شێوازێکی زانستی. پێویستە هانی داهێنان بدرێت لە کەرتی سەرچاوەکانی ئاو و خەڵات بکرێت و رێزی لێ بگیرێت. پێویستە وەک پێویست کار بکرێت لەسەر نوێکردنەوەی تەکنەلۆجیا، و دارشتنی شێوازەکانی کار، و پلاندانان و بەڕێوەبردن و ئامادەکردنی خەرجی و حساب و بودجەی ساڵانەی ئاو بۆ شوێنەکان و حەوزەکان، و ئامادەکردنی بودجەی هایدرۆلۆجی بۆ سیستمەکانی ئاو، و هەڵسەنگاندنی قۆناغەکان و ئەدا. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە مومارەسەکانی کێڵگەکان لە کەرتی ئاوی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا شۆڕشی بەخۆیەوە بینیوە بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و شیکاری. پێویستە بەرنامەی چاکترکردنی شارەزایی و مەشق ئامادە بکرێت بۆ ئەو کەسانەی کاردەکەن لە بواری پلاندانان و بەڕێوەبردنی ئاو لە هەموو ئاستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. ئامانجەکە بریتییە لە ئامادەکردنی سەکۆیەک بۆ بونیاتنانی مەعریفە و تواناسازی و بونیاتنانی تۆرێک لە پسپۆڕان و کارمەندانی بوارەکە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، و کارکردن لەسەر چەندین ئەولەوییەت وەک:

- سیاسەتی بەڕێوەبردنی سەقامگیر و بەردەوامی سەرچاوەکانی ئاو و پلاندانان و هاندەرەکان.
- بەڕێوەبردنی تەواوکارانەی ئاو لە شارەکان (IUWM) وەک ئاوی ناتەقلیدی.
- ئاستی بەرهەمهێنان لە ئاوی کشتوکاڵی.
- بەڕێوەبردنی ئاوی ژێرزەوی.
- پڕکردنەوەی کەلێن و کەموکوڕییەکانی خزمەتگوزاری ئاو بۆ هەژاران و ئاوارەکان.

### نیشاندەری جێی متمانە و هەمەلایەنی ئاسایشی ئاو

٣.٧٠. بەڕێوەبردنی رێکوپێکی سەرچاوەکانی ئاو تا ڕادەیەکی زۆر پشت دەبەستێت بە هەبوونی زانیاریی ئاسمانی و کاتی بۆ دابینکردنی زانیاریی بنچینەیی بۆ بڕیاری گونجاو لە بواری بەڕێوەبردندا. چاودێریی ئاوی ژێرزەوی زێدە پڕبایەخە، بە تایبەتی کاتێک سەرچاوەی ئاوی ژێرزەوی لەژێر هەڕەشەی زۆر بەکارهێنان بێت و کواڵیتییەکەی تێک بچێت. چاودێریی بەردەوام و وردی کواڵیتی ئاو و ئاستی ئاو و دەرهێنانی ئاو لە ژێرزەوی مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ سەرکەوتنی بەڕێوەبردنی ئاو. هیچ هەنگاوێک نەنراوە بۆ کارکردن لەسەر ئەم نیشاندەرانەی ئاسایشی ئاو:

- پلان بۆ ئاسایشی ئاو، وەک فرەچەشنیی سەرچاوەی ئاو بۆ شارە سەرەکییەکانی وەک دهۆک، هەولێر و سلێمانی.
- پشت بە یەکتر بەستن – ئاڵوگۆڕی سەرچاوە نوێکراوەکان لە حەوزە هاوبەشەکانی ئەمدیو و ئەودیوی سنوور یان ڕووبارەکانی ئەمدیو و ئەودیوی سنوور.
- تەندروستی ئاوی ژێرزەوی – پڕبوونەوەی حەوزەکانی ژێرزەوی لەگەڵ تێکڕای دەرهێنانی ساڵانە.
- کارایی ئاوی کشتوکاڵی، بە زاراوەی جی دی پی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بەگوێرەی ئاوی بەکارهێنراوە بەرهەم بەگوێرەی مەتر سێجا.

- گشتگیری – کەلێنی خزمەتگوزارییەکە لە بواری ئاوەڕۆ.
- تەندروستی – بەشی شار و پیشەسازی لە ئاوی خاوێنکراو.
- سەقامگیری دارایی – تێکڕای نرخی ئاو لە شار و لە ناوچەی کشتوکاڵی، وەک ڕێژەی سەدی تێچوو بۆ کارپێکردن و صیانە.

## د. چاکسازیی لە کەرتی خزمەتگوزارییەکان

٣.٧١ **خزمەتگوزارییەکان و بازرگانی خزمەتگوزارییەکان دەشێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی هەرێمی کوردستان.** وەک هەوڵەکانی پشتگیری لە فرەچەشنکردنی ئابوری هەرێمی کوردستان. خزمەتگوزارییەکان بریتین لە تێخراوی گرنگ بۆ هەر شێوەیەک لە شێوەکانی بەرهەمهێنان، هەروەها پێکهاتەیەکی گرنگن لە پێکەوە بەستراوێتی هەرێم، بەم شیوەیە بوارێکی سەرەکین بۆ توانای کێبڕکێی هەرێمی کوردستان و توانای بەرزکردنەوەی زنجیرەی بەهای ناوخۆ و هەرێمایەتی و جیهانی. دەکرێت خزمەتگوزارییەکان ببن بە سەرچاوەیەکی گەورە بۆ هاوردەکردن بۆ دەرەوە و بەدەر لە کەرتی نەوت و گاز، ببن بە مۆدیلی هەرێمەکە، و ببن بە سەرچاوەیەک بۆ بەکارخستن، بەدەر لە کەرتی گشتی. بۆ نموونە، وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بڕێکی زۆر وەبەرهێنانیان کردووە لە کەرتی خزمەتگوزارییەکاندا وەک بازرگانی تاک و کۆ، گەشتیاری و هۆتێل، دارایی و بیناسازی، بەبڕی زیاتر لە ٦٠ لەسەد بەشداری دەکەن لە گەشەسەندنی جی دی پی و دروستکردنی هەلی کار (McKinsey, ٢٠١٥). نموونەکان بریتین لە کەرتی دارایی لە بەحرەین، هێڵی ئاسمانی و لۆجسیتیک لە قەتەر و ئیمارات، و گەشتیاری لە دوبەی.

٣.٧٢ **هەرێمی کوردستانی عێراق کە خاکێکی داخراوە، زیاتر پشت دەبەستێت بە خزمەتگوزارییەکان، دەتوانرێت ئەم ڕەوشە بگۆڕدرێت و بکرێت بە دەرفەت.** هەرێمی کوردستان دەرفەتی لە پێشە ببێت بە سەکۆیەک و ناوەندێک بۆ گواستنەوە و دابینکردنی خزمەتگوزاری لە وڵاتەکە و لە ناوچەکە، وەک دیارە سنووری هەیە لەگەڵ چەندین بازاڕی گەورە. خزمەتگوزارییەکان بە ئاسانتر بە دەروازە سنوورییەکاندا تێدەپەڕن وەک لە کەلوپەل. کوردستان دەتوانرێت بکرێت بە دەروازەیەکی ئارام بۆ دابینکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خزمەتگوزاری بۆ ناوچەکانی تری عێراق و بۆ دەرەوەش، هەر لە گەشتیارییەوە تا دەگاتە نووسینگەی پشتەوە یان خزمەتگوزاری پسپۆڕیی گرێبەست. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەرێمی کوردستان چەند ئاستەنگێک لە پێش بازرگانی خزمەتگوزاری هەڵگرێت کە تا ئێستا کاریان پێدەکرێت. ئەو خزمەتگوزارییانە زیاتر لە ئاستی ناوەندکارییدا ڕوودەدەن و تۆڕێکی جیهانی دەبن، و پاراستنی پیشەسازی خزمەتگوزاری "ساوا" کاریگەری پێچەوانەی دەبێت و لە لێشاوی بازرگانی جیهان دەیانکاتە دەرەوە. لە بواری کەرتی خزمەتگوزارییەکاندا، لەبەر بایەخی ناوبانگ و شارەزایی، پێویستە کەسێک یەکەمجار هاوردە بکات بۆ ئەوەی سوود وەربگرێت لە هەموو جۆرە تەحویلکردنەکانی ناو تۆڕەکە (سەرمایە، مەعریفە، چۆنیەتی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا) و ناوبانگێک بۆ خۆی بونیات بنێت (i)گەڕاندنەوەی دڵنیایی یاسایی و ئاسایش، (ii)، تەبەننی کردنی یاسا و ڕێسا و ڕێوشوێنی ئەوتۆ لە جیاتی ئەوانەی کە هەیە و تەمەنیان لە ٣٠ ساڵ زیاترە و کۆن بوون، (iii) توانا‌سازی (شارەزایی، ستاندارد و ژێرخان).


٣.٧٣ **بێجگە لە ڕەهەندە ئابورییەکەی، چاکسازیی لە چوارچێوەی یاسا و ڕێوشوێنەکاندا و باشترکردنی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان لە هەرێمی کوردستان، پێش هەر کەس و لایەنێک سوودی بۆ سەرجەم دانیشتوانی عێراق دەبێت.** لە کاتێکدا کەموکوڕیی گەورە لە ئارادایە بۆ نموونە لە کەرتی تەندروستی و پەروەردە، بۆیە عێراقییەکان لە دەرەوە بۆ ئەو خزمەتگوزارییانە دەگەڕێن کە لە ناوخۆ دەستیان ناکەوێت، و گرانترە بۆ بەکاربەرەکەش و بۆ دەوڵەتیش (بۆ نموونە، کاتێک نەشتەرگەرییەک لەناوخۆ نەکرێت ئەوسا لە هەندەران بۆی دەگەڕێن و پارەکانیان بۆ دەدرێتەوە).

٣.٧٤ **لەبەر ڕەوشی دارایی، حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت بە تەنیا بەسەر ئەم ئاستەنگەدا سەر بکەوێت:** هاندانی وەبەرهێنانی بیانی، هاندانی دەستپێشخەرییەکانی کەرتی تایبەت، و هاندانی هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت، کە ئەمانە پێکهاتەی بنچینەیین بۆ هەر سیاسەتیک کە کاربکات بۆ گەشەپێدانی کەرتێکی کێبڕکێکاری خزمەتگوزاری. کۆمپانیا ئەهلییەکانی خزمەتگوزاری لە هەرێمی کوردستان تا ئیستا بەتایبەت جەختیان خستبووە سەر کڕیاریی کەرتی گشتی، و کەوتبوونە ناو بازنەیەکی داخراو کاتێک حکومەت پارەکانی دواخست و ئەمەش بواری نەهێشتەوە بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنان و بۆ گەشەپێدانی تواناکانیان، ئەم کۆمپانیایانە هەروەها زۆر هەڵپەرست بوون و جەختیان خستبووە سەر داهاتی کورتخایەن (وەک بوژانەوەی خانووبەرە) و هیچ دیدگایەی درێژخایەن و وەبەرهێنانێکیان نەکردووە. پێوانەکردنی خزمەتگوزارییەکانی کۆمپانیاکان بوار دەرەخسێنێت بۆ چرکردنەوە و پسپۆڕێتی کۆمپانیاکان تا بگەنە قەبارەیەکی پڕبایەخ و ببن بە کێبڕکێکار لە بازاڕە جیهانییەکان. هەروەها، ئەم کۆمپانیایانە زیاتر جەختیان خستبووە سەر ناوخۆ و نەگەڕان بۆ دەرفەت لە بازاڕە بیانییەکان.

٣.٧٥ **لە چەند کەرتێکی خزمەتگوزارییدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی ستراتیجی داڕشت لە سەرەتای ٢٠١٠، بەلام جێبەجێ نەکران.** بۆ نموونە لە کەرتی گەشتیارییدا دەستپێشخەرییەکان دەستیان پێکرد، بەڵام پێکدادانەکان بوونە مایەی وەستاندنی بەرەوپێشچوونی کورتخایەن بەرەو گەشەسەندن. دەکرێت ئەم ماوەی خامۆشییە بەکاربهێنرێت بۆ دانانی ئەولەوییەت بۆ چاکسازییەکان و بۆ جەخت خستنە سەر ناوەندێک بۆ وەبەرهێنانی درێژخایەن، وەک ژێرخان، شارەزایی، یان کوالێتی گەشتیاری. کەرتی نەوت و گازیش دەتوانرێت بەکاربهێنرێت وەک بەردەباز بۆ فرەچەشنی: سەرچاوەی ناوخۆیی و بەرنامەی گەشەپێدانی هێزی کار دەتوانن ئاستی خزمەتگوزاری ناوخۆ بەرەوپێش ببەن بەرەو ئەوەی ببێت بە کەرتێکی کێبڕکێکار و ئەگەری هەیە هەناردەش بکرێت. خزمەتگوزاریە تەندروستییەکانیش لە دواوەن، ئەگەرچی پێداویستییەکی گەورەی ناوخۆیی و هەرێمی هەیە (بۆ نموونە زانستی گرێیەکان (علم الاورام) لە ناوچەکانی باشووری عێراق). شێوازێکی گشتگیر دەتوانرێت پیادەبکرێت کە بەرزکردنەوەی خزمەتگوزارییەکان پێکەوە دەبەستێتەوە (هەر لە نۆرینگەکانەوە تا دەگاتە تاقیگەکان) هەروەها لەگەڵ پیشەسازی دەرمانسازییش (دەرمان). هەر لە خزمەتگوزاریی پسپۆڕیەوە تا دەگاتە خزمەتی تاکەکەس و دوکان، دەرفەت لە ئارادایە بۆ سوودوەرگرتن لێیان، بەڵام پێویستە دەوڵەت ڕۆڵی پەروەردەکەر ببینێت.

٣.٧٦ **بازرگانی بە خزمەتگوزارییەوە، بە کەرەستە و کەلوپەلەوە بێت یان بە تەنها خزمەتگوزاری بێت، بریتییە لە دەرفەتێکی گرنگ بۆ فرەچەشنکردن و بەرزکردنەوە و گەشەپێدان و بوارێکە تا ئێستا دەستی لێ نەدراوە بە گشتی**. عێراق وەک زۆر وڵاتی تری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا زۆر پشت دەبەستێت بە هەناردەکردنی کەرەستەی خاو (نەوت و گاز) لە بنەوەی زنجیرەی بەرهەمهێنان ماوەتەوە کاتێک وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بەسەر زنجیرەی بەهادا هەنگاویان بۆ سەرەوە نا (Müller-Jentsch, ٢٠٠٥). وەک لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە، عێراق نەشاز بوو لە بواری بەشی بازرگانی خزمەتگوزاری لە جی دی پی ناوچەکەدا، و بەشی بەشداری بە ڕێژەی سەدی نیوەی ئەوەیە کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا هەیە (١٦ لەسەدە)، و وڵاتانی عەرەب (١٤ لەسەدن) و تەنانەت ئەو وڵاتانەی ڕەوشیان لاوازە و ناکۆکی و پێکدادانیان تیایە ڕێژەکە باشترە (١٣ لەسەد). پەراوێزی گەشەسەندن زۆر گرنگە، و هەرێمی کوردستان دەتوانێت یەکەمی ئەم بوارە و ئەم ستراتیجە بێت.

**شێوەی ٣.٣ بازرگانی خزمەتگوزارییەکان (% ی جی دی پی) ٢٠١٢**




سەرچاوە: نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی جیهانی، ٢٠١٦.

### پێویستە هەرێمی کوردستان کۆتوبەندەکان لابات بۆ ئەوەی ببێت بە هەناردەکاری خزمەتگوزاری

٣.٧٧ **لە عێراق، تەنانەت لە کوردستاندا زیاتریش، زۆر کۆتوبەند هەیە لەسەر کەرتی خزمەتگوزاری.** وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، بە قورسی وەبەرهێنانیان کردووە لە کەرتەکانی خزمەتگوزارییدا وەک بازرگانی تاک و کۆ، گەشتیاری و هۆتێل، دارایی و بیناسازی، و پشتبەستن بە خزمەتگوزاری بۆ بەشداری لە گەشەپێدانی جی دی پی و دروستکردنی هەلی کار. عێراق (بە کوردستانیشەوە) دەبێت شوێنپێی ئەمانە هەڵبگرێت و هەندێک بواری ئەم هەنگاوە ستراتیجە بە چاو بینراوە کە هەر زوو بیناسازی و خانووبەرە و گەشتیاری گەشەیان بەخۆیانەوە بینی پێش سەرهەڵدانی ئەم قەیرانە. لە هەرێمی

کوردستان، هەندێک کۆتوبەند ماون لەسەر دامەزراندن و کاکردنی پسپۆڕیی بیانی کە وا باشترە لابرێن بۆ ئەوەی بوار بدرێت بەم کەرتە و دەرفەتی کاری ناوخۆیی و گەشەسەندن بکرێنەوە. ئەمانە بریتین لە:

- لە هەموو بوارەکانی پسپۆڕێتیدا: نادڵنیایی یاسایی (هەندێک جار مەرجی پێچەوانە هەیە لە فەرمانگە جیاوازەکان، بۆ نموونە بەخشین لە باج و لە خشتەی ڕاپۆرت، یان ئەو ڕێسایانەی کە پیشە و پسپۆڕێتی ڕێک دەخەن لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی عێراق، جۆراوجۆر و لێک جیاوازن)، مەرجەکانی ڕەگەزنامە، هاوتاکردنی بڕوانامە، مەرجەکانی نیشتەجێبوون و ڤیزا.
- لە کەرتی ژمێریاری/وردبینی: کۆتوبەند لەسەر ئەدای وردبینی لەلایەن کۆمپانیا و پسپۆڕی بیانی (پێویستی بە واژووی وردبینێکی ناوخۆییە) تەنها خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری، بەکارهێنانی ستانداردی کۆنی ژمێریاری (پێویستە دوو جار ڕاپۆرت بکرێت و ئەمەش پارەی تێدەچێت بۆ کۆمپانیاکان).
- لە کەرتی یاساییدا، تۆمارکردنی کۆمپانیای بیانی.

٣.٧٨. **بە شێوەیەکی گشتی، کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستاندا کارەکەیان بریتییە لە هاوکاریی وەبەرهێنەرە بیانییەکان لە چالاکییەکانیاندا و لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەت و لەگەڵ فەرمانگەکانی باج.** (دیمانە کراوە لەگەڵ زیاتر لە ٩٠ لەسەد لە کڕیاری کۆمپانیاکان). ئەگەرچی هەندێک لە کۆمپانیاکان بە ستافی بیانی دەستیان پێکردوە، بەڵام لەگەڵ کاتدا لە جێی ستافە نێودەوڵەتییەکە کارمەندی ناوخۆییان دامەزراندووە(بۆ نموونە دیلۆیت Deloitte لە سەرەتادا سەد لەسەدی کارمەندەکانی بیانی بوون لە ٢٠١١ و ئێستا ٣٦ لەسەدیان بیانین). زۆربەیان لە ناوچەکە شوێنپێیان هەیە و نوسینگەیان هەیە لە ئوردن، دوبەی، و لوبنان.

**گەشەپێدانی خزمەتگوزارییەکان بەرسڤی پێویستییە دیاریکراوەکانی هەرێمی کوردستان دەداتەوە لەناو ئەو ڕەوشە جیۆپۆلیتیکە سەختەتەدا**

٣.٧٩. **کەرتی خزمەتگوزاری دەرفەتێکی باش دەدات بۆ دامەزراندن لە کەرتی تایبەت وەک لە هەر کەرتێکی تر، بە تایبەتی بۆ ئافرەتان و گەنجان.** بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕاند (٢٠١٤) هەرێمی کوردستان دەتوانێت پێشبینی ئەوە بکات کە ئەم سێ کەرتەی خوارەوە دەتوانن ژمارەیەکی زۆر لە هێزی کار دابمەزرێنن و ڕێژەی گەشەی دامەزراندن زیاتر بێت لە تێکڕای گشتی بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری ئابوری: (١) بیناسازی، (٢) گواستنەوە و خەزنکردن و گەیاندن، و (٣) کۆفرۆشی و تاکفرۆشی. لە وڵاتانی ڕێکخراوی هاریکاری و پەرەپێدان (OECD) خزمەتگوزارییەکان ٧٥ لەسەدی پیشەکان پێک دەهێنن (زۆرترین ڕێژەی دامەزراندن لە کەرتی خزمەتگوزاریدا بۆ گروپی تەمەنی ١٥–٢٩ سالانە). بە ڕەچاوکردنی ئەگەری گەشتیاری لە کوردستان، زۆر گرنگە سەرنج بدەین لە کەرتی میوانداری وەک سەرچاوەی سەرەکی بۆ "کاری یەکەم" بۆ ئەو کەسانەی شارەزاییان نییە. گەشەی خزمەتگوزارییەکانی ئای سی تی برتییە لە فاکتەرێکی هاوبەش بۆ زیاترکردنی بەکارخستنی گەنجان. سەبارەت بە بابەتی جۆری کۆمەڵایەتی، دوو کەرتی خزمەتگوزاری (گەیاندن و دوکان/ئوتێل/چێشتخانە) بە تەنیا زیاتر لە نیوەی وەزیفەکان بە دەست ئافرەتەوەیە (٥٢ لەسەد بە بەراورد لەگەڵ ٣٣ لەسەد پیاوان) (بانکی نێودەوڵەتی، ٢٠١١). ڕاپۆرتی پەرەپێدانی جیهان ٢٠١٢ (بانکی نێودەوڵەتی، ٢٠١١) پێی وایە زیادبوونی

کاری ئافرەتان (بەڵام نەک پیاوان) لە نێوان ١٩٩٥ و ٢٠٠٥ پەیوەست بوو بە زیادبوونی بازرگانی نێودەوڵەتی و دەرفەتی نوێ لە کەرتی خزمەتگوزاری. بەتایبەت ڕاپۆرتەکە جەخت دەخاتە سەر ئەو کارانەی خزمەتگوزاری کە لە بواری ئای سی تین (وەک پرۆسەکردنی زانیاری لە بانک، بیمە، چاپ و بڵاوکردنەوە، و بنکەی تەلەفون کردن)، کە زۆربەی کارمەندان ئافرەتن، و بواری کارکردن لە ڕێگەی ئامرازەکانی پەیوەندی دەرفەتی نوێی کردەوە بۆ پیاوان و ئافرەتان و باشتر ئاوێتەکردنی خێزان و ژیانی پسپۆڕی. لە هەرێمی کوردستاندا بەشداری ئافرەتان لە هێزی کاردا بۆ تەمەنی ٣٥-٤٤ لە خوار ٢٠ لەسەدە، بە بەراورد لەگەڵ زیاتر لە ٩٠ لەسەد بۆ پیاوان (RAND, ٢٠١٤).

٣.٨٠. **وەک ئامانجێک، دەکرێت ستراتیجەکانی یەکخستنی بازرگانی خزمەتگوزاری پلاندانانی هەرێمایەتی لەخۆبگرێت**. بۆ نموونە لە مەغریب، کەناری ئەتڵەسی لەگەڵ پایتەختە ئابوری و کارگێرییەکاندا بەردەوام ئاراستەکەری ئابوری بووە لە وڵات، بەپاڵپشتی پرۆژەکانی یەکخستنی بازرگانی خزمەتگوزاری، ئامانجی سیاسەتێکی پلاندانانی هەرێمایەتی بریتی بوو لە دارشتنی جەمسەرەکانی گەشەسەندنی نوێ: تەنجە-تەتوان و فاس-میکناس وەک سەکۆیەک بۆ بازرگانی لەگەڵ ئەوروپا و مەغریب، مەراکش و ئەغادیر بۆ گەشتیاری، ورزازات بۆ وزەی خۆر (وەزارەتی دەرەوە، ٢٠٠٦). پرۆژەی گەورە (وەک گواستنەوە لەنێوان سنوورەکان، وزە و تۆڕی گەیاندن) دەتوانن ڕێگەخۆش بکەن بۆ بونیاتنانی ژێرخان و گەشەسەندنی خزمەتگوزاری گونجاو و کێبڕکێکار کە پێشکەشی ژمارەیەکی زۆرتر خەڵک بکرێت. لە هەر چوار نموونەکەدا دەتوانرێت بازرگانی بە خزمەتگوزارییەوە بەکاربهێنرێت بۆ پلاندانانی هەرێمایەتی. گەشتیاری و گواستنەوە، پرۆژەی وزە و بیناسازی و تاکفرۆشی هۆیەکی سەرەکی دەبن بۆ گەشەیەکی هاوسەنگ لە هەرێمی کوردستان.

٣.٨١. **پێویستە لە ڕێی خزمەتگوزاریی گونجاوەوە هەرێمەکە بە بەشەکانی تری جیهانەوە ببەسترێتەوە.** هەرێمی کوردستان نزیکە لە چەند بازاڕێکی گەورە کە زۆر پێویستیان بە خزمەتگوزارییە. هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێت بە سەکۆیەک بۆ گواستنەوە و بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی بۆ ناوچەکە. سەرەڕای ئەمانەش، هەرێمی کوردستان دەتوانێت ژینگەیەکی سەلامەتتر بێت لە ناوچەکانی عێراق یان وڵاتانی دراوسێ. بەم شێوەیە دەتوانێت ببێت بە دەروازەیەکی ئارام بۆ عێراق و وڵاتانی تری لاوازی ناوچەکە: بازرگانی خزمەتگوزاری بەتایبەتی بۆ ئەم جۆرە شوێنە دوورانە گونجاوە. لەبەر سەختیی گواستنەوەی خەڵک لەناو هەرێمەکە، کوردستان بە قورسی پشت دەبەستێت بە تەکنەلۆجیای نوێ و بە تایبەتیش گەیاندن بۆ دەستکردن بە بازرگانی جۆری ٢ (گەشتیاری) و ٤، و پێویستە دەستکاری بەرچاو بکرێت لە ڕێوشوینی پێدانی ڤیزا.

## بازرگانی خزمەتگوزارییەکان وەک سەرچاوەیەک بۆ فرەچەشنکردنی ئابوری: سەیرکردنی ئەو دیو سنوورەکان


٣.٨٢. **پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ بدات ئابوریەکەی فرەچەشن بکات**. ئەمە بریتییە لە کاروباری وەک دانانی ئاژانسێکی ریکلام بۆ هەناردە، و پێدانی هەوافز و خشتەی پشتگیریی لە هەناردەکردن، بە تایبەتی بۆ کۆمپانیای بچووک و مامناوەندی بۆ دەستگەیشتن بە قەرز و ئامرازی تری

دارایی. دوبەی لە ئەدەبیاتدا لەلای زۆر کەس وەک مۆدیلێک باس دەکرێت بۆ ناوچەکە لە بواری فرەچەشنکردنی ئابوری و بەکارهێنانی خزمەتگوزاری بۆ ئەم مەبەستە. بە هەرحاڵ، ڕاپۆرتێکی ئەم دواییەی سندوقی دراوی نێودوڵەتی باسی ئەوە دەکات کە دروستکردنی هەمان مۆدیل بۆ دروستکردنی سەکۆیەکی دارایی، بازرگانی، گەشتیاری، گواستنەوە و لۆجیستیک لە ناوچەیەکی جوگرافیی سنورداردا ڕەنگە کارێکی زەحمەت بێت بۆ سەرجەم وڵاتەکە (ئیمارات) و وڵاتانی کەنداوی دراوسێ ( Callen et al., ٢٠١٤). پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کێبڕکێ لەگەڵ ژمارەیەک لایەن بکات لە ناوچەکە کە هەوڵ دەدەن لە ڕێی کەرتی خزمەتگوزارییەوە ئابوریەکەیان فرەچەشن بکەن. لوبنان، ئوردن و تورکیاش ڕکابەرن. هەندێک خزمەتگوزاری هەیە کە پشت بە سەرچاوەیەکی دیاریکراو دەبەستن، وەک گەشتیاری، بەڵام خزمەتگوزاریی تر هەیە کە دەتوانرێت لە دوورەوە پێشکەش بکرێن و کێبڕکێ لەسەر ئەمانە پشت دەبەستێت بە کواڵیتی و نرخ (هەروەها ناوبانگ و شارەزایی). شیکردنەوەی خاڵەکانی بەهێزی و لاوازیی و دەرفەتەکان و مەترسییەکان (SWOT) پێویستە ئەنجام بدرێت بۆ خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان بۆ دەستنیشانکرنی ئەگەرەکانی هەرێمی کوردستان و ئینجا بڕیاردان لەو بارەیەوە. لە هەندێک کەرت، وەک خزمەتگوزاری پسپۆڕیی، خزمەتگوزاریی ئای تی، تەندروستی، کە کێبڕکێکە هەم ناوچەییە هەم جیهانی، دەتوانرێت ڕۆڵ و کارەکان دیاری بکرێن: بەتایبەتی زمان و خەسڵەتی فەرهەنگی ڕەنگە هاوکاربن لە بونیاتنانی خاڵی بەهێزی کێبڕکێ لە هەمان بواردا، (بۆ نموونە، دارشتنی بابەت بە زمانی کوردی، گەشتیاریی کەلتوری، مێژوویی، و ئایینی).

**برەودان بە کەرتی تایبەت و دەستپێشخەری درێژخایەن**

٣.٨٣ **پشتبەستنی زۆر بە کڕیاری/خەرجی گشتی، هەرێم ڕادەکێشێت بۆ ناو خولانەوە لەناو بازنەدا:** نەبوونی پارە بۆ پێدانی پارەی کڕیاریەکان دەبێتە مایەی گرفتی لێشاوی نەختینە، ئەمەش کار دەکاتە سەر توانای کۆمپانیاکان لە بواری وەبەرهێنان و بوون بە کێبڕکێکار. ئەو کۆمپانیایانەی خزمەتگوزاری کە کێبڕکێکار نین ناتوانن بچنە ناو بازاڕی نوێ و زیاتر پشت بە کڕیاری گشتی دەبەستن.

**شێوەی ٣.٤ خولانەوە لەناو بازنە: پشتبەستن بە کەرتی گشتی**



٣.٨٤. **گەشەی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان هێشتا لە قۆناغی ساواییدایە.** چەند کارگەیەکی بچووک-کە زیاتر هی خێزانییە لە چەند کەرتێکدا چالاکییان هەیە. ئەمەش زۆربەی جار خەسڵەتی ئابوریە تازە گەشەسەندووەکانە، بە تایبەتی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا. ژمارەی ئەو کۆمپانیایانە ئێجگار کەمن کە تایبەتمەندن لە یەک خزمەتگوزاری کەرتێکی لاوەکی. زۆر جار، دەستکردن بە خزمەتگوزارییەکی نویّ لە کەرتێکی لاوەکیدا هۆیەکەی بریتییە لە دەستکەوتی خێرا لە وەبەرهێنانەکە: بۆ نموونە، کەرتی بیناسازی نەشونمای کرد لە سەرەتای ٢٠١٠ بەڵام لەوکاتەوە نرخەکان هەرەسیان هێناوە و چەندین پرۆژە وازی لیّ هێنراوە. لەبەر رەوشی سیاسی هەرێم، خزمەتگوزاری ئاسایش گەشەی کردووە. ئاستەنگ و تەحەدداکە ئەوەیە کە دەرفەتی پرۆژەی کورتخایەن بگۆڕی بۆ وەبەرهێنانی درێژخایەن و بونیاتنانی تواناسازی-تەنانەت زیاتریش لە وڵاتێکدا کە دەوڵەمەندە بە سامانی سروشتی و پێویستە ئامانجەکانی بریتی بن لە زیاترکردنی دەستکەوتە درێژخایەنەکان.

٣.٨٥. **بەستنەوە بە تۆڕە سەرەکییەکانی خزمەتگوزاری نێودەوڵەتییەوە رۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە ستراتیجی حکومەتی هەرێمی کوردستان.** بەڵام ژمارەیەک خاوەن بەرژەوەندی دەمێننەوە و مەیلێک هەیە بۆ پارێزگاری (بۆ نموونە، ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت دەبێت پیشەسازییە نوێیەکان یان کەرتەکان پارێزراوبن). بۆ نموونە لە بواری خزمەتگوزاری پیشەییدا، وەک خزمەتگوزاری یاسایی، کۆمپانیا و خەڵکانی بیانی ڕووبەڕووی چەند ئاستەنگێک دەبنەوە کە دەبێت لابرێن. ئەوە مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ ئابوری هەرێمی کوردستان کە بگوازێتەوە لە نموونەی پرۆژەی خێزانییەوە بەرەو مۆدیلی کێبڕکێ و پیشەسازی خزمەتگوزاری ئاست بەرز.

## رۆڵی دەوڵەت وەک لەباوەشگر

٣.٨٦. **حکومەت تا ڕادەیەکی زۆر باوکسالارانەیە، ئەگەرچی هەندێک بەرەوپێشچوون ڕووی داوە.** بۆ نموونە، لە هەڵسەنگاندنی ستانداردەکان و گونجاوێتییدا، حکومەت دەسەڵاتەکانی خۆی دەدات بە کۆمپانیای ئەهلی، کە هەنگاوێکی باشە بەرەو کاراییەکی باشتر. پێویستە هاندان هەبێت بۆ پێدانی ئەرک و کارەکانی حکومەت بە گرێبەست بە کۆمپانیای ئەهلی و تایبەتاندن (خصخصە) (RAND, ٢٠١٤) سەبارەت بە دەستپێشخەریی کەرتی تایبەت، پێویستە دەوڵەت رۆلی لەباوشگر ببینێت، نەک بەڵێندەر یان کێبڕکێکار.

٣.٨٧. **لەبەر ژمارەی زۆری کارمەندانی حکومی، بابەتێکی شایانی باس بریتییە لە گۆڕینی کارەکانی کەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەت.** هەندێک پیشەسازی کۆن و بێ رکابەر هێشتا لە لایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییەوە بەڕێوە دەبرێن و دەبێت نوێبکرێنەوە و تایبەتاندن بکرێن یان وازیان لیّ بهێنرێت بە پلانی گونجاوی گۆڕینەوە. دەشێت پلانی گۆڕین دابنرێت وەک بەشێک لە هەوڵەکانی بچووککردنەوەی کەرتی گشتی (کۆمپانیا حکومی و دەوڵەت) بۆ ئەوەی کرێکارەکان لە کاری گشتیەوە بچن بۆ کاری ئەهلی. لە راپۆرتی (RAND, ٢٠١٤) چەند ڕاسپاردەیەکی تێدایە بەم ئاراستەیە و بریتین لە پاکێجێکی قەرەبووی دارایی (بەرنامەی جیابوونەوەی خۆبەخشانە و ناخۆبەخشانە) و مەشق و ڕاهێنان و بەرنامەی هاوتاکردنی کار.

٣.٨٨ **سەرەڕای ئەمانە، حکومەت دەتوانێت هەیکەل دابنێت بۆ ئاسانکردنی پرۆژە و هاندانی پرۆژەی گەنجان**. چەند بابەتێکی ژینگەی پرۆژە لە هەرێمی کوردستان هەیە کە پێویستە کاری لەسەر بکرێت. (بڕوانە RAND, ٢٠١٤).

٣.٨٩ **تێچووی دەستپێکردن کەمترە لەو خزمەتگوزارییانەی کە هی کۆمپانیای بچووک و مامناوەندین، لەبەرئەوە چەند هیوایەک دەبەخشن بۆ فرەچەشنکردن و کەمکردنەوەی پشت بەستن بە کەرتی گشتی**. بۆ نموونە، لە وڵاتە ڕاگوێزراوەکان لە ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەورووپا، کەرتی کۆمپانیای بچووک و مامناوەندی گەورەترین دروستکەری هەلی کاری نوێ بوون و زۆربەیان کۆمپانیای نوێی بچووک بوون. حکومەتی عێراق لە ٢٠١٤-٢٠٢٠ پەیڕەوی ستراتیجی گەشەپێدانی کەرتی تایبەتی کرد، کە کۆڵەکەیەکی بریتی بوو لە گەشەپێدانی پرۆژەی بچووک و مامناوەندی. چەند پلانێک هەیە بۆ هاندانی پرۆژەی تاکەکەسی و کۆمپانیای بچووک و مامناوەندی. بۆ نموونە لە کوێت کە ٩٥ لەسەدی کارمەندانی وڵات بریتین لە کارمەندی گشتی، و زیاتر لە ٩٠ لەسەدی جی دی پی لە داهاتی نەوتەوەیە، حکومەت سندوقێکی نیشتمانی دروست کردووە بۆ گەشەپێدانی کۆمپانیای بچوک و مامناوەندی کە مەبەستەکەی بریتییە لە دامەزراندنی سیستێمێکی ژینگەی گشتگیر و هاوکار و هاندەر بۆ پرۆژەی گەنجان. سندوقی کۆمپانیای بچووک و مامناوەندی دەتوانێت دارایی هەتا ٨٠ لەسەدی سەرمایەی پرۆژە بچووک و مامناوەندییەکان بکات کاتێک هاووڵاتییەکی کوێتی پرۆژەیەک پێشکەش دەکات. هاندەری تریش هەیە وەک دروستکردنی ژینگەیەکی دۆستانە بۆ پرۆژە بۆ کۆمپانیای بچووک و مامناوەندی و گەشەپێدانی فەرهەنگی پرۆژەی تاکەکەسی.

٣.٩٠ **پێویستە ستراتیجێک هەبێت بۆ پێکەوە کارکردنی هەمەلایەنەی کەرتی گشتی و تایبەت**. بۆ نموونە لە بارودۆخی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت کە دەتوانرێت بەرفراوانتر بکرێت. دەزگای دارایی نێودەوڵەتی (ئای ئێف سی) ڕۆڵی ڕاوێژکاری دەبینی بۆ هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەوپێشچوون بۆ بەرفراوانکردن و بە فەرمیکردنی بەکارهێنانی "هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت" لە هەرێمی کوردستان. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت ئەم هاوبەشییە بەکاربهێنێت بۆ پەلەکردن لە گەشەپێدانی ژێرخانی هەرێم و چاکترکردنی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ دانیشتوانی هەرێم. تەبا لەگەڵ ڕاسپاردەکانی ئای ئێف سی، حکومەتی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەی لە ئەزموونەکانی تورکیا و هیند و ئوردن کرد لە جێبەجێکردنی ئەو هاوبەشییە و کاری دەکرد بۆ داڕشتنی یاسایەکی تایبەت بۆ ڕێکخستنی هەموو شێوەکانی چالاکی ئەو هاوبەشییە. بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان، گرووپی بانکی نێودەوڵەتی کاری کردووە بۆ پشتگیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داڕشتنی چوارچێوەی گونجاوی یاسایی بۆ ئەو هاوبەشییە و داڕشتنی بە شێوەیەک کە وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی هەرێم بێت و لە باشترین نموونەکانەوە هەڵقوڵابێت و سوودی وەرگرتبێت لە نموونە سەرکەوتووەکان و ڕێنماییە نێودەوڵەتیەکان (Lipson, Ismail Ali and Ala Al-Kazzaz, ٢٠١٤).

٣.٩١ **حکومەت هەوڵی داوە بۆ هاندانی وەبەرهێنانی بیانی، بۆ نموونە لە ڕێی دەستەی وەبەرهێنانەوە.** درێژکراوەی کاریگەرەکانی ئەم وەبەرهێنانە دەتوانرێت بەرفراوان بکرێت لە ڕێی چوارچێوەیەکی یاسایی کە هانی تەکنەلۆجیا و ئاڵوگۆڕی مەعریفی بدات. لە چەند کەرتێکی خزمەتگوزاریدا هاوکاری لەگەڵ

کۆمپانیا بیانییەکان ڕێگەی خۆش کرد بۆ تواناسازی ناوخۆیی و داڕشتنی کێبڕکێی خزمەتگوزاری. بۆ نموونە، گرووپی زاگرۆس پرۆژەی کارەبای "با" و تیشکی خۆریان داڕشت لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەڵمانی، گەشەپێدانی بەرهەمی نەوت و گاز لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەمریکی، ئاوامیدیکا توانای بەرهەمهێنانی دەرمانسازیی داڕشت لەگەڵ مۆدیلێکی بەڕێوەبردنی سویدی و هاوبەشی ئەم دواییەی لەگەڵ کۆمپانیا ئەوروپییەکان، گرووپی ستێر لە بواری خزمەتگوزاری ئاسایشدا گەشەی بە تواناکانی دا لە ڕێی کۆمپانیایەکی ئەمریکییەوە، و لە بواری ئەندازیاری بیناسازییدا لەگەڵ گرووپێکی هۆڵەندی. ئەم هاوبەشییانە لە هەموو جۆرێک بوون (نەک تەنها دارایی بەڵکو مەعریفە و چۆنیەتی کارەکان و تەکنەلۆجیاش) و دەبێت هان بدرێن لە ڕێی ژینگەیەکی یاسایی ئارامەوە بۆ وەبەرهێنەرەکان.

### کەمکردنەوەی نادڵنیایی یاسایی و نوێکردنەوەی یاساکان

۳.۹۲ **گلەییەکی بەردەوامی کەرتی تایبەت بریتییە لە نادڵنیایی یاسایی**. بۆ نموونە، نادڵنیایی هەیە لەسەر ئەو لێخۆشبوونەی کە وەزارەتێک دەیدات و ئینجا وەزارەتێکی تر نایدات، گومان لەسەر باج، ڕێوشوێنەکان لەسەر گواستنەوەی نەختینە، ئەو ستانداردانەی لە پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان پیادە دەکرێن. یاسای وەبەرهێنان، کە لە ۲۰۰۹ پێداچوونەوەی بۆکرا، هێشتا پێویستی بە دەستکارییە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوە (۲۰۱۵): "لە هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسایەکی پەسەند کرد بۆ پاراستنی بەکاربەر لە ڕێی تێپەڕاندنی یاسای ژمارە ۹ ی ساڵی ۲۰۱۰. لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنەرەکان هەندێک جار بە زەحمەت لەو دژیەکییە تێدەگەن کە هەیە لە هەندێک ڕێوشوێنی دژیەک لەگەڵ یەکتر لەلای وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و قەوارەکانی وەبەرهێنان. سەرهەڵدانی ڕێوشوێنی نوێ بەبێ زانیاری پێشوەخت و مەرج لەسەر گەرەنتیی وەبەرهێنان، بووەتە هۆی خاوبوونەوەی پرۆژەکان. ئەگەرچی باسی ئەوە نەهاتووە کە دەبێت هاوبەشێکی ناوخۆت هەبێت بۆ ئەوەی مۆڵەتی وەبەرهێنان دەربهێنیت، بەرپرسانی حکومەت هەندێک جار هانی ئەم کارە دەدەن."

۳.۹۳ **لە زۆر بواردا، یاساکان لەوانەی سەردەمی ڕژێمی کۆنەوە ماونەتەوە و زەمەنیان بەسەرچووە.** عێراق (بە هەرێمی کوردستانیشەوە) پێویستی بەوەیە کە یاساکان و ڕێوشوێنەکانی نوێ بکاتەوە بۆ زۆر خزمەتگوزاری بۆ ئەوەی بگەن بە ئاستی ستانداردی نێودەوڵەتی. دەبڵ ستانداردێتی و کۆنترۆڵ بریتین لە کولفەی زێدەی گرنگ بۆ ئەم پرۆژە. بۆ نموونە حاڵەتەکە بەم شێوەیەیە بۆ کەرتی ژمێریاری/وردبینی کە تێیدا ستانداردی کۆن پیادە دەکرێت و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانیش (ئای ئێف ئاڕ ئێس) پیادە دەکەن و بەم شێوەیەش تووشی دوو جار خەرجی دەبنەوە بۆ دوو ڕاپۆرت. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی ناوەندی دواکەوتووە لە بواری گواستنەوە بۆ ئەم ستانداردە نوێیانە. سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ستانداردەکان و گونجاوێتی، بەرەوپێشچوونێکی باش ڕوویداوە بە دەستپێشخەری کۆمپانیا ئەهلییەکان، بەڵام، هێشتا چەند کۆنترۆڵێک هەیە کە ئیدارەی حکومەت دەیەسەپێنێت (لیستی کەرەستەکان)، سەرەڕای ئەمەش، سەبارەت بە خۆراک، ڕێوشوێنە کۆنەکان کار دەکەنە سەر بەرەوپێشچوونی کەرتی دابەشکردن، لەگەڵ شایستەیی مانەوە لە وەزارەتی تەندروستی و نەبوونی هەماهەنگی لە سەرتاسەری پارێزگاکانی عێراق و کوردستان-بۆ نموونە مەرجەکانی پشکنین، و ڕێکخستنی بەرواری بەسەرچون بەگوێرەی ستانداردە نێودەولەتییەکان نین، و تێچوونی هەڵسەنگاندنەکە بەرز دەکەنەوە.

٣.٩٤. **ئەنجامی ئەم ڕێوشوێنە کۆنانە بریتییە لە پێویستبوونی گرێبەستکردن یان هاوردەکردنی خزمەتگوزاری،** بۆ نموونە کەرتی تەندروستی (پلانێکی ناوەندی بۆ پێدانی-دانپێدانان- بە دەزگاکانی تەندروستی پەسەند کرا بەڵام جێبەجێ نەکرا، و نۆڕینگەکانی تورکیا سودیان وەرگرت لە ژمارەیەکی زۆر نەخۆش کە لە کوردستانەوە دەچوون بۆ ئەوێ بۆ وەرگرتنی چارەسەر بە کوالێتییەکی بەرز)، و خزمەتگوزاری بڕوانامە یان پیشەیی (تاقیگەکان لە تورکیا و وڵاتانی کەنداو). لە کەرتی دابەشکردن، بێ کەڵکی یاساکە دەبێتە مایەی کەمی ئاستی دابەشکردن، تاکفرۆشی، و بەرز بوونی نرخ، و کوالێتییەکەشی باش نابێت. ڕێوشوێنی باشتر دەبێتە مایەی دەرفەتی گەورەتری خزمەتگوزاری لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بەم شێوەیەش، هەناردەکردنی خزمەتگوزارییەکان.

**تواناسازی**

٣.٩٥. **هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەند گرفتێک بۆتەوە لە بواری تواناکاندا لە کەرتی خزمەتگوزارییەکاندا کە پێویستە چارەسەر بکرێن.** ئەمانە برتیین لە بواری ژێرخان و هەروەها توانا و شارەزایی. بۆ نموونە وەک بڕوانامە، کاتێک پێویست بە تاقیگەی نوێ دەکات و مەشق دەکرێت بە ستافی نوێ. دەکرێت ئەمە بە هاوبەشی ئەنجام بدرێت لەگەڵ کەرتی تایبەت. بەهەمان شێوە، لە کەرتی تەندروستی، ئامێرەکان یان کۆنن یان نوێن بەڵام ئیش ناکەن لەبەر نەبوونی شارەزایی لە نێو ستافی پزیشکیدا. وەبەرهێنان لە ژێرخان لە ٢٠١٥ ەوە وەستاوە لە ئەنجامی قەیرانی دارایی، لە کاتێکدا کە هێشتا حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی بەرزکردنەوەی ئاستی بنکە تەندروستییەکان بوو. دەزگای کۆنترۆڵی پزیشکی کوردستان لە ٢٠١٣ تواناکانی داڕشت و پەرەپێدا، بەڵام تا ئیستا پێویستی بە شارەزایی تر و بەرزکردنەوەی ئاستی دەزگاکانە.

٣.٩٦. **بابەتێکی پەیوەندار بریتییە لە شارەزایی و هەبوونی شارەزایی.** پێویستە دەستکاری پرۆگرامی خوێندن بکرێت بە شێوەیەک کە پێویستییەکانی خزمەتگوزاری مۆدێرن دابین بکات. بۆ نموونە لە کەرتی تەندروستی، گەشتیاری، گواستنەوە و هەروەها خزمەتگوزارییە پیشەیی و پسپۆڕییەکان. هەندێک دەستپێشخەری ئەهلی ئەنجامدراوە، بە هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیای بیانی یان زانکۆکان، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەردەستی خوێندن لە هەرێمی کوردستان. بۆ نموونە لە کەرتی تەندروستیدا لە لایەن زانکۆی کوردستانەوە لە هەولێر گەشەی پێدراوە لە بەرنامەیەکی هاوبەشدا و هەروەها پرۆگرامی خوێندن داڕێژراوە بە هاوکاری لەگەڵ زانکۆی گراز لە نەمسا بۆ نوێکردنەوەی مەشق بە دەرچووەکان. هێشتا چەندین پسپۆڕی هەیە کە لەم وڵاتە دەست ناکەوێت، بۆ نموونە بایەخپێدانی چڕ و زانستی گرێیەکان (ئەگەرچی ئامێری پێت سکان هەیە لە هەولێر، بەڵام خەڵک بۆ ئەنجامدانی ئەم سکانە ناچارن بچن بۆ دەرەوەی وڵات).

٣.٩٧. **بەشداریی لە تۆڕی خزمەتگوزاری جیهانیدا ڕەنگە ڕۆڵی هەبێت لە پێکهاتە نەرم و ڕەقەکانی توانای کێبڕکێ لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری** لەگەڵ چەند گواستنەوەیەک لەنێو خودی تۆڕەکەدا (تەکنەلۆجیا، مەعریفە و چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکان). بۆ نموونە، لە کەرتی ژمێریاری ئەو "چوار گەورەکە" کە لە هەرێمی کوردستان داڕێژراوە و جێگەی ژمێریارە بیانییەکان پڕکرایەوە بە دەرچوونی ناوخۆ پاش ئەوەی لە دەرەوە مەشقیان پێ کرا، بۆ ئەوەی شایستەبن بەگوێرەی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان.

### جووڵەی خەڵک

٣.٩٨. **جووڵەی خەڵک زۆر بنچینەییە بۆ گەشەپێدانی خزمەتگوزارییەکان:** ڕەنگە یان بەکاربەر (پێی دەگوترێت حاڵەتی دووەمی مەرجەکانی GATS- بۆ نموونە گەشتیاری) یان دابینکەری خزمەتگوزاری (پێی دەگوترێت حاڵەتی ٤ لە مەرجەکانی GATS – بۆ نموونە کاتێک پارێزەرێک لەگەڵ بریکارەکەی دەبێت لە دەرەوە) ناچاربن کە لە سنوور بپەڕێنەوە بۆ ئەو کارەی ئەنجام دەدرێت.

٣.٩٩. **ڕەوشی هەنووکەیی سیاسی و قەیرانی پەنابەران کار دەکەنە سەر پەڕینەوەی خەڵک لە سنوور، تەنانەت لەناو عێراقیش.** هەندێک کۆمپانیای تایبەت باسی ئەوەیان کردووە مەسرەفی زیاتر و زەحمەتیی زیاتریان تووش دەبێت کاتێک هەوڵ دەدەن ڤیزا وەربگرن. قەیرانی ئەم دواییەی پەنابەران ئەوەندەی تر ئەم کێشانەی قووڵترکردوە، بۆ نموونە هەڵگرتنی بەخشین لە مەرجی ڤیزا لە لایەن تورکیاوە. بە ڕەچاوکردنی ژمارەی ئەو مامەڵانەی کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەکرێت (بۆ نموونە بۆ چارەسەری پزیشکی لە دەرەوە، خزمەتگوزاری بیناسازی یان پیشەیی و پسپۆڕانەی تر) پێدەچێت بازرگانی خزمەتگوزارییەکان گورزێکی گەورەیان پێ بکەوێت. لە لایەکی ترەوە، لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان هاوردەکارە بۆ زۆربەی ئەم خزمەتگوزارییانە، ڕەنگە سیاسەتی نوێی تورکیا سەبارەت بە ڤیزا ئەم کورتهێنانە کەم بکاتەوە، بۆ نموونە سەبارەت بەو نەخۆشانەی دەیانەوێت لە تورکیا چارەسەر بکرێن ئێستا هەوڵ دەدەن لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکەن. ئەمە هەستێکی زیاتر دروست دەکات بۆ ناکاوی لە بواری پێویستبوونی بەرزکردنەوەی خزمەتگوزارییە ناوخۆییەکان.

## ە. کەرتی گەشتیاری

٣.١٠٠. **هەرێمی کوردستان دەکەوێتە تەنیشت بازاڕێکی گرنگی گەشتیاری:** تورکیا، ئێران، و ناوچەی تری عێراق. دەتوانرێت لە ڕێی گواستنەوەی زەمینی و ئاسمانییەوە پێی بگەیت، دوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی لێیە یەکێک لە سلێمانی و ئەوەی تر لە هەولێر، و ٢٦ هێڵی ئاسمانی خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن بۆ و لە هەرێمی کوردستان. یەکێک لە شتە جوانەکانی بریتییە لە جوانیی شاخە دەستکاری نەکراوەکانی و شوێنەوارە دێرینەکانی. کەلەپوورەکەی زۆر گرنگە هەر لە موزیکەوە تا دەگاتە هونەر و دەستڕەنگینی، جلوبەرگ، چنین، فەرش و ئۆرتە، تاد. کەرتی گەشتیاری ئایینیش گەشەی پێدراوە و چەندین گەشتیار بۆ خۆی ڕادەکێشێت لە سەرتاسەری جیهانەوە (وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی مەزەندە دەکات یەک ملیۆن کەس سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلامی و کریستیان و ئێزیدی و کاکەییان کردبێت لە لوتکەی کاتی گەشتیارییدا). هەرێم هەروەها شوێنی هەیە بۆ خلیسکێنەی سەر بەفر و سەرکەوتن بەسەر شاخدا.

### سامانەکان: توانای شاراوەی بەهێز

٣.١٠١. **قەڵای هەولێر بە هەرە کۆنترین قەڵا دادەنرێت لە جیهاندا کە مرۆڤ تێیدا ژیابێت، و مەزەندە دەکرێت بە لای کەمەوە ٧٠٠٠ ساڵ بێت و خرایە ناو لیستی یونسکۆ بۆ شوێنەوارەکان لە ٢٠١٤.** تاکە شوێنەوارێکی عێراق لە چوار شوێنەوارەکەی عێراق کە لە لیستی مەترسیدا نییە. قەڵا بەگوێرەی یاسای

عێراق و هەرێمی کوردستان، شوێنێکی پارێزراوە. دەسەڵاتێک هەیە کە بەرپرسیارە لە نۆژەنکردنەوەی، کۆمیسیۆنی باڵای نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر، لە هاوبەشێکی ستراتیجیدا کار لەگەڵ یونسکۆ و ئاژانسی تر دەکات بۆ پاراستن و نۆژەنکردنەوەی قەڵات لە ڕێی چەند بەرنامەیەکی چاککردنەوە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە و پلانی تێروتەسەلدا کە بەردی بناغەبوون بۆ داڕشتنی ماستەرپلانی پاراستن و بووژاندنەوەی قەڵای هەولێر.

**نەخشەی ٣.١. شوێنەوارە جیهانییەکانی یونسکۆ لە عێراق**





سەرچاوە: UNESCO, ٢٠١٦.

٣.١٠٢. **زۆربەی جاران، توانای شاراوەی هەرێمی کوردستان لە بواری گەشتیارییدا وەک پێویست بەکارنەهێنراوە.** بۆ نموونە، کەم کەس زانیاری هەیە لەسەر مەیدانی شەڕی گەوگەمیلا کە تێیدا ئەلێکساندەر و داریوش ڕێڕەوی مێژوویان گۆڕی. بەزەحمەت دەگەیتە زۆربەی شوێنەکان و ژێرخانی نییە بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری (گواستنەوە، میوانداریێتی، خزمەتگوزاری تر). گەشتیاران بەتەنها دەمێننەوە و گەشتەکان ناڕێکوپێکە. هەرێم بەشێک نییە لە پاکیجی گەڕان و گەشت بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران بە ژمارەیەکی زۆر. بەم شێوەیە، دەرفەتی زۆر هەیە بۆ گەشتیاری کە سوودی لێ وەرنەگیراوە.

## ڕەوشی هەنووکەیی: قەیرانێکی سەخت و هیچ ئاماژەیەکیش نییە بۆ چاکبوونەوە لە ماوەی کورتخایەندا

٣.١٠٣. **لە ئەنجامی پێکدادانەکانی ناوچەکە، ژمارەی گەشتیاران دابەزی.** لە سەرەتای ٢٠١٠ دا گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان بوژایەوە، لە ٢٠١٣ گەیشتە لوتکە و ژمارەی میوانەکان گەیشتە ٣ ملیۆن گەشتیار. بەڵام کاتێک شەڕی داعش دەستی پێکرد لە ٢٠١٤ دا، سەردانی گەشتیاران بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزی: ٤٨ لەسەد لە ٢٠١٤ و ٢٧ لەسەد لە ٢٠١٥.


**شێوەی ٣.٥ ژمارەی گەشتیارانی هەرێمی کوردستانی عێراق**




سەرچاوە: دەستەی گەشتیاری نیشتمانی کوردستان

٣.١٠٤. **گەیشتنی گەشتیاران لە دەرەوەی هەرێمەوە (عێراقی) تا ڕادەیەکی زۆر کەوتە ژێر کاریگەری پێکدادانەکان**، و ژمارەکە لە ٢ ملیۆنەوە لە ٢٠١٣ دابەزی بۆ ٧٥٣٠٠٠ لە ٢٠١٥. ڕێژەی کۆی گەیشتنیان وەک خۆی مایەوە بەڵام ڕێژەی گەشتیارانی بیانی بە نیوە دابەزی، لە ١٩ لەسەدەوە بۆ ١١ لەسەد، و ژمارەیان لە ٥٥٩٠٠٠ دابەزی بۆ ١٢٠٠٠٠. ئێستا ئەوانەی سەردان دەکەن ئەو خەڵکانەن کە بۆ پرۆژە دێن، کارمەندانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوی نێودەوڵەتین یان بەرپرسی بیانین.


**شێوەی ٣.٦ وڵاتی ئەو گەشتیارانەی سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە لە ٢٠١٣ و ٢٠١٥**




سەرچاوە: دەستەی گەشتوگوزاری کوردستان، ٢٠١٦

٣.١٠٥. **هەولێر هەر ئەو شوێنەیە کە زۆرترین میوانەکانی هەرێمی کوردستان سەردانی دەکەن، دوو لە سێی گەشتیارەکان سەردانی هەولێر دەکەن.** ئەو شارە بوو کە قەیرانەکە کەمترین کاری تێکرد، و بە تایبەتیش سوودی لە گەشتیاری ناوخۆ بینی. لە بەرامبەردا، ژمارەی ئەوانەی سەردانی دهۆک دەکەن شەش ئەوەندە کەمی کردووە لە دوو ساڵدا.

**شێوەی ٣.٧ گەیشتنی گەشتیاران بۆ هەرێمی کوردستان بە گوێرەی ناوچەکان، ٢٠١٥**




سەرچاوە: دەستەی گەشتوگوزاری کوردستان، ٢٠١٦

٣.١٠٦. **ئەو کۆتوبەندانەی لەم دواییەدا لەسەر ڤیزا دانرا (ئازاری ٢٠١٦- وەک بەشێک لە پابەندێکی تورکیا بەرامبەر بە یەکێتی ئەوروپا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی پەنابەران) پێدەچێت گرفتی گەیشتنی گەشتیاران قووڵتر بکاتەوە**، بە تایبەتی پارێزگای دهۆک کە زۆربەی ئەوانەی سەردانی دەکەن هاووڵاتی تورکیان. کۆتوبەند لەسەر جموجوڵی خەڵک لە نێوان هەرێمی کوردستان و شارەکانی تری عێراق کاریگەری هەبووە لەسەر وشکبوونەوەی سەرچاوەی سەرەکی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان (دوو لە سێی گەشتیارانی دەرەوەی هەرێمن).

٣.١٠٧. **ئەم رەوشە (لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت و خاوبوونەوەی وەبەرهێنان لە کێڵگەکانی نەوت) بوونە مایەی ئەوەی چەند پرۆژەیەکی گەشتیاری دوا بخرێن**. لە هەولێر زنجیرە نێودەوڵەتییە سەرەکیەکان پلانیان هەبوو بۆ ئەوەی ئوتێلی قەشەنگ دروست بکەن. وەک ستاروود (ئەمریکا، دوو موڵک)، ئادرێس (دوبەی)، ماریۆت (ئەمریکا)، رادیسۆن بلو (ئەمریکا)، کەمپینسکی (ئەڵمانیا)، ئاکور سۆفتێل (فەرەنسا)، گراند حەیات (ئەمریکا). بیناسازییەکان و بەرنامەکان ئێستا وەستێندراون یان وازیان لێ هێنراوە.

## پلانی گەشەسەندن و چاکسازی

٣.١٠٨. **دەبوایە لە ٢٠١٤ هەولێر وەک پایتەختی گەشتیاری عەرەبی رابگەیەندرایە**، کە ژمارەی گەشتیاران چوار ملیۆن بوو و سەقامگیری و ئاسایش بەرقەرار بوو لە ناوچەیەکی پڕ ناکۆکی و گرژیی. پێشتر لە ٢٠١٣ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، دەستەی گەشتوگوزار، پلانێکی ستراتیجی پەسەند کرد بۆ گەشتیاری بە گوێرەی ئەم بوارانەی خوارەوە:

- *دارشتنی هەیکەلی کارگێڕی بۆ گەشتیاری بۆ بەڕێوەبردنی گەشەسەندنی بەردەوامی گەشتیاری.* جەخت دەخرێتە سەر مەرجە هەیکەلییەکانی پێویست بۆ گەشەسەندنی کەرتەکە، وەک پتەوکردنی

داڕشتنی سیاسەتەکان، پلاندانان، بازاڕگەری، میدیا، و ستراتیجی گەیاندن. هەروەها، پێویستە کەرتی تایبەت بەشداری بکات.

- *گەشەپێدانی شوێنە گەشتیارییەکان و بەرهەمەکان.* ئەمەش بریتییە لە دەستنیشانکردنی شوێنە گەشتیارییەکان و ئەو شوێنانەی گونجاون بۆ گەشتیاری و گەشەپێدانی بەرهەمە گەشتیارییەکان لەسەر بناغەی گروپەکان (ناوچەکان، هێشووەکان) لە هەر پارێزگایەک. سامانەکان بریتین لە شوێنە سروشتییەکان، وەک شاخ و دەریاچە و ئەشکەوتی شوێنەوار و شوێنی حەوانەوە و کات–بەسەربردن، شوێنەواری مێژوویی و بنکە هەرێمییەکان.
- *چاکترکردنی کوالێتی کەرتی گەشتیاری و توانای کێبڕکێی ئەم کەرتە.* ئەمەش بریتییە لە داڕشتنی میکانیزم بۆ کوالێتی گشتی و تەبەنی کردنی ستاندارد‌ە جیهانییەکانی بواری دەزگا و بەرهەمە گەشتیارییەکان، هەروەها، پێویستە هانی ڕێکخراوەکانی کەرتی تایبەت بدرێت تا سیستمی بەڕێوەبردنی کوالێتی دابمەزرێنن و جێبەجێ بکەن.
- *داڕشتنی ستراتیجی ناسنامەی گەشتیاری.* ناسنامەی گەشتیاری بریتییە لە زاراوەیەک و ناسنامەیەک بۆ کێبڕکێ لەلایەن هەرێمەوە. لە هەموو ریکلامی بازاڕگەرییدا بەکاردەهێنرێت، و دەبێت پاش لێکۆڵینەوە لە بازاڕ ناو بۆ ئەم ناسنامەیە دابنرێت.
- *ئامادەکاری بۆ ستراتیجی بازارگەریی گەشتیاری.* ئەمە بریتییە لە دانانی پێگەی ستراتیجی و میکانیزم وەک ئامرازی کۆن و نوێی پێویست بۆ دروستکردنی وێنەیەک بۆ ئەو چالاکیی و ڕێوڕەسمانەی ئەنجام دەدرێن.
- *داڕشتنی پەروەردەی گەشتیاری.* ئەمە بریتییە لە داڕشتنی بابەتی خوێندن و پەروەردە و مەشق بەگوێرەی ڕەوشە هەنووکەییەکە، داڕشتنی بەرنامە و مەنهەجی خوێندن، تواناسازی دامەزراوەیی فێرکاری و دەستنیشانکردنی بەرنامە.
- *ڕۆڵی دەوڵەت لە داڕشتن و پشتگیری کەرتی گەشتیاری.* ئەمە بریتییە لە ڕۆڵی حکومەت لە چاکترکردنی سەرنجڕاکێشی وەبەرهێنانی گەشتیاری. لە ڕێی پشتگیری لە گەشەسەندنی کەرتەکەوە لە میانی ڕێکخستنی چوارچێوەی ڕێوشوێن و یاساکان بە مەبەستی زیاترکردنی سەرنجڕاکێشی پرۆژە گەشتیارییەکان لای وەبەرهینەرەکان بۆ دروستکردنی هاندانی وەبەرهێنان.
- *کاریگەری لەسەر ژینگە و بەڕێوەبردنی خاشاک.* ئەمە بریتییە لە ڕێنمایی بۆ دەزگاکانی گەشتیاری لەسەر شێوازە گونجاوەکانی لەناوبردنی خاشاک بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریان لەسەر چالاکییەکان و لەسەر ژینگەی سروشتی.
- *گەشەپێدانی ژێرخان.* ئەمە بریتییە لە پێکهاتەکانی گەشەپێدانی ژێرخان وەک ڕێگەوبان و تۆڕی گواستنەوە و هاتووچۆ و فرۆکەخانە و کارەبا و ئاو و گەیاندن بۆ پشتگیری لە ئابوری هەرێم و کەرتی گەشتیاری.
- *داڕشتن و نوێکردنەوەی یاساکان و ڕێوشوێنەکانی بواری گەشتیاری.* ئەمە بریتییە لە ئامادەکردن و بەرەوپێشبردنی یاسا و ڕێوشوێنەکان کە پشتگیری لە کەرتی گەشتیاری دەکەن و بەرەوپێشی دەبەن و جەخت دەخەنە سەر ئەو ستانداردانەی دەبنە مایەی گەشەپێدانی پرۆژەکان و دەزگاکان و مەڵبەندەکانی گەشتیاری بۆ وەبەرهێنان، و بەڕێوەبردنی کوالێتی ژینگە بۆ ئەوەی توانای کێبڕکێی خۆی بهێڵێتەوە.

٣.١٠٩. **له ئەنجامی قەیرانەکە، جێبەجێکردنی پلانی ستراتیجی گەشتیاری دواخرا.** حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر چالاک بوو لە دەستپێکردنی پلانی ستراتیجی بە گەشەپێدانی دەستەی گەشتوگوزاریشەوە، هەروەها بەکارهێنانی تواناکانی بواری بازارگەری، کۆکردنەوەی داتا، و دامەزراندنی بنکەی مەشق، و پشتگیری لە کەرتی تایبەت. بەڵام، لە ئەنجامی کاریگەری قەیرانەکان، ناتوانرێت بەردەوامی بەمانە بدرێت.

٣.١١٠. **بانکی نێودەوڵەتی دەزگای ڕاوێژکاری ستراتیجی ڕۆناڵد بێرگەری ڕاسپارد بۆ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی گەشتیاری بەپەلە لە هەرێمی کوردستان** (٢٠١٤) کە سێ بواری کاری لەخۆگرتبوو لەگەڵ چەند ڕاسپاردەیەک:

- یەکەم کار هاندان و بانگەشە بوو بۆ چەمکی سیستمێکی مۆڵەتی کارکردن بۆ ئاژانسەکانی گەشتیاری و ئەوانەی گەشت پێشکەش دەکەن و لە بواری گەشتیارییدا گەورەن. جەختی خستە سەر ئەوەی کە چوارچێوەی یاسایی و پرۆسەی بەدەستهێنانی مۆڵەتی کارکردن لە هەرێمی کوردستان چەندین زەحمەتی و ئاستەنگی لە پێشە.

- دووەم کار بریتی بوو لە پێشنیارکردنی خشتەیەک بۆ بروانامەی کواڵیتی کە دەستەی گەشتوگوزار دەیدات بە کەرتی گەشتیاری بە مەبەستی چاکترکردنی کواڵیتی کۆمپانیا گەشتیارییەکان و بەم شێوەیەش دروستکردنی کاریگەرێکی ئەرێنی لەسەر گەشەپێدانی پیشەسازی گەشتیاری بە گشتی.

- سێیەم کار بریتی بوو لە تێڕوانینێک لە کۆتوبەندەکانی بەردەم ڕێوشوێنەکانی ئەنجامدانی وەبەرهێنانی کەرتی گشتی کە زۆر پێویستن بۆ گەشەپیدان و نەشونمای پیشەسازی گەشتیاری (بڕوانە خوارەوە). بە ڕەچاوکردنی سروشتی ئاسۆیی زۆربەی ئەم پێوەر و ڕێوشوێنانە، ئەم خشتەیە بریتییە لەو ئاستەنگە سەرەکییانەی دەکەونە پێش کاری کەرتی تایبەت.

**خشتەی ٣.٣ کۆتوبەندەکانی سەر وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت لە گەشتیاریدا لە هەرێمی کوردستانی عێراق**

| بابەتی گشتی | کۆتوبەند یان ئاستەنگ |
|---|---|
| **کۆتوبەندی سەرەکی لە بواری زەوی و بیناسازی** | |
| دەستگەیشتن بە خاک | • زۆربەی جار لە گوندەکان دیاریکردنی خاوەندارێتیی زەوییەکان کێشەیە.<br>• بە هەندێک زەحمەتییەوە لە بواری بەدەستهێنانی زەوی لەو ناوچە دوورانەی کە وەزارەتی کشتوکاڵ بەرپرسیارە لێیان.<br>• بە زەحمەت لە نزیک فڕۆکەخانەکان زەوی دەست دەکەوێت لەبەر کاروباری ئاسایش. |
| تەرخانکردنی زەوی | • تەرخانکردنەوە پێویستی بە پابەندبوون هەیە بە ماستەرپلانەکە و زۆربەی کاتیش لە دەرەوەی شارەکان ئەم کارە پڕە لە ئاستەنگ. |

| | |
|---|---|
| مۆڵەتی بیناسازی | • ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی دەوێت تا مۆڵەتی بیناسازی دەردەهێنیت<br>• رسومەکان زۆرن ئەوانەی دەبێت بدرێت بە یەکێتی ئەندازیاران<br>• پرۆسەکە زۆر بێزارکەرە |
| **کۆتوبەندی سەرەکی لە بواری هێزی کار** | |
| ڤیزای داخڵبوون | • شەفافییەتێکی کەم لە ئارادایە کاتێک ڤیزای داخڵبوون وەردەگیرێت بۆ کارمەندێک کە پلەی زانکۆی نەبێت |
| مۆڵەتی نیشتەجێبوون | • ناوبەناو رێوشوێنەکان دەگۆڕێن<br>• شەفافیەت زۆر کەمە کاتێک مۆڵەت دەردەهێنرێت بۆ ئەو کارمەندەی کە پلەی زانکۆی نەبێت |
| مۆڵەتی کارکردن | • دڵنیایی نییە لەسەر رێوشوێنەکان لە ئاییندەدا چۆن دەبن |
| **کۆتوبەندی سەرەکی لە بواری سەرمایە و کەرەستە** | |
| هاوردەکردنی کاڵا | • هیچ بناغەیەکی روونی یاسایی نییە سەبارەت بە رێکارەکانی ئێستا.<br>• رێوشوێنە کارپێکراوەکان جیاوازن لە خاڵێکی سنوورییەوە بۆ خاڵێکی تر.<br>• بەردەوام رێوشوێنەکان دەگۆڕدرێن و ئەمەش نادڵنیایی دروست دەکات.<br>• دەرکردنی مۆڵەتی هاوردەکردن زۆر جار ئێجگار درێژخایەنە.<br>• لە خاڵە سنوورییەکان دەبێت بۆ ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ بکەیت.<br>• ئاگاداری تەواو لە مەرجەکانی پرۆسەی هاوردەکردن. |
| **کۆتوبەندی سەرەکی لە بواریی چالاکییەکان** | |
| یاسای کێبڕکێ | • دڵنیایی نییە سەبارەت بە مومارەسەکانی ئاییندە |
| یاسای پاراستنی بەکاربەر | • دڵنیایی نییە سەبارەت بە مومارەسەکانی ئاییندە |
| یاسای کارکردن | • هیچ کۆتوبەندێکی گەورە لە ئارادا نییە بەڵام رۆتینات ئێجگار زەحمەتە. |
| باج | • باجەکان پشت دەبەستن بە خشتەی قازانجی پیشەسازییەک نەک بە داهاتی ڕاستەقینە |
| **چوارچێوەی هاندانەکانی حکومەت** | |
| پرۆژەی قەرزی بچووکی GBOT | • هێشتا پرۆسەکە ستاندارد نییە.<br>• پرۆسەکە درێژخایەنە و بێزارکەرە، پێویستی بەوەیە چەندین جار سەردانی شوێنەکە بکرێت و بەدواداچوونی بکرێت لەلایەن وەبەهێنەرەکەوە.<br>• وەبەرهێنەرەکان دووچاری زەحمەتی دەبنەوە لە دابینکردنی گرێنتی قبولکراو.<br>• ڕوونکردنەوەی خاوەنداریێتی زەوییەکە و تەرخانکردنەوەی زەوییەکان ڕەنگە پڕ بێت لە گیروگرفت.<br>• لەبەر گیروگرفتی دارایی هەموو پارەدانەکان ڕاگیران لە تشرینی دووەمی ٢٠١٣ |
| مۆڵەتی وەبەرهێنان لەلای دەستەی وەبەرهێنانی | • ئەگەر وەبەرهێنەرەکە بڕیار نەدات لەسەر شوێنەکە، واتە ئەو پارێزگایەی کە وەبەرهێنانی تێدا دەکات، ئەوسا دەبێت مامەلە لەگەڵ سی قەوارەی |

| | |
|---|---|
| کوردستان | جیاواز بکات.<br>• هەلسەنگاندن بۆ شایستەیی، شەفافیەت و لێپرسینەوەی تێدا نییە<br>• هەبوونی زەوی سنووردارە و هەماهەنگیی نێوان وەزارەتەکان لە ئاستی پێویست نییە.<br>• هەڵسەنگاندن بۆ پێدانی مۆڵەت لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر جیاوازە.<br>• دواکەوتن ڕوودەدات لە دابینکردنی ژێرخان و خزمەتگوزارییە گشتیەکان.<br>• سەرەڕای ئەوەی زەوییەکە بۆ کەسێک تەرخان دەکرێت، ڕەنگە ناکۆکی لەسەر زەوییەکە سەر هەڵبدات.<br>• پرۆسەکە ڕەنگە تا یەک ساڵ بخایەنێت، ئەو بۆچوونەی کە هەموو کارەکانت لە یەک شوێن جیبەجێ بکەیت، هێشتا جێبەجێ نەکراوە. |
| **کۆتوبەندی بواری تر بێجگە لە یاسا و ڕێوشوێن** | |
| ژێرخانی گەشتیاری | • هێشتا گەشەی تەواو نەدراوە بە شوێنە گەشتیارییەکان<br>• گواستنەوەی گشتی زۆر سنووردارە لە نێوان شارەکان<br>• ئاستەنگی زمان<br>• ڕێنیشاندەری گەشتیاری کە مەشقپێکراوبن زۆر کەمن.<br>• ژێرخانی پارەدان بۆ بیانییەکان وەک پێویست نییە. |
| ئاسایش و گۆشەنیگا | • ڕەوشی نائارامی ئاسایش لە ناوچە و وڵاتانی دەوروبەری هەرێمی کوردستان<br>• ئاشنایەتی بە ڕەوشی ئارام و سەلامەتی هەرێمی کوردستان سنووردارە |
| دەستگەیشتن بە دارایی | • تەمویلی قەرز زۆر زەحمەتە |
| کەرتی بانک و دڵنیایی گەشەی نەکردووە | • هێشتا دارایی پرۆژە و نیشتەجێکردن پێ نەگەیشتوون<br>• چەند بانکێکی کەم هەیە کە قەرز دەدەن، ئەم قەرزانەش بە گشتی ڕێژەی سوودیان بەرزە و ماوەی دانەوەی پارەکە کەمە.<br>• با پرۆسەیەک بچووک و سادەش بێت لە بانک هەر زۆر بێزارکەرە.<br>• دەستگەیشتنی زۆر بەرتەسک بۆ بەرهەمی بیمە و دڵنیایی. |
| هێزی کاری شارەزا | • ژمارەی کارمەندی شارەزا لە هەرێمی کوردستان خواستی بازاڕ پڕ ناکاتەوە |

سەرچاوە ڕۆڵاند بێرگەر ٢٠١٤

## ڕاسپاردەکان

٣.١١١ **ئەگەرچی قەیران لە ئارادایە، بەڵام پلانی ستراتیجی گەشتیاری و ڕاهێنانی ڕۆڵاند بێرگەر دوو ئامرازی بەسوودن و ڕێنمایین بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو گەشەپێدان بە بازاڕی گەشتیارییەکەی**. بۆیە پێویستە حکومەت کۆششەکانی چڕ بکاتەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانە. بەڵام لەبەر ڕەوشە سیاسییەکە دەکرێت پێداچوونەوەی ئەولەوییاتەکان بکرێت. بە تایبەتی پێناچێت گەشتیاری بیانی

سەردانی شوێنێک بکەن کە نزیک بێت لە پێکدادان. گەشتیاری لەناو عێراق و لەناو وڵاتانی دراوسێ دوو شت کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەریان: کوردستان هەر گەشتیار ڕادەکێشێت چونکە سەلامەتترە لە بەشەکانی تری وڵاتەکە و ناوچەکە، و لە لایەکی ترەوە کۆتوبەند لەسەر هاتووچۆ و جموجوڵی خەڵک (لەبەر شەڕ و لەبەر قەیرانی پەنابەر) بەردەوام دەبێت و ڕێگر دەبێت لە گەشتیاریی ناوخۆ/هەرێمایەتی، کە ژمارەیان ئێجگار زۆرە.

٣.١١٢. **باشترین پێشبینی، لە کورتخایەندا، بۆ عێراق ئەگەری زۆرە بۆ گەشتیاری بێت** (لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان سەقامگیرتر و سەلامەتترە بە بەراورد لەگەڵ عێراق)، پێویستە چالاکییە ریکلامەکانی دەستەی گەشتیارییش جەخت لەم بوارە بکاتەوە.

٣.١١٣. **لە کاتێکدا دەکرێت گەشتیاری ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت لە فرەچەشنێتی ئابوری عێراق، قەیرانی ئێستا هیچ پێشبینییەکی دەستبەجێی پێ نییە بۆ چارەسەر.** بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان جەخت بخاتە سەر کار و وەبەرهێنەکانی درێژخایەن، نەوەک بازاڕگەری و ستراتیجی مارکەی کورتخایەن. کارەکانی بواری درێژخایەن بریتین لە گەشەپێدان بە شوێن و بەرهەمە گەشتیارییەکان، ژێرخان، خوێندن و کواڵیتی. دەکرێت بە گوێرەی ئەوانەش، بەرنامە دابڕێژرێت.

٣.١١٤. **پێویستە ئەمە بە هاوبەشی بکرێت لەگەڵ کەرتی تایبەت**، ئەگەرچی پێدەچێت وەبەرهێنەران وازیان لە پیشەسازی گەشتیاری هێنابێت لە هەرێم. هاوبەشی زۆر بنچینەییە، بە تایبەتی بۆ چاکترکردنی ڕێگەوبان و هۆیەکانی گواستنەوە، دانانی کوردستان لە کەتەلۆگی گەورە ڕێکخەرانی بواری گەشت، و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی میوانداریتی. هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە نۆژەنکردنەوەی شوێنە گەشتیارییە سەرەکییەکان، وەک لەو کارەدا دەردەکەوێت کە لەگەڵ یونسکۆ کرا بۆ قەڵای هەولێر. ژێرخان و پەروەردە و چوارچێوەی یاسایی بریتین لە بەرپرسیاریتی سەرەکیی حکومەتی هەرێمی کوردستان (ڕەنگە بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمەکبەخشان). دەکرێت هانی دەستپێشخەریی ئەهلی بدرێت بۆ داڕشتن و گەشەپێدانی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکی گەڕۆک لە ناوخۆ (گەشتی ڕێنماییکراو، هونەر و دەستڕەنگینی، چێشتخانە و شوێنی حەوانەوە).

٣.١١٥. **حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی کردووە بە وەبەرهێنان لە بەرفراوانکردنی ئامارەکانی گەشتیاری.** ئەم کۆششانە پێویستە بەردەوام بن بە تایبەتی بەو ئامانجەی خەرجییەکانی گەشتیاریی لە هەرێم شی بکرێنەوە. ژمێرەی گەڕۆکی گەشتیاریی بوار دەرەخسێنێت بۆ پێوانەکردنی کاریگەری ئابوری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی گەشتیاری و داڕشتنی ستراتیجی گونجاو بۆ زیاترکردنی گەشتیاران و داهات. پێویستە هاوکاری تەکنیکی دابین بکرێت بۆ هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیڕەوکردنی ئەم شێوازانەی ئامار.

## و.	چاکسازییەکانی کەرتی وزە

٣.١١٦. **کەرتی وزە (نەوت، گازی سروشتی و کارەبا) بریتییە لە کەرتی هەرەگەورەی ئابوری.** نەوت زیاتر لە نیوەی جی دی پی پێک دەهێنێت، و کەرتەکانی گاز و کارەبا رۆڵی گەورەیان هەیە لە گەشەسەندنی ئابوری و دروستکردنی هەلی کار و ئاستی ژیانی خەڵکی کوردستان. ئەو ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی کەرتی وزەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبنەوە تەنها لە بواری سروشت و ئابوری و داراییدا نین، بەڵکو ئاستەنگی بواری یاسا و رێکخستن هەیە و لەمەش زیاتر ئاریشە لە بواری سیاسەتەکان و دامەزراوەکان وەک پێویستبوونی بونیاتنانەوە و بەهێزکردنەوەی دەزگاکان و توانای تەکنیکی و کارگێڕییان. ئەم ئاستەنگانە کۆتن لەسەر بەڕێوەبردنی ستراتیجی رێکوپێکی کەرتەکە، هەروەها کاروباری وەک پلاندانان، گەشەپێدان و کارپێکردنی ژێرخان.

٣.١١٧. **کەرتی وزەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک کارەبا، دەیان ساڵ زیانی پێکەوتووە لە پێکدادانەکان و لەو ئابڵوقە ئابورییەی کە دەزگاکەی لاواز کرد و بووە مایەی نەخۆشییەکی درێژخایەن لە بواری وەبەرهێنان و تێکچوونی ژێرخانەکە.** ئەم ڕەوشە بە شێوەیەکی بەرچاو لە نێوان ٢٠٠٥ و ٢٠١٣ چاکتر بوو کاتێک حکومەتی هەرێمی کوردستان هەندێک سیاسەتی چالاکانەی پەیڕەو کرد و هانی کەرتی تایبەتی دا وەبەرهێنان بکات لە دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی گاز و نەوت (E&P)، و پاڵاوتنی نەوت، و پرۆژەی سەربەخۆی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا (IPPs)، ئەم کەرتانە هەموو وەبەرهێنانی زێدە گەورەیان بەخۆوە بینی. بەڵام ئەم سەرکەوتنانە تەریب نەبوون لەگەڵ  چاکسازی لە کەرتەکەدا، و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پاشەکشەیان کرد کاتێک قەیرانە داراییەکەی ئێستا لە ٢٠١٤ دەستی پێکرد، و ئەمەش کاری کردە سەر توانای حکومەت لە پێدانی پارەی دابینکارەکان و ئەمەش وەبەرهێنانی کەرتی تایبەتی، خاو کردەوە.

٣.١١٨. **پاڵپشتی نرخی وزە لە توانای کردندا نییە.** زۆربەی پاڵپشتی حکومی بۆ وزە بەکاردەهێنرێت بۆ کڕینی دیزڵ (گازئۆیل)، و کەرتی گازی ناوخۆیی هێشتا هێندەی پێویست گاز بەرهەم ناهێنێت کە بەشی وێستگەکانی کارەبا بکات. ئێستا ئەوە ڕوونە کە چاکترکردنی سیاسەتەکانی بواری نرخی کارەبا، کە ئەمانەش ڕەنگدانەوەی نرخی بازاڕن زۆر گرنگە. بۆ نموونە، زیانی ئابوری لە کەرتی کارەبا بە نزیکەی ٢.١ ملیار دۆلار دادەنرێت، کە ئەمەش ٨٠ لەسەدی پاڵپشتی ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەم پاڵپشتیانە لەگەڵ کەمبوونەوەی داهاتی دارایی و زیادبوونی خەرجییەکانی بواری بەرگری لە توانادا نەماون.

### کەرتی کارەبا

٣.١١٩. **کەرتی کارەبا لە ئێستادا دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان.** وەزارەت وەک قەوارەیەکی کارەبای تەواوکاری ستوونی کار دەکات (بەرهەمهێنان، گواستنەوە و دابەشکردن) و سێ بەڕێوەبەرایەتی هەیە بۆ دابەشکردن لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی. وەزارەتی کارەبا ئێستا ڕاستەوخۆ خاوەنی هەموو دەزگاکانی گواستنەوە و دابەشکردنە، هەروەها هەموو

وێستگە کارەباکانی وزەی ئاو و چەند وێستگەیەکی کۆن و زۆر بچووکی گەرمی. لە بیست ساڵی ڕابردوودا، حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتووانە توانای دروستکردنی کارەبای دامەزراندووە و بەرفراوان کردووە لە کەمتر لە ٥٠٠ میگاواتەوە لە ٢٠٠٧ بۆ زیاتر لە ٥٠٠٠ میگاوات لە ٢٠١٥، و ئێستا زیاتر لە ٩٠ لەسەد لە توانای بەرهەمهێنانی کارەبا موڵکی کەرتی تایبەتە و لە لایەن ئەمەوە کاری پێدەکرێت.

٣.١٢٠. **قەیرانە داراییەکە کار دەکاتە سەر بەرفراوانکردنی خێرای توانای بەرهەمهێنانی کارەبا.** زیاتر لە ٩٧ لەسەد لە بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان لە لایەن بەرهەمهێنەری سەربەخۆی کارەباوەیە IPP. لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین پرۆژەی IPP دروست کراوە، وەزارەتی کارەبا دەیویست توانای بەرهەمهێنای کارەبا لە ٥٠٠٠ میگاواتەوە لە ٢٠١٥ بەرز بکاتەوە بۆ زیاتر لە ٩٠٠٠ میگاوات لە ٢٠٢٠. بەڵام لە ئەنجامی قەیرانی دارایی لە ٢٠١٤ لەسەر بودجەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تامەزرۆیی وەبەرهێنەری بیانی، زۆربەی پرۆژە نوێیەکانی دروستکردنی کارەبا ڕاگیراون یان وازیان لێ هێنراوە، تەنها یەک دانەی تر لە IPP لە زاخۆ پێشبینی دەکرێت دەست بە کاربکات لە مەودای مامناوەندیدا.

٣.١٢١. **هاوکات، خواست لەسەر کارەبا لە هەرێمی کوردسان زیاد دەکات و تەنانەت تا دێت زیاتر دەبێت.** خواست لەسەر کارەبا بە دوو ئەوەندە زیادی کردووە لە ساڵانی ڕابردوودا و پێشبینی دەکرێت بە ڕێژەی ٩ تا ١١ لەسەد زیاد بکات لە هەر ساڵێکدا. ئەم زیادبوونەی خواست لەسەر کارەبا شتێکی زۆر نائاساییە و ئەمە تەنها ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی ئابوری و کاریگەری وەرگرتنی ١.٨ ملیۆن ئاوارە و پەنابەر نییە، بەڵکو هەروەها ڕەنگدانەوەی بەفیڕۆچوونە لە سیستمەکە، و کۆنەکردنەوەی پارە لە بەکارهێنەرەکان.

٣.١٢٢. **سەرەڕای بەرفراوانکردنی تۆڕەکان بە خێرایی، هێشتا ماوەی کارەبادان ئێجگار دابەزیوە.** لە ٢٠٠٧ ەوە، بەرفراوانبوونێکی گەورە ڕوویداوە لە بەستنەوەی ماڵان بە تۆڕی کارەبای گشتیەوە. هاوکات، سەرەڕای بەرفراوانکردن و زیاترکردنی بەرهەمهێنانی کارەبا، ماوەی کارەبادان تێکچووە بە شێوەیەک کە ٩٣ لەسەدی خێزانەکان تەنها ١٢ کاتژمێریان پێدەگات لە ڕۆژێکدا، پێشتر پێش قەیرانی ئاوارە و پەنابەرەکان، ڕۆژانە ٢٢ کاتژمێر کارەبا دەدرا. ئەمەش جیاوازییەکی گەورەیە لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق، بە تایبەتی بەغدا، کە زیاتر لە سێ چارەکی خەڵک تەنها ٨ کاتژمێر کارەبایان هەیە لە ڕۆژێکدا.

٣.١٢٣. **ئاستەنگەکانی بواری کەرتی کارەبا پێویستیان بە چاکسازی هەیە لە ئیدارە و لە سیاسەتەکان.** لاوازیی کارایی چالاکییەکان، ئاستی بەرزیی دزینی کارەبا، و ئامێری کۆنی تۆڕەکانی کەرتی دابەشکردن بریتین لە هۆیە سەرەکییەکانی بەفیڕۆدانی کارەبا لە میانی دابەشکردنیدا. پێوەرەکان کار ناکەن، دیاری کردنی نرخ و کۆکردنەوەی پارەکان ڕێکوپێک نین و ئەمانەش ڕۆڵیان هەیە لە بەفیڕۆچوونی کارەبایەکی زۆر. ئەمانەش سەرباری ئەوەی پاڵپشتی زۆری نرخەکەی دەکرێت و کرێکەی زۆر کەمە، بەم شێوەیە ئەمە تەنها نابێتە مایەی ئەوەی کە ئەدای دارایی کەرتەکە زۆر خراپ بێت، بەڵکو ناتوانرێت جۆرایەتی و ماوەی خزمەتگوزاری کارەبا باشتر بکرێت. زیادکردنی ماوەی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکە و باشترکردنی، پێویستی بەوەیە سیستمی بەڕێوەبردنی کۆکردنەوەی داهاتەکە باشتر بکرێت و ڕێگەیەک بگیرێتە بەر بۆ کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی کارەبا هەم لە لایەنی تەکنیکییەوە و هەم لە لایەنی

ناتەکنیکییەوە. ئەمەش دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی بارگرانی دارایی، هەروەها دەبێت بە بەردی بناغە بۆ بەکارهێنانی کارەبا بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، چونکە نرخی کارەباکە زیادی کردووە. ئەگەرچی هەندێک لە تەکنیکەکانی کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی کارەبا پێویستن وەک بەکارهێنانی پلاندانان بۆ سیستمەکانی کارەبا و ئامرازەکانی پێوانە و دەستکردن بە وەبەرهێنانی پێویست، بەڵام ئەزموونە جیهانییەکان ئەوە دەردەخەن کە بەفیڕۆدانی کارەبا بە هۆی ناتەکنیکییەوە زۆر پەیوەستن بە بەڕێوەبردنی لاوازەوە وەک لە خاوەنداریێتی. سەرکەوتن لە کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی دابەشکردنی کارەبا بریتین لە: لێپرسینەوە، خاوەنداریێتی لە ڕێی بەشداریکردن، و چاکترکردنی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و پرەنسیپەکانی یەکسانی.

**خشتەی ٣.٤ ئاستەنگەکانی کەرتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان**

| ئاستەنگەکانی کەرتەکە | وەسف |
|---|---|
| **بەفیڕۆدانێکی گەورە** | کۆی بەفیڕۆدان (تەکنیکی و ناتەکنیکی) نزیکەی ٣٠-٥٠ لەسەدە، و بە گوێرەی سەرچاوەکە، مەزەندەکە دەگۆڕێت. ئەمە مانای ئەوەیە نزیکەی نیوەی ئەو کارەبایەی بەرهەم دەهێنرێت داهاتی نابێت، و کۆنەکردنەوی داهاتی ئەم کەرتە ئاکامی سەختی هەیە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان. |
| **تێچوونی دروستکردنی زۆر گرانە** | کۆی خەرجی بەگەڕخستنی ساڵانەی وەزارەتی کارەبا (سووتەمەنی، و بەرهەمهێنان و تێچووی تری PPA، لەگەڵ بودجەی بەگەڕخستنی وەزارەت) نزیکەی ٣.٥ ملیار دینار بوو لە ٢٠١٥.[١٢] هۆی سەرەکی ئەم تێچووە بریتی بووە لەوەی زۆر پشت بە سووتەمەنی شل بەستراوە (گازۆیل-دیزل-، سووتەمەنی سووک و قورس) لەبەر دواکەوتنی گەشەپێدانی سەرچاوەکانی گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان لە هەموو ئاستەکاندا، وەک دەرهێنان و پرۆسەکردن و ژێرخانی هێڵی بۆری. دیزڵ-گازۆیل- نرخەکەی نزیکەی شەش ئەوەندەی نرخی گازی سروشتییە (١٨ سەنت لە بەرامبەر بە ٣.٢ سەنت) و کارایی ئیشکردن و بەرهەمی نزمترە[١٣]. تا ٢٠١٥ ساڵانە نزیکەی ٢.٥ ملیار دۆلار زیاد لە تێچوو خەرج کراوە لەسەر گازۆیل، ئەمەش هانی وەزارەتی کارەبای داوە گۆڕانکارییەکی ستراتیجی بکات لە ٢٠١٦ بە دوور کەوتنەوە لەو وێستگانەی کە دەستیان بە گاز ناکات و نزیکبوونەوە لەوانەی کە گازیان هەیە. |
| **بەرهەمهێنانی کارەبا چوست (کارا) نییە** | ئەو ژمارە زۆرەی IPP کە هەیە، بە توربینی بچوک و چوستی نزمی جۆری'E-class' دروست کراون کە سوڕی کراوەن (OCGT)، ئەمەش زۆر پشت بە سووتەمەنی دەبەستێت، (چوستییەکەی ٣٢-٣٤ لەسەدە) بە بەراورد لەگەڵ توربینە تازەکانی جۆری 'F' و 'H-class' کە نوێ و گەورەترن و لە بەکارهێنانی کارەبا چوستترن (٣٨-٤٢ لەسەد کاراییان لە OCGT زیاتر دەکات بەرەو ٥٨-٦٢ لەسەد و سوڕی ئاوێتەن (CCGT). حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی کاوەخۆ کار لەسەر ئەمە دەکات لە ڕێی هاندانی گۆڕینی OCGT بە CCGT (لە هەولێر و سلێمانی) ئەمەش چووستیان زیاتر دەکات بۆ نزیکەی ٥٠-٥٣ لەسەد و لە PPA نوێیەکان، تەکنەلۆجیای چوستتر بەکاردەهێنرێت 'F-class' (زاخۆ). |
| **پاڵپشتی نرخەکان لە توانادا نییە** | کۆی تێچووی ساڵانەی کارەبا، بەبێ وەبەرهێنان، نزیکەی ٣.٢٥ ملیار دۆلارە (کۆی گشتی تێچووەکە ٣.٥ ملیار دۆلارە، و کەمتر لە ٢٥٠ ملیۆن دۆلار داهاتە) لە ئێستادا. ئەمەش نزیکەی ٢٥ لەسەدی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. |
| **وەبەرهێنانی نەگونجاو** | بە گوێرەی ڕاپۆرتی وەزارەتی پلاندانان، کەمتر لە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بودجەی ٢٠١٥ بوو بۆ داراییکردنی وەبەرهێنان لە گواستنەوە و دابەشکردن. لە ئەنجامی دواکەوتنی وەبەرهێنانەکان، |

١٢ مەزەندەکانی وەزارەتی کارەبا

١٣داتای وەزارەتی کارەبا، تشرینی دووەمی ٢٠١٤ ئەم نرخانەی سووتەمەنی ڕەنگە ڕەنگدانەوەی تێچووی ئابووری ڕاستەقینە بن یان نەبن، و پێویستە لەم بارەیەوە کاری زیاتر لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بکرێت.

| | |
|---|---|
| | تۆڕی گواستنەوەی ڤۆڵتییەی بەرز وەستاوە و لەوانەیە گرفت بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریی کارەبا دروست بکات. [١٤] |
| **مەترسیی سزای بەردەوام و گەورە** | ئەگەر وەبەرهێنان لە تۆڕەکانی گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبادا زیاتر نەکرێت و ئەو زیانانە چاک نەکرێتەوە کە تووشی تۆڕەکانی دراوسێکان بووە[١٥] ئەوسا ڕەنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان پارەی تواناکان بدات لە ژێر رۆشنایی گرێبەستەکان لەگەڵ IPP بۆ PPA ەکان ، کە تا دێت ژمارەیان زیاد دەکات. [١٦] |
| **ئەگەری زیادبوونی برانی کارەبا** | لە کاتێکدا خواست بە ڕێژەی ٩-١١ لەسەرت زیاد دەکات لە ساڵێکدا [١٧] و توانای بەرهەمهێنەرەکان گەیشتۆتە ئەوپەڕی لە سایەی ئەم ژێرخانە و کۆتوبەندی دارایی، دیسانەوە خەڵک کارەبایان دەبڕێت بۆ ماوەیەکی زۆر ئەگەر وەبەرهێنانی گونجاو نەکرێت لە تۆڕەکانی گواستنەوە و دابەشکردن. |

### ئامانجەکانی چاکسازی لە کەرتی کارەبا

٣.١٢٤. **ئامانجی درێژخایەنی وەزارەتی کارەبا بریتییە لە کارکردن لەسەر ئاستەنگەکانی کەرتی کارەبا بە شێوەیەکی هەمەلایەن** بۆ جەختکردنەوە لەوەی کارەبای گونجاو دابین بکرێت لە ئێستا و ئاییندەدا بۆ وەڵامدانەوەی سەرجەم بەکاربەرەکان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بە نرخێکی کێبڕکێکارانە و گونجاو. بەدیهاتنی ئامانجی درێژخایەن بریتییە لە بەدیهاتنی چوار ئامانجی بەپەلە:

- کۆنترۆڵکردنی بارگرانی دارایی پاڵپشتی نرخ و بەفیڕۆدانەکان،
- چاکترکردنی گەیاندنی خزمەتگوزاری کارەبا بە بەکاربەران،
- دابینکردنی وەبەرهێنانی پێویست بۆ کەرتی گواستنەوە و دابەشکردن،
- دوور کەوتنەوە لە خاوەندارێتی ئەرکەکانی کەرتەکە لە لایەن حکومەتەوە.

٣.١٢٥. **ستراتیجێک کە لە سێ پایە پێک دێت پێشنیار کراوە بۆ کارکردن لەسەر ئاستەنگەکانی کورتخایەن و درێژخایەن لە کەرتی کارەبای هەرێمی کوردستان.** ئەم سێ پایەیە بریتین لە:

- **پەسەندکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی و ڕێکخستنی و سیاسەت کە ڕێخۆشکەر و ئاسانکار بێت** و لەسەر بناغەی ڕۆڵ و دەسەڵاتی ڕوون دامەزرابێت بۆ بوارەکانی وەک سیاسەتەکان، ڕێوشوێنەکان، بەرفراوانکردنی تۆڕەکان، گەیاندنی کارەبا، بەرهەمهێنان، دابەشکردن، دابینکردنی وزە، بازرگانی کارەبا، و چووستی وزەی کارەبا. دەبێت ئەو چوارچێوەیە یاسایەکی نوێ لە خۆبگرێت بۆ کارەبا، لایەنێکی سەربەخۆ ڕێکی بخات، هەڵوەشاندنەوەی کەرتی تەواوکاریی ستوونی، قەوارەکانی کەرتەکە بدرێت بە کۆمپانیاکان و ئەولەوییاتەکانیان بگۆڕێت. پێویستە حکومەت بەردەوام بێت لە ئەرکی داڕشتنی سیاسەتەکان و بەڕێوەبردن، بێجگە لە هەندێک ئەرکی

---

١٤ Parsons Brinckerhoff

١٥ ئاستەنگەکان بریتین لە (i) زیانی شەر لە هێڵی ٤٠٠ کیلۆڤۆلتی کەرکوک-موسڵ کە ڕێگە دەگریت لە هەناردەکردنی بۆ عێراق، و (ii) نەبوونی ستانداردی تۆڕی نێودەوڵەتی کە ڕێگە دەگرێت لە هەناردەکردن (بۆ نموونە لە زاخۆ بۆ تورکیا).

.١٦ وردەکاریی مەزەندەی کارەبای زێدە و سزاکانی لە PB داوا کراوە.

١٧سەرنجنامەی چەمکی کارەبای RAS بانکی نێودەوڵەتی، تشرینی یەکەمی ٢٠١٤.

پڕبایەخ وەک پلاندانان بۆ کەرتەکە، ڕەزامەندی و بەخشینی مۆڵەت بۆ وەبەرهێنان، بازرگانی و ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتی، بڕی گەیەندراو، و چاودێری بازاڕەکان. گواستنەوە لە کەرتێکی تەواوکاریی ستوونییەوە بۆ ئیدارەیەک کە زیاتر دابەش بوو بێت پێویستی بە شێوازێکی گۆڕانکارییە کە لەسەرخۆ بێت و هەنگاو بە هەنگاو ئەنجام بدرێت. وەک بوارەکانی ژمێریاری و کارگێڕیی جیاکردنەوەی پرۆژە جۆراوجۆرەکان، دامەزراندنی دەستەیەک بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکان، و بەشداریی کەرتی تایبەت بە شێوەیەکی دەستنیشانکراوانە (بە گوێرەی گرێبەستی ڕێکخستنی کاروبارەکان)، ئەمانە لە یەکەم قۆناغدا. لە قوناغی داهاتوودا، دەتوانرێت پرۆژەکان وەک قەوارەی جیا داببڕێن، و دواجار هەر بە تەواوەتی کەرتەکە تایبەتاندنی (خصخصة) بۆ بکرێت.

- **ئەنجامدانی وەبەرهێنانی گەورە لە ژێرخاندا بۆ جەختکردنەوە** لەوەی کارەبای گونجاو دابین بکرێت کە نەبڕێت و بەفیڕۆدانیش کەم بێت. لەبەر ڕەوشی دارایی، زۆر گرنگە کە سەرچاوەی کەرتی تایبەت بخرێتە هەموو بوارەکانی کەرتی کارەبا. وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت لە هێڵی گواستنەوەی ڤۆڵتیەبەرز ڕەنگە ببێتە مایەی پتەوکردنی پێکەوە بەستنەوەی هەموو هەرێمی کوردستان، و گواستنەوەی کارەبا بە نرخێکی هەرزانتر لە قۆناغی ئەو وێستگانەی کارەبا کە بە سووڕی ئاوێتە کار دەکەن. هەروەها، تۆڕی ڤۆڵتیەییەرز دەکرێت ڕێگەخۆش بکەن بۆ ناردنی کارەبا زیادەکە بۆ عێراق و بۆ تورکیای دراوسێ. بازرگانی بە کارەباوە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ زۆر پڕبایەخە بۆ جەختکردنەوە لە پەیداکردنی داهات لە بەرامبەر ئەو کارەبا زیادەی کە هەیە. لە ڕاستیدا، ڕاکیشانی وەبەرهێنان بۆ گواستنەوەی کارەبا (هەروەها بۆ بۆری هێڵی گواستنەوەی گاز) پێدەچێت زۆر باش پیشان بدرێت لە ڕێی ڕێکەوتننامەی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ. بەڵام پێویستە بەورییاییەوە وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت هەڵبژێردرێت بۆ گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا بۆ جەختکردنەوە لەوەی ئەدای ئێستای کەرتەکە بتوانێت ئارەزوو لای کەرتی تایبەت دروست بکات، هەروەها توانای دامەزراوەیی هێندەی پێویست ڕێکوپێک بێت و چوارچێوەی یاسایی-ڕێوشوێنی-سیاسەتەکان بە شێوەیەک بێت کە بتوانێت سیستمێکی ژینگەی ئاڵۆز بەڕێوەببات.
- **پیادەکردنی ڕێوشوێن بۆ پشتگیری چاکترکردنی ئەدا و لێپرسینەوە.** ئەمە بریتییە لە دانانی سیستمێکی نرخ بۆ کارەبا و بەرنامەیەکی تایبەت بە کەمتکردنەوەی زیانەکان و چاکترکردنی داهاتەکان. بە گوێرەی هەڵسەنگاندنێکی چڕوپڕی زیانە بازرگانییەکان، پێویستە حکومەت بەرنامەیەک دابڕێژێت بۆ کەمکردنەوەی بەفیڕۆدان و چاکترکردنی داهاتەکان کە جەخت بخاتە سەر لایەنی بەکاربەر و ئەو جوگرافیایانەی کە زۆرترین بەفیڕۆچوونی تیادا ڕوودەدات. ئەگەرچی تایبەتاندنی تەواوی پرۆژەی دابەشکردن بابەتێکی ئاڵۆزە، بەڵام دەتوانین بەفیڕۆدان کەم بکەینەوە و داهاتەکان چاکتر بکەین لە ڕێی گرێبەستێکی ڕێکوپێکەوە لەگەڵ کەرتی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی نرخدانان و کۆکردنەوەی پارەی خزمەتگوزاریەکان.

٣.١٢٦. **بانکی نێودەوڵەتی دەستی کردووە بە بەرنامەیەکی تەکنیکی بۆ پشتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان** لە چاکسازی و باشترکردنی ئەدا لە ماوەی کورتخایەن و دانانی بەردی بناغە بۆ چاکسازی و

وەبەرهێنان لە ماوەکانی داهاتوودا[18]. خشتەی ٣.٥ بریتییە لە ڕێگەچارەی ئەولەوییاتەکانی چاکسازی لە کەرتی وزەدا.

**خشتەی ٣.٥ چاکسازی لە کەرتی کارەبا و چاکترکردنی ئەدا**

| |
|---|
| **١. چوارچێوەی یاسایی، سیاسەتەکان و ڕێوشوێنەکان** |
| **ئەولەوییەتی بەرز: لە مەودای نزیکدا (١-٢ ساڵ) جێبەجێ دەکرێت و بەردەوامە** |
| **هەیکەلی کەرت**: ئەنجامدانی ڕاوێژ لەگەڵ پسپۆڕان بۆ داڕشتنی هەیکەلێکی نوێ بۆ کەرتەکە، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵ و دەسەڵاتەکان لە بواری سیاسەتەکان و ڕێوشوێنەکان و بەرفراوانکردنی تۆڕەکان و تاک کڕیار و بەرهەمهێنانی کارەبا و دابەشکردن و دابینکردنی سووتەمەنی و بازرگانی بە کارەباوە و چووستی کارەبا و بەڕێوەبردنی خواست. |
| **یاسای کارەبا:** داڕشتنی ڕەشنووسێک بۆ یاسای کارەبا و ڕاوێژکردن لەگەڵ لایەنە هاوبەشەکان. پێشکەشی بکە بە پەرلەمان بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت و ببێت بە یاسا. |
| **یەکەیەک بۆ ڕێکخستنی ڕێوشوێن لەناو وەزارەتی کارەبا:** دانان و ڕێکخستنی یەکەیەک بۆ ڕێکخستنی ڕێوشوێنەکان لەناو وەزارەتی کارەبا وەک ڕێکخەرێکی سەربەخۆ بۆ ڕێوشوێنەکانی کەرتەکە. داڕشتنی مۆدیلی دیاریکردنی نرخ و ڕسوم و مەشق بە ئەندامانی یەکەی ڕێکخستنی ڕێوشوێنەکان بکات. |
| **پاراستنی ئەرکەکانی کەرتەکە**: بە گوێرەی ئەو ئیدارەیەی کە هەیە، پاراستنی ئسوڵی دروستکردنی کارەبا و گواستنەوە و دابەشکردنی و پرۆژەکانی بازرگانی و دابینکردنی سووتەمەنی وەک قەوارەی جیاواز. جیاکردنەوەی ئسوڵەکانیان، و ئەرکەکانیان و هێزی کار، و داڕشتنی حەواڵەکردن و گواستنەوە لە نێوانیاندا، و هاندانی بەرپرسیاربوونی وزە و دارایی. |
| **ئەولەوییەتی مامناوەندی: لە مەودای مامناوەندی (٣-٥ ساڵ) جێبەجێ دەکرێت** |
| **ڕێکخەرێکی سەربەخۆ بۆ ڕێوشوێنەکانی کەرتەکە**:بە گوێرەی یاسا نوێیەکەی کارەبا دەزگایەکی سەربەخۆ دابنێ بۆ ڕێکخستنی ڕێوشوێنەکانی کەرتەکە. پێویستە ڕێکخەرەکە ڕێوشوێن دابنێ بۆ کڕێ، ئەدا، پرۆسەکانی تەندەری کێبڕکێکار. |
| **بە کۆمپانیاکردنی قەوارەکانی کەرتەکە**: دامەزراندنی قەوارە وەک دەستەی سەربەخۆ بۆ بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردن و بازرگانیکردن کە بە گوێرەی یاسای کۆمپانیاکان ئەو قەوارانە تۆمار کرابن. دانانی دەستەی بەڕێوەبەران، و کارگێڕی و میکانیزمەکانی ئەدای بەرپرسیاربوون. ئەم قەوارانە دەکرێت لە قۆناغێکدا وەک کۆمپانیا بن و تایبەتاندن (خصخصە) بکرێن. |
| **ئەولەوییەتی نزم: چاکسازییەکان لە مەودای درێژخایەندا (٥-٧ ساڵ) ئەنجام دەدرێن.** |
| **تایبەتاندن (خصخصة) ی سەرجەم قەوارەکانی کەرتەکە**: تایبەتاندنی قەوارەکانی کەرتەکە پاش بڵاوبونەوەی چوارچێوەی یاسایی و ڕێکخستن، و بازاڕەکانی کارەبا دامەرزران، و قەوارەکان کران بە کۆمپانیا. |
| **٢. پتەوکردنی ژێرخان** |
| **ئەولەوییەتی بەرز: لە مەودای نزیکدا دەستی پێدەکرێت (١-٢ ساڵ) و بەردەوام دەبێت (جێبەجێکردنی چالاکییەکان پێدەچێت بەردەوام بێت تا مەودای مامناوەندی)** |
| **هەبوونی گازی سروشتی**:باشترکردنی هەبوونی گازی سروشتی و نەهێشتنی بەکارهێنانی گازۆیل بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا. چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەسەر کەرتی گاز. |

[18] بەرنامەی هاوکاری تەکنیکی بانکی نێودەوڵەتی بریتیە لە لێکۆڵینەوە لە (*i*) چاکسازیی لە کرێ و ستراتیجی کەمکردنەوەی پاڵپشتی نرخ، (*ii*) ڕاهێنانی ستراتیجی گەیاندن، (*iii*) ڕێچکە بۆ بەشداریی کەرتی تایبەت لە گواستنەوە، (*iv*) و ڕێچکە بۆ پتەوکردنی دابەشکردن، کەمکردنەوەی بەفیڕۆدان و باشترکردنی داهات.

| |
|---|
| **هێڵی گاز**: داڕشتن و دەستکردن بە بونیاتنانی هێڵی گاز تەریب لەگەڵ هێڵی نەوتەکە، بۆ ئەوەی کێڵگەکانی گاز لە ناوەڕاستی هەرێمی کوردستان ببەسترێنەوە بە وێستگەکانی کارەباوە لە رۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان. |
| **بەشداریی کەرتی تایبەت لە گواستنەوەی کارەبای ڤۆڵتیەبەرز**: بواردان بە بەشداریکردنی کەرتی تایبەت لە گەشەپێدانی تۆڕی گواستنەوەی ڤۆڵتیەبەرز. ئەمە بوار دەڕەخسێنێت بۆ گواستنەوەی رێکوپێکی نزیکەی ٤٠٠٠ میگاواتی زێدەش. |
| **بەشداریی کەرتی تایبەت لە دابەشکردن**: لێکۆڵینەوە بکە لە رێگەکانی بەشدارییپێکردنی کەرتی تایبەت بۆ راکێشانی وەبەرهێنان و ئەدای بازرگانی باشتر بۆ پرۆژەی دابەشکردن. ئەگەرچی رەنگە تایبەتاندنی تەواو زەحمەت بێت بەڵام دەکرێت لە بەراییدا خزمەتگوزاری دانانی نرخ و کۆکردنەوەی پارەکە بە گرێبەست بدرێت بە لایەنێکی دەرەکی وەک هەنگاوی یەکەم |
| **٣.چاکترکردنی ئەدا و لێپرسینەوە** |
| **ئەولەوییەتی بەرز: لە ماوەی نزیکخایەندا (١-٢) ساڵ دەستی پێدەکرێت و بەردەوام دەبێت.**<br>**(جیبەجێکردنی چالاکییەکان پێدەچێت بەردەوام بێت تا قۆناغی مامناوەندی).** |
| **رێگەی گونجاندنی کرێ**: رێگەیەک و ستراتیجێک بۆ دیاریکردن و گونجاندنی کرێ دابڕێژە و جێبەجێ بکە لە ماوەی چەند ساڵێکدا. ئەم شێوازە دەکرێت کاتێک دەست پێ بکات کە کارەباکە باش بووبێت و کرێی داپۆشینی نرخەکەی بۆ ئەو بەکاربەرانەی کە بازرگانیین یان پیشەسازیین. |
| **پلانی کەمکردنەوەی بەفیڕۆچوون**: داڕشتن و جێبەجێکردنی پلانی کەمکردنەوەی بەفیڕۆچوون. بە پشت بەستن بە هەڵسەنگاندنی تێروتەسەلی بەفیڕۆچوونی بازرگانی، بەرنامەیەک دابڕێژە بۆ کەمکردنەوەی بەفیڕۆچوون و باشترکردنی کۆکردنەوەی داهاتەکان بە جەخت خستنە سەر بەکاربەران و ئەو جوگرافیایانەی کە زۆرترین بەفیڕۆچوون تیایدا ڕوودەدات. |
| **ئەولەوییەتی مامناوەندی: لە مەودای مامناوەندی جێبەجێ دەکرێت (٣-٥ ساڵ)** |
| **بەڕێوەبردنی سیاسەتەکان و بەرنامە بۆ کاروباری خواست**: داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەت و بەرنامەی ڕوون بۆ چوستی وزە، پاراستنی وزە، وزەی نوێکراوە، و بەڕێوەبردنی خواست. |

## گازی سروشتی

٣.١٢٧. **ئەگەری زۆرە کە گازی سروشتی بەرهەم بهێنرێت.** وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەزەندە دەکات کە هەرێمی کوردستان نزیکەی (٦.٥ ترلیۆن متر سێجا tcm) ٢٠٠ ترلیۆن پێ سێجا (tcf) گازی سروشتی یەدەکی هەبێت[١٩]. ئەو کێڵگە سەرەکییانەی کە دۆزراونەتەوە و دەتوانرێت بەشداری بکەن لە بەرهەمهێنان بریتین لە خۆرمۆر، کوردەمیر، تۆپخانە، بنەباوی، میران و چەمچەماڵ. خۆرمۆر لە ئێستادا بەکاردەهێنرێت بۆ گازی ناوخۆیی و دابینکردنی وێستگەکانی کارەبا لە بازیان و هەولێر، بەڵام ئامانج بۆ کوردەمیر و تۆپخانە ئەوەیە کە گازەکەیان دەربهێندرێت و هەناردەبکرێت و بۆ ناوخۆش بەکاربهێنرێت سەرەڕای بنەباوی و میران. چەمچەماڵ هێشتا گەشەی پێ نەدراوە. هەموو ئەم گەشەپێدانانە بە هاوبەشی ئەنجام دەدرێت لەگەڵ کارپێکەرانی نێودەوڵەتی. هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە  بەرهەم لە هەندێک کێڵگەوە هەبێت کە هێشتا نەدۆزراونەتەوە.

---

[١٩] سەرچاوە: http://mnr.krg.org/index.php/en/gas.

٣.١٢٨. **پێشبینی سەبارەت بە بەرهەمهێنانی درێژخایەن گەشبینە.** ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە (IEA) پێشبینی دەکات کە بەرهەمهێنانی گاز لە هەرێمی کوردستان ڕەنگە بگاتە ٢٠-٢٩ ملیار بەرمیل/ساڵ تا ٢٠٣٥.[٢٠] ئەمەش نزیکەی حەوت ئەوەندە زیاترە لە بەرهەمهێنانی ئێستا. ئەگەرچی ڕەنگە ئەمە سیناریۆیەکی زۆر گەشبین بێت، بەڵام دەرفەتی گەورە هەیە بۆ بەرفراوانکردنی بەرهەمهێنانی گاز. بەرهەمهێنانی ئێستای گاز لە هەرێمی کوردستان نزیکەی ٣-٤ ملیار بەرمیل/ساڵ دەبێت و بە تەواوەتی بۆ بەکارهێنانی ناوخۆییە. میران و بنەباوی دوو گەورەترین کێڵگەی دۆزراوەی گاز پێکەوە دەتوانن ١١ ملیار بەرمیل/ساڵ بەرهەم بهێنن، و کەرکوک و خورماڵەش دەتوانن ٥،٢ ملیار بەرمیل/ساڵ و ٢ ملیار بەرمیل/ساڵ بەرهەم بهێنن. ئەگەر گازی سوتاوەکە بگیرێت. ڕەنگە بەرفراوانکردنی خۆرمۆر ٥ ملیار بەرمیل/ساڵ زیاد بکات و چەمچەماڵیش ٦ ملیار بەرمیل/ساڵ بەرهەم بهێنێت ئەگەر ناکۆکی لەگەڵ داناغاز چارەسەر بکرێت.

٣.١٢٩. **حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەولەوییەتی ئەوتۆی داناوە بۆ بەکارهێنانی گاز کە جەخت دەخاتە سەر پڕکردنەوەی پێویستیی ناوخۆیی بۆ وێستگەکانی کارەبا و پیشەسازی پێش ئەوەی دەست بکەن بە ئەگەری هەناردەکردن.** وەک ئەولەوییەتی هەرە لە پێش، حکومەتی هەرێمی کوردستان پلان دادەنێت بۆ جێگرتنەوەی دیزڵ و سووتەمەنی تر بە گاز لە سەرجەم وێستگەکانی کارەبا لە ماوەی دوو تا سێ ساڵی داهاتوو. یەکەم هەنگاو بەم ئاراستەیە لە ٢٠١٣ نرا بە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی فرۆشتنی گاز لەگەڵ کۆمپانیای دی ئێن ئۆ DNO ی نەرویجی لەگەڵ هاوبەشەکەی کە گەنەل ئینێرجی (ئەنگلۆ تورکییە) بۆ گواستنەوەی گاز لە کێڵگەی گازی سومەیل بۆ ویستگەی کارەبای دهۆک. ئەگەرچی کێڵگەکە بەستراوەتەوە بە بەرهەمهێنەری سەربەخۆی وزە (IPP) لە ٢٠١٤ لە ڕێی ئەو بۆری گازەوە کە بۆ ئەم مەبەستە دروست کرا، بەڵام چیتر ناتوانێت گازی پێویست دابین بکات لەبەر حساباتی هەڵەی عەمبارەکان. لەگەڵ ئەمەشدا، هێڵی بۆرییەکە دەخرێتە سەر هێڵی گازە ئاییندەییەکە لە ناوەڕاست و باشووری هەرێمی کوردستانەوە بەرەو تورکیا، و گاز دەدات بە دهۆک و زاخۆ وIPP یش.

٣.١٣٠. **چەند فاکتەرێکی جۆراوجۆر کار دەکەنە سەر داواکاری ناوخۆ لەسەر گاز.** گۆڕینی IPP بۆ سایکڵی ئاوێتە دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی داواکاری لەسەر گاز بۆ ویستگەکانی کارەبا. بەکارهێنانی پیشەسازی پێشبینی دەکرێت گەشە بکات، بە تایبەتی بۆ پیشەسازی چیمەنتۆ. هەروەها بوار هەیە بۆ گەشەپێدانی تۆڕی گاز بۆ بەکارهێنانی ماڵان و بۆ بازرگانی لە ئاییندەدا لە شارە گەورەکان. بەڵام لەبەرئەوەی ژمارەی دانیشتوان بە شێوەیەکی ڕێژەیی کەمە و لەبەر شوێنە جوگرافییەکە، کە ڕەنگە زۆر پیشەسازیی گەورەی پشتبەستوو بە گاز ڕانەکێشیت، پێدەچێت بازاڕی ناوخۆ بە ئاسایی بمێنێتەوە.

٣.١٣١. **سەبارەت بە هەناردەکردنی گاز لە ئاییندەدا، تورکیا بازاڕێکی گرنگ دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان.** ئابوری تورکیا کە بە خێرایی گەشە دەکات، پێویستی بە بڕی ئێجگار زۆرە لە گاز، کە لە ئێستادا سێ یەکی وزە پشت بە گاز دەبەستیت. وەزارەتی وزە و سامانە سروشتییەکانی تورکیا مەزەندەی ئەوە دەکات کە لە نێوان ٢٠١٣ و ٢٠٢٣ داواکاری وڵاتەکەی بۆ گازی سروشتی لە نزیکەی ٤٥

---

[٢٠] تێروانین لە وزەی عێراق، ڕاپۆرتی تایبەتی تێروانین لە وزەی جیهان، EIA ٢٠١٢

ملیار بەرمیل/ساڵ زیاد بکات بۆ نزیکەی ٧٠ ملیار بەرمیل/ساڵ. هەرێمی کوردستان دەیەوێت ١٠ ملیار بەرمیل/ساڵ هەناردە بکات بۆ تورکیا لە ٢٠١٩-٢٠٢٠ و ئینجا لە سەرەتای ٢٠٢٠ دا ئەمە بکات بە ٢٠ ملیار بەرمیل/ساڵ. ئەمەش لە رێی بونیاتنانی هێڵی بۆری گاز کە تەریب دەبێت لەگەڵ بۆری نەوتەکە، هەردووکیان لە ئەنجامی رێککەوتنێکەوە دروست کراون لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا کە لە ٢٠١٣ رێککەوتن لەسەری. بەڵام پلانەکانی دوایین و تێچووەکانی پرۆژەی هێڵی گازەکە هێشتا تەواو نەبوونە، و دابەزینی نرخی گازی ئەوروپی کار دەکاتە سەر ئابوری. ئەگەر رێککەوتننامەکە سەرکەوتوو بێت، مەزەندە دەکرێت قەبارەی بەرایی هەناردەکردن بۆ تورکیا پشت دەبەستێت بە گەشەپێدانی ئەو دوو گەورەترین کێڵگەی گازەی لە هەرێمی کوردستان دۆزراونەتەوە، بنەباوی (٧ ترلیۆن پێ) و میران (٤ ترلیۆن پێ سێجا). ئەگەری ئەوە هەیە هەناردە لەم کێڵگانەوە لە ٢٠١٨ دەست پێبکات، سەرەتا بە ٤ ملیار بەرمیل/ساڵ و ئینجا بەرزدەبێتەوە بۆ ١٠ ملیار بەرمیل/ساڵ. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها دەتوانێت گاز هەناردەبکات بۆ عێراقی فیدراڵ لەبەر نزیکییە جوگرافییەکەی و لەبەر نرخی گرانی هاوردەکردنی گاز لە ئێرانەوە. بەم شێوەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت وزەی کارەبا زیاد بکات و هەناردەی بکات بۆ عێراقی فیدراڵ و/یان تورکیا.

٣.١٣٢. **بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەرکەوتووو دەرفەتەکانی گازی سروشتی بەرێوە ببرێت، زۆر گرنگە هەلومەرجی گونجاو بهێنرێتە ئاراوە بۆ راکێشانی وەبەرهێنان،** و زیاترکردنی بەرهەمهێنانی گازی سروشتی و چاکترکردنی سیاسەتەکان و چوارچێوەی یاسایی و رێوشوێنەکان، لەناویشیاندا نرخەکان، گەشەپێدانی ژێرخانی گاز وەک هێڵی بۆری گاز و ژێرخانی دوایین-بەکارهێنەر، دارشتنی چوارچێوەی گونجاوی گرێبەست و بازرگانیی بۆ پرۆژە ئایندەییەکان، و بازارێک کە مەرج و بەندەکانی رێگەخۆشکەربن و هێندەی پێویست دڵنیایی و کەفالەت بدات بە گەشەپێدەرانی نەوت و گاز کە هانیان بدات دارایی پێویست خەرج بکەن لە ژێرخاندا. پێویستە بازارەکانی گەشەپێدانی نەوت و گاز و بەرهەمەکانی نەوت دەستنیشان بکرێت، وەک دروستکردنی کارەبای ناوخۆ، بەکارهێنانی پیشەسازی، بەکارهێنانی پیترۆکیمیاوی (وەک پەیین و ئەمۆنیا) و بەکارهێنانی تر.

### گەران بەدوای نەوت و دەرهێنانی

٣.١٣٣. **لەم دواییەدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان رووبەرووی دوو حاڵەتی نائاسایی بووەوە لە سووری راوەستاندنی گەشە.** کاتێک حکومەتی هەرێم بواری کردەوە بۆ گەران بە رووی وەبەرهێنەرانی بیانی لە ٢٠٠٦، وەبەرهێنەرەکان زۆر تامەزرۆ و گەشبین بوون بە هایدرۆکاربۆنی نەدۆزراوە، و نرخی بەرزی نەوت، و باشتربوونی رەوشی سیاسی و ئاسایش. ئەنجامەکانی هەڵکەندنی سەرەتایی ئەرێنی بوو، بەتایبەتی بۆ ئەو کۆمپانیایانەی لە سەرەتادا هاتن. برێکی زۆر سەرمایەی گەشەسەندن رژایە ناو کەرتەکەوە، و چەندین پرۆژە دەستیان کرد بە بەرهەمهێنانی بازرگانی. پلانەکانی گەشەپێدانی کێڵگەکان لە لایەن هەڵسورێنەری جۆراوجۆرەوە ئاماژەی بەوە کرد کە ئاستی بەرهەمهێنان ئەگەری هەیە بگاتە یەک ملیۆن بەرمیل نەوت رۆژانە. بەڵام لە دوو ساڵی رابردوودا، ژینگەی پرۆژەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت لە کوردستان تێکچوو، نزیکەی لە هەموو بوارێکەوە. ئەنجامە نەرێنییەکانی هەڵکەندن و بەرهەمهێنان لە هەندێک پرۆژە کە هیوای تری لێ هەڵچنرابوو، دابەزینی نرخی نەوتیش، کە بۆ ماوەی نزیکەی چوار


ساڵ لە ١٠٠ دۆلار تێپەڕی بوو بۆ یەک بەرمیل هاتە خوارەوە بۆ کەمتر لە نیوە لە ٢٠١٤ ەوە. کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت ئەوەندەیان پارە پێ نەدراوە لە بەرامبەر بەرهەمهێنانی نەوت لەوەتەی قەیرانی دارایی دەستی پێکردووە. لە ئەنجامدا چەند کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی نەوت کشانەوە لە هەرێمی کوردستان، و زۆربەی ئەوانەی کە ماونەتەوە وەبەرهێنانەکانیان دواخستووە تا ئەو کاتەی رەوشی بازرگانی باش دەبێتەوە.

٣.١٣٤. **لەگەڵ ئەمانەشدا، سەرەڕای تێکچوونی رەوشی بازرگانی، هێشتا هەر خاڵی گەش هەیە لە کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان.** هەموو کێڵگە بەرهەمهێنە گەورەکان ئەگەری بەرهەمهێنانی زیاتریشیان هەیە. سەرەڕای ئەمەش، گەشەپێدانی کێڵگەی گازی بنەباوی و میران بە ١١ ترلیۆن پێ سێجا دەبێتە مایەی زیادبوونی سووتەمەنی بۆ وێستگەی کارەبا ناوخۆییەکان و داهاتێکی گەورەی دەبێت بە شێوەی هەناردەکردنی گاز بۆ تورکیا. لە نێوان ٢٠٠٦ و ٢٠١٣ حکومەتی هەرێم گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانی PSC بۆ زیاتر لە ٥٠ بلۆکی گەڕان واژوو کردووە. ئەم بلۆکانە نزیکەی هەموو هەرێمی کوردستان دەگرنەوە. بیست و هەشت کۆمپانیای نێودەوڵەتی بەشداری دەکەن. لە سەرەتادا، زۆربەی هاوبەشەکان کۆمپانیای سەرمایەی بچووک بوون، کۆمپانیای کنە و گەڕانی سنووری وەک گەنەل ئینێرجی، دی ئێن ئۆ، گەڵف کیستۆن، وێسترن زاگرۆس، و ئۆریکس پێترۆڵیۆم. دواتر، کۆمپانیای گەورەی نەوت هاتن وەک ئێکسۆن مۆبیل، شێڤرۆن و تۆتاڵ. دوای بەخشینی گرێبەستەکانی هاوبەشی PSC، چالاکییەکان بە خێرایی کنە و گەڕان و گەشەپێدان دەستی پێکرد و بە خێرایی ئەنجام دران. لە ٢٠٠٥ تا ٢٠١٣ کۆمپانیاکانی نەوت زیاتر لە ١٦٠ بیریان لێدا، و کۆی وەبەرهێنانی سەرمایە لە گەڕان و دۆزینەوەی کێڵگەی نەوت، سەرەڕای دەزگاکانی هەڵکەندن و بیناسازی- بە ٤.٥ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت ( Wood Mackenzie).

٣.١٣٥. **بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمەکە زۆر بە خێرایی زیادی کردووە،** لە کەمتر لە ١٠٠٠٠ بەرمیلەوە لە رۆژێکدا لە ٢٠٠٨ گەیشتە زیاتر لە ٥٠٠٠٠٠ بەرمیل لە رۆژێکدا لە ٢٠١٥ (شێوەی ٣.٨). زۆربەی بەرهەمهێنانی ئێستا سەرچاوەکەی سێ پرۆژەیە: خورماڵە، کە کۆمپانیای کار ئینێرجی کوردی کاری پێدەکات، تەق تەق کە گەنەل ئینێرجی کاری پێدەکات، و تاوکێ کە دی ئێن ئۆ کاری پێدەکات. کۆی یەدەگی بازرگانی لە هەرێم بە ٥.٣ ملیار بەرمیل مەزەندە دەکرێت (Wood Mackenzie).

**شێوەی ٣.٨ بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستانی عێراق**

(هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا)





سەرچاوە: وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و مەزەندەی بانکی نێودەوڵەتی.

٣.١٣٦ **هێڵی نەوتی خاوی کوردستان (KCPL) لە کۆتایی ٢٠١٣ تەواو بوو، و ڕێرەوی سەرەکییە بۆ هەناردەکردنی ئەو نەوتەی لە هەرێمی کوردستان بەرهەم دەهێنرێت** (نەخشەی ٣.٢) KCPL نەوتی بەرهەمهێنراوی کوردستان لە خورمەڵە و تەق تەق و تاوکێ و کێڵگەکانی تری ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەگوازێتەوە، سەرەڕای ئەو کێڵگانەی کەرکوک کە NOC کاریان پێدەکات، بەرەو سنووری تورکیا لە فیشخابوورەوە، لەو شوێنەی نەوتەکە دەرژێتە ناو هێڵی بۆری بۆتاش لە گەراجی نەوت و عەمباری جیهان لەسەر دەریای ناوەڕاست. لە ٢٠١٥ KCPL تێکڕاکە ٥٦٠٠٠٠ بەرمیل بووە لە ڕۆژێکدا، کە ٤١٣٠٠٠ بەرمیلی لەو کێڵگانەوە بووە کە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانن و ١٤٧٠٠٠ بەرمیلیش لە ڕۆژێکدا لە کێڵگەکانی کەرکوکەوە.[٢١] توانای هێڵی بۆرییەکە نزیکەی ٧٠٠٠٠٠ بەرمیلە بەڵام بەرفراوان کرا بۆ ١ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.[٢٢] ئەو هێڵی بۆرییەی کە سۆمۆ کاری پێدەکات لە نێوان عێراق و تورکیا لە لایەن میلیشیاکانەوە زیانی پێگەیەندراوە.

[٢١] سەرچاوە: وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، ڕاپۆرتی مانگانەی هەناردەکردن، نیسان-تشرینی یەکەمی ٢٠١٥

[٢٢] سەرەڕای وێستگەکانی پەمپ کە هێشتا لەژێر تاوتوێن لەگەڵ کار.

**نەخشەی ٣.٢ ژێرخانی بۆری هەرێمایەتی**




سەرچاوە: گەنەڵ ئینێرجی

٣.١٣٧. **قەرزەکانی سەر کەرتی نەوتی هەرێمی کوردسان، هەر کەڵەکە دەبن.** حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند گرێبەستێکی پێشوەخت پارەدراوی کڕینی نەوتی واژووکرد لەگەڵ کۆمپانیا بازرگانییەکان. بەڵام لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوتی جیهانی و ئەو دابەزینەی لە نرخ کە دەدرێت بە نەوتی هەرێمی کورستان، ئەو بڕە نەوتەی کە لە جیهان دەدرێت بە کۆمپانیا بازرگانییەکان زۆر کەمترە لەو پارەیەی کە پێشەکی دابوویان و دەبێت بیاندرێتەوە. لە ئەنجامدا، قەرزێکی زۆر لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کەڵەکە بووە لە بەرامبەر کۆمپانیا بازرگانییەکان کە بە ٢.٣ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت. بەرهەمهێنەرەکان لە بەرسڤدا وەبەرهێنانیان نەهێشت لە بواری گەڕان و هەڵکەندن، و ئەمەش توانای بەرهەمهێنانی ئایندەیی کەم دەکاتەوە.

## پاڵاوتن و پرۆسەکردنی نەوتی خاو

٣.١٣٨. هەرێمی کوردستان دوو پاڵاوتگەی گەورەی هەیە: (i) کەڵەک، کە لە نزیک هەولێرە و لەلایەن کۆمپانیای کاری کوردییەوە ئیشی پێ دەکرێت (کارپێکەری کێڵگەی خورمەڵە)، و تواناکەی ١٠٠٠٠٠ بەرمیلە لە رۆژێکدا بەو نیازەی کە لە ماوەی نزیکخایەندا زیاد بکات بۆ ١٨٥٠٠٠ بەرمیل لە رۆژێکدا لە

٢٠١٨ و (ii) بازیان، کە دەکەوێتە نزیک سلێمانی و لەلایەن گرووپی قەیوانەوە، کە کۆمپانیایەکی کوردییە، کاری پێدەکرێت و تواناکەی ٣٤٠٠٠ بەرمیلە لە رۆژێکدا و پلان هەیە زیاد بکرێت بۆ ١٠٠٠٠٠ بەرمیل لە رۆژێکدا لە ٢٠١٨. دی ئێن ئۆ کارپێکەری پاڵاوتگەیەکە بە توانای ٥٠٠٠ بەرمیل لە رۆژێکدا و لە کێڵگەی تاوکی کە کارپێکەریشێتی، و زۆر وێستگەی تر هەیە کە بچووکن و لە لایەن کۆمپانیای ناوخۆییەوە کاریان پێدەکرێت. توانای گشتی پاڵاوتن لە هەرێمی کوردستان نزیکەی ١٧٠,٠٠٠-٢٠٠,٠٠٠ بەرمیلە لە رۆژێکدا. بەڵام ئەگەرچی لە ئێستا زێدە هەیە لە هەرێمی کوردستان لە نەوت و سووتەمەنی قورس، بەڵام توانای تەکنیکی ئەم پاڵاوتگانە سنووردارە لە بواری بەرهەمهێنانی سووکدا وەک دیزڵ و گازئۆیل، و بۆیە پێویستە تواناکانیان بەرزبکرێتەوە تا بتوانن پێویستییەکانی ناوخۆ لە سووتەمەنی دابین بکەن. هەروەها، سیاسەتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بریتییە لە داخستنی ئەوانەی مۆڵەتیان نییە، و ئینجا ئاوێتەکردنیان لەگەڵ یەکە گەورەکان. هەروەها تەندەری ڕاگەیاند بۆ دروستکردنی سێ پاڵاوتگەی نوێ، کە پێکەوە توانەکەیان دەگاتە ١٥٠٠٠٠ بەرمیل لە رۆژێکدا لە سلێمانی و دهۆک و هەولێر.

٣.١٣٩. **بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان بەکاربردنی هەنووکەیی لەگەڵ بەرهەمهێنانی پاڵاوتگە ناوخۆییەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمەکانی نەوت هاوردە دەکات.** هەرێمی کوردستان رۆژانە نزیکەی ٢٥٠٠٠٠ بەرمیل بەرهەمی نەوتی سەرف کردووە لە ٢٠١٤. لە هەندێک حاڵەتدا، ئاڵوگۆڕی کردووە و نەوتی خاوی هەناردەکردووە لە بەرامبەر بە هاوردەکردنی بەرهەمی پاڵێوراو. بەرهەمەکانی نەوت لە بازاڕەکانی ناوخۆدا پاڵپشتی دەکرێن. بۆیە، ئەو پلانە بۆ بەرفراوانکردنی پاڵاوتگەکان، ئەگەر بە ڕێکوپێکی جێبەجێ بکریت، ڕەنگە بتوانێت داواکاری بازاڕەکانی ناوخۆ لە بەرهەمەکانی نەوت پڕبکاتەوە.

٣.١٤٠. **بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دەرفەتەکانی بواری پاڵاوتن و پرۆسەکردنی نەوت بەڕێوە ببرێت و بەهای زیاتر بکرێت بۆ بەرهەمهێنانی نەوتی ناوخۆیی، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان چاکسازی بکات لە بواری ڕێکخستن و ڕیوشوێنەکاندا، و جەخت بخاتە سەر:**

- چوارچێوەیەک بۆ ڕێکخستنی کاروباری گرێبەست و بازرگانی بۆ چالاکییەکانی ئێستا و ئایندە،
- سازکردنی زەمینە و هەلومەرج بۆ راکێشانی وەبەرهێنان
- چاکسازی لە بواری یاسایی و ڕێکخستن و ڕێوشوێنەکان بۆ کاروباری وەک نرخدانان، پاڵپشتی نرخ، ستانداردەکانی سووتەمەنی،
- ڕێوشوێنی ڕێخۆشکەر بۆ زیادکردنی توانای پاڵاوتن (وەک بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو یەکانەی کە هەن)، باشترکردنی ڕێوشوێنی هاوردەکردن و جێگرتنەوەی سووتەمەنی.

**هەڵسەنگاندنی کاریگەرەکانی چاکسازی لە پاڵپشتی نرخی وزە**

**٣.١٤١. بانکی نێودەوڵەتی لە ئێستادا کار لەسەر لێکۆڵینەوەیەک لە چاکسازی لە پاڵپشتی نرخ و کرێی وزە دەکات** بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، کە ئامانجەکەی بریتییە لە مەزەندەکردنی کاریگەرە ئابورییەکانی لابردنی پاڵپشتی نرخی وزە. هەلسەنگاندنی سەرەتایی بە بەکارهێنانی شێوازی گشتی ژمێردراوی هاوسەنگ (Computable General Equilibrium Model) ئەوە دەردەخات کە لابردنی

سەرجەم پاڵپشتییەکانی نرخی وزە لەگەڵ قەرەبووی تەواو بۆ خێزانەکان ڕەنگە ببێتە مایەی کەمبوونەوەی ٣٧ لەسەد لە کورتهێنانی حکومەت (Griffin, ٢٠١٦) (خشتەی ٣.٦). ئەم هەڵسەنگاندنە کاریگەرەکانی دانانی نرخی نەوتی خاو و گازی سروشتی مەزەندە کرد بەگوێرەی ژێدەری نرخە نێودەوڵەتییەکان و کرێی کارەبا بە نرخێک کە هێندەی تێچووەکەی بێت. هەڵسەنگاندنەکە هەروەها سیناریۆیەکی بەکارهێنا کە قەرەبووی خانەوادەکان بکرێتەوە بۆ ئەوەی داهاتی ڕاستەقینەیان بە چەسپاوی بمێنێتەوە.

**خشتەی ٣.٦ ژمێرەکانی حکومەت: ئەنجامە بەراییەکانی هەڵسەنگاندنی CGE، ٢٠١٥**

| | حاڵەتی ژێدەر: هیچ گۆڕانکارییەک نەکرێت لە پاڵپشتی نرخ (ملیار دینار) | سیناریۆ: هیچ پاڵپشتییەکی وزە نەکرێت و قەرەبووی خێزانەکان بکرێتەوە (ملیار دینار) | % جیاوازی لە نێوان حاڵەتی ژێدەر و سیناریۆ |
|---|---|---|---|
| **داهات** | ١٧,٦٨٤.٨ | ١٩,٠٩٣.٣ | ٨.٠٪ |
| داهاتی نانەوت | ١١,٢٠٤.١ | ١١,٩٨٠.٦ | ٦.٩٪ |
| داهاتی نەوت | ٦,٤٨٠.٨ | ٧,١١٢.٦ | ٩.٧٪ |
| **خەرجی** | ١٩,٦٦٤.٣ | ٢٠,٣٣١.١ | ٣.٤٪ |
| بەکاربردن | ١٠,٠٣٩.٦ | ١١,٢٣٣.٢ | ١١.٩٪ |
| پاڵپشتی نرخ | ٧,١٣٦.٣ | - ٠.٢ | -١٠٠.٠٪ |
| پاڵپشتی نرخی وزە | ٧,١٣٦.٦ | ٠.١ | -١٠٠.٠٪ |
| نەوتی خاو | ٢,٢٤٠.٥ | ٠.٠ | -١٠٠.٠٪ |
| بەکاربردنی کارەبا | ٤,٨٩٦.١ | ٠.١ | -١٠٠.٠٪ |
| حەواڵەکردن بۆ خێزانەکان | ٢,٤٨٦.٥ | ٩,٠٩٦.٢ | ٢٦٥.٨٪ |
| حەواڵەکان بۆ RoW | ١.٩ | ١.٩ | ٠.٠٪ |
| | | | |
| **بودجەی بەگەڕخستن** | - ١,٩٧٩.٥ | - ١,٢٣٧.٨ | -٣٧.٥٪ |

سەرچاوە: Griffin, ٢٠١٦ (مەزندە سەرەتاییەکان)


## فرەچەشنکردنی کەرتی هایدرۆکاربۆن

٣.١٤٢ **عێراق (بە هەرێمی کوردستانیشەوە) پێویستە هەناردەکانی فرەچەشن بکات و جگە لە نەوت و گازیش لەخۆبگرێت.** کەرتی هایدرۆکاربۆن دەتوانێت بەردەبازێت بۆ فرەچەشنکردن. لە ڕاستیدا، ئەم کەرتە زۆربەی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی (FDI) ڕادەکێشێت و لە بەرامبەریشدا داراییەکان هاوکار دەبن بۆ بەرزکردنەوەی ئابوری. ئامانجی بەپەلەی حکومەتی هەرێمی کوردسان پێویستە بریتی بێت لە زیاترکردنی سوودی ناوخۆیی و کاریگەری وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی لەسەر کەرتەکە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە پێویستە ئاستی کەرتی خزمەتگوزارییەکان بەرزبکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵامی خواست بداتەوە و بە گوێرەی ئەو ستانداردانە بێت کە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بوارەکە داوای دەکەن. حکومەت چەند دەستپێشخەرییەکی ئەنجام داوە بۆ ئەم مەبەستە، وەک :

- سەبارەت بە گەشەپێدانی شارەزایی و هێزی کار، حکومەتی هەرێمی کوردستان هانی تواناسازی ناوخۆیی داوە لە ڕێی چەند کەناڵێکەوە، وەک گواستنەوەی شارەزاییەکان لە بیانییەکانەوە بۆ دانیشتوانەکە، پەیوەندی لەگەڵ زانکۆکان بۆ بەرهەمهێنانی قوتابی دەرچوو کە شارەزایی پێویستی هەبێت، زەماڵە و ماوەی پیادەکردن. ئەم کارانە لە لایەن حکومەتەوە پشتگیری دەکرێت و کۆمپانیاکانیش لەلایەنی دارایی بەشدارییان کردووە، و دەتوانرێت بخرێنە ناو گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش. بە گوێرەی ڕاپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، هێزی کاری ناوخۆیی لە بواری پیشەسازی نەوت و گازدا، گەیشتۆتە ٧٦ لەسەد لە ٢٠١٢، و ئامانجەکەی بریتی بوو لە ٩٠ لەسەد لە ٢٠١٦.

- حکومەت سیستمێکی ئۆنلاینی داناوە بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری بواری نەوت (OSC) بۆ ئەوەی لە لیستی کڕیاران ڕەزامەندی لەسەر بدرێت. تا ٢٠١٦، ئەم سیستمە نوێیەی تۆمارکردن بەسەر هەموو ئەو کۆمپانیای خزمەتگوزارییانەدا جێبەجێ دەکرێت کە دەیانەوێت کار بکەن و زیاترن لە ٢٥ کۆمپانیای نێودەوڵەتی نەوت کە بەپێی ٤٠ گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنان کاردەکەن. سیستمی تۆمارکردن و لیستەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەڵسەنگاندنی دابینکەرەکانی خزمەتگوزاری بەگوێرەی هەندێک پێوەربێت وەک قەبارەی پرۆژەکە، بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی و جۆرێتی و تەندروستی و سەلامەتی و ژینگە، گەشەپێدانی هێزی کار و هەندێک مەرجی دیاریکراوی تەکنیکی. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها دارایی هەندێک پرۆژەی گەشەسەندن دەکات بۆ هاوکاری لە بونیاتنانی تواناسازی کۆمپانیا ناوخۆییەکانی دابینکاری خزمەتگوزاری و جێبەجێکردنی ئەو ستانداردانە. کاتێک کە کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری لە لیستی کڕیاران تۆمار دەکرێن، داوەتنامەیان پێدەگات بۆ پێشکەشکردنی تەندەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە لایەن کۆمپانیاکانی نەوتەوە. شێوەکەی خوارەوە ئاماژەیە بۆ ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی کە خزمەتگوزاری پێشکەش بە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت دەکەن لە هەرێمی کوردستان.

**شێوەی ٣.٩ ئەو خزمەتگوزارییانەی لە لایەن پیشەسازی نەوت و گاز پێشکەش دەکرێت لە هەرێمی کوردستان**




سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.٢٠١٦ ,

**٣.١٤٣. سەرەڕای هەوڵ و کۆششەکان، پشکی پیشەسازی نەوت و گاز لە گەشەسەندنی ناوخۆییدا تا ئەمڕۆ لە ئاستێکی گونجاودا نەبووە.** ئەو بەهایەی کە کەرتەکە دروستی کردووە لە هەرێمەکە، پێویستە زیاتر بکرێت. ڕێوشوێنەکان بەدەرکاریی (استثناء)ی نادیاریکراویان هەیە بۆ پشکی گەشەپێدانی ناوخۆیی، و دەتەوانرێت ڕاڤەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت. ئەگەرچی چەند بەرنامە و پابەندییەک دانراوە، وەک بەرنامەی گەشەپێدانی هێزی کاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و لیستی کڕیارانی مۆڵەتدار، بەڵام هێشتا پێویستە هەنگاوی تر بنرێت لەو بوارەدا.

**٣.١٤٤. دەتوانرێت شێوازێکی هەمەلایەن بۆ گەشەپێدانی کەرتی نەوت و گاز دابڕێژرێت.** بەڵگەنامەیەک لەسەر سیاسەتەکان لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە ئامادەکراوە لەسەر کاروبارەکانی گەشەپێدانی هێزی کار، گەشەپێدانی پرۆژەی ناوخۆیی و گەشەپێدانی کۆمەڵگەیی. دەتوانرێت بە خێرایی و باشی ئەم دەستپێشخەرییە، کە تا ڕادەیەک باری نوێ ناخاتە سەر شانی بازرگانی و وەبەرهێنان، جێبەجێ بکرێت. چەند بەرنامەیەک هەیە و جێبەجێ دەکرێن بۆ پشتگیری لە تواناسازی ناوخۆیی بە هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت و گاز. بۆ نموونە ئای ئێف سی، چاکسازی هەمان جۆری پیادە کرد لە بەرنامەی (بزنێس ئێج) کە هاوکاریی گەشەپێدانی کۆمپانیا بچوک و مامناوەندییە ناوخۆییەکانی دەکرد. ڕەهەندی گشتگیری ئەم چاکسازییە زۆر گرنگە: هەمەگیرە و هەمەلایەنە (بۆ نموونە، گەشەپێدانی شارەزاییەکان لەم ڕەوشەدا سوودی بۆ کەرتەکانی تریش هەیە) و چەندین چاکسازی لەخۆدەگرێت هەر لە پرۆگرامی خوێندنی زانکۆکان تا دەگاتە هەوڵەکانی ریکلام بۆ هەناردەکردن.

**٣.١٤٥. زۆر گرنگە ئەم بەرنامانەی گەشەپێدان هاوکات بن لەگەڵ هەوڵەکانی فرەچەشنکردن بە مەبەستی کەمکردنەوەی پشتبەستن بە کەرتی نەوت و گاز.** کاتێک کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری ناوخۆیی دەگەنە ئاستی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان ئەوسا دەتوانن هەوڵ بدەن بۆ هەناردەکردن و فرەچەشنکردنی کڕیارەکانیان. ئەمە زۆر گرنگە بۆ سەقامگیری درێژخایەنی کۆمپانیا خزمەتگوزارییە ناوخۆییەکان. تا ئێستا، ئەم ڕەهەندە لە دووتوێی پلانەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکاندا جێگەی نییە.

**٣.١٤٦. هەروەها زۆر گرنگە خۆمان لەوە بە دوور بگرین کە گرێبەستە گشتیەکان و ڕێوشوێنەکانی ڕەزامەندی ناوخۆیی ببن بە ئاستەنگێک لە پێش وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە هەرێمەکە.** هێڵێکی باریک هەیە لە نێوان هاندان و ئەو مەرجانەی کە نابێت پێیانەوە پابەند نەبین. هەندێک وڵات مەرجی زۆریان داناوە بەمەبەستی بەدیهێنانی ڕەزامەندی ناوخۆیی و ڕێگربوون لە سوودەکانی بەشداری بەهای جیهانی، بە شێوەیەکی نایاسایی کولفەی کڕیارییان زیاد کردووە و بوونەتە مایەی ئەوەی وەبەرهێنەران تامەزرۆنەبن. جێگرەوە بۆ بیانییەکان بەشێوەیەکی سروشتی جێی خۆیان دەکەنەوە چونکە مووچە و نرخی بیانییەکان هەمیشە بەرزترە لە هی ستافی ناوخۆیی، بەڵام خۆ ناتوانرێت ئەمە بەزۆر بسەپێندرێت چونکە هاوردەکردنی هەندێک خزمەتگوزاری یان شارەزایی زۆربەی جاران بریتیە لە مەرجێک بۆ گواستنەوەی شارەزاییەکان بۆ ستافی ناوخۆیی. خزمەتگوزارییەکان زۆر پشت بە شارەزایی دەبەستن و کەسێک ناتوانێت خۆی بە دووربگرێت لە پرۆسەی فێربوون. وانەکانی کارەکانی ئەم دواییەی زنجیرەکانی بەهای جیهانی و بازرگانی لە بەهای زێدەدا فێری بووین ئەوە دەردەخەن کە توانای هاوردەکردنی تێخراو (مدخلات)ی کێبڕکێکار مەرجێکە بۆ هەناردەکردنی توانای کێبڕکێ. بەم شێوەیە، ئەگەرچی ئارەزوویەکی زۆر لە ئارادایە بۆ جێگەگرتنەوە، بەڵام دەبێت تەنها ئەو کاتە ڕووبدات کە ئابوری ناوخۆ تێخراوی کێبڕکێکار دابین بکات. مەسەلەکە بریتییە لە دروستکردنی هاندانی دروست و بونیاتنانی تواناسازی ناوخۆیی، ئاسانکاری بۆ گواستنەوە لە کۆمپانیا سەرەکییەکانەوە، و هەڵزنان بەرەو سەرەوە بە زنجیرەی بەهاکاندا.

## ز. پێکەوە بەستنی هەرێمایەتی


***٣.١٤٧. ڕۆڵی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن ( ئای سی تی) و خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوە زۆر گرنگە لە چاکترکردنی پێکەوە بەستراوێتی هەرێمی کوردستان.*** پێکەوەبەستراوێتی بابەتێکی سەرەکییە لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا. هەندێک تەواوکەر هەیە کە پێویستە جێبەجێ بکرێن هەر لە بازرگانییەوە تا دەگاتە خزمەتگوزارییەکانی ئای تی. ئای سی تی سەرەڕای ئەوەی دەبێتە مایەی چاکترکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن، هەروەها دەتوانێت ببێت بە سەکۆیەک بۆ بازرگانی و بۆ کەرتەکانی تر. ئەمە و ئەگەر خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوە چاکتر بکرێت، ئەوسا ئای سی تی دەتوانێت هاوکاربێت لە دروستکردنی ژینگەیەکی ڕێخۆشکەر لە هەرێمی کوردستان کە هانی هاوکاری زیاتری ئابوری بدات و تەواوکاری بازرگانی باشتر ببێت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا. دەرفەتێکی گەورە هەیە لە پێش بازرگانی خزمەتگوزارییەکانی گەیاندن. ئەگەر لە هەرێمی کوردستان ژێرخان و خزمەتگوزارییەکانی باشتر بکرێت، ئەوا ئەگەری زۆرە ببێت بە سەکۆیەک بۆ گواستنەوە و بۆ لۆجیستیک لە تەواوی ناوچەکە بە حوکمی ئەوەی نزیکە لە بازاڕە گەورەکان و پێگەیەکی جیۆپۆلیتیکی ئارام و سەلامەتی هەیە.

***٣.١٤٨. ڕێوشوێنە پێشنیارکراوەکانی چاکسازی سوودێکی زۆریان دەبێت بۆ عێراق بە گشتی نەک تەنها بۆ هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوە چاکترکردنی پێکەوە بەستراوێتی سوودی هەیە بۆ هەمووان و بۆ سەرتاسەری ولاتەکە.*** دەتوانرێت بە ئاسانیی سوودەکان بەدەست بهێنرێن ئەگەر ناوچەکە باشتر بەیەکەوە ببەسترێتەوە، ئەمەش لە ڕێی بازرگانی و گواستنەوەوە کە زیاتر پشت دەبەستن بە خاڵەکانی پەڕینەوە لەسەر سنورەکان. تا ناوچەکە باشتر پێکەوە ببەسترێتەوە لە ڕێی ئاسانکاریی بازرگانی، و نوێکردنەوەی گومرک، و چاکسازی لە ڕێوشوێنەکان و چاکترکردنی هۆیەکانی گواستنەوە، ئەوا توانای کێبڕکێی سەرجەم ولاتەکە زیاتر بەرز دەبێتەوە.

## کەرتی گواستنەوە

***٣.١٤٩. هەرێمی کوردستان شوێنێکی زۆر باشی هەیە و دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت لە پێکەوە بەستنەوەیناوچەکە ئەگەر کەرتێکی گواستنەوەی گەشەسەندووی هەبێت.*** هەرێمی کوردستان دەکەوێتە سەر ڕێگەی ڕۆژهەڵات  بۆ ڕۆژئاوا و باکوور بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەم شێوەیە، بازرگانی نێوان عێراق و ئوردن و تورکیا و ئێران ئێستا بە ناو هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕێت. ئەگەر تۆڕی گواستنەوەی ناو هەرێمی کوردستان و عێراقیش، زیاتر گەشەی پێ بدرێت ئەوا دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت نەک تەنها لە بازرگانی هەرێمایەتی بەڵکو وەک ڕێگەیەکی نێودەوڵەتی کە ڕۆژهەڵاتی دوور بە ئەوروپاوە ببەستێتەوە.


**نەخشەی ٣.٣ ڕێگەی گواستنەوە بەناو ئەوروپا (٢٠١١) و نەخشەی ڕێگەی خێرای ئاسیا (٢٠١٤)**



*سەرچاوە: UN*

***٣.١٥٠. هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە گواستنەوەی ترانزیت بۆ عێراق.*** زۆربەی هاوردەکان لە ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراقەوە لە ڕێی ترانزیتی بازرگانی هەرێمی کوردستانەوە ئەنجام دەدرێن. لە ٢٠١٤ گەورە هاوردەرەکان بریتی بوون لە تورکیا (٣٧.٣ لەسەد)، چین (١٥.٤ لەسەد)، ئێران (١٢.٥ لەسەد)، ئیمارات (٦.٨ لەسەد)، کۆریا (٤.٩ لەسەد)، ئیتاڵیا (٤.٣ لەسەد)، ئەمریکا (٣.٨ لەسەد)، و ئەڵمانیا (٣.٣ لەسەد). نەخشەی ٣.٤ بریتییە لە قەبارەی بازرگانی لە سنوورەکانی عێراق. بازرگانی ترانزیت پرۆژەیکی پڕبایەخە لە هەرێمی کوردستان کە چەندین کرێکارانی مووچە کەم کاری لێدەکەن، و هەروەها تێخراو بۆ زۆر خزمەتگوزاری دابین دەکات. ئەو چاکسازیانەی کە پشتگیری لە بازرگانی ترانزیت دەکەن دەبنە مایەی پتەوکردنی هەرێمی کوردستان و بەشەکانی تری عێراقیش.

**نەخشەی ٣.٤: ڕێگەکانی ترانزیتی عێراق، و قەبارەی بازرگانی**




Sources:
(1) 2013 Customs Freight Data Analysis
(2) 2012 Land Transport Directorate (Assumption: 1 truck = 20 tonnes)
(3) General Company for Ports of Iraq

*سەرچاوە: ماستەرپلانی گواستنەوە لە عێراق (٢٠١٤)*

***٣.١٥١. هەرێمی کوردستان، و عێراق بە گشتی، دەناڵێنن بە دەست ژێرخانێکی پێنەگەیشتوو و لاوازەوە.*** نەبوونی ستراتیجی کەرتەکان، تەمویلی کەم کە نەخۆشییەکی بەردەوامە، دەزگای لاواز، و ژینگەیەک کە لە ژێر کاریگەری پێکدادانەکانە، بە هەموویان گرفتێکی ئاڵۆز پێک دەهێنن. ژێرخانی گواستنەوە، کە ڕێگەخۆشکەرێکی سەرەکییە بۆ بەشداری کەرتی تایبەت، سەرمایەی وەبەرهێنانی نییە تا بتوانێت بەگوێرەی ستانداردە سەرەکییەکان بێت لە هەرێمی کوردستان. بەهەمان شێوە، پێویستە دەزگای کاریگەری گواستنەوە لە ئارادابن بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی پێویست بگوازنەوە. بێجگە لە پێویستبوونی وەبەرهێنان، پێویستە گۆڕانکاری گەورە بکرێت لە بواری کەرتەکاندا بە گوێرەی بەرنامەیەکی زنجیرەیی، بۆ پشتگیری لە داڕشتنی ستراتیج و دیدگەیەک.

***٣.١٥٢. لە دەیەی ڕابردوودا هەرێمی کوردستان وەبەرهێنانی کردووە لە گەشەپێدانی کەرتی گواستنەوەدا.*** فڕۆکەخانەی نوێ دروستکران، تۆڕی ناوچەیی و سەرەکی باشترکران، ڕێگەوبانی گەیشتن بە گوند و شوێنە دوورەکان بەرفراوان کران. هەرێمی کوردستان هەروەها وەبەرهێنانی کرد لە بونیاتنانی سیستمی تونێڵ بۆ کەمکردنەوەی دووریی و کات و داخرانی ڕێگە لە ئەنجامی کەشوهەواوە، بە تایبەتی لە باکووری هەرێمی کوردستان. کەرتی گواستنەوە لەلایەن دوو وەزارەتەوە بەڕێوەدەبرێت، کە بریتین لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن کە ڕێگەوبان و پردەکان بەڕێوە دەبات، و وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن کە بەرپرسیارە لە پێکهێنان و چاودێری سیاسەت و ڕێوشوێنەکانی خزمەتگوزاری گواستنەوەی پەیوەست بە ڕێگەکان، هۆی گواستنەوەی گشتی، و هێڵی ئاسمانی و هێڵی ئاسنین.

**٣.١٥٣. هەرێمی کوردستان پێویستی بە ماستەرپلانە بۆ ڕێنمایی بۆ گەشەپێدانی کەرتەکە.** ماستەرپلانێکی گواستنەوە هەیە کە عێراق دایڕشتووە، بەڵام بە قووڵایی هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی دیاریکراوی نییە بۆ گواستنەوە و دەسەڵاتداران کۆکن لەسەر ئەوەی کە بەڵگەنامەیەکی لەو جۆرە زۆر پێویستە و دەکرێت ببێت بە بناغەیەکی پتەو بۆ گەشەپێدانی کەرتی گواستنەوە و کەرتەکانی سەر بە کەرتی گواستنەوە. لە ئاستیی هەرێمدا پێویستی بە ڕێنمایی دیاریکراوە.

### ڕێگەوبان و پردەکان

**٣.١٥٤. توانای دامەزراوەیی، لەناویدا بەڕێوەبردنی تۆڕی ڕێگەوبانەکان، بە شێوەیەکی لەسەرخۆ گەشە دەکات.** بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگەوبان و پردەکان، سەر بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، دەسەڵاتی گشتی هەیە بۆ پلاندانان، بونیاتنان و صیانەی تۆڕی ڕێگەوبانی سەرەکی و دووەمین و سێیەم، و فەرمانگەکانی ڕێگەوبان لە ئاستی پارێزگاکان و شارەوانییەکانیش ئەو ڕۆڵە جێبەجێ دەکەن بۆ ڕێگەوبانە ناوخۆییەکان. سەرجەم ئەرکەکانی بەڕیوەبردنی ڕێگەوبانەکان بەرپرسیارێتی ئەم بەڕیوەبەرایەتییەیە، وەک دیزاین و ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە و چاودێریی کارەکان، هەروەها بەرپرسە لە بنیاتنان و بەڕێوەبردنی وێستگەکانی کۆنترۆڵی بارەکان.


**٣.١٥٥. لە ئەنجامی ساڵانێکی دووردورێژ لە گۆشەگیری، بەڕیوەبەرایەتی گشتی ڕێگەوبان و پردەکان سەرچاوەی مرۆیی پێویستی نییە بۆ بەڕێوەبردنی تۆڕی ڕێگەوبانەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک.** ستافەکە توانایەکی سنووردایان هەیە لە بواری پلاندانان و دیزاین و سەرپەرشتی و سەپاندنی ڕێوشوێنەکان. لە چەند ساڵی ڕابردوودا، سیستمی سەرەکی بەڕێوەبردنی ڕێگەوبان داڕێژراوە و بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو مەشقی بینیوە لەسەر بەڕێوەبردنی ڕێگەوبان بەگشتی. بەڵام تەکنیکە نێودەولەتییەکانی پلاندانان و بەڕێوەبردنی تۆڕی ڕێگەوبانەکان بەتەواوەتی جێبەجێ نەکراوە و سیستمەکان بەردەوام داتا و زانیارییان بۆ نۆژەن ناکرێتەوە. هەندێک بەرەوپێشچوون ڕوویداوە لە پیادەکردنی ستانداردە نێوەدوڵەتییەکان لە بواری کڕین و پاراستنی ژینگە و پارێزگاری کۆمەڵایەتی.

**٣.١٥٦. سەرچاوەی تر پێویستە بۆ دروستکردنی ڕێگەوبان و بۆ صیانەکردنی.** بڕێکی بەرچاو لە وەبەرهێنان بۆ ڕێگەوبانە خێراکانی هەرێم تەرخان دەکرا لە چەند ساڵی ڕابردوودا و پێدەچێت هەرێمی کوردستان سوودی وەرگرتبێت لە پێگەی خۆی وەک خاڵی پێکەوە بەستنەوەی نێوان وڵاتە دراوسێکانی عێراق و ئێران. تەرخانکردنی بڕێکی ئێجگار کەم لە ٢٠١٤ ەوە کاریگەرێکی گەورەی کردۆتە سەر وەبەرهێنان لە دروستکردنی ڕێگەوبان و چاککردنەوەیان. لە ماوەی نێوان ٢٠١٠ و ٢٠١٣، حکومەتی هەرێمی کوردستان وەبەرهێنانی گەورەی کرد لە چاککردنی تۆڕی ڕێگەکان و بڕی ٥٤٤ ملیۆن دۆلاری بۆ ئەم کەرتە تەرخان کرد بۆ هەر سێ پارێزگاکە. وەبەرهێنانەکە ٣١٦ ملیۆن دۆلاری لەخۆگرتبوو بۆ دروستکردنی ڕێگەوبانی نوێ و ٢٢٨ ملیۆن دۆلاریش بۆ چاککردنەوە. وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چاککردنەوەی ڕێگە سەرەکی و لاوەکیەکان، ٥٨٠٠ کم، تا ٢٠١٤ نزیکەی ٥٧ ملیۆن دۆلار بووە ساڵانە لە کاتێکدا پێویستییەکان نزیکەی ٦٠ ملیۆن دۆلار بوو. ئەمەش وەنەبێت گرفتێکی گەورەی دروستکردبێت لە بواری چاککردنەوەدا، بەڵام هاتووچۆی قورس و گران و کەمبوونەوی دارایی بۆ ماوەی دوو ساڵ، بارێکی گران بوو لەسەر ڕێگەوبانەکان و تۆڕەکەی کۆن کرد. هەروەها ئەمە کار دەکاتە سەر ڕێگە نوێیەکانیش چونکە چالاکی چاککردنەوەی ڕۆتینیش بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کرد و تەنها

چاککردنەوەی ناکاوی (طوارىء) دەکرا، یان هەر بە یەکجار نەما. ئەو داراییەی بۆ چاککردنەوەی ڕێگەوبانەکان تەرخانکراوە ئێجگار کەمە. بەرفراوانکردنی تۆڕی ڕێگەوبان پێویستی بە بودجەیەکی گەورەیە بۆ چاککردنەوە. بەبێ چاککردنەوەی ڕێکوپێک، بەهای وەبەرهێنانەکان نایەتە دی. ڕێگەوبانەکان هەروەها خراپتریش دەبن لە ئەنجامی گواستنەوەی نەوت و گاز بە تانکەر. پێویستە کۆنترۆڵی کێشی لۆری/تانکەر دابمەزرێندرێت..

٣.١٥٧. ***ئەو هیوایەی هەبوو بۆ بەرنامەی ڕێگەوبان، لە دواوە بەجێ ما*** لە ئەنجامی توانای کەمی پیشەسازی دروستکردنی ڕێگەوبان لە بوارەکانی شارەزای و کەرەستە، و نەبوونی سەرچاوە داراییەکان. ئەو نەخشەیەی خوارەوە بریتییە لە ڕێچکەکانی گواستنەوە، ئەوانەی کە هەیە و ئەوانەی کە لە پلاندایە، وەک لە ماستەرپلانی گواستنەوەی عێراقدا هاتووە. لە هەرێمی کوردستان ڕەوشی تۆڕی ڕێگەوبانەکان بە خێرایی تێک دەچێت، خراپتر لەوەی پێشبینی دەکرا لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبیل، و نەبوونی سەرچاوەی دارایی و نەبوونی مەعریفە لەسەر چاککردنەوە و شێوازەکانی بەڕێوەبردن. بەدواداچوون نەکرا بۆ ماستەرپلانی ڕێگەوبانی خێرایی هەرێمی کوردستان لەبەر ڕەوشی ئاسایش و قەیرانی دارایی. بەم شێوەیەش پلانەکە دەبێت نوێ بکرێتەوە، دەبێت ئەو ماستەرپلانەی بۆ هەرێمی کوردستانە سەرجەم شێوازەکانی گواستنەوە لەخۆبگرێت.

**نەخشەی ٣.٥ ڕێگەوبانەکانی گواستنەوە لە عێراق**




*سەرچاوە: ماستەرپلانی گواستنەوە لە عێراق، ٢٠١٤.*

٣.١٥٨. **دیاردەی قەتیسبوونی دامەزراوەیی لە گەشەپێدانی ژێرخاندا زۆربەی هۆیەکەی بریتییە لە بواری ڕێکخراوەیی، سنووری دەسەڵات و نەبوونی یاسا بەتایبەت لە بواری دیزاین و چاککردنەوە و سەرپەرشتی.** یاسای ژمارە ٣ کە پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٧ پەسەندی کرد بوار دەدات بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن مۆڵەتی بیناسازی بدات، لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی بواری چاککردنەوە و دیزاین لە ڕێی چالاکی راستەقینەی خۆیەوە یان لە ڕێی جێبەجێکردنیان لە لایەن ئاژانسی ترەوە (GDRB لە حاڵەتی ڕێگەوباندا). ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە و دیزاین لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە ئەنجام دراوە،

لەسەر ئاستی ناوخۆ لەلایەن GDRB ئەگەر شارەزایی پێویست هەبێت و لەسەر ئاستی دەرەکی، لە ڕێی بەکرێگرتنی ڕاوێژکارەوە). هیچ یاسایەک یان ڕێوشوێنێکی تر نییە کە پێناسەی ئەم چالاکییانە بکات. نامیلکە و تەرخانکردنەکان هەمووی عێراقین. ڕێوشوێنی چۆنیەتی جیبەجێکردنی پرۆژەکان لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە سەرچاوە دەگرێت (وەک چۆن دارایی پرۆژەکان بکرێت، و پرۆسەی جێبەجێکردنەکە). مەرجە گشتیەکانی گرێبەستەکان لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەردەچێت، بەڵام ئەمانە کۆنن، ئەگەرچی لە سەرتاسەری عێراقدا بەکاردەهێنرێت. وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن مۆڵەت دەردەکات، و ئەنجومەنێکی پلاندانانی هەرێمی هەیە کە دەبێت پەسەندی بکات، هەروەها وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تر بەر لەوەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەست بەکار بکات. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار کار لەسەر ئەو ناوچانە دەکات کە دەکەونە ناو سنووری شارەوانییەکانەوە. حکومەت داهاتەکان کۆدەکاتەوە و بەگوێرەی پێویستییەکان و ئەولەوییەتەکان دابەش دەکرین، بەڵام سیستەمی مەزەندەکردنی پێویستییەکان و ئەولەوییاتەکان لاوازە. سیستمێک نییە بۆ پارەوەرگرتن لە بەکارهێنەری ڕێگە، واتە کرێ نییە بۆ تۆمارکردن، کرێ نییە لەسەر ماشێنی گواستنەوەی قەبارە گەورە، و کرێ یان باج لەسەر هاوردەکردنی سووتەمەنی، یان فرۆشتنی بە بڕی بچووک.

٣.١٥٩. **لە گواستنەوەی باردا، چەند ئاستەنگێک هەیە کە بوار نادەن بە ئاسانکاری بۆ بازرگانی**. سێ خاڵی پەڕینەوە هەیە بۆ هاوردەکردن و ١٣ ش بۆ هەناردەکردن. دەسەڵاتی جۆراوجۆر مۆڵەت دەردەکەن بۆ هەناردەکردن و هاوردەکردن (وەک وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی تەندروستی)، و هیچ ڕێوشوێنێکی یەکخراو لە ئارادا نییە. کۆنترۆڵی جۆرێتی لەلایەن دەزگای جۆراوجۆرەوە ئەنجام دەدرێت و ڕێوشوێنێکی ورد لە ئارادا نییە. تێچووی وەرگرتنی مۆڵەت بۆ هەناردەکردن زۆر بەرزە. وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ناتوانێت بە تەواوەتی چاودێری دووبارە-هەناردەکان بکات. دەبێت بە گوێرەی کیلۆ باج بدرێت بۆ بار و دەدرێت بە دەسەڵاتەکانی فرۆکەخانە (نزیکەی ٠.٥ تا ١.٥ دۆلار بۆ یەک کیلۆ). باج بەگوێرەی ژمارەی کورسی بۆ گەشتی ئاسمانی و دەدرێت بە هێڵی ئاسمانی عێراق، ١٥ دۆلاری ئەمریکی بۆ گەشتی نێودەوڵەتی و ٥ دۆلار بۆ گەشتی ناوخۆیی. پێشبینی دەکرێت ئەم نرخانە لە تەموزی ٢٠١٦ زیاد بکات بۆ ٢٥ و ١٠ دۆلار، یەک لە دوای یەک.

٣.١٦٠. **تۆمارکردن و دامەزراندنی کۆمپانیا زۆر زەحمەتە**. مۆڵەتی کۆمپانیای گواستنەوە بە ناوی کۆمپانیاکەوە و بۆ کەرتێکی دیاریکراوی گواستنەوە تۆمار دەکرێت و مەرجەکانیش پەیوەستن بە ژمارەی لۆرییەکان، شۆفێرەکان، تاد. باج لەسەر مۆڵەت نزیکەی ٢٠٠-٣٠٠ دۆلارە ساڵانە. هیچ بیمەیەک نادرێت بە گوێزەرەوەی بار، شۆفێرەکان و لۆرییەکان و بارەکە خۆی. بیمە، دڵنیایی، هیچ بازاڕێکی نییە — رسومی مانگانەی بیمە زۆر بەرزە.

٣.١٦١. **هەندێک هەوڵ هەیە بۆ ڕێکخستنی لۆجیستیکی شاری دەستکرد، بەڵام بەکارناهێنرێت**. لە هەولێر تەنها چەند شوێنێکی کەم هەیە کە خەڵک هەوڵ بدات هەندێک بار دابەش بکات بەڵام ئەم شوێنانە نایاساییین. هەروەها چەند کۆمپانیایەک هەیە کە لۆجیستیکی شار پێشکەش دەکەن بەڵام ئەمە جێبەجێ نەکراوە چونکە هیچ ڕێوشوێن و یاسایەک نییە کە ڕێگە نەدات بە گواستنەوەی بار بەناو شاردا.

**نەخشەی ٣.٦ شوێنە پەسەندەکان بۆ بنکەی دابەشکردنی بار**





*سەرچاوە: ماستەرپلانی گواستنەوە لە عێراق*

## گواستنەوەی گشتی

٣.١٦٢. **ئاستی کارایی و ئاستی متمانە بە سیستمی گواستنەوەی گشتی بەناو شاردا زۆر نزمە.** سیستمی گواستنەوەی گشتی زۆر دواکەوتووە و هیچ ڕێوشوێنێکی ڕوون لە ئارادا نییە. وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بەرپرسە لە گەشەپێدانی گواستنەوەی گشتی بەڵام توانای وەزارەت زۆر سنووردارە. سێ سەندیکای گواستنەوەی گشتی هەیە لە هەرێمی کوردستان و هەر پارێزگایەک کەسی بەرپرسی خۆی هەیە لە گواستنەوە (سەرۆکی سەندیکا). لەناو ماستەرپلانی ڕێگەی خێرای کوردستاندا تۆڕێک هەیە کە بریتییە لە تۆڕی پێشنیارکراوی گواستنەوەی گشتی. ماستەر پلانی گواستنەوە بۆ پارێزگاکان دروست کراوە و هەمەلایەنن، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان هێندەی دارایی لەبەردەست نییە بۆ جێبەجێکردنی ڕێوشوێنە پێشنیارکراوەکان.

**نەخشەی ٣.٧ ڕێگە ئایندەییەکانی گواستنەوەی گشتی**




*ماستەرپلانی ڕێگەی خێرای هەرێمی کوردستان، ٢٠١٠*

٣.١٦٣. **خەڵک ئۆتۆمبیلی تایبەت بەکاردەهێنێت چونکە سیستمی گواستنەوەی گشتی جێی متمانە نییە و بەردەوام دوا دەکەوێت.** خشتەیەکی دیاریکراو نییە بۆ کاتەکانی تاکسی، پاسی بچووک، کەی پاسەکە پڕ بوو ئەوسا دەجووڵێت. دوو گەراجی پاس هەیە لە هەولێر و یەکێکیان گەراجێکی نوێیە کە بەگوێرەی ڕێکەوتننامەیەک لەگەڵ وەبەرهێنەرێکی بیانی دروست کرا.

### *گواستنەوەی ئاسمانی*

٣.١٦٤. **ئاسمانی عێراق لە لایەن بەغداوە بەڕێوە دەبرێت.** کەرتی فڕۆکەوانی مەدەنی لە عێراق لە دەزگای گشتی فڕۆکەوانی مەدەنی و هێڵی ئاسمانی عێراق پێکدێت. یاسای فڕۆکەوانی لە لایەن دەسەڵاتی فیدراڵییەوە بەڕێوە دەبرێت بۆ سەرتاسەری عێراق. دەزگای فڕۆکەوانی مەدەنی عیراقی (ICAA) تاکە لایەنێکە واژووی لە ڕێکخراوی فڕۆکەوانی مەدەنی نێودەوڵەتی ( ICAO) کردووە لە ١٩٤٧. لە هەرێمی کوردستان ڕێکخەری ناوخۆیی هاتووچۆی ئاسمانی، فرین و نیشتنەوەی فڕۆکەکان لە فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەبەن. وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانایەکی پتەوی نییە لە گواستنەوەی ئاسمانییدا ئەگەرچی ئێجگار پڕبایەخە بۆ هەرێمی کوردستان کە دوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی لێیە، لە سلێمانی و لە هەولێر، و لە پلاندایە دانەیەکی تریش لە دهۆک بکرێتەوە. فڕۆکەخانەی سلێمانی گەیشتتۆتە ئاستی خۆی و پێویستە دەستبەجێ ڕێوشوێنی بۆ پیادەبکرێت. فڕۆکەخانەی هەولێر پێویستی بە وەبەرهێنان و پلانێکی گەشەپێدانە بۆ بەرفراوانکردنی بەگوێرەی پلانی فراوانکردنەکە. چاککردنەوەی ژێرخانەکە لەلایەن فڕۆکەخانە خۆیەوە دابین دەکرێت. ژێرخانەکە لە ڕەوشێکدا نییە وەک جاران، ئەمەش لەبەر نەبوونی دارایی. شەقامەکان پێویستیان بە بایەخپێدانێکی زۆرە بەم زووانە چونکە بەرەو تێکچوون دەچن. کێشە داراییەکان تاکە گرفتی

چاککردنەوە نین، گرفتی تریش هەیە وەک نەبوونی هێزی کار و کارمەندی لێزان. هەروەها ژمارەیەکی زۆر ڕێوشوێنی بار دەبنە مایەی دواکەوتن بە تایبەتی بۆ هاوردەکان.

٣.١٦٥. **ساڵی ٢٠١٥ ساڵێکی پڕ لە ئاستەنگ بوو بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر (EIA) کە پێکدادانەکان و نیگەرانی لەسەر ئاسایشی هەرێمەکە بووە مایەی هەڵپەساردنی هێڵی فڕینەکان، گۆڕینی شێوازی هاتووچۆ، و داخستنی ئاسمان.** فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بە تەواوەتی کاری دەکرد و گەشەیەکی کەمی بەخۆیەوە بینی لە ژمارەی گەشتیاران کە ٦.٦ لەسەد بوو بۆ کۆی ١٦٦٥٧٠١ گەشتیاری هاتوو و ڕۆیشتوو. بەتێکڕا، ڕۆژانە ٤٥٥٠ کەس یان دەگەنە فڕۆکەخانەی هەولێر یان بەجێی دەهێڵن. تێکڕای زیادبوونی ژمارەی گەشتیاران لە نێوان ٢٠٠٦-٢٠١٣ نزیکەی ٣٠ لەسەد بو بەڵام لە ٢٠١٢-٢٠١٣دا ٥٤ لەسەد بوو لە ئەنجامی فڕینەکانی هێڵی ئاسمانی تورکی و هێڵی ئاسمانی کەنداو. هێڵی ئاسمانی تورکیا بە تێکڕا ٨٠ لەسەد فڕۆکەکانی پڕ بوون بەڵام ئەم ژمارەیە دابەزی بۆ ٤٠ لەسەد لە ئەنجامی قەیرانەکان. پێشبینی دەکرێت دابەزینی زیاتر ڕووبدات ئەگەر ڕێوشوێنە نوێیەکەی ڤیزا پیادەبکرێت لە لایەن تورکیاوە. پێشتر لێکۆڵینەوەیەکی هاتووچۆ مەزەندەی ئەوەی کردبوو کە هاتووچۆی ئاسمانی بە ڕێژەی ١٨ لەسەد زیاد بکات، بەڵام تێکڕاکەی ٦.٦ لەسەد بوو لە ئەنجامی قەیرانەکانەوە.


٣.١٦٦. **دابەزینی تێکڕای بار لە ٢٠١٥ ڕەنگدانەوەی فشارە لەسەر چالاکیی ئابوری هەرێمەکە.** هاوردە بە تێکڕای ٢٨ لەسەد دابەزی بۆ ٢٤٢٣٥ تەن. لە ٢٠١٣ لە لوتکە بوو کە ٣٨٧٥٢ تەن بوو، بار بە ڕێژەی ٣٧ لەسەد دابەزی لە ٢٠١٥. وەرگرتنی زەمینی بۆ ٢٤-٣٦ کاتژمێر بەردەوام دەبێت، و دەتوانرێت کەمتر بکرێتەوە لە ڕێی ڕێوشوێنی مامەڵەکردن لەگەڵ بار چونکە زۆر ڕێوشوێن هەیە کە دووبارەن. هەروەها، ئاستەنگی زۆر و دواخستنی زۆر هەیە لە ڕێگەدان بە بار لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر.

***هێڵی شەمەندەفەر***

**٣.١٦٧. وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن توانای نییە لە بواری هێڵی ئاسنیندا،** و هێشتا لەژێر پلاندانانە و لە ئێستادا هیچ هێڵێکی شەمەندەفەر نییە لە هەرێمی کوردستان. کەرتی هێڵی گواستنەوەی ئاسنین تەنها لەناو ماستەرپلانی گواستنەوەی عێراقدا دەردەکەوێت.

**٣.١٦٨. لەگەڵ گەشەپێدانی هێڵی ترانزیتی ئاسن لەناو هەرێمی کوردستان و بەستنەوەی بە ئێرانەوە، ئەوسا بەستنەوە بە هێڵی ئاسنینی بەندەری مەرسین لەسەر دەریای ناوەڕاست، زۆر کورت دەبێتەوە.** هەبوونی پەیوەندییەکی کورت لەگەڵ تورکیا پێویستە بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە ناوچەی پێکدادانەکان لە سوریا کە هێڵی شەمەندەفەرەکەی پێدا تێدەپەڕێت. لە ئێستا بەستنەوەی سەرەکی هێڵی ئاسنین لە نێوان هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای ئەوروپا لە موسڵەوە دەست پێدەکات، و ئەم هێڵە بەناو سوریادا تێدەپەڕێت بۆ تورکیا، یان بۆ بەندەری مێرسین (E-٧٠ وE-٩٧) یان بۆ مەلاتیا بۆ ئەنقەرە (E-٧٠). پەیوەندی دەکرێت لە ئێرانەوە لە نزیکترین وێستگە دەست پێ بکات لە مەهابادەوە، کە ٢٩٠ کم لە هەولێر دوورە. ئەم وێستگەیە زیاتر دەڕوات بەرەو تۆڕی سەرەکی هێڵی ئاسن لە ڕێی تەورێزەوە. ئینجا دەبەسترێتەوە بە چین و کۆریاوە لە ڕێی وڵاتانی هاریکاری ئابوری هەرێمی ئاسیای ناوەڕاست (CAREC) ئەم شێوەیەی خوارەوە تۆڕی هێڵی ئاسنینی ئێستا و پلان بۆدانراو پیشان دەدات لە عێراق و لە هەرێم.

خشتەی ٣.٨ تۆڕی هێڵی ئاسنینی ئێستا و پلان بۆدانراو لە عێراق و ناوچەکە




*سەرچاوە: ماستەرپلانی گواستنەوە لە عێراق*

***کەرتی گواستنەوە: ڕێگەی بەرەوپێشچوون***

**٣.١٦٩.** ***هەلومەرجی لاوازی تۆڕی ڕێگەوبانەکان زۆر کاری کردۆتە سەر هاتووچۆ، بە تایبەتی بۆ خەڵکی هەژار و بۆ ناوچە دوورەکان.*** زۆرینەی دانیشتوانەکە سوودمەند نین چونکە ڕێگەوبانەکان قیرتاونین و کاریگەرەکەشی لەسەر هەندێک گروپ کە داهاتیان سنووردارە زیاترە. پشتگیری بۆ چاکترکردنی ڕەوشی ڕێگەوبانەکان و گەشەپێدانی سیستمی گواستنەوەی گشتی لە هەندێک ئاستی دیاریکراودا دەبێتە مایەی زیادبوونی بەرچاوی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و خوێندن و دەرفەتی کار. هەروەها فاکتەرێکی گرنگ دەبێت بۆ تەواوکاری ناوچەکە لە ئاییندەدا و زیادبوونی بازرگانی.

**٣.١٧٠.** ***پێویستە کار بکرێت لەسەر ئاستەنگە بەپەلەکانی ناو واقعی سیاسی، بە شێوازی ئەوتۆ کە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا باشتربێت.*** چالاکیەکانی گواستنەوە پێویستی بە وەبەرهێنانە لە ژێرخاندا، ئاسانکاری بازرگانی و مۆدێرنکردنی گومرک. بە ڕەچاوکردنی ڕەوشی سیاسی ئابوری ناسک و ئاڵۆز، شێوازێکی لەسەرخۆ و پراکتیکی بریتییە لە بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ ماوەکانی دەستبەجێ، مامناوەندی و درێژخایەن. کەرتی گواستنەوە پێویستە دەستبەجێ جەخت بخاتە سەر مەسەلە گەوهەرییەکانی وەک:

### بازرگانی و گومرک

- دامەزراندنی ئاژانسی ئاسانکاری بازرگانی هەرێم.
- دامەزراندنی گروپی کاری هەرێمایەتی لەگەڵ ئێران و تورکیا بۆ تاوتوێی ترانزیتی بازرگانی بەناو کوردستاندا و چاکترکردنی ڕێچکە سەرەکییەکانی گواستنەوە.
- چاکسازی لە ئاسانکاری بازرگانی لە خاڵە سنوورییەکان و پلاندانان بۆ سەکۆی لۆجستیتی.
- هاوکاریی تەکنیکی بۆ هەموو عێراق، بە کوردستانیشەوە، لە بواری چاکسازی لە گومرک و بەکارهێنانی هاوبەشی گشتی و تایبەت.

### پێدانی مۆڵەت

- دامەزراندنی گروپی کار بۆ یەکخستنی ڕێوشوێنەکانی دەرکردنی مۆڵەتی هەناردەکردن و هاوردەکردن.

### ماستەرپلانی گواستنەوە

- داڕشتنی ماستەرپلانی گواستنەوە بۆ هەرێمی کوردستان وەک بەڵگەنامەیەکی ستراتیجی بۆ داڕشتن و گەشەپێدانی کەرتی گواستنەوە و باشترکردنی پێکەوەبەستراوێتی. پێویستە ماستەرپلانی گواستنەوە ئەولەوییەت بدات بە باشترکردنی تۆڕی ڕێگەوبان، و داڕشتنی تۆڕی سەکۆی لۆجیستی.
- داڕشتنی سیستمی نوێ بۆ گواستنەوەی گشتی بە جیا بۆ ناو شار و بۆ نێوان شارەکان.

### ستانداردە نێودەوڵەتییەکان

- پیادەکردنی ستاندارد و ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییەکان بۆ پلاندانان و بەرنامەدانان، گرێبەستە گشتیەکان، بەڕێوەبردنی دارایی، پاراستنی ژینگە و کۆمەڵایەتی، سەرپەرشتی، دیزاین و چاککردنەوە.

### خوێندن و مەشق

- مۆدێرن کردنی پرۆگرامی خوێندن و کارکردن لەسەر بابەتەکانی جۆرێتی لە مەشقکردن بە کەرتی گواستنەوە. بە تایبەتی ئەوەی کە گرنگە بریتییە لە دابینکردنی شارەزایی سەرەکی بۆ پلاندانان، دیزاین، چاککردنەوە و بەڕێوەبردنی ژێرخان سەرەڕای لۆجیستیک.
- راوێژکردن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ کارکردن لەسەر کەلێن و کەموکوڕیی لە بواری شارەزاییەکان.


## کەرتی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن (ئای سی تی)

**٣.١٧١. *دەکرێت کەرتی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن پاڵ بە گەشەی ئابوری هەرێمەوە بنێت، و بوار بۆ بازرگانی برەخسێنێت گەشە بکات و فرەچەشن بێت.*** خزمەتگوزارییەکانی ئای سی تی دەتوانن رێگە خۆش بکەن بۆ پێکەوە بەستنەوە، داهێنان و گۆڕینی سیستمەکانی بازرگانی ناوخۆ، ژینگەی رێخۆشکەری گونجاو دروست دەکەن بۆ بووژانەوەی ئابوری. پێکەوەبەستنی سەکۆی ئۆنلاین باشتردەکات بۆ چالاکییەکانی گرێبەست کردن لەگەڵ لایەنی دەرەکی و گواستنەوەی پرۆژە. داهێنان خۆی تەرخان دەکات بۆ گەشەپێدانی کەرەستە و خزمەتگوزاری بۆ سەرجەم پیشەسازییەکان لە رێی پێکەوەبەستنەوەی توانای تەکنەلۆجیاکانی گەیاندنەوە. گواستنەوە لە رێی گەشەپێدانی سەکۆیەکی دیجیتاڵەوە ڕوودەدات کە دەتوانێت ئاسانکاری بکات بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی بازرگانی بۆ پرۆژە و بۆ حکومەت. خزمەتگوزارییەکانی ئای سی تی، بناغەیەکی پڕبایەخن بۆ توانای کێبڕکێی بازرگانی لە جیهانێکدا کە تا دێت زیاتر پێکەوە دەبەسترێتەوە. ئای سی تی، ئەگەر تەکنەلۆجیای گواستنەوە و لۆجیستیکی لەگەڵ بێت، دەتوانێت رێگە بۆ داهێنانی رێکخراوەیی نوێ خۆش بکات کە تێیدا زنجیرەی دابینکردنی پیشەسازی سنوورەکان و وڵاتان ببڕێت، و بازرگانی جیهانی زیاتر بکات لەناو پیشەسازییەکان و لە نێوانیشیاندا. حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەری هەیە سوود وەربگرێت لە پێکەوەبەستنەوەی هەرێمایەتی.

## ژێرخانی چەپکی ئینتەرنیت (برۆدباند) و بەرفراوانکردنی خزمەتگوزارییەکە


٣.١٧٢. ***بازاڕی برۆدباند (چەپکی ئینتەرنێت) لە هەرێمی کوردستان تا دێت بە خێرایی بەرەوپێش دەچێت بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق، بەڵام هێشتا بوارێکی گەورە ماوە بۆ گەشەسەندن.*** بەکارهێنانی ئای سی تی و بەتایبەت بەکارهێنانی بەرفراوانی خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێتی خێرا، رۆڵی هەیە لە گەشەسەندنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی، دروستکردنی هەلی کار و فرەچەشنکردنی ئابوری هەرێمی کوردستان. بازاڕی تێلیکۆم لە هەرێمی کوردستان، بازاڕێکی هەرێمییە، چەند هەڵسوڕێنەرێکی هەرێمایەتی و ناوخۆیی لێیە کە کێبڕکێی یەکتری دەکەن و یەکتری تەواودەکەن بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی دەنگ و برۆدباند. هاندانی کێبڕکێ و گەشەپیدانی خزمەتگوزاری نایابی تێلیکۆم، بەتایبەتی برۆدباند، کاریگەری ڕاستەوخۆ وناڕاستەخۆی هەیە لەسەر خزمەتگوزارییەکانی کەرتەکانی تری هەرێمی کوردستان و عێراق. بازاڕی بردۆباندی مۆبایل لە هەرێمی کوردستان تاڕادەیەک کێبڕکێکارە، بەڵام خزمەتگوزارییەکە لە پاشەوەیە. لە ئێستادا ٣٠ لەسەد لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان خزمەتگوزاریەکانی برۆدباندی مۆبایل بەکاردەهێنن، بە بەراورد لەگەڵ ١٥ لەسەد لە عێراق، و زیاتر لە ٦٠ لەسەد لە ئوردن، تورکیا، و میسر و زیاتر لە ١٠٠ لەسەد لە وڵاتانی کەنداو. خزمەتگوزاری چەپکی چەسپاو، ژێرخانی ئینتەرنێتی خێرا، لە دواوەیە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری ناوچەکە. بە کورتی، بازاڕی برۆدباند (چەپکی ئینتەرنێت) لە هەرێمی کوردستان و عێراق بواری زیاتریان هەیە بۆ کێبڕکێ و بەکارهێنانی ژێرخانی چەپکی زێدە-خێرا ((UFB Ultra-Fast Broadband)).

**شێوەی ٣.١٠ بەراوردی بەکارهێنانی برۆدباندی مۆبایل لە هەرێمی کوردستان، و عێراق، و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست**
(% ی بەشدارانی 3G بە گوێرەی دانیشتوان، ٢٠١٥)




سەرچاوە: وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، و تێلیجیۆگرافی ، ٢٠١٥

**شێوەی ٣.١١ بەراوردی بەکارهێنانی برۆدباندی چەسپاو لە هەرێمی کوردستان، و عێراق، و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست**
(% ی بەشدارانی 3G بەپێی دانیشتوان، ٢٠١٥)




سەرچاوە: وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، و تێلیجیۆگرافی ، ٢٠١٥

٣.١٧٣. ***لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بە شێوەیەکی چالاکانە بواری داوە بە کێبڕکێ و کەرتی تایبەت بێنە ناو کەرتەکەوە، بەڵام هێشتا ڕێگەی بەرەوپێشچوون ماویەتی، پێویستە وەزارەت کار بکات لەسەر لابردنی چەند کۆتوبەندێک کە ڕێگرن لە گەشەسەندنی زیاتری بازاڕەکە.*** وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی داوە بە هەڵسوڕێنەری کۆمپانیای ئەهلی لە بازاڕی برۆدباندی چەسپاو (لەمەدا پێش عێراق کەوتون، لەوێ حکومەت کۆنترۆڵی ئەم بەشەی کردووە). ئەم هەڵسوڕێنەرانە ئامانجەکەیان بریتییە لە دابینکردنی نەوەی نوێ، تۆڕی فایبەر ئۆپتیکی زۆر-خێرا. بەلام کێبڕکی لە بازاڕی برۆدباندی چەسپاو سنووردارە و زۆربەی لەلایەن دوو دابینکەرەوە کۆنترۆڵ کراوە: ئالای نەورۆز لە هەولێر و کوردتێل لە سلێمانی. لە بازاڕی مۆبایل، وەزارەت مۆڵەتی بە شەبەنگی 4G داوە، هەرە نوێترین تەکنەلۆجیای وایەرلێس کە هێشتا لە عێراق دەست ناکەوێت، بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری برۆدباندی مۆبایلی زێدە-خێرا دابین بکەن. بە هەرحاڵ، بازاڕەکە هێشتا باشترین جۆری خزمەتگوزاری برۆدباند پێشکەش ناکات بۆ هەمووان لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش لەبەر ئەم کۆتوبەندانەی خوارەوە:

- **قۆرخکاری بە شێوەیەکی ستوونی دابینکەرانی ژێرخانی چەسپاوی پێکەوە بەستۆتەوە.** ئالای نەورۆز لە هەولێر و کوردتێل لە سلێمانی قۆرخی ژێرخانی چەسپاویان کردوە لە هەموو شارە سەرەکییەکان. ئەم قۆرخە بریتییە لە ئاستەنگێکی بەرچاو بۆ هاتنە ناوەوەی دابینکاری نوێی خزمەتگوزارییەکە لە هەموو ئاستەکانی زنجیرەی بەهای برۆدباند. کێبڕکێ لەسەر ژێرخان و لەسەر دابینکردنی خزمەتگوزارییەکە دەتوانێت سوودی گەورە ببەخشیت بە بەکارهێنەران و هەروەها ئابوری و ڕەنگە ببێتە مایەی هەرزانترکردنی نرخەکان، کوالێتی باشتر، خزمەتگوزاری داهێنەرانە و بازاڕێکی زیاتر پێگەیشتوو بەگشتی.

- ***کۆتوبەند هەیە لەسەر دەستگەیشتن بە ژێرخانە بنەڕەتییەکە.*** هیچ ئامرازێک نییە بۆ ڕێکخستنی قەرەبووکردنەوە بەرامبەر بالادەستی ئەو دوو دابینکارەی ژێرخانی چەسپاو. ئەمەش دیارە هۆی ئەوەیە کە بەدیلی هەڵسوڕێنەرەکان سنووردارە. وەزارەت سەقفی نرخی دیاری کردووە بۆ نرخی گشتی و خزمەتگوزارییەکانی ژێرخان بە دابینکەری تری خزمەتگوزارییەکە دەفرۆشێت. بەڵام ئەم ڕێوشوێنە نابێتە مایەی جەختکردنەوە لە دەستگەیشتن بەو دەزگا بنەڕەتییانەی کە کێبڕکێ لەسەر خزمەتگوزارییەکە پتەوتر دەکەن. هەڵسوڕێنەرە بالادەستەکان هێشتا ئەگەری هەیە جیاکاری بکەن لە نێوان دابینکارێکی خزمەتگوزاریەکە کە سەر بەخۆیان بێت لەگەڵ بەدیلێک کە تازە بێتە ناو بازاڕەکە.

- ***لە ناوچە دوورەکان ژێرخانی برۆدباند سنووردارە.*** برۆدباند (چەپکی ئینتەرنێت) و بە تایبەتیش ژێرخانی چەسپاو پێدەچێت بەرتەسک و سنوورداربێت لە دەرەوەی شارە سەرەکییەکان. ئەمەش بەربەستێکی گەورەیە بۆ سوودوەرگرتن لە برۆدباند کە دەکرێت هەرێمی کوردستان زۆر سوودی لێ وەربگرێت. پێویستە هەنگاو بنرێت بۆ بەرفراوانکردنی ژێرخانی برۆدباندی چەسپاو و دەستگەییشتن بە خزمەتگوزارییەکە لە ئاستی ناوخۆییدا. بۆیە، گەشەپێدانی کەرتێکی تایبەت لە بواری کێبڕکێ، بەمەبەستی بەرفراوانکردنی ژێرخانی برۆدباند، دەبێت ئەنجام بدرێت هاوکات لەگەڵ

دارشتنی میکانیزمی دارایی و ڕێکخستنی ڕێوشوێن، بۆ کارکردن لەسەر ئەو دابەشبوونەی کە هەیە لە نێوان ناوچە شارییەکان و ناوچە دوورەکان.

- ***بازاڕی مۆبایل، بەش-بەش بووە.*** ئەگەرچی چەند هەڵسوڕێنەرێک (operators) هەیە کە کێبڕکێ دەکەن لەسەر خزمەتگوزارییەکانی برۆدباندی مۆبایل لە هەرێمی کوردستان، بەڵام چەند فاکتەرێک هەیە کە بەربەستن لەسەر توانای هەڵسوڕێنەرەکان لە بواری کێبڕکێی کاریگەر لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق. یەکەم، هەڵسوڕێنەرانی ٣G، کە دەستەی میدیا و گەیاندنی عیراق مۆڵەتی پێداون، ناتوانن مۆڵەتی شەبەنگی ٤G بە دەست بهێنن لە بەشەکانی تری عێراق. ئەمە بازاڕێکی خوار نموونەییە و بەش بەش بووە و ئەمەش کێبڕکێی سنووردارکردووە لە هەرێمی کوردستان و عێراق و ڕێگرە لە بەرفراوانبوون و پێگەیشتن و داهێنانی ٤G لە هەرێم و ٤G لەسەر ئاستی عێراق.

**کاردانەوە**

***پەرەوکردنی کێبڕکێ لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان***

٣.١٧٤. ***بۆ کارکردن لەسەر دیاردەی قەتیسبوون، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ستراتیجیەتێک بۆ کەرتەکە دابڕێژێت و هەندێک ڕێوشوێن دابنێت کە هانی کێبڕکێ بدەن و کار بکەن لەسەر دابەشبوونی دیجیتەڵ لە ڕێی سیاسەتی چالاکانەوە.*** ئەگەرئەم بابەتانە چارەسەر بکرین ئەوسا دەرفەتی ئابوری و کۆمەڵایەتی لە بەجیهانیکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی خێرا ئێجگار زیاد دەکات و کاریگەرێکی بگۆڕی دەبیت لەسەر هەرێمی کوردستان. لەم بوارەدا، سیاسەتێکی گشتی و شیوازێکی هەمەلایەن بۆ گەشەپێدانی بازاڕی برۆدباند دەتوانێت ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوە کە هەیە و هیوا ببەخشێتەوە بە گەشەسەندنی بازارەکانی هەرێمی کوردستان و زیادبوونی توانای بەرهەمهێنانی کەرتی تایبەت، و زیاترکردنی هەلی کار و فرەچەشنکردنی ئابوری، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بە هاوکاری لەگەڵ دامودەزگاکانی تری حکومەت داتوانێت سیاسەت و ستراتیجی هەمەلایەن دابڕێژێت لە بواری گەیاندندا بۆ هاندانی کێبڕکێ لە بازاڕی برۆدباند و ئەنجامدانی ڕاوێژی گشتی و کراوە لەگەڵ لایەنە بەشدارەکان. دەتوانرێت بە هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی ئەم ستراتیجە دابڕێژرێت بۆ جەخت خستنە سەر تواناکانی هەرێم و هەروەها دەسکەوتە نیشتمانییەکانی پەرەوکردنی گەشەسەندنی بازاڕی تێلیکۆم لە هەرێمی کوردستان. پێویستە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن پلان دابنێت بۆ سێ تا چوار ساڵ بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارانە و ئەم ستراتیجانەی خوارەوە:

- بە هاوشێوەی مۆڵەتدان بە دوو هەڵسوڕێنەرەکەی چەسپاو، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت مۆڵەت بدات بە هەڵسوڕێنەری تریش بۆ برۆدباند. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرفەت بکاتەوە بۆ هەڵسوڕێنەری نوێی کەرتی تایبەت بۆ دانانی ژێرخان و دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ سەرجەم برۆدباندی زنجیرەی ستوونی لەسەر ئاستی هەرێم نەک لەسەر ئاستی پارێزگا. پێویستە ئەولەوییەت بدرێت بە دابینکەری نوێی خزمەتگوزارییەکە لە ئاستی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکەدا.

- دارشتنی چەند ڕێوشوێنێک بۆ هاندانی هاتنە ناو بازاڕەکە، دەرکردن و پیادەکردنی چەند ڕێوشوێنێک سەبارەت بە داخڵبوونی بازاڕەکە و کارکردن لەسەر لابردنی باڵادەستی دژە-کێبڕکی و دانانی ئەولەوییەت بۆ ڕێکخستنی نرخ دوور لە جیاکاری و شەفافانە و دانانی دەرخستەی کۆفرۆشی.
- دارشتنی مۆدیلی نوێ بۆ ژێرخانی دابینکردن بە بەکارهێنانی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت بۆ بەرفراوانکردنی دەستگەیشتن بە فایبەر و تۆڕی بڕبڕە لە دەرەوەی شارەکان.
- هاندان و ڕێکخستنی بەشکردنی ژێرخان لە نێوان هەڵسوڕێنەرانی تێلیکۆم، لە نێوان تۆڕەکانی تێلیکۆم و کارەبا و لە نێوان تێلیکۆم و گواستنەوە. ئەمەش لە ڕێی دیزاینی نەخشەی دیجیتەڵی ژێرخان وەک ئامرازێک بۆ دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکان و کەلێنەکانی بازاڕەکە، دەرکردنی ڕێنمایی و ڕێوشوێن بۆ بەشکردنی ژێرخان لە نێوان هەڵسوڕینەرەکان و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کارەبا لە بواری مەرج و بەندەکانی بەکارهێنانی هێڵی گواستنەوە و دابەشکردنی تۆڕەکەیان بۆ بەکارهێنانی وەک تۆڕی فایبەر.
- پتەوکردنی هاوکاری و ڕێککەوتننامە لە نێوان دەستەی میدیا و گەیاندنی عیراق و وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر چاودێری و ڕێکخستنی هەڵسوڕێنەرانی سی مۆبایلە ناوخۆییەکە، بەتایبەتی لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بە بەکارهێنان و پێکەوە بەستنەوە و کواڵیتی خزمەتگوزارییەکە و نرخ.

***توانای وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە بواری ڕێکخستن و چاودێری بازاڕدا***

٣.١٧٥ ***بەرەوپێشچوون لە بواری بەرفراوانبوون و گەشەسەندنی بازاڕی برۆدباندی هەرێم پێویستی بە شیکردنەوە و چاودێری بازاڕە لە لایەن وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنەوە.*** توانای وەزارەت ڕاڤە نەکراوە بۆ چاودێریی ئێستای بازاڕەکان و شیکردنەوەی کەموکوڕییەکانی خواست و خستنەڕوو. لە ئێستادا نە هێڵی بنچینەیی هەیە نە شیکردنەوەی بەردەوام هەیە بۆ بازاڕەکانی تێلیکۆم و برۆدباند لە هەرێمی کوردستان. هەروەها، دەتوانرێت کار بکریت بۆ پتەوکردنی هاوکاری وەزارەت لەگەڵ هەڵسوڕێنەرانی هەرێمی و نیشتمانی و دابینکردنی داتا و زانیاری بازاڕ بۆ ئەوەی وەزارەت بنچینەیەکی پتەوی هەبێت بۆ داڕشتنی سیاسەتی ڕاست و پشتئەستوور بە زانیاری.

**٣.١٧٦ *پێویستە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن توانای تەکنیکی خۆی و توانای لە بواری ڕێکخستنی ڕێوشووێند، پتەوتر بکات.*** لە سێ ساڵی داهاتوودا و دواتر وەک یەکێک لە پێشمەرجە سەرەکییەکان بۆ ڕێکخستنی بازاڕ و دەستێوەردان، پێویستە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن توانای تەکنیکی خۆی بۆ چاودێری بازاڕەکان پتەوتر بکات و شێوازێکی شەفافانە و ڕاوێژکارانە بگرێتەبەر بۆ داڕشتنی ڕێسا و ڕێوشوێنی نوێ.


**بازاڕی پێکەوەبەستراوی نێودەوڵەتی**

٣.١٧٧ ***هەرێمی کوردستان و باشووری عێراق شوێنێکی جیۆپۆلیتیکی سەرەکییان هەیە کە بوار بۆ عێراق دەڕەخسێنێت ببێت بە سەکۆیەک بۆ پێکەوە بەستنەوەی نێودەولەتی.*** پێگەی جیۆپۆلیتیکی دەتوانێت

خزمەتی بازاڕی ئینتەرنێت لە ناوچەی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بکات و وەک ترافیکی نێودەوڵەتی لە نێوان ئەوروپا و ئاسیا. گواستنەوەی ترافیکی نێودەوڵەتی ئینتەرنیت لە رێی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە دەبێتە مایەی دابینکردنی ئینتەرنێتکی خێراتر بۆ وڵاتەکە بەگشتی بە نرخێکی کێبڕکێکارانە، و دەرفەتی نوێی پرۆژە دروست دەکات بۆ وەبەرهێنەرە ناخۆییەکان و دەرفەتی کاری نوێ دابین دەکات لە بواری ژێرخان.

٣.١٧٨. **وەبەرهێنەرەکانی ناخۆیی و بیانی تامەزرۆن بۆ بەکارهێنانی هەرێمی کوردستان وەک سەکۆیەکی هەرێمایەتی بۆ ترافیکی ئینتەرنێت.** زۆر سەرچاوە باسی ئەوە دەکەن کە پرۆژەی بەردەوام و دانوستان لە ئارادایە لەگەڵ هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرفراوانکردنی ژێرخانی فایبەر لە کێبڵی ژێردەریاییەوە بۆ خاڵی سەرزەوی لە فاو تا تورکیا و عیراق بە هەرێمی کوردستاندا. بەڵام رێسا و رێوشوێنەکانی پرۆژەی ژێرخانی لەو جۆرە هێشتا دیار نییە. تا ئێستا وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن مۆڵەتی بە چوار هەڵسوڕێنەر داوە بۆ دابینکردنی پێکەوەبەستنی نێودەوڵەتی لە رێی ئێران و تورکیاوە بۆ دابینکردنی پێکەوەبەستنی نێودەڵەتی بە بەکارهێنەرانی ناوخۆ، بەڵام هیچ پلانێکی فەرمی نییە بۆ بەکارهێنانی ئەم پێگەیەی هەرێمی کوردستان وەک ئەگەرێک بۆ ئەوەی ببێت بە سەکۆیەکی ترانزیت بۆ بازارەکانی ناوچەکە و نێودەوڵەتی.

**نەخشەی ٣.٩. رێگەکانی ئینتەرنێت بۆ پێکەوە بەستنەوەی کێبڵی ژێردەریایی لەگەڵ ئەوروپا و عێراق و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا**




سەرچاوە: تێلیجیۆگرافی ٢٠١٤

٣.١٧٩. ***پێویستە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بە هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی شەفافییەتی پرۆسەی مۆڵەتدان زیاتر بکات و دیدگەیەکی هاوبەش دابڕێژێت بۆ پێکەوەبەستنەوەی ئینتەرنێتی ناوچەکە.*** وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و دەزگا پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانن ڕێوشوێنی شەفافتر بگرنەبەر بۆ مۆڵەتدان بە بەکارهێنانی ئەو ژێرخانەی کە ترافیکی ئینتەرنێت دەگوازێتەوە بەناو هەرێمی کوردستاندا. دیدگەیەکی ڕوون سوودی دەبێت بۆ وەبەرهێنەری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و داهاتی دارایی دەبێت و خزمەتگوزاریی باشتر پێشکەشی بەکارهێنەرەکان دەکات.

## بازاڕی تەکنەلۆجیای زانیاری (ئای تی)

٣.١٨٠. ***بازاڕی ئای تی لە هەرێمی کوردستان و قۆناغی پێگەیشتن.*** بازاڕی ئای تی لە هەرێمی کوردستان داواکاری کەمی لەسەر و خزمەتگوزاری ئای تی کەمی تێدایە، وەک سۆفتوێر و تۆڕبەندی، هەروەها ئەو خزمەتگوزارییانەی پشت بە ئای تی دەبەستن وەک پرۆسەی پرۆژە و گرێبەستکردن. دەکرێت دەرفەتی ئابوری و کۆمەڵایەتی گەورە سەرهەڵبدات لە هاندانی گەشەسەندنی ئەم بازاڕەوە، وەک دروستکردنی هەلی کار لە دەرەوەی کەرتی گشتی، زیاترکردنی قەبارەی خزمەتگوزاری کەرتەکان و گۆڕینی کەرتەکانی بازرگانی و لۆجیستیک و وزە.


٣.١٨١. ***خواستی کەم لەسەر خزمەتگوزاری ئای تی لە ناوخۆ و کەمیی شارەزایی پێدەچێت ڕێگری سەرەکی بن لە پێش گەشەسەندنی بازاڕی ئای تی.*** لە بواری داواکارییەوە، داواکارییەکی کەم هەیە لەسەر کۆمپانیا گەورەکانی نەوت، بیناسازی، و تێلیکۆم چونکە ئەمانە هەوڵ بۆ داڕشتنی ڕێگەچارە و گرێبەستی خۆیان دەدەن لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی ئای تی. حکومەت پلانی ستراتیجی ئای تیی داڕشتوە کە ئامانجەکەی بریتییە لە بەدیجیتاڵکردنی سەرجەم پرۆسە و خزمەتگوزارییە حکومییەکان. جێبەجێکردنی ئەم ستراتیجە بە تەواوەتی دەبێتە مایەی زیادکردنی خواست لەسەر خزمەتگوزارییەکانی ئای تی و هاوکاری و بازاڕەکە پێدەگەیەنێت و بەرفراوانی دەکات. بەڵام کارمەندی شارەزا گرفتێکی تری گەشەسەندنی ئەم کەرتەیە: توانای لاواز لە بواری زمان زانین، بەڕێوەبردن و کارگێڕی بە کۆتوبەندی سەرەکی دادەنرێن لەسەر زیادبوونی داوکاریی ناوخۆ و خزمەتگوزاریەکانی ئای تی. دواجار، کۆمپانیاکانی ئای تی ناتوانن کارمەندی شارەزا رابکێشن، و دەرچووە تازەکانیش زیاتر حەزیان لێیە لە کەرتی گشتی کار بکەن.

٣.١٨٢. ***پێویستە حکومەتی هەرێم بگەڕێت بۆ دەرفەتی بازاڕی بابەتە دیجیتەڵەکان بە زمانی کوردی کە خزمەتی کەمی کراوە.*** دەرفەتێکی تر بۆ وەبەرهێنەر و پرۆژەی ناوخۆ بریتیە لە بازاڕی هەرێم بۆ بابەتەکانی هونەر و کاتبەسەربردن و فێرکاری و وەرگێڕانی بابەتە دیجیتەڵەکان بۆ سەر زمانی کوردی. دەرفەت هەیە بۆ درێژکردنەوەی ناوچەی جوگرافی کڕیارانی زمانی کوردی و ئەو خستنەڕووە کەمەی لەم بوارەدا هەیە لە بازاڕەکان. حکومەت دەتوانێت حەوافز بدات بە دەزگا ئەکادیمییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کەرتی تایبەت بۆ ڕێکخستنی هاکاتۆنز و پیادەکردنی کێبڕکی بۆ هاندانی داهێنان. حکومەت هەروەها دەتوانێت پشتگیری لە کۆمپانیا بچووک و گەورەکان بکات لەم بوارەدا.

٣.١٨٣. ***پێویستە ستراتیجێکی ناوخۆیی دابڕێژرێت بۆ هاندانی بازاڕی ئای تی***. بۆ هاندانی گەشەسەندنی بازاڕی ئای تی، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی ناوخۆیی و ستراتیجێک دابڕێژێت بۆ کۆکردنەوەی هەموو دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت و پلانێکی درێژخایەن دابڕێژێت بۆ کارکردن لەسەر خاڵە لاوازەکانی داواکاری و بەردەستی خزمەتگوزاری ئای تی، و پێویستە شارەزاییەکانی تەکنیکی و سۆفت وێرەکان پەتەوتر بکرێن. حکومەت هەروەها دەتوانێت هاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەت بکات، هەروەها لەگەڵ دەزگا ئەکادیمییەکان و لایەنە پەیوەندیدارە نێودەوڵەتییەکان بۆ گەشەپێدانی بواری تەکنەلۆجی و داهێنان.

خانەی ٣.٤ ڕاسپاردەکان بۆ دانانی ئەولەوییەت بۆ کەرتی ئای سی تی

ڕاسپاردەکان، بە تایبەت ئەوانەی پەیوەستن بە بە بازاڕی برۆدباند و پێکەوەبەستنەوەی نێودەوڵەتی دەتوانن هاوکاری هەرێمی کوردستان و بەشەکانی تری عێراق بکەن بۆ بەکارهێنانی خزمەتگوزاری پێشکەوتووی برۆدباند بۆ سوودی بەکاربەران و هەروەها ئابوری بەگشتی. لەبەرئەوە پێویستە جێبەجێکردنیان هاوکات بێت لەگەڵ بازاڕەکانی هەرێمایەتی و نیشتمانی. خشتەی خوارەوە تیشک دەخاتە سەر ئەو ڕێوشوێنانەی کە پێویستە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە چوار ساڵی داهاتوودا پیادەی بکات، بە گوێرەی بایەخەکەیان ڕیز کراون. هەموو ڕاسپاردە پێشنیارکراوەکان بەپوختکراوی لە پاشکۆی خشتەی سیاسەتەکاندا هاتووە لە کۆتایی ئەم ڕاپۆرتە. دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانن پشت بە هاوکاریی دەرەکی ببەستن بۆ جێبەجێکردنی ئەم چاکسازییانە و هاوکات توانای تەکنیکی و دامەزراوەیی نیوخۆی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن باشتر بکەن.



## ح. فرەچەشنکردنی ئابوری و دروستکردنی هەلی کار لە مەودای مامناوەندی لە ڕێی گەشەپێدانی کەرتی تایبەتەوە

٣.١٨٤. ***بێجگە لە گەڕاندنەوەی ئارامی و ئاسایش، بەدەستهێنانی هاوکارییەکی بەردەوام و بەرچاو کار دەکاتە سەر گەشەی ئابوری و فرەچەشنکردنی ئابوری بەدەر لە کەرتی نەوت.*** لە عێراق، وەک زۆر وڵاتی تری تازە گەشەسەندوو، کە پشت دەبەستن بە نەوت و هەناردە و حکومەت بۆ گەشەسەندن، هەیکەلەکانی دەسەڵات لە بازنەی تەسکدا قەتیس دەبن، کە دەوڵەمەندبوونی تایبەت و کورتخایەن زاڵ دەبێت بەسەر خۆشگوزەرانی گشتی و درێژخایەندا.[٢٣] وەک لە ڕاپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی ٢٠١٢ دا هاتووە، بەکارهێنانی سامانە سروشتییەکان بۆ گەشەسەندن پێویستی بە پابەندییەکی جێی متمانە هەیە لە لایەن حکومەتەوە بۆ کۆمپانیاکان و بۆ هاووڵاتییانیش، و هەروەها دەبێت پرۆسەی بڕیاردروستکردن هەمەگیر بێت و لێپرسینەوە هەبێت بۆ ئەوەی سەرچاوەکان تەرخان بکرێت بۆ وەبەرهێنان لە گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان و دابینکردنی کەرەستەی گشتی. بۆ کارکردن لەسەر ئاستەنگە جۆراوجۆرەکانی بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر گرنگە کە دروستکردنی هەلی کار بە ڕابەرایەتی کەرتێکی فرەچەشنی تایبەت ئەنجام بدرێت، ئەمەش پێویستی بە کەشوهەوای گونجاو هەیە بۆ وەبەرهینان لەگەڵ هەبونی دارایی بۆ کێبڕکێ و میکانیزم و دەزگای گونجاو بۆ بازاڕی هێزی کار، لەگەڵ ژێرخانی گونجاو.

٣.١٨٥. ***لە هەرێمی کوردستان دەرفەت هەیە بۆ بەرفراوانکردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت، ئەگەر ژینگەی لەبار و گونجاوی بۆ ئامادە بکرێت.*** پێویستە دامەزراندنی کەرتی گشتی زیاتر و قەرەباڵغتر نەبێت لە هی کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی بتوانێت کێبڕکێی لەگەڵ بکات لەسەر تواناکان و پرۆژە. ئاستەنگی سەرەکی حکومەت ئەوەیە کە داهاتە گەورەکانی تەرخان بکات بەباشترین شێوە و وەبەرهێنان بکات لە تەندروستی و پەروەردە و ژێرخان و گەشەی هەرێم و دروستکردنی سیستمێکی ڕێکوپێک و هەمەلایەن بۆ تۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی هەژاران و نەداران (World Bank, ٢٠١٢, Iraq PER). دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر و جۆراوجۆر هەلی کار، یەکێکە لەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی گەشەسەندن دەبێتەوە لە عێراق. لە سەرتاسەری جیهان، کەمکردنەوەی هەژاری لە ڕێی بەرفراوانکردنی هەلی کار و زیاترکردنی داهاتی کرێکارەوەیە، و زۆربەی جاریش کەرتی تایبەت مەکینەی سەرەکی دروستکردنی کارە.

٣.١٨٦. **کەرتی گەورەی نافەرمی ئاستەنگێکی گەورەیە.** ئەگەر پرۆسەکان و ڕێوشوێنەکانی تۆمارکردن و مۆڵەتپێدان ڕێکوپێک بێت ئەوسا بارگرانی ڕێوشوێنەکان لەسەر شانی ئەو دوو پرۆسەیە لادەچێت و چوونە ناو کەرتە فەرمییەکە ئاسان دەبێت. چاکسازی لە سیستمی باج و ڕێوشوێنەکاندا هانی پێکهاتن و پابەندێتی کۆمپانیا بچووکەکان دەدات، هەروەها، بەرفراوانکردنی دەستگەیشتن بە دارایی و خزمەتگوزارییەکانی پشتگیری پرۆژە دەبنە مایەی ئەوەی کۆمپانیا نافەرمییەکان کێبڕکی لەگەڵ ئابوری فەرمی بکەن. دواجار، کۆمپانیاکان هەوڵ دەدەن ببن بە فەرمی بەگوێرەی بەراوردیی عەقڵانی تێچووەکان و سوودەکان، ئەوسا ئابوری فەرمی دەتوانێت گەشە بکات لە کاتێکدا کە ئەم سوودانە گەورەترن لە تێچووەکان.

---


[٢٣] کرێ بۆ دەولەمەندان؟ ئابووریی سیاسی گەشەسەندن بە ڕابەرایەتی سامانە سروشتییەکان، بانکی نێودەوڵەتی، ٢٠١٢

٣.١٨٧. ***ڕۆڵێکی گرنگ هەیە کە کەرتی تایبەت دەتوانێت بیبینێت بە هاوبەشی لەگەڵ کەرتی گشتی*** بۆ باشترکردنی کواڵیتی و دەستگەیشتن، ئەمەش پێویستی بە چاکسازییە لە ژینگەی ڕێکخستن و ڕێوشوێنەکان بە مەبەستی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی گونجاو و بەکارهێنانی هاوبەشی گشتی و تایبەت بە شێوەیەکی باشتر بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان، بەتایبەتی وەک بەردەبازێک بەرەو فراوانکردنی بەشداریی کەرتی تایبەت لە بواری داراییکردن و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان. وەبەرهێنانی کەرتی گشتی لە ژێرخاندا یان نییە یان کە هەبێت ئەوا نە قەبارەکەی و نە پێکهاتەکەی وەک پێویست نییە کە بتوانێت پاڵ بە گەشەوە بنێت. لەم بارودۆخەدا وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی دەیەوێت جەخت بخرێتە سەر نابازرگانییەکان، بەم شێوەیەش سازش لە گەشەی هەناردە، و بەگشتی، کاری ئیدارەی لاوازیش وەک کۆتوبەندە لەسەر هاوبەشیەکی بەهێزی کەرتی گشتی-تایبەت، و بەگشتیش، لەسەر گەشەی کەرتی تایبەت. بەهەمان شێوە، چاکسازییەکانی کەرتی دارایی پێویستن بۆ بەرفراوانکردنی دەستگەیشتن بە دارایی کێبڕکێکار بۆ پرۆژەی تایبەت. ئاسانکردنی ڕێوشوێنەکانی بەڕێوەبردنی زەوی و ئاسانکردنی پرۆسەی تۆمارکردن و بەکارهێنانی خانووبەرە وەک گەرەنتی، زۆر پڕبایەخە. شێوازی "ڕێگەی سەرچاوە" مژدەبەخشە، بەتایبەتی وەک ئەو وانانەی فێری بووین لەو وڵاتانەوە کە دەوڵەمەندن بە سامانی سروشتی. بیرۆکەی بنەڕەتی برتییە لە بەکارهێنانی چەند وەبەرهێنانێکی تەواوکاری لەلایەن وەبەرهێنەری تایبەتی نێودەوڵەتی و گشتیەوە و حکومەتیش گەشەپێدانی سامانە سروشتییەکان بە شێوەیەک بەڕێوەدەبات کە چالاکیی زێدە دروست بکات. بێگومان دەستێوەردانی تەریب پێویستە بۆ پاراستنی ئاسایش و هاندانی شێوازی گشتگیر لە گەشەپێدانی سامانە سروشتییەکان.

### *دەستگەیشتنی کۆمپانیا ئەهلییەکان بە دارایی*

٣.١٨٨. ***دەستگەیشتن بە دارایی وا باوە بە کۆتوبەندێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ ئەنجامدانی پرۆژە لە هەرێمی کوردستان.*** خزمەتگوزارییە دارایی و خزمەتگوزارییە بانکییە ناگەشەسەندووەکان، نەتوانینی تاکەکەس و کۆمپانیا بۆ دەرکردنی نووسراوی گەرەنتی (خطاب ضمان)، و ئەو ڕاستیەی کە خزمەتگوزارییەکان زۆر لە پاش ئاستی نێودەوڵەتیەوەن بۆتە مایەی ئەوەی کەرتی تایبەت خۆی دووربگرێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ بانکە حکومییەکان.

**شێوەی ٣.١٢ ئەو کۆمپانیایانە کە پێیان وایە "دەستگەیشتن بە دارایی" ئاستەنگێکی گەورە یان سەختە (%)**




سەرچاوە: ڕووپێوی پرۆژە، بانکی نێودەوڵەتی، ٢٠١١-٢٠١٢

٣.١٨٩. **بۆ ئەوەی ئەم ڕەوشە چاک بکرێت، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان مافەکانی قەرزدار و قەرزبەخش پتەو بکات.** ئەمەش لە ڕێی دەستکاریکردنی یاساکانی دڵنیایی (ضمان) بۆ ئەوەی لە یاسای حەواڵەدا مرونەتی زیاتر هەبێت لە میانی:

- کارکردن بە ئەگەری قەرز بە دڵنیایی نامەی نامولکداری (خطاب بضمان رهن غير حيازي) لە یەک پۆلێن لە موڵکی گوێزراوەی خولاو (الممتلكات المنقولة الدوارة).
- جەختکردنەوە لەوەی (خطابی ضمانی غير حيازي) بوار دەدات بە وەسفی گشتی کەفالەت بەبێ مەرجی وەسفی دیاریکراوی کەفالەت،
- بواردان بە درێژکردنەوەی مافەکانی دڵنیایی بۆ ئایندە یان بۆ پاش دەستکەوتنی ئسوڵەکان، و درێژکردنەوەی ئۆتۆماتیکی بۆ بەرهەمەکان، دەستکەوتەکان یان جێگرتنەوەیان بە ئسوڵە بنەڕەتییەکان،
- بواردان بە وەسفی گشتی قەرز و پابەندییەکان لە ڕێککەوتنی کەفالەتیدا (دڵنیایی) و لە تۆمارکردنی بەڵگەنامەدا بۆ ئەوەی بتوانرێت سەرجەم جۆرەکانی قەرز و پابەندێتی دەستەبەر بکرێت بە دانانی لای ئەوپەڕ نەوەک بڕێکی دیاریکراو لە نێوان لایەنەکان،
- دامەزراندنی تۆماری کەفالەت (ضمانات) کە بە کۆمپیوتەر بێت، لە لایەنی جوگرافییەوە یەکخراو بێت، و بە گوێرەی ناوی کەفیلی مافی زەمانەکە، تۆمار کرابێت،
- داڕشتنی سیستمێکی پێشبینیکاری ئەولەوییەت کە ئەولەوییەتی جۆری بەرز بدات بە قەرزدەری دڵنیاکراو لە ناوەوە و دەرەوەی دانیشتنی مایەپووچبون، ئەوەندەی بکرێت،
- دەسەڵاتدان بە لایەنەکان بۆ ڕێککەوتن لەسەر سەپاندنی بڕیاری دەرەوەی دادگا بۆ ئیلتیزاماتی قەرز.

## سیستمی ڕێکخستنی ڕێوشوێنەکان

٣.١٩٠. **بایەخی ڕێکخستنی ڕێوشوێنی باشی پرۆژە بە کلیلی ڕێژەی گەشەی ئاییندەی هەرێمی کوردستان دادەنرێت.** چاکترکردنی ژینگەی پرۆژە زۆر بنچینەییە بۆ بوژاندنەوەی گەشەی ئابوری. ئەمەش بایەخی تەواوکردنی ئەم چاکسازییە یاساییانەی خوارەوە پیشان دەدات:

- داڕشتنی یاسایەکی نوێ بۆ کێبڕکێ
- داڕشتنی یاسای دژە-قۆرخکاری
- داڕشتنی یاسای پاراستنی بەکاربەر
- داڕشتنی یاسای ناوچە پیشەسازییەکان
- داڕشتنی یاسای ئاسایشی کۆمەڵایەتی
- داڕشتنی یاسای ژینگەپارێزی

٣.١٩١. **پێویستە ئەم یاسایانە بە ڕەچاوکردنی باشترین ستانداردە نێودەوڵەتییەکان و باشترین مومارەسەکانی ڕێوشوێنەکان دابڕێژرێن،** لە ڕێی کۆششی هەماهەنگەوە لەگەڵ سەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و کەرتی تایبەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

## هەماهەنگیی دامەزراوەیی

٣.١٩٢. ***زۆر گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان "پاڵەوانی چاکسازی"ی دیاری بکات، کەسێک کە دەتوانێت ڕابەر بێت بۆ هەندێک هەوڵی بەرایی لە بواری چاکسازی ڕێوشوێنەکاندا.*** چوارچێوە هەنووکەییەکەی ڕێوشوێنەکان لە هەرێمی کوردستان، بەش-بەش بووە. هیچ یەکەیەکی دیاریکراو لە ئارادا نییە کە بەرپرس بێت لە ڕابەرایەتی و هەماهەنگی هەوڵەکانی چاکسازی لە بواری ڕێوشوێنەکاندا. ڕۆڵی "پاڵەوانی چاکسازی" کە تا ئێستا وەزارەتی پلاندانان بووە، دەتوانرێت بەردەوامی پێ بدرێت لە لایەن پێشەنگێتیی ئەم وەزارەتەوە، ئەگەرچی دەزگا و پرۆسەی تریش پێویست دەبن. زۆر گرنگە کە گروپی کار پێک بهێنرێت وەک نوێنەرانی دامودەزگا حکومییەکان و لە کەرتی تایبەتەوە کە هەڵسەنگاندنە ڕێکخراوەییەکان، بواری ڕێوشوێنەکان، و ڕاسپاردەی چاکسازییەکان هەڵبسەنگێنن و تاوتوێیان بکەن و دەستنیشانیان بکەن.

## *فرەچەشنکردنی بەرهەمهێنان و پیشەسازی*

٣.١٩٣. ***لەگەڵ چاکبوونی ڕەوشی ئاسایشدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت هانی بەرفروانکردنی بەرهەمهێنانی کارخانەکان بدات لە ڕێی چاکترکردنی ژێرخانەوە بۆ بەرهەمهێنان و لە ڕێی چاکترکردنی ئاسایش بۆ هاتووچۆی کەرەستەکان بەناو هەرێمی کوردستاندا.*** هەرێمی کوردستان چەند کارخانەیەکی لێیە کە بەرهەمەکانیان بۆ هەموو عێراق دەنێرن، بەڵام گیروگرفتی ئاسایش نایەڵێت بگەن بە بەشەکانی تری عێراق. بەڵام بەگوێرەی داتای بازرگانی ئەم دواییەدا (و وێنەکانی سەتەلایت) بڕی گەورە لە کەرەستەی هاوردە لە تورکیاوە بەناو هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕێت بۆ باشووری عێراق. پێویستە

سوودەکانی چاکترکردنی ڕەوشی ئاسایش بۆ هەموو کەرتەکان بێت، و بۆ هەموو عێراق بێت، بە ڕەچاوکردنی بڕی ئەو بازرگانییەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەشەکانی تری عێراقدا هاتووچۆ دەکات. دەکرێت PPP بەکاربهێنرێت بۆ دابینکردنی دارایی بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کەرتی تایبەت کە پرۆژەی وەستاو تەواودەکەن. هەنگاوی یەکەم بریتی دەبێت لە دانانی داتابەیسێک بۆ دابینکاران کە زانیاری تێدا بێت لەسەر توانای هەر کۆمپانیایەک بۆ پێدانی بە وەبەرهێنەرەکان.

٣.١٩٤. ***هاندانی وەبەرهێنانی بیانی زێدەگرنگە بە تایبەتی چونکە وەبەرهێنەرەکان نەک هەر دەتوانن سەرمایە بهێنن، بەڵکو مەعریفەش دەهێنن.*** بۆ ئاسانکردنی گواستنەوەی مەعریفە بۆ کۆمپانیا ناوخۆییەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت تەحفیزات بدات بە کۆمپانیا بیانیەکان ئەگەر هاوبەشی بکەن لەگەڵ کۆمپانیای ناوخۆیی، وەک حەوافزی زێدە بۆ حاڵەتی کڕینی تێخراو (مدخلات) لە کۆمپانیا ناوخۆییەکان. بە هەمان شێوە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت پردی پەیوەندی بێت بۆ پێکەوە بەستنەوەی وەبەرهێنەری بیانی لەگەڵ کۆمپانیای ناوخۆ، و هەروەها حەوافزی تر بدات بەو وەبەرهێنەرانەی دەیانەویت هاوکاریی تەکنیکی پێشکەشی کۆمپانیا ناوخۆییەکان بکەن.

**خانەی ٣.٥ دانانی ئەولەوییەت بۆ کارەکانی چاکسازی لە گەشەپێدانی کەرتی تایبەت**

ئەجێندایەک بۆ گەشەسەندن بە ڕابەرایەتی کەرتی تایبەت و دروستکردنی هەلی کار زۆر پڕبایەخە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هاندانی فرەچەشنی ئابوری و گەشەسەندنی بەردوامی ئابوری. کەرتی تایبەت تا ڕادەیەک لاوازە و ساوایە لە وڵاتێکدا کە ئابوری پشتئەستوور بە نەوت زاڵە. ستراتیجێکی فرەلایەن پێویستە تا بتوانرێت هانی گەشەسەندنی کەرتی تایبەت بدرێت، کە پێویستە ئەم کارانەی خوارەوە لەخۆبگرێت (بەڵام مەرج نییە هەر ئەمەندەش بێت):

بابەتەکانی ئەولەوییەتی بەرز (ماوەی ٦-٣٦ مانگ)

- بەرنامەیەکی دەستپێک بۆ دەستکردن بە گەشەپێدانی پرۆژەی داهێنەرانە کە تایبەت بێت بە گەنجان و ئەو دەستێوەردانانە ئەنجام بدرێن کە هەرە کاریگەرن.
- بەرنامەیەکی دەستپێک بۆ پشتگیری لە ئاستی کۆمپانیا بۆ چاکترکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی کۆمپانیا، و بەرزکردنەوەی کواڵیتی بەرهەمەکان و داهێنان، و دەستگەیشتن بە بازاڕ و بەرزکردنەوەی دەستێوەردانەکان،
- هاندانی ژینگەیەک کە ڕێخۆشکەر بێت بۆ وەبەرهێنان کە چاکسازی لەخۆبگرێت لە بواری یاسا و دەزگای پێویست بە پشتبەستن بە دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوە (لێکۆڵینەوە لە ئەنجامدانی پرۆژە) و ڕووماڵی پرۆژە و لێکۆڵینەوەی تری سەرەکی و لاوەکی.

بابەتەکانی کاری مامناوەندی و درێژخایەن (٣-٥ ساڵ)

- داڕشتن و جێبەجێکردنی ستراتیجێک بۆ هەمەچەشنکردنی ئابوری بە جەخت خستنە سەر کەرتە کێبڕکێکارەکان لە هەرێمی کوردستان.
- باشترکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی کەرتی پرۆژەی کشتوکاڵ.
- چاکترکردنی پێکەوەبەستنی ئابوری جیهان لە ڕێی پتەوکردنی سیاسەتەکانی بازرگانی و گومرک، ڕێوشوێنەکان و گەشەپێدانی ئای سی تی و ژێرخان.

## ط.      ژینگەی پرۆژە و سیستمی وەبەرهێنان

***ژینگەی وەبەرهێنان***

٣.١٩٥. ***چوارچێوەی زێدە ئاڵۆزی ڕێکخستن و ڕێوشوێنەکان پڕە لە ڕێوشوێنی دووبارە و تێکهەڵکێشکراو***. ئەمەش دەبێتە هۆی رژێمێکی نەگونجاو بۆ ئەنجامدانی پرۆژە و تێچووی زۆر دەبیت بۆ پرۆژە، بە تایبەتی بۆ پرۆژەی بچووک. پێویستە سیستمی رێکخستن و رێوشوێنەکان بە تەواوەتی هەڵبسەنگێندرێت و چاکسازی تێدا بکرێت، و بەرپرسانی حکومی پێویستە مەشق ببینن لە بواری رێکخستن و رێوشوێنی باش.

٣.١٩٦. ***پێویستە حکومەت ژینگەیەکی وەبەرهێنانی کراوە دروست بکات کە پشت بە یاسا ببەستێت.*** پێویستە وەبەرهێنەری تایبەت بە ئاسانی دەستی بگاتە دەزگاکان: نابێت نووسینگەی حکومەتیان لێی ببێت بە کۆنترۆڵی هەندێک ئیمتیازات، بەڵکو وەک ئاژانس بن بۆ جێبەجێکردنی سیستمێک کە شەفاف بێت و پشت بە یاسا ببەستێت. بەشداری دڵخوازانەی کەرتی تایبەت لە سیستمی باج و رێکخستندا بوار بۆ حکومەت دەرەخسێنێت سیاسەتی هاندەری گەشەسەندن جێبەجێ بکات.

٣.١٩٧. ***پێویستە لە رێی دایەلۆگی نێوان کەرتی گشتی و تایبەتییەوە متمانەی نێوان ئەو دوو کەرتە پتەو بکرێت*** وەک ئامرازێک بۆ دامەزراندن و چەسپاندنی یەکەمین ئەولەوییەتەکانی کەرتی تایبەت و رۆڵی کەرتی گشتی لە پاراستنی ژینگەی پرۆژە وەک ژینگەیەکی بونیاتنەر. دەکرێت لە دووتوێی دایەلۆگی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت باسی بوارەکانی رێکەوتن بکرێت ئەو بوارانەی کە چاکسازی بونیاتنەرانە سوودی بۆ هەردوو کەرتەکە دەبێت.


***نەخشەی چاکسازی وەبەرهێنان***

٣.١٩٨. ***پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاستەنگە هەنووکەییەکانی وەبەرهێنان دیاری بکات و بڕیار بدات ئاخۆ دەتوانێت چاکسازی لە سیاسەتەکانی ئێستایدا بکات بە شێوەیەک کە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی رابکێشیت بۆ کەرتی تری جیاواز.*** حکومەتی هەرێمی کوردستان سوود وەردەگرێت لە ستراتیجی هەمەلایەنی وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی. وەبەرهێنانی راستەوخۆی بیانی دەتوانێت سەرچاوەیەکی باش بێت بۆ سەرمایە، و بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکان و سەرچاوەیەکی باش بێت بۆ تەکنەلۆجیا. کۆمپانیا بیانییەکان دەتوانن هەلی کار دابین بکەن بۆ کرێکارانی ناوخۆ و مەشقیان پێ بکەن بۆ بەرزکردنەوەی شارەزایی هێزی کاری ناوخۆ. دەتوانن پەیوەندی دروست بکەن لەگەڵ تۆڕی گەورەتر لە هاوبەش و لە کڕیار. بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر سوودبەخش دەبێت ئەگەر پرۆسەی نەخشەی چاکسازیی وەبەرهێنان (IRM) ئەنجام بدات بۆ هەڵسەنگاندنی جۆرەکانی ئەو رێسا و ڕێوشوێنانەی کە دەکرێت چاکسازییان تێدا بکرێت بۆ ئەوەی باشترین هاوکاری حکومەتی هەرێم بکەن لە بواری گەشەسەندندا، و داڕشتنی ئەولەوییاتەکان بۆ چاکسازی، و دروستکردنی پلانێکی کار کە خشتەی

کاتی کۆنکریتی هەبێت. ئەم نەخشەی چاکسازییە جەخت دەخاتە سەر ژینگەی گشتی، بوار دەڕەخسێنێت بۆ پرۆژەی بیانی بۆ گەڕان و بۆ دۆزینەوەی خاڵە بەهێزە زۆرەکانی هەرێمی کوردستان.

٣.١٩٩ ***پێویستە ئەگەری هەناردەکان بدۆزرێنەوە و پشتگیرییان بکرێت.*** عێراق ئاستێکی زۆر کەم هەناردەی هەیە، زۆر کەمتر لە ڕێژەی سەدی جی دی پی و بەتایبەت لە بواری ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی هەناردە دەکەن، بە بەراورد لەگەڵ هەر وڵاتێکی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا و ئەو وڵاتانەی لاوازن و پێکدادان کاریتێکردوون (FCS). ئەم خەسڵەتە لە هەرێمی کوردستانیش دووبارە بۆتەوە و گەورەتریشە. ئەم گرفتە تەنانەت پێش تێکچوونی ڕەوشی ئاسایش هەر هەبوو. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پێویستە ئاستەنگەکانی بواری ڕێکخراوەیی و ڕێوشوێنەکان و بواری کارگێڕی هەڵبسەنگێندرێتەوە کە دەکەونە بەردەم بازرگانی و ستراتیجێک دابڕێژرێت بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان بە سەرمایە و تەکنەلۆجیا و تۆڕەکانیەوە بۆ ئەوەی هاوکاری هەرێمی کوردستان بکات لە داڕشتن و بەرەوپێشبردنی ئاسۆکانی هەناردەکردن.

**شێوەی ٣.١٣ ڕێژەی ئەو کۆمپانیایانەی کە بەلنای کەم ١٪ ی بەرهەمەکانیان هەناردە دەکەن**




*سەرچاوە: ڕووپێوی پرۆژە، بانکی نێودەوڵەتی، ٢٠١١-٢٠١٢.*

### ***یاسای وەبەرهێنان***

یاسای وەبەرهێنان، دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان بریتین لە زۆرینەی دەزگای یاسایی و دامەزراوەیی سیستمی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان. لە ئێستادا یاساکە بەخشینی ترسناکی تێدایە بۆ باجی وەبەرهێنەرەکان، بەڵام زانیارییەکی کەم لەبەردەستە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی ئاخۆ ئەم حەوافزانە هاوتان لەگەڵ پێویستییەکانی وەبەرهێنەرەکان، و ئاخۆ ئەم حەوافزانە پێویستن، بەتایبەتی ئاخۆ گونجاون، بە ڕەچاوکردنی ڕەوشی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان. پێویستە حکومەت میکانیزمێک بدۆزێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو حەوافزانە و بەردەوام

هەڵسەنگاندنەوەی حەوافزەکان بکات بۆ جەختکردنەوە لەوەی کە پاشخانی نەویستراو و نەرێنییان نییە وەک سنووردانان بۆ کێبڕکێ لە بەرژەوەندی هەندێک کۆمپانیا یان خراپ بەکارهێنانی هەندێک سەرچاوە.

***مەشقکردن لەسەر چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی بواری وەبەرهێنان***

٣.٢٠٠. **بابەتێک کە زێدە جێگەی بایەخی وەبەرهێنانی بیانییە بریتییە لە هەبوونی میکانیزمێکی جێی متمانە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.** حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسا ناتوانێت رێکەوتننامەی وەبەرهێنان ئیمزا بکات، سیستمی وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی لە بەغدا دانراوە. لە ١٧ ی کانونی یەکەمی ٢٠١٥ ەوە عێراق ئەندامە لە رێککەوتننامە بنکەی نێودەوڵەتی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکانی وەبەرهێنان (ICSID). هەروەها عێراق حەوت رێککەوتننامەی دوولایەنەی وەبەرهێنانی واژوو کردووە کە دوانیان ئێستا کاریان پێدەکرێت: یابان (٢٠١٤) و کوێت (١٩٦٦) و ئەندامە لە وەبەرهێنانی رێکخراوی هاریکاری ئیسلامی (OIC)، رێککەوتننامەی وەبەرهێنانی کۆمکاری عەرەب، رێککەوتننامەی کۆمکاری عەرەبی وەبەرهێنان و رێککەوتننامەی یەکێتی ئابوری عەرەب. هەروەها لە ٢٠١٢ رێککەوتننامەی هاوکاری ئیمزا کرد و لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان رێکەوتننامەی چوارچێوەی وەبەرهێنان و بازرگانی (TIFA) ی دامەزراند (لە ئایاری ٢٠١٣ کەوتە واری جێبەجێکردن). عێراق ئەندام نییە لە رێککەوتننامەی نیویۆرک (رێککەوتننامەی دانپێدانان و سەپاندنی ناوبژیی بیانی لە ١٩٥٨). عێراق رێککەوتننامەی ناوچەی دوانەی بازاڕی ئازادی هەیە (FTA) لەگەڵ ئیمارات و عومان و قەتەر و جەزائر و ئوردن و لبنان و سوریا و تونس و یەمەن و سودان. پێویستە ستافی دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەشقیان پێ بکرێت لەسەر رێوشوێنەکان و نەریتەکان و ستانداردەکانی ICSID و پاشخانەکانیان لە عێراق (بە کوردستانیشەوە)، و پێویستە بە ڕوونی ئەمە بگەیەنن بە وەبەرهێنەرەکان. لەبەرئەوەی لەم دواییەدا چووەتە ناو ICSID، مەشقکردن لەسەر یەکلاکردنەوە و چارەسەرکردنی نێودەولەتی بۆ کێشە وناکۆکییەکان، لەوەش گرنگتر لەسەر رێگریی لە ڕوودانی ناکۆکی، زۆر بایەخدارە.

***گڵدانەوەی وەبەرهێنان***

٣.٢٠١. ***پێویستە یەکەیەک دروست بکرێت بۆ گڵدانەوەی وەبەرهێنان.*** زۆربەی وەبەرهێنانی ئێستا لە جیهاندا بریتییە لە دووبارەوەبەرهێنانەوە، و دەکرێت هەوڵ بدرێت بۆ گلدانەوەی زیاتری وەبەرهێنان، تەنانەت لە کاتی ئاستەنگی سەختدا. دروستکردنی یەکەیەکی لاوەکی بۆ گلدانەوەی وەبەرهێنان لەناو دەستەی وەبەرهێناندا یەکەم هەنگاو دەبێت، بۆ ئەوەی پەیوەندی ئاسایی بکات بە وەبەرهێنەرەکانەوە بۆ هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانیان، و رێگری لە سەرهەڵدانی ناکۆکی (کە ڕەنگە نرخەکەیان زۆر گران بێت) و بۆ فێربوون لە وانەکان لە وەبەرهێنەرەکانی ئێستاوە بۆ ئەوەی بەکاریان بهێنین بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەری نوێ و بەردەوام.

**هاندان بۆ وەبەرهێنان**

٣.٢٠٢. ***پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامرازێکی بەهێزی هەبێت بۆ ریکلام کە بتوانێت تواناکان و ئەگەرە بەکارنەهێنراوەکانی پیشانی وەبەرهێنەرەکان بدات و رێوشوێنەکان و چوارچێوەی یاسایی روون بکاتەوە بۆیان، و لە کاتی خۆیدا وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە.*** حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند گرفتێکی لە پێشە لە ڕاکێشانی وەبەرهێنەر. شوێنەکەی کە دەکەوێتە ناوچەیەکی پڕ لەناکۆکی، ئاستەنگێکی بەرچاوە، هەمان شت سەبارەت بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق. دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێبسایتێکی هەیە بۆ وەبەرهێنەرەکان کە زانیاری تێدایە لەسەر ئەگەری وەبەرهێنان بە چەند زمانێک. دارایی بۆ نوێکردنەوەی وێبسایتەکەی تەواو بووە، و بەرنامەکانی مەشق وەستێندراون. زانیاری زۆر گرنگە بۆ راکێشانی وەبەرهێنەران و ئاگادارکردنیان، بۆیە دابینکردنی سەرچاوە بۆ دەستەی وەبەرهێنان زۆر گرنگە بۆ راکێشانی وەبەرهێنان، و زۆرگرنگە وێبسایتەکە ئەپدەیت بکرێت و مەشق بکرێت بە ستافی دەستەی وەبەرهێنان (پشت دەبەستێت بە ئۆفەری زەماڵە و پابەندێتی بە دابینکردنی زەماڵە و مەشق لە هەموو بوارە نوێیەکانی وەبەرهێنان).

***دەستەی وەبەرهێنان***

٣.٢٠٣. ***یاسای وەبەرهێنان ژمارەیەکی زۆر بەرپرسیارێتی دەخاتە ئەستۆی دەستەی وەبەرهێنان.*** وەک "دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ بەدەستهێنانی گەشەسەندنی ئابوری لە هەرێم و دارشتنی ستراتیج و پلان و سیاسەتەکانی وەبەرهێنان و پێشکەشکردنیان بە ئەنجومەن بۆ ڕەزامەندی.." (مادەی ٦/١٠). بەڵام دەستەی وەبەرهێنان زۆر بە تەسکی پێناسەی پەیامەکەی دەکات بۆ دەرکردنی مۆڵەتی وەبەرهێنان بۆ پرۆژەکان، بۆ ئەو پرۆژانەی کە تێچوویان ١ ملیۆن دۆلار و زیاترە. ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی توانا تەکنیکی و دامەزراوەییەکەیەتی. بەگوێرەی مادەی ١٣ لە یاسای وەبەرهێنان، سەرۆکی دەستەکە مافی هەیە گرێبەست لەگەڵ خەڵک بکات لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەستەکە. ئەم مافە زۆر بە دەگمەن بەکارهێنراوە.

٣.٢٠٤. ***توانای تەکنیکی و چاودێریی دەستەی وەبەرهێنان زۆر سنووردارە.*** هیچ چالاکییەکی بەدواداچوون و چاودێری نییە بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان و بۆ فێربوون لە پرۆسەی جیبەجێکردن و چاکترکردنی ژینگەی وەبەرهێنان. راسپاردەکان بریتین لە دابینکردنی هاوکاری تەکنیکی بە مەبەستی چاکترکردنی توانای تەکنیکی و کارگێری دەستەکە و دامەزراندنی "شوێنێک کە هەموو کارەکانی تێدا ئەنجام بدرێت" لە دەستەی وەبەرهێنان.

***ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان***

٣.٢٠٥. ***یاسای وەبەرهێنان بەرپرسیارێتی بەرفراوان بە ئەنجومەن دەبەخشێت بۆ چاکترکردنی ژینگەی پرۆژە***، بەڵام ئەنجومەکە تەنها جەخت دەخاتە سەر چالاکییەک وەک چاودێری چالاکییەکانی دەستەی وەبەرهێنان، ڕەزامەندی لەسەر پرۆژەی گەورە، و تەرخانکردنی زەوی بەخۆڕایی. ئەنجومەنەکە، کە

سەرۆک وەزیران سەرۆکایەتی دەکات، دەتوانێت وەک دەستەیەکی باڵای بڕیاربەدەست و هەماهەنگکار، کاربکات. ئەم ئەگەرەش بەکارنەهێنراوە. ڕاسپاردەکان بریتین لە:


- دارشتنەوەی هەیکەلی ئەنجومەنەکە و پێناسەکردنەوەی ڕۆڵی وەک دەستەیەکی باڵای بڕیاربەدەست کە مامەڵە لەگەڵ ژینگەی وەبەرهێنان و ژینگەی پرۆژە دەکات بە پشتگیری سکرتارییەتییەکی کارا کە توانای تەکنیکی هەبێ و لەژێر سەرپەرشتی ئەنجومەنی وەزیران کار بکات.
- ئاوێتەکردنی ئەنجومەنی ناکارای ئابوری لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان.

**دامەزراندنی پرۆژە و داخستنی**

٣.٢٠٦. **ڕووپێوی کۆمپانیاکان ئەوەی دەرخستووە کە ڕێوشوێنی زۆر بێزارکەر هەیە بۆ دەستپێکردن و بەڕێوەبردن و داخستنی پرۆژەیێک وەک ئاستەنگێک لە پێش کەرتی تایبەت.** ژینگەی یاسایی و ڕێکخراوەیی بۆ ئەنجامدانی پرۆژە کۆن بووە و پەرێشانی پێوەیە، بەتایبەتی بۆ پرۆژەی بچووک زۆر بێزارکەرە کە هەوڵ دەدات ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە. چاوەڕوانکردنی درێژخایەن بۆ مۆڵەت بۆ دەستکردن بە پرۆژەکە، هەندێک ڕەزامەندی پێویست لە لایەن چەند وەزارەتێکەوە، ئەمانە برتیین لە سکاڵا سەرەکییەکان، بەهەمان شێوە پرۆسەی داخستنی پرۆژەیێک زۆر بێزارکەرە. هەندێک کۆمپانیای تایبەتیش دەستگەیشتن بە زەوییان وەک ئاریشەیەک ناو بردبوو.

***٣.٢٠٧. بە گوێرەی داتای (ئەنجامدانی پرۆژە لە عێراق) ڕێوشوێنەکانی پێویست بۆ دامەزراندنی پرۆژە زۆر بێزارکەرن،*** عێراق بە پلەی ١٥٤ دێت لە کۆی ١٨٩ وڵات. لە وڵاتەکە بە گشتی دەستکردن بە پرۆژەیێک پێویستی بە ١٠ ڕێوشوێن و پرۆسەیە کە بە تێکڕا ٢٩ ڕۆژی پێدەچێت بە کولفەی ٤٠ لە سەدی داهاتی تاکەکەس. بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، وەک لە شێوەی ٣.١٤ لە خوارەوە پیشان دراوە، عێراق لە پێشەوەی بەرەکەیە. ئەمە لە هەرێمی کوردستانیش دووبارە دەبێتەوە، کە ٢١ ڕۆژی پێدەچێت تا مۆڵەتی پەیوەست بە بیناسازی دەردەهێنیت و لە سلێمانی ٧٣.٤ ڕۆژی پێدەچێت تا مۆڵەتی هاوردەکردن دەردەهێنیت (لە بەغدا دەرهێنانی مۆڵەتی هاوردەکردن ١٥ ڕۆژی پێدەچێت).


**شێوەی ٣.١٤ دەستکردن بە پرۆژە: دووریی لە بەرەی پێشەوە، ٢٠١٦**




سەرچاوە: ڕووپێوی پرۆژە، بانکی نێودەوڵەتی، ٢٠١١-٢٠١٢

٣.٢٠٨. ***ئاستەنگەکانی دەستپێکردن بە تایبەتی بۆ پرۆژەی بچووک زۆر ماندووکەرن***، و داتای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ئەوە دەردەخەن کە زۆربەی کۆمپانیا ئەهلییەکانی هەرێمی کوردستان بچووکن. زۆر کۆمپانیاش نافەرمین و لە نووسراوەکاندا هەندێک هێڵی تەریب هەیە لە نێوان ڕێوشوێنە زۆر و زەوەندەکان لەگەڵ کولفەی دەستکردن بە کۆمپانیایەک لەگەڵ ئەوەی کە کۆمپانیاکان نافەرمین و لەگەڵ گەندەڵییدا. هەبوونی کەرتی نافەرمی بریتییە لە دووەمین گەورە ئاستەنگی پرۆژە بۆ کۆمپانیاکان، بەگوێرەی داتای ڕووپێووی کۆمپانیاکان، یەکەم ئاستەنگ نەبوونی کارەبای پێویستە و زیاتر ئاستەنگێکە وەک لەوەی ناسەقامگیری سیاسی بێت. شێوەکە ڕێژەی سەدی ئەو کۆمپانیایانە پیشان دەدات لە پارێزگای جۆراوجۆری عێراق کە پێیان وایە هەبوونی کەرتی نافەرمی ئاستەنگی سەرەکییە.

**شێوەی ٣.١٥ ئەو کۆمپانیانەی کێبڕکێی نافەرمییان بە ئاستەنگی سەرەکی داناوە (ڕێژەی سەدی)**





سەرچاوە: ڕووپێوی پرۆژە، بانکی نێودەوڵەتی، ٢٠١١-٢٠١٢.

### *کاتی خایەنراو لە گومرک و ژمارەی ڕێوشوێنەکان*

٣.٢٠٩. لە هەولێر، ٣٨ ڕۆژی پێدەچێت تا کەرەستەکان گومرک بکەیت و نزیکەی نیوەی کۆمپانیاکان تێخراوی (مدخلات) هاوردەکراو بەکاردەهێنن . کەمکردنەوەی کاتی خایەنراو لە گومرک لە ڕێی چاککردنی ژێرخانەی هاردوێر و سۆفتوێر ڕەنگە کلیلی سەرکەوتن بێت بە تایبەتی ئەگەر بایەخ بدرێت بە گەشەپێدانی توانای هەناردەکردن و ڕاکێشانی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی.

**شێوەی ٣.١٦ ژمارەی ئەو ڕۆژانەی دەرکردنی کەرەستەیەک لە گومرک دەیخایەنێت**





سەرچاوە: ڕووپێوی پرۆژە، بانکی نێودەوڵەتی، ٢٠١١-٢٠١٢.

### دامەزراندنی سیستمێکی باش و ڕێکوپێک

٣.٢١٠. ***پێویستە بایەخێکی تایبەت بدرێت بە پشتگیری لە بڕوانامەی جۆرێتی کە لە ئاستی جیهاندا دانی پێدانراوە.*** پێویستە حکومەت سیستمی کواڵیتی پتەو بکات بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان بتوانن لە ناوخۆوە بڕوانامەی جیهانی بەدەست بهێنن. لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان تەنها ٦ لەسەد (لە ١٧٩ کۆمپانیا) کە زۆربەیان لە هەولێرن-بڕوانامەی کواڵیتیان هەیە کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانی پێدانرابێت و کەمتر لە ١ لەسەد تەکنەلۆجیای مۆڵەت پێدراو بەکاردەهێنن لە کۆمپانیا نێودەولەتییەکان.

**شێوەی ٣.١٧ ڕێژەی سەدی ئەو کۆمپانیانەی بڕوانامەی کواڵیتی جیهانییان هەیە**




*سەرچاوە:* ڕووپێوی پرۆژە، بانکی نێودەوڵەتی، ٢٠١١-٢٠١٢

***یەکخستنی شارەزایی کرێکارەکان لەگەڵ پێویستییەکانی کۆمپانیاکان***


٣.٢١١. ***ئەو بۆشایی و کەموکوڕییەی کە هەیە لە شارەزاییدا لە دەرچووانی سیستمی پەروەردە کە ناتوانن پێشبینی پێویستییەکانی کەرتی تایبەت بکات و دابینیان بکات.*** کەموکوڕییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان دەرچووی سیستمی پەروەردە (وەک دەرچووەکان، لێکۆڵینەوە لە هاندان و دەستکەوتی کەسی، نامەی ماستەر و دکتۆرا) بەتایبەتی لە کەرتەکانی پەیوەست بە بەرهەمهێنان و کارگێڕی، و ئەو شارەزاییەی کە پێویستە بۆ بازاڕەکانی هەرێم و بۆ کەرتی جۆراوجۆری ئابوری.

٣.٢١٢. **چەند میکانیزمێک هەیە کە دەتوانن ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن.** حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت میکانیزمێک دابنێت بۆ هەماهەنگی گشتی-و تایبەت بۆ ڕووماڵکردنی پێویستییەکانی بازاڕ، هەماهەنگی بکەن بۆ بەرنامەکانی مەشق (بۆ خۆپاراستن لە دووبارە بوونەوەی بەرنامەکانی مەشق لە ڕێی دروستکردنی چەترێکەوە)، تۆمارکردنی ناوی کۆمپانیاکانی خۆماڵی و بیانی بۆ مەشقکردن بە خەڵک لە ڕێی بەرنامەی ماوەی جێبەجێکردن، و فێرکاری و بەرنامەی فێربوون لە کاتی ئیشدا، و سیمینار و هاوبەشی لەگەڵ زانکۆکان، بەتایبەتی لەگەڵ فێرگە تەکنیکی و پرۆژەییەکان و ئامادەییە پیشەیی و تەکنیکییەکان. ئەمە ڕەنگە ببێتە مایەی دەستپێشخەرییەک بۆ مەشقی درێژخایەن، و ڕەنگە ببێتە مایەی زیادبوونی شکۆ و حەزی کارکردن لە کەرتی تایبەت.

***سیستمی پارەدان/مووچە***


٣.٢١٣. ***هەرە باوترین گلەیی بەڕێوەبەرەکانی پرۆژە بریتییە لە نەبوونی سیستمی بانک و مووچەدان.*** بێجگە لە وەبەرهێنان کەرتی تایبەت دەیەوێت حکومەت ژینگەیەکی سەقامگیر دابمەزرێنێت بۆ کەرتی وەبەرهێنەران. ئەگەرچی سیستمێکی لەو جۆرە هەبوو پێش قەیرانی ئابوری، بەڵام کەرتی تایبەت پێی وایە ناتوانێت بەبێ پشتگیری کەرتی گشتی دابمەزرێتەوە. متمانەی کەم بە سیستمی بانک دەبێتە مایەی دروستبوونی حەواڵەی ئێجگار گران و بڕێکی زۆری مامەڵە و مووچە بە پارەی نەختینە دەبێت. کاتێک بڕێکی زۆر پارە بە نەختینە دەدرێت ئەوسا زانیاری گرنگمان لەبەردەست نابێت لەسەر ئاستی چالاکی ئابوری و ئەمەش هانی حەواڵەی نافەرمی دەدات. پێویستە حکومەت کار بکات لەگەڵ کەرتی تایبەت بۆ پشتگیری و گەڕانەوەی متمانە بە سیستمێکی پارەدان کە پارەدانی فەرمی و کارا لە نێوان کۆمپانیاکان دروست بکرێت.

**شێوەی ٣.١٩: ڕێژەی سەدی سەرمایەی کار کە نا-بانکەکان داویانە**




سەرچاوە: ڕووپێوی پرۆژە، بانکی نێودەوڵەتی، ٢٠١١-٢٠١٢

**شێوەی ٣.١٨ ژمارەی بانکی بازرگانی بۆ ١٠٠٠٠٠ کەس، ٢٠١٣**




سەرچاوە: ڕووپێوی پرۆژە، بانکی نێودەوڵەتی، ٢٠١١-٢٠١٢.

٣.٢١٤. **ڕێککەوتنی هەمووان لەسەر پێویستبوونی دامەزراندنەوەی دەزگا ڕپرابایەخەکان وەک سیستمی بانک و مووچەدان.** دەستپێشخەریی گشتی و سەپاندنی گشتی پێویستن لە کاتێکدا هیچ لایەنێکی تایبەت هەست بە سەلامەتی ناکات لە سیستمە نوێیەکەی پارەدان و جەختکردنەوە لەوەی ڕێوشوێنەکان بۆ سوودی هەمووان دەبێت. پێویستە حکومەت متمانە بگەڕێنێتەوە بە سسیتمی بانک. ڕەنگە پێویست بە هەندێک کاروبار بکات لە لایەن بانکی ناوەندییەوە بۆ جەختکردنەوە لە هەبوونی دەزگای دوا-پەناگەی قەرزدار.

## ی. بنیاتنانی ڕێکخراوی بەهێزی کەرتی تایبەت بۆ داکۆکی و لۆبیکردن

٣.٢١٥. ***گەشەسەندنی کەرتی تایبەت یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام پێویستە "پاڵەوان" هەبێت بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە لە کەرتی تایبەت و لە حکومەت.*** لە ئاستی جیهانییدا ڕێکخراوە گەورەکانی پرۆژە، وەک دەزگای خۆبەڕێوەبەر، ڕۆڵێکی پربایەخ دەگێڕن لە بنیاتنانی کەرتێکی تایبەت کە زێدە چالاک بێت. ئەوانە ئەو گرفتانە دەستنیشان دەکەن کە ڕووبەڕووی کەرتی تایبەت دەبێتەوە، ڕێگەچارە دادەڕێژن، هاوپەیمانێتی دروست دەکەن، و چالاکیی لۆبی ساز دەکەن بۆ کارتێکردن لەسەر بۆچوونی گشتی و سیاسەتەکان. لە هەرێمی کوردستان ڕێکخراوەکانی پرۆژە (لەگەڵ هاوبەشەکەیان لە حکومەت، ڕەنگە زیاتر لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی) دەتوانن ببن بە پاڵەوانی گەشەسەندنی کەرتی تایبەت.

٣.٢١٦. **ژووری بازرگانی و پیشەسازی ڕێکخراوی سەرەکی چالاکە لە هەرێمی کوردستانی عێراق.** ئامانجی سەرەکی ژووری بازرگانی بریتییە لە دامەزراندنی پەیوەندی پرۆژە بە تایبەت لەگەڵ وڵاتانی تر، وەک لە دروستکردنی دەستەیەک بۆ هەڵمەتی داکۆکی و لۆبی لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەو توانایەی نییە کە شیکردنەوەی ئابوری و سیاسەت ئەنجام بدات، و پێویستییەکانی کەرتی تایبەت دەستنیشان بکات و کار بکاتە سەر بۆچوونی گشتی و سیاسەتەکان.

**٣.٢١٧. ژووری بازرگانی و پیشەسازی لاگیرییەکی بەهێزی هەیە بۆ بازرگانیکردن لە سیاستەکانیدا.** پێدەچێت گەشەسەندنی پیشەسازی ئامانجێکی لاوەکی بێت. ئەمە لەوەدا ڕەنگی داوەتەوە کە زۆربەی ئەندامەکان بازرگانن. سیاسەتی سەرەکی بریتی دەبێت لە:

- گۆڕینی ژووری بازرگانی هەرێم بۆ ڕێکخراوێکی مۆدێرنی داکۆکی و لۆبی،
- دانانی ڕێکخراوێکی هاوبەش لەناو حکومەت.

٣.٢١٨. ***هاوکاریی تەکنیکی گونجاو پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئەم کارانە.*** ژووری بازرگانی سەرقاڵی پرۆسەی بونیاتنانی هاوبەشییە لەگەڵ ژووری بازرگانی سویدی بۆ وەرگرتنی هاوکاریی لەو جۆرە.

## ک. سیاسەتی بازرگانی

٣.٢١٩. **چاکترکردنی سیستمی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ئەولەوییەتە لە ئەجێندەی چاکسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان.** رژێمی ئێستا (رسومی سفر لەسەر هەموو هاوردەکان کۆ ٥ لەسەد لێخۆشبوون لە باج بۆ کەرەستەی ئاودانکردنەوە لەسەر نیوەی کەرەستەکان) لە لایەن دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانەوە دانرابوو لە ٢٠٠٣. هەرێمی کوردستان کە لە تێکڕای پێوانە نەکراوی لە MFN (پەسەندترین نەتەوە) بۆ ڕێژەی گومرگ و رسوم تەنها ١.٣ لەسەدە، کە یەکێکە لە نزمترین ڕێژەکان لە جیهاندا (لە تورکیا ١٠.٨ لەسەدە و بە تێکڕا ١٠ لەسەدە لە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان). خشتەیەکی نوێ بۆ گومرک ئامادە کرا لە ٢٠١١. تێکڕایەکی هەیە بۆ MFN کە ١٢.٣ لەسەدە هێشتا پیادە نەکراوە لەبەر دژوەستانەوەی توندی ئەو پرۆژانەی کە بازرگانی دەکەن (هاوردەکاران). ئەگەر حکومەت بڕیار نەدات لەسەر جێبەجێکردنی سیستمی نوێی گومرک، ئەوسا وا پەسەندە سەربارێکی هاوردە دابنێت بە بڕی ٤-٥ لەسەد لەسەر هەموو ئەو کەرەستانەی هاوردە دەکرێن بۆ ناو هەرێمی کوردستان.

٣.٢٢٠. **تا ئێستا، بەرەوپێشچوونێکی کەم ڕوویداوە لە وەرگیران بە ئەندامێتی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی *WTO*.** حکومەتی ناوەندیی لە ٢٠٠٤ داواکاری پێشکەش کرد بۆ ئەوەی ببیت بە ئەندام لە WTO، بەڵام ئەو چاکسازییانەی کە پێویستە لە بواری بازرگانییدا بکرێت لەو ماوەیەدا کە پرۆسەی وەرگیرانەکە ئەنجام دەدرێت هێشتا هەر بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە. عێراق/هەرێمی کوردستان ناتوانن سوود لە هاوکارییە تەکنیکییەکانی WTO و شوێنی تر وەربگرن، و چاکسازی بازرگانی ئەنجام بدەن. پێشنیاری ئەوە دەکریت کە دانوستان پەلەی لێ بکرێت و پێکەوە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی چالاکانە بەشداری بکرێت لە دانوستانەکان بۆ ئەوەی عێراق ببێت بە ئەندام لە WTO.

٣.٢٢١. ***لە سیستمی گومرکدا بڕیارەکان زیاتر هەڕەمەکین، کەرەستەکان ئاشکرا ناکرێن، ساختەدەکرێت، و داهات بە فیڕۆ دەڕوات.*** هەرێمی کوردستان چوار پێگەی گومرکی هەیە. کارگێڕیی گومرکەکان دووچاری چەندین گرفت بۆتەوە وەک ڕێوشوێنی کۆن و بەسەرچوو، پرۆسەکان بەش -بەش و پچرن، پشکنینی زۆری فیزیکی، و دواخستنێکی زۆر، توانایەکی سنووورداری ئای سی تی و نەبوونی هەماهەنگی

له نێوان یەکەکانی گومرک، نەبوونی هەڵسەنگاندنی گونجاوی گومرک، و ئیدارە و نەزاهەیەکی زۆر لاواز. وێنەکانی سەتەلایت کە ژمارەی ئەو لۆرییانە پیشان دەدەن کە چاوەڕێی پەڕینەوە دەکەن ئەوە دەردەخەن کە ڕێوشوێنەکانی سەرسنوور زۆر درێژخایەن و دواخەرن. پێش چەند ساڵێک پلان دانرا لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی بۆ چاکسازی لە سیستەمی گومرک بەڵام جێبەجێ نەکرا. بەڕێوەبردنی گومرکەکان لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندییە بەگوێرەی دەستوری عێراق. ڕاسپاردەکان بریتین لە:

- کارکردن لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی بۆ داڕشتنی چاکسازیی هەمەلایەن و بەرنامەیەکی مۆدێرن کە جەخت بخاتە سەر ستاندارده نیودەوڵەتییەکان و هاوکات وەبەرهێنان لە ژێرخانی گومرکدا، کە زۆر پێویستە.
- بە تەریبی، بەردەوامیدان بە چاکترکردنی خاڵە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان.

٣.٢٢٢. ***ئەم ئامانجە درێژخایەنە، کە لە مامناوەندییەوەیە بۆ درێژخایەن، پێویستە ئەولەویەتی بۆ دابنرێت و بەگوێرەی ئەو رەوشانەی سەرهەڵدەدەن دەستکاری بکرێت.*** هەروەها پێویستە وەزارەتی جۆراوجۆر هەماهەنگی بکەن بە ڕابەرایەتی وەزارەتی دارایی و ئابووی. دەزگای تری نێودەوڵەتی هەن کە ئەگەری ئەوە هەیە هاوکاری بکەن وەک بانکی نێودەوڵەتی ، ڕێخکراوی گومرکی نێودەوڵەتی، و کۆنفرانسی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ بازرگانی و پەرەپێدان UNCTAD .

٣.٢٢٣. ***سیستمی ئێستای هەرێمی کوردستان تەبا نییە لەگەڵ نەریت و ستاندارد و ڕێوشوێنە جیهانییەکان.*** هەروەها، حوکمەتی هەرێمی کوردستان هیچ توانایەکی تەکنیکی و دامەزراوەیی نییە بۆ جێبەجێکردنی سیستمێکی مۆدێرن. ئەمەش هەڕەشەیە لەسەر تەندروستی گشتی، و ئاستەنگێکە لە پێش هەناردەکردن. ڕێکخستن و ڕێوشوێنی ستاندارد و سەپاندنیان زۆر گرنگن بۆ پاراستنی تەندروستی خەڵکی هەرێمی کوردستان. لەم رەوشە جیهانەی بازرگانییدا زۆر وڵاتان هەوڵ دەدەن ڕێوشوێن و ستانداردەکانیان بگونجێنن لەگەڵ هی وڵاتانی تر، بە تایبەتی هی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بۆ نموونە لە بواری هاوردە و هەناردە و دەرمان و ئامێر و کەرەستەی پزیشکی. سیستەمەکانی ڕێکخستنی ڕێوشوێنەکان پێویستیان بە ستاندارد و میکانیزم و ساغکردنەوە/پشکنین و دڵنیایی جۆرییە هەروەها بە میکانیزمێک بۆ سەپاندنی ئەمانە. ئەمانە دەبێت بەکردەیی و کارا و چوست بن.

٣.٢٢٤. **لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەندێک گۆڕانکاری باش کراوە، وەک دانانی تاقیگەی نموونە (سامپڵ) و تاقیکردنەوە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک**، واژووکردنی ڕێککەوتننامە لەگەڵ بیرۆ ڤێریتاس، تی یو ڤی، و کۆتێکنا بۆ ئەنجامدانی ساغکردنەوە و دڵنیایی بڕوانامەی تەبایی لە وڵاتی بنچینە و هەروەها وەک خاڵی پشکنین لە هەندێک سنوور. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها یاسایەکی نوێی داڕشتووە بۆ شوێنگرتنەوەی یاسا کۆنەکە، کە هێشتا ڕەوانەی پەرلەمان نەکراوە. حکومەت پێویستە هەوڵ بدات سیستمێکی هەبێت بەگوێرەی یاسا نوێیەکە کە ستانداردەکان پۆلێن و جیا بکاتەوە، لەگەڵ هەڵسەنگاندنی تەبایی و بڕوانامە، و ڕێوشوێن و پێوەرەکانی کارکردن، وەبەرهێنان لە ژێرخان و تواناسازی، هاندانی تاقیگەی کەرتی تایبەت، و ڕێوشوێن بۆ بەرنامەی دولایەنەی دان پێدانان لەگەڵ هاوبەشی بازرگانی.

هەروەها زۆر گرنگە هەوڵ بدرێت بۆ بەدەستهێنانی هاوکاری تەکنیکی لە کۆمەڵگەی کۆمەکبەخش بۆ بونیاتنانی توانای تەکنیکی و فیزیکی و دامەزراوەیی لە هەرێمی کوردستان.

٣.٢٢٥. **ریکلام بۆ هەناردەکردن زۆر پرپایەخە بۆ کەرتی نانەوت.** لە هەرێمی کوردستان هەناردەکردنی بەرهەمی نانەوتی پشتگوێ خراوە. پشتبەستنی زۆر بە هەناردەکردنی نەوت دەرفەتی کار سنووردار دەکات. ئەگەری هەناردەکردن هەیە لە چەند کەرتێکی لاوەکی نانەوتدا وەک بەرهەمی پرۆسەکراو ناپرۆسەکراوی کشوکاڵی، چەرم و بەرهەمی چەرم، پیترۆکیمیاوی، دەرمانسازی، کەرەستەی بیناسازی، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ رێوشوێنێکی نەگرتۆتە بەر بۆ سوودوەرگرتن لەم ئەگەرە. ڕاسپاردەکان بریتین لە:

- ئامادەکردنی پلان و بەرنامەی هەمەلایەنی فرەچەشنکردنی هەناردە، و پێویستە ئاژانسێک دابمەزرێت بۆ ریکلامکردن بۆ هەناردەکردن، حەوافز دابنرێت بۆ گەڕاندنەوەی رسوم/باج، پێدانی قەرز بە هەناردەکاران لەگەڵ دڵنیایی قەرز و سیستمی دڵنیایی بازرگانی بۆ ئاسانکاری بۆ دەستگەیشتن بە قەرز و کەمکردنەوەی مەترسی.
- دەستکردن بە جێبەجێکردنی چوار پرۆژەی شاری پیشەسازی وا باشترە بە هاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەت بێت.
- جیبەجێکردنی ناوچەی پرۆسەکردنی هەناردەی کارخانەی تاکی تا ئەو کاتەی کە پرۆژەکانی شاری پیشەسازی تەواو دەبێت.

٣.٢٢٦. **تاوتوێ بەردەوامە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا بۆ گرتنەبەری رێوشوێن بۆ چاکترکردنی خاڵە سنووریەکان و بەڕێوەبردنی لێشاوی بازرگانی.** پەڕینەوەی نافەرمیی بازرگانی لە سنوور لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا زۆر گرنگە و بە هەردوو ئاڕاستەی سنووردا ڕوودەدات لە رێی خاڵە سنوریەکانەوە (ڕاگەیاندنی ناڕاستی بابەتەکان) یان بە قاچاخ. ئەوەی کە تەواوی بارەکە ئاشکرا ناکرێت بریتییە لە شێوازێکی باو بۆ پەڕینەوەی نافەرمی کەرەستە لە تورکیاوە. هەماهەنگی نزیک و پتەوی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی تورکیا و لە نێوان رێکخراوەکانی پرۆژەدا هەنگاوێکی زۆر پێویستە بۆ کەمکردنەوەی پەڕینەوەی نافەرمیی کەرەستەکان لەسەر سنوور. ڕاسپاردەکان بریتین لە:

- دامەزراندنی بنکەی پیشەسازی لەسەر سنوور لە هەردوولا بۆ دروستکردنی هەلی کار و هەلی پرۆژە. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت یەکێک لە شارە پیشەسازییەکان لە نزیک سنووری تورکیا دابمەزرێنێت.
- پێداچوونەوەی پاڵپشتی نرخی وزە لە هەرێمی کوردستان، و گواستنەوە لە گشتگیرییەوە بۆ بەئامانجکراو بۆ کەمکردنەوەی جیاوازی نرخ لەگەڵ تورکیا.
- کارکردن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بۆ جێبەجێکردنی چاکسازی گومرک.
- بە هەماهەنگی لەگەڵ تورکیا، پتەوکردنی کۆنترۆڵی سنوور و کردنەوەی خاڵی نوێ بۆ پەڕینەوە بۆ ئاسانکردنی هاتووچۆ.

٣.٢٢٧. **ڕێککەوتننامەی هاوکاری بازرگانی و ئابوری زۆر گرنگە بۆ سوودوەرگرتن لە دەرفەتە هەرێمایەتییەکان.** عێراق چەند ڕێککەوتننامەیەکی هاوکاری بازرگانی و ئابوری کەمی هەیە و کارا نین. عێراق لەم دواییەدا ڕێککەوتننامەی ئیمزا کرد لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا بەڵام هێشتا پەسەند نەکراوە. ڕێککەوتننامە لەگەڵ ئەمریکا، یەکێتی ئەوروپا، و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لیستی درێژی هاوپێچی لەگەڵە بۆ هاوکاری تەکنیکی، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سوودی تەواوی لەمانە نەدیوە. ڕاسپاردەکان بریتین لە:

- فشارکردن لە حکومەتی ناوەندی بۆ پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەکە لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا.
- هەوڵدان بۆ سوود وەرگرتن لە ماددەکانی هاوکاری تەکنیکی سەرجەم ڕێکەوتننامەکانی هاوکاری ئابوری نەوەک تەنها بۆ پتەوکردنی سیاسەتی بازرگانی بەڵکو هەروەها بۆ چاکترکردنی ژینگەی یاسایی و دامەزراوەیی کەرتی تایبەت.

## ل. بازاڕی کار و بەرنامەکانی هاندانی بەکارخستن.

٣.٢٢٨. **حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ئەرکێکی سەخت دەبێتەوە بۆ زیاترکردنی چالاکی و قەبارەی کەرتی تایبەت بە شێوەیەک کە ببێت بە سەرچاوەی گەشەی بەکارخستن لە ئاییندەدا.** ئاستەنگەکانی بەکارخستن لەوەوە سەرهەڵدەدەن کە قەبارەی کەرتی تایبەت بچووکە، لە کاتێکدا ژمارەی هێزی کار زۆر بە خێرایی زیاد دەکات لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و هەروەها ڕووداوە جیۆپۆلیتیکییەکان، هەروەها سیاسەتە لاوازەکانی وەزارەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. بەتایبەت لە ئاستی بازاڕی هێزی کاردا، سەرجەم چالاکییەکانی وەزارەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی زیاتر چالاکی سەرەتایی و دەسپێکردنن وەک لەوەی بەرنامەبن، لە کاتێکدا هیچ هەماهەنگییەک لە ئارادا نییە، تەنانەت لە بواری چالاکی زانیاری، سەبارەت بەم کارانە. ئەو کەمە تۆمارەی کە هەیە سەبارەت بە بەرنامەکان لەگەڵ ئاژانسە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و دوولایەنەکاندا کە لەلای وەزارەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەیە، ئەوە دەردەخات ئەو بەرنامانەی کە هەن نەوەک تەنها قەبارەیان بچووکە بەڵکو هەروەها تا ڕادەیەکی زۆر پشت دەبەستن بەو بەرنامانەی کە کۆمەکبەخش دەیەوێت پشتگیری بکات نەوەک ئەوانەی وەزارەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دایناوە وەک ئەولەوییەتی ستراتیجیی حکومەتی هەرێم، بە ڕەچاوکردنی توانای وەزارەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی خۆی.

٣.٢٢٩. ***هەیکەلی بازاڕ کار لە هەرێمی کوردستان چەند خەسڵەتێکی تایبەتی هەیە بەگوێرەی پێکهاتەی مێژوویی هەرێمەکە و خەسڵەتە ئابوریەکان و خەسڵەتەکانی دانیشتووانەکە.*** بۆ نمونە، ڕێژەی شارنشینی زۆر بەرزە. ئەمەش بەشێکی لە ئەنجامی سیاسەتی وێرانکردنی لادێکانەوە و نیگەرانی لە سەلامەتی ناوچە دوورەکان. هەروەها شارنشینی زیاد دەکات لە کاتی ئاسایی گەشەسەندندا چونکە لەناوخۆ کۆچ ڕوودەدات بۆ گەڕان لە دوای دەرفەتی ئابوری باشتر لە شارەکان، کە موچە بەرزترە وەک لەو پارەیەی لە کشتوکاڵ دەست دەکەوێت. شارنشینی هەروەها پێویستی بە پابەندێتییە بۆ دابینکردنی خویندن لە لایەن حکومەتەوە، ئەمەش وەک پاڵپشتی خوێندن بۆ خوێندنی پاش ئامادەیی، ئەمانەش ئاستی خوێندنیان لە

هەموو قۆناغەکان بەرزتر کردۆتەوە. ئەم ئامارەی خوارەوە پوختەیەکە لەسەر بازاڕی کار و جووڵەی دانیشتوانەکەیە.

- یەک لە سێی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە خوێندنن، خوێندنگە/پەیمانگە/کۆلیژ.
- دوو لە سێی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان تەمەنیان لە ژێر ٢٥ ساڵییەوەیە.
- ٣٨٠٠٠ دەرچووی پاش ئامادەیی کە لە *تەمەنی* کارکردندان (سێ یەکیان نێرینەن) لە *دەرەوەی بازاڕی هێزی کارن*[٢٤] بە بەراورد لەگەڵ نزیکەی ١٠٠٠٠٠ کەس کە بە فەرمی بێکارن و دەرچووی ئاستی جۆراوجۆری خوێندنن.

٣.٢٣٠. ***ئاستەنگێکی سەرەکیی لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە دامەزراندن لە کەرتی گشتی زیاترە وەک لە کەرتی تایبەت (٥٣:٤٧)***. قەبارەی کەرتی گشتی زۆرجار بە توندی کەوتۆتە بەر ڕەخنە، بەتایبەتی لە بواری ساردکردنەوەی ئەوانەی بۆ کار دەگەڕێن لە هەوڵدان بۆ پەیداکردنی کارێک لە کەرتی تایبەت، چونکە هیوا دەخوازن ئەوانیش لە کەرتی گشتی کاریان دەست بکەوێت. بەڵام نزیکەی دوو لە سێی دامەزراندن لە کەرتی گشتی ئەوەیە کە دەتوانین ناوی بنێین ئەو کەرتانەی کە خزمەتگوزاری یان کەرەستە دابین ناکەن (وەک بەرگری و پەروەردە).

٣.٢٣١. ***ڕێژەی ژمارەی کارمەندان بۆ دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە ٢٢ لەسەد و ئەمە وەک تێکڕایە بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (جگە لە ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو)***[٢٥]. ئەگەر لە ڕوانگەی خێزانەوە سەیری بکەیت، ئەوا تێکڕای خێزانێک ٥.٩ ئەندامن و لەمانەش ٤.٦ (٦٠ لەسەد) کەس تەمەنیان ٢٥ ساڵە، و ٢ (٣٤ لەسەد) قوتابین، ١.٣ (٢٢ لەسەد) کاریان هەیە و ٠.١ (٢ لەسەد) بێکارن[٢٦]. شێوەی ٣.٢٠ ئەوە دەردەخات کە یەک لە سێی دانیشتوانەکە لە قوتابخانەن، دوو لە سێ تەمەنیان لە ٢٥ ساڵ کەمترە و پێنج یەکیان کار دەکەن.


---

[٢٤] ئەمانە "کارا" نین "بێکارن" نەک ئەوەی دانەمەزرابن.

[٢٥] بەرواردەکان بریتین لە ئوردن، لوبنان، سوریا، کەناری خۆرئاوا، و غەززە، و یەمەن، کە ڕێژەی دامەزراندن ٢٣ دەرسەتە، بڕوانە ILO/UNDP (٢٠١٣).

[٢٦] زانیارییەکە لە ٦ خولی ڕووپێوی دەستی کاری شەش مانگانە وەرگیراوە، LFS کە نزیکەی ٤٠٠٠٠ خانەوادەی گرتەوە، ٢٢٥٠٠٠ کەس و ٥٠٠٠٠ کرێکار.


**شێوەی ٣.٢٠ تێکڕای خێزان، ژمارەیان و پێکهاتەکەیان (%)**




*سەرچاوە: رووپێوی هێزی کار خولی ١/ ٢٠١٢ تا خولی ٢/ ٢٠١٤*


٣.٢٣٢. ***ڕێژەی بەکارخستن دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕێژەی نزمی بەشداری هێزی کاری ئەو ئافرەتانەی لە تەمەنی کارکردندان (١٥-٦٤) کە بریتییە لە ١٤ لەسەد، لەگەڵ ئەمەشدا بەرز دەبێتەوە بۆ ١٧ لەسەد ئەگەر خوێندکارەکانی لێ دەربکەین.*** ڕێژەی بێکاری لەناو ئافرەتان زۆر بەرزە (٢١ لەسەدی تێکڕا و ٥١ لەسەد لە ئافرەتانی گەنجی تەمەن ١٥-٢٤) بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی بێکاری نێرینە (٤ لەسەد بە گشتی و ١١ لەسەد لەناو گەنجانی نێرینە). ڕێژەی بەشداریی هێزی کاری ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان لە ڕاستییدا نزمترین ئاستە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (سعودیەی لێ دەربچێت، ئەگەرچی ڕێژەی بێکاری ئافرەتان هاوشێوەیە لەگەڵ ئەوانەی ناوچەکە (لوبنانی لێ دەربچێت).

**شێوەی ٣.٢١ ڕێژەی زێدە نزمی بەکارخستن**




*سەرچاوە: رووپێوی هێزی کار، خولی ٢/ ٢٠١٤ راند*


**شێوەی ٣.٢٢ ڕێژەی بەشداریی هێزی کاری ئافرەتان**




*سەرچاوە: ڕووپێوی هێزی کار خولی ٢٠١٤/٢ ڕاند، و ILO/UNDP ٢٠١٣ بیرکردنەوە لە گەشەی ئابوری: بەرەو بەرهەمهێنان و گشتگیری لە کۆمەڵگە عەرەبییەکاندا.*

٣.٢٣٣. ***بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری لەناو خوێندەواران لە هەرێمی کوردستان دەگمەن نییە، بەڵام ئەو خێراییەی کە بێکاری زیاد دەکات دەگمەنە.*** کەرتی خوێندن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئەم دواییە نەبێت بە باشی گەشەی نەکردبوو. دەرچووانی تا ڕادەیەکی زۆر لەلایەن بەکارخستنی حکومییەوە ڕادەکێشران یان وەک مامۆستا یان کاری تری حکومی. ئەم ڕەوتە بەرچاوتر دەبێت لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات پێویستییەکانی تری دابین بکات و دەزگاکانی خوێندن پێویستیان بە خزمەتگوزارییە. ئەوەی دابین دەکرا بۆ ژمارەیەکی کەم لە خەڵکەکەی وەک دەستەبژێر، ئێستا بە خێرایی بەرفراوان دەبێت بۆ بەدیهێنانی هیواکانی گەشەسەندنی و هیواکانی تاکەکەس. ڕاستییەکەی، ڕێژەی گەشەسەندنی کەرتی خوێندن زێدە گەورە و نائاسایی بووە، ئەمەش لە بازاڕی کاردا ڕەنگی داوەتەوە وەک لە شێوەی ٣.٢٣ پیشان دراوە.

**شێوەی ٣.٢٣ پێکهاتەی خوێندنی هێزی کار بە گوێرەی گرووپی تەمەن**




*سەرچاوە: IHSES ٢٠٠٧ و ڕووپێوی هێزی کار خولی ٢/ ٢٠١٤*

٣.٢٣٤ ***زیادبوونی پەروەردە هێندە بە خێرایی بوو کە کەرتی گشتی نەیدەتوانی هەرسی بکات.*** ئەم زیادبوونە خێرایە بووە هۆی دەرکەوتنی بێکاری خوێندەوار، ئەمەش ئاستەنگێکی گەورەیە. چونکە کەسێک کە خوێندنی تەواوکردبێت دەتوانێت کارێک بکات لە دەرەوەی بواری دەرچوونی خۆی، لەجیاتی ئەوەی بێکار بێت، هاوکات بۆتە هۆی دەرکەوتنی بێکاری خوێندەوار، سەرەڕای جیاوازی جۆری کۆمەڵایەتی، وەک لە شێوەی ٣.٢٤ پیشان دراوە.

**شێوەی ٢٤.٣ پێکهاتەی بێکاریی بە گوێرەی ئاستی خوێندەواری،**





*سەرنج: لە راند و وەزارەتی پلاندانان، حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠١٤) وەرگیراوە، هەڵسەنگاندنی بازاڕی کاری ئێستا و ئاییندەیی لە هەرێمی کوردستان، عێراق، ئاڵۆزییەکانی سیاسەتەکانی زیادکردنی بەکارخستن لە کەرتی تایبەت.*

**حکومەتی هەرێمی کوردستان رووبەرووی رێژەیەکی گەورە لە بێکاری دەبێتەوە تەنانەت ئەگەر وای دابنێین کە زیادبوونێکی بەرچاو روو نادات لە ژمارەی ئەو کەسانەی کە ساڵانە دەگەنە ئەو تەمەنە یان خوێندن تەواو دەکەن و بۆ کار دەگەڕێن (ئافرەتان، ئاوارەی ناوخۆ، پەنابەر و کارمەندی بیانی کە بە کرێیەکی کەم بە گرێبەستی کورتخایەن دامەزراون).** رێژەی هەنووکەیی زیادبوونی دانیشتوان بریتییە لە

١٤٠٠٠٠ (تەنانەت بەبێ هەژمارکردنی پەنابەر و ئاوارە) کە دەکاتە ٢.٦ لەسەد لە کۆی دانیشتوان. بەگوێرەی مەزەندە نێودەوڵەتییەکان کاریگەری گەشەی دەرچوو لەسەر دامەزراندن، سیناریۆیەکی مامناوەندی بۆ هەرێمی کوردستان پێشبینی ئەوە دەکات کە ساڵانە دامەزراندن بە ٥٠٠٠٠ زیاد بکات، ئەمەش ڕێگردەبێت لە بەرزبوونەوەی ئاستی بێکاری، بۆ ئەمەش پێویستە ڕێژەی گەشەی ئابوری بەردەوام پێنج لەسەد بێت یان زیاتر لە ساڵێکدا لە هەرێمەکە. ئەگەر کارمەندانی ئاییندە بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە خرانە ژێر کار، ئەوسا کەرتی تایبەت کە بچووکە لە چاو خۆیدا پێویستە ساڵانە بە بڕی ١٠ لەسەد یان زیاتر گەشە بکات. کەڵەکەبوونی ژمارەی کرێکاری ناچالاکی خوێندەوار سەرەڕای ئەو خەڵکە خوێندەوارە بێکارە و زیادبوونی ژمارەی کارخوازی خوێندەوار لەناو ئەو کەسانەدا کە بۆ کار دەگەڕێن مانای ئەوەیە ئەوانەی کە بە ئاستی بنەڕەتیی خوێندەوارییەوە دەچنە ناو بازاڕی کار، یان خراپتریش ئەگەر ئاستی خوێندنیان نزم بێت- ئەوسا دووچاری رەوشی ناخۆشی دامەزراندن دەبنەوە، ئەگەری مەترسی هەژاری زیاد دەکات، و بەردەوام پشت دەبەستن بە چاودێری کۆمەڵایەتی. سەرەڕای هەندێک سیاسەتی دیاریکراو بۆ دامەزراندن و هاوکاری کۆمەڵایەتی، پێویستە سیاسەت هەبێت لە بواری بەرزکردنەوەی هەموو دەرفەتەکان لە بەڕێوەبردنی ئابوری گشتییەوە تا دەگاتە داڕشتنی سیاسەتەکانی کەرتەکان. زۆربەی ئەوانەی لە ئاییندەدا بۆ کار دەگەڕێن خەڵکی خوێندەوار دەبن و ئاستی خوێندنەکەشیان بەرزتر دەبێت.

**شێوەی ٣.٢٥ ژمارەی پێشبینیکراوی ساڵانەی ئەو کەسانەی دەچنە ناو بازاڕی کار هەتا ٢٠٢٠**





*سەرنج: لە ڕاند و وەزارەتی پلاندانان، حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠١٤) وەرگیراوە، هەڵسەنگاندنی بازاڕی کار ئێستا و ئاییندەیی لە هەرێمی کوردستان، عێراق، ئاڵۆزییەکانی سیاسەتەکانی زیادکردنی بەکارخستن لە کەرتی تایبەت.*

٣.٢٣٥. **دیدگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ٢٠٢٠ هەوڵ دەدات دەرفەتی کار دروست بکات بۆ دانیشتوانەکە، بۆیە کار دەکات بۆ زیادکردنی پشتەبەخۆبەستن و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی.** بۆ ئەم مەبەستەش، پێویستە کەرتی تایبەت گەشە بکات و دەرفەتی کار لێرەوە سەرهەڵبدات. لە بەرامبەردا، پێویستە ئەوانەی بۆ کاردەگەڕێن گونجاو بن بۆ بەکارخستن لەلایەن خاوەنکارەکانەوە و شایستەبن. خاوەنکار پێویستی بە کارمەندی خاوەن خوێندەواری و مەشقدیتەیە. ئەمەی دووەمیش پێویستی بە سیاسەتی باشە. لەئیستادا زۆربەی هێزی کار لەلایەن کەرتی گشتیەوە دامەزراون وەک بێکاری دەمامکدار، وەک ئەوەی یارمەتی لە بەرنامەی چاودێری کۆمەڵایەتی وەربگرن. ئەمەش بەتاڵکردنەوەی بودجەیە و هاوکات دووفاقی دروست دەکات بە بەراورد لەگەڵ مووچەی کەرتی تایبەت و دەرماڵەکان و هەلومەرجی ناوخۆیی کارکردن لەناو کەرتی گشتی. ئەمەش بەتەواوەتی لە دۆخی کارمەندی ئافرەتدا دەردەکەوێت کە یان فەرمانبەرن لە کەرتی گشتی یان بێکارن.

***دوورکەوتنەوە لەم هاوکێشە ڕانەگیراوە، پێویستی بە ڕێوشوێنە بۆ زیادکردنی تۆمارکردن لە خوێندن، چاکترکردنی ئاستی شارەزایی ئەوانەی بۆ کار دەگەڕێن و کەمترکردنەوەی ڕۆڵی حکومەت لە دامەزراندن.***
ئامانجی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتییە لە دروستکردنی نەوەیەک لەو کەسانەی بۆ کار دەگەڕێن کە خاوەن شارەزایی و لێزان بن ئەمەش لە ڕێی خوێندن و سیستمی مەشقەوە و بەپێی خواستەکانی بازاڕ. ئەگەرچی لەم دواییەدا خوێندن لە سەرجەم ئاستەکان و قۆناغەکان زیادی کردوە، بەتایبەتی خوێندنی دوای ئامادەیی، بەڵام هێشتا ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان بە ئاستی خوێندنێکی کەمەوە دەچنە بەر کار. چواریەکی کچان واز لە خوێندن دەهێنن تا تەمەنیان دەگاتە ١٥ ساڵ (بە بەراورد لەگەڵ دە یەکی کوڕان). و نزیکەی سێ یەکی کوڕان و چل لەسەدی کچان پێش ئەوەی ئامادەیی تەواو بکەن واز لە خوێندن دەهێنن.

**شێوەی ٣.٢٦ ڕێژەکانی وازهێنان لە خوێندن بە گوێرەی تەمەن و ڕەگەز، ٢٠١٢**




*سەرچاوە: شیکردنەوەی ٢٠١٢ IHSES لە لایەن بانکی نێودەوڵەتی*

٣.٢٣٦. ***ئەو کارمەندانەی کە هەن پێویستە شارەزاییەکانیان پتەوتر و زیاتر بکرێت بە تایبەتی لەم سەردەمەدا کە تەکنیکەکانی بەرهەمهێنان دەگۆڕێن.*** وەبەرهێنان لە سەرچاوەی مرۆییدا بە تەواوبوونی خوێندن کۆتایی نایەت. ئەوانەی کە لە نوێ دادەمەزرێن پێویستیان بە هەندێک مەشق هەیە پێش ئەوەی دەست بە کاربکەن. ماوەی پراکتیز زۆر پڕبایەخە بۆ چاکترکردنی شارەزایی لە شوێنی کار. مەشقی لەم جۆرە دەبێت لە خواستەوە سەرچاوە بگرێت، واتە تەبا بێت لەگەڵ و بە سپۆنسەری خاوەنکار بێت، کە ئامادەیە تەمویلی مەشقی لەم جۆرە بکات و هەروەها بەشێک بێت لە ئەرکی دامەزراوەیی ڕێکخراوەکە.

٣.٢٣٧. ***ئامانجی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتییە لە زیادکردنی داواکاری لەسەر هێزی کار بە مەبەستی دروستکردنی هەلی کار بۆ هاووڵاتیەکانی، بەتایبەتی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە.*** ئەم بەشەی ستراتیجەکە پێویستی بە شێوازێکی دوو کوچکەیە. یەکەم، چاکسازی لە ئیدارەی گشتی کە (١) قەبارەی ژمارەی کارمەندانی گشتی کەم دەکاتەوە، (٢) تەمویل دابین دەکات بۆ وەبەرهێنانی گشتی، (٣) بەشداری دەکات لە گەشەپێدانی کەرتی تایبەت لە ڕێی چوارچێوەی یاسایی و ڕێکخراوەییەوە بۆ چاکترکردنی ژینگەی وەبەرهێنان (٤) کەمکردنەوەی ئیزدواجییەت لە بازاڕی کار لەگەڵ خوێندن، (٥) کارکردن لەسەر پێویستییەکانی مەشق بۆ کارەکانی کەرتەکانی تایبەت. دووەم. ڕێکخستنەوەی کەرتی تایبەت و بڕینی خەرجییەکانی حکومەت پێویستە شانبەشانی یەک بن لەگەڵ هاندانی پرۆژەی تایبەت. ئامانجەکە بریتی دەبێت لە دروستکردنی کەرتێکی تایبەت کە زۆر بەرهەمهێن بێت.

٣.٢٣٨. ***ئامانجی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتییە لە گەشەپێدانی چوارچێوەی دامەزراوەیی بەگوێرەی شیکردنەوەی داتا لە کاتی خۆیدا، داڕشتنی سیاسەتی ڕێکوپێک بۆ دامەزراندن، و دیالۆگی بنیاتنەرانە لە نێوان هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکاندا.*** حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی دەزگا و ئامار و میکانیزمی پێویست نییە بۆ ئەنجامدانی شیکردنەوەی پڕبایەخ، داڕشتن و جێبەجێکردنی ڕێوشوێن بە پشتبەستن بە بەڵگە، چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکان، ئەمەش هەمووی لە ڕێی دیالۆگی بنیاتنەرانەی کۆمەڵایەتییەوە دەکرێت لە نێوان لایەنە هاوبەشەکاندا. یاسایەکی نوێی کار نووسراوەتەوە و پەسەندکردنی خێراتر دەبێت پاش دانوستان و ڕێککەوتننامەی نێوان لایەنە کۆمەڵایەتییەکان. بەهەمان شێوە، ستراتیجەکەی "ستراتیجی گەشەپێدانی شارەزایی" هێشتا پەسەند نەکراوە. هەروەها، جێبەجێکردنی سیاسەتی بەکارخستنی هەرێمی کە لە ئایاری ٢٠١٥ دەستی پێکرد دواکەوتوە.

٣.٢٣٩. ***ئەگەرچی هیچ بەدیلێک نییە بۆ سیاسەتی باشی ئابوری و دروستکردنی کەرتێکی تایبەتی ڕێکوپێک و سیستمێکی چوستی خوێندن سیستمی زانیاری بازاڕی کار زۆر سوودبەخش و کاریگەرن، ئەگەر بە ڕێکوپێکی جێبەجێ بکرێن.*** ئەمانە بریتین لە خزمەتگوزارییەکانی بەکارخستن، ڕێنمایی پیشەیی، ئامۆژگاری لەسەر پیشە و کار، سیستمی زانیاری بازاڕی کار و پشتگیری لە پرۆژەی بچووک و مامناوەندی. سیستمی زانیاری بازاڕی کار زۆر بە سوود دەبێت لە سنووردانان بۆ شکست لە خوێندن و بازاڕی کار، و کەمکردنەوەی تێچوەکانی بێکاری لە ڕێی ئاسانکاری بۆ تەواوکاری لە بواری بەکارخستن و هاندان و پتەوکردنی کارایی و یەکسانی. ئەمانە ڕێگەخۆش دەکەن بۆ تەواوکاریی هەندێک چین، وەک گەنجان یان ئاوارەی ناوخۆ.

٣.٢٤٠. ***هەندێک بواری پەیوەند بەمەوە بریتییە لە ئەنجامدانی چاکسازی پێویست لە بواری دیالۆگی کۆمەڵایەتی و ژینگەی رێکخستن و رێوشوێنەکان بە شێوەیەک کە کارکردن و گەشەسەندنی پرۆژە، ئاسانتر بکات.*** دەکرێت ئاسانکاری بۆ ئەمە بکرێت لە رێی کۆربەندێکی راوێژکارییەوە بۆ کرێکاران و بابەتە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان و ناوی بنرێت ئەنجومەنی کۆمەڵایەتی و ئابوری ECOSOC. دەشێت لە چەند نوێنەرێکی هەڵبژێدراو پێک بێت ل لایەنی پەیوەندیدار وەک کەرتی تایبەت و گشتی، کۆمەڵگەی مەدەنی کە بتوانن تاوتوێی سەرجەم ئاستەنگەکان بکەن و راوێژ پێشکەش بە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان بکرێت بۆ ئەوەی کاریان لەسەر بکرێت. سەرجەم چاکسازییەکان لە خشتەی سیاسەتەکاندا پوخت کراوەتەوە کە لە پاشکۆی ئەم راپۆرتەدا هەن. خشتەی خوارەوە بریتییە لە کاتبەندیی ئەولەوییەت بۆ چاکسازییەکان لە بازاڕی کار و بەرنامەکانی پتەوکردنی بەکارخستن.

**خشتەی ٣.٧ ئەولەوییەتی پێشنیارکراو بۆ چاکسازییەکان: بەرنامەی بازاڕی کار**

| | | چاکسازیی بازاڕی کار | بەرپرسیارێتی |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٦ | ستراتیجەکان | • پەلەکردن لە جێبەجیکردنی "سیاسەتی بەکارخستنی هەرێمایەتی."<br>• دارشتنی ستراتیجی گەشەپێدانی شارەزاییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان | • وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی<br>• وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی |
| | یاسادانان | • تاوتوێی دارشتنی رەشنوی یاسای کار و تەباکردنی لەگەڵ چوارچێوەی ستراتیجی پاراستنی کۆمەڵایەتی | • وەزارەتی کار و هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکان (خاوەنکار و کرێکارەکان) |
| | دامەزراوەکان | • دامەزراندنی فەرمانگەی باڵا بۆ چاکسازیی لە خزمەتی مەدەنی.<br>• دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان کە کار دەکات بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی سیاسەتە ئابوریەکان و سیاسەتەکانی دامەزراندن و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی چوارچێوەی ستراتیجی پاراستنی کۆمەڵایەتی. | • نووسینگەی سەرۆک وەزیران<br>• نووسینگەی سەرۆک وەزیران، وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی کار، و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و هاوبەشەکان |
| | بەرنامەکان | • شیکردنەوەی دیمۆگرافی لە رەوشی پلاندانان بۆ خوێندن بۆ تۆمارکردنی هەمووان لە خوێندن تا تەمەنی ١٥ساڵی | • وەزارەتی پەروەردە بە هاوکاری لەگەڵ دەستەی ئامار |
| | کارگێڕی | • دەستکردن بە ئامادەکاری بۆ دارشتنی سیستەمی زانیاری بازاری کار<br>• *پێداچوونەوەی داتابەیس و نیشاندەرەکانی بازاڕی کار*<br>• پێداچوونەوەی سیاسەت و بەرنامەکانی بازاڕی کار. | • دەستەی ئامار لەگەڵ ئاژانسە پەیوەندیدارەکان (داتا بدات لەسەر بازاڕی کار، وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی کار، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی دارایی) |
| ٢٠١٧ | ستراتیجەکان | • دارشتنی سیاسەتەکانی داخڵبوون<br>• رەزامەندی لەسەر ستراتیجی گەشەپێدانی شارەزاییەکان | • وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | یاسادانان | • کارپێکردنی یاسا نوێیەکەی کار | • وەزارەتی کار و پەرلەمان |
| | دەزگاکان | • دامەزراندنی ECOSOC | • وەزارەتی پلاندانان لەگەڵ وەزارەتەکانی ئابوری، کۆمەڵایەتی، و هاوبەشەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی |
| | بەرنامەکان | • دەستکردن بە جێبەجێکردنی ڕێوشوێن بۆ دەستگەیشتنی هەمووان بە خوێندن و بەستنەوەی بە CCT، ئەگەر پێویست بوو. | • وەزارەتی دارایی، و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ CCT |
| | ئیدارە | • دەستکردن بە جێبەجێکردنی سیستەمی زانیاری بازاری کار | • دەستەی ئامار و ئاژانسە پەیوەندداەرکان (کە دەتوانن داتا بدەن لەسەر بازاری کار: MOLSA (MOL/KSAI), MOI, MoFE) |
| ٢٠١٨–٢٠٢٠ | ستراتیجەکان | • جیبەجێکردنی سێ سیاسەت: دامەزراندن، گەشەپێدانی شارەزایی و تۆمارکردن | |
| | یاسادانان | • جێبەجێکردنی یاسای نوێی کار | |
| | دامەزراوەکان | • خستنە گەڕی دامەزراوە نوێیەکان | |
| | بەرنامەکان | • درێژەدان بە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکان بۆ دەستگەیشتنی هەمووان بە خوێندن و بەستەوەی لەگەڵCCT ئەگەر پێویست بوو. | |
| | کارگێڕی | • درێژەدان بە جێبەجێکردن و نوێکردنەوەی سیستەمی زانیاری بازاری کار. | |

## م. تواناسازی لە ئامارەکانی ئابوری گشتی

***٣.٢٤١ پێویستە درێژە بە تواناسازی بدرێت بۆ یەکخستنی ئامارەکانی ئابوری کە ڕێکخراوەکانی وەک ڕاند و UNFPA دەستیان پێکرد.*** بەگوێرەی چوارچێوەی نەخشەرێگەی چاکسازی، مەشقکردن بۆ چەند کارمەندێکی دیاریکراو دابین دەکرێت لە وەزارەتەکان و لە دەستەی ئامار. تواناسازییەکە بەردەوام دەبێت بۆ کارکردن لەسەر کۆتوبەندەکانی ئێستا لە بواری تێگەیشتن لە چەمکەکانی ئامار، و تەکنیکەکانی تێگەیشتن لە بابەتەکان و سیاسەتەکانی ئابوری گشتی و دارایی و کۆمەڵایەتی.

***٣.٢٤٢ پێویستە ئامارەکانی ئابوری گشتی بەرەوپێش ببرێت، بۆ دابینکردنی زانیاری پێویست بۆ داڕشتنی سیاسەتەکان و گەشەپێدانی ئابوری لە هەرێم.*** تواناکان، سەرچاوەکان (ستافی تەکنیکی و ژێرخانی ئەلیکترۆنی)، میتۆدۆلۆجی، ڕێکخستن و هەماهەنگی لە بواری کۆکردنەوەی داتا و بەرهەمهێنانی ئاماری سوودبەخش و جێی متمانە، هەمووی پێویستی بە بەرەوپێشبردن هەیە. پێویستە ئەولەوییەت بدرێت بە کۆکردنەوەی سیستەماتیکی داتای بەرهەمهێنان لە کەرتە ئابوریەکان و داتا بۆ جی دی پی

ساڵانە بەگوێرەی کەرتی ئابوری و پۆلێنە سەرەکییەکانی خەرجییەکان بە نرخە هەنووکەییەکان و نرخە چەسپاوەکان، و بەرهەمهێنانی نیشاندەری ئاستبەرز بۆ کەرتی سەرەکی ئابوری بێجگە لە کەرتی نەوت. پێویستە زانیاری کۆبکرێەوە لەسەر هێزی کار و دامەزراندن، بەلای کەمەوە ساڵی دوو جار بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی شیکاری و سیاسەتەکانی بواری گەشەپێدانی کەرتی نانەوتی و چاودێری کۆمەڵایەتی. پێشتر زۆربەی ئەمە لە لایەن رووپێوی هێوزی کار لە هەرێمی کوردستان **و** ژمێرەکانی لیستی نرخی بەکاربەر کراوە، و ڕاند پێشنیاری بەرەوپێشبردنی کردووە. دەستەی ئامار هەروەها لە نزیکەوە بەشدار بووە لە هەژماری جی دی پی لە ٢٠١٢.

**٣.٢٤٣. سەرچاوەی پێویست دابین دەکرێت بۆ دەستەی ئاماری سەر بە وەزارەتی پلاندانان بۆ ئەنجامدانی رووپێوی سەرەکی ئابوری** بە مەبەستی پشتگیریی لە ئامارەکان و نیشاندەرەکان بۆ کشتوکاڵ، بەرهەمهێنان، بیناسازی و خزمەتگوزای هەڵبژاردە وەک پەروەردە و تەندروستی و بەکارخستن لە کەرتی نەوت و نانەوت و کەرتی تری ئابوری. ئامارەکان لەسەر نرخ دەبنە مایەی ئەوەی ئامارەکانی لیستی نرخی بەکاربەر باشتربن و زیاتر جێی متمانەبن و "نیشاندەری نرخی بەرهەمهێنان" دابڕێژرێن کە ئەمەش یارمەتی باشتر کۆکردنەوی ئامار دەدات بۆ جی دی پی بەگوێرەی کەرتی ئابوری.

## ٤. چاكسازییەكانی كەرتی كۆمەڵایەتی و ڕێوشوێنی هێوركردنەوە

**٤.١. ئەمڕۆ، هەرێمی كوردستان ڕووبەڕووی قەیرانێكی گەورەی كۆمەڵایەتی و مرۆیی دەبێتەوە.** سەرەڕای گرفتە درێژخایەنەكان لە بواری هەیكەلیدا، تاسانی دارایی لە ئەنجامی دابەزینی نرخی نەوت و نەبوونی حەواڵەی بودجە لە حكومەتی بەغداوە و زیادبوونی خەرجییەكانی ئاسایش لەبەر پێكدادانەكانی ناوچەكە، كاریگەری گەورەیان هەبوو لەسەر ئابوری هەرێمی كوردستان و لە توانای بۆ دابینكردنی خزمەتگوزاریە گشتیەكان. قەبارە و خێرایی قەیرانی ئاوارەییش ئاستەنگێكی تری بۆ حكومەت زیاد كرد بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییە گشتیەكان بەتایبەتی لە سایەی قەیرانی داراییدا. هەرێمی كوردستان زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەری سوری لەخۆگرتووە و ئەمانە چەندین داواكاری جۆراوجۆریان هەیە. ئەمەش كۆتوبەند و بارگرانی دەخاتە سەر ئابوری ناوخۆ و دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەكان. حكومەت پێویستی بە سەرچاوە و هاوبەشی نێودەوڵەتی هەیە بۆ بەرسڤدانەوەی قەیرانە مرۆییەكان.

***٤.٢. سەرەڕای چاكسازی لە چاودێریی كۆمەڵایەتی، ئامانجی حكومەتی هەرێمی كوردستان بریتییە لە پاراستنی سەرچاوە مرۆییەكانی لە ڕێی دابینكردنی هاندەر بۆ باشتركردنی خزمەتگوزارییەكانی تەندروستی و خوێندن.*** پاراستنی سەرچاوە مرۆییەكان پێویستی بە دروستكردنی دەرفەتی یەكسانە بۆ هەمووان. ستراتیجی حكومەت بریتییە لە كاركردن بۆ كەمكردنەوەی هەژاری لە ڕێی خۆشكردنی بەكاربردن و هاندانی دەرفەتی یەكسان لە بواری دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەكانی بواری تەندروستی و خوێندن. هەروەها لە ڕێی چاكسازی پاراستنی كۆمەڵایەتی، حكومەت دەخوازێت لە چاودێری كۆمەڵایەتییدا خەڵكە هەژارەكە بپارێزێت لە كاریگەری ئەم تاسانانەی دوایی و هەروەها ڕێوشوێنی ئەوتۆ كە كاریگەرەكانی چاكسازییە ئابوریەكان كەم بكاتەوە لەسەر هەژاران و نەداران. بەهەمان شێوەی بەشەكانی تری عێراق، جێبەجێكردنی سیستمی خانەنشینی لە هەرێمی كوردستان جەخت دەخاتە سەر دوو لایەنی گرنگ: (١) داڕشتن و جێبەجێكردنی سیستمێكی خانەنشینی كە بەردەوامی دارایی و بودجەی هەبیت، یەكسان و گونجاو و یەكخراو بێت بۆ هەردوو كەرتی تایبەت و گشتی، و (٢) داڕشتن و جیبەجێكردنی سیستمێكی نابەشداریی لانی كەمی خانەنشینی (خانەنشینیی كۆمەڵایەتی) بۆ ئەوەی خەلكی بەساڵاچوو بپارێزرێن و تووشی داوی هەژاری نەبن.

### ا. چاكسازیی لە چاودێری كۆمەڵایەتی بە مەبەستی پاراستنی نەداران لە تاسانی دەرەكی

### *بیمەی كۆمەڵایەتی و خانەنشینی*

**٤.٣. لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٥٠ ەوە بەرنامەكانی بیمەی كۆمەڵایەتی لە هەرێمی كوردستان جێبەجێ دەكرێن.** لە ئێستادا دوو پلانی بیمەی كۆمەڵایەتی هەیە لە هەرێمی كوردستان.


i) پلانی خانەنشینی كە بۆ كارمەندانی كەرتی گشتیە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوریەوە بەڕێوە دەبرێت و بوارەكانی تەمەنی بەساڵاچوویی و كەمئەندامی و میراتگری دەگرێتەوە.

ii) پلانی هاوكاری چاودێری كۆمەڵایەتی، بیمەی كۆمەڵایەتی، كە بۆ كارمەندانی كەرتی تایبەتە، و لە لایەن وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتییەوە بەڕێوەدەبرێت، و بوارەكانی تەمەنی

بەساڵاچوویی و کەمئەندامی و میراتگری (بێوەژن و منداڵی بێسەرپەرشتیار) لەخۆدەگرێت، هەروەها مەترسیەکانی تەندروستی و بریندابوون لە کاتی کار.

**٤.٤. ساڵی ٢٠١٤، کۆی خەرجییەکانی خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان بە نزیکەی ١.٣ تریلیۆن دینار (٢.٨ ی جی دی پی) مەزەندە دەکرێت.** [٢٧] زیاتر لە ٥٠ لەسەدی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان سیستمی خانەنشینی دەیگرێتەوە. بەڵام ئەمانە زۆربەیان لە کەرتی گشتی کاردەکەن. لە کەرتی تایبەت، نزیکەی ٨٤ لەسەد لە هێزی کار هیچ خانەنشینییەک نایگرێتەوە. هەروەها، نزیکەی ٥٠ لەسەدی خەڵکی سەروو تەمەنی ٦٠ ساڵ لە کوردستان مووچەی خانەنشینی وەردەگرن (زۆربەیان لە کەرتی گشتی کارمەندبوون و خانەنشین بوون). بەشەکانی تری بەساڵاچووان پشت بە خزمەتگوزاری نافەرمی دەبەستن، یان بە پارەدانی گشتی یان کۆمەکی کۆمەڵایەتی (کە لە تۆڕەکانی چاودێری کۆمەڵایەتییەوە نییە). ئاستەنگی سەرەکی بۆ داپۆشینی خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان و عێراق وەک یەکە. کەمتر لە ٢ لەسەدی ئەو کەسانەی لە تەمەنی کارکردنن لە عێراق پلانی خانەنشینی کەرتی تایبەت رووماڵیان دەکات، و نزیکەی ٢٨ لەسەد لە کۆی ئەو دانیشتوانەی لە تەمەنی کارکردنن، پلانی خانەنشینی کەرتی گشتی رووماڵیان دەکات.

**شێوەی ٤.١ خەرجییەکانی خانەنشینی بەرامبەر دانیشتوانی بەساڵاچوو**




*سەرچاوە: داتابەیسی بانکی نێودەوڵەتی.*

[٢٧] بۆ سەرجەم عێراق، کۆی خەرجییەکانی خانەنشینی بە نزیکەی ٩ تریلیۆن دینار مەزەندە دەکرێت (٣.٨ لەسەدی جی دی پی).

٤.٥. ***هەردوو پلانەکەی بیمەی کۆمەڵایەتی و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان لەلایەن سیستمێکی PAYG پشکداریی خۆتەمویلکاری دیاریکراوەوە داڕێژراون.*** لە سیستمێکی لەم جۆرەدا، خانەنشینی بە گوێرەی هاوکێشەیەک دیاری دەکرێت کە پشت دەبەستێت بە بڕی مووچە و ماوەی خزمەت، کە ئەوانەی ئێستا پارەی خانەنشینی لە مووچەکەیان دەبڕدرێت، دەدرێت بەوانەی ئێستا لێی سوودمەندن. لە کەرتی تایبەت، ڕێژەی بڕین لە مووچە بۆ خانەنشینی بریتییە لە ١٧ لەسەد کە ١٢ لەسەد خاوەنکارەکە دەیدات و ٥ لەسەدیش کارمەندەکە خۆی. لە کەرتی گشتی، ڕێژەی پشکداری بۆ خانەنشینی (بڕین لە مووچە بۆ خانەنشینی) ١٩ لەسەدە، کە ١٢ لەسەدی خاوەنکار (حکومەت) و ٧ لەسەد کارمەندەکە خۆی دەیدات (تەنها لە دۆخی کەرتی گشتیدا خانەنشینی دەدرێت). زۆرینەی جیاوازییەکە لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەشەکانی تری عێراقدا ئەوە بووە کە لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠٠٦ خەڵکێکی نوێ لە هەردوو پلانەکە لە عێراق خانەنشینییەکی دیاریکراویان وەردەگرت کە تایبەت بوو لە جیاتی خانەنشینی ئاسایی بەگوێرەی یاسای هاوکاریی کۆمەڵایەتی. ئەمڕۆ، زیاتر لە ٢ ملیۆن کەس ئەم جۆرە خانەنشینییە وەردەگرن لەو سەردەمەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە بودجەی فیدراڵی، و ژمارەی سوودمەندەکان تا دێت زیاتریش دەبێت، ئێستا زیاتر لە ٢٠٠٠٠٠ کەس خانەنشینی وەردەگرن لە سندوقی خانەنشینی، هەروەها سیستمی PAYG-DB کە لە ٢٠٠٦ دامەزرا. لە هەرێمی کوردستان، لە لایەکی ترەوە سندوقی خانەنشینی دروست نەکرا، و پارەدانی کارمەندانی کەرتی گشتی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە مووچەکەیانەوە دەچێتە سەر بودجەی گشتی، و مووچەی خانەنشینی ڕاستەوخۆ لە بودجەوە دەدرێت. ئەم خشتەیە بەراوردە لە نێوان پلانی خانەنشینی کەرتی گشتی و تایبەت لە هەرێمی کوردستان و عێراق.

**خشتەی ٤.١: پلانی خانەنشینی کەرتی گشتی و تایبەت لە هەرێمی کوردستان و عێراق**

| | Private Sector Pension Schemes | | Public Sector Pension Schemes | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | **Private Sector Pension Scheme in KRI** | **Private Sector Pension Scheme in rest of Iraq** | **Public Sector Pension Scheme in KRI (A proper fund has not yet been created)** | **Public Sector Pension Scheme in rest of Iraq (since 2007)** | **Pension payments from general budget, rest of Iraq** |
| **Schemes Demographics** | | | | | |
| **Number of Contributors (total)** | 78,525 | 199,525 | 682,000 | 3,850,000 | - |
| **Number of Beneficiaries (total)** | 659 | 16,161 | 246,639 | 239,206 | 2,000,000 |
| **Old Age** | 103 | 7,411 | - | 137,602 | |
| **Invalidity** | 127 | 1240 | - | | |
| **Survivors (widows, orphans, others)** | 429 | 7,510 | - | 101,604 | |
| **System Support Ratio** | 119.2 | 12.3 | 2.8 | 16.1 | - |
| **Average Wages (in ID)** | | | | | |
| **Average Monthly Wage** | 475,000 | 189,000 | 760,000 | 740,000 | |
| **Average Monthy Pension (for all beneficiaries)** | 226,315 | 200,000 | 425,000 | 410,000 | 330,000 |
| **Average Old Age Replacement Rate** | 47.6% | 150,000 | 55.9% | 55% | |
| **Estimated Pension Schemes, Revenues and Expenditures (in ID)** | | | | | |
| **Wage Bill** | 447,592,500,000 | 452,522,700,000 | 6,219,840,000,000 | 34,188,000,000,000 | |
| **Revenues from Contributions** | 76,090,725,000 | 76,928,859,000 | 1,181,769,600,000 | 8,547,000,000,000 | |
| **Pension Expenditures** | 1,789,699,020 | 38,786,400,000 | 1,257,858,900,000 | 1,176,893,520,000 | 7,920,000,000,000 |
| **Surplus/ Deficit** | 74,301,025,980 | 38,142,459,000 | -76,089,300,000 | 7,370,106,480,000 | |
| **Total Population** | 5,432,440 | 30,100,000 | 5,432,440 | 30,100,000 | |
| **Total Working Age Population** | 3,292,000 | 13,675,000 | 3,292,000 | 13,675,000 | |
| **Total Contributors as % of Working Age Population** | 2.39% | 1.46% | 20.72% | 28.15% | |
| **Total Beneficiaries as % of Total Population** | 0.01% | 0.05% | 4.54% | 0.79% | |

سەرچاوە: بانکی نێودەوڵەتی

٤.٦. ***پلانی کەرتی گشتی لە ئێستادا ڕێژەی پشتگیرییەکەی بریتییە لە [٢٨] سێ بەشداری خانەنشینی لە بەرامبەر مووچەی یەک خانەنشین (٦٨٢٠٠٠ کەس لە مووچەکەیان دەبڕێت و ٢٤٦٦٣٩ کەسیش خانەنشینی وەردەگرن).*** ڕێژەی پشتگیری لە پلانی کەرتی تایبەتدا زۆر بەرزە، کە بریتییە لە ١٢٠ بەشداربوو بۆ یەک سوودمەند (٧٨٥٢٥ بەشداربوو لە بەرامبەر بە ٦٥٢ سوودمەند). بەڵام زۆر گرنگە سەرنج لەوە بدەین کە پلانی کەرتی تایبەتیش زیاتر لە ٢٠٠٠ پاداشتی ساڵانەی "کۆتایی خزمەت" دەدات بۆ هەر ساڵێک بۆ ئەو کەسانەی کە واز لە کارێک دەهێنن، بەڵام مووچەی خانەنشینی وەرناگرن.

٤.٧. ***هاوکێشەی هەژمارکردنی خانەنشینی لە هەردوو کەرتەکە بەگوێرەی ستانداردی جیهانی ئاستێکی بەرزی وردبیان هەیە (٢.٥ لەسەد)[٢٩] و پشت دەبەستن بە مووچەکانی دوایین (سێ دوایین مووچە لە پلانی کەرتی تایبەت و دوایین مووچە لە کەرتی گشتی).*** مەرجەکانی شایستەیی جیاوازە لەو دوو پلانەدا. لە کەرتی تایبەت لانی کەمی ماوەی خزمەت ٢٠ ساڵە ئەگەر کەسەکە گەیشتە تەمەنی خانەنشینی (٥٥ بۆ ئافرەتان، و ٦٠ بۆ پیاوان) یان ٣٠ و ٢٥ ساڵ خزمەت بۆ پیاوان و ئافرەتان یەک لە دوای یەک، کە تەمەنیان هەرچەند بێت، بێجگە لەمانە، هەر کەسێک بۆی هەیە تەنها یەک بڕە پارە وەربگرێت لە جیاتی خانەنشینی ئاسایی. لە کەرتی گشتی لانی کەمی ساڵانی خزمەت بریتییە لە ١٥ ساڵ و لانی کەمی خانەنشینی بریتییە لە تەمەنی ٥٠ ساڵ، لەگەڵ خانەنشیکردنی زۆرەملێ لە تەمەنی ٦٣، بە گوێرەی یاساکە.

٤.٨. ***چوارچێوەی یاسایی هەنووکەیی بۆ هەردوو پلانەکە باش دانەڕێژراوە.*** پابەندێتی لە هەرێمی کوردستان و لە بەشەکانی تری عێراق زۆر جیاواز بووە ئەگەرچی لە بنەڕەتەوە هەردووکیان هەمان چوارچێوەی یاسایی دەیانگرێتەوە. هەموارێکی یاسای ژمارە ٢٧ ی ساڵی ٢٠٠٦ داوادەکات سندوقێک دروست بکرێت، هەروەها یەکخستنی پلانەکانی خانەنشینی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لەخۆدەگرێت لە عێراق. تا ئێستا چەند هەنگاوێک نراوە لەم بوارەدا، و یاسای نوێی خانەنشینی لە ٢٠١٤ ەوە لە عێراق پیادەدەکرێت (یاسای ٢٠١٤/٩). بەڵام یاسای لەم جۆرە زۆر ستاندارد و پرەنسیپی ناو باشترین نموونە نێودەوڵەتییەکان لەبەرچاو ناگرێت، و عێراق سەرقاڵی دەستکاریکردنی یاساکەیە. لەلایەکی ترەوە، لە هەرێمی کوردستان پابەندێتی هەیە بە یاسای پێشووەوە، یاسای ٢٧، بەڵام هیچ سندوقێک دروست نەکراوە. سەبارەت بە پلانی خانەنشینی کەرتی تایبەت، لە هەرێمی کوردستان و عێراق، تا ڕادەیەک پابەندێتی هەیە بە یاسای ١٩٧١ ەوە لەگەڵ هەندێک جیاوازی و هەموار (هەرگیز یاساکە بە تەواوەتی جێبەجێ نەکراوە).

٤.٩. ***دەتوانرێت ئاستەنگە سەرەکییەکانی ئێستای سیستمی بیمەی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان لە چوار خاڵدا چڕ بکرێتەوە:***

(i) *توانای لاوازی ئیداری* پلانەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، کە پێویستی بە دەستکارییەکی زۆرە و پێویستە داتابەیسێکی گونجاو لە ئارادابێت، هەروەها تۆمار و سیستمی تەکنەلۆجیای زانیاری. لەم کاتەدا، بەڕێوەبردن و هەڵسەنگاندنی پلانەکە زۆر زەحمەتە. هیچ کام

[٢٨] ڕێژەی پشتگیریی سیستمەکە: ژمارەی بەشداران (مساهمین) لەسەر ژمارەی سوودمەندان، ڕێژەی پشتبەستن بە سیستمەکە: ژمارەی سوودمەندەکان لەسەر ژمارەی بەشداران.

[٢٩] ڕێژەی ڕاستەقینە لە پلانی پێناسەکردنی مووچەکاندا بەکارهاتووە بۆ هەژمارکردنی خانەنشینی بە گوێرەی داهاتی ساڵێک خزمەت.

لەو پلانانە ئیدارەی باشی داراییان نییە بۆ بەڕێوەچوونی کاروباری ئیداری و هاوکاریەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی.

(ii) بە گوێرەی ئەو دیزاینەی ئێستا، پلانی کەرتی گشتی *لە بواری داراییەوە ناتوانێت خۆی بەردەوامی بدات بە خۆی*. لە ڕاستیدا، ئەو داهاتەی ئێستا کۆ دەکرێتەوە لە مووچەی کارمەندان ناتوانێت خەرجییەکانی خانەنشینی رووماڵ بکات (لە ٢٠١٤ داهاتی ئەو پارانە ١.١ تریلیۆن دینار بووە لە کاتێکدا خەرجییەکان ١.٢ تریلیۆن بوون). هێشتا پلانی کەرتی تایبەت تووشی کورتهێنان نەبووە، چونکە ڕێژەی پارە وەرگرتنەکە زۆر بەرزە. بەڵام ئەمیش لە درێژخایەنیدا ناتوانێ خۆی هەڵبسوڕێنێت، و ئەو داهاتەی دەست دەکەوێت لە بەشدارییەکان بەشی ئەوە ناکات خەرجییەکان رووماڵ بکات. ئەم پلانەش پێچەوانە کار دەکات (سزای ئەوانە دەدات کە مووچەیان کەمە بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی مووچەیان بەرزە). پێویستە هەندێک چاکسازی جێبەجێ بکریت، دەبێت بڕی سەرچاوەکان زیاد بکرێت لە بودجەی گشتی تا بتوانرێت ئەو مووچانە بدرێت.

(iii) *سیستمەکە بەش بەش بووە*، پلانی کەرتی گشتی سەلامەتتر و بەخشندەترە وەک لە پلانەکەی کەرتی تایبەت و ئەمەش بازاڕی هێزی کار دەشێوێنێت، زیاتر کارمەندان ڕادەکێشێت بەرەو کەرتی گشتی، و بە شێوەیەکی نەرێنی کار دەکاتە سەر گەشەسەندنی کەرتی تایبەت. هەروەها، جووڵەی هێزی کار کۆتوبەندی لەسەرە لەبەر ئەو مەرجانەی هەیە لەسەر سوودمەندێتی لە خانەنشینی، و لەبەر نەبوونی مافی گواستنەوەی خانەنشینی. کەسێک کە لە کەرتی گشتی کار بکات دەبێت ١٥ سال کار بکات بەلانی کەمەوە تا شایستە بێت بۆ خانەنشینی. ئەگەر کەسەکە پێش لانی کەمی ماوەی خزمەت کاری گشتی بەجێ بهێڵێت ئەوسا ئەو مافەی دەفەوتێت.

(iv) گرفتێکی تری ئەم سیستەمە بریتییە لەوەی کە *هەمووان ناگرێتەوە*. لە کاتێکدا خانەنشینی ١٠٠ لەسەدی هێزی کار دەگرێتەوە لە کارمەندانی کەرتی گشتی بەڵام رووماڵی نزیکەی ٨٤ لەسەدی کارمەندانی هێزی کاری کەرتی تایبەت ناکات بە هیچ جۆرێک. هەروەها، لە کەرتی تایبەتدا بەشدارییەکە چڕ نیە و نارێکە و زۆربەی ئەوانەی پارەی خانەنشینی لە مووچەیان دەبڕێت تەنها ئەو پارانە وەردەگرنەوە بە خانەنشینی کە داویانە، و هەرگیز شایستەنابن بۆ وەرگرتنی خانەنشینی بە شێوەیەکی رێکوپێک.

***کاردانەوە***

٤.١٠. ***بەڵگەنامەی دیدگای ٢٠٢٠ ئاماژە دەدات کە چاکسازییەکان سیستمێکی خانەنشینی بۆ هەرێم لەخۆدەگرێت، کە بتوانێت کەرتی تایبەت رابکێشێت، کە بەردەوام لە زیادبووندایە.*** ئامانجەکە بریتییە لە دارشتن و جێبەجێکردنی سیستمێک بۆ خانەنشینی کە بتوانێت ڕیزبەندییەکی ڕێکوپێک ساز بکات لە نێوان ڕێژەی پشکداری و تەمەنی خانەنشینی و بڕی خانەنشینی ( بەگوێرەی ماوەی خزمەت و مووچە). سەرەڕای ئەوەی پێویستە سیستمێکی لەبار و گونجاو بێت هەروەها پێویستە لە بواری ئابوریەوە سەقامگیر بێت، و لە بواری دارایی و کارگێڕییەوە چوست و چالاک بیت (بەتایبەتی بوار بدات بە کارمەندانی کەرتی گشتی بە ئاسانی بگوازنەوە بۆ کەرتی تایبەت).

٤.١١. ***ئاراستەی ستراتیجی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاکسازی لە دوو بواردا دەگرێتەوە***: یەکەم ستراتیج کار لەسەر چاکسازی سیستمەکەی ئێستای بیمەی کۆمەڵایەتی دەکات بەرەو تەواوکاری پلانەکانی گشتی و تایبەت و جۆری تری خانەنشینی (پیشەیی). ئەم ستراتیجە کار لەسەر ئاستەنگە سەرەکییەکان دەکات لە بوارەکانی تواناکان، دیزاینی سیستمی خانەنشینی، و بەشبەش بوون. دووەم ستراتیج کار دەکات بۆ دیزاین و جێبەجێکردنی (١) میکانیزمی نەریتیی و وپیشەیی بۆ بەرفراوانکردنی ڕووماڵی بیمەی کۆمەڵایەتی، (٢) خانەنشینی کۆمەڵایەتی، و (٣) بەرنامەی بیمەی بێکاری.

٤.١٢. ***پلانەکانی خانەنشینیی گشتی و تایبەت و هی تر.*** ستراتیجەکە ئەوەیە کە سیستمێکی نوێ دابڕێژرێت بۆ خانەنشینی (کە ئەم بەرنامانەش لەخۆبگرێت: کەمئەندامان، میراتگر و کەسانی بەتەمەن) کە پابەند بێت بە پرەنسیپەکانی سیستمێکی پتەوی خانەنشینی بە گوێرەی باشترین نموونە نێودەوڵەتییەکان. ئەگەرچی یەک ڕێگە نییە کە بڵێین تەنها ئەم ڕێگەیە باشترین سیستمی خانەنشینی گشتیە، بەڵام کارەکە بە هەڵبژاردنی ڕێوشوێنەکانە و هەر چاکسازییەک کە بکرێت ئەوا ئەم خاڵانە لە خۆدەگرێت: (١) تەبا بێت لەگەڵ هەلومەرجی تواناکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢) هەڵبسەنگێندرێت بەگوێرەی پرەنسیپە قبوڵکراوەکانی چاکسازی خانەنشینی بە گوێرەی باشترین سیستم و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان، وەک گونجاو[٣٠]، سەقامگیریی دارایی[٣١]، و ڕووماڵ، هەروەها دادپەوەرانە بێت، و لە بواری کارگێڕی و داراییەوە شایانی جێبەجێکردن بێت، هەروەها پێشبینیکاری تێدابێت. ئەم سیستمە هەم کارمەندانی کەرتی گشتی و هەم کارمەندانی کەرتی تایبەت دەگرێتەوە. پلانی تری تایبەتیش هەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان (وەک پلانی پیشەیی بۆ پرۆفیسۆرەکانی زانکۆ) دەکەوێتە ژێر هەمان چەترەوە.

٤.١٣. ***جێبەجێکردنی ئەم ستراتیجە دەبێتە مایەی پاشەکەوتی گەورە لە تێچوو، بە تایبەتی بۆ ماوەی مامناوەندی و درێژخایەن***[٣٢]. لە ٢٠١٤ داهاتەکانی بەشداریکردن لە کەرتی گشتی لە ڕێی گلدانەوەی بەشە پارەی خانەنشینی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی ١.١ تریلیۆن دینار بوو، لە کاتێکدا خەرجییەکان بۆ خانەنشینی زیاتر بوو لە ١.٢ تریلیۆن دینار. پلانەکە کورتهێنانی هەیە. بە ڕەچاوکردنی ژمارەی بەشداران (کارمەندی مەدەنی و سەربازی) لە ٤٤٤٣٥٠ەوە لە ٢٠٠٨ زیادی کرد بۆ ٦٨٠٠٠٠ لە ٢٠١٤، قەرزی خانەنشینی (واتە ئەو پارەیەی کە بڕیارە وەک خانەنشینی دواتر بدرێت بە کارمەندەکان لەکاتی خانەشین بوونیان) بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. لە نەبوونی چاکسازییدا پێشبینی دەکرێت خەرجییەکانی خانەنشینی هەر زیاد بکات بۆ زیاتر لە ٣ تریلیۆن لە ماوەی کەمتر لە پێنج ساڵدا، کە ئەمەش کورتهێنانێکی گەورەیە لە پلانی خانەنشینیدا بە بڕی زیاد لە ٢ تریلیۆن دینار. لە ماوەی مامناوەندی و درێژخایەندا مەزەندە دەکرێت خەرجییەکان و کورتهێنانی خانەنشینی زۆر زیاتریش بکات. پاشەکەوتی جێبەجێکردنی ستراتیجەکە ڕەنگە لە کورتخایەنیدا ٢ تا ٥ تریلیۆن دینار بێت و زیاتر لە ١٠

---

[٣٠] سوودەکان گونجاون کاتێک (i) هێندەی پێویست داهات بدەن بۆ پاراستنی بەشداربووان لەوەی بکەونە ژێر هێڵی هەژاری لە حاڵەتێکدا تووشی کەمئەندامی بوون یان دوای ئەوەی خانەنشین بوون، و (ii) میکانیزمێکی جێی متمانە بدات بۆ بەکاربردنی ڕێکوپێک لە نێوان ساڵانی خزمەتی بەشداربووەکە و تەمەنی.

[٣١] سیستمی خانەنشینی تەنها ئەو کاتە سەقامگیر و بەردەوامە کە بتوانێت مووچەی ئێستا و ئایندە بدات لە ماوەیەکی درێژدا بە گوێرەی مەزەندەی گونجاو بەبێ گواستنەوەی بارگرانی بۆ سەر شانی نەوەکانی ئایندە و بەبێ ئەوەی مووچەکانیان ببڕدرێت یان بەشدارییەکان زیاد بکرێت، یان گۆڕان ڕووبدات لە هەلومەرجی شایستەییدا. ئەمەش تەنها کاتێک دێتە دی کە سیستمی خانەنشینی بە شێوەیەکی باش دارێژراوبێت و ناوبەناو چاکتر بکریت بە بەکارهێنانی شێوازگەریی ئاماریی.

[٣٢] پلانی خانەنشینی بریتییە لە پەیمانێکی درێژخایەن، و دواجار کاریگەری هەر چاکسازییەکیش لە درێژخایەندا دەبێت.

تریلیۆن لە ماوەی مامناوەندیدا و زیاتر لە ٢٠ تریلیۆن لە درێژخایەندا. ئەم گەڕاندنەوەی خەرجییانە لە سیستمی خانەنشینیدا دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ خزمەتکردنی بەرنامەی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک تەندروستی و پەروەردە. جێبەجێکردنەکە دەبێتە مایەی تێگەیشتنی ڕوون لە میکانیزمی شەفافی دارایی سیستمی خانەنشینی. کارمەندانی کەرتی گشتی و تایبەت هەمان مافی خانەنشینیان دەبێت و بەم شێوەیەش سیستمە نوێیەکەی خانەنشینی لەم ستراتیجەدا هەندێک ئاستەنگی بەردەم مرونەتی بازاڕی هێزی کار لادەدات.

٤.١٤. ***ئامانجی حکومەتی هەرێمی کوردسان بریتییە لە داڕشتن و جێبەجێکردنی هەندێک میکانیزمی نەریتیی و بەدیل بۆ ڕووماڵی بیمەی کۆمەڵایەتی و خانەنشینی کۆمەڵایەتی.*** وەک لە دیدگای ٢٠٢٠ باس کراوە، سیستمە نوێیەکەی خانەنشینی سەرنجراکێش دەبێت بۆ کەرتی تایبەتی گەشەسەندوو. لەئێستادا ٨٥ لەسەد لە هێزی کار لە کەرتی تایبەت هیچ جۆرە پلانێکی خانەنشینی رووماڵی ناکات، بەڵام هێزی کار لە کەرتی گشتی١٠٠ لەسەدیان رووماڵ کراوە. لەم بوارەدا ئامانجی ئەم ستراتیجە بریتییە لە بەرفراوانکردنی ڕووماڵەکە بۆ کەرتی تایبەتیش. ستراتیجەکە بریتییە لە بەرفروانکردنی ١٦ لەسەدەکەی ئێستای هێزی کاری کەرتی تایبەت بۆ جەختکردنەوە لەوەی داهاتێکی بیمە هەبێت بۆ سەرجەم بەساڵاچووان.

٤.١٥. **جێبەجێکردی ئەم ستراتیجە لە هەرێمی کوردستان پێشبینی دەکرێت ببێتە مایەی زیادبوونی هەزاران بەشدار لە کەرتی تایبەتەوە.** پێشبینی دەکرێت جێبەجێکردنەکە ببێتە مایەی زیادبوونی ژمارەی ئەو کەسانەی خانەنشینی وەردەگرن و تەمەنیان لە سەروو ٦٥ ساڵەوەیە. زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ کەس تەمەنیان لە سەروو ٦٥ ساڵەوەیە و ئێستا هیچ جۆرە خانەنشینییەک وەرناگرن، بە جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە وەریدەگرن.

٤.١٦. ***ئامانجی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە داڕشتن و جێبەجێکردنی بەرنامەی بیمەی بێکاری.*** یەکێک لەو سیاسەتانەی ئەولەوییەتی هەیە لەناو دیدگای ٢٠٢٠ بریتییە لە گەشەپێدانی سیستمێکی بیمەی هەمەلایەنی بێکاری. ئەم سیستمە خەڵک دەپارێزێت لەوەی لەپڕ کارەکەیان نەمێنێت و دڵنیایی بۆ کەرتی تایبەت زیاتر دەکات.

خشتەی ٤.٢ ئەولەوییەتی پێشنیارکراو بۆ چاکسازییەکان: بیمەی کۆمەڵایەتی و خانەنشینی

| | | چاکسازیی بیمەی کۆمەڵایەتی و خانەنشینی | بەرپرسیارێتی |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٦ | ستراتیجەکان | • سیستمێکی باش داڕێژراو بۆ خانەنشینی (بەساڵاچووان، کەمئەندامان، میراتگران) | • وەزارەتی دارایی و وەزارەتی کار |
| | یاسادانان | • دەستکردن بە داڕشتنی یاسای نوێی خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی | • وەزارەتی دارایی و وەزارەتی کار |
| | بەرنامەکان | • داڕشتنی بەرنامەی تواناسازی بۆ گەوە بەرپرسان لە بەڕێوەبەر و تیمەکانی بەشدار لە کاروبارەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی | • وەزارەتی دارایی و وەزارەتی کار، فەرمانگەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، و وەزارەتی پلاندانان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | کارگێڕی | • دەستکردن بە دارشتنی سیستمی گونجاوی بەڕێوەبردنی خانەنشینی (وەک سیستمی ئای تی، داتابەیس، و میکانیزمی کۆکردنەوە) | • وەزارەتی دارایی و وەزارەتی کار |
| ٢٠١٧ | یاسادانان | • خستنەگەڕی یاسا نوێیەکەی خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی | • پەرلەمان |
| | دەزگاکان | • دەستکردن بە دامەزراندنی دەستەی بیمەی کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان (دارشتنی هەیکەلەکەی، پەیڕەو و بەرنامە، یاسای ناوخۆیی) | • وەزارەتی دارایی و وەزارەتی کار |
| | بەرنامەکان | • درێژەدان بە بەرنامەی تواناسازی لەسەر ئابوری خانەنشینی<br>• دەستکردن بە بەرنامەی تواناسازی لەسەر شیکردنەوەی سیاسەتەکانی خانەنشینی و توانای پسپۆڕانی بواری دڵنیایی (بیمە) | • وەزارەتی دارایی و وەزارەتی کار |
| | کارگێڕی | • دەستکردن بە جێبەجێکردنی سیستمەکانی بەڕێوەبردنی خانەنشیی (PAS) | • وەزارەتی دارایی |
| ٢٠١٨ | ستراتیجەکان | • بەرفراوانکردنی ڕووماڵ (چالاک و سوودمەندەکان) | • وەزارەتی دارایی |
| | یاسادانان | • دەرکردنی ڕێوشوێنەکانی بیمەی بێکاری | • وەزارەتی دارایی و وەزارەتی کار |
| | دەزگاکان | • چالاککردنی دەستەی بیمەی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان | • وەزارەتی دارایی و وەزارەتی کار |
| | بەرنامەکان | • درێژەدان بە بەرنامەکانی پێشووی بواری تواناسازی، و میکانیزمی بەدیل بۆ بەرفراوانکردنی ڕووماڵەکە (شمولکردن) | • وەزارەتی دارایی و وەزارەتی کار |
| | کارگێڕی | • جێبەجێکردنی PAS | • وەزارەتی دارایی و وەزارەتی کار |
| ٢٠١٩ | ستراتیجەکان | • دەرکردنی بیمەی بێکاری | |
| | یاسادانان | • دەکردنی ڕێوشوێنی نوێ بۆ بیمەی کۆمەڵایەتی | • وەزارەتی دارایی و پەرلەمان |
| | بەرنامەکان | • درێژەدان بە بەرنامەکانی پێشوو بۆ تواناسازی<br>• دەستکردن بە بەرهەمهێنانی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە لە بواری دڵنیایی-بیمە | • وەزارەتی دارایی و وەزارەتی کار |
| | ئیدارە | • درێژەدان بە کارکردن بە PAS | • وەزارەتی دارایی و وەزارەتی کار |
| ٢٠٢٠ | یاسادانان | • جێبەجێکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی | |
| | بەرنامەکان | • جێبەجێکردنی بەرنامەی بیمەی بێکاری<br>• درێژەدان بە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی تواناسازی | • وەزارەتی دارایی و وەزارەتی کار |
| | کارگێڕی | • بەردەوامیی PAS | • وەزارەتی دارایی و وەزارەتی کار |


## *تۆڕەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی*

٤.١٧. ***دانیشتوانی هەرێمی کوردستان سوود لە چەند پلانێک وەردەگرن کە دەتوانرێت ناوببرێت بە داهاتی ناکار.*** سیستمی دابەشکردنی گشتی و پارەی نەختینە و لێخۆش بوون و زەکات و سەرەڕای پاڵپشتی نرخ لە لایەن حکومەتەوە بۆ هەندێک کەرەستە و خزمەتگوزاری، ئەمانە بریتیین لە بیمەی کۆمەڵایەتی. لەکاتکێدا کە داهاتی کار نزیکەی ٥٨ لەسەدە لە کۆی داهاتی ١٠ لەسەدی توێژی خوارەوەی هەرێمی کوردستان، لە باشوری عێراق کەم دەبێتەوە بۆ ٤٢ لەسەد لە کۆی داهاتی ١٠ لەسەدی توێژی خوارەوە. هاوکات، سیستەمی دابەشکردنی گشتی وەک داهاتی ناکار لە هەرێمی کوردستان کەمترە، نزیکەی ٢٠ لەسەدی داهاتی ناکارە بە تێکڕا و ٤٢ لەسەدی کۆی داهاتی توێژی خوارەوەیە. کەمی بەشە خۆراک لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ڕێژەیی قەرەبوو کراوەتەوە بە خانەنشینی زیاتر و داهاتی سەرمایەی بەرزتر. بەگشتی، خانەنشینی نزیکەی ٢٢ تا ٣٠ لەسەدە لە داهاتی ناکار، بەڵام بە نزیکەی نیوەی ئەوە بایەخدارە بۆ ١٠ لەسەدی توێژی خوارەوەی دابەشبوونی بەکاربردن. ئەو بودجەیەی کە بۆ سیستمی دابەشکردنی خۆراک تەرخان کراوە بۆ هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٥ نزیکەی ٣٥٧ ملیۆن دۆلارە (وای دابنێین کە ١٧ لەسەد لە کۆی بودجەی عێراق بۆ خۆراک، لە ٢٠١٥، ٢.١ ملیار دۆلار بووە). سیستەمی خۆراک بە نزیکەیی بۆ هەموو کەسێکە. بە گوێرەی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی IHSES ٢٠٠٧-٢٠١٢ سیستەمی دابەشکردنی خۆراک نزیکەی ٩٨ لەسەد دەگرێتەوە لە دانیشتوانەکە (نزیکەی ٥.٤ ملیۆن) و پێشبینی دەکرێت کە بڕی ٦٨ دۆلار تەرخان کراوە بۆ هەر کەسێک. زۆر گرنگە سەرنج لەوە بدەین کە دابەشکردنەکە پشت نابەستێت بە قەبارە یان ئاستی هەژاریی خێزانەکە. بەشی وەرگرێکی هەژار لە سیستەمی خۆراک بەم شێوەیەیە کە لە ٤.٢ پیشان دراوە.

**خشتەی ٤.٣ سیستەمی دابەشکردنی گشتی خۆراک: ڕووماڵ، بەئامانجکردن و کەلێنەکان**

| پارێزگا | تێکرای دانیشتوانی سوودمەند % | تێکرای هەژارەکانی سوودمەند % | تێکرای خەڵکی ناهەژار کە سوودمەندن |
|---|---|---|---|
| **دهۆک** | **٩٩.٠٨** | **١٠٠** | **٩٨.٨٣** |
| **سلێمانی** | **٩٩.٢٤** | **٩٩.٥٩** | **٩٩.٢١** |
| **هەولێر** | **٩٨.٥٦** | **٩٩.٣٩** | **٩٨.٤٥** |

**شێوەی ٤.٢ ڕێژەی سوودمەندانی هەژار**




*سەرچاوە: پەیمانەی بەدی نەهاتووی نەوت و گەشەسەندن، هەژاریی، لەخۆگرتن و خۆشگوزەرانی لە عێراق، ٢٠٠٧-٢٠١٢*

***٤.١٨. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی چاودێرییەکی سنورداری دامەزراوەیی پێشکەش بە پیر و منداڵی بێ سەرپەرشتیار و منداڵ و گەورەی کەمئەندامی عەقلی و جەستەیی دەکات.*** لە ٢٠١٤ وەزارەت چەند دەزگایەکی هەبوو، وەک باخچەی ساوایان، خانەی بێسەرپەرشتیاران و دامەزراوە بۆ کەمئەندامان، خانەی بەساڵاچووان، و وۆرکشۆپی هەرەوەزیی کۆمەڵایەتی، کە بە هەموویان خزمەتی نزیکەی ٧٦٩١ کەس دەکەن[٣٣]، وەک لە خشتەی ٤.٣ نیشان دراوە. زۆربەی ئەم دامەزراوانە کەرەستە و ئامێری پێویستیان نییە و بە شێوەیەک دیزاین نەکراون کە بتوانن ژیانی سەربەخۆ یان ئاوێتەبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگە پێشکەش بکەن. بەرەچاوکردنی ژمارەی سنووردای سوودمەندەکان و مەودای سنووورداری کارو بەرنامەی ئەم دامەزراوانە، کاریگەرەکانیان لەسەر خۆشگوزەرانی خێزانەکان و سوودمەندەکان لە ئاستی فەرامۆشکردندایە.


**خشتەی ٤.٤ چاودێری کۆمەڵایەتی لە لایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە**

| بەرنامە | قەرزی بچووک- | ئافرەتان لە شێڵتەر | خانەی نەوجەوانان | خانەی منداڵان | دەزگاکانی کەمئەندامان | منداڵان لە بنکەکانی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگی | ژمارەی تەلەفون بۆ فریاکەوتنی منداڵان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی سوودمەندان | ٧,١٥٧ | ٩٢ | ٨٤٤ | ١,٦٩٧ | ٩٣٠ | ٤,٢٢٠ | ٣,٩١٨ |

***٤.١٩. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ئاژانسی سەرەکییە و بەرپرسیارە لە دابینکردنی کۆمەکی نەختینەی بێمەرج لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.*** ئەم بەرنامەیە بە گوێرەی پۆلێنکردن کۆمەکی نەختینە بە هەندێک چین و توێژ دەدات کە بە نەدار دادەنرێن. هەشت پۆل هەیە کە شایستەن بۆ وەرگرتنی کۆمەکی نەختینەی بێ مەرج لە فەرمانگەی بیمەی کۆمەڵایەتی، کە بریتین لە: (١) منداڵی بێسەرپەرشتیار، (٢) قوتابیانی هاوسەرگیر، (٣) ئەوانەی لە ئەنجامی تەمەنەوە کەمئەندام بوون، (٤) ئەوانەی لە ئەنجامی نەخۆشییەوە کەمئەندام بوون، (٥) نابینا (٦) ئیفلیج (٧) خێزانی کەسوکاری زیندانی یان بێسەروشوێن (٨) بێکاران. فەرمانگەی چاودێری کۆمەڵایەتی ئافرەتان چەند پۆلێک دەگرێتەوە وەک منداڵانی ئافرەتانی جیابۆوە لە هاوسەر، ئافرەتانی جیابۆوە لە هاوسەر، بێوەژن و ئافرەتانی کەمئەندام. کۆی هاوکاری دارایی بۆ سوودمەندەکان لە شێوەی ٤.٣ پیشان دراوە. پێش ٢٠١٢ هاوکارییە داراییەکە ٣٠٠٠٠ دینار بوو بۆ خانەوادەیەک لە مانگێکدا. لە ٢٠١٢ ئەم کۆمەکە زیاد کرا بۆ ١٥٠٠٠٠ دینار بۆ خێزانێک. ئێستا نزیکەی ١٩١٤٨٢ خێزان سوودمەندن لە دەرماڵەی خێزان و کەمئەندامی.

[٣٣] ڕاپۆرتی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ٢٠١٤ .

**شێوەی ٤.٣ دابەشبوونی سوودمەندەکان بە گوێرەی کەیسەکان لە هەرێمی کوردستان، ٢٠١٠-٢٠١٤**




*سەرچاوە: ڕاپۆرتی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ٢٠١٤*

٤.٢٠. **پۆلێنبەندکردن لە لایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە هێڵی هەژاری و قەبارەی خێزان ڕەچاو ناکات، ئەمەش دەبێتە هۆی بەفیڕۆدان و نایەکسانی زۆر.** بڕی ١٥٠٠٠٠ دینار تەرخان کراوە بۆ خێزانی سوودمەند بەبێ ڕەچاوکردنی قەبارەی خێزان یان ئاستی هەژاری، ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو مەترسی هەڵەکردن زیاد دەکات لە بەشدارپێکردنی ناڕەوا و بێبەشکردن[٣٤]. پارەدان بۆ کەمئەندامی بەگوێرەی ڕاپۆرتی پزیشکییە کە لیژنەیەکی تایبەت دەری دەکات. ئەم بابەتە هەندێک جێی مشتومڕە، وەک بەرپرسانی وەزارەتی کار باسیان کرد. ڕاپۆرتە پزیشکییەکان بوارێکی گەورە دەهێڵنەوە بۆ ڕاڤەکردن بەم شێوەیەش گۆڕانێکی گەورە هەیە و ژمارەی سوودمەندان لە کەمئەندامی زیاد دەکات بەبێ ڕەچاوکردنی هێڵی هەژاری و قەبارەی خێزان. بەکارهێنانی کۆمەکی نەختینەی بێمەرج بە شێوەیکی بەرفراوان بۆ پۆلێنە کۆمەڵایەتییەکان لە جیاتی ئەوەی میکانیزمێکی چوست هەبێت بۆ بەئامانجکردن بۆ بڕیاردان لەسەر شایستەیی (وەک شێوازەکانی ئامانجگیری بە تاقیکردنەوەی ئاستی هەژاری) ئەوە دەردەخات کە بۆچی زۆربەی هەژاران سوودمەندنابن لەم بەرنامەیە، وەک لە خشتەی ٤.٤ دەردەکەوێت.

**خشتەی ٤.٥ ڕێژەی وەرگرانی داهاتی بێ بەرامبەر (کۆمەک) لە هەرێمی کوردستان ٢٠٠٧-٢٠١٢**


| | | خۆراکی گشتی (PDS) | | خانەنشینی | | چاودێریی کۆمەڵایەتی | | خێزان | | زەکات | | هاوکاری نێودەوڵەتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی سوودمەندان | ژمارە | ٢٠٠٧ | ٢٠١٢ | ٢٠٠٧ | ٢٠١٢ | ٢٠٠٧ | ٢٠١٢ | ٢٠٠٧ | ٢٠١٢ | ٢٠٠٧ | ٢٠١٢ | ٢٠٠٧ | ٢٠١٢ |
| | ١ | ٢٠٪ | ٢٠٪ | ١٦٪ | ١٦٪ | ٠٪ | ٢٥٪ | ٢٣٪ | ٢٢٪ | ٢٨٪ | ٤١٪ | ٧٪ | ٩٪ |
| | ٢ | ٢٠٪ | ٢٠٪ | ١٨٪ | ٢٠٪ | ٣٨٪ | ٢٢٪ | ٢١٪ | ٢١٪ | ٢٧٪ | ٢٥٪ | ١١٪ | ١٨٪ |
| | ٣ | ٢٠٪ | ٢٠٪ | ٢١٪ | ١٧٪ | ١٩٪ | ٢١٪ | ٢٠٪ | ١٨٪ | ٢٤٪ | ١٥٪ | ٢٠٪ | ١٧٪ |
| | ٤ | ٢٠٪ | ٢٠٪ | ٢٤٪ | ٢٤٪ | ٠٪ | ٢٠٪ | ١٧٪ | ٢١٪ | ١٣٪ | ١٤٪ | ٢٦٪ | ٢٧٪ |
| | ٥ | ٢٠٪ | ٢٠٪ | ٢١٪ | ٢٣٪ | ٤٣٪ | ١٢٪ | ١٨٪ | ١٩٪ | ٨٪ | ٥٪ | ٣٥٪ | ٢٩٪ |

*سەرچاوە:* IHSES ٢٠٠٧-٢٠١٢.

[٣٤] هەڵەی بێبەشکردن ئاماژەیە بە بێبەشکردنی خێزانێکی شایستە (واتە لەژێر هێڵی هەژاری بێت) و هەڵەی بەشداریپێکردنی ناڕوا واتە دانانی خێزانێکی ناشایستە لەناو بەرنامەی وەرگرتنی کۆمەکی نەختینە.

٤.٢١. **بە سەرنجدان لە دابەشبوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەپێی پێنج توێژ و بە دابەشکردنی ژمارەی سوودمەندانی هەر توێژێک لە کۆمەکی نەختینەی بێمەرج، دەبینین کە ڕێژەی سەدی سوودمەندان لە دەوڵەمەندترین توێژەکانن**. وەک لە شێوەی ٤.٤ دیارە، تەنها ١١.٣ لەسەد لە دانیشتوان لە کەمترین پێنج یەکن (هەرە هەژارترین) و پارەی نەختینە وەردەگرن. ئەوە ڕوونە کە ڕوومالّی بەرنامەی کۆمەکی نەختینەی بێمەرج لاوازە، زۆر خانەوادەی هەژار هەیە کە سوودیان پێ ناگات و هەروەها بەفیرۆدان هەیە کە زۆر خانەوادەی دەوڵەمەند وەریدەگرن.


**شێوەی ٤.٤ خشتەی خستنەرووی بەئامانجکردنی ناکارا، ٢٠١٢**




| توێژ | ژمارەی سوودمەندان | خەرجییەکانی UCT |
|---|---|---|
| ٥ دەوڵەمەندترین | ٢٢,٢٥٠ | ٤٠ ملیار |
| ٤ | ٣٨,٤٦٧ | ٧٢ ملیار |
| ٣ | ٣٨,٤٦٧ | ٧٢ ملیار |
| ٢ | ٤٠,٥٤١ | ٦٩ ملیار |
| ١ (هەژارترین) | ٤٦,٧٦٤ | ٨٤ ملیار |

٤.٢٢. **هاوکات، جێبەجێکردنی شێوازەکان جیاوازە لە پارێزگایەکەوە بۆ یەکێکی تر.** دابەشبونی سوودمەندان لە هاوکاریەکانی وەزارەتی کار لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی تر جیاوازە، وەک لە خشتەی ٤.٥ دەردەکەوێت. ئەگەرچی هەمان یاسا و ڕێوشوێن بەکاردەهێنرێت، بەڵام پرۆسەکان لە پارێزگایەکەوە جیاوازە بۆ پارێزگایەکی تر لە بواری کۆکردنەوەی داواکاری لەو خێزانانەی داوا دەکەن سوودمەند بن لە کۆمەکی نەختینەی بێمەرج، بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیارییش جیاوازە، هەمان شت ڕاستە بۆ پرۆسەکردنی شایستەیی، هەڵبژاردنی سوودمەندەکان، وەرگری برە پارەکان، هەروەها پرۆسەی چاودێری و هەلسەنگاندنیش جیاوازە.

شێوەی ٤.٥ دابەشبوونی سوودمەندان لە هاوکاری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەپێی پارێزگا، ٢٠١٤




*سەرچاوە: ڕاپۆرتی* وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ٢٠١٤.


**٤.٢٣ تاوتوێکردنی بەئامانجکردنی شیاو و دابەشبوونی سوودمەندان بە گوێرەی ناوچە، تەبایە لەگەڵ کارەکانی بانکی نێودەوڵەتی و نەخشەی هەژاری.** *نەخشەی هەژاری ئامرازێکە کە خاڵەکانی بەهێزی رووپێووی بودجەی خێزان ئاوێتە دەکات لەگەڵ ئاماری دانیشتوان و بیناکان، بۆ مەزەندەکردنی ڕێژەی هەژاری لە ئاستی پێکهاتەیەکی جوگرافیی بچووکدا.* لەبەرئەوە کارکردن لەسەر کەمکردنەوەی هەژاری بەستراوە بە بەئامانجکردنەوە. جیاوازی نێوان ناوچەی هەژار و ئەو ناوچانەی خەڵکی هەژاری لێ دەژی خاڵێکی گرنگە و لێرەوەیە کە بەئامانجکردن پیادە دەکرێت. لەبەرئەوە دیارترین بەکارهێنانەکانی نەخشەی هەژاری، بریتییە لە بەئامانجکردن لە پرۆگرامەکانی دژەهەژارییدا. بەپێی داتای ئاماری خێزان لە ٢٠١٢، لە ڕاپۆرتی بانکی نێودەوڵەتییدا "*هەژارانی عێراق لە کوێن: نەخشەی هەژاری لە عێراق*" هاتووە کە:

١- سلێمانی کەمترین ڕێژەی هەژاری هەیە لە سەرتاسەری عێراق. لە زیاتر لە دوو لە پێنجی ناحیەکانی، ڕێژەی هەژاری ٢ لەسەد یان کەمترە، و دوو ناحیەی لێ دەربچێت هەموو ئەوانەی تر ڕێژەی سەر لەوێ لە ١٠ لەسەد کەمترە. بەڵام ژمارەی سوودمەندان لە بەرنامەی کۆمەکی بێمەرجی وەزارەتی کار زۆر بەرزە.

٢- لە دهۆک، تێکڕای ڕێژەی هەژاری نزمە و نزیکەی ٦ لەسەدە. ڕێژەی هەژاری بە سەر لە ئاستی ناحیە نزیکەی ٣ لەسەدی کۆی دانیشتوانە لە هەندێک و لە هەندێک ناحیەی تر ١٠ لەسەدە: سەنتەری قەزای دهۆک ١٠٦٠٠، سەنتەری قەزای زاخۆ ١١٦٠٠. ئەم ناحیانە هەرە گەورەترینن لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە لە دهۆک. داتای سوودمەندانی کۆمەکی نەختینەی بێمەرج پێچەوانەی ئەوە نیشان دەدەن کە دهۆک نزمترین ژمارەی هەبێت. ئەمەش ئەو پرسیارە بەرز دەکاتەوە کە ئاخۆ شێوازی هەڵبژاردن چۆن بووە و جارێکی تر جەخت لەوە دەکاتە کە پێویستە پێداچوونەوە بکرێت بەو تەکنیکانەدا کە بەکاردەهێنرێن بۆ بەئامانجکردن.

٤.٢٤. ***رۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لاواز بووە بەهۆی گۆڕانکاری لە یاسا و رێنماییەکان، و ژمارەی کارمەندان لەئاستی پێویستدا نییە.*** پرۆسەی ئاشناکردنی کۆمەڵگەکان بە بەرنامەکە و پڕکردنەوەی فۆرمەکان و رێنمایی خێزانەکان لەسەر چۆنیەتی پرکردنەوەی فۆرمەکان لە سەرەتاوە تا دوایی، تا بە دواداچوون و بەڕێوەبردنی کەیسەکە، هەمووی پێویستی بە مەشق و بە کارمەندی کارایە. پێشتر توێژەری کۆمەڵایەتی وەک بەشێک لە هەیکەلی ئیداری لە وەزارەت رۆڵی خۆی هەبووە، بەڵام گۆڕینی یاساکە ئەم ئەرکەی بەرچاونەگرت. بەگوێرەی جیاوازییە ناوچەییەکان و نایەکسانی بەردەستبوونی سەرچاوەکان و هاوکارییەکان، رۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دهۆک تا ڕادەیەک وەک خۆی مایەوە، بە پێچەوانەی پارێزگاکانی ترەوە. توێژەری کۆمەڵایەتی لە دهۆک هێشتا بەدواداچوونی ساڵانە بۆ خێزانەکان دەکات. لە هەولێر و سلێمانی چاوەڕوان دەکرێت خانەوادەکان خۆیان بێنە پێش و دەستپێشخەری بکەن لەلای نووسینگەکانی وەزارەتی کار بۆ پڕکردنەوەی فۆرمی ساڵانە. ئەمەش بوارێک ناهێڵێتەوە بۆ بەدواداچوون و پشتڕاستکردنەوەی گونجاو. لەبەرئەوە ژمارەی ئەو خیزانانەی لە سیستەمەکە وەردەگیرێن و ئەوانەی لێی دەردەچن نەزانراوە و پێشبینی ناکرێت، بەم شێوەیەش بارێکی گران دەکەوێتە سەر سەرچاوەکان کە پێویستن بۆ بەرنامەکە.

**شێوەی ٤.٦ کۆی گشتی سوودمەندان لە کۆمەکی نەختینەی بێمەرج (تەوەری چەپ) و بڕی پارەی دراو ٢٠١٠-٢٠٠٤ (ملیۆن دینار)**




٤.٢٥. ***لە ئاستی جێبەجێکردندا، بڕی پارەکە لە ٣٠٠٠٠ دینارەوە زیاد کرا بۆ ١٥٠٠٠٠ دینار لە ٢٠١١ و لەو کاتەوە وەک خۆی ماوە.*** بڕی پارەی نەختینەی دراو زۆر نزیکە لەو هێڵی هەژارییەی کە بە نافەرمی پێناسەکراوە لە هەرێمی کوردستان، کە بریتییە لە ١٤٢٠٠٠. خەرجییەکانی بەرنامەکە لە پارەی نەختینە لە ٢٠١٤ گەیشتە ١.٣ لەسەدی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی نانەوتی (جی دی پی) کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە، بەڵام سەرەڕای ئەمە تەنها ١١.٨ی هەژارترینەکان سوودمەندن لە کۆمەکی نەختینەی بێمەرج.

٤.٢٦. ***بۆ کارکردن لەسەر هەژاری پێویستە گۆشەنیگایەکی بەرفراوان هەبێت کە بایەخ بە گەشەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان بدات بەگشتی، بۆ ئەوەی ڕەهەندی تەندروستی و پەروەدەش بگرێتەوە.*** ئەم دوو فاکتەرە ڕاستەوخۆ بەستراون بە پێناسەی چاودێری کۆمەڵایەتییەوە. لە هەرێمی کوردستان ئاستەکانی هەژاری ئەوە دەردەخەن کە بەگوێرەی ناوچەکان جیاوازی هەیە و هەروەها جیاوازی هەیە لە نێوان شار و گوند. لە بواری پەروەردەدا ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکانی یونسیف ئەوە دەردەخەن کە وازهێنانی منداڵان لە قوتابخانە بۆ تەمەنەکانی نێوان ٥ و ١٤ ساڵ لە هەریمی کوردستان گەیشتۆتە ١٢٧١١٥ (٦٩٩٨٩ کچ و ٥٧١٢٦ کوڕ)[٣٥]. ڕەهەندی وازهێنان لە قوتابخانە ئەوە دەردەخات کە جیاوازی هەیە بە گوێرەی ڕەگەز. لە بواری تەندروستیدا، ئەگەرچی لە پارێزگایەکەوە بۆ پاریزگایەکی تر زۆر جیاوازە، بەڵام ڕێژەی مردنی منداڵی تازە لەدایکبوو (تەمەنی خوار یەک مانگ) پێکهێنەری سێ یەکی مردنی منداڵی ساوایە (٠-١١ مانگ)، کە بریتیە لە ١٢٧٠ لە ٣٨٣٣ و مردنی منداڵانی ساوا دوو لە سێی سەرجەم حاڵەتەکانی مردنی منداڵە لە پێش ٥ ساڵی تەمەن، کە(٣٨٣٣ لە ٥٧٦٦٦). ڕێژەی مردنی منداڵی ساوا ٢٧.٠٩ لە ١٠٠٠ و ڕێژەی مردنی منداڵی خوار پێنج ساڵ بریتییە لە ٤٠.٨٣ لە ١٠٠٠ مندالی لەدایکبوو بە زیندوویی و ئەمەش زۆر بەرزترە لە شوێنی تر[٣٦].

٤.٢٧. **بەشداری پێنەکردنی هاووڵاتیان تەریبە لەگەڵ نەبوونی پلانی پەیوەندییەکان لەلای وەزارەتی کار.** بەشداری هاووڵاتیان بریتییە لە کارلێکی دوولایەنە لە نێوان حکومەت و هاووڵاتیان یان کەرتی تایبەت، ئەمەش مافی دروستکردنی بڕیار بە هاووڵاتیان دەدات بەو ئامانجەی کە ناوەندگیریەکە باشتر بکرێت و دەرەنجامی کۆتاییش باشتر بێت. هەروەها، میکانیزمەکانی بەشدارییپێکردن زۆر پڕبایەخن بۆ ئەوەی حکومەت و دابینکەری خزمەتگوزارییەکان بچنە ژێر ڕکێفی لێپرسینەوە. ئەمە شێوازێکە بۆ وەرگرتنەوەی فیدباک (سەرنج و بۆچوون) و چاودێریکردن لەلایەن سوودمەندان و کۆمەڵگەکان. بەرنامەکانی وەزارەتی کار ڕەچاوی هیچ فیدباکێک ناکەن. خێزانەکان بە باشی ئاگادارنین لە بەرنامە کۆمەڵایەتیەکان، و ئاشنانین بە مەرجەکانی شایستەیی و چۆن پرۆسەی هەڵبژاردنی سوودمەند ئەنجام دەدرێت. دەستپێشخەرییەک هەیە لە دهۆک، کە تێیدا فەرمانگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تەکنەلۆجیای دابین کردووە بۆ بەکارهێنانی گشتی بۆ جەختکردنەوە لە وەرگرتنی فیدباک و بەدواداچوونی سوودمەندان. بەڵام میکانیزمەکانی سکاڵاکردن[٣٧] دانەنراون لە دیزاینی بەرایی بەرنامەکەدا. دەکرێت سکاڵا پێشکەش بکرێت بەڵام هیچ پرۆسەیەکی یەکخراو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سکاڵاکان دانەنراوە.

**کاردانەوە**

٤.٢٨. **لە دیدگای ٢٠٢٠ی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتووە کە "ئامانجی ئێمە بریتییە لە باشتکردنی ئاستی ژیانی هەژاران، کارکردن لەسەر هۆیەکانی هەژاری و داڕشتنەوەی بەرنامەکان بۆ ئەوەی هاوکارییەکان لە ٢٠٢٠ ئەو کەسانە بکەنە ئامانج کە پێویستیان پێیە و دەرفەتی ئابوری بۆ هەمووان دروست بکات."** ڕەوشی ئێستای هەرێمی کوردستان پێویستی بە هەوڵی چاکسازی هەیە بۆ یەکخستنی

[٣٥] ئەو منداڵانەی قوتابخانە بەجێدەهێڵن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقیا- عێراق، ڕاپۆرتی یونسێف، تشرینی یەکەم ٢٠٠٤
[٣٦] ڕاپۆرتی گەشەی MDGs، عێراق .٢٠١٣ ,
[٣٧] میکانیزمی چارەسەرکردنی سکاڵاکردن بریتییە لە سیستمێك بۆ پرسکردن یان ڕوونکردنەوەدان لەسەر پرۆژەیەك ، گرفتێک کە سەری هەڵداوە لە ئەنجامی جێبەجێکردن، و سکاڵاکە چارەسەرکراوە و بەکارایی وەڵامی دراوە.

ئامانجەکانی ناو دیدگاکە، وەک باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی. جێبەجێکردنی دیدگای ٢٠٢٠ پشتئەستوور دەبێت بە پرەنسیپەکانی بەئامانجکردنی باشتر، چاودێری باشتر، و لەخۆگرتنی گشتگیر. ئەمەش تەبایە لەگەڵ ئاراستەی "ستراتیجی کەمکردنەوەی هەژاری" کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٩ دایناوە.

**٤.٢٩. چوارچێوەی ستراتیجی پاراستنی کۆمەڵایەتی پێشنیاری ئەوە دەکات کە دەست بکرێت بە شێوازی بەئامانجکردن کە هێڵی هەژاری دیاری دەکات بۆ دەستنیشانکردنی شایستەیی بۆ کۆمەکی دارایی.** پرۆسەکە داتابەیسێک دادەمەزرێنێت کە دەتوانرێت لە چاکسازی بەشەخۆراکدا سوودی لێ وەربگیرێت بۆ ئەوەی دابەشکردنەکە بۆ هەرە هەژارترینەکان بێت وەک لە شێوازی بەئامانجکردندا هاتووە: (تاقیکردنەوەی پرۆکسی بۆ هەڵسەنگاندنی گونجاوێتی و بەئامانجکردنی جوگرافی). پرۆسەکە هاوتەریب دەبێت لەگەڵ دەستپێشخەرییەکەی حکومەتی عێراق لە ڕێی یەکەمجار پەیڕەوکردنی یاسای پاراستنی کۆمەڵایەتی کە باشترین شێوازەکانی بەئامانجکردن و بەڕێوەبردنی کەیسەکان پەیڕەودەکات. ئەمە هاوکار بووە لە پاککردنەوەی داتابەیسەکە و کەمکردنەوەی ڕێژەی بەشدارییپێکردنی ناڕەوا و بێبەشکردن، هەروەها ڕێگەی خۆش کردووە بۆ پیادەکردنی چوارچێوەی نوێ. بە هەمان شێوە لە هەرێمی کوردستان پێشبینی دەکرێت ئەو بەرنامانەی پێشنیار کراون ببنە مایەی بەئامانجکردن بۆ پاککردنەوەی داتابەیسەکە بە بەکارهێنانی هێڵی هەژاری وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی، لە یەکەم هەنگاودا، پێشبینی دەکرێت هەڵەکانی بێبەشکردن بسڕێتەوە و بگاتە زیاتر لە ١٢ لەسەدی ئەو هاووڵاتیانەی کە لە ژێر هێڵی هەژارییەوە دەژین.

٤.٣٠. ***حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاستی هەژاری دەکات بە ڕەهەندێک بۆ هەڵبژاردنی سوودمەندان لە بەرنامەی هاوکاری کۆمەڵایەتی.*** ئەمەش بوار دەڕەخسێنیت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە دیدگایەکی فراوانترەوە هەژاریی و لانەوازەیی ببەستێتەوە بە گۆڕاوەکانی ئابورییەوە و ئەمەش لە ئەنجامدا کار دەکاتە سەر ئاستی ژیان و بەکاربردنی هەمووان. ئاستەکانی خۆشگوزەرانیی خێزان بڕیاردەر دەبێت لەسەر ئەوەی ئاخۆ کەسێک شایستەیە بۆ هاوکاری. میکانیزمی گونجاوی بەئامانجکردن بوار دەڕەخسێنێت بۆ رووماڵی گونجاو و کاریگەری زۆری دەبێت بەشێوەیەکی یەکسان و گونجاو.

٤.٣١. **حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیکەلی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی ڕێک دەخاتەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دابینکردنی خزمەتگوزاری هەماهەنگ و پلان بۆدانراو و کارا لەگەڵ شێوازێکی سیستماتیکی بۆ دەستگەیشتن بە سوودمەندان.** بەرنامەکانی هاوکاریی کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دووچاری پەرتبوون و نەبوونی هەماهەنگی بووە. ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر سنووردارکردن و پەرتکردنی رووماڵ و زیادبونی ئەگەری بێبەشکردنی بەهەڵە و بەشدارییپێکردنی ناڕەوا، هەروەها لاوازی لە سیستمی رەوانەکردن و نزمی ئاستی هۆشیاری کارمەندان و سوودمەندان لەسەر بەرنامەکان و کۆمەکەکان، ئەمانەش دەبن بە بەربەست لەپێش دەستگەیشتنی منداڵ و خێزان و کۆمەڵگەکان بە سوود و خزمەتگوزارییە گرنگەکان.

**خشتەی ٤.٦ ئەولەوییاتی پێشنیارکراو بۆ چاکسازی: چاکسازی لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی**

| | | چاکسازیی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی | بەرپرسیاریتی |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٦ | ستراتیجەکان | • دەستکردن بە دایەلۆگ لە ئاستی سیاسەتەکان لەسەر پێویستبوونی چاکسازی کەرتەکە. جەخت خستنە سەر بەئامانجکردن و پاراستنی سەرمایەی مرۆڤ. | • پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران |
| | یاسادانان | • دەستکردن بە تاوتوێی یاسای هاوکاری کۆمەڵایەتی<br>• بونیاتنانی زیاتر لەسەر ئەو کۆدەنگییەی هەیە لەسەر ئەو رەشنووسەی لە پەرلەمانە | • پەرلەمان، وەزارەتەکانی کار، پەروەردە، تەندروستی، پلاندانان، دەستەی ئامار |
| | دامەزراوەکان | • دروستکردنی دەستەی بیمەی کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان (KSAI) | • وەزارەتی کار |
| | بەرنامەکان | • دەستکردن بە دیزاینی رێبازی بەئامانجکردن<br>• پشکنین و تاقیکردنەوە بۆ شایستەیی ( PMT ) (تەواوکردنی پرسیارنامەکە و رێکەوتن لەسەر دیزاینەکەی)<br>• تەواوکردنی دیزاینی بەرنامەی دەستپێکی CCT. تەواوکردنی کاروبارە تەکنیکییەکان. پێکهێنانی کۆمیتەی بەرێوەبردن. | • وەزارەتەکانی کار، پەروەردە، تەندروستی، پلاندانان، دەستەی ئامار<br>• CCT کۆمیتەی تەکنیکی (بە نوێنەرایەتی ئاژانسە پەیوەندیدارەکان) |
| ٢٠١٧ | یاسادانان | • کاراکردنی یاسای هاوکاری کۆمەڵایەتی | • پەرلەمان |
| | دامەزراوەکان | • کارکردن بە KSAI | • وەزارەتی کار |
| | بەرنامەکان | • پرسیارەکانی PMT بەکاربهێنرێت<br>• دەستکردن بە بەرنامەی دەستپێکی CCT. | • وەزارەتی کار، دەستەی ئامار<br>• وەزارەتی کار لەگەڵ هاوبەشە پەیوەندیدارەکان (وەزارەتەکانی تەندروستی و پەروەردە، دەستەی ئامار) |
| | کارگێری | • دەستکردن بە دامەزراندنی تۆمارێکی یەکخراو بۆ هەرێمی کوردستان | • وەزارەتی کار، دەستەی ئامار، وەزارەتی دارایی |
| ٢٠١٨ | دەزگاکان | • دامەزراندنی KSAI بۆ جێبەجێکردنی یاساکە | • وەزارەتی کار |
| | بەرنامەکان | • بەکارهێنانی PMT وەک رێبازی بەئامانجکردن | • وەزارەتی کار، دەستەی ئامار، KSAA |
| | کارگێری | • دامەزراندنی میکانیزمێک بۆ سکاڵا<br>• دامەزراندنی داتابەیسی سوودمەندان<br>• دروستکردنی بناغەی یەکخستنی تۆمار | • KSAI , وەزارەتی کار |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٩ | دامەزراوەکان | • PMT سەرپەرشتی جێبەجێکردنی یاساکە و بەرنامەی جۆراوجۆر دەکات. | • KSAI |
| | بەرنامەکان | • بەرنامەی دەستپێکی CCT تەواو بوو. خێراکردنی پرۆسەکە | • لیژنەی بەڕێوەبردن، KSAI |
| | کارگێڕی | • دامەزراندنی داتابەیس | • KSAI، دەستەی ئامار |
| ٢٠٢٠ | بەرنامەکان | • تەواوکردنی CCT | • لیژنەی بەڕێوەبردن |
| | کارگێڕی | • تۆمارێکی یەکخراو ئامادەیە | • وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی دارایی، KSAI |


## أ. چاکسازییەکانی کەرتی پەروەردە

**٤.٣٢ بەرەوپێشچوونی هەرێمی کوردستان لە دە ساڵی ڕابردوودا جێی ستایشە.** ئەو سەرکەوتنەی هەرێمی کوردستان لە بواری پەروەردەدا بەدەستی هێناوە دەگەڕێتەوە بۆ پابەندی حکومەت بە بەرزکردنەوەی سیستمی دابینکردنی پەروەردە و خوێندن لە پارێزگاکانیدا. حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە جێبەجێکردنی چاکسازی پەروەردەیی لە بواری گشتگیری و کواڵیتی خوێندنی باخچەی منداڵان تا پۆلی ١٢، و خوێندنی ناوەندی و شەفافییەت و لێپرسینەوە لە دابینکردنی پەروەردەدا. چاکسازییەکان لە دیدگای ٢٠٢٠ بە فەرمی دانراون، کە بریتییە لە نەخشەڕێگەیەکی چاکسازی کە تەبایە لەگەڵ ستراتیجی پەروەردەی نیشتمانی عێراق (INES ٢٠١١-٢٠٢٠) لە بواری کواڵیتی پرۆگرامی خوێندن و چاکترکردنی فێرکاری بۆ ئامادەکردنی قوتابیان بەگوێرەی داواکاری ئابوری جیهانی.

**٤.٣٣ زیادبوونی ژمارەی دامەزراوە فێرکارییەکان ڕێگەی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆش کردووە بەرسڤی داواکاریی پەروەردە بداتەوە کە هەمیشە روو لەزیادبوونە.** لەنێوان ٢٠٠٣ و ٢٠١٢ نزیکەی ٢٢٠٠ قوتابخانە لە هەرێم دروست کراون. هاوکات ژمارەی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە ٣ەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ زیادبوو بۆ ٢٨ لە ٢٠١٥. هەروەها، ڕێژەی تۆمارکردن لە خوێندنی پاش سەرەتایی زیادی کردووە لە نێوان ٢٠٠٧ و ٢٠١٢ لە ٤٨ ەوە بۆ ٦١ لەسەد لە ئاستی ناوەندی، و لە ٢٣ ەوە بۆ ٣٨ لەسەد لە ئاستی ئامادەیی[٣٨]. لەپێناو باشترکردنی ژینگەی قوتابخانەکان، حکومەت پلانی هەیە بۆ دروستکردنی کتێبخانە، تاقیگە و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لە پۆلەکاندا، تا قوتابیان چێژ لە فێربوونی ئاست بەرز وەربگرن. هەروەها، هەمەچەشنکردنی ئارەزووی فێرخوازان و چاکترکردنی تێڕوانینی منداڵان لە قوتابخانەکان وەک شوێنێکی خۆش بۆ فێربوون، پێویستە قوتابخانەکان چالاکی پێشکەش بکەن لە بوارەکانی دەرەوەی پرۆگرامی خوێندن، وەک وەرزش، هونەر، موزیک، هەر لە سەرەتای قۆناغی بنەڕەتییەوە.

[٣٨] سیستمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا لە دوو قۆناغ پێک دێت (سەرەتایی و ئامادەیی) لە جیاتی (سەرەتای و ناوەندی و ئامادەیی)، بەڵام هێشتا ئەم سیستمە دوو قۆناغییە بە تەواوەتی پیادە نەکراوە.

شێوەی ٤.٧ تۆمارکردن بەگوێرەی ئاستی خوێندن لە تەمەنی ٦ ساڵ و سەرووتر




*سەرچاوە: بانکی نێودەوڵەتی، هەژاری و لەخۆگرتن و هاوکاری کۆمەڵایەتی لە عێراق، ٢٠٠٧-٢٠١٢*

٤.٣٤. **پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەردەوام بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام هێشتا زۆر ماوە کە بکرێت.** لە ٢٠٠٧ ئەو دانیشتوانەی هەرێمی کوردستان کە لە تەمەنی کارکردن بوون زیاتر دەرفەتیان هەبوو وەک لەبەشەکانی تری عێراق بۆ دووچاربوون بە نەخوێندەواری یان هەبوونی خوێندنی کەمتر لە سەرەتایی. بۆ نموونە ڕێژەی ئەو کەسانەی لە تەمەنی کارکردندا بوون و ئاستی سەرەتاییان تەواو نەکردبوو ٢٣ لەسەد بەرزتر بوو لەوەی ئاستی نیشتمانی کە ٣٤ لەسەد بوو. بەڵام، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا دەرەنجامەکان باشتر بوون و کەلێنەکان پڕکرانەوە. ئەوانەی ٣٠ و زیاتر بوون (لە ٢٠١٢) دەستیان کرد بە تەواوکردنی قۆناغی تەواونەکراوی خوێندنی سەرەتایی. بەڵام بۆ ئەوانەی لە خوار ٢٩ بوون، خۆیان ئاستێکی خوێندنی بەرزتریان هەیە بەگشتی.[٣٩]


٤.٣٥. **پێویستە ژێرخانی قوتابخانەکان چاکتر بکرێت.** سیستمی خوێندن خێرا لە دە ساڵی ڕابردوودا بەرفراوانبوونی بەخۆیەوە بینیوە لە بواری وەرگرتنی قوتابیان، ژمارەی قوتابیان لە ٢٠٠٣ تا ٢٠١٣ بە نزیکەیی دوو ئەوەندە زیادی کردووە (Vernez et al, ٢٠١٤). بەڵام بەرفراوانبوونی سیستمی قوتابخانەکان هاوشان نەبووە لەگەڵ داواکاری بۆ بینایەی قوتابخانە. لەگەڵ لێشاوی ئاوارە و پەنابەردا بۆ هەرێمی کوردستان، قوتابخانەکان و ژێرخانییش ئەوەندەی تر خراپ بوون. زۆر قوتابخانە بەتایبەتی لە ناوچە دوورەکان هیچ ژێرخانێکی بنەڕەتیی نییە. ئاوی خواردنەوە و تۆڕی ئاوەڕۆ لە چارەکێکی

[٣٩] کۆی ڕێژەکانی تۆمارکردن لە هەرێمی کوردستان زیاترە لە ١٠٠ لەسەد تەنانەت لە ئاستی سەرەتایی و ناوەندیدا، کە بەرزترینە لە وڵاتەکەدا. هەروەها، ڕێژەی پوختەی تۆمارکردن لە خوێندنی پاش سەرەتایی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە لە نێوان ٢٠٠٧ و ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان، لە ٤٨ لەسەدەوە بۆ ٦١ لەسەد لە ئاستی سەرەتایی و لە ٢٣ بۆ ٣٨ لەسەد لە ئاستی ناوەندی. جیاوازی گەورە لە نێوان کۆی تۆمارکردن و پوختەی تۆمارکردن لە ئەنجامی مانەوەی قوتابییە لە پۆل کاتێک پلەکانی باش نەبێت و دەرنەچێت. لە ٢٠١٢ تەنها ٧ لەسەدی قوتابیان پۆلی ٩ یان بڕی، و ٤٠ لەسەد پۆلی ١٢ یان بڕی.

قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستاندا نییە (ئەم ڕێژەیە لە ناوچە دوورەکان ٤٠ لەسەدە). بنیاتنانی قوتابخانەی نوێ و نۆژەنکردنەوەی ئاو و ئاوەڕۆی قوتابخانەکان کلیلی سەرەکین بۆ چاککردنی دەستگەیشتن بە خوێندن.

**٤.٣٦ لەبەر زیادبوونی داواکاری، پێویستە هەنگاوی زیاتر بنرێت بۆ چاکترکردنی ژێرخان و کوالێتی سیستمی پەروەردە.** ژێرخان و کوالێتی قوتابخانەکان زۆر پێکەوە بەستراون. ژمارەی قوتابیانی باخچەی منداڵان بە ٥٠ لەسەد زیادی کردووە لە ماوەی پێنج ساڵدا (٢٠٠٥–٢٠١٠)، ئەمە لە کاتێکدا دێت کە وەزارەتی پەروەردە جەخت دەکاتەوە لەوەی کە قوتابخانەی زیاتر دروست بکرێت بۆ ئەم قۆناغە. لە بواری خزمەتگوزارییەکانی خوێندنا، لە هەموو شوێنێک دەستت دەگات بە قوتابخانەی سەرەتایی و ئامادەیی نزیک، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان کە بە ٦ تا ١٠ خولەک دەگەیتە خوێندنگەیەکی سەرەتایی یان ئامادەیی. بە گوێرەی داتاکان، لە ماوەی نێوان ٢٠٠٣–٢٠٠٤ تا ٢٠١٢–٢٠١٣ ژمارەی قوتابیان بووە بە دوو ئەوەندە (شێوەی ٤.٨). بە هەمان شێوە، ژمارەی قوتابیان و ژمارەی قوتابخانەکان بووە بە دوو ئەوەندە یان نزیک لە دوو ئەوەندە لە هەمان ماوەدا. لەبەر گەشەسەندنی ڕێژەی لەدایکبوون و پابەندێتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خوێندنی بنەڕەتیی بۆ هەمووان، بۆ کوڕان و کچان، پێشبینی دەکرێت ساڵانە تۆمارکردن لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستاندا نزیکەی ٦٩٠٠٠ تا ١١١٠٠٠ قوتابی زیاد بکات لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا (ڕاند و وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٤). لە کاتێکدا کە قوتابخانەکان نزیکن، زیادبوونی داواکاریی لەسەر خوێندن بۆتە هۆی قەرەباڵغی قوتابخانەکان و پشت بەستن بە دوو دەوام و کەموکوڕی ژێرخانی قوتابخانەکان.

**شێوەی ٤.٨ گەشەی تۆمارکردن لە نێوان ٢٠٠٣–٢٠٠٤ تا ٢٠١٢–٢٠١٤**




**٤.٣٧ کاتی وانەوتنەوە گونجاو نییە و دوو–دەوامی لە بینایەی قوتابخانەکان خراپتریشی کردووە، و ئەمەش یەکێکە لە گرفتەکانی مامۆستایان.** مامۆستایان لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان هێندەی پێویست کاتی وانەوتنەوەیان لەبەردەست نییە لە ڕۆژانی قوتابخانەدا، تا بە تەواوەتی پرۆگرامە نوێیەکە بڵێنەوە. ئەم گرفتە ئەوەندەی تریش خراپ بووە لە دەرەنجامی کەمی بینایەی قوتابخانە کە ئەمە زۆر خوێندنگەی ناچار کردووە کە چەند دەوامێکی تێدا بکرێت، بۆ جێگەکردنەوەی قوتابیانی ئاوارە و پەنابەر،

ئەمەش ئەوەندەی تر کاتی وانەوتنەوەی کەمتر کردۆتەوە، هەندێک قوتابخانە لەگەڵ قوتابخانەی تر پێکەوە لەناو یەک بینایەن. ئەمانەش کار دەکەنە سەر کواڵیتی فێرکردن. منداڵانی هەرێمی کوردستان لە قوتابخانە دوو دەوامییەکان ٥٣٩ کاتژمێر کاتی وانەیان هەیە لە پۆلەکانی ١-٦ (بە بەراورد لەگەڵ تێکڕای OECD کە بریتییە لە ٧٤٩ کاتژمێر). پێویستە زۆر شتی تر بکرێت بۆ کارکردن لەسەر کاتی نەگونجاوی وانەوتنەوە، کە لە ئەنجامی قەرەباڵغی قوتابخانەکان، فرەدەوامیی و نەبوونی بینای قوتابخانە سەری هەڵداوە. یەکێک لە ڕێگەچارەکانی ئەم گرفتە (تا ئەو کاتەی ژمارەی پێویستی قوتابخانە بەردەست دەبێت بۆ کەمترکردنەوەی دوو-دەوامی) بریتییە لە زیادکردنی ژمارەی ڕۆژەکانی دەوامی قوتابخانە لە ١٧٠ ڕۆژەوە بۆ ١٩٠ ڕۆژ لە ساڵێکدا.

**٤.٣٨. حکومەتی هەرێمی کوردستان شێلگیرە لەسەر چاکسازی لە کەرتی پەروەردە.** هەندێک چاکسازی گرنگ ئەنجام دراوە تا ئەمڕۆ، وەک گەشەپێدانی پرۆگرامی خوێندن، خوێندنی زۆرەملێ تا پۆلی ٩ (پێشتر تا پۆلی ٥ زۆرەملێ بوو)، دەبێت مامۆستا بەکالۆریۆسی هەبێت (پێشتر دوو ساڵ خوێندنی پاش ئامادەیی بوو) و هتد... هەروەها بۆ ئەوەی سیستمی خوێندن ئاسان بکرێتەوە، حکومەت ئاستەکانی خوێندنی بۆ دوو ئاست دابەش کردووە لە جیاتی سێ: خوێندنی بنەڕەتی و خوێندنی ئامادەیی. قۆناغی بنەڕەتی، کە زۆرەملێیە، لە پۆلی یەکەوەیە تا نۆ و قۆناغی ئامادەییش لە ١٠ تا ١٢. بەڵام سیستمی دوو قۆناغی هێشتا لە سەرجەم قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان جێبەجێ نەکراوە. حکومەت ستراتیجی داڕشتووە بۆ ئەولەویەتی پەروەردەیی. ئەولەوییەت بۆ دەستگەیشتنی یەکسان بە باخچەی ساوایان تا پۆلی ١٢ جەختی لێکراوەتەوە و کارکراوە بۆ بەرزکردنەوەی تۆمارکردن و دەستگەیشتن بە قوتابخانەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان. پلان هەیە بۆ دروستکردنی ٩٠٠٠ پۆلی خوێندنی نوێ و ئامادەکردنی کەرەستە و کارمەند بۆیان لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا. لە ٢٠١٤ ەوە حکومەت پۆلی تایبەتی بۆ باخچەی ساوایان زیاد کردووە بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان بۆ جێبەجێکردنی داواکاری خەڵک بۆ دابینکردنی خوێندن بۆ منداڵان. حکومەتی هەرێمی کوردستان دانی بە فرەچەشنی ئەو دانیشتوانەدا ناوە کە لە تەمەنی چوون بۆ قوتابخانەن و بۆیە وانە دەگوترێتەوە بە عەرەبی و ئینگلیزی شانبەشانی کوردی. هەروەها لە سەرەتای ٢٠١٦ ەوە حکومەت دەستی کردووە بە جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی ئەزموونیی لە ١٠٠ قوتابخانە بۆ ئەوەی وانەی بیرکاری و زانست و ئینگلیزی تێدا بگوترێتەوە لە قۆناغی سەرەتایی. مامۆستاکانی بەرپرس لە فێرکاریی ئەم وانانە مەشقیان بینیوە لە فێرکردنی زمانی ئینگلیزی.

**٤.٣٩. حکومەت بۆ ئەوەی خوێندنی کواڵیتی بەرز دابین بکات، ئاستی فەرمی مامۆستایان باشتر دەکات.** لە کاتێکدا نزیکەی ٦٠ لەسەد لە مامۆستایانی هەرێمی کوردستان هەندێک مەشقیان بینیوە لەسەر بەرنامە نوێیەکە، بەڵام هێشتا ئەمە بەس نییە. لانی کەمی مەرجەکانی شایستەیی بۆ مامۆستا بەرزکراوەتەوە، مەرجە مامۆستا چوار ساڵ خوێندنی بەکالۆریۆسی خوێندبێت. زانکۆ نوێیەکان بەگوێرەی ڕێوشوێنی وەزارەتی خوێندنی باڵا چوار ساڵ خوێندن دابین دەکەن بۆ بڕوانامە لە بواری پەروەردە. سەرەڕای زانکۆکان، سێ پەیمانگەی نوێی ئامادەکردنی مامۆستایان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دروست کراون. لە ٢٠١٥، حکومەت بە هاوکاری زانکۆی بێرمینگهام دەرفەتی مەشقێکی چوار مانگیی بۆ وانەبێژانی ناوخۆ ڕەخساند لە بەریتانیا، کە ڕۆژانە ١٥٠ خولەک فێرکردن هەبوو. هەروەها، هەوڵ دراوە بۆ درێژەدان بە گەشەسەندنی پسپۆڕییانەی مامۆستایان لە پەیمانگە نوێیەکانی مەشقی مامۆستایان لە هەولێر (بنکەی گەشەپێدانی پیشەیی).

٤.٤٠. **پلانێکی تری گرنگ لەناو پلانی ئەولەوییەت بۆ کوالێتی خوێندن بریتییە لە پێداچوونەوەی پرۆگرامە کۆنەکە.** وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گونجاو کاریان لەسەر گیروگرفتی بەرنامەی خوێندن کرد لە رێی پەیڕەوکردنی شێوازێکی چەند قۆناغیی بۆ پێداچوونەوە و گەشەپێدانی بەرنامەکە لە پۆلەکانی باخچە تا ١٢ی ئامادەیی. هەروەها بە هاوکاری لەگەڵ یونسێف و یەکێتی ئەوروپا حکومەت پێداچوونەوەی کرد بۆ پرۆگرامی خوێندنی ماوە بەسەرچووی"فێربوون لەپێناوی تاقیکردنەوە"، بۆ کردنی فێرخواز بە چەق بەپێی پرۆگرام لەسەر بنەمای فێربوون بە یاری. بۆ جەختکردنەوە لە گوتنەوەی پرۆگرامێکی باش لەلایەن پسپۆڕی مەشقدیتەوە، حکومەت پلان دادەنێت بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری لەناو وەزارەتی پەروەردە. ئامانجەکە بریتییە لە سەرپەرشتی ئەدای قوتابیان و هەڵسەنگاندنی توانای فێربوونیان بۆ ئەوەی باشتر ئامادە بکرێن بۆ کێبڕکێ لە هەڵسەنگاندنە نێودەوڵەتییەکانی وەک TIMSS بەمەبەستی دەستنیشانکردن و کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتا لەسەر چەند نیشاندەرێکی ئەدای خوێندکاران لە ماوەیەکدا. هەروەها حکومەت دەتوانێت لێکۆڵینەوە بکات لە دەرفەتەکانی هاوبەشی کەرتی تایبەت و گشتی بۆ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی هەڵسەنگاندنی قوتابیان بەشیوەیەک کە ئاستی هەڵسەنگاندنی خوێندکارەکان بەرزبکاتەوە بۆ ئاستی هەڵسەنگاندن لە قوتابخانە نێودەوڵەتیەکان. لەبەرئەوە، بۆ دروستکردنی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و تایبەتی گونجاو لە بواری پەروەردەدا پێویستە بەرپرسانی حکومەت توانای خۆیان بەرەوپێش ببەن لە بواری دەستنیشانکردنی ئەو لایەنە تایبەت و ئەهلییانە و دروستکردنی هاوبەشی گشتی و تایبەتی سەرکەوتوو.

٤.٤١. **بۆ جەختکردنەوە لە چاکسازی پەروەردە لە بواری گشتگیری و کوالێتی لە پێش سەرەتاییەوە تا پۆلی ١٢، حکومەت دانی نا بە ئەولەوییەتی سیاسەتەکانی بۆ زیاترکردنی لێپرسینەوە و شەفافیەت.** حکومەت پلانی هەیە بۆ گەشەپێدان و دارشتنی رۆڵ و بەرپرسیارێتی روون لەناو وەزارەتەکان، بەتایبەتی لە وەزارەتی پەروەردە. بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی بەرپرسیارێتییەکان حکومەت هەوڵ دەدات بە کارکردن لە نزیکەوە لەگەڵ وەزارەتەکان و کارگێریی قوتابخانەکان کە ئۆتۆنۆمییەکی زیاتر بدات بە قوتابخانەکان تا بتوانن بەپەلە کار لەسەر کێشەی رۆژانەیان بکەن. حکومەت لە ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٣، بە پشتگیری ئەنجومەنی کەلتوری بەریتانی پێداچوونەی کرد بە ستانداردی قوتابخانەکان بۆ بەڕێوەبەر و مامۆستایان. هەروەها هێڵی پەیوەندی لە نێوان کارگێریی قوتابخانە و دایکان و باوکان کرایەوە. تەنانەت لەدوو توێی ئەم پلانەدا، بەکارهێنانی سیستمەکانی زانیاری بەڕێوەبەردنی پەروەردە EMIS زۆر سوودبەخش دەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای قوتابخانە لە رێی نیشاندەرەکانی ئەدا، کە بۆچوون و سەرنجی دایکان و باوکان بەکاردەهێنێت لە بەرەوپێشبردنی پەروەردە و فێرکردن.

٤.٤٢. **دوابەدوای دامەزراندنی بناغەیەکی پتەو بۆ پەروەردە، ئەولەوییەتی داهاتوو بۆ حکومەت بریتییە لە چاکترکردنی توانا و کوالێتی ئاستی خوێندن و مەشقی تەکنیکی و پیشەیی (TVET).** حکومەت پلانی هەیە بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنێک بۆ بەڕێوەبردنی خوێندنی پیشەیی و تەکنیکی و بۆ لێکۆڵینەوە لە رەوتەکانی پیشە و کار لە ناوخۆ و لە بازاڕی نێودەولەتی، و هەماهەنگی لە نێوان خاوەنکار و پەیمانگەکانی خوێندن بۆ ئەوەی هەڵبژاردەی نوێی TVET دابین بکەن بۆ قوتابیانی ئاستی TVET کە دەکرێت ئەزمونی کردەیی و وەرشە لەخۆبگرێت. حکومەت هەروەها دانی بەوەدا ناوە کە پێویستە قوتابیان فێربکرێن لەسەر بایەخی مەشقی خوێندنی TVET پاش ئامادەیی بۆ ئەوەی بتوانن کێبڕکێ بکەن

لەسەر ئیش لە بازاڕی کار. هاوبەشی گشتی و تایبەت لەنێوان ئەنجومەنی حکومەت و کۆمپانیا گەورە ئەهلیەکاندا ڕەنگە بتوانێت ڕێگەخۆش بکات بۆ قوتابخانەکان کە بتوانن بەرنامەی خوێندن و مەشقی خوێندنگەکانی TVET بەشێوەیەک ڕێک بخەن کە دەرچووەکان خاوەنی ئەو شارەزاییەبن کە خاوەنکارەکانی کەرتی تایبەت بۆی دەگەڕێن، نەک تەنها چاوەڕوان بن کەرتی گشتی دایانبمەزرێنێت بۆ ئەو دەرفەتە سنووردارەی کە هەیە.

**دانانی بەرنامەیەکی مەشق و خوێندنی پیشەیی و تەکنیکی کارا**

٤.٤٣. **شارەزایی گونجاو پێشمەرجە بۆ گەشەپێدانی کەرتی تایبەت.** خاوەنکارەکانی کەرتی تایبەت زیاتر جەخت دەخەنە سەر شارەزایی تەکنیکی هەموجۆر و کردەیی، سەرەڕای شارەزایی تیۆری وەک خزمەتگوزاری خزمەتخواز و کاری تیم. دابینکردنی ئەم خەسڵەتانە لە ڕێی خوێندنی فەرمییەوە دەبێت، کە ئەمەش خوێندنی ئاسایی دەگرێتەوە (بنەڕەتی، ئامادەیی، پاش ئامادەیی) لەگەڵ خوێندنی TVET (ئامادەیی یان پاش ئامادەیی پیشەیی). لە هەرێمی کوردستان هەردوو سیستمەکە، خوێندنی ئاسایی و خوێندنی TVET ڕووبەڕووی ئاستەنگی قورس دەبنەوە لە بوارەکانی وەک دەستپێگەیشتن (لەبارێتیی دەزگاکان) و کواڵیتی (جۆرایەتی، بەرنامەی خوێندن و مەشقی مامۆستایان). خاوەنکارەکان باسی ئەوە دەکەن کە کەموکووڕی هەیە لە شارەزاییە تەکنیکی و ناتەکنیکییەکانی دەرچووەکاندا، بەم شیوەیەش ئەم دەزگای خوێندنانە کەسانێکی گونجاو لە بواری کارزانییەوە فەراهەم ناکەن. بۆ نموونە، ڕووپێووی ڕاند لە ٢٠١٢ بۆ دامەزراوەکانی پرۆژە لە هەرێمی کوردستان گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە گرانترین کار کە کارمەندی بۆ پەیدا بکەیت ئەوەیە کە پیشەیی و تەکنیکی بێت (٣٧ لەسەد لە خاوەنکارەکان باسی ئەم کەموکوڕییەیان کرد)، هەروەها خزمەتگوزاری فرۆشیاری و خزمەتگوزاری کڕیارەکان (٢٥ لەسەد)، ئەمەی دووەمیان بریتییە لە شارەزایی بواری نەرم-و تیۆری. لە هەرێمی کوردستان پێویستە بەرنامەکانی TVET بە شێوەیەک دابڕێژرێت کە مەشقی تەکنیکی و مەشق لەسەر پیشەیەکی دیاریکراو پێشکەش بکەن، هەروەها ئەزموونی شوێنی کاریش بدات بە قوتابییەکان لە ڕێی ماوەی جێبەجێکردن و پەیوەندی تری ڕاستەوخۆ بە ئەزمونی کردەیی لە شوێنی کار و گەشەپێدانی کارزانیی نەرم کە دواتر لە کاتی کارکردن پەیدا دەکرێن.

٤.٤٤. **نیشاندەرەکانی بازاڕی کار ئەوە دەردەخەن کە یەکێک لە گرفتەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بریتیە لە کەموکوڕی لە شارەزایی و نەگونجانی شارەزایی.** بەگوێرەی ڕووپێوی پرۆژە لە عێراق، ٣٤ لەسەد لە کۆمپانیا عێراقییەکان نەگونجاوێتیی شارەزایەتێکانیان لە بازاڕی کار بە کۆتوبەند زانیوە کە ئەمەش ١٣ خاڵی سەدی زیاترە لە تێکڕای ڕێژەکە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا و ٧ لەسەد زیاترە وەک لە هی وڵاتانی تر. هەروەها، ڕووپێوی ڕاند بۆ پرۆژەکان ئەوە دەردەخات کە ٤٠ لەسەد لە خاوەنکارەکان باسی ئەوەیان کردووە کە دەرچووەکانی ئامادەیی زۆر بە لاوازی ئامادەن بۆ کارکردن، و ٢٥ لەسەدی خاوەنکارەکان ئەوەیان باس کردووە کە دەرچووەکانی پەیمانگەکانی پاش ئامادەیی ئامادەنین بۆ کارکردن (کۆنستانت و ئەوانی تر، ٢٠١٤). لەناو ئەو کەموکوڕییانەی کە باس کراوە، ئەمانە هەیە: نەبوونی ئەزموون، نەبوونی شایستەیی خوێندن و نەبوونی شارەزایی گونجاو.

**٤.٤٥. لە هەرێمی کوردستان سێ جۆری سەرەکی لە خوێندنی TVET هەیە.** یەکەمیان لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە دابین دەکرێت، کە سەرپەرشتی خوێندنی پیشەیی ئاستی ناوەندی دەکات. تا ئەم دواییەش وەبەرهێنانێکی ئێجگار کەم دەکرا لەو قوتابخانانە لە بواری گەشەدان بە بەرنامەی خوێندنەکە، مەشقپێکردنی مامۆستایان و باشترکردنی دەزگاکان، ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی کەم لە قوتابیان ڕوو بکەنە ئەم قوتابخانانە. بە هاوکاری GTZ و ڕاند، وەزارەتی پەروەردە بەرنامەیەکی دارشتنەوەی هەیکەلی بۆ خوێندنی تەکنیکی دانا کە هێشتا جێبەجێ نەکراوە لەبەر نەبوونی تەمویل. جۆری دووەمی TVET بریتییە لە خوێندن لە پەیمانگەکانی TVET پاش ناوەندی، کە دەکەوێتە ژێر سەرپەرشتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی. دوو ساڵ خوێندن هەیە لە پەیمانگەی تەکنیکی و چوار ساڵ خوێندن هەیە لە کۆلیژی تەکنیکی کە بڕوانامە و تایبەتمەندی دەدەن لە بوارێکی دیاریکراوی پیشەییدا. ئەم دەزگایانە دەرچووانی ئامادەیی گشتی و پیشەیی وەردەگرن. جۆری سێیەم بریتییە لە بەرنامەدانان بۆ TVET کە لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە سەرپەرشتی دەکرێت، کە لە شەش شاری هەرێمی کوردستانی عێراق سەنتەری هەمیشەیی هەیە. ئەم بەرنامانە بۆ ئەو گەنجانەیە کە خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەییان تەواو نەکردووە یان پێویستیان بەوەیە توانای مرۆییان پتەوتر بکەن بۆ ئەوەی بچنە ناو بازاڕی کار. ئەم سەنتەرانە بە شێوەیەکی گونجاو کەرەستەیان بۆ دابین نەکراوە و چەندین کۆتوبەندی گەورەیان لەسەرە، بۆ نموونە پرۆگرامی خوێندنەکان و شێوازەکانی فێرکردن زۆر کۆنن، ژمارەی راهێنەرەکان کەمە و ئەو کارزانییە پێویستەیان نییە، ئامێر و کەرەستەی پێویستیان بۆ دابین نەکراوە، کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بە هیچ شێوەیەک بەشداری ناکەن لە بەرنامەکان (ماوەی پیادەکردن، مەشقکردن لە کاتی ئیش) و پاش تەواوبوونی مەشقەکە هیچ بەدواداچونێک ناکرێت و خزمەتگوزاری هاوکاری دۆزینەوەی کار پێشکەش ناکرێت. پێویستە ئەم سەنتەرانە بکرێن بە بەشێک لە ستراتیجێکی گەورەتر بۆ چاکترکردنی TVET لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی شارەزا بکرێن بەو خەسڵەت و کارزانییانەی کە کەرتی تایبەت بۆی دەگەڕێت. زۆر گرنگە کە دەرفەت بدرێت بەو کەسانەی کە بۆ کار دەگەڕێن مەشقێک ببینن کە ببێتە هۆی ئەوەی دەرفەتی زیاتریان پێبدات بۆ وەرگیران.

٤.٤٦. **پتەوکردنی سیستمی پەروەردە و مەشقی پیشەیی بە هاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەت و چاکسازی لە بەرنامەی خوێندن بە مەبەستی پتەوکردنی ئەو پسپۆڕییە تەکنیکییەی کە کەرتی تایبەت بۆی دەگەڕێت کارێکی زۆر گرنگە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕییەی کە لە شارەزاییدا هەیە، و بۆ زیادکردنی دامەزراندن لە کەرتی تایبەت.** وا باوە کە مووچە و کرێ و دەرماڵەی کارمەندی کەرتی گشتی بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، دەبێتە مایەی ئەوەی کە کەرتی تایبەت نەتوانێت بەهرەدارەکان رابکێشێت و لای خۆی بیانهێڵێتەوە. هەرە پێویستی گەورە و بەپەلە بریتییە لە پتەوکردنی سیستمی خوێندنی ئامادەیی TVET کە وەزارەتی پەروەردە سەرپەرشتی دەکات لەگەڵ ئەو بنکانەی مەشقی گەنجان کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەڕێوەیان دەبات. هەروەها زۆر گرنگە بەردەوام گەشە بدرێت بە هەردو سیستمی خوێندنی ئامادەیی گشتی و پاش ئامادەیی و دارشتنی پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ خاوەنکارەکان. ئەمە پێویستی بە هاوکاریی بەردەوامی تەکنیکی و پلاندانان و هەماهەنگییە و وا باشترە پێکەوە کاری لەسەر بکەن بۆ ئەوەی دەرگا بکرێتەوە بۆ تەمویلی لایەنی جۆراوجۆر.

٤.٤٧.  **مەشقی TVET لە ئاستی ناوەندی و دواناوەندی و هی گەنجان پێویستی بە هەماهەنگی پتەو هەیە لەگەڵ لایەنە بەشدارەکان**. وەک وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەروەها خاوەنکارەکان، بەمەبەستی یەکخستنی ستانداردەکان وەک یەک و گەشەپێدانی ڕێچکەی کار بۆ گەشەپێدانی پسپۆڕیی و پیشەیی کە بواری جۆراوجۆر بۆ قوتابییان بکاتەوە بەرەو گواستنەوە بۆ ژیانی بازاڕی کار یان درێژەدان بە خوێندن پاش خوێندنی دواناوەندی. ڕاند نەخشەرێگایەکی دارشتووە بۆ چاکترکردنی TVET وەک ڕاسپاردە بۆ هەیکەلی بەڕێوەبردن، بەرزکردنەوەی ئاستی بەرنامەی خوێندن و شارەزایی وانەبێژەکان، و دانانی میکانیزم بۆ ڕێنمایی بۆ ئەو خوێندکارانەی کە لە کۆتایی خوێندنی بنەڕەتییەوە دەست پێدەکەن و درێژە بە خوێندن دەدەن بەرەو ئامادەیی، و ئامۆژگارییان لەسەر رێکارەکانیان و چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئامانجە پیشەییەکانیان (کۆنستانت و ئەوانی تر، ٢٠١٤).

٤.٤٨.  **چەند کۆمەکبەخشێک پشتگیرییان لە بەرنامەی TVET کردووە لە هەرێمی کوردستان، UNIDO و ILO و SIDA و GIZ  تەمویلیان بۆ دابین کردووە**. بەڵام ئەمانە بە سەربەخۆیی و بە جیا دارێژراون و جێبەجێ کراون بە بەرنامەی خوێندن و شێوازی فێرکاریی جیاواز و بەبێ هەماهەنگی و پەیوەندیی بە بەرنامەکانی تری حکومەتەوە. پێویستە ئەم بەرنامانە بەشێوەیەکی چڕوپڕ هەڵبسەنگێندرێن، و شیکردنەوەیەک ئەنجام بدرێت بۆ سوودی تێچووەکان. بەڵگەکانی پێشوو لە لێکۆڵینەوەکانەوە ئەوە دەردەخەن کە پێدەچیت دەرەنجامەکان زۆر سنووردار بووبن و ئەو کولفانە زۆر گران بووبن. هەماهەنگی کارا لەگەڵ ئەم بەرنامانە لە وەزارەتی پلاندانان زۆر پێویستە لە پێناو بەکارهێنانی باشتری پارەی دەگمەنی کۆمەکبەخشان[40]. گۆڕینی هەیکەلی هەنووکەیی TVET بەرەو سیستمێکی مۆدێرن پێویستی بە کاری چاکسازی گشتگیر و پێکەوەیی و هەماهەنگە بە هاوکاری نزیک لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و هاوبەشە کۆمەکبەخشەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی بواری خوێندن و پەروەردە. بۆ ئەوەی شارەزاییە دەرچووەکانی TVET هاوشان بێت لەگەڵ داواکاری بازاڕ، پێویستە چاکسازی لە TVET دا لە چوارچێوەی چاکسازییەکی هەمەلایەندا بێت.

[40] چاکترکردنی مەشق و خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ڕاند، ٢٠١٤،
http://www.rand.org/pubs/research_reports/RR٢٧٧.html

٤.٤٩ ئەم خشتەیەی خوارەوە ئەولەوییاتی چاکسازی پیشان دەدات لە کەرتی خوێندن و پەروەردە

**خشتەی ٤.٧ دانانی ئەولەوییەت بۆ چاکسازی لە کەرتی خوێندن و پەروەردە**

| | | چاکسازی لە پەروەردە | بەرپرسیاریتی |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٦ | بەرنامەکان | • زیادکردنی دەستگەیشتن بە قوتابخانە و پۆلەکان، یان لە رێی بیناسازییەوە یان شوێنێک بە کرێ، بۆ سەرجەم ئاستەکانی خوێندن بۆ کەمکردنەوەی فرەدەوامی لە قوتابخانەکان و زیاترکردنی (ماوەی فێرکاری) | وەزارەتەکانی پەروەردە، پلاندانان، دارایی و ئابوری |
| | دامەزراوەکان | • دامەزراندنی لیژنەی کار بۆ کارکردن لەسەر منداڵانی بچووک | وەزارەتی پەروەردە |
| | بەرنامە | • دابەشکردنی بەرنامە نوێیەکەی خوێندن بەسەر قوتابخانەکاندا | وەزارەتی پەروەردە |
| | بەرنامە | • درێژەدان بە بەرنامەکانی مەشقی مامۆستا بۆ ئاستی بنەڕەتی و سەرەتایی | وەزارەتی پەروەردە |
| | بەرنامە | • فێرکردنی بیرکاری و زانستەکان لە ئاستی سەرەتایی بە عەرەبی و ئینگلیزی | وەزارەتی پەروەردە |
| ٢٠١٧ | بەرنامە | • چاکترکردنی ژینگەی قوتابخانە لە رێی دانانی کتیبخانە و تاقیگە و چالاکی تری دەرەوەی پرۆگرامی خوێندن و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بۆ پرۆگرامی خوێندن | وەزارەتی پەروەردە<br>وەزارەتی خوێندنی باڵا<br>وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان |
| | بەرنامە | • چاکترکردنی دەزگا سەرەکییەکان لە زۆربەی قوتابخانە گشتیەکان وەک کارەبا و ئاوی خواردنەوە | وەزارەتی پەروەردە<br>وەزارەتی کارەبا<br>وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو |
| | دەزگاکان | • داڕشتن و گەشەپێدانی بەرنامەی مەشق بە مامۆستایان لە بنکە نوێیەکانی مەشقی مامۆستایان (بنکەی گەشەپێدانی پیشەیی) لە هەولێر | وەزارەتی پەروەردە<br>وەزارەتی خوێندنی بالا |
| | ستراتیج | • میکانیزمی دڵنیایی جۆری دابمەزرێت بۆ خوێندنی باخچەی ساوایان تا پۆلی ١٢ | وەزارەتی پەروەردە |
| | ستراتیج | • هەڵسەنگاندنی فێرکاریی قوتابیان لە ئاستی بنەڕەتی و ئامادەیی بۆ ئامادەکردنیان بۆ بەشداری لە هەڵسەنگاندنی نێودەولەتییدا | وەزارەتی پەروەردە |
| ٢٠١٨ | دەزگاکان | • دامەزراندنی ئەنجومەنی سەربەخۆی بەرێوەبردنی TVET بۆ لێکۆڵینەوە لە رەوتی بازاڕی کاری ناوخۆ و نێودەوڵەتی | وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی |
| ٢٠١٦–٢٠٢٠ | بەرنامە | • پلان بۆ دروستکردنی ٩٠٠٠ پۆل | وەزارەتی پەروەردە |

## ب. کەرتی تەندروستی

٤.٥٠. **سەرەڕای گۆڕانکاری باش لە دە ساڵی ڕابردودا، هێشتا کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە دەبێتەوە.** لێشاوی ١.٨ ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەری سوری بارێکی تری گرانی خستۆتە سەر سیستمی تەندروستی، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە چڕی دانیشتوانیان زۆرە. سەرجەم دانیشتوانی هەرێمی کوردستان شایستەن بۆ خزمەتگوزاری تەندروستی بێبەرامبەر لە نەخۆشخانە گشتیەکان و لە بنکە تەندروستیەکان، بەلام زۆربەی کات ئەم نەخۆشخانە و بنکانە زۆر قەرەباڵغن و ئاستیان نزمترە لە ئاستی ستانداردی نیودەولەتی و خزمەتگوزارییەکانیان وەک پێویست نییە. نزیکەی هەموو دکتۆرەکان بەشێکی کاتەکەیان (کەمتر لە پەنجا لەسەد) کار دەکەن لەو برەی کە هەفتانە ٣٠ کاتژمێرە و کەرتی گشتی پارەیان دەداتێ، دوای ئەوە دەڕۆن بۆ نۆڕینگەی تایبەتی خۆیان (ئەمە پێیان دەگوترێت دوو کار/پراکتیز). زۆربەی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان لە بنکەی تەندروستی دەدرێت و لە هەرێم لە زۆر شوێن هەن. خزمەتگوزارییەکانی خۆپارێزی و چاککردنەوە بەردەوام دابین ناکرێت لەبەر ژمارەی نەگونجاو و لەبەر شارەزایی پسپۆڕەکانی بواری پزیشکی، و نەبوونی ئامێر یان لەبەرئەوەی ئامێرەکان ئیش ناکەن (بۆ نموونە کەرەستەی سەرەکی تاقیگە، کورسی نەخۆشی ددان، ئامێری تیشکی ئێکس بۆ دکتۆری ددان). ئەگەرچی برێکی کەم پارە دەدرێت بۆ خزمەتگوزارییەکانی کەرتی گشتی، بەڵام دارایی هەموو خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەدرێت.

٤.٥١. **هەرێمی کوردستان بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینی لە بواری ڕەوشی تەندروستییدا بە بەڵگەی بەرەوپێشچوون لە تەندروستی منداڵان و کەمبوونەوەی ڕێژەی مردنی منداڵان، و هەڵمەتی کوتان و ڕەوشی خۆراکی منداڵانی خوار تەمەنی پێنج ساڵ، بەڵام هێشتا پێویستە کاری چڕوپڕ بکرێت بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان و بەدەستهێنانی گەشەی زیاتر.** لە هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠١١، ڕێژەی مردنی ساوا بە ٢٨ لە ١٠٠٠ لەدایکبوونی زیندوو مەزەندە کراوە، بەرامبەر بە ٣٢ مردن بۆ ١٠٠٠ لەدایکبوونی زیندوو لە بەشەکانی تری عێراق. بەهەمان شێوە تێکڕای مردنی منداڵان ٣٢ بوو لە ١٠٠٠ لەدایکبوونی زیندوو، بەڵام ڕێژەی گشتی مردنی منداڵان لە عێراق بە ٣٧ مردن مەزەندەکراوە بۆ ١٠٠٠ لەدایکبوونی زیندوو. سەبارەت بە کوتان، نزیکەی ٤٧ لەسەد لە منداڵان لە هەرێمی کوردستان کوتانی پێشنیارکراویان پێگەیشتووە لە ٢٠٠٦. ئەم ڕێژەیە زیادی کرد بۆ ٦٤ لەسەد لە ٢٠١١. سەبارەت بە خۆراکی منداڵان، نیشاندەرەکان ئەوە دەردەخەن کە ڕێژەی سەدی منداڵی لاواز و ناکام کە تەمەنیان لە خوار پێنج ساڵە، بریتین لە ٧،٥ و ١٥ لەسەد. ئەم نیشاندەرەی دواییی بەراوردی هەیە لەگەڵ ژمارەکانی ناوچەکانی خوارووی عێراق. ژمارەی ئەوانەی گەشەیان کەمە لە ناوڕاست و باشووری عێراق ئێجگار زۆرترە، نزیکەی ٢٥ لەسەدی منداڵانی خوار پێنج ساڵ. بەشێوەیەکی گشتی گەشەنەکردن وەک پێوەرێک بۆ خۆراکی منداڵان بە خێرایی لە هەرێمی کوردستان کەمی کردووە بە بەراورد لەگەڵ عێراق[٤١].

[٤١] MICS "گەشەسەندنی ڕەوشی منداڵان و ئافرەتان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، یونسێف، ٢٠١١.

٤.٥٢. **حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گۆڕانکاری دیموگرافی و قەیراندا تێپەڕدەبێت، کە ئەمەش کار دەکاتە سەر توانای تەندروستی گشتی لە وەڵامدانەوەی گۆڕانکارییەکە و زیادبوونی خواست لەسەر تەندروستی.** هەندێک لە خەسڵەتەکانی گۆڕانکارییەکی لەم جۆرە بریتین لە کەمبوونەوەی ڕێژەی منداڵی ناکام، پیربوونی دانیشتوانەکە و گواستنەوە لە نەخۆشییە گوێزراوەکانەوە بۆ زیادبوونی نەخۆشییە نەگوێزراوەکان، وەک نەخۆشی دڵ، گرێی پیس و نەخۆشی هەلاوسانی جگەر، کە هۆی سەرەکی مردنن لە هەرێمەکە و پێویستە چاودێرییەکان چڕ بکرێت و ڕێوشوێنی خۆپارێزی بگیرێتەبەر. لەلایەنە ئەرێنییەکەوە، دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەستیان تا ڕادەیەک بە خێرایی دەگاتە نەخۆشخانە گشتیەکان، بە تێکڕا نزیکەی ١٩ خولەک لێیان دوورە. بە هەمان شێوەی پەروەردە و خوێندن هەندێک بەڵگە هەیە لەسەر بەرەوپێشچوون، بەڵام هێشتا کاری تر ماوە بکرێت بۆ پتەوکردنی سیستمی تەندروستی و پێگەیاندنی کادری مەشقدیتە لە بواری خزمەتگوزاری تەندروستی و پسپۆڕی پزیشکی. یەکێک لە پێویستییە بەپەلەکان بریتییە لە چاکترکردنی مەشقی پسپۆڕی، پێگە و بەرپرسیارێتییەکانی پەرستارەکان (لە هەر سێ ئاستەکەی مەشق) لە سەرتاسەری هەرێم.


٤.٥٣. **خەرجییەکانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دوابەدوای ڕەوتێکی ئەرێنی لە ٢٠٠٨-٢٠١١.** زیادبوونی خەرجییەکان زیاتر و گەورەتر بوو لە ڕێژەی هەڵاوسان و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، لە ئەنجامدا خەرجیەکانی تاک لەسەر تەندروستی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد. زیادبوونی خەرجییەکانی تەندروستی بۆ یەک کەس لەم ماوەیەدا بە ڕێژەی ٤٥ لەسەد زیادی کرد، لە ٧٦ دۆلارەوە بۆ ١١٠ دۆلار.

٤.٥٤. **خەرجییە گشتیەکان لەسەر تەندروستی بەگوێرەی کۆی خەرجیەکانی حکومەت لە هەرێمی کوردستان ٥.٥ لەسەدە، کە لە پێگەیەکی باشدایە بە بەراورد لەگەڵ ئاستی نیشتمانی عێراق.** بەگوێرەی دواترین داتای (ژمێرەی تەندروستی نیشتمانی (National Health Accounts (NHA) لەسەر عێراق، خەرجیەکانی کەرتی تەندروستی گشتی لە کۆی خەرجیەکانی کەرتی گشتی لە ٢٠٠٨ بریتی بووە لە نزیکەی ٤.٨ لەسەد. بە بەراورد لە هەمان ساڵدا هەرێمی کوردستان ٥.٥ لەسەد بووە. ئەم ڕێژانە جێی بەراوردن لەگەڵ ڕێژەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا، بەڵام کەمترن لە هی وڵاتانی OECD. داتای NHA بەردەست ئەوە دەردەخات کە کۆی گشتی خەرجیەکانی تەندروستی بەڕێژەی سەدی جی دی پی لە تەواوی وڵاتەکە نزیکەی ٣.٣ لەسەد بووە و بۆ یەک سەر بریتی بووە لە ١٣٧ دۆلار. لە کۆی خەرجیەکانی تەندروستی ٧٤ لەسەد لە سەرچاوەکانی کەرتی گشتی بووە و ٢٥ لەسەد لە سەرچاوەی تایبەتەوە بووە، و ١ لەسەدیش کۆمەکی کۆمەکبەخشان بووە.

٤.٥٥. **زۆرینەی دابینکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و داراییکردنی تەندروستی لە لایەن کەرتی گشتیەوەیە و کەرتی تایبەتیش هەندێک بەشداری دەکات و هەندێک وەبەرهێنانی کردووە.** خزمەتگوزارییەکانی کەرتی گشتی لە لایەن وەزارەتی تەندروستییەوە لە هەولێر بەڕێوە دەبرێن، کە تۆڕێکی گەورەی هەیە لە دەزگای تەندروستی سەرەتایی و سەرەکی، خێزانەکان تەنها نرخێکی ڕەمزی دەدەن لە بەرامبەر خزمەتگوزارییەکان. ئەم دەزگایانە بە داهاتی گشتی دارایی دەکرێن و هەمان پرۆسەی باوی دارشتنی بودجە بەکاردەهێنن. وەزارەتی دارایی و ئابوری ڕەزامەندی دەدات لەسەر بڕی پارەی تەرخانکراوی ساڵانە بۆ خزمەتگوزارییەکانی وەزارەتی تەندروستی و مووچەی سەرجەم کارمەندەکان

بەگوێرەی ڕێوشوێنەکانی خزمەتی مەدەنی. شانبەشانی کەرتی گشتی، کەرتی تایبەتیش وەبەرهێنانی کردووە لە تەندروستییدا لە سەرتاسەری هەرێم. ئەم دەزگایانە بە شێوەی ڕاستەوخۆ دارایی دەکرێن.

**شێوەی ٤.٩ بریتییە لە ژمارەی تەختی نەخۆشخانەکان بە گوێرەی پارێزگاکان لە گشتی و ئەهلی**




سەرچاوە: وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ٢٠١١

٤.٥٦ **لە کاتێکدا ئەگەرچی ژمارەی کارمەندانی تەندروستی زیاد دەکات، کەرتەکە ڕووبەڕووی کەمی سەرچاوە مرۆییەکان دەبێتەوە و نەگەیشتووە بە ئامانجەکەی خۆی.** بۆ نموونە، ٠.٧ دکتۆر هەیە بۆ ١٠٠٠ کەس لە دانیشتوان لە بەرامبەر بە ئامانجەکە کە بریتییە لە ٢ بۆ ١٠٠٠، ٠.١ ددانساز هەیە بۆ ١٠٠٠ کەس لە کاتێکدا ئامانجەکە بریتییە لە ٠.٥/١٠٠٠، و ١.١ پەرستیار هەیە بۆ ١٠٠٠ کەس لە کاتێکدا ئامانجەکە بریتییە لە ٢/١٠٠٠. ڕاپۆرتێکی ڕاند لە ٢٠١٢ ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ وەڵامدانەوەی ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوان و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان، هەرێمی کوردستانی عێراق لە ٢٠٢٠ پێویستی بە ٢٠ لەسەد زیادبوونە لە ژمارەی دکتۆران تا بتوانێت ئەم ئاستەی ئێستا بپارێزێت لە ڕێژەی دکتۆر بۆ نەخۆش.

٤.٥٧ **لێشاوی ڕوو لە زیادبووی پەنابەری سوری و ئاوارەی ناوخۆی عێراقی بۆ ناو هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٢-٢٠١٤ بارێکی زۆر گرانی خستۆتە سەر شانی کەرتی تەندروستی.** لێشاوی گەورەی ئاوارەی ناوخۆ و قەیرانی سەختی دارایی لە ٢٠١٤، توانای حکومەتی هەرێمی کوردستانیان خستە ژێر تاقیکردنەوە لە بواری وەڵامدانەوەی زیادبوونی پێویستییە تەندروستییەکان بۆ ئاوارە و پەنابەرەکان. ئەم لێشاوی ئاوارە و پەنابەرانە بووە مایەی سەرهەڵدانەوەی ئیفلیجی منداڵان (دوای ئەوەی کە ١٤ ساڵ بوو هیچ حاڵەتێک نەمابوو)، هەروەها نەخۆشی تری درمییش کە تووشی دانیشتوانەکە دەبن (بۆ نموونە لیشمانیا- leishmaniasis). ئەگەرچی سیستمی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نیشاندەرەکانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان بەگشتی باشترن لەوانەی عێراق، بەڵام بەردەوامییدان بە دابینکردنی خزمەتگوزاری باش بۆ دانیشتوانێک کە ژمارەیان بەردەوام زیاد دەکات لە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نییە. ئاوارە و پەنابەرەکان کاریگەری نەرێنییان هەبووە لەسەر خەرجیەکانی تەندروستی بۆ تاک لەو کۆمەڵگانەدا کە ئاوارەیان لەخۆیان گرتووە. نەمانی لێشاوی دارایی لە ئاستی تاکەکەسدا لە کۆمەڵگە خانەخوێی ئاوارەکاندا لە هەرێمی کوردستان کاریگەری هەیە لەسەر ئەدای تەندروستی بەگشتی، تەنانەت لەسەر یەکسانی و توانای بەرسڤدانەوەی سیستمەکەش. ئەگەرچی

کۆمەکبەخشی دەرەکی هەوڵیان داوە پشتگیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ بەڕێوەبردنی کاریگەریی و ئاکامەکانی ئەمانە، بەڵام هێشتا پێویستە سەرچاوەی دارایی گەورە دابین بکرێت تا بتوانرێت سەقامگیری بگەڕێندرێتەوە بۆ کەرتی تەندروستی و بوار بدرێت بە دەسەڵاتدارانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان بتوانن مامەڵەبکەن لەگەڵ لێشاوی ئاوارە و پەنابەر و بتوانن خزمەتگوزارییەکی باش پێشکەشی سەرجەم دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بکەن. لە هەڵسەنگاندنێکی بانکی نێودەوڵەتییدا سەبارەت بە کاریگەری قەیرانی سوریەکان لەسەر کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، بانکی نێودەوڵەتی ئەوەی پیشان داوە کە لە سیناریۆیەکدا ئەگەر لێشاوێکی کەمی ئاوارە بێت، کۆی تێچووی پێویست بۆ سەقامگیرکردنی خزمەتگوزاریە تەندروستییەکان لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ تا کانونی یەکەمی ٢٠١٥ زیاتر دەبێت لە ٣٣٩ ملیۆن دۆلار، واتە ٣٦٢ دۆلار بۆ یەک پەنابەر/ئاوارە. جێی سەرنجە تێچووی پێویست بۆ سەقامگیرکردن دەبێت بخرێتە سەر ئەو بودجە ساڵانەیەی کە پێویستە بۆ کەرتی تەندروستی لە ٢٠١٤ و ٢٠١٥ ، ئەگەر قەیرانی ئابوری ڕووی نەدایە دەبوایە بۆی زیاد بکرایە.

*٤.٥٨.* ***لە ٢٠١٠ ەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نزیکەوە کاری لەگەڵ دەزگای ڕاند کردووە بۆ ڕێنمایی چاکسازی لە سیستمی خزمەتگوزاری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان.*** ڕاند هاوکاری حکومەت دەکات بۆ هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی کێشە سەرەکییەکانی کەرتی تەندروستی، و قسەکردن لەگەڵ بەرپرسانی بواری تەندروستی سەبارەت بە ڕێکار و ڕاسپاردەکان و جێبەجێکردنیان بە چەند قۆناغێک لە چەند بوارێکدا وەک دارایی، خزمەتگوزاریی سەرەتایی و کواڵیتی. هەندێک لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی تەندروستی کە ڕاند پەنجەی خستوونەتە سەر بریتین لەمانە[٤٢]:

- خەرجیی گشتی تەندروستی گونجاو نییە بۆ دابینکردنی داواکارییەکانی ئێستا بۆ خزمەتگوزاری تەندروستی، بە تایبەتی لەگەڵ زیادبوونی لێشاوی پەنابەر و ئاوارە.
- بڕێکی کەم داهات کۆدەکرێتەوە لەبەر ئەوەی نەخۆش نرخێکی ڕەمزی دەدات بە کەرتی گشتی.
- نەبوونی داتا و توانا لە وەزارەتی تەندروستی بۆ جێبەجێکردنی چاکسازی دارایی.
- توانای بەڕێوەبردنی نەخۆشخانە سنووردارە، دەزگاکان و ئامێرەکان کۆنن.
- ژمارەی کارمەندان نەگونجاوە و بەس نییە.

*٤.٥٩.* ***لە هەنگاونان بەرەو پێشەوە، وەزارەتی پلاندانان لە ٢٠١٣ پلانێکی ئامادەکرد بۆ دیدگەی گەشەسەندن بۆ ٢٠٢٠ کە باسی ئاستەنگەکان و باسی دیدگە دەکات بۆ کەرتی تەندروستی و جەخت دەخاتە سەر ئەم خاڵە سەرەکییانە:*** (i) پەیڕەوکردنی سیستمێکی دروست بۆ داراییکردنی تەندروستی کە جەخت بخاتە سەر دڵنیایی کۆمەڵایەتی تەندروستی، (ii) چاکترکردنی هەبوون و کواڵیتی خزمەتگوزارییەکانی کلینیک، *(iii)* هاندان و پتەوکردنی خزمەتگوزارییە خۆپارێزییەکان، و (iv) چاکترکردنی بەڕێوەبردنی کەرتی گشتی، تواناکانی بواری سیاسەتەکان و ڕێکخستن و ڕێوشوێنەکان.

---

[٤٢] Anthony, C. Ross, Melinda Moore, Lee H. Hilborne and Andrew W. Mulcahy. چاکسازی کەرتی تەندروستی لە عێراق – هەرێمی کوردستانی داراییکردنی چاکسازیی سەلامەتی نەخۆش و چارەسەری سەرەتایی. Santa Monica, CA: کۆرپۆرەیشنی ڕەند, ٢٠١٤. http://www.rand.org/pubs/research_reports/RR٤٩٠-١.html.

٤.٦٠. ***بەم پێیە وەزارەتی تەندروستی ئەجێندەی بۆ ئەولەوییاتی چاکسازی کەرتی تەندروستی بۆ چەند ساڵی داهاتوو داڕشتووە، و بابەتە سەرەکییەکان بریتین لە:***

- پتەوتکردنی خزمەتگوزاری سەرەتایی تەندروستی لە ڕێی دابینکردنی پاکێجێک لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و زیاترکردنی خزمەتگوزارییەکانی خۆپارێزی. لە ئایاری ٢٠١٢ وەزارەتی تەندروستی ئەم پاکێجی خزمەتگوزارییانەی بۆ هەر ئاستێک لە ئاستە سەرەکییەکانی سیستمی خزمەتگوزارییەکە پێناسە کرد.
- داراییکردنی چاکسازییەکانی بواری تەندروستی بەمەبەستی گۆڕینی سیستمی ئێستا کە پشت بە بودجە دەبەستێت بەرەو خزمەتگوزاری بەرپرسیاری تەندروستی، هەروەها لێکۆڵینەوە لە ئەگەری گواستنەوە بۆ سیستمی بیمەی کۆمەڵایەتی تەندروستی، کە بە بیمەی تایبەت تەواودەکرێت، هاوکات لەگەڵ هەیکەلی ڕێکخراوەیی بۆ بەڕێوەبردنی سیستمەکە.
- کارکردن لەسەر دیاردەی دوو دوامی دکتۆرەکان کە لە کەرتی گشتی و تایبەتیش کار دەکەن و پێداچوونەوەی پارەدان و مووچە بۆ پشتبەستن بە میکانیزمەکانی مووچە بەرامبەر ئەدا.
- پتەوکردنی بەکارهێنانی داتا بۆ بڕیاردان لە ڕێی بەرفراوانکردن و بەکارهێنانی سیستمی بەڕێوەبردنی زانیاری بۆ هاوکاری لە دروستکردنی بڕیارەکان لەلایەن کاگێڕییەوە بەمەبەستی پتەوکردنی کوالێتی خزمەتگوزارییەکان.
- چاکترکردنی کوالێتی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و سەلامەتی نەخۆش لە ڕێی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ستانداردەکانی ئیعتیباری نێودەوڵەتی بۆ دەزگا تەندروستییەکان.
- پتەوکردنی ڕێوشوێنەکان و هاوبەشی گشتی-و تایبەت: داڕشتنی چوارچێوەی سیاستەکان بۆ بەشداری کەرتی گشتی و تایبەت لە داراییکردن و لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان.

## ج. میوانداری ئاوارە و پەنابەری عێراقی و سوری

٤.٦١. ***هەرێمی کوردستان لە ئێستادا زۆرینەی ئاوارەکانی عێراقی لەخۆگرتووە.*** بێجگە لە پەنابەرە سوریەکان، هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر ئاوارەی ناوخۆش لەخۆدەگرێت کە ئەمانە بە هەموو پێوەرێکی ئابوری قەبارەیان ئێجگار گەورەیە بە بەراورد لەگەڵ قەبارەی ئەو کۆمەڵگانەی کە میوانداریيان دەکەن. شێوازی هەرێمی کوردستان بۆ مامەڵە لەگەڵ ئەم ئاوارە و پەنابەرانە ئێجگار بەخشندە بووە. پەنابەری سوری پاش ئەوەی لە لایەن UNHCR تۆمار دەکرێن شایستەدەبن بە مافی مانەوە و کارکردن. سیاسەتێکی لەو جۆرەش هەیە بۆ ئاوارەی ناوخۆ. زۆرینەی ئاوارەکان لە دەرەوەی کەمپەکان دەژین. بەڕێوەبردنی کەمپەکان لەسەرخۆ دەدرێتە دەست دامودەزگاکانی حکومەت وەک ئەنجومەنی پەنابەرانی هەولێر. هیچ کۆتوبەندێک نییە لەسەر هاتوچۆکردن لە کەمپەکان، و حکومەتی هەرێمی کوردستان خزمەتگوزارییەکان دەگەیەنێت بە کەمپەکان (ئاو و زەوی و کارەبا).

٤.٦٢. ***سروشتی درێژخایەنی پێکدادانەکان لە ناوچەکە و قەبارەی گەورەی لێشاوی ئاوارە و پەنابەر فشاریان خستۆتە سەر دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.*** قەیرانی دارایی کار دەکاتە سەر توانای حکومەت لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان بۆ ئەو زیادبوونە لە ژمارەی دانیشتوان. تا ئێستا

حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە سوود وەربگرێت لە پشتگیری و هاوکاریی نێودەوڵەتی بۆ کارکردن لەسەر کێشە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە لێشاوی ئاوارە و پەنابەر. پشتگیری لە حکومەت بۆ وەرگرتنی پشتگیری گەورەی نێودەوڵەتی دەبێتە مایەی لابردنی هەندێک فشاری گەورە لەسەر دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و کێبڕکێ لەسەر کار و کەرەستە و خزمەتگوزارییەکان لە ئابورییەکی قەیراناویدا.

## ٥. لێپرسینەوە

**٥.١. لاوازییەکانی توانای دامەزراوەیی و بەڕێوەبردن ریشەی زۆر ئاستەنگی گەشەسەندنن لە هەرێم.** بۆیە دامەزراندنی دامەزراوەکان و سیستەمەکانی بەڕێوەبردنی دارایی گشتی ئەولەوییەتێکە زۆر پێویستە بۆ رێخۆشکردن بۆ بەڕێوەبردن و لێپرسینەوە. ئەمەش تەبایە لەگەڵ دیدگای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ٢٠٢٠ "حکومەت کار بکات بۆ خەڵک" (تشرینی یەکەمی ٢٠١٢)، بە تایبەت لە پێکهاتەکانی پەیوەست بە چوستی و کارایی حکومەت و بەڕێوەبردنی بودجە و چاکسازی لە شەفافییەت.

**٥.٢. یەکەم هەنگاو بریتییە لە سازکردنی ژینگەیەک بۆ چوارچێوەی دارایی مەودای مامناوەندی (MTFF) بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان،** بەگوێرەی مەزەندە نوێکراوەکان لەسەر داهاتی نەوت و داهاتی تر. دەکرێت ئەمەش بکرێت بە چوارچێوەی خەرجییەکانی مەودای مامناوەندی (MTEF) بەشێوەیەکی سادە لە سەرەوە بۆ خوارەوە کە وێنەیەکی سەرچاوەکان بەشێوەیەکی جێی متمانە و ڕوون دابین دەکات بۆ ئەو ئاژانسانەی بە شێوەیەکی سەرەکی خەرجییان هەیە بۆ مەودای مامناوەندی. هەروەها رێگەخۆش دەکات بۆ دەسەڵاتداران بەشێوەیەکی باشتر کەمکردنەوەی مووچە دواکەوتووەکان بەڕێوە ببەن، و کاتێکیش داهاتی نەوت باشتر دەبێت ئەوسا سەرچاوە وەلا بنێن بۆ سندوقی سەقامگیرکردنی هەرێم بۆ ئەوەی ببێت بە سەرچاوەیەک بۆ هەڵمژینی هەر بەرزی و نزمییەک کە ڕووبدات لە ئاییندەدا لە نرخی نەوتدا یان لەو پارانەدا کە حکومەتی عێراق حەواڵەی دەکات.

### أ. چاکسازی لە بەڕێوەبردنی دارایی گشتی

**گەڕاندنەوەی ژمێریاری و بودجەی ساڵانە**

٥.٣. ***بەردی بناغە بۆ سیستمێکی بەهێزی (بەڕێوەبردنی دارایی گشتی، PFM) لە هەر دەسەڵاتێک بێت ئەوەیە کە بە شێوەیەکی رێکوپێک مەزەندەکانی بودجە ئامادە بکرێت، بخرێتە پێش دەزگای یاسادانان بۆ پەسەند کردنی، بە شیوەیەکی رێکوپێک لە کاتی خۆیدا راپۆرتی لەسەر پێشکەش بکرێت و لێپرسینەوە هەبێت لەسەری و بڵاو بکرێتەوە.*** لەبەر هۆی جۆراوجۆر ناچاربوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕوو وونەوەی پەلامارەکانی داعش، شکانی سیستمە باوەکەی حەواڵەکردنی دارایی لە بەغداوە لەگەڵ رەزامەندی ناوەند لەسەر پلانەکانی خەرجییەکان، هەرەسی نرخی نەوت، و هەندێک فاکتەری تری سیاسی-حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی ساڵانەی بڵاو نەکردۆتەوە لە سێ ساڵی رابردوودا. لە جیاتی خەرجییەکان بەگوێرەی بودجەیەک کە پێشتر بە شێوەیەکی یاسایی تەرخان کراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشیوەیەکی ناشەفافانە و بە سیستمی سەرفکردنی پارەی نەختینە بودجەکەی بەڕێوەبردوە، بەم شێوەیە پارەدان (وەک مووچە وکرێی دابینکاران و بەڵێندەران) دواکەوتووە و کەڵەکە بووە، بۆ ئەوەی پارەی نەختینەکە هەڵبگیرێت بۆ خەرجیی بەپەلەی ئاسایش. لە بواری داهاتدا، پێشوەخت پارەی فرۆشتنی نەوتەکە وەرگیراوە، و ڕوون نییە ئاخۆ چۆن پارەکان دەخرێتە بانک و چۆن لێپرسینەوە دەکرێت. لە راستییدا رێوشوێنەکانی بودجەکاری، وەلانراوە و شێوازی نافەرمیی بەڕێوەبردنی دارایی گشتی بڵاوبۆتەوە. کاتێک بۆ ماوەیەک هیچ بودجەیەکی ساڵانە پەسەند نەکرابێت ئەوسا هەموو شتەکان دەکەونە دەرەوەی بودجە و سیستەمەکانی کۆنترۆڵ هەرەس دەهێنن.

٥.٤. **یەکەم هەنگاو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتییە لە دامەزراندنەوەی ژمێرەکان و بودجەی ساڵانە بە پشتبەستن بە دەسەڵاتی خەرجکردن**، لەو کەرتانەدا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی دەستوور بەرپرسیارە، بەپێی یاسای هەرێمی کوردستان. لە کورتخایەنیدا ئەمە مانای ئەوەیە جارێکی تر جەخت بخرێتەوە سەر یاسا و رێوشوێنەکانی بودجەی عێراق، لە درێژخایەنییدا زۆر پێویستە پێداچونەوەی چوارچێوەی یاسایی بکرێت بۆ ئەوەی تەبابێت لەگەڵ رەوشی تایبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لە رەوشی هەرێمدا، پێویستە چوارچێوەی یاسایی بەرێوەبردنی دارایی گشتی تەبا بکرێت و بگونجێندرێت لەگەڵ هەنگاوەکانی ئاستی وڵات بۆ لامەرکەزیکردنی بەرپرسیارێتیەکانی خەرجی بۆ ئاستە خوار هەرێمایەتییەکانی حکومەت (وەک لە دیدگەکەدا پێشبینی کراوە و لە یاساکانی ئەم دواییەی حکومەتی عێراقدا هاتووە) لەگەڵ سیستمێک بۆ حەواڵەکردنی دارایی لە بودجەی مەرکەزی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لەگەڵ توانا و دەسەلاتی زیاتر بۆ کۆکردنەوەی داهات لەلایەن پارێزگا و قەزاکانەوە.

**ئامادەکردنی بودجە و جێبەجێکردنی**

٥.٥. **کاتێک کە بنچینەی سەرەکی پرۆسەی دانانی بودجەی ساڵانە دادەمەزرێتەوە، ئەوسا دەبێت جەخت بخرێتە سەر کواڵیتی بودجە.** پتەوکردنی ئامرازەکانی پلاندانان بۆ بودجە زۆر پربایەخن بۆ چاکترکردن و پتەوکردنی متمانە و چوستی. لە ئێستادا هیچ پرۆسەیەکی سیستماتیکی لە ئارادا نییە بۆ رێکخستنی خەرجییەکان لەگەڵ ئەولەوییەتە ستراتیجییەکان. داواکارییەکانی بودجە لەوە ناچێت کە بەشێوەیەکی سیستماتیکی رەنگدانەوەی ستراتیجی ئەولەوییاتی کەرتەکان بێت. نەبوونی پێشبینیکردنی بودجە کاری وەزارەتەکان زەحمەت دەکات لە بواری پلاندانانی کارا و جێبەجێکردنی ئەو بەرنامانەی کە پرۆژەن زیاتر لەوەی بەگوێرەی سیاسەتەکان بن.

٥.٦. **پێویستییەکی بەپەلە لە ئارادایە بۆ دارشتنی خشتەی ژمێریاری (CoA)** بەشێوەیەک کە بەشی هەمەلایەن و تەبا لەخۆبگرێت بۆ پۆلێنکردنی ئابوری و ئەرکەکان، وەک هەڵسەنگاندنی کاریگەری ئابوری لەسەر ئەم پارەدانانە، دارشتن و پێکهێنانی سیاسەتەکان، تەرخانکردنی سەرچاوەکان، ئەدای بەرێوەبردن و بەرپرسیاربوون. پێویستە ئەمە ئاسانکاری بۆ بکرێت لە رێی گەشەپێدانی خشتەیەکی تێروتەسەلی ژمێریاری کە بەشەکان دیاریکراو و جیاکراوە بن بۆ ئەوەی بوار بدرێت بۆ ئەم مەبەستە جیاوازانە، پێش هەنگاونان بەرەو سیستمی زانیاری بەرێوەبردنی دارایی تەواو (IFMIS) و چاکسازییەکانی بەرنامەی ئامادەکردنی بودجە. بەشی سەرەکی لە خشتەی ژمێریاری بریتییە لە ئابوری، کارگێری و ئەرکەکان. دەکرێت بەشی تریش زیادبکرێت بەگوێرەی پێویستییە دیاریکراوەکان (وەک بەرنامەکان، جوگرافیا، و سەرچاوەی دارایی). وا باو بووە کە ئامادەکردنی بودجە کارێکی ساڵانە بووە لە خوارەوە بۆ سەرەوە. پۆلێنی چوارچێوەی بودجە لە ئێستادا هەندێک خاڵی لاوازی تێدایە کە بوار نادات بە هەڵهێنجان بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە رێوشوێنە سەرەکی و باوە شیکارییەکانی سیاستە داراییەکانەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی هەمەگیری و تەبایی و بەردەوامیی چوارچێوە شیکارییەکە.

٥.٧. **پێویستە ئامرازەکانی ئامادەکردنی بودجە بۆ چاودێریکردنی خەرجییەکان، تۆکمە و پتەو بکرێن.** لە ئێستادا لە نەبوونی بودجەیەکدا کە بەشێوەیەکی ئاسایی پەسەند کرابێت و بڵاوکرابێتەوە، ئاڵوگۆری زانیاری لەلایەن وەزارەتی داراییەوە لەگەڵ وەزارەتەکانی تر بەشێوەیەکی سیستماتیکی نییە و داتای

لەگەڵ نییە کە جێی متمانە بێت لەسەر هەبوونی دارایی، هەر بۆیە ناتوانرێت لە کاتی خۆیدا پابەندبوون هەبێت بە خەرجییەکانەوە. لە کاتێکدا کە بودجەی ساڵانە بڵاونەکرابێتەوە ئەو فاکتەرە لۆجیکییە پێکەوە بەستراوانەی کە کار دەکەنە سەر جێبەجێکردنی بودجە بریتین لە: متمانەی کەم، نەبوونی شەفافییەت، نەبوونی لێپرسینەوە و پێشبینیکردن، لاوازی ڕاپۆرتدان، هیچ پرۆسەیەک لە ئارادا نییە بۆ چاودێری و هەڵسەنگاندن، و کۆتوبەندی سەرەکی و لاوەکی هەیە لەسەر خەرجییە بەردەوامەکان و خەرجییەکانی وەبەرهێنان. ژمێریاریی خەزێنەی یەکخراو (حساب الخزينة الموحد (TSA) نییە، نە لە ئاستی نیشتمانی و نە لە ئاستی حکومەتە خۆجێییەکان. بەڕێوەبردنی نەختینە پێویستە بۆ جەختکردنەوە لەوەی نەختینە هەیە وەک پێویست بۆ پابەندییە دارایییەکان، کاتێک کاتی پارەدانیان دێت، و بۆ وەبەرهێنانی زێدە کاتییەکان بۆ پەیداکردنی داهات. هیچ میکانیزمێک نییە بۆ حەواڵەکردنی ئۆماتیکی و ڕاکێشانەوەی حەواڵەی ئۆماتیکی لەلایەن یەکە جۆرەکانی بودجەوە لە حسابە بانکییە جۆراوجۆرەکان بۆ سەر ژمێریاریی خەزێنەی یەکخراو. ژمێرە بانکییەکانی وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت لەلای بانکە حکومییەکانە (داسیما پێشتر ناوی ئەلرافیدەین بوو، سەرهەڵدان پێشتر ناوی ئەلرەشید بوو) و بۆ ئەوە بەکاردێت پارەی کاشی وەزارەی دارایی وەربگرێت و پارە بدات بۆ خەرجییەکانی بودجە.

٥.٨ **پێویستە سیستمێک هەبێت بۆ چاودێری پارەدان و پابەندێتییەکان.** لە ئێستادا سیستمێکی چوست لە ئارادا نییە بۆ کۆنترۆڵ و ڕاپۆرتدان، کە زۆر گرنگە بۆ کۆنترۆڵکردنی پارەدان. پێویستییەکی بەپەلە لە ئارادایە بۆ جێبەجێکردنی سیستمێک بۆ کۆنترۆڵی پابەندییەکان و ڕاپۆرتدان کە بوار بۆ وەزارەتی ئابوری و دارایی دەڕەخسێنێت چاودێری پابەندێتییەکانی یەکە خەرجکەرەکان بکات. ئەمە پشت دەبەستێت بەو بودجە ئاساییە ساڵانەیەی کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند دەکرێت، کە بەبێ ئەمە، سیستمی کۆنترۆڵی پابەندێتییەکان ناتوانێت کار بکات.

### ڕاپۆرتی دارایی و ئابوری

٥.٩ **حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە ژمێرەی باشتر و ڕاپۆرتدانی باشترە، ئەمانە زانیاری پێویست دابین دەکەن بۆ بڕیاردانی باشتر و دەبێتە مایەی کاراتربوونی بەکارهێنانی سامانە گشتیەکان.** قەوارەکانی کەرتی گشتی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی پێویستە لە کاریگەری هەمەلایەنە و درێژخایەنی ئابوری بڕیارەکانیان لەسەر ئەدای ئابوری و پێگەی دارایی و نەختینە تێ بگەن. ئەم ڕەوشە ئاستەنگێکی ڕاستەوخۆ دروست دەکات بۆ حکومەت بۆ چاکترکردنی بەڕێوەبردنی سامانەکانی و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی پڕ لە زانیاری باش بۆ لایەنە پەیوەندارەکان (وەک هاووڵاتیان، پەرلەمان، کۆمەکبەخشەکان، وەبەرهێنەرەکان، و بازاڕەکانی دارایی). پێویستییەکی بەپەلە هەیە بۆ چاکترکردنی کواڵیتی ڕاپۆرتی دارایی و ئابوری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. بۆیە کەلێنێک هەیە لە نێوان شیکردنەوەی بەیانە دارایییەکان، لەگەڵ یاسا و ڕێوشوێنەکانی عێراق، ئەم شیکردنەوەیە هەوڵ دەدات بەراورد بکات لە نێوان ژمێریاریی باو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ستانداردەکانی نیشتمانی و نێودەوڵەتی بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازییەکان بۆ ئەوەی بەباشترین شێوە ڕێچکەی ئینتقالی بدۆزرێتەوە بەرەو ئایندە. دواتر لایەنە پەیوەندارەکان دەتوانن ئەم ئامرازە بۆ دەستنیشانکردنی کەلێنی شیکردنەوە بەکاربهێنن بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر یان بڕیاردان لەسەر تەباکردنی سیستمی ژمێریاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ستاندارده نێودەوڵەتییەکان. ئەمەش بریتی دەبێت لە کارپێکردنی ڕاپۆرتی دارایی و کاری وردبینی، چوارچێوەی

ڕێکخستن و ڕێوشوێنەکان، و گەشەی پیشەیی ژمێریاری، لە بەرامبەر بە ستاندارده نێودەوڵەتییەکان. هەبوونی پسپۆڕانی خاوەن توانا و ئەزموون لە بواری ژمێریاری و وردبینی بریتییە لە پێکهاتەیەکی سەرەکی بۆ پشتگیری لە وەزارەتی دارایی و لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان. بۆیە گەشەپێدانی ژمێریاری گشتی زۆر پێویستە لەگەڵ هەبوونی پلانێکی مەشقی دیاریکراو بە ژمێریارەکان و دەستنیشانکردنی ئەو بوارانەی کە پێویستیان بە بەرەوپێشبردنە. هەروەها پێویستە لێکۆڵینەوە لە سیستەمە ئابوریەکان بکرێت، تا چەند ئۆتۆماتیکین و هەماهەنگن لەگەڵ گەشەی IFMIS و بۆ عێراق بەگشتی.

### چاودێری و وردبینی ناوخۆیی

٥.١٠. ***بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ناوخۆیی کارا و چوست بێت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە ڕێوشوێنەکان ڕوون بن و پێشبینی بکرێن و ستاندارد بن.*** چاودێری و کۆنترۆڵی ناوخۆ لە هەر یەکێک لە یەکەکانی خەرجکردن لە لایەن چاودێری ناوخۆییەوە ئەنجام دەدرێت. لەم دواییەدا هەڵسەنگاندنێک ئەنجام درا بۆ ئەرکی چاودێری ناوخۆیی دارایی لە لایەن کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی ڕاوێژکاری داراییەوە بۆ پرۆژەیەکی بانکی نێودەوڵەتی بە ناوی پرۆژەی چاکسازی لە بەڕێوەبردنی دارایی گشتیدا کە لە ئابی ٢٠١٣ ئەنجام درا لە ئاستی فیدراڵیدا لە بەغدا. ئەو ڕاسپاردانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتوون بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەبێت چونکە سیستەمی چاودێری ناوخۆیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر هەمان هەیکەلی ڕێوشوێنی ئاستی فیدراڵی دامەزراوە. هەڵسەنگاندنەکە باسی ئەوە دەکات کە پێویستە گەشە بدرێت بە ستراتیجێکی هەمەلایەنی چاودێری ناوخۆیی لە سەرتاسەری ئیدارەی گشتی بۆ ئەوەی ڕۆڵی تەواوکەر دیاری بکرێت بۆ هەموو دەزگا جۆراوجۆرەکانی پەیوەندیدار بە چاودێری و چالاکییەکان و بۆ ئەوەی ئامانجەکانی ئەم ستراتیجە ڕەنگ بدەنەوە لە یاسا و ڕێنماییەکاندا.

٥.١١. **ئەرک و کاری چاودێری ناوخۆیی، کە بەشێکی زۆر گرنگە لە سیستمی *PFM* و گەوهەری چوارچێوەی ژمێرەی وڵاتە، کارناکات و پێدەچێت بەش بەش بوو بیت و زۆر ناکارا بێت.** مەودای کاری ئێستای وردبینی ناوخۆیی هاوشێوەیە لەگەڵ ئەوەی چاودێری دارایی کە تێیدا ساغکردنەوە ئەنجام دەدرێت لە ڕێی بەشی وردبینی ناوخۆوە پێش ئەوەی پارە بدرێت بە سوودمەند. هیچ یان وردبینیەکی کەم هەیە کە جەخت بخاتە سەر سیستەمی چاودێری. ساغکردنەوەکە سەرجەم خەرجییەکان دەگرێتەوە بە مووچەکانیشەوە لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان. ئەرکی وردبینی ناوخۆیی تەنها تایبەتە بە پابەندێتی و ڕێکوپێکی حەواڵەکان. وردبینی ناوخۆیی ڕاپۆرتی ناوبەناو نانوسن بۆ تیشک خستنە سەر دەرەنجامەکان لە ماوەی پێداچوونەوەکەدا یان دەستنیشانکردنی بابەتەکان و کێشەکان و ئەو مەترسییانەی کە پێشبینیان دەکرێت کاتێک بەتایبەت داوایان لێ دەکرێت کە بۆچوونی خۆیان بڵێن سەبارەت هەندێک بابەتی دیاریکراو. لە حاڵەتی یەکەمدا، کارنەکردنی سیستەمەکانی چاودێری ناوخۆیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوە دەچێت هی لاوازی بێت لە دیزاینی سیستەمەکە و توانای کارمەندەکان. بەڵام ئەزموونی تر ئەوەی دەرخستووە کە چاودێری ناوخۆیی گرفتی گەورەی هەیە کاتێک داواکاری هەیە بۆ ڕاپۆرتی پەیوەندیداری چاودێری ناوخۆیی لە کاتی خۆیدا. ئەمەش ئەنجامی لاوازیی بەرپرسیاربوونە بەگشتی لە بەکارهێنانی سەرچاوە گشتیەکان. ئامانجی دیدگەی سیستەمی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە پێویستە سەیری حەوافزی بەڕێوەبەرە گەورەکان بکرێت لەگەڵ ئەخلاقییاتی گشتی و ئادابی بەکارهێنانی سامانە گشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## ب. بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی گشتی

٥.١٢ **وەبەرهێنانی گشتی بابەتێکی گرنگە بۆ گەشەسەندنی ئابوری بەڵام سوودی زیاتری وەبەرهێنان پشت دەبەستێت بە کارایی وەبەرهێنانەکە.** سەبارەت بە وەبەرهێنانی گشتی، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێی وەزارەتی پلاندانانەوە سیستمی بەڕێوەبردنی گەشەسەندنی کوردستان (KDMS)ی داڕشتووە کاتێک بە تەواوی بکەوێتە گەڕ ئەوسا دەبێت بە میکانیزمێکی ئۆنلاین بۆ پێشکەشکردن و پێداچوونەوە و پەسەندکردن/یان ڕەتکردنەوەی داواکاری پرۆژە کە دەستەی جۆراوجۆر پێشکەشیان کردووە وەک وەزارەتەکان و پارێزگاکان. KDMS بە خێرایی و بە ڕێکوپێکی و شەفافیەتەوە داواکارییەکان بەڕێوە دەبات، هەروەها هەماهەنگی چالاکییەکان دەکات لە نێوان لایەنە جۆراوجۆرە بەشدارەکان، و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەدواداچوون و چاودێری هەموو چالاکییەکانی گەشەسەندن دەکات لە هەرێمی کوردستان. بەم شێوەیە، چالاکییەکانی KDMS زۆر کاریگەر دەبێت بەرەو بەدەستهێنانی ئامانجەکانی دیدگەکە لە یەکخستنی خەرجییەکانی بودجەی وەبەرهێنان لەگەڵ ئەولەوییەتەکانی هەرێمی کوردستان بە کەمترین خەرجی.

٥.١٣ **سەرەڕای بەرەوپێشچوونی گەورەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕابردوودا لە بواری پتەوکردنی بەڕێوەبردنی سیستمی وەبەرهێنانی گشتی (*PIM*) بەڵام هێشتا هەندێک بابەتی تر ماوە کە لە ئێستاوە کاریان لەسەر بکرێت:** (١) پلاندانانی ناتەبا/نافەرمی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان: لە کاتێکدا زۆربەی فاکتەرەکان (وەک پێویستیی دانیشتوان، و شایستەیی ئەنجامدانی پرۆژەکە) ڕەچاو دەکرێن کاتێک پرۆژەیەک پێشکەشی وەزارەتی پلاندانان دەکرێت، بەڵام زۆر جار پرۆسەکە فەرمی و تەبا نییە، (٢) زانیاری کەم هەیە لەبەردەست بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی پرۆژەکە: بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی گونجاو و ڕێکوپێک پرۆژەکان هەڵبژێرین پێویستە زانیاری تەواومان هەبێت لەسەر تێچووی پرۆژەکە و ئەگەری سوودەکانی. بەڵام وا باوە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان تەنها هەندێک زانیاری سنووردار دەدەن بە وەزارەتی پلاندانان و ئەو زانیارییەش تەبایی تێدا نییە و ناتەواوە، (٣) ڕێژەی جێبەجێکردن نزمە: لە ساڵانی دواییدا، ڕێژەی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی گشتی لە هەرێمی کوردستان نزم بووە. تێکڕای جێبەجێکردن لە ماوەی چوار ساڵدا ٣٦ لەسەد بووە، لە نێوان ٢٠٠٩-٢٠١٣، و (٤) ئاستی نزمی هەڵسەنگاندنی پێش و پاش پرۆژەکە: هەڵسەنگاندنی ڕێکوپێکی پێش پرۆژەکە و پاش پرۆژەکە دەتوانێت جەخت لەوە بکاتەوە کە پرۆژەکان بە باشی دیزاین کراون و بە کارایی جێبەجێ کراون. بەڵام زانیارییەکی زۆر کەم لەبەردەستە و کۆدەکرێتەوە بۆ هەڵسەنگاندن لەسەر پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان. هەروەها، هەڵسەنگاندن بە کەمی ئەنجام دەدرێت لە پاش جێبەجێکردنی پرۆژەکان لە هەرێمەکە. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆژەکانی وەبەرهێنان ستراتیجێکی داڕشتووە بۆ کارکردن لەسەر ئەو ئاستەنگەی پێشوو و نەخشەڕێگایەکیشی ئامادەکردووە بۆ جێبەجێکردن کە پێویستە بەگوێرەی ئەم ئامانجە سەرەکییانەی خوارەوە پێناسە بکرێتەوە.

**٥.١٤ نەخشەڕێگەی پێشنیارکراو بۆ بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی گشتی هەرێمی کوردستان ئەم قۆناغانەی خوارەوە دەگرێتەوە:**

- چوارچێوەی وەبەرهێنانی گشتی/هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت (PIM/PPP): ئامانجەکە بریتییە لە دامەزراندنی پرۆسەی بڕیاری وەبەرهێنانی گشتی/هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت بۆ رووماڵی ئەولەوییەتی پرۆژەکان (بەگوێرەی شیکردنەوەی سوود-و تێچوو و کارایی خەرجییەکان)، شێوازەکانی داراییکردن (لە بودجە، یان لە ڕێی PPP) و چاودێری بەردەوامی سەرجەم پرۆژەکان. بۆ هەنگاونان بەرەوپێشەوە لەسەر ڕێی چاکترکردنی چوارچێوەی PIM/PPP، یەکێک لە گرنگترین خاڵەکان بریتییە لە هاوکاری پتەو لە نێوان وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی. پەیرەوکردنی سیستمی فەرمی بۆ چاودێری پرۆژەکانی وەبەرهێنانی گشتی PPP دەبێت بە بناغەیەک و مەرجەکانی بەردەوامبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەم دەستپێشخەرییانەی کە زۆر سەرنجراکێشن بۆ کۆمەڵگە لە رووی ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە. سیستمێکی لەو جۆرە بوار دەدات بە گۆرینی بیرۆکەی وەبەرهێنان بۆ پرۆژەی PIM/PPP. ئەم جۆرە سیستمە بۆ ئەوە دادەڕێژرێت کە پرۆژەکان بخاتە سەر سووڕی ژیانی پرۆژە، لە دەستپێکەوە لە دیاریکردنی بیرۆکەی پرۆژەکە و تا دەگاتە دوایین ڕادەستکردنی بە چالاکییەکان و ئینجا قۆناغی هەلسەنگاندنی پاش پرۆژە.

- پلانی کاری PIM ی سێ ساڵە: ئامانجی سەرەکی بریتی دەبێت لە پتەوکردنی ئەو سیستمەی ئێستای PIM حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک بەستەیەک لە چەمک و تەکنیک و ستاندارد و ڕێوشوێنی هەمەلایەن و گشتگیر، و وەک زانیاری یەکخراو و بەڵگەنامەی بەردەست و سیستمی بەڕێوەبردن بۆ داڕشتن و ئامادەکردن و هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان. ئەم پلانی کارە بە تەبایی لەگەڵ پێنج ڕاسپاردەی بەرایی جێبەجێ دەکرێت، کە بریتین لە:

❖ *یەکەم، داڕشتن و پیادەکردنی ئەو پێوەرانەی لەسەری ڕێککەوتوون بۆ بڕیاردان لەسەر ڕێرەوی پرۆژەکانی وەبەرهێنان.* کاری بەرایی بریتی دەبێت لە گەڕان لەناو فایلی پرۆژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرکردنی بڕیار لەسەر وەبەرهێنان. ئەم کارە جەخت دەخاتە سەر تەواوکردنی باشترین پرۆژەکان نەوەک دەستکردن بە پرۆژەی نوێ و جەختکردنەوە لە دابینکردنی دارایی بۆ تێچووەکانی دواتر (وەک بەڕێوەبردن و چاککردنەوە). هاوکات وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی پێداچوونەوەی سەرجەم ئەو پرۆژانە دەکەن کە قەرەبوو ناکرێنەوە بۆ دۆزینەوەی ئاستەنگی پێش جێبەجێکردن و کارکردن لەسەریان یان بۆ هێنانی دارایی بۆیان لە شوێنی ترەوە ئەگەر پرۆژەکە شایستەبوو. بەگوێرەی شیکردنەوەی تەواوکاریی سوود و-کولفەی پرۆژەکان، گروپێکی کار لە PIM ئەولەوییەت دادەنێن بۆ ئەو پرۆژانەی هێشتا نەخراونەتە ریزی "بنیاتنانی هەرێمی کوردستانی عێراق، ژێرخانی کۆمەڵایەتی-ئابوری" ( ٢٠١٢ SEINA).

❖ *دووەم، چاکترکردنی دیزاینی سەرمایەی پرۆژەکە و هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردن و تەرخانکردنی پرۆژەکە.* ئامانجی ئەم کارە بریتییە لە جەختکردنەوە لە بەکارهێنانی پێوەری ستاندارد بۆ

هەڵبژاردنی پرۆژەکان. بۆ چاکترکردنی ڕێوشوێنی دیزاینی پرۆژەی وەبەرهێنان و هەڵسەنگاندنی تەواوکاریی پرۆژە و هەڵبژاردن و دانانی بودجە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک، وا پەسەندە ڕێنمایی گشتی تەکنیکی دابڕێژرێت بۆ هەڵسەنگاندنی پێش دەستپێکردن بە گوێرەی قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن. نامیلکەیەکی هەمەلایەن دادەڕێژرێت بەناوی نامیلکەی هەڵسەنگاندنی ئابوری پرۆەژی وەبەرهێنانی گشتی، بەمەبەستی دیزاین و دیاریکردنی کولفە و هەلسەنگاندنی هەمەلایەنی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی گشتی لەگەڵ چەند لێکۆڵینەوەیەکی حاڵەت (دراسة حالة).


❖ *سێیەم، بەکارهێنانی ڕێنمایی و کلێشەی دیاریکراوی ئەو کەرتە بۆ داڕشتنی چوارچێوەیەک بۆ دیزاینی پرۆژەکان و هەلسەنگاندنیان بۆ هەڵبژاردنیان و دانانیان لەناو بودجە.* ئەم کارە بریتییە لە پتەوکردنی پرۆسەی پلاندانانی ستراتیجی لە سەرجەم دەزگاکانی حکومەت بە تایبەتیش لەو کەرتانەی کە بەرپرسن لە ژێرخانی گەورەی گشتی. وا پەسەندە کە شێوازی جۆراوجۆر دابڕێژرێت بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان بە زووترین کات، وەک ڕێنمایی و کلێشە بۆ ئەو کەرت و جۆرانەی کە پرۆژەکانیان زۆرترین کاریگەری هەیە لەسەر بودجە. لەناو ئەم شتانە، پێشنیاری ئەوە دەکرێت کە شێوازی تایبەت دابڕێژرێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئابوری پرۆژەکانی وەبەرهێنانی گشتی لە هەندێک کەرتی سەرەکییدا.

❖ *چوارەم، چاکترکردنی جێبەجێکردن و چاودێری پرۆژەکانی* وەبەرهێنانی گشتی/ *PPP*. ئامانجی چاودێری و هەڵسەنگاندنی پێشوەختی پرۆژەکان بریتییە لە دیاریکردنی کارایی و کاریگەری دەستپێشخەرییەکانی وەبەرهێنان لە ڕێی هەیکەلی وەرگرتنی سەرنج و تێبینییەوە لەگەڵ کۆنترۆڵی پێوەرەکان و بەڕێوەبردنی ئەنجامەکانی پرۆژەکان لە کورتخایەنی و مامناوەندی و درێژخایەنییدا. گروپی کاری PIM لە نزیکەوە چاودێری ئەدای وەبەرهێنانی گشتی دەکەن و ڕاپۆرت لەسەر ئەنجامەکانیان دەنێرن بۆ پەرلەمان.

❖ پێنجەم، *ئامادەکردنی تواناسازی و مەشق.* جێبەجێکردنی تەواوەتیی PIM پێویستی بە کارمەندی شارەزا و پێویستی بە مەشقکردنی کارمەندەکان هەیە. پێناچێت ئەمە پێکەوە لە یەک کاتدا ڕووبدات لە سەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و دەزگا گشتییەکانی تر، لەبەرئەوە پێویستە بڕیار بدرێت لەسەر ئەوەی کە یەکەم جار جەخت بخرێتە سەر کام کەرت.

٥.١٥ ***پتەوکردنی سیستمی PIM لە هەرێمی کوردستان و بەشەکانی تری عێراق سوودی بەرچاوی دەبێت بۆ سەرجەم وڵاتەکە***. پێشبینی دەکرێت خولی مەشقی تواناسازی بۆ بەرپرسانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێم پێکەوە ئەنجام بدرێت لە ٢٠١٧، و بانکی تەواوکاریی پرۆژەکان لە ٢٠١٨ دادەمەزرێندرێت. کاری کورتخایەن و مامناوەندی سیستمی PIM لەم شێوەیەی خوارەوەدا پوخت کراوەتەوە:

شێوەی ٥.١ سیستمی کاری PIM




٥.١٦ **سەرەڕای ئەمانە، داڕشتنی MTFF (و هەروەها MTEF) ڕێگە خۆش دەکەن بۆ پلاندانەران بۆ بەڕێوەبردنی قەبارەی PIP لە چەند ساڵی داهاتوودا**، ئاماژە بە ئەگەری هەبوونی کۆی سەرچاوە بۆ بودجەکان، هەبوونی هاوسەنگی لە نێوان وەبەرهێنان و کرێ و پۆلێنی تری خەرجی. هەروەها چاوخشاندنەوە بەو پرۆژانەی کە پێشکەشکراون کە دەستیان پێکراوە بەڵام تەواو نەکراون لەبەر نەبوونی دارایی، ڕەنگە وا پێویست بێت پرۆژەکان پۆڵێن بکرێن و ئەو پرۆژانە فەرامۆش بکرێن کە هۆ و بەهانەی پتەویان نییە و ئەوانەی خەرجیەکانیان زۆر زیادی کردووە بە شێوەیەکی نالۆجیکی، یان دیزاینەکەی زۆر گۆڕاوە.

## ج. چاکسازی لە گرێبەستە گشتیەکاندا

٥.١٧ "گرێبەستە گشتیەکان" زۆر گرنگە بۆ متمانەی گشتی بە حکومەت و یەکێکە لە پێوەرەکانی کواڵیتی کارگێڕی گشتی، بەم شێوەیە ئەم بوارە ئەولەوییەتی هەیە بۆ چاکسازی لە هەرێمی کوردستان. گرێبەستە گشتیەکان بریتیە لە لایەنێکی گرنگی ئیدارەی گشتی کە سیستمی دارایی گشتی دەبەستێتەوە بە دەرەنجامە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانەوە و بڕیاردەرێکی سەرەکییە لەسەر خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگە و ژێرخان و کارایی حکومەت، و هەموو بوارەکان دەگرێتەوە وەک پلاندانان، بەڕێوەبردنی بەرنامە، ئامادەکردنی بودجە. لاوازیی لە گرێبەستە گشتیەکاندا ئاستەنگێکی گەورەیە لە پێش گەشەسەندنی بەردەوام لە چەندین وڵاتدا و بەشێوەیەکی بەرچاو دەرەنجامەکانی گەشەسەندن کەم دەکاتەوە و دەبێتە هۆی ئەنجامدانی کارەکان بە تێچووی زۆر، بەم شێوەیە ڕێگرە لە گەشەسەندنی خێرای کەرتی تایبەت.

لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر ئەوە دەردەخەن کە گرێبەستە گشتیەکان رۆڵی گەورەی هەیە لە رێژەکانی جی دی پی (کۆی بەرهەمی ناوخۆیی) (١٥-٢٠ لەسەد و لە زۆربەی ولاتان لەمەش زیاترە)[٤٣] . لە ولاتە تازە گەشەسەندووەکان گرێبەستە گشتی پێکهێنەری ٤٠-٥٠ لەسەدی خەرجییەکانی حکومەتن.[٤٤] پێش ئەم قەیرانە داراییە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاستێکی گەورەی گرێبەستی گشتی هەبوو. لە ٢٠١٣ عێراق بودجەیەکی ١٢٠ ملیار دۆلاریی پەسەند کرد لەگەڵ بودجەیەکی تەواوکاری کە نزیکەی ١٠ ملیار دۆلار بوو. خەرجییەکانی حکومەت بە بڕی ٥٢ ملیار دۆلار تەرخانکرابوو بۆ گرێبەستە گشتیەکان، پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بودجەیە ٩ ملیار دۆلار بوو. ئەم ژمارەیە ئاماژەیە بۆ گەورەیی قەبارەی گرێبەستە گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان پێش قەیرانەکە.

٥.١٨. ***دەتوانرێت لە رێی چاکسازییەوە لە گرێبەستە گشتیەکاندا، داواکاریی روو لە زیادی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەنجامی گەورەتر و بۆ خزمەتگوزاریی باشتر جێبەجێ بکرێت.*** پتەوکردنی سیستمی گرێبەستە گشتیەکان و بەکارهێنانی ئامرازی مۆدێرنی وەک هاوبەشی گشتی و تایبەت PPP یەکێکن لە هەرە ئەولەوییەتە پڕبایەخەکان لە چەندین ولات بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری و چاکترکردنی ژینگەی وەبەرهێنان و ئاسانکاری بۆ گەشەی ئابوری بە رابەرایەتیی کەرتی تایبەت. OECD (٢٠٠٧)[٤٥] دەڵێت کە "گرێبەستە گشتیەکان ئەو چالاکییەی حکومەتە کە زیاتر لە هەموو چالاکییەکانی تر رووبەڕووی بە بەفیڕۆدان و ساختەکاری و گەندەڵی دەبێتەوە، لەبەرئەوەی لێشاوی داراییەکان ئاڵۆزن و قەبارەیان گەورەیە و کارلێکردن لە نزیکەوە ڕوودەدات لە نێوان کەرتەکانی گشتی وتایبەت".

٥.١٩. ***"گرێبەستە گشتیەکان" یەکێکە لە بوارە پڕگرفتەکان لە سەرتاسەری عێراق، بە هەرێمی کوردستانەوە.*** ئەمە بەردەوام جێی رەخنەی هاوولاتیان و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانە. بەڵام لەلایەنی ئەرێنیەوە، هەندێک گەشەسەندنی ئەرێنی ڕووی داوە لە لایەن حکومەتی فیدراڵەوە وەک: (١) تەندەرێکی ستاندارد داڕێژراوە "بەڵگەنامەی تەندەری ستاندارد" و دەست بە بەکارهێنانی کراوە و دابەش کراوە و لە تەموزی ٢٠١٦ ەوە دەبێت بە ئیلزامی، (٢) نامیلکەی جێبەجێکردن ئامادەکراوە و بڵاوکراوەتەوە لە وێبسایتی وەزارەت، (٣) ستراتیجی مەشق ئامادە کراوە و بە هاوکاری زانکۆکان بەرنامەی مەشق بۆ تواناسازکردنی پسپۆڕانی گرێبەستە گشتیەکان ئامادە کراوە. تەبا لەگەڵ دیدگای ٢٠٢٠ ی حکومەتی هەرێمی کوردستان "حکومەتێکی کارا، شەفاف، جێی متمانە و ڕاستگۆ"، گەشەی ئەرێنی لە هەرێمی کوردستان ڕووی داوە. وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئازاری ٢٠١٣ دەستی بە بەرنامەیەک کرد بۆ خودهەڵسەنگاندنی گرێبەستە گشتیەکان، دوای ئەوە ڕاوێژکاری چڕوپڕ دەستی پێکرد لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان. شێوەی ٥.٢ بریتییە لە خودهەڵسەنگاندن، کە لیژنەی نێووەزاری ئەنجامی داوە بە پشتگیریی بانکی نێودەوڵەتی، جەخت لە خاڵە لاوازەکانی ئێستا دەکاتەوە لەگەڵ چوار پایە (لای چەپ) و ١٢ نیشاندەرەکەی (لای ڕاستی شێوەکە) لە ئامرازی هەڵسەنگاندنی OECD-DAC WB. بۆ کارکردن لەسەر ئەو خاڵە لاوازانە، بە ڕوونی ئاماژە کراوە بەوەی کە پێویستە سیستمی گرێبەستی گشتی، تازە و مۆدێرن بکرێتەوە.


---

[٤٣] کڕیاریی حکومەت لە GATT/WTO: ٢٥ ساڵ لە چوارچێوەی فرەلایەنی لە لایەن مارگرێت لاینگ ٢٠٠٧.

[٤٤] شەڕ دژی کاوەخۆیی لە پێناو باشترین کردنی کڕیاریی گشتیی :ئەزموونی OECD (https://www.wbginvestmentclimate.org/uploads/WB٪٢٠-٪٢٠Bid٪٢٠rigging٪٢٠Presentation.pdf), ٣٠/٠٣/٢٠١١

[٤٥] www.oecd.org/document/٥/٠,٣٣٤٣,en_٢٦٤٩_٣٤١٣٥_٤١٨٨٣٩٠٩_١_١_١_١,٠٠.html

شێوەی ٥.٢ حکومەتی هەرێمی کوردستان: تێڕوانین لە گرێبەستە گشتیەکان




سەرچاوە: ئامرازی هەلسەنگاندنی OECD-DAC WB

٥.٢٠ ***حکومەت هەنگاو دەنێت بۆ چاکسازی لە سیستمی گرێبەستە گشتیەکان.*** ڕاهێنانی خودهەڵسەنگاندن و ڕاوێژی لایەنە بەشدارەکان بووە مایەی ئەوەی وەزارەتی پلاندانان بەرنامەیەکی چاکسازی فرەلایەنی گشتگیر پیادەبکات، چاکسازییەک کە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت لەسەر ئەدای کارەکانی حکومەت لە سەرجەم کەرتەکاندا. ئاییندەی سیستمی کڕیاریی گشتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک لە دیدگای IMC هاتووە بە پێشڕەویی وەزارەتی پلاندانان، دەتوانرێت لەم شێوەیەی خوارەوەدا پوخت بکرێتەوە.

شێوەی ٥.٣ ئاییندەی گرێبەستە گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان



***٥.٢١. حکومەت پلانێکی ڕوونی هەیە بۆ بەرەوپێشچون لە چاکسازی سیستمی کڕیاریی گشتی.*** حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوەی چوارچێوەی یاسایی کڕیاریی گشتی کردووە لە ڕێی دەرکردنی ڕێسای یەکخراو و مۆدێرن بە ناوی "ڕێنمایی گرێبەستە گشتیەکان" لە شوباتی ٢٠١٦ کە پێشبینی دەکرێت لە تەموزی ٢٠١٦ ەوە جێبەجێ بکرێت. هەندێک هەنگاوی ئەرێنی تر لە لایەن حکومەتەوە نراوە وەک: (١) تەواوکردنی هەڵسەنگاندنی ئامادەیی و داڕشتنی نەخشەرێگەیەک بۆ گرێبەستی گشتی ئەلیکترۆنی و (٢) داڕشتنی رەشنووسی بەڵگەنامەی ستانداردی تەندەر SBD بۆ کاری بیناسازی پێش-شایستەیی، و کەرەستە و خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری. بەلانی کەمەوە ئەم کارانەی خوارەوە داڕێژراون بۆ درێژەدان بە چاکسازی لە سیستمی کڕیاریی گشتی لە هەرێمەکە:

- تەواوکردن و دەسەڵاتدان بە بەڵگەنامەی ستانداردی تەندەر بۆ چاکترکردنی شەفافییەت و لێپرسینەوە لە کۆکردنەوە و بەکارهێنانی سامانە گشتیەکان،
- تەواوکردن و خستنە گەڕی پاشکۆی ڕێنماییەکانی گرێبەستە گشتیەکان لە "گرێبەستە گشتیەکان بەپێی هاوبەشی گشتی-تایبەتدا".
- تەواوکردن و دەرکردنی سەرنج و ڕوونکردنەوە لەسەر ڕێوشوێنە نوێیەکانی گرێبەستە گشتیەکان،
- تواناسازی کەرتی گشتی و تایبەت لە بواری ڕێوشوێنە نوێیەکان و بەکارهێنانی بەڵگەنامەی ستانداردی تەندەر،
- باشترکردنی شەفافییەت لە گرێبەستە گشتیەکان لەرێی ئامادەکاری بۆ سیستمی گرێبەستی ئەلیکترۆنی کە بە چەند قۆناغێک دەبێت، لەگەڵ دامەزراندنی ماڵپەرێکی پۆرتەڵ و سیستمی زانیاری.

**٥.٢٢. ئەولەوییەتی هەرە لە پێش بۆ ڕاسپاردەکانی سیاسەتەکان بریتی دەبێت لە جەختکردنەوە لەسەر جێبەجێکردنی گونجاوی ئەو ڕێنماییانەی گرێبەستە گشتیەکان کە لەم دواییەدا لە ٢٠١٦ کارا کران.** جێبەجێکردنی ڕێنماییە نوێیەکانی گرێبەستە گشتیەکان لەرێی ئەم خاڵانەوە دەبێت: (i) پتەوکردنی ئەرک و سەرچاوەکانی یەکەی سیاسەتەکان، (ii) دامەزراندنی میکانیزمێک بۆ سکاڵا، (iii) تەواوکردن و دەرکردنی سەرنج و ڕوونکردنەوە لەسەر ڕێنماییە نوێیەکانی گرێبەستە گشتیەکان (iv) دەرکردنی "ئەنجامدانی پرۆژە" لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی ڕێنماییە نوێیەکانی گرێبەستە گشتیەکان، و داڕشتنی ئامرازەکان بۆ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت. بانکی نێودەوڵەتی بەردەوام دەبێت لە پشتگیری لە نوێکردنەوە و چاکسازی سیستمی گرێبەستە گشتیەکان لە عێراق، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بەگوێرەی قەرزە نوێیەکەی پرۆژەی گەشەی دامەزراوەیی بەڕێوەبردنی دارایی گشتی (PFM) و تواناسازی. پرۆژەی نوێی PFM بریتی دەبێت لە پشتگیری گواستنەوە و جێبەجێکردنی چوارچێوەی یاسایی نوێ و چاکترکردنی شەفافییەت و نوێکردنەوەی سیستمی گرێبەستە گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان.

## د. چاکسازی لە چاودێری دارایی

٥.٢٣ **بەگوێرەی هەڵسەنگاندنێک، دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان تەواو پێنەگەیشتووە و ئەدای لەئاستی پێویستدا نییە و پێویستی بە بەرنامەی تواناسازی درێژخایەنە**[٤٦]. دەزگاکانی چاودێری دارایی رێکخراوی پێشەنگن لە بواری وردبینی گشتی و یەکێکن لە لایەنە سەرەکییەکانی سیستمی ئیدارەی گشتی. لە رێی جەختکردنەوە لەوەی پارەکان بە باشی خەرج دەکرێن، ئەم دەزگایانەی وردبینی دەتوانن رۆڵی گەورە بگێڕن لە گەشەی نیشتمانی و کەمکردنەوەی هەژاری. دیوانی چاودێری دارایی رێنمایی گشتی دەردەکات بۆ درێژەی کارەکانی سیستمی کۆنترۆڵ و چاودێری ناوخۆیی و وردبینی دەرەکییش دەکات دوای جێبەجێکردنی بودجە. پێویستە بەپەلە کار و شێوازەکانی وردبینی دەرەکی دیوانی چاودێری دارایی نوێ بکرێنەوە، کە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بۆتەوە. یەکێک لە ئاستەنگە سەرەکییەکان بریتییە لە هەیکەلی ناکارای ڕێکخراوەیی چونکە هەیکەلی ئەو دیوانی چاودێری داراییەی کە هەیە: یەکێکیان لە هەولێرە و هەولێر ودهۆک دەگرێتەوە، و دەسەڵاتی هەیە وردبینی ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دارایی بکات، و دووەم هەیکەل لە سلێمانییە، کە تەنها پارێزگای سلێمانی دەگرێتەوە. پێویستە کارەکان و شێوازەکانی دیوانی چاودێری دارایی نوێ بکرێنەوە و بەرز بکرێنەوە بۆ ئەوەی بەگوێرەی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان بن. زۆر گرنگە ئاستی هاوکاری لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی بەغدا بەرزتر بکرێتەوە و ئەزموون و شارەزایی ئاڵوگۆڕ بکرێت، ئەمەش کاری وردبینی دەرەکی لە سەرتاسەری وڵاتەکە باشتر دەکات. هەروەها وا پەسەندە کە دیوانی چاودێری دارایی بەرەو پێش هەنگاو بنێت بۆ ڕێوشوێنی کارکردن لەگەڵ دەزگاکانی وردبینی ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بەمەبەستی تواناسازی و زیادکردنی مەعریفە لەسەر شارەزایی و پسپۆڕیی هەرێمایەتی و دەرەکی. هەروەها، پێویستە توانای ستافەکە پتەوتر بکرێت.

***٥.٢٤ بۆ ئەوەی شێواز و کاری وردبینی دەرەکی دیوانی چاودێری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێ بکرێتەوە، پێویستە چاکسازی گەورە ئەنجام بدرێت.*** ئەم چاکسازییانە بریتین لە ١) چاکترکردنی چوارچێوەی یاسایی و دامەزراوەیی، پەیوەندی بە پەرلەمانەوە، بە یاسادانەرەکانەوە، و بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە (حکومەت و دەزگا ئیدارییەکان) بۆ جەختکردنەوە لەوەی دەزگای وردبینییەکە بەهێز و سەربەخۆ و کارادەبێت و بۆ ئەوەی دەرفەت نەهێڵرێتەوە بۆ دەستێوەردانی نەگونجاو لە کاری ڕێکخراوەکەدا، ٢) چاکترکردنی هەیکەل و کارگێڕی دیوانی چاودێری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بوار بۆ دەزگاکە بڕەخسێت هەموو ئەرکەکانی جێبەجێ بکات بە شێوەیەکی کارا و چوست. ٣) جێبەجێکردنی کاوەخۆی ستانداردە داراییە نێودەوڵەتییەکان و پابەندێتی و ئەدای وردبینی لەگەڵ شێوازەکانی وردبینی نێودەوڵەتی. ٤) تواناسازکردنی ستاف لە هەموو ئاستەکاندا.

---

[٤٦] ستراتیجێک بۆ گەشەسەندن .BSA-KRG-Iraq, UNDP – ئایاری ٢٠١٣

## ٦.	چوارچێوەی دامەزراوەیی و چاودێری دادوەری

٦.١	**گەشەی دامەزراوەیی و کارگێڕی دوو سەرچاوەن بۆ گەشەسەندن لە ڕێی پێدانی حەوافیزەوە بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایەی دارایی و مرۆیی**.[٤٧] ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە دوو توێی ئەو چوارچێوە دامەزراوەییەدا ئەنجام دەدرێت کە ڕێوشوێنەکان دادەڕێژرێت. ئەگەر ڕێوشوێن و یاساکان بە ڕێکوپێکی پیادە نەکرێن و گروپە خاوەن بەرژەوەندییەکان دەست بگرن بەسەر تواناکانی جێبەجێکردنی دەوڵەتدا، ئەوسا حەوافز بۆ قازانج نەوەک بۆ بەرهەمهێنان دروست دەبێت و دەبێتە مایەی ئەوەی کە بەرهەمهێنان لاوازبێت و ستانداردەکانی ژیان نزم بن. پێویستە دەزگای ئەوتۆ لە ئارادابن کە بتوانن بەرزەفتکردن و هاوسەنگی (الضوابط والموازين) چاودێری ڕابگرن بۆ ئەو لایەنانەی ئابوریان بە دەستە.


٦.٢	**هەبوونی ژینگەیەکی ڕێخۆشکەر بۆ چالاکی و گەشەی پرۆژە، زۆر گرنگە**. لە ڕاستییدا، لە هەموو وڵاتانی نوێی بازاڕی ئازاد میکانیزمی بنەڕەتی کە بزوێنەری گەشەیە بریتییە لە داڕشتنەوەی هەیکەل، بابەتی سەرەکیش بریتیە لە جەختکردنەوە لە پشتگیریکردنی ژینگەی دامەزراوەیی لە پرۆسەیەکی لەم جۆرە. ئەگەر ئەم پرۆسەیە بەردەوام بێت ئەوسا بەرهەمێنان بەرز دەبێت و دەتوانرێت ئاستی ژیان باشتر بکرێت بەشێوەیەکی بەردەوام. لەو کۆمەڵگانەی ئیدارە لاوازە، ئاستی بەرهەمهێنانیش زۆر نزمە. ئەمە بابەتێکی ئابوریە و حکومەت ئەوپەری هەوڵی خۆی دەخاتەگەڕ بۆ دروستکردنی هەلومەرجی باش بۆ دەزگاکانی بازاڕ و بۆ چاکترکردنی ئیدارە، کە ئەوانە پێشمەرجن بۆ وەبەرهێنانی نوێ.

٦.٣	**ئەزموونی نێودەوڵەتی ئەوە دەردەخات کە بەردەوامیدان بە گەشەی ئابوری زۆر زەحمەتترە وەک لە دەستپێکردن، گەشەی بەردەوام پشت دەبەستێت بە چاکسازی دامەزراوەیی**. چاکسازی دامەزراوەیی پێویستی بە گۆشەنیگایەکی بەرفراوانی ئەو ئیدارەیەیە کە کار دەکاتە سەر تەواوی سیستمە ئابوریەکە و گەشەی ئابوری. ئەنجامدانی چاکسازی گەورە و سەرهەڵدانی چوارچێوەی یاسایی لە هەرێمی کوردستان بەشێکن لە پرۆسەی بەدامەزراوەییکردن. وەک لە ئەزموونی سەرکەوتووی وڵاتانی گەشەسەندووی ئابوری مامناوەندەوە دەردەکەوێت کاریگەری چاکسازییەکانی یەکەم نەوە وەک تایبەتاندن، و چاکسازی تری کەرتەکان پشت دەبەستێت بە چاکسازیی تەریب لە دامەزراوەکاندا، وەک یاسایی و دادوەریی، مافی خاوەندارێتی، و سەروەری یاسا. ئەزموونەکان هەروەها ئەوەیان دەرخستووە کە چەندین کاروباری دامەزراوەیی هەیە و هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ گۆڕانکاری کە پێی بگوترێت گۆڕانکاری پلە یەک. ئەم پرۆسەیە پشت بە ڕەوشەکە و بارودۆخەکە دەبەستێت و زۆر دەکەوێتە ژێر کاریگەری دەزگا سیاسییەکانی وڵاتەکە، و میکانیزمی تری چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان گروپە جۆراوجۆرەکان، و دواجاریش ژێر کاریگەری دەسەڵاتی سیاسی. سەرەڕای کاریگەری دەزگا ئابوریەکان لەسەر بڕیاردان لەسەر گەشەسەندن، هەروەها کاریگەری هەیە لەسەر فاکتەری تری گرنگ وەک دابەشکردنی سامانەکان لە ئاییندەدا. لێرەوە دەزگا ئابوریەکان کار دەکەنە سەر قەبارەی کێکەکە، داهاتی نیشتمانی، هەروەها دابەشکردنی کێکەکە لە نێو گروپە جیاوازەکان و تاکەکانی وڵات.

[٤٧] بڕوانە دوایین کار، پێداچوونەوەی جۆنز و ڤۆلارات ٢٠١٣ و ئاسیمۆگلو ٢٠٠٩ دەرەنجامەکانی لیڤین و رینیلت و ئەم پرسیارە بکە: چی بڕیار دەدات لەسەر کەڵەکەبوونی سەرمایە، وەبەرهێنان، و کەڵەکەبوونی سەرمایەی مرۆیی یان بەدەستهێنانی شارەزایی و خوێندن؟

***٦.٤ حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسا و ڕێوشوێنی دارشتووە بۆ پشتگیری لە گەشەپێدانی بناغەی دەزگاکانی بازاڕ، و زۆرینەی ئەدا ئابوریەکەی لە درێژخایەنییدا پشت دەبەستێت بەو یاسا و ڕێوشوێنانە.***
لەهەر بازاڕێکی دیاریکراودا، بە تێپەڕبوونی کات، ئابوری سەقامگیر و دەزگای سیاسی لە ئەنجامی ئەو کارلێکەوە سەرهەڵدەدەن کە لە سەرەوە باس کرا، ئەم هێڵکارییەی خوارەوە دەشێت ڕێنماییەک بێت بۆ تاوتوێیەکە و لایەنێکمان پیشان بدات لەسەر ڕێچکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێویستە ئەم ڕەهەندانەی گەشەسەندنی دامەزراوەیی پیادە بکات. لە ڕاستیدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی سەقامگیر بووە و لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە بواری سیاسییەوە سەقامگیر بووە و دەتوانێت پاڵ بەو سیاسەتانەی گەشەسەندنی دامەزراوەییەوە بنێت کە لە شێوەی ٦.١ باس کراون.

**شێوەی ٦.١ گەشەسەندنی دامەزراوەیی و زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان**




**٦.٥ سندوقی نەوت کە لەم دواییەدا دامەزرا پشتگیری لە گەشەی دامەزراوەیی دەکات ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دابمەزرێندرێت ئەوسا ئامرازێکی گونجاوی ئابوری دەبێت بۆ بەڕێوەبردن.** لە سەرەتای نیسانی ٢٠١٥، حکومەتی هەرێمی کوردستان سندوقی داهاتی نەوت و گازی پەسەند کرد کە بوار دەدات بە ئەنجومەنی وەزیران دەستەیەک دروست بکات بە ئامانجی دابینکردنی ڕاپۆرتی گشتی شەفاف لەسەر داهاتەکانی هەناردەکردنی نەوت و بەرهەمی پاڵاوتە و شیرینی کۆمپانیاکانی نەوت لە چوارچێوەی گرێبەستەکانی گاز و نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یاسای نەوت و گازی ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ و دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥. لەم چوارچێوەیەدا داهاتەکانی نەوت دەکرێت بۆ پێنج بوار تەرخان بکرێت: ١) بودجەی ساڵانەی هەرێمی کوردستان ٢) خەرجییەکانی سەرمایە، ٣) ژێرخانی نەوت،


٤) پاراستنی ژینگە، ٥) سندوقی سامانی "نەوەکانی ئاییندە". سندوقەکە بەگوێرەی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان وردبینی دەکرێت. هاوکات زۆر گرنگە جەخت بکرێتەوە لەوەی کە بەکارهێنانی سندوقەکە لە چوارچێوەی دارایی مەودای مامناوەند دەبێت و خۆدەپارێزرێت لە بەش-بەش بوونی سەرچاوەکانی خەرجکردن.

٦.٦ **باشترکردنی کێبڕکێ و دروستکردنی پرۆژەی نوێ بریتین لە بەشێک لە گەشەسەندنی دامەزراوەیی.** تەنانەت ئەگەر سەرجەم ئسوڵی بەرهەمهێنەکان تایبەت بن، نەبوونی بازاڕی کێبڕکێ ڕێگە دەگرێت لە تەرخانکردنی سەرچاوەکان و دەستێوەردان دەکات لە بەکارهێنانی سەرچاوەکان لە باشترین شێوازی بەرهەمهێنان، بۆیە، پێویستە چاودێری ئەو ئاکارانە بکرێت کە بریتین لە ئاکاری قۆرخکاری و ناکێبڕکێ. حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێوشوێنی گونجاو دەگرێتەبەر بۆ کارکردن لەسەر ئەم جۆرە فاکتەرانە بۆ ئەوەی ئەم جۆرە ئاکارانە نەتوانن ڕێگە لە هاتنە ناوەوەی پرۆژەی نوێ بگرن. هاوکات، حکومەت هاوکاری دروستبوونی پرۆژەی نوێ دەکات بۆ زیاترکردنی کێبڕکێ و دەرەنجام. هەرێمی کوردستان چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ ماوەتەوە کە هی سیستمی سۆشیالیستی عێراق بووە، و پێویستە گۆڕانکاری گەورە لەم بوارەدا بکرێت. سیاسەتی ڕێکخستن و ڕێوشوێن بڕیاردەرن لەسەر گەشەسەندنی کورتخایەن و مامناوەندی. ڕاپۆرتی "ئەنجامدانی پرۆژە"ی بانکی نێودەوڵەتی شیکردنەوەی قوڵی تێدایە بۆ سیاسەتی ڕێکخستن و ڕێوشوێن و باشترین نموونەی تێدایە و دەتوانرێت ئەمە وەک ڕێنمایی بێت بۆ بڕیاربەدەستانی ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## ٧.	شێوازەکانی جێبەجێکردن

**٧.١	حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێی پرۆسەیەکی گشتگیر و چەند وەزارەتێک و  بە بەشداری سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە نەخشەرێگەی چاکسازی ئابوری جێبەجێ دەکات.** جێبەجێکردنەکە لە ژێر چاودێری وەزارەتی پلاندانان دەبێت لەگەڵ هاوبەشی نزیکی نووسینگەی سەرۆک وەزیران. چاکسازییەکان لەلایەن بەرپرسانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە ئەنجام دەدرێت و تەواودەکریت بە سەرکردایەتی گەورە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەبەرئەوەی ئەم نەخشەرێگەی چاکسازییە هەموو ئامانجەکان لەخۆدەگرێت، ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی تەواوی دەبێت بۆ چاودێری و هەماهەنگی و کاری وەزارەتەکان و فەرمانگە حکومییە بەشدارەکان، و سکرتارییەتی لیژنەی باڵا شوێنپێی جێبەجێکردنەکە هەلدەگرێت. لە جیاتی سەرجەم ئەنجومەنی وەزیران، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری تەنها بەو وەزیرانە بکات کە بەرپرس دەبن لە جێبەجێکردنی ئەم نەخشەڕێگەیە. لەبەرئەوەی نەخشەڕێگەکە زۆر گشتگیرە کارێکی لەو جۆرە ڕەنگە سەرجەم وەزیرەکان بگرێتەوە.

**٧.٢	لە ماوەی ئەم پرۆسەیەدا، ڕاوێژ ئەنجام دەدرێت لەگەڵ فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی حکومەت، و نوێنەرانی کەرتی تایبەت و ئەندامانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنی تری بەشدار.** کۆبوونەوەکانی ڕاوێژکاری و گروپی جەختتکردنەوە لەگەڵ ئەم گروپانە ئەنجام دەدرێت لە سەرجەم قۆناغەکانی جێبەجێکردنی نەخشەڕێگەکە. تیمەکانی کار پێکدەهێنرێن بۆ هەر یەکێک لە کەرتەکانی چاکسازی و پێکدێن لە بەرپرسانی پەیوەندیداری حکومی و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان. لە چاکسازییەکانی مامناوەند و درێژخایەندا چاکسازیەکان لە لایەن حکومەتەوە ئەنجام دەدرێن بە هاوکاری لەگەڵ هاوبەشەکانی گەشەسەندن لە بوارەکەدا لە ڕێی چەند ئامرازێکەوە، بە بەکارهێنانی هاوکاری تەکنیکی و تواناسازی و شیکردنەوە و ئاڵوگۆڕی مەعریفی و داراییکردنی پرۆژەوە.



**٧.٣ بۆ گەشەسەندنی ئابوری و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان، ئەم نەخشەرێگەی چاکسازی ئابوری بریتییە لە چەتر نەخشەڕێگەی حکومەت بۆ ئاوێتەکردنی بۆچوونی سەرجەم گروپەکانی حکومەت.** لیژنەی ڕێنمایی و تیمەکانی کار لەکاتی گونجاو بەشداری بە ئەنجومەنی وەزیران دەکەن.

**٧.٤ بۆ کارپێکردنی چاکسازییەکانی حکومەت، هەیکەلێکی هەماهەنگی دادەنرێت بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی چاکسازییە ئابوریەکان.** ئەمە یارمەتی هاوبەشەکانی پەرەپێدان دەدات لەگەڵ هاوبەشەکانیان لە کەرتی گشتی و تایبەت پەیوەندی بکەن بۆ پشتگیری لە هەندێک کاری کەرتە جۆراوجۆرەکان. حکومەت میکانیزم دادەڕێژێت لەگەل هەیکەلی هەماهەنگی، کە لە خوارەوە پیشان دراوە. تیمی کار و لیژنەی تایبەت ڕاپۆرت لەسەر بەرەوپێشچوونی کارەکان بەرزدەکەنەوە بۆ لیژنەی باڵا، ئەمیش پوختەکاری پێشکەش بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات لە ڕێی سکرتێرەوە. لیژنەی باڵا سەبارەت بە بابەتە پەیوەندیدارەکان کۆبوونەوە ساز دەکات. هەر تیمێکی کار تایبەتمەندێتییەکان بە تێروتەسەلی ئامادە دەکات و باسی چۆنیەتی جێبەجێ کردنی چاکسازییەکی دیاریکراو دەکات و چەند کات دەخایەنێت. بودجەکە لەبەردەستی سکرتێرەکە دەبێت بۆ چاودێری جێبەجێکردنی نەخشەرێگەکە.

**هەیکەلی هەماهەنگی**

دەسەڵاتی جێبەجێکردن

سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

↑

ئەنجومەنی وەزیران

کۆبونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بە ئاسانکاری سکرتێر

↑

تیمەکانی کار و لیژنە تایبەتییەکان

تیمەکانی جێبەجێکردن لە کەرتی تایبەت و گشتی و IFI

شێوازەکانی بەشداری، شەش پێکهاتە لەخۆدەگرن:

١. دابینکردنی پشتگیری و ڕێنمایی بۆ تیمەکانی کار بۆ جێبەجێکردنی چاکسازییەکان
٢. هاوکاری تەکنیکی بۆ جێبەجێکردن بۆ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان
٣. شیکاری: شیکاری زیاتری ئامانجگیر لە بوارە دیاریکراوەکانی چاکسازییدا
٤. پرۆژەی وەبەرهێنان و ژێرخان: جێبەجێکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە هەندێک کەرت، وەک ئای سی تی، گواستنەوە، گومرک و لۆجیستیک، و وزە دەگۆڕدرێن بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان و لەلایەن بانکی نێودەوڵەتی و ئای ئێف سی وکەرتی تایبەت و هاوبەشی تری پەرەپێدانەوە داراییان بۆ دابین دەکرێت.
٥. داکۆکی لەگەڵ لایەنە بەشدارە ناحکومییەکان وەک کەرتی تایبەت و هاوبەشەکانی پەرەپێدان. ئامانجەکە بریتییە لە بەشداریکردن لە بنیاتنانی پشتگیری و هاوبەشی لە بوارەکانی چاکسازییدا لە ڕێی کۆبوونەوەی ئاسایی لەگەل لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییەکان.
٦. ستراتیجێک بۆ پەیوەندیکردن و گواستنەوە دادەڕێژرێت بۆ ئاشناکردن و تێگەیشتنی زیاتر لە پێویستبوونی چاکسازی ئابوری. لە سەرجەم هەنگاوەکانی چاکسازییەکەدا پەیوەندی بە لایەنی جۆراوجۆری پەیوەندیدارەوە دەکرێت:
   - پەیوەندیکردنی ناوخۆ
   - پەیوەندیکردنی دەرەکی
   - ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و بەرهەمەکان: ئامرازی جۆراوجۆری پەیوەندیکردن بەکاردەهێنرێت، وەک چاپکراو (کوردی، عەرەبی، ئینگیلزی)، بیستراو، بینراو و میدیای کۆمەڵایەتی.

# نەخشەرێگەی چاکسازی ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان:
# نەخشەی سیاسەتەکان
# POLICY MATRIX

# نەخشەڕێگەی چاکسازی ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان -خشتەی سیاسەتەکان

**چاکسازی هەیکەلی بۆ بەدەستهێنانی باری ئابوری گشتی و دانانی بەردی بناغەی گەشەی بەردەوام و گشتگیر لە هەرێمی کوردستان**

| بواری سەرەکی سیاسەتەکان | ئەم بابەتە چیە؟ (بە مانایەکی تر ڕاستیەکی دیار بۆ خستنەڕووی کاریگەری ئەم بابەتە لەسەر ئابوری) | بەربەستەکان کامانەن؟ ( بە مانایەکی تر، گرفتێکی پەیوەست بە سیاسەتێک کە پێویستە چارەسەر بکرێت) | تا ئێستا حکومەت چی کردووە بۆ لابردنی ئەم بەربەستە؟ | پێویستە چیتر بکرێت؟ | ئاستی ئەولەویەت | وەزارەت یان فەرمانگەی بەرپرسیار | ئەگەری هاوبەشی نێودەوڵەتی بۆ هاوکاری تەکنیکی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **١. باری ئابوری گشتی** | | | | | | | |
| **خزمەتی مەدەنی و چاکسازی لە لیستی مووچە** | | | | | | | |
| دوورکەوتنەوە لە دامەزراندن لە کەرتی گشتی | بەشێکی زۆر لە هێزی کار لە کەرتی گشتی دەوام دەکات. | قەبارەی کارمەندانی کەرتی گشتی، ئێجگار گەورەیە.<br>زۆر لە کارمەندانی کەرتی گشتی وەک پێویست ڕاهێنانیان پێ نەکراوە و شارەزای گونجاویان نیە بچن بۆ کەرتی تایبەت.<br>ئاستی بەرهەمهێنان نزمە و حەوافزی ئەدا نزمە. | پێداچوونەوە کراوە بە دامەزراندن لە کەرتی گشتی. | دامەزراندنی دەسەڵاتێکی باڵا لەژێر سەرپەرشتی سەرۆک وەزیران بۆ دانان و دەستپێکردنی "بەرنامەی چاکسازی لە خزمەتی مەدەنی (CSRP).<br>دروستکردنی کۆمیسیۆنی خزمەتی مەدەنی بۆ چاودێری جێبەجێکردنەکە.<br>پێداچوونەوەی وەزیفی بە دەسەڵاتەکان و ڕێکخستن و ستافی وەزارەت و | ئەولەویەتی بەرز (حوزەیراد ی ٢٠١٦ – کانونی یەکەمی ٢٠١٩) | وەزارەتی پلاندانان<br>وەزارەتی دارایی و ئابوری<br>وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی<br>نووسینگەی سەرۆک وەزیران | RAND |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | مانگانەیەکی زۆر لە کەرتی گشتی کە وا دەکات کارمەند حەز نەکات بگەڕێت بۆ دۆزینەوەی هەلی کار لە کەرتی تایبەت. | | فەرمانگە سەرەکیەکان (MDAs).<br>کارکردن لەسەر گۆڕینی قەبارەی کارمەندانی سەرجەم وەزارەتەکان، بە کۆمپانیا حکومیەکانیشەوە.<br>چاکترکردنی پێوەری هەڵبژاردنی دامەزراندن لە کەرتی گشتی، و سیستەمەکانی وەرگرتن و بەرزکردنەوە و ڕێوشوێنەکانی دەرکردن لە وەزیفە.<br>بەڕێکردنی کەسانی زیادە لە وەزیفە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، بەرنامەی خانەنشینی خۆبەخشانە بۆ ئەو ستافانەی کە دەیانەوێت واز لە کەرتی گشتی بێنن.<br>پێداچوونەوە بە چوارچێوەی ئیداری فەرمانگە نیمچە حکومیەکان بۆ چاکترکردنی ئەدا و | | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | کۆنترۆڵکردنی ژمارەی کارمەندان.<br>دانانی پلانی بەئامانجگرتنی مامناوەند بۆ لیستی موچە لەسەر بنەمای MTFF/MTEF.<br>ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی پێشوەختە لە ئەگەری کاریگەری گۆڕانکاری قەبارەی دامەزراندنلەسەر بژێوی خێزانەکان بە بەراوردلەگەڵ هێڵی هەژاری<br>راهێنان کردن بۆ کارمەندانی کەرتی گشتی بۆ بەجێگەیاندنی خواستی کەرتی تایبەت لە رووی شارەزایەوە. | | | |
| پارەی لە رادە بەدەر بۆ کەرتی گشتی | لیستی موچە بە خانەنشینەوە، نزیکەی ٧٠ لەسەد لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبات. | پەرەپێدانی چاکسازی لە سیاسەتەکان لەسەرخۆیە و دواکەوتووە. | حکومەت رێوشوێنی تەقەشوفی گرتۆتە بەر سەبارەت بە لیستی مووچە. | داڕشتنی پلانی کار، کە کاتەکەی دیاریکراو بێت کارکردن لەسەر بابەتی "فەرمانبەری بندیوار" | ئەولەویەت ی بەرز (حوزەیراد ی ٢٠١٦- کانونی یەکەمی ٢٠١٩) | وەزارەتی پلاندانان وەزارەتی دارایی و ئابوری | World Bank Group RAND |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **چاکسازی لە کۆمپانیا حکومیەکان** | | | | | | | |
| چاککردنی توانا و زیندوێتی لەرووی دارایی بۆ کۆمپانیاکانی دەوڵەت زۆر پڕبایەخە بۆ سەقامگیری دارایی | لە چاکسازیەکەدا پێداچوونەوەی نرخی دابینکردن و تێچووکان دەکرێت، دڵنیابوون لە وەرگرتنەوەی تێچووی دابینکردنی کەرەستە و خزمەتگوزاریەکان. | چاکسازیەکە ئەمانە دەگرێتە خۆی: پێداچوونەوەی قەبارەی دامەزراندن، لێپرسینەوە لە دابینکردنی بەرهەمەکان و خزمەتگوزاریەکان، و بەرپرسیاربوونی ستافی بەڕێوەبردن. | | | تشرینی دووەمی ٢٠١٦- تشرینی دووەمی ٢٠١٨ | ئەنجومەنی وەزیران وەزارەتی پلاندانان | |
| بەڕێوەبردنی کۆمپانیا حکومیەکان | | کەموکوڕیەکانی چوارچێوەی ئیدارەی کەرتی گشتی و چوارچێوەی بەڕیوەبردنی دارایی. | هیچ کارێک | پێداچوونەوەی کارەکانی بەڕێوەبردن و ئەدای دارایی کۆمپانیا حکومیەکان و داڕشتنی پلانی کار | تشرینی دووەمی ٢٠١٦ – تشرینی دووەمی ٢٠١٨ | وەزارەتی پلاندانان | |
| **چاکسازی لە پاڵپشتی نرخ و هاوکاریە کۆمەڵایەتیەکان** | | | | | | | |
| چاکسازی لە کرێی کارەبا | تێچوو بە تەواوەتی ناگەڕێندرێتەوە. کرێ و پارەی کارەبا تەنها ١٥ لەسەد لە تێچووی بەرهەمهێنانەکەی | نەبوونی چوارچێوەی دامەزراوەیی و یاسایی پێویست بۆ بەرەو پێشبردبی چاکسازی لە تاریفی کارەبا. | حکومەت داوای لە بانکی نێودەوڵەتی کردووە لێکۆڵینەوە لەسەر تێچووی خزمەتگوزاریەکە و کرێ و پارەکەی بکات. | پێداچوونەوە بە پاڵپشتی نرخ و مەزندەکردنی تێچووی دارایی وەک بەشێک لە چاکسازی بەڕێوەبردنی دارایی زیاترکردنی پارە و کرێی | حوزەیرانی ٢٠١٦ – کانونی یەکەمی ٢٠١٩ | وەزارەتی کارەبا وەزارەتی دارایی و ئابوری | World Bank Group |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دەگەڕێنێتەوە. | | | کارەبا لە کاتێکدا کە تۆڕی پاراستن دابین بکرێت بۆ بەکاربەرە هەژارەکان<br>دانانی ڕێکخەری سەربەخۆی کارەبا کە بەرپرسیار دەبێت لە پێداچوونەوەی ناوبەناوی نرخی کارەبا و کاری تریش<br>کاراکردنی چوارچێوەی دامەزراوەیی و یاسایی ئەوتۆ کە ڕێگە خۆش بکات بۆ چاکسازیەکی ڕێکوپێک لە نرخەکاندا، و هاوکات چاکترکردنی خزمەتگوزاریەکان و پاراستنی هەژاران.<br>بەکارهێنانی پێوەری زیرەک و سیستەمی لێپرسینەوەی وزە.<br>بەکارهێنانی مۆدیلی پاڵپشتیکردنی کەرتی تایبەت بۆ کەمکردنەوەی زیانەکان و چاکترکردنی کۆکردنەوەی پارەکان. | | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەستکردن بە هەڵمەتی ڕاگەیاندن بۆ هاندانی بەکاربەران بۆ وەستاندنی دزی لە کارەبا و پارەدانی پسوڵەکان لە کاتی خۆیدا | | | |
| کەرتی کشتوکاڵ: بەرنامەی گەنم | پاڵپشتی نرخەکە تێچووی زۆرە، (زیاترە لە) دوو ئەوەندەی نرخە نێودەوڵەتیەکەی گەنم. | بوار ناهێڵنەوە بۆ وەبەرهێنان و بەرهەمهێنانی بەروبوونی بەها بەرز، وەک میوە و سەوزە.<br>لە ڕووی دارایەوە سەقامگیر نین لە ژینگەی ئێستادا. | حکومەت گەنم دەکڕێت بەڵام بەشێکی پارەکەی نەداوە بۆ بەروبومی ٢٠١٤ و هیچ پارەیەکی نەداوە بۆ بەروبومی ٢٠١٥. | پێدانی پارە بەو جوتیارانەی کە گەنمیان لێ کڕدراوە بەو نرخەی کە لەسەری ڕێککەوتوون<br>وردە وردە پاڵپشتی نرخی گەنم لاببرێت<br>ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی پێشوەختە لە ئەگەری کاریگەری لەسەر بژێوی خێزانەکان بە بەراورد لەگەڵ هێڵی هەژاری | ئەولەویەت ی بەرز (حوزەیراد ی ٢٠١٦) | وەزارەتی پلاندانان | |
| کەرتی کشتوکاڵ: پاڵپشتی نرخی تێخراوەکان (المدخلات، input) | پاڵپشتی نرخ بۆ تێخراوی جۆراوجۆر دەکرێت (بۆ نموونە پەیین، تۆو، کیمیایی، و سووتەمەنی) | لە ڕووی داراییەوە سەقامگیر و بەردەوام نیە لە ژینگەی ئێستادا<br>سەرچاوەکان بۆ شوێنی تر تەرخان دەکرێن و ئەو بابەتە زیاتر بەکاردەهێنن کە پاڵپشتی دەکرێت | | لابردنی سەرجەم پاڵپشتیەکانی نرخ.<br>ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی پێشوەختە لە ئەگەری کاریگەری لەسەر بژێوی خێزانەکان بە بەراورد لەگەڵ هێڵی هەژاری | ئەولەویەت ی بەرز (ئابی ٢٠١٦) | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو | |
| دەستکردن بە خۆ | تێچووی پاڵپشتی | پێویستە ئامانجەکە بریتی | | ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی | ئەولەویەت | ئەنجومەنی | World |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دوورخستنەوە لە سیستەمە گشتیەکانی پاڵپشتی نرخ وەک شێوازێکی سەرەکی هاوکاری کۆمەڵایەتی بۆ هەژاران | نرخی بەرهەمەکانی نەوت و کارەبا ئێجگار زۆرە. | بێت لە خەڵکە هەرە نەدار و هەژارەکە. | | پێشوەختە لە ئەگەری کاریگەری لەسەر بژێوی خێزانەکان بە بەراورد لەگەڵ هێڵی هەژاری | ی بەرز ئابی ٢٠١٦ | وەزیران وەزارەتی دارایی و ئابوری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | Bank Group RAND |
| | پارەی هاوکاری کۆمەڵایەتی بۆ دڵنیابوون لەوەی تەنها ئەو کەسانەی هەرە هەژار و نەدارن وەک ئەوانەی بەرنامەی خۆراک دەیانگرێتەوە و هاوکاری تری کۆمەڵایەتی وەردەگرن. | پێویستە ئامانجەکە بریتی بێت لە خەڵکە هەرە نەدار و هەژارەکە. | | جێبەجێکردنی شێوازە بەدیلی بەئامانجگرتن (شوێنی جوگرافی، PMT ، کۆمەڵگە) بۆ دەستنیشانکردنی ئەو سوودمەندانەی کە شایستەن بۆ وەرگرتنی هاوکاری کۆمەڵایەتی، وە تۆمارێکی یەکخراو لە مەودای کورتخایەن تا مەودای مامناوەند | ئەولەویەت ی بەرز (ئابی ٢٠١٦) | وەزارەتی پلاندانان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | World Bank Group |
| زیاترکردنی پاشەکەوتی دارایی لە چاکسازی خانەنشینی | خەرجیەکانی خانەنشینی بەشێکی گەورەیان داگیر کردووە لە بودجە. | پێویستە جەرخی ناپێویستی حکومەت کەم بکرێتەوە. | | ڕێکخستنەوەی خەرجیەکانی ئێستای خانەنشینی و سەپاندنی باج پتەو دەکرێت | ئەولەویەت ی بەرز (ئابی ٢٠١٦) | وەزارەتی پلاندانان وەزارەتی دارایی و ئابوری | World Bank Group RAND |
| ڕێگاکانی وەدەستهێنانی داهات | | | | | | | |
| داهاتی باج | داهاتی باج کەمە | ئەمەش دەبێتە مایەی | | پێداچوونەوەی هەیکەلی | ئەولەویە | وەزارەتی ئابوری و | CIDA |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| RAND | دارایی | تی بەرز، لە تەموزی ٢٠١٦ ەوە دەست پێدەکات | ڕێژە و پێکهاتەی باجەکان بۆ دیاریکردنی سیستەمێکی گونجاوی باج بۆ هەرێمی کوردستان.<br>بەرزرکردنەوەی ڕێژەی باج.<br>زیادکردنی کۆنترۆڵ بۆ کەمکردنەوەی نافەرمێتی و چاکترکردنی پابەندبوون بە دانی باج<br>دانانی فەرمانگەیەک بۆ باج کە کارمەندی بەباشی بۆ دابین بکرێت و بتوانێت سیستەمی باج بەڕێوە ببات و یاساکانی باج بە شێوەیەکی ڕێکوپێک جێبەجێ بکات.<br>سیستەمی گریمانەکراوی ئێستای باج گونجاوە بۆ حاڵی حازر.<br>پەرەپێدانی سیستەمێکی مۆدێرن بۆ باج بۆ کاتێکی درێژخایەن کە خۆ-هەڵسەنگێن بێت، لە بەراییدا بۆ گەورە باجدەران بێت، و | | پشتبەستن بە داهاتەکانی هەناردەکردنی نەوت و بەرزی و نزمی داهاتەکانی حکومەت. | (٢.٦ لەسەدی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی) لە بەر چەند هۆکارێک (أ) ڕێژەکەی کەمە، (ب) کەمی پابەندبوون پێوەی لەبەر باوبونی بە شێوەیەکی نافەرمی لە ئابوریدا و (ج) کەمجار دەسەپێندرێت. | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | باجی تریش بسەپێندرێت وەک باجی فرۆشیاری و باجی بەهای زیادکراو (VAT) | | | |
| بەڕێوەبردنی باج | پابەندێتی بە پێدانی باجەوە نزمە، و هاندان بۆ سەپاندنی سنوردارە و چالاکی نافەرمی لە نێو کۆمپانیا و دەزگا فەرمیەکان و سنوردارکردنی بنچینەی باج. | نەبوونی دەزگای ئاڵوگۆڕی زانیاری کە کار بکاتە سەر ساخکردنەوەی داهات، و ئامرازی کەم لەبەردەستن بۆ سەپاندنی باج، و ژمارەیەکی زۆر لە مامەڵەکان بە پارەی نەختینە ئەنجام دەدرێت. | دەستگایەک دروست کراوە کە دەسەڵاتی زۆر سنوردارە بۆ کۆکردنەوەی باج فەرمانگەیەک هێنراوەتە کایەوە کە دەسەڵاتی زۆر سنوردارە بۆ سەپاندنی باج. | ڕێکخستنی سیستەمەکانی زانیاری بۆ ئەوەی بوار بدرێت بە ساخکردنەوەی داهاتی کۆمپانیا و کارمەندان، و دامەزراندنی میکانیزمی گونجاو بۆ سەپاندنی باج | ئەولەویەتی بەرز، لە سەرەتای تەموزی ٢٠١٦ ەوە دەست پێدەکرێت | وەزارەتی دارایی و ئابوری | CIDA |
| بەشداری مەدەنی | حکومەت پێویستی بە بەشداری ئارەزومەندانەی کەرتی تایبەتە لە سیستەمی باج و ڕێکخستنی ڕێوشوێنەکان بۆ ئەوەی سیاسەتێک جێبەجێ بکرێت کە هانی گەشە بدات. | کەرتی تایبەت پێویستی بە متمانەیە لەلایەن حکومەتەوە بۆ ئەوەی بڕوا بکات کە بەشداریەکەی لە سیستەمی باجدا، شایانی گرنگی پێدانە. | حکومەت هەوڵ دەدات بۆ بەرجەستەبوونی لێپرسینەوە سەرەڕای هەبوونی کێبڕکێی سیاسی لە نێوان پارتەکانی ناو حکومەتی ناوەندی. | دەستکردن بە دیالۆگی کەرتی گشتی-کەرتی تایبەت کە بگاتە ڕێککەوتنێکی بنکە فراوان و بنیاتنەرانە لەسەر باشترکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان و پابەندێتی زیاتری کەرتی تایبەت بە سیستەمە فەرمیەکانەوە | کانونی دووەم – کانونی یەکەمی ٢٠١٧ | وەزارەتی پلاندانان وەزارەتی دارایی و ئابوری | World Bank Group |

## ٢. چاکسازی هەیکەلی بۆ دانانی بەردی بناغە بۆ گەشەی بەردەوام و گشتگیر

### چاکسازی لە کەرتی دارایی

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سیولەی کەرتی بانک | بانکەکان هیچ پارەی نەختینەیان نیە بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانی بانک و پشتگیری لە کەرتی راستەقینەی ئابوری هەرێمی کوردستان. | پارەی دانراوی بانکەکانی لقی بانکی ناوەندی عێراقی لە هەولێر و سلێمانی، تەجمید کراون لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. | نیە | لابردنی تەجمید لەسەر پارەی دانراوی لقەکانی بانکی ناوەندی عێراقی لە هەولێر و سلێمانی | ئەولەویەتی بەرز (کانونی یەکەمی ٢٠١٦) | بانکی ناوەندی عێراقی (لقەکانی هەولێر و سلێمانی) وەزارەتی دارایی و ئابوری | |
| | | ئەو چەکانەی لەلایەن بانکەکانی هەرێمی کوردستان دەردەچێت ناتوانرێت بکرێن بە پارەی کاش لە بانکی ناوەندی عێراقی. | نیە | بواردان بە لقەکانی بانکی ناوەندی عێراق لە هەولێر وسلێمانی کە ئەو چەکانە سەرف بکەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەریکردوون | کانونی دووەمی ٢٠١٧ | بانکی ناوەندی وەزارەتی دارایی و ئابوری | |
| ڕێوشوێنی ڕێکخستنی کەرتی بانک | لقەکانی بانکی ناوەندی عێراقی لە هەولێر و سلێمانی لە بانکی ناوەندی پچراون و لەژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان کار | لقەکانی بانکی ناوەندی عێراق لە هەولێر و سلێمانی دەبێت لەژێر سەرپەرشتی بانکی ناوەندی کار بکەن. | نیە | پچراندنی لقەکانی بانکی ناوەندی عێراقی لە هەولێر و سلێمانی لە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لکاندنیان بە بانکی ناوەندی | ئەیلولی ٢٠١٦ | بانکی ناوەندی عێراقی وەزارەتی دارایی و ئابوری | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دەکەن. | | | | | | |
| | بانکە حکومییەکان لە هەرێمی کوردسان لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمەوە بەڕێوە دەبرێن و بە بێ مۆڵەتی بانکی ناوەندی عێراق، کاردەکەن. | بانکە حکومییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەبێت مۆڵەت لە بانکی ناوەندی عێراق وەربگرن و ڕێکخستنیان بە هەمان شێوە لە لایەن بانکی ناوەندیەوە بێت. | نیە | بانکە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت مۆڵەت لە بانکی ناوەندی وەربگرن و بکەونە ژێر ڕێوشوێنەکان و سەرپەرشتی بانکی ناوەندی عێراقەوە | تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ | بانکی ناوەندی عێراقی وەزارەتی دارایی و ئابوری | |
| کێبڕکێی کەرتی بانک | بانکە ئەهلیەکان لە مەیدانێکی نایەکساندا کار دەکەن بە بەراورد لەگەڵ بانکە حکومییەکان. | ئاژانسەکانی حکومەت پارە و حسابی جاری و مووچەی فەرمانبەران لە بانکە ئەهلیەکان دانانێن، و نوسراوی باوەڕپێدانی دارایی (Credit Letter) و چەکی بانکە ئەهلیەکان قبوڵ ناکەن. | ئاستەنگە یاساییەکان لابراون بەڵام هێشتا سەپاندن لە ئارادا نیە | سەپاندنی یاسا کە بوار بدات فەرمانگەکانی حکومەت پارە دابنێن و ئەژماری ڕەوەن و مووچە لە بانکی ئەهلی بکەنەوە، و نوسراوی باوەڕپێدانی دارایی و چەکی بانکە ئەهلیەکان قبوڵ بکەن | تشرینی دووەمی ٢٠١٦ | وەزارەتی دارایی و ئابوری | |
| ژێرخانی کەرتی بانک | بانکەکان بە هیچ جۆرێک ناتوانن مێژووی قەرزی مشتەریەکانیان هەڵبسەنگێنن. | لە هەرێمی کوردستان تۆماری کرێدیت (قەرز، متمانە) یان نووسینگەی قەرز/متمانە بوونی نیە. | بانکی ناوەندی عێراق (بە پشتگیری USAID) سەرقاڵی کارکردنە بۆ دانانی ڕێوشوێن بۆ ناساندنی نووسینگەی کرێدیت (متمانە، قەرز) | پێکەوە گرێدانی لەگەڵ بانکی ناوەندی عێراق ب دڵنیابوون لەوەی کە نووسینگەی کرێدیت، هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوە | کانونی یەکەمی ٢٠١٦ –تا تەواو ئەبێت | بانکی ناوەندی عێراقی (لقی هەولێر و سلێمانی) | USAID |

| کەرتی کشتوکاڵ | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **کەرتی کشتوکاڵ: سیاسەتەکانی بازرگانی** | | | | | | | |
| قەدەغەی هاوردن | ئاستی سەرکەوتن و کارکردنیان روون نیە. | دەبنە مایەی خراپ بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان. | | زانیاریەکان شەفافتر بکرێن پشکنینی داتاکان بۆ دڵنیابوون لەوەی قەدەغەی هاوردن کاریگەری هەیە. ئەگەر کاریگەریان نیە، لابرێن. | ئەولەویەتی مامناوەند (کانونی دووەمی ٢٠١٨) | وەزارەتی پلاندانان | |
| گومرک لەسەر هاوردە | باج لەسەر کشتوکاڵ دادەنێن. | تێچووی بەرهەمهێنان زیاد دەکەن و بەم شێوەیەش توانای کێبڕکێی کەرتەکە، کەم دەکەنەوە. | | لابرێن ئەگەر بۆ داهاتی دارایی پێویست بن ئەوسا با هاوتا بکرێن و لە ئاستێکی نزمدا بن | ئەولەویەتی بەرز (کانونی یەکەمی ٢٠١٦) | وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی | |
| **کەرتی کشتوکاڵ: پشتگیری جوتیاران** | | | | | | | |
| خزمەتگوزاریەکانی لێکۆڵینەوە و ڕێنمایی کشتوکاڵی | سەنتەری لێکۆڵینەوە زۆر لاوازە و بەرپرسیارێتی زۆری لەسەرە. هیچ خزمەتگوزاریەکی ڕێنمایی لە ئارادا نیە. | سوودمەندانی لێکۆڵینەوەکان، واتە جوتیاران، هیچ سوودێکیان پێ ناگات چونکە خزمەتگوزاری لێکۆڵینەوە و ڕێنمایی پێویست لە ئارادا نیە. جوتیاران زانیاریان لەسەر تەکنەلۆجیای نوێ | | پتەوکردنی توانای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و زیاتر چڕوپڕ بن. دامەزراندنی پردی پەیوەندی لەگەڵ کۆلیژی کشتوکاڵ. دامەزراندنی خزمەتگوزاری ڕێنمایی پێویستە بە هاوکاری | ئەولەویەتی مامناوەندی (کانونی یەکەمی ٢٠١٧) | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو | RAND-supported |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پێ ناگات. | | لەگەڵ سەنتەری لێکۆڵینەوەو کۆلیژی کشتوکاڵ ڕێنمایی دابنرێت | | | |
| **کەرتی کشتوکاڵ: زانیاری لەسەر بازاڕ و سێکتەرەکان** | | | | | | | |
| زانیاری لەسەر نرخ | لە کاتێکدا لە بازاڕی ناوەندی نرخەکان کۆدەکرێتەوە، تەنیا هەفتانە کۆدەکرێتەوە و شێوازی کۆکردنەوەکە ڕوون نیە. | جوتیاران و بازرگانان نیشانەی دروستیان پێ ناگات و ئەمەش ڕێگەیان لێ دەگرێت بڕیاری گونجاو و پشتئەستوور بە زانیاری بدەن لەسەر بازرگانی و وەبەرهێنان. | | پرۆسەی کۆکردنەوەی نرخ با شەفاف بێت و زوو زوو ئەنجام بدرێت.<br>با نرخەکان ئاشکرا بن و ڕابگەیەندرێن و بەربڵاوبن. | ئەولەویەتی مامناوەند (کانونی دووەمی ٢٠١٨) | وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو<br>زانکۆکان | |
| ڕووپێوی کشتوکاڵی | پێش چەند ساڵێک ڕووپێوی کشتوکالی ئەنجام دراوە. زانیاری نوێتر پێویستە. | نەبوونی زانیاری و شارەزایی لەسەر کەرتەکە دەبێتە مایەی دەرچوونی بڕیاری لاواز. | ئامارێکی کشتوکاڵی لە لایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانەوە لە ٢٠١١-٢٠١٢ ئەنجام دراوە وەکو بناغەیەک بۆ ڕووپێوێکی کشتوکاڵی بەکارهاتووە. | ئەنجامدانی ڕووپێوی کشتوکاڵی، هەموو چەند ساڵێک دووبارە بکرێتەوە (بۆ نموونە، سێ ساڵ).<br>دەستنیشانکردنی کەرتی کشتوکاڵ بە بەکارهێنانی ڕووپێوەکە و ڕووپێوی باری کۆمەڵایەتی و ئابوری خێزان IHSES ٢٠١٢. | ئەولەویەتی مامناوەند (کانونی دووەمی ٢٠١٨) | وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو<br>زانکۆکان | RAND |
| **کەرتی کشتوکاڵ: چوارچێوەی ڕێکخستن** | | | | | | | |
| ڕێوشوێنەکانی مۆڵەت | داواکاری زۆر و ناڕوون بۆ | تێچووی بەرهەمهێنان زیاتر دەکەن | | کەمکردنەوە و ڕێکوپێک کردنی مەرجەکانی پێدانی | ئەولەویەتی بەرز | وەزارەتە پەیوەندیدارەکان | IFC |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | وەرگرتنی مۆڵەت. | دەبنە مایەی گەندەڵی. | | مۆڵەت.<br>هێندەی بکرێت هەموو یان زۆربەی مۆڵەتەکانی بواری بەرهەمی کشتوکاڵی بگوازرێتەوە بۆ یەک شوێن-یەک فەرمانگە. | (تشرینی دووەمی ٢٠١٦) | | |
| **ئاسایش و بەڕێوەبردنی ئاو** | | | | | | | |
| ئاسایشی ئاو | کەمیی ئاو تا دێت زیاد دەکات. ئەم کەرتە تووشی گرفت بووە چونکە بری کەمتر ئاو دێتە ناو هەرێمی کوردستان و کواڵیتی ئاوەکە تێکچووە. | نەبوونی وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئاو، و هەڵگرتن و سیستەمی دابەشکردن.<br>خزمەتگوزاری دابینکردنی ئاو بە شێوەیەکی بەردەوام نیە و بڕێکی زۆری بە هۆی تەکنیکییەوە بەفیڕۆ دەڕوات لەگەڵ نەبوونی بەڕیوەبردنی باش.<br>تاریفی هەرزانی ئاو کە پشت دەبەستێت بە پاڵپشتی نرخەکەی لە لایەن حکومەتەوە.<br>کەرتێکی گەورەی نافەرمی رێک نەخراوی ئاو هەیە کە داواکاریەکی | دیدگای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئاو پێویستی بە ئامانجی بەرفراوانە.<br>یەکەمیان بریتیە لە دڵنیابوون لە دابینکردنی ئاو بۆ خەڵک بە شێوەیەکی پێویست و بە بڕ و کواڵیتی گونجاو. | وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئاوی خواردنەوە و ئاوەڕۆ زۆر پێویستە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریەکە، هەروەها، پێویستە چاکسازی بکریت لە دەستگاکانی دابینکردنی ئاودا بۆ زیاترکردنی کارایی و چوستی، کەمکردنەوەی بەفیڕۆچوون، و وەرگرتنەوەی تێچووی تێچوونەکەی لە ڕێی هاوبەشی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتیەوە، هەندێک کاری تایبەت بکرێن لەوانە (١) دانانی پلان و بەڕێوەبردنی بۆ ئاسایشی | ئەولەویەتی بەرز (ئەیلولی ٢٠١٦- کانونی یەکەمی ٢٠١٩) | وەزارەتی پلاندانان<br>وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو<br>پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | RAND |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆری لەسەرە، پاککردنەوەی ئاوی بەکارهێنراو سنورداره. | | ئاو بە تایبەت دیپلۆماسی ئاو، و بەڕێوەبردنی، (٢) چاکترکردنی گەیاندنی خزمەتگوزاریەکە، (٣) پتەوکردنی میکانیزمەکانی ئیدارەی ناوخۆیی و نیشتمانی و یەکێتیەکانی بەکارهێنەرانی ئاو | | | |
| بەڕێوەبردنی ئاوی ژێرزەوی | ئاوی ژێرزەوی یەکێکە لەو سەرچاوە ئاویانەی زۆرترین بەکارهێنانی هەیە. سەرچاوەیەکی سەرەکیە بۆ ئاوی خواردنەوە و ئاودێری. گرفتە سەرەکییەکانی ئاوی ژێرزەوی بریتین لە پیسبوون و کواڵیتی خراپی ئاوەکە. | نەبوونی چوارچێوەی ڕێکخستن بۆ چاودێری و سەپاندنی قەدەغەی هەڵنەکەندنی بیر و نەبوونی وەبەرهێنان لە ئاو و بەڕێوەبردنی ئاوی ژێرزەوی. | | جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی تەکنیکی بۆ چاکترکردنی چوستی چالاکییەکان. پێداچوونەوەی چوارچێوەی یاسایی و دامەزراوەیی بۆ بەڕێوەبردنی ڕێکوپێکی ئاوی ژێرزەوی وەک (أ) دانانی میکانیزم بۆ ڕێکخستن و چاودێری بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی. (ب) پلاندانان بۆ بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەویی بە شێوەیەک کە تا ئەوپەڕی تەمەنی بیرەکان درێژ بکاتەوە و سوودە ئابوریەکان زیاتر | ئەولەویەتی بەرز (ئەیلولی ٢٠١٦-کانونی یەکەمی ٢٠١٩) | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو | RAND |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بکات و (ج) پێشبینی گۆڕانی کوالیتی ئاوی ژێرزەوی لە کاتی پەرەپێدانی ئاوی ژێرزەوی | | | |
| سیستەمەکانی دابینکردنی ئاو و ئاوەڕۆ | ئاوەڕۆ نیگەرانیەکی سەرەکییە. کەموکوڕییە سەرەکییەکان بریتین لە نەبوونی وێستگەی پاککردنەوەی ئاوی ئاوەڕۆ و تۆڕەکانی ئاوەڕۆ. ئەمەش دەبێتە مایەی زیادبوونی هەڕەشە لەسەر تەندروستی گشتی و پیسبوونی ژینگە.<br>بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی بۆتە مایەی دابەزینی ئاستی ئاو، ئەمەش بۆتە هۆی گرانبوونی تێچووی دەرهێنان و پاککردنەوەی ئاو. | جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان شارەکان و ناوچە دوورەکان لە بارەی ژمارەی دانیشتوان کە دەستیان دەگات بە سەرچاوەی ئاو و ئاوەڕۆ.<br>گەڕاندنەوەی تێچووی ئیش پێکردن و چاککردنەوە تەنها بە ڕێژەی ٤.٤ لەسەدە.<br>بڕی ئاوێکی زۆر بە بێ داهات دەڕوات ئەگەرچی سەرچاوەیەکی داتای باوەڕپێکراو لەبەردەست نیە چونکە زۆربەی ماڵان پێوەری ئاویان نیە. | | پشتگیری لە وەبەرهێنان لە ئاوەڕۆ لە شارەکان/شوێنە دوورەکان،<br>پاککردنەوەی ئاوی ئاوەڕۆ<br>پێوەری ئاو و پارەی ئاو<br>چاکسازی لە تاریفی ئاو<br>گەڕاندنەوەی تێچووی ئیشپێکردن و چاککردنەوە، بەکارهێنانی وزەی خۆر بۆ دەرهێنانی ئاو، باشترکردنی خزمەتگوزاریەکانی بەکارهێنەران، پتەوکردنی شێوازی PPP لە چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهێنراو، و هاندانی بەکارهێنانەوەی ئاوی ئاوەڕۆ بۆ ئاودێری | ئەولەویەتی بەرز (ئەیلولی ٢٠١٦- کانونی یەکەمی ٢٠١٩) | وەزارەتی سامانە سروشتیەکان | RAND |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاودێری | ئاودێری بە بابەتێکی سەرەکی دادەنرێت لە سێ رووەوە: (أ) کەمکردنەوەی مەترسی کەشوهەوا، (ب) دڵنیابوون لە کواڵیتی و ستاندەری بەرهەمەکان وەک پێویست بۆ کشتوکالی بازرگانیی، و (ج) بۆ دابینکردنی داهاتێکی پێویست و ئاستی ژیانی باش بۆ ناوچە دوورەکان.<br>ئاودێری زۆر پربایەخە بۆ میوە و سەوزە بۆ ئەوەی کواڵیتیەکەی باش بێت و لە کاتی خۆیدا پێبگات، ئەمە سەرەرای زیادکردنی بەروبوومەکەش. وا پێشبینی دەکرێت لە | نەبوونی وەبەرهێنان، و ئەدای لاوازی سیستەمی ئێستای ئاودێری<br>شێوازی مۆدێرنی ئاودێری (پرژێنەر، و ئاودێری دڵۆپە)، هێشتا لە قۆناغە بەراییەکاندان<br>بەکارهێنانی ئاو لە ئێستادا لە کەرتی کشتوکاڵدا زۆرە، و لە ئێستادا چوستی گشتی ئاودێری نزمە. | چاککردنەوەیەکی کەم بۆ شێوازەکانی ئاودێری دەکرێت بە تایبەت بۆ بنی جۆگەکان | وەبەرهێنان لە مۆدێرنکردنی شێوازەکانی ئاودێری، گۆڕینی بەرنامەکان بۆ بۆری دابەشکردن بە گوێرەی داواکاری، و وەبەرهێنان لە ئاودێری دابەشکردنی دلۆپە و پرژێنەر، گواستنەوەی شێوازەکە بۆ یەکێتی بەکارهێنەرانی ئاو، گەڕاندنەوەی تێچووی ئیشپێکردن و چاککردنەوە، و هاندانی هاوبەشی کردنی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.<br>وەبەرهێنان لە ئاو و لە دروستکردنی بەنداوی بچوک و بەکارهێنانەوەی ئاو. | ئەولەویەتی بەرز (ئەیلولی ٢٠١٦– کانونی یەکەمی ٢٠١٩) | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕێی ئاودێریەوە جوتیاری کێڵگە بچووکەکان دەتوانن بگوازنەوە بۆ کارکردن لەسەر بەروبوومی بەها گران و دەستیان بگات بە بازاڕە تایبەتەکان، و دوورکەوتنەوە لەو کشتوکاڵەی کە بەس بۆ مەمرە و مەژییە. | | | | | | |
| کەرتی گەشتیاری | | | | | | | |
| پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری | دوای بووژانەوەیەک لە سەرەتای دەیەکەدا، ڕێژەی گەشتیاری کەم بۆوە بەهۆی قەیرانی سیاسی لە هەرێم: ژمارەی گەشتیاران بە ڕێژەی ٥٠ لەسەد دابەزی لە نێوان ٢٠١٣-٢٠١٥. | جێبەجێکردنی پلانی ستراتیجی گەشتیاری ٢٠١٣ دواکەوت بەهۆی قەیرانەکە. | حکومەت لە ٢٠١٣ پلانی ستراتیجی گەشتیاری ڕاگەیاند و دەستی کرد بە جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی، لەوانە پەرەپێدانی دەستەی گەشت و گوزار، و هەوڵەکانی بەبازاڕکردن و کۆکردنەوەی داتا و دامەزراندنی سەنتەری ڕاهێنان و پشتگیری لە کەرتی تایبەت. | جێبەجێکردنی پلانی ستراتیجی گەشتیاری و گۆڕینی ئەولەوییەتەکان بۆ وەڵامدانەوەی قەیرانەکە لە ڕێی تەرکیز خستنە سەر ژێرخانی درێژخایەن: گەشەسەندنی شوێنە گەشتیاریەکان و بەرهەمە گەشتیاریەکان، ژێرخان، پەروەردە و کواڵیتی. پێداچوونەوە و جێبەجێکردنی | لە تشرینی دووەمی ٢٠١٩ دەست پێدەکات | وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار | وەبەرهێنەرانی کەرتی تایبەت |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | راسپاردەکانی "هەڵسەنگاندنی خێرای گەشتیاری بۆ ساڵی ٢٠١٤"<br>• چاکترکردنی چوارچێوەی یاسایی پێدانی مۆڵەت بە دەزگا و کۆمپانیا گەشتیاریەکان.<br>• چاکترکردنی کواڵیتی خزمەتگوزاریەکان لە رێی پەیرەوکردنی بڕوانامەی کواڵیتی<br>• لابردنی بەربەست و رێکارەکان و بوارەکانی تر لەسەر کەرتی تایبەت کە لە هەڵسەنگاندنەکە ئاماژەیان پێکراوە | | | |
| چاکسازیی لە کەرتی وزە | | | | | | | |
| **کارەبا: چوارچێوەی یاسایی و رێکارەکان و سیاسەتەکان** | | | | | | | |
| یاسایەکی گشتگیری کارەبا | پێگەیەکی یاسایی گشتیگیر بۆ بەڕێوەبردنی ئەم کەرتە پێویستە، پێناسەکردنی رۆڵ و ئەرکەکان، و | تاوتوێی هەیکەلی داهاتووی کەرتەکە و پێویستبوونی یاسایەکی گشتگیر بۆ کارەبا لە زووترین قۆناغدا. | لە ئێستادا بەرهەمهێنەری سەربەخۆی کارەبا لە رێی گرێبەستی دوو لایەنەوە رێک خراوە. | ئەنجامدانی راوێژکردن لەگەڵ پسپۆران بۆ هێڵکاری هەیکەلێکی نوێی کەرتەکە، وەک جیاکردنەوەی رۆڵ و دەسەلاتەکان سەبارەت بە | دەستپێکردن لە ماوەی شەش مانگدا | وەزارەتی کارەبا | World Bank Group |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دیاریکردنی ڕێکارەکان و میکانیزمەکانی بازاڕ و پتەوکردنی کارایی ئابوری لە ڕێی کێبڕکێوە، هاندانی چوستی چالاکییەکان و دڵنیابوون لە گەیاندنی کواڵیتی کارەبا بۆ بەکاربەرەکان تا بکرێت بە کەمترین نرخ. | | وەزارەتی کارەبا دەستی بە تاوتوێ کردووە لەسەر هەیکەلی کەرتەکە، و پێویستبوونی بەشداری کەرتی تایبەت لە چاکسازییەکاندا. | سیاسەت و ڕێکارەکان و بەرفراوانکردنی تۆڕەکان و تاک کریاڕی، و بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کارەبا، فەراهەمکردنی بازرگانی بە کارەباوە، و چوستی کارەبا و بەڕێوەبردنی لایەنی داواکاریەکان | ماوەکەی: ٦-٩ مانگ دوای دەستپێکردن | | |
| | | | | داڕشتنی یاسای کارەبا و ئەنجامدانی ڕاوێژ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان. پێشکەشکردنی بە پەرلەمان بۆ یاسادانان | لە ماوەی یەک ساڵدا دەست پێ بکات، ماوە ١-٢ ساڵ | وەزارەتێ کارەبا | World Bank Group |
| ڕێکارەکانی کەرتی کارەبا | لە نەبوونی دەسەڵاتێکی ڕێکخستنی ڕیوشوێنی سەربەخۆ، تاریف و نرخی کارەبا بە گرێبەستی دوولایەنە و دانوستان دیاری دەکرێت، دانی رسومەکە دوا | هیچ یاسایەک نیە کە دەسەڵای بە ڕێکخەرێکی سەربەخۆ بدات. بڕیارەکانی پەیوەست بە تاریف و نرخەکان لە لایەن وەزارەتی کارەباوە بەشێوەیەکی فراوان لەسەر بنەمای تایبەتمەندێتی دەدرێت. ڕەنگە سیاسەتی ئابوری | حکومەت دەستی کردووە بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەک لەسەر تێچووی خزمەتگوزاریەکان و تێچووی گونجاو بە هاوکاری بانکی نێودەوڵەتی. لێکۆڵینەوەکە هەروەها مۆدیلی گەشەپێدانی | دامەزراندنی یەکەیەکی ڕێکخەری ڕێوشوێنەکان لەناو وەزارەتی کارەبا وەک دەستپێکێک بۆ ڕێکخەرێکی سەربەخۆی کەرتەکە. داڕشتنی مۆدیلی گەشەپێدان و خولی ڕاهێنان بۆ کارمەندانی یەکەی ڕێکخستنەکە. | دەستپێکردن لە ماوەی شەش مانگ ماوە: ١-٢ ساڵ | وەزارەتی کارەبا | World Bank Group UNDP "تێچووی خزمەتگوزاری و شێوازی تاریف" بە هاوکاری تەکنیکی و |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دەکەوێت و ڕەنگدانەوەی تێچووی خزمەتگوزاریەکە نیە (تەنانەت ئەگەر ویستی پارەدانیش هەبێت بەو مۆلیدانەی کە بە دیزڵ کار دەکەن و پارە وەردەگرن). | لەسەر پرۆسەی دانانی تاریف ڕادەستکردنی ئەم بەرپرسیارێتیە زەحمەت بکات بە ڕێکخەرێکی سەربەخۆ. | تاریف و نرخ لەخۆدەگریت و ڕاهێنان بە کارمەندانی وەزارەتی کارەبا دەکات بۆ بەکارهێنانیان. | | | | تەمویلی بانکی نێودەوڵەتی |
| | | | | بە گوێرەی یاسای نوێی کارەبا، ڕێکخەرێکی سەربەخۆی کەرتەکە دابمەزرێنە. ڕێکخەرەکە پەرە بە تاریف و ئەدا و پرۆسەی کێبڕکێکارانەی تەندەرەکان دەدات. | دەستپێکردن پاش یاسای نوێ ماوە: ١-٢ ساڵ دوای دەستپێکردن | حکومەتی هەرێمی کوردستان | World Bank Group |
| فەرمانگەکانی کەرتەکە بە تایبەتاندن بکرێن | کەرتێکی تەواوکار لەسەر ئاستی ستوونی، سەر بە وەزارەت بێت، چەند ڕۆڵێکی هەیە، دەبێتە هۆی دابەشبوونی بەرپرسیارێتی، هەروەها پێکدادانی بەرژەوەندی تێدایە، ئەمانەش دەبنە هۆی لاوازی ئەداکەی. | چالاکیی تەواوکار لەسەر ئاستی ستوونی پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەیە بۆ ئەوەی بە چەند بەشێکی تایبەتی جیاواز، وەک بەرهەمهێنان، گواستنەوە، دابەشکردن، بازرگانی، و کۆمپانیای هۆڵدینگ، لە هەمان کات سیاسەت و ئەرکەکان پێویستیان لە لێک جیاکردنەوە هەیە. ئەمە دەبێتە مایەی باشکردنی ئەدای شەفاف و لێپرسینەوەو هەروەها | حکومەت دەستی کردووە بە لێکۆڵینەوەیەک بە ناوی "ڕێچکەکانی پەتەوکردنی دابەشکردنی کارەبا، کەمکردنەوەی بەفیرۆدان، و زیاترکردنی داهاتەکان" کە لێکۆڵینەوە لە ڕێکارەکانی تایبەتاندن و سپاردن بە کۆمپانیا و تایبەتاندنی کاری دابەشکردن دەگرێتە خۆی. | لە هەیکەلی ئێستادا بۆ ئەوەی هەر یەکەیان قەوارەیەکی جیا بن، بەرهەمهێنان، گواستنەوە، دابەشکردن، بازرگانی و دابینکردنی سووتەمەنی جیابکرێنەوە. جیاکردنەوەی سەرمایە، ئەرک و ستافەکانیان، پەتەوکردنی جیاکردنەوەی وزە و بەرپرسیارێتی دارایی بۆ هەر یەکێکیان. | دەستپێکردن لە ماوەی شەش مانگدا ماوە: ٩-١٢ مانگ | وەزارەتی کارەبا | World Bank Group UNDP "دیراسەی ڕێچکەکانی پەتەوکردنی دابەشکردنی کارەبا" کە بانکی نێودەوڵەتی تەمویل و هاوکاری تەکنیکی دەکات، |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بوار دەرەخسێنێت بۆ بەرەوپێشچوون بەرەو تایبەتاندن. | | | | | لە پرۆسەدایە |
| | | | | دامەزراندنی قەوارە بۆ بەشەکانی بەرهەمهێنان، گواستنەوە، دابەشکردن، و بازرگانی و کۆمپانیای هۆڵدینگ وەک قەوارەی کۆمپانیای سەربەخۆ کە بە گوێرەی یاسای کۆمپانیاکان تۆمار کرا بن. دامەزراندنی ئەنجومەنی پارێزگاران، کارگێری، هەروەها میکانیزمەکانی بەرپرسیارێتی ئەدا. دەشێت لە قۆناغی گونجاودا ئەم قەوارانە، تایبەتاندن بکرێن. | دەستپێکردن لە ماوەی ١٨ مانگ<br>ماوە: ١-٢ ساڵ | وەزارەتی کارەبا | World Bank Group |
| **کارەبا: بەهێزکردن ژێرخان** | | | | | | | |
| هەبوونی کارەبا | ماوەی دابینکردنی کارەبا کەمە تەنانەت لە کاتێدا کە تەواوی توانای کارەبای ویستگە نوێیەکان هێشتا بەکارنەهێنرابێت. | نەبوونی گازی سروشتی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بۆ کارەبا کار دەکاتە سەر بەرهەمهێنان، لە ناچاریدا دەبێت گازۆیل بەکاربهێنرێت کە زۆر گرانە، و هەروەها بارێکی | بەشداری بە کەرتی تایبەت کراوە لە بەرهەمهێنانی کارەبادا لە ڕێی بەهەمهێنەری سەربەخۆی کارەبا ئەنجامی باشی هەبووە. ئەمەش بووە مایەی | باشترکردنی هەبوونی گازی سروشتی و بەکارنەهێنانی دیزل بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا. چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەی کە لە کەرتی گاز هەیە. | لە حوزەیرانی ٢٠١٦ دەست پێ دەکات<br>ماوە: ١-٢ | وەزارەتی سامانە سروشتیەکان | World Bank Group |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | گران دەخاتە سەر شانی حکومەت بە شێوەی یان وەریگرە یان پارەکەی هەر بدە. | باشتر بوونی کارەبا لە کەمتر لە ٥٠٠ مێگاواتەوە لە ٢٠٠٥ بۆ زیاتر لە ٥٠٠٠ مێگاوات لە ٢٠١٥. | | ساڵ | | |
| | | | | ڕاکێشانی هێڵی بۆری گاز هاوتەریب لەگەڵ هێڵی بۆری نەوت بۆ بەستنەوەی کێڵگەکان لە ناوەڕاستی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وێستگەکان لە خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان | دەستکردن بە ئامادەکار یەکان لە حوزەیرانی ٢٠١٦ ماوە: ٢-٣ ساڵ | وەزارەتی سامانە سروشتیەکان | World Bank Group |
| | | نەبوونی توانای پێویست بۆ گواستنەوە و پێکەوە بەستنەوەی بەرهەمهێنان لەگەڵ بنکەکانی بارکردن، هەروەها بەستنەوەی هەرێمی کوردستان بە ناوچەکانی تری عێراقەوە کە نەبوونی ئەم بەیەکەوە بەستنە ڕێگە دەگرێت لە گواستنەوەی کارەبا (یان کارەبای هەرزانتر) بۆ ئەو شوێنانەی بەشی پێویست لە کارەبایان نیە. | وەزارەتی کارەبا لەگەڵ هەندێک بەرهەمهێنەرێکی سەربەخۆی کارەبا کاریان لەسەر بنیاتنانی چەند بەشێکی هێڵی گواستنەوە کردووە، بەڵام هێشتا پێویستە بە بڕی ٥٦٨ ملیۆن دۆلار وەبەرهێنان بکرێت لەم بەشەدا بۆ تۆڕی گواستنەوەی ڤۆڵتیەی بەرز. | ڕێگەخۆشکردن بۆ بەشداری کەرتی تایبەت لە گەشەسەندنی تۆڕی گواستنەوەی ڤۆڵتیەی بەرز. ئەمە هەروەها ڕێگە خۆش دەکات بۆ گواستنەوەی نزیکەی ٤٠٠٠ مێگاواتی تر. | دەست کراوە بە لێکۆڵینەوە کان. ماوەی جێبەجێکر دن: ٢ ساڵ | وەزارەتی کارەبا | World Bank Group بانکی نێودەوڵەتی تەمویل و هاوکاری تەکنیکی کردووە و لێکۆڵینەوەکە ئێستا لە پرۆسەدایە "بەشداری کەرتی تایبەت لە پتەوکردنی گواستنەوەی |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | کارەبا" |
| دابەشکردنی کارەبا | بەفیرۆدانی زۆر لە ئەنجامی هۆی تەکنیکی کە پەیوەستە بە تۆڕی نیمچە تێکچووی دابەشکردن، هێڵەکانی گواستنەوە کۆنن و جێی متمانە نین، و پێوەرەکانی خوێندنەوەی کارەبا و پسولەکان ورد نین. | چاککردنەوە لاوازە و وەبەرهێنان بەشی پێویستی ناکات لە تۆری دابەشکردنی کارەبادا. لەگەڵ زیادبوونی توانای بەرهەمهێناندا پێویستە توانای تۆڕەکەش پتەو بکریت بۆ ئەوەی ئەم کارەبایە بگەیەندرێت بە بەکاربەر. | بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە بانکی نێودەوڵەتی تەمویلی دەکات بۆ هاوکاری تەکنیکی، حکومەت سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لە ڕێکارەکانی بەشداری کەرتی تایبەت لە دابەشکردنی کارەبا. | لێکۆلینەوە لە ڕێکارەکانی بەشداری کەرتی تایبەت بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان و باشترکردنی ئەدای بازرگانی کەرتی دابەشکردن. ڕەنگە لە بەراییدا نەکرێت تایبەتاندن بە تەواوەتی ئەنجام بدرێت بەلام دەکرێت لە یەکەم هەنگاودا بەشی کۆکردنەوەی پارە و پسووڵەکان بدرێت بە کۆمپانیای تایبەت بە گوێرەی گرێبەستی گونجاو.<br>هاوتەریب لەگەڵ بەشداری کەرتی تایبەت، دەستکردن بە چاکترکردنی ئەدا و بەهێزکردنی ڕێوشوێنەکانی دامەزراوەیی. | لێکۆڵینەوەکان دەستیان پێکردووە. ماوەی جێبەجێکردن: نزیکەی ٢ ساڵ | وەزارەتی کارەبا | World Bank Group |
| **کارەبا: چاکترکردنی ئەدا و لێپرسینەوە** | | | | | | | |
| بەرپرسیارێتی | لاوازیی لێپرسینەوەی دارایی | بەفیرۆدانی زۆری بازرگانیی لە ئەنجامی | ناوبەناو پێداچوونەوەی نرخی کارەبا کراوە لە | پەرەپێدان و جێبەجێکردنی ڕێگەیەکەی چەند ساڵەیی و | لێکۆڵینەوە کە لە | وەزارەتی کارەبا | "تێچووی خزمەتگوزاری |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دارایی و وزە | و وزە دەبێتە مایەی بەفیڕۆدانی زۆر و کۆکردنەوەی کەمی داهاتەکان و ئەمانەش بارێکی گرانی داراییین. | نزمی تاریف و نرخ، و پێوەرەکانی کارەبا و پرۆسەی پسووڵەکردن ورد نین، و بە بێ پێوەر کارەبا سەرف دەکرێت. | ڕابردوودا، بەڵام، پێویستە شێوازێکی هەیکەلی بگیرێتە بەر بە ئامانجی ئەوەی نرخەکە بتوانیت تێچووی بەرهەمەهێنانەکە روماڵ بکات. حکومەت دەستی کردووە بە لێکۆڵینەوەی "تێچووی خزمەتگوزاریەکە، و نرخەکەی" کە بانکی نێودەوڵەتی تەمویلی دەکات. | ستراتیجێک بۆ گۆڕینی نرخ. ڕەنگە ئەم شێوازە لەگەڵ چاکبوونی کارەبادا ئەنجام بدرێت و نرخی کارەبا بە گوێرەی تێچووی بەرهەمهێنانەکەی بێت بۆ بەکاربەرەکانی بواری بازرگانی و پیشەسازی | پرۆسەدایە .<br>ماوەی جێبەجێکردن: ٣-٥ ساڵ | | و شێوازی تاریف" بە هاوکاری تەکنیکی و تەمویلی بانکی نێودەوڵەتی |
| | | | دەست نەکراوە بە هیچ بەرنامەیەکی ڕوون بۆ کەمکردنەوەی بەفیڕۆدان لە پرۆسەی دابەشکردنەوە. | پەرەپێدان و جێبەجێکردنی پلانێک بۆ کەمکردنەوەی بەفیڕۆدان. بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی وردی بەفیڕۆدانی بازرگانی، بەرنامەیەک دابڕێژرێت بۆ کەمکردنەوەی بەفیڕۆدان و بۆ چاکترکردنی کۆکردنەوەی پارەی کارەبا بە جەخت خستنە سەر بەشکردنی بەکاربەر و ناوچەی جوگرافی کە هۆی سەرەکین بۆ | لێکۆڵینەوە لە پرۆسەدایە .<br>ماوەی جێبەجێکردن: ٣-٥ ساڵ | وەزارەتی کارەبا | "دیراسەی ڕێچکەکانی پتەوکردنی دابەشکردنی کارەبا" کە بانکی نێودەوڵەتی تەمویل و هاوکاری تەکنیکی دەکات، لە پرۆسەدایە |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بەفیرۆدانەکان | | | |
| بەڕێوەبردنی داواکاریەکانی پێدانی کارەبا و وزەی نوێکراوە | خواست لەسەر کارەبا بەردەوام بە ڕێژەیەکی بەرز، زیاد دەکات. | پێویستە خواست لەسەر کارەبا بەباشی بەڕێوەببرێت. | سیاسەتێکی ڕوون لە ئارادا نیە. | پەرەپێدان و جێبەجێکردنی بەرنامەیەک بۆ چوستی کارەبا، پاراستنی وزە، وزەی نوێکراوە، و بەڕێوەبردنی داواکاریەکان. | دەستپێکردن لە ماوەی ١-٢ ساڵی داهاتوو. جێبەجێردنی لە ماوەی مامناوەندا | وەزارەتی کارەبا | |
| کەرتی نەوت | | | | | | | |
| پەرەپێدان لە پاڵاوتنی نەوتی خاو (داونستریم) | دەرفەتەکانی پاڵاوتنی نەوت (داونستریم) بە شێوەیەکی ڕێکوپێک سوودیان لێ وەرنەگیراوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان توانای لە بواری توانای پاڵاوتندا سنوردارە، و بەرهەمە نەوتیەکان بۆ | ڕێکاری سنوردار لە ئارادایە بۆ چاکترکردنی پاڵاوتنی نەوت و دەرفەتەکان سودیان لێ وەرنەگیراوە. | | پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان چاکسازیی لە بواری ڕێکارەکان دابڕێژێت و تەرکیز بخاتە سەر: (i)چوارچیوەی بازرگانی و گرێبەستی بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی هەنووکە و ئایندە، (ii) ڕێخۆشکردن بۆ هەلومەرجەکانی ڕاکێشانی وەبەرهێنان، (iii) چاکسازیی لە کاروباری یاسایی و ڕێکارەکان، وەک | لە کانونی دووەمی ٢٠١٩ دەست پێدەکات | وەزارەتی سامانە سروشتیەکان | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەکارهێنانی ناوخۆیی، هاوردە دەکات. | | | نرخ، پاڵپشتی نرخ، ستاندەرەکانی سووتەمەنی، (iv) پێوەرەکان بۆ زیادبوونی توانای پاڵاوتن ( لەوانە نۆژەنکردنەوەی یەکەکان) باشترکردنی ڕێوشوێنی هاوردەکردن و جێگرەوەی سووتەمەنی. | | | |
| **پێکەوە بەستراوێتی هەرێمی (ئیقلیمی)** | | | | | | | |
| کەرتی گواستنەوە | | | | | | | |
| یاسا و ڕێکارەکان | کۆنی یان نەبوونی یاسای گونجاو، (بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ دیزاین و سەرپەرشتی و چاککردنەوەی) بۆ ژێرخانی گواستنەوە. | تێچووی گرانی بنیاتنان و چاککردنەوە.<br>کواڵیتی نزمی بیناسازی و سەرپەرشتی، و کارەکانی چاککردنەوە. | پلان لە ئارادایە لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی بۆ نوێکردنەوەی ڕێوشوێنەکان، بەڵام هێشتا جێبەجێ نەکراوە. | پێداچوونەوە و نوێکردنەوەی یاسا و ڕێکار، بڵاوکراوە، و ڕێنماییەکان بۆ پلاندانان، دیزاین، سەرپەرشتیکردن، و چاککردنەوەی ژێرخانی گواستنەوە.<br>پتەوکردنی کۆنترۆڵ، بە تایبەتی زیادبەکارهێنانی ژێرخان (زێدەڕۆیی بار) | نیسانی ٢٠١٧- کانونی یەکەمی ٢٠٢٠ | وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن وەزارەتی پلاندانان | JICA<br>SIDA<br>EU<br>UNESCWA<br>UNDP<br>USAID |
| گواستنەوەی گشتی | سیستەمی گواستنەوەی گشتی لە نێو شارەکان و لە نێوان شارەکان تا | سیستەمی گواستنەوەی گشتی پەرەی پێنەدراوە. هیچ ڕێوشوێنێکی ڕوون لە ئارادا نیە. | ڕێوشوێنەکانی پێدانی مۆڵەت. | پێوەرە کورتخایەنەکان: پەرەپێدانی سیستەمی نوێ بۆ گواستنەوەی گشتی، بە جیا بۆ نێو شارەکان، و بۆ | کانونی دووەمی ٢٠١٩ تا تەواو | وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن وەزارەتی پلاندانان | UNDP<br>IRU<br>UNESCWA |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئاستێکی کەم جێی متمانەیە و چوستە. | پێویستە چاکسازی بکرێت لە پێدانی مۆڵەت بۆ کارپێکەران و شۆفێرەکان. | | نێوان شارەکان.<br>پێوەرە مامناوەندی-درێژخایەنەکان: بۆ ئەوەی وزەی پاک و چوست لە رووی وزەوە بەکاربهێنرێت بۆ هۆیەکانی گواستنەوە، برەودان بە هۆیەکانی پیادە و پاسکیلسواری لەنێو شارەکان، هەروەها پەرەپێدانی تۆڕی هێڵی ئاسنین | دەبێت | | |
| گواستنەوە بە بارهەڵگرەکان | ڕێوشوێنی لەسەرخۆ و کولفەدار بۆ پێدانی مۆڵەت بۆ هەناردەکردن و هاوردەکردن، و مۆڵەتدان بە کۆمپانیا. | سیستەمی مۆڵەتدان بۆ شۆفێرەکان و کۆمپانیاکان بە باشی دانەڕێژراوە.<br>مۆڵەتەکانی هەناردن و هاوردن تێچووی زۆرە. | | چاکسازیی لە ڕێوشوێنەکانی ئاسانکردنی بازرگانی | تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ – حوزەیرانی ٢٠١٨ | سەرجەم ئەو وەزارەتانەی مۆڵەتی هەناردەکردن و هاوردەکردن دەدەن، و وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی | UNESCWA<br>WTO |
| ئاسانکردنی بازرگانی و ڕێوشوێنەکانی گومرک | ڕێوشوێنەکان کاتێکی زۆریان پێدەچێت بۆ تێپەڕبوون بە خاڵە سنورییەکان و بە | ڕێوشوێنەکانی گومرک یەکنەخراون. | | دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان هەموو ئەو فەرمانگانەی کە کار لەسەر گومرک و ڕێوشوێنەکانی خاڵە سنورییەکان دەکەن. | تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ – حوزەیرانی ٢٠١٨ | وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بەڕێوەبەرایەتیەکانی گومرک | WCO<br>UNESCWA<br>UNCTAD<br>IRU |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | باشی هەماهەنگ نەکراون. | | | | | | |
| ڕێگاکان و دەستگەیشتن بە شوێنان | ڕێگە سەرەکیەکانی گواستنەوە تەواو نەکراون بۆ خزمەتی تەواوەتی، تێچووی گواستنەوە گرانە، سەلامەتی هاتووچۆ کەمە، ڕێگەکان بارێکی زۆری بازرگانییان لەسەرە بۆیە پێویستیان بە چاککردنەوەی زۆرە، هەلومەرجی ڕێگاوبانەکان خراپە.<br>جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ڕێگاوبان دوادەکەوێت. ئەو پلانی کارەی بۆ ماستەر پلانی ڕێگەی خێرای دانراوە، دواکەوتووە لە کاتەکەی خۆی. | نەبوونی هێڵی ئاسنین، تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە گواستنەوەی ڕێگاوبانەکان دەبەسترێت.<br>تێچووی گواستنەوە گرانە و نرخی بازاڕ بەرزە.<br>کاریگەری نەرێنییان هەیە لەسەر گواستنەو و هاتووچۆ، بە تایبەتی بۆ خەڵکی هەژار، و بە تایبەت لە ناوچە دوورەکان. | تۆڕی ڕێگەی سەرەکی تەواو بکرێت و ڕێگەی سیانی بەرفراوان بکرێت و چاکتر بکرێت.<br>کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان GDRB جەخت دەخەنە سەر تەواوکردنی بەشە هەرە سەرەکیەکانی ڕێگاوبانەکان.<br>مۆڵەتی تێرمینالی پاس بە سەرکەوتوویی تەواو بووە. | تەواوکردنی ڕێگە سەرەکییەکانی گواستنەوە بە گوێرەی ستاندەرە گونجاوەکان.<br>نوێکردنەوەی ماستەرپلانی ڕێگەی خێرا.<br>دارشتنی ماستەر پلانی گواستنەوە بۆ هەرێمی کوردستان بۆ سەرجەم هۆیەکانی گواستنەوە.<br>چاکترکردنی هەلومەرجی ڕێگاوبانەکان و دڵنیابوون لە ژێرخانی سێکتەری سێیەم بۆ زیاترکردنی دەستگەیشتن بە نەخۆشخانە و قوتابخانەکان. | کانونی دووەمی ٢٠١٩- کانونی یەکەمی ٢٠٢٥ | وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن<br>وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن<br>وەزارەتی دارایی و ئابوری<br>وەزارەتی پلاندانان | World Bank Group<br>EU<br>ADB<br>JICA<br>UNESCWA |
| سەلامەتی ڕێگاوبان | هەلومەرجی ڕێگاوبانەکان، | نەبونی یاسا و ڕێکار و نیزامی گونجاو. | | دارشتنی ستراتیجی سەلامەتی ڕێگاوبانەکان | ئەیلولی ٢٠١٦ – | وەزارەتی گواستنەوە و | World Bank |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | سەلامەت نیە. | | | | ئازاری ٢٠١٨ | گەیاندن وەزارەتی ناوخۆ ( پۆلیسی هاتووچۆ) | Group<br>EU<br>RAND |
| بەڕێوەبردنی ڕێگاوبان | ڕێوشوێنەکان کۆنن، پرۆسەکان پچڕ- پچڕن، یەکەکان هەماهەنگی نیە لە نێوانیاندا، ڕووپێوی گونجاوی تۆڕەکە ئارادا نیە. | توانای بەڕێوەبردن و چاککردنەوەی ژێرخانی ڕێگاوبانەکان لاوازە.<br>هەلومەرجی خراپی ڕێگاوبانەکان تێچووی گواستنەوەیان زۆر گران کردووە. | ڕاهێنان کردن بە کارمەندانی سەرەکی، بەڵام ئاستی جێبەجێکردن، نزمە. لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی پلان دانراوە بۆ چاکسازیی سیستەمەکە، بەڵام هێشتا نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە. | چاکترکردنی توانای تەکنیکی و کارگێڕیی لە ڕێی بەرنامەکانی هاوکاری تەکنیکی. دامەزراندنی یەکەی بەڕێوەبردنی کارا لە GDRB<br>چاکترکردنی ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان یەکەکانی GDRB و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.<br>گۆڕانی بنەڕەتی کەرتەکە لە دوو توێی بەرنامەیەکی زنجیرەییدا کە پشتگیری لە دارشتنی ستراتیج و دیدگە بکات (بەڕێوەبردنی باشتری سەرمایەی ڕێگاوبانەکان، وەڵامدانەوەی خێرای پەیوەندی و سکالای بەکارهێنەرانی ڕێگاوبانەکان، چاودێری و ڕاپۆرتنووسینی باشتر، و | پلانێکی مامناوەند خایەن بۆ چاکترکردنی توانای دامەزراوەیی GDRB ( کانونی یەکەمی ٢٠١٧ – کانونی یەکەمی ٢٠١٩)<br>پلانێکی درێژخایەن بۆ سپاردنی ڕێگەی خێرا و دەرەکی بە دەزگایەکی | وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن وەزارەتی دارایی و ئابوری | World<br>Bank<br>Group<br>SIDA<br>JICA<br>EU<br>UNESCWA |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | سەپاندنی ڕێوشوێنەکانی هاتووچۆ و باری سەر ڕێگەکان)<br>پتەوکردنی کۆنترۆڵ بۆ کەمکردنەوەی نافەرمیتی و چاکترکردنی پابەندبوون بە ڕێنماییەکان. | سەربەخۆ (کانونی دووەمی ٢٠٢٠ و بە دواوە) | | |
| بیناسازی ڕێگاوبان و پیشەسازی ڕاوێژکاری | لاوازیی لە پیشەسازی گرێبەستکردن و ڕاوێژکردن (کواڵیتی نزمی بیناسازی، توانای دیزاین و سەرپەرشتی لە ئارادا نیە، هیچ شارەزاییەک لەسەر تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو و زانیاری پراکتیکی نیە). | ئەم سێکتەرە لاوازە و گەشەی نەکردووە. هیچ کارزانیەکی پێویست بۆ جێبەجێکردنی چالاکییەکان بەردەست نیە.<br>بودجەی تەرخانکراو بەشی پرۆژەکانی ژێرخان ناکات.<br>نەبوونی ئامێر و و کەرەستە و ستافی شایستە دەبێتە مایەی دواکەوتنێکی زۆری پرۆژەکان.<br>کواڵیتی نزمی خزمەتگوزاریەکان. | | دابینکردمی ڕاهێنان بۆ بەڵێندەرەکان و ڕاوێژکارەکان بۆ چاکترکردنی توانانی تەکنیکی و کارگێڕییان.<br>پشتگیری لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی سەلامەتی.<br>هەڵبژاردنی پرۆژەکان بە وردی و دانانی پلان بۆ کڕیاری بۆ هاندانی بەڵێندەرە ناوخۆییەکان.<br>هاندانی هاوبەشی لە نێوان بەڵێندەر و ڕاوێژکاری ناوخۆ و بیانی | کانونی یەکەمی ٢٠١٦- حوزەیرانی ٢٠١٩ | وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن<br>وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن | World Bank Group<br>SIDA<br>JICA |
| وەرگرتنی کرێ لە | نەبوونی سەرچاوە | بودجەی تەرخانکراو، | | وەرگرتنی کرێی گونجاو | ئەیلولی | وەزارەتی | EU |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەکارهێنەری ڕێگا | بۆ داپۆشینی ڕومالّی چاککردنەوەی ژێرخانی ڕێگاوبانەکان. | بەش ناکات. | | لەوانەی ڕێگە بەکاردەهێنن (کرێی تۆمارکردن، باجی بەنزین، باجی هاتوچۆی ڕێگای خێرا، و رسومی باری گران/باری زیاد)<br>دانانی میکانیزم بۆ کۆنترۆڵکردنی داهات. | ٢٠١٦ – کانونی یەکەمی ٢٠١٩ | گواستنەوە و گەیاندن<br>وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن<br>وەزارەتی دارایی و ئابوری | SIDA<br>UNESCWA |
| هێڵی ئاسنین | نەبوونی تۆڕەکە. | بە ئەولەویەتی حکومەت دانانرێت. | ماستەرپلانی عێراق بنیاتنانی تۆڕی هێڵی ئاسنینی ڕەچاو کردووە. | داڕشتنی ماستەر پلانی گواستنەوە بۆ هەرێمی کوردستان، کە هەموو شێوازەکانی گواستنەوە لەخۆبگرێت. | ئەولەویەتی کەم، لە دوای ٢٠٢٠ دەست پێدەکات | وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن<br>وەزارەتی پلاندانان | EU<br>ADB<br>UNESCWA |
| سەکۆ (هەب)ی لۆجیستی | زنجیرەی لۆجیستی بە باشی گەشەی پێنەدراوە و گەیاندنی بە کڕیارەکە، زۆر شپرزەیە . | نەبوونی یاسای گونجاو. | | پێویستە ماستەرپلانی هەرێمی کوردستان خزمەتگوزاری لۆجیستی لەخۆبگرێت. | دەستپێکردن لە ٢٠١٩، و جێبەجێکردن بە لای کەمەوە بۆ ماوەی ٥ ساڵ | وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن<br>وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن<br>وەزارەتی پلاندانان | EU<br>ADB<br>UNESCWA |
| کارامەیی ستاف | نەبوونی زانیاری پێویست بۆ بەڕێوەبردنی ژێرخانی گواستنەوە | نەبوونی کارامەیی پێویست. | | پێداچوونەوە و جێبەجێکردنی بەرنامەی نوێ لە ئەندازیاری ژێرخانی هاتووچۆ | دەستپێکردن لە ٢٠١٨، و دابینکردنی | وەزارەتی پەروەردە<br>وەزارەتی گواستنەوە و | SIDA<br>World Bank |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | (بە تایبەت لە بواری چاککردنەوە و بەڕێوەبردنی سەرمایە). | | | (پلاندانان، دیزاین، بیناسازی، سەرپەرشتی، چاککردنەوە، بەڕێوەبردن) و ئەندازیاری گواستنەوە (ڕێکخستن لۆجیستی). | ڕاهێنانی بەردەوام | گەیاندن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن | Group<br>UNDP<br>USAID<br>JICA<br>UNESCWA |
| کەرتی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن ICT | | | | | | | |
| ژێرخانی برۆدباند و فراوانکردنی خزمەتگوزاریەکە | بازاڕی برۆدباند لە هەرێمی کوردستان ئەوە دەردەخات کە بە خێرایی بەرەوپێش دەچێت بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق، بەڵام هێشتا بوارێکی زۆر ماوە بۆ گەشەسەندن. ئەمەش بە تایبەتی بۆ برۆدباندی جێگیر کە تێیدا ژێرخانی ئینتەرنێتی خێرا هێشتا گەشەی نەکردووە. لە هەرێمی کوردستان کۆمپانیای ئەهلی | ئاستەنگ هەیە لە کێبڕکێ: دابینکەری ژێرخانی ستوونی (ئاڵای نەورۆز لە هەولێر، و کوردتێل لە سلێمانی)، و مۆنۆپۆلکردنی دەستگەیستن بە برۆدباندی جێگیر لە لای ئەوانەوە و قۆرخکردنی ژێرخان لە شارە گەورەکان. | | داڕشتنی سیاسەت و ستراتیجێکی هەمەلایەنی گواستنەوە و گەیاندن بۆ هەرێمی کوردستان کە هانی گەشەسەندنی بازاڕی برۆدباند دەدات و کێبڕکێ زیاد دەکات لەسەر زنجیرەی ستوونی برۆدباند.<br><br>دانانی هەڵسوڕێنەری نوێی برۆدباند پشتئەستور بە دەزگای نوێ بۆ سەرجەم هەرێمی کوردستان نەوەک بۆ شارەکان بە جیا، و ئەولەویەتیش بدرێت بە دابینکەری نوێی خزمەتگوزاریەکە | تەموزی ٢٠١٧ – تەموزی ٢٠١٩ | وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پەیدا بوون لە بازاری برۆدباندی جێگیر، بەلام هێشتا کێبڕکێ زۆر سنوردارە. سەبارەت بە بازاڕی مۆبایل بەغدا مۆڵەتی نەوەی سێیەم ٣G دەدات، وە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی حکومەتی هەرێم، مۆڵەتی نەوەی چوارەم ٤G دەدات و ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی بازاڕێکی نامونەیی. ئەگەر ئەم بابەتانە چارەسەر بکرێن، ئەوا خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی خێرا دەتوانن گۆڕانکاری بەسەر هەرێمی | ڕێکارەکان: نەبوونی ڕێکاری گونجاو بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ باڵاڵیی دوو دابینکەرەکەی ژێرخانی برۆدباندی جێگیر. | وەزارەت سەقفی نرخی دیاریکردوو بۆ فرۆشتن بە کۆ و خزمەتگوزاریەکانی ژێرخان. بەڵام ئەم پێوەرە مانای دڵنیابوون نیە لە کراوەیی بۆ دەستگەیشتن بە دەزگا سەرەکییەکان و بوار ڕەخساندن بۆ کێبڕکێ لەسەر خزمەتگوزاریەکە. هەڵسوڕێنەرە باڵاڵەکان بەردەوام دەبن لە جیاکاری لە نێوان ئەو دابینکەرانەی کە سەر بە خۆیان لەگەڵ ئەوانەی کە تازە دێنە ناو بازاڕەکە. | داڕشتنی چەند ڕێکارێک بۆ هاندانی داخلبوونی بازاڕەکەی زنجیرەی بازاڕی جێگیر لە ئاستی جۆراوجۆردا، کارکردن لەسەر ڕێوشوێنی دژە باڵاڵی و دژە کێبڕکێ وەک ڕێوشوێن لەسەر نرخ و ئۆفەری فرۆشتن بە کۆ. | تەموزی ٢٠١٧ – تەموزی ٢٠١٩ | وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن | World Bank Group هاوکاری لە بواری سیاسەت و ڕێکارەکان |
| | | سنورداری ژێرخانی برۆدباند لە شوێنە دوورەکان: ژێرخانی برۆدباند، بە تایبەتی جۆری جێگیر، پێدەچێت زۆر سنوردار بێت لە دەرەوەی شارە | | دیزاینی مۆدیلی نوێ لە دابینکردنی ژێرخان بە بەکارهێنانی شێوازی هاوبەشی کەرتی گشتی- کەرتی تایبەت بۆ فراوانکردنی دەستگەیشتن بە فایبەر و تۆڕی سەرەکی | تەموزی ٢٠١٧ – تەموزی ٢٠٢٠ | وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن<br>وەزارەتی کارەبا | World Bank Group |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کوردستان بهێنێت. | سەرەکییەکان. بەرفراوانکردنی خزمەتگوزاری برۆدباندی جێگیر و ڕەنگە لە لایەنی داراییەوە سەرنجراکێش نەبێت بۆ کۆمپانیای کەرتی تایبەت. | | backbone لە دەرەوەی شارەکان.<br>هاندانی بەکارهێنانی ژێرخان.<br>دارشتنی نەخشەی دیجیتەڵی ژێرخان وەک ئامرازێک بۆ دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکانی بازاڕەکان. | | | |
| | | هەماهەنگی ڕێکارەکان: پێویستە هەماهەنگی بکرێت لە نێوان وەزارەتی گواستنەوە و CMC بۆ چاودێری و ڕێکخستنی سێ کۆمپانیاکانی مۆبایلی ناوخۆ. | پێویستە هەماهەنگیکردن لەگەڵ دەزگاکانی حکومەتی ناوەندی پتەو بکرێت، لەوانە لە بواری مۆڵەتی ٣G/ ٤G، کە مۆڵەتی نەوەی چوارەم ڕاستەوخۆ لە لایەن وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی هەرێم دەدرێت و مۆڵەتی نەوەی سێیەم لە لایەن CMC دەدرێت. | هەماهەنگی کردن لەگەڵ CMC بۆ کاروبارەکانی بواری بەکارهێنانی فریکوێنسی، پێکەوە گرێدراوێتی، کواڵیتی خزمەتگوزاریەکە، و نرخ دانان. | تەموزی ٢٠١٧ – تەموزی ٢٠٢١ | وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن | |
| ڕێکخستنی بازاڕ و | هیچ شیکردنەوەیەکی | توانای تەکنیکی وەزارەتی | | پەرەپێدانی توانای | تەموزی | وەزارەتی | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تواناکانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە بواری چاودێریکردن | هێڵی بنچینەیی نیە بۆ بازاڕەکانی تیلیکوم و برۆدباند لە هەرێمی کوردستان. وەزارەت پێویستی بە هاوکاریە بۆ پتەوکردنی تواناکانی لە بواری چاودێری بازاڕی تێلیکۆم و شیکردنەوەی گەشەپێدانی. ئەمە پێشمەرجێکی سەرەکییە بۆ دانانی سیاسەتی گونجاو و پشتئەستوور بە زانیاری. | گواستنەوە و گەیاندن سنوردارە لە بواری چاودێری بازاڕەکان و هەماهەنگی لاواز لە ئاستی هەرێمی و هەروەها کۆمپانیا نێوخۆییەکان. | | رێکارەکان و دامەزراندنی چوارچێوەیەکی پتەو بۆ هەمانگی کردن لەگەڵ لایەنەکانی بازاڕەکە، وەک کاری یاسایی یان سزا لە حاڵەتی هەمانگی نەکردندا.<br>دانانی شێوازێکی راوێژکارانە و شەفافانە بۆ دارشتنی رێسا و رێکاری نوێ. | ٢٠١٧ – تەموزی ٢٠٢١ | گواستنەوە و گەیاندن | |
| بازاڕی پێکەوەگرێدانی نێودەوڵەتی | هەرێمی کوردستان شوێنێکی سەرەکی جیۆپۆلیتیکی هەیە کە بواری بۆ دەرەخسێنیت ببێت بە سەکۆیەک. (هەبێک) بۆ پێکەوە بەستنەوەی | وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی و بیانی ئەوەیان پیشان داوە کە بایەخ دەدەن بە فراوانکردنی ژێرخانی فایبەر لە کێبڵی ژێر دەریایەوە لە ئەلفاو تا تورکیا و ئێران لە رێی هەرێمی کوردستانەوە. | حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی داوە بە چوار کۆمپانیای پێکەوە بەستنەوەی نێودەوڵەتی بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریەکە بە بەکارهێنەرە خۆجێییەکان لە رێی ئێران و | دانانی شێوازی شەفاف بۆ مۆڵەتی ژێرخان کە ترافیکی ئینتەرنێت بەناو کوردستاندا بگوازێتەوە. ئەمەش بازاڕی نێودەوڵەتی بە رووی وەبەرهێنەرەکاندا واڵا دەکات و دەبێتە داهات بۆ حکومەت. | تەموزی ٢٠١٨ – تەموزی ٢٠١٩ | وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن | کۆمپانیا و وەبەرهێنەرانی تۆڕی فایبەر لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی<br>حکومەتی |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێودەوڵەتی بۆ خزمەتکردنی بازاڕە نیودەوڵەتیەکانی ناوچەی GCC و ترافیکی نێودەوڵەتی نێوان ئەوروپا و ئاسیا. | زۆر پرۆژە و دانوستان لە ئارادایە لەگەڵ هاوبەشی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەوەی ڕێسا و ڕێکارەکانی مۆڵەت بۆ پرۆژەکانی ژێرخانی لەم جۆرە، ڕێگرە. | تورکیاوە. | دڵنیابوون لەوەی کە هەر ژێرخانێکی لەو جۆرە کە لە هەرێمی کوردستان دەبێتە مایەی زیاترکردنی توانای ئینتەرنێت لە بازاڕی ناوخۆیی و نرخەکەی کەم دەکاتەوە. | | | عێراق |
| بازاڕی تەکنەلۆجیای زانیاری | بازاڕی تەکنەلۆجیای زانیاری لە هەرێمی کوردستان هێشتا لە هەنگاوی تازەدایە، بەم شێوەیەش داواکاری کەمە لەسەری و خزمەتگوزاریەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و بەرهەمی سۆفتوێر و خزمەتگوزاری تۆڕەکان کەمن | گەورەترین بەربەست کە باس کرا لە بواری خزمەتگوزاریەکانی پەیوەست بە تەکنەلۆجیای زانیاری بریتین لە:<br><br>١) پێگەیشتوویی لە داواکاری لەسەر خزمەتگوزریەکانی ئ تەکنەلۆجیای زانیاری لە بازاڕی ناوخۆ<br><br>٢) کەمی شارەزایی لە زماندا، لە بەڕێوەبردن، هەروەها لە گەیاندنیشدا. | فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری، هێلکاری ستراتیجی داناوە بۆ نەخشەڕێگەی تەکنەلۆجیای زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئامانجەکەی بریتیە لە حکومەتێکی ئەلیکترۆنی بۆ پرۆسە و خزمەتگوزاریەکان.<br><br>جێبەجێکردنی تەواوی ئەم ستراتیجە ڕێگە خۆش دەکات بۆ زیاترکردنی داواکاری لەسەر خزمەتگوزاریەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و بەم شێوەیەش یارمەتی | داڕشتنی ستراتیجێک کە سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان لە فەرمانگەکانی حکومەت پێکەوە کۆدەکاتەوە بۆ داڕشتنی پلانێکی درێژخایەن بۆ کارکردن لەسەر خاڵە لاوازەکانی دابینکردن (عرض) و داواکاری (طلب) لەسەر خزمەتگوزاریەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری.<br><br>هاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەت و دەزگا ئەکادیمیەکان و لایەنە هاوبەشە نێودەوڵەتیەکان بۆ داڕشتنی پارکی | تەموزی ٢٠١٨ – تەموزی ٢٠٢٠ | ئەنجومەنی وەزیران<br><br>وەزارەتی پلاندانان<br><br>دەزگا پەروردەییەکان | RAND<br><br>بۆ گەشەدان بە شارەزاییەکان |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | پێگەیشتنی بازاڕ و بەرفراوانکردنی بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەدات. بەڵام بەرەوپێشچوونی جێبەجێکردنەکە لەسەرخۆیە. | تەکنەلۆجی و داهێنان.<br>پشتگیری لە پەرەپێدانی شارەزایی لە بواری سۆفتوێر و ناوەڕۆکی دیجیتاڵ: شارەزایی تەکنیکی و سۆفتوێر وەک بەڕێوەبردن، زمان و گەیاندن. | | | |
| ناوەڕۆکی دیجیتاڵ بە زمانی کوردی | دەرفەتێک هەیە بۆ بەڵێندەرانی ناوخۆیی و وەبەرهێنەران بۆ کارکردن لەسەری و چوونە بازاڕی ناوخۆ بۆ بابەتی کاتبەسەربردن، پەروەردەیی و ناوچەیی بە زمانی کوردی. | دەرفەت هەیە بۆ ئەو شوێنانەی کە بە زمانی کوردی قسە دەکەن و لەم بوارەدا بازاڕەکە کزە. | | ڕێکخستنی کێبڕکێی بەرنامە و ئاپ بۆ هاندانی داهێنان، پشتگیری لە کۆمپانیای بچووک و مامناوەندی لەم بوارە و بەخشینی کۆمەک بە بەرنامەکە. | تەموزی ٢٠١٨ – تەموزی ٢٠٢١ | | |
| **هەمەچەشنکردنی ئابوری و دروستکردنی دەرفەتی کار لە مەودای مامناوەندیدا لە ڕێی پەرەپێدانی کەرتی تایبەتەوە** | | | | | | | |
| پەرەپێدانی کەرتی تایبەت | کەرتی تایبەت هێشتا ساوایە لە وڵاتێکدا کە دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی | نەبوونی دەستپێک نەبوونی گەشە و بەرهەمی کارگەکان. | ڕوون نیە | دەستکردن بە هەندێک بەرنامەی پەرەپێدانی دەسپێشخەری بە تایبەتی لەنێو لاواندا. | ئەولەویەتی بەرز (ئەیلولی | وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی وەزارەتی پلاندانان | World Bank Group |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | سروشتی. | | | دەستپێکردن و گەورەکردنی دەستێوەردانە هەرە کاریگەرەکانی کۆمپانیاکان بۆ چاکترکردنی ئاستی بەرهەمهێنان، کواڵیتی بەرهەم و داهێنان، و دەستگەیشتن بە بازاڕەکان. پێداچوونەوە بە بوارەکانی چاکسازی سیاسەتەکان وەک لەراپۆرتی "ئەنجامدانی بزنس ٢٠١٥" باس کراوە، هەروەها دەستنیشانکردنی بەربەستەکانی هەر بوارێک. | – ٢٠١٦ ئەیلولی ٢٠١٩) | | |
| دروستکردنی هەلی کار لە کەرتی تایبەت | زیاتر لە ٥٠ لەسەد لە دەستی کار لە لایەن کەرتی گشتیەوە دامەزراون. | گەشەسەندنێکی لەسەرخۆی فرەچەشنکردنی ئابوری و دروستکردنی هەلی کار لە کەرتی نانەوتیدا. | حکومەت بە پەرۆشە بۆ زیاترکردنی گونجاوێتی هێزی کار و دروستکردنی هەلومەرجی باشتر بۆ کار و چاکترکردنی پاراستنی کارەکانی کەرتی تایبەت و دۆزینەوەی | چاکسازیی لە یاسای کار و سیستەمە پیشەیی و پەروەردەییەکان. | دەستپێکردنی لە ئەیلولی ٢٠١٦ | وەزارەتی پلاندانان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | World Bank Group |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | شارەزاییەکان بە گوێرەی داخوازی بازاڕی هێزی کار. | | | | |
| کەلێنی نێوان کارامەیی ئیشکەر و داواکاری کۆمپانیاکان | یەکخستنی کارامەیی کارکەر لەگەڵ داواکاری کۆمپانیاکان. | کەلێنێکی گەورە هەیە لە نێوان دەرچوانی سیستەمی خوێندن لەگەڵ ئەو شارەزاییانەی کە بازاڕەکانی هەرێمەکە پێویستی پێیە بۆ کەرتی ئابوری جۆراوجۆر. ئەم کەلێنە دەبێتە مایەی ئەوەی کە دەرچووەکانی خوێندن نەتوانن کاریان دەست بکەوێت لای کەرتی تایبەت چونکە پێویستیەکانی ئەو کەرتەیان پێ پڕناکرێتەوە. | دەزگای ڕەند ڕووپێوێکی لەسەر ئاستی هەرێم ئەنجام دا لەسەر پێویستیەکانی بازاڕ و خاوەنکارەکان. | ئەنجامدانی ڕووپێوی پێویستیەکانی بازاڕی کار، هەماهەنگکردنی بەرنامەکانی ڕاهێنان، نوسینی ناوی کۆمپانیاکان، بیانی و خۆیی کە ئامادەن ڕاهێنان بە خەڵک بکەن لە ڕێی لە ڕێی ڕاهێنان لەسەر کار، ڕێنوێنی، ڕاهێنانی پیشەوەری، پرۆگرامی خوێندن، کارکردن بەیەکەوە، سیمینار و هاوبەشی کردن لەگەڵ زانکۆکان. | دەستپێکردن لە ئەیلولی ٢٠١٦ | وەزارەتی پەروەردە<br>وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی<br>وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی<br>وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی | RAND |
| توانا و هەماهەنگیی دامەزراوەیی | یەکەیەکی دیاریکراو نیە کە ڕابەر بێت و هەماهەنگیی کۆششەکانی چاکسازیی ڕێکارەکا بکات. | نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان فەرمانگەکان. | | دەستنیشانکردنی پاڵەوانی چاکسازی بۆ ئەوەی پێشەنگی چاکسازیی ڕێکارەکان بێت، هەوڵەکان یەک بخات، و ئەولەویەت دابڕێژێت و پەیوەندیی بکات بە لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە. | کانونی دووەم ٢٠١٧ – کانونی یەکەمی ٢٠١٨ | سەرۆک وەزیران<br>وەزارەتی پلاندانان | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەستگەیشتن بە دارایی | کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بە زەحمەت دەستیان بە دارایی دەگات. | خزمەتگوزاریە بانکی و داراییەکان پەرەیان پێ نەدراوە، تاکەکەس و کۆمپانیاکان ناتوانن نوسراوی پاوەرپێدراوی دارایی دەربکەن. | | هەمواکردنی یاسای حەواڵە کە پارێزراو بێت، لە هەمان کات توانای گونجاندنیان هەبێت. | تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ – حوزەیرانی ٢٠١٨ | وەزارەتی دارایی و ئابوری | |
| ڕێکارەکان بێزارکەرن | دامەزراندنی ڕژێمی ڕێکارەکان ئاڕاستەکراو بە کەرتی تایبەت. | چوارچێوەی ڕێکارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاد لە پێویست ئاڵۆزە، دووبارە بوونەوە، و بەیەکداچوونی تێدایە. کەرتی تایبەت ماندووە بە دەست جێبەجێکردنی چەند کار و ڕێوشوێنێک، کە هیچ بناغەیەکی یاساییان نیە. | | کۆتایی هێنانی یاسا سەرەکییەکان (وەک یاسای کێبڕکێ، یاسای دژە-مۆنۆپۆلی، مافی پاراستنی بەکاربەر، ناوچە پیشەسازییەکان، ئاسایشی کۆمەڵایەتی و یاسای ژینگە) بە گوێرەی ستاندەرە نێودەوڵەتیەکان و پراکتیزەکردنی ڕێکارەکان. | تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ – حوزەیرانی ٢٠١٨ | وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی | World Bank Group |
| فرەچەشنکردن لە بواری کارگە و پیشەسازیدا | لە هەرێمی کوردستان چەند کۆمپانیایەکی لێیە کە وا دروستکراون بەرهەمەکەیان بۆ هەموو عێراق بێت، بەڵام کێشە ئەمنیەکان ڕێگە | لەبەر باری ئەمنی، وەک پێویست کەرەستەی خاو ناگاتە ئەو کارگانە. | چاکترکردنی باری ئەمنی. بانکی نێودەوڵەتی دەستی کردووە بە بەرنامەیەکی هاوکاری تەکنیکی بۆ چاکسازی لە مۆڵەتی پیشەسازیەکان. | دڵنیابوون لە پابەندبوونی بۆ کەرتی تایبەت بەو کارگانەوە و بۆ چاککردنی رەوشی ئاسایش بۆ گەیاندنی شتومەک. چاکترکردنی ژێرخانی پێویست بۆ بەرهەمهێنان رەچاوکردنی PPP بۆ | حوزەیرانی – ٢٠١٦و دواتر | وەزارەتی پلاندانان وەزارەتی بەرگری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی | USAID |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نادەن دەستیان بگات بە بەشەکانی تری عێراق. | | | دابینکردنی دارایی بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کەرتی تایبەت بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژانەی کاریان تێدا وەستاوە.<br>پێشکەشکردنی حەوافز بۆ وەبەرهێنەرانی کەرتی تایبەت لە بەرهەمهێنان. | | | |
| فرەچەشنکردنی خزمەتگوزاریەکان | خزمەتگوزاریەکان سەرچاوەیەکی سەرەکین بۆ فرەچەشنکردنی ئابوری، بەڵام پێویستە کۆمپانیاکان باشتر بکرێن کە توانای کێبڕکێیان هەبێت. | کەرتی خزمەتگوزاری تا ئێستا بە تەنها چڕبۆتەوە سەر چەند کۆمپانیایەک کە سەر بە چەند خێزانن، کە لە تۆڕە سەرەکیەکانی جیهانی دابڕاون. | هەندێک کرانەوە روویداوە و چەند کۆمپانیایەکی خزمەتگوزاری بیانی، لقیان لە ناوخۆدا کردۆتەوە. | لەسەر بناغەی تەشخیسی رێوشوێنەکان، بەربەستەکانی سەر رێی کێبڕکێ و بازرگانیی کەرتی خزمەتگوزاری لاببرێت، وەک لە رێی لابردن یان پێداچوونەوەی رێوشوێنە کۆنەکانەوە. بەهاوکاری رێکخراوە نێودەولەتیەکان و هاوبەشە بازرگانیە سەرەکییەکانەوە، دانانی بەرنامەیەک بۆ نوێکردنەوەی کەرتەکانی خزمەتگوزاریەکان کە رەنگە پێکهاتەکانی کێبڕکێ کردن بگرێتە خۆی، ئەوانیش: پێکهاتەی رەق (ژێرخان، ئاسانکاریەکان)، وە پێکهاتەی نەرم (رێکارەکان، کارامەییەکان). | ئەیلولی ٢٠١٦ – کانونی یەکەمی ٢٠١٩ | وەزارەتی پلاندانان هەموو ئەو وەزارەتانەی لە رووی تەکنیکیەوە لە چاکسازیەکان بە ئامانجگیراون. | هاوکاری تەکنیکی لە هاوبەشە نێودەوڵەتیەکانە وە لەسەر ستراتیجی هاندانی بازرگانی خزمەتگوزاریە کان |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| International Oil Companies | وەزارەتی سامانە سروشتیەکان | حوزەیرانی ٢٠١٦ – و بەدواوە | پێویستە پلانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بۆ هێزی کار، کۆمپانیا ناوخۆییەکان و گەشەپێدانی کۆمەڵگە تەواو بکرێت و جێبەجێ بکرێت لەسەر بنەما شارەزاییە نێودەوڵەتیەکان )بۆ زانیاری زیاتر سەیری پرۆگرامی راهێنانی IFC Business Edge بکە( نوێکردنەوەی کۆمپانیا ناوخۆکانی خزمەتگوزاری لە ژێر رۆشنایی ئەم پلانە، پێویستە هاوشان بێت لەگەڵ پرۆژەی هاندانی هەناردەکردن. هاوکات پێویستە بەربەستە ناپێویستەکانی بەردەم بازرگانی و وەبەرهێنان لاببرێن. | چەند بەرنامە و پابەندێتیەک هەیە، لەوانە بەرنامەی گەشەپێدانی کارمەندانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و لیستی پەسەندکراوی فرۆشیاران. وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بەڵگەنامەی سیاسەتەکانی دارشتووە بۆ کارکردن لەسەر کێشەکانی گەشەپێدانی هێزی کار، گەشەسەندنی کۆمپانیا ناوخۆییەکان، و گەشەپێدانی کۆمەڵگە، و ئامانجەکەیان بریتیە لە: روونکردنەوە و بەفەرمیکردنی پێشبینیەکانی وەزارەتی ناوبراو لە پیشەسازی نەوت و گازدا. دەستنیشانکردنی هەندێک هەلومەرجی تری پێویست بۆ | یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و گرێبەستەکانی بەشکردنی بەرهەمهێنان پێشبینی روون بەڵام نادیاریکراویان هەیە لە بواری پشکداری گەشەپێدانی ناوخۆیی، و بوار بۆ راڤەی تر دەهێڵێتەوە. | بەشداری پیشەسازی نەوت و گاز لە گەشەسەندنی ناوخۆییدا تا ئەمرۆ وەک پێویست نەبووە. | فرەچەشنکردن و دروستکردنی خزمەتگوزاری هەلی کار لەو خزمەتگوزاریانەی سەر بە پیشەسازی نەوت و گازە |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | گەشەپێدانی ئەدای پیشەسازییەکە، و بنیاتنانی تواناکان لە وەزارەت بۆ پشتگیری و چاودێری و ساخکردنەوەی ئەدای پیشەسازییەکە، و پێناسەکردنی کارپێکەر، هەروەها پلاندانان و راپۆرتکردن لەسەر ئەدای گەشەسەندنی کۆمپانیا ناوخۆییەکانی کەرتی نەوت و گاز. | | | | |
| **چاکسازیی لە ژینگەی بزنس** | | | | | | | |
| رێوشوێنەکانی دەستکردن بە کار )بزنس) | چاکسازی پێویستە بۆ کەمکردنەوەی کاتی خایەندراو و ژمارەی رێوشوێنەکان بۆ دەستکردن بە بزنسێک و داخستنی. | چاوەروانیەکی زۆر دەکرێت بۆ وەرگرتنی رەزامەندی بۆ مۆڵەتی دەستکردن بە بزنس، هەندێکیان پێویستی بە مۆڵەتی چەندین وەزارەتە، ئەمە سکاڵایەکی سەرەکییە و بە هەمان شێوە داخستنی بزنسێک زۆر بێزارکەرە. | بانکی نێودەوڵەتی دەست دەکات بە پێشکەشکردنی هاوکاری تەکنیکی لە تەموزی ٢٠١٦ وە بۆ چاکسازیی لە بوارەکانی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و مۆڵەتی پیشەسازی. | ئاسانکردنی پرۆسەی دەستکردن بە بزنسێک و داخستنی و شەفافکردنی پرۆسەکە<br>رەچاوکردنی ئەوەی یەک شوێن هەبێت کە داواکار بچێت بۆی و لەوێ هەموو کارەکانی بۆ راپبەرێندرێت، بۆ بزنسی خۆماڵی و بیانییش | تەموزی ٢٠١٦ تا ئەو کاتەی تەواو دەبێت | وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەستەی وەبەرهێنان | World Bank Group |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کات و ڕێوشوێنەکانی گومرک | ڕێوشوێنەکانی گومرک کاتێکی زۆر دەخایەنن. | لە ئێستادا بۆ ئەوەی کەرەستە و کاڵا بە گومرکدا تێپەڕن، ٣٨ ڕۆژی پێدەچێت. زۆر کۆمپانیا پشت بە تێخراوی هاوردە دەبەستن، و ئەم دواکەوتنەش تێچووەکە زیاد دەکات و کارایی کەم دەکاتەوە، بە تایبەتی بۆ ئەو کەرەستانەی کە توشی تێکچوون دێن. | | هەڵسەنگاندنی هۆیەکانی دواخستنەکە. چاکترکردنی ژێرخانی هارد و سۆفت. | دەستپێکردن لە ئازاری ٢٠١٧ | | World Bank Group |
| ژێرخانی کواڵیتی | ئاستی نزمی بڕوانامەی کواڵیتی | ئێستا لە هەرێمی کوردستان تەنها ٦ لەسەد (لە ١٧٩ کۆمپانیا) بڕوانامەی کواڵیتی نێودەوڵەتیان هەیە و کەمتر لە ١ لەسەد مۆڵەتی تەکنەلۆجیی کۆمپانیای نێودەوڵەتیان هەیە. | | چاکترکردنی سیستەمی کواڵیتی بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان بتوانن بڕوانامەی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنن. | دەستپێکردن لە شوباتی ٢٠١٨ | | World Bank Group |
| سیستەمی پارەدان | متمانەیەکی کەم هەیە بە سیستەمی بانکی، و ئەمەش تێچووی حەواڵەکردن و | بەشێکی زۆر لە پارەدان بە دراوی نەختینە دەبێتە مایەی ئەوەی زۆر زانیاری گرنگمان لەکیس بچێت لەسەر ئاستی | | پێویستە حکومەت کار لەگەڵ کەرتی تایبەت بکات بۆ پشتگیری و متمانەکردن بە شیوازێکی فەرمیی کارا بۆ پارەدان لە نێوان | دەستپێکردن لە تشرینی دووەمی ٢٠١٦ | وەزارەتی دارایی و ئابوری<br>بانکی ناوەندی | World Bank Group |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پارەدان گرانتر دەکات و بڕێکی زۆری مامەڵەکان بە پارەی نەختینەیە. | چالاکیی ئابوری، و هەروەها هانی پارەدان و حەواڵەی نافەرمی دەدات. | | کۆمپانیاکاندا. | | | |
| کەشی وەبەرهێنان | ستراتیجی گشتی و رۆڵی کەرتی گشتی لە کەرتی بزنس بەرچاو نیە. | جگە لە قەیرانە داراییەکەی ئێستا، کەرتی تایبەت دەیەوێت ئاماژەیەکی ڕوون وەربگرێت بۆ ئەو پشتگیریەی کە پێشبینی دەکەن لە وەبەرهێنانی کەرتی گشتی، هەروەها لەو ڕێسا و ڕێنماییانەی کە وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت ڕێک دەخەن. | حکومەت چەند چاکسازییەکی ڕاگەیاندووە، بەڵام زۆربەی تەرکیز دەخەنە سەر کاروبارە کورتخایەنەکان، و کەرتی تایبەتیش تەرکیزەکەی لەسەر ماوەی کورتخایەن دەبێت. | حکومەت پلانێک بۆ ماوەی مامناوەند خایەن دابڕێژێت، هاندانی ڕوون دادەنێت بۆ ڕێوشوێنەکانی بزنس، و سەپاندنی ڕێکارەکان بە شێوەیەکی پسپۆڕانە دابڕێژرێت. | تەموزی ٢٠١٧ – تەموزی ٢٠١٩ | وەزارەتی دارایی و ئابوری وەزارەتی پلاندانان | World Bank Group |
| **بنیاتنانی دامەزراوەی بەهێزی کەرتی تایبەت بۆ داکۆکی و لۆبی کردن** | | | | | | | |
| دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت (هاوکاری خودی) | ڕێکخراوەکانی کەرتی تایبەت زۆر لاوازن. هیچ توانایەکیان نیە بۆ داکۆکی و لۆبیی کارا. | هیچ کەسێک و لایەنێک نیە "پاڵەوان"ی پەرەسەندنی کەرتی تایبەت بێت، نە لە کەرتی تایبەت و نە لە کەرتی گشتی. | | هاندانی ژوورەکانی بازرگانی وپیشەسازی بۆ گۆڕینی ڕێکخراوەکەیان بۆ دەزگایەکی مۆدێرنی داکۆکی و لۆبیکردن. دانانی ڕێکخراوێکی هاوبەش لە حکومەت. | دەستپێکردن لە حوزەیرانی ٢٠١٦ | وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی | ژووری بازرگانی و پیشەسازیی سویدی گروپی بانکی نێودەوڵەتی |

| سیاسەتەکانی بواری بازرگانی | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بوون بە ئەندام لە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی WTO | عێراق ئەندام نیە لە WTO. | چاکسازی لە بواری بازرگانی کە پێویستە ئەنجام بدرێت لە ماوەی پرۆسەی بوونە ئەندام، هێشتا بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە. بە بێ ئەندامێتی لە WTO، عێراق ناتوانێت سوود وەربگرێت لە هاوکاریە تەکنیکیەکانی WTO و ڕێکخراوەکانی تر، و چاکسازیی و چاکترکردنی بازرگانی. | حکومەتی ناوەندی داواکاری بۆ ئەندامێتی لە WTO لە ٢٠٠٤ ەوە پێشکەش کردووە. تا ئێستا بەرەو پێشچوونێکی زۆر کەم ڕوویداوە. | بەدواداچووون لە لایەن حکومەتی ناوەندیەوە بکرێت بۆ پەلەکردن و بەشداری کردنی لە دانوستانەکان بە شێوەیەکی چالاکانە تا بە زووترین کات ببێت بە ئەندام. | دەستپێکردن لە کانونی دووەم ٢٠١٩ | کاروباری تەکنیکی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و وەزارەتی تری پەیوەندیدار. ڕاوێژ لەگەڵ کەرتی تایبەت پێویستە. | WTO USAID |
| بازرگانی ترانزیت | کوردان و بازرگانانی تر بە بڕێکی زۆر کاڵا بازرگانی بە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە دەکەن بەرەو بەشەکانی تری عێراق و لە نێوان تورکیا و ئێران. | ڕێوشوێنەکانی خاڵە سنوریەکان کاتی زۆر دەخایەنن. | بوار دراوە بە ئاسانکەری بازرگانیی نافەرمی و شۆفێری لۆری کە بازرگانیی ترانزیت بکەن. | دەتوانرێت ئاسانکاری بۆ ڕێوشوێنەکانی بازرگانی بکرێت و پەلەیان تێدا بکرێت و هاوکات چاکترکردنی سیستەمی زانیاری گومرک، و پاراستنی دەرفەتی کار بۆ خەڵکی ناوچەکە بۆ پەیداکردنی بژێوی لە کاری بازرگانیی ترانزێت. | دەستپێکردن لە کانونی یەکەمی ٢٠١٦ | بەڕێوەبەرایەتیەکانی گومرک وەزارەتی پلاندانان وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی | بەرپرسانی تورکیا |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کارگێڕی گومرک | گرفتەکان چەندین لایان دەگرنەوە: ڕێوشوێنەکان کۆنن، پرۆسەکان بەش بەش و پچڕ پچڕن، زیاد لە پێویستی پشکنینی فیزیکی، دواکەوتنی زۆر، توانایەکی سنوردار لە بواری تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن، ناهەماهەنگی لە نێوان بەڕێوەبەرایەتیەکانی گومرک، نەبوونی هەڵسەنگاندنی گومرکی گونجاو و ئیدارەی لاواز. | ئەم سیستەمە بڕیاری هەرەمەکی تێدا دەدرێت، ڕاگەیاندنی بڕ و ژمارەکان بە هەڵە دەکرێت، ساختە دەکرێت، و داهات بەفیڕۆ دەڕوات. | پلان دانراوە لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی بۆ چاکسازیی لە سیستەمی گومرک بەڵام هێشتا جێبەجێ نەکراوە. فەرمانگەی گمرک لەژێر دەسەلاتی حکومەتی ناوەندیە بە گوێرەی دەستوری عێراق. | فشار لەسەر حکومەتی ناوەندی بکرێت بۆ چاکسازیی هەمەلایەن و بەرنامەی مۆدێرنکردن بە تەرکیز خستنە سەر ستاندەرە نێودەوڵەتیەکان و وەبەرهێنان لە ژێرخانی گومرکدا، کە زۆر پێویستە. ئەمە بە شەو و ڕۆژێک دەست ناکەوێت، بەڵام پێویستە بە زووترین کات دەست پێ بکرێت.<br>درێژەدان بە پەرەپێدانی خاڵە سنوریەکانی هەرێمی کوردستان. | دەستپێکرد ن لە کانونی دووەم ٢٠١٩ | پێویستی بە هاوکاری وەزارەتی جۆاوجۆرە بە سەرپەرشتی وەزارەتی دارایی و ئابوری | ڕێکخراوی گمرکی نێودەوڵەتی و UNCTAD |
| ئاستەنگی نا-تاریفی لە بەردەم بازرگانی، وەک ستاندەرەکان و هەڵسەنگاندنی لەیەکچوون، | سیستەمی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان تەبا نیە لەگەڵ نۆرمە نێودەوڵەتیەکان و ڕێوشوێنەکانی. | ئەمە ئاستەنگە لە بەردەم کاری بازرگانی.<br>ڕەوشی هەنووکەیی هەڕەشەیە لەسەر تەندروستی گشتی. | چەند چاکسازییەک لە ساڵانی ڕابردوودا کراوە وەک دانانی تاقیگە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک، واژووکردنی ڕێکەوتننامە لەگەڵ | دڵنیابوون لەوەی ئەو سیستەمە نوێیەی کە بە گوێرەی یاسا نوێیەکە دادەنرێت، ئەمانە لەخۆدەگرێت: جیاکردنەوەی پۆلێنی | کانونی دووەم ٢٠١٩ | وەزارەتی پلاندانان وەزارەتی تەندروستی | EU Turkey |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تاقیکردنەوە و بڕوانامە پێدان، وە پشکنین لە خاڵە سنوریەکان | هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان توانای تەکنیکی و دامەزراوەیی نیە بۆ جێبەجێکردنی سیستەمێکی مۆدێرن. وەزارەتەکانی پلاندانان و تەندروستی بەرپرسیارن لە هەندێک ستاندەرەکان کە ڕەنگە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقیش، جیاواز بن. | | Bureau Veritas, TUV, و Cotecna بۆ ئەنجامدانی ساخکردنەوە و دەرکردنی بڕوانامەی لەیەکچووون لە وڵاتانی هەناردەکار و خاڵی پشکنین لە سنورەکان. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها یاسایەکی نوێی داڕشتووە بۆ جێگرتنەوەی یاسا کۆنەکە کە هێشتا ڕەوانەی پەرلەمان نەکراوە. | ستاندەرەکان، هەڵسەنگاندنی بڕوانامەی لەیەکچوون و بڕوانامە، پێوەر و موعایەرەکردن، وەبەرهێنان لە ژێرخان و پەرەپێدانی توانادا، هاندانی کەرتی تایبەت بۆ دامەزراندنی تاقیگە، و ڕێکخستنی جیاکردنەوەی مافی دوولایەنە لەگەڵ هاوبەشە بازرگانیەکان. هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هاوکاری تەکنیکی لە کۆمەڵگەی کۆمەکبەخش بۆ بنیاتنانی توانای فیزیکی و تەکنیکی و دامەزراوەیی لە هەرێمی کوردستان. دەستکردن بە هەڵسەنگاندنێکی بەرفراوانی ئاستەنگە نا-تاریفیەکان پێش کاری بازرگانی. | | | |
| هاندانی هەناردەکردنی (کەرەستەو | هەناردەکردنی بەرهەمی نا-نەوتی، فەرامۆش کراوە. | بۆیەش بە تەواوی پشت بە هەناردەکردنی نەوت بەستراوە، و ئەمەش ڕێگە | ئەگەری هەناردەکردن هەیە لە چەند کەرتێکی لاوەکی نا-نەوتیدا وەک | ئامادەکردنی بەرنامەی فرەچەشنکردنی هەناردەی هەمەلایەنە، کە بریتی | کانونی دووەم ٢٠١٨ | وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی | EU CIDA World |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شتومەک) | | دەگرێت لە دروستبوونی دەرفەتی کار. | بەرهەمی ئامادەکراو و ئامادەنەکراوی کشتوکاڵی، چەرم و بەرهەمەکانی، پیترۆکیمایی، کەرەستەی داوودەرمان، و کەرەستەی بیناسازی، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ رێوشوێنێکی نەگرتۆتە بەر بۆ سوود وەرگرتن لەم تواناییانە. | دەبێت لە دانانی فەرمانگەیەک بۆ هاندان و ریکلامی هەناردەکردن، دانانی حەوافز بۆ هەناردەکردن وەک گەڕاندنەوەی رسوم/باج، کرێدیت بۆ هەناردەکاران و پلانی گەرەنتی قەرز و سیستەمی بیمەی بازرگانی و ئاسانکاری بۆ دەستگەیشتن بە قەرز و کەمکردنەوەی مەترسیەکان.<br>دەستکردن بە جێبەجێکردنی چوار پرۆژەی شارو ناوچە پیشەسازیەکان کە باشترە بە هاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەت جێبەجێ بکرێت.<br>جێبەجێکردنی پلانی پرۆسەکردنی هەناردەی تاک-کۆمپانیا تا ئەو کاتەی پلانی شارە پیشەسازییەکان تەواو دەکرێن. | | | Bank Group |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هاندانی هەناردەکردن (خزمەتگوزاری) | هیچ خزمەتگوزاریەک هەنارده ناکریت بێجگە لە کەرتی تەقلیدیی گواستنەوە. | فرەچەشنکردن لە دەرەوەی کەرتی نەوت و گاز، زۆر پێویستە و پێویستە کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری هان بدرێن بۆ ئەوەی بۆ بازاڕی تر بگەڕێن جگە لە هی ناوخۆ. پشت بەستن بە گرێبەستی گشتی ئاستەنگێکی گەورە بووە لە بەردەم فرەچەشنکردن و زیادکردنی ئاستی کێبڕکێی نێودەوڵەتی. | حکومەت چەند هەوڵیکی داوە لە بواری کەرتی گەشتوگوزاردا. | پێویستە ستراتیجی گەشەپێدانی خزمەتگوزاریەکان و هاندانی هەناردەکردن ئەم کۆڵەگانە لەخۆبگرێت:<br>• شیکردنەوەی سوات SWOT و دەرفەتەکانی بازار لە کەرتە ئەولەوییەتەکاندا.<br>• ڕێکارەکانی وردبینی لە کەرتی ئەولەویەتی خزمەتگوزاریەکان،<br>• هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتەکان بۆ دارشتنی ستراتیجێک بۆ دانوستان لەگەڵ هاوبەشە بازرگانیەکان و<br>• چاکترکردنی ئامارەکان. | کانونی دووەم ٢٠١٨ – کانونی یەکەمی ٢٠٢٠ | هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتە پەیوەندارەکان بە میوانداریێتی وەزارەتێکی پێشەنگ | هاوکاری تەکنیکی لەلایەن هاوبەشە نێودەوڵەتیەکانە وە لەسەر بواری جیاوازی ستراتیجی هاندانی خزمەتگوزاری |
| هاتووچۆی پیشکەشکارانی خزمەتگوزاریەکان | مەرجەکانی ڤیزە، نیشتەجێبوون و ڕەگەزنامە بریتین لە گەورە ئاستەنگەکانی بواری بازرگانیکردن بە | شەڕ و قەیرانی ئاوارە و پەنابەران بەربەستی زیاتریان خستە سەر هاتووجۆ و جوڵەی خەڵک بە سنورەکاندا. کۆمپانیاکان خەرجیی | ڕیوشوێنەکان بوونەتە زیادکردنی ئاستەنگەکان. عێراق لە لایەن ولاتانی دراوسیوە ئاستەنگی زۆری بۆ دروست کراوە. | لێکۆڵینەوە لە دەرەنجامەکانی ئاستەنگە نوێیەکانی سەر جووڵەی خەڵک لەسەر چالاکیی بازرگانی و ئابوری هەرێمەکە. | شوباتی ٢٠١٧ | وەزارەتی دەرەوە | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | خزمەتگوزاریەکانەوە و ڕێگرن لە هاتووچۆی دابینکەری خزمەتگوزاریەکان هەروەها بەکارهێنەرانیش. | تریان بۆ زیاد دەبێت بۆ مەرجەکانی ڤیزە و نیشتەجێکردن. ئەو ڕێوشوێنانەی لەم دواییەدا تورکیا گرتیە بەر لەوانە کاریگەری لەسەر بازرگانیی خزمەتگوزاریەکان لە هەرێمەکە هەبێت. | | ئاسانکردنی جوولەی کۆمپانیا خزمەتگوزاریەکان و کەسە سەرەکیەکان لە ڕێی ئاسانکردنی ڕێوشووێنەکانی ڤیزە و لابردنی مەرجە ناپێویستەکانی نیشتەجێ و رەگەزنامە. | | | |
| بازرگانی نافەرمی لەگەڵ تورکیا | بازرگانی نافەرمی لە سنورەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا گەورەیە و بە هەردوو ئاراستەدا ڕوودەدات ئەویش بە شێوەی (ڕاگەیاندنی ناڕاستی ژمارە و بڕی کەرەستەکان)، یان قاچاخچێتی، یان پسوولەکان کەمتریان لێ نوسراوە، ئەمانە زۆر باون لە پرۆسەی | بازرگانیی نافەرمی ڕەنگدانەوەی چالاکی نالەبارە لە خاڵە سنوریەکان و لە ئەنجامیشدا داهات بەفیڕۆ دەڕوات. | تاوتوێکردن بەردەوامە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا بۆ گرتنە بەری ڕێوشوین بۆ چاکترکردنی کارەکانی خالە سنوریەکان و ئیدارەدانی بازرگانی نافەرمی. پێویستە هاوکاری پتەو هەبێت لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا، هەروەها لە نێوان ریکخراوەکانی بزنس بۆ ئەوەی بازرگانیی نافەرمی بە سنوردا، کەم | دامەزراندنی بنکەی پیشەسازیی لەسەر سنوری هەردوولا بۆ دروستکردنی هەلی کار و دەرفەتی بزنس. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت پلان دابنێت بۆ شارێکی پیشەسازی لە نزیک سنوری تورکیا. پێداچوونەوە بە پاڵپشتی نرخی سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی جیاوازی نرخ لەگەڵ تورکیا کەم بکرێتەوە. کارکردن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بۆ جێبەجێکردنی | کانونی یەکەمی ٢٠١٧ – کانونی یەکەمی ٢٠١٨ | وەزارەتی دارایی و ئابوری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی | تورکیا |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هاوردەکردن لە تورکیاوە. | | بکرێتەوە. | چاکسازی گومرک کە بەشێک بووە لە کارنامەی چاکسازیەکە.<br>بە هاوکاری لەگەڵ تورکیا کارابکرێت بۆ بەهێزکردنی سیستەمی کۆنترۆڵی سنور و کردنەوەی خاڵی پەڕینەوەی نوێ بۆ ئاسانی پەڕینەوە لە خاڵە سنوریەکان. | | | |
| ڕێکەوتننامەی هاوکاری ئابوری و بازرگانی | عێراق چەند ڕێککەوتننامەیەکی کەمی لەگەڵ لایەنی هەرێمی و دوولایەنە بۆ هاوکاری ئابوری و بازرگانی واژۆ کردوە. لە ڕاستیشدا ڕێکەوتنەکان بێ کاریگەرین. عێراق لەم دواییەدا ڕێککەوتننامەی هاوبەشی ئابوری و هاوکاری واژوو کردووە لەگەڵ ئەمریکا و یەکیتی | ڕێککەوتننامەکان لەگەڵ ئەمریکا، یەکیتی ئەوروپا و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لیستی درێژیان لەگەڵ هاوپێچە سەبارەت بە هاوکاری تەکنیکی کە هەرێمی کوردستان سوودی تەواویان لێ وەرناگرێت. | | فشار بخرێتە سەر حکومەتی ناوەندی بۆ پەسەندکردنی ڕێککەوتنامەکە لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا.<br>هەموو هەوڵێک بدرێت بۆ سوودوەرگرتن لە بەند و مادەکانی هاوکاری تەکنیکی ناو ڕێکەوتننامەکانی هاوکاری ئابوری نەوەک تەنها بۆ پتەوکردنی سیاسەتی بازرگانی بەڵکو هەروەها بۆ چاکتکرکدنی ژینگەی یاسایی و دامەزراوەیی | کانونی دووەم ٢٠١٩ | وەزارەتی دەرەوە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئەوروپا و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و تورکیا و ئێران. ڕێککەوتننامەکەی یەکیتی ئەوروپا هێشتا پەسەند نەکراوە. | | | کەرتی تایبەت | | | |
| ڕژێمی وەبەرهێنان | | | | | | | |
| ستراتیجی وەبەرهێنان | حکومەتی هەرێمی کوردستان ستراتیجێکی گشتگیری نیە بۆ جۆری ئەو وەبەرهێنانەی کە دەیەوێت سەرنج ڕاکێش بێت و ئەو سیاسەتانەی کە پێویستن بۆ ئەو مەبەستە. | ڕەنگە ئەمە ئەولەویەتی سیاستەکان نەبێت بە تایبەتی کە کاتێک نرخی نەوت بەرز بوو. | دەستەی وەبەرهێنان لیستێکی داناوە بە دەرفەتەکانی وەبەرهێنان لە هەرێم و لیستێکی داناوە بۆ سێکتەرە ئەولەویەتەکان. ماڵپەڕێک دانرابوو کە بواری دەرەخساند بۆ وەبەرهێنەرەکان کە پرۆژەکان دیاری بکەن و دەست بکەن بە پرۆسەی مۆڵەت وەرگرتن. | جێبەجێکردنی پرۆسەی نەخشەی چاکسازی وەبەرهێنان IRM. دەستنیشانکردنی جۆرەکانی وەبەرهێنان کە هاوکاری هەرێمی کوردستان دەکەن لە بواری گەشە و پەرەسەندن، دانانی ئەولەوییەت بۆ چاکسازی و جێبەجێکردنی پلانی کار لەگەڵ خشتەیەکی کۆنکریتی بۆ کاتەکە. | دەستپێکرد ن لە ئەیلولی ٢٠١٦ | وەزارەتی پلاندانان وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەستەی وەبەرهێنان | World Bank Group |
| یاسای وەبەرهێنان | لە ئێستادا یاساکە زۆر بەخشندەیە لە | وەزارەتی جیاواز بەرپرسن لە | یاسای وەبەرهێنان لە ٢٠٠٩ پێداچوونەوەی بۆ | ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنێک بۆ کارایی تێچووی | ئەیلولی ٢٠١٨ | دەستەی وەبەرهێنان | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بواری لێخۆشبوونی باج لە وەبەرهێنەرەکان، بەڵام زانیاریەکی کەم لەسەر ماڵپەرەکە هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی ئاخۆ حەوافزەکان گونجاون لەگەڵ پیویستیەکانی وەبەرهێنەرەکان، و ئاخۆ ئەم حەوافزانە پشتگیری لە ستراتیجی حکومەت دەکەن. | جێبەجێکردنی یاسای وەبەرهێنان، و هەر یەکەی بە جۆرێک ڕاڤەی مەرجەکانی دەکات (وەک لیخۆشبوونەکان)، دروستکردنی کەشێکی نادڵنیا و نادڵنیایی یاسایی لەلای وەبەرهێنەر. | کرا، بەڵام هێشتا پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە. | حەوافزەکان و هەڵسەنگاندنی ئەوەی چۆن یاسای وەبەرهێنان جێگەی دەبێتەوە لە کۆی سیاسەتەکاندا. یەکخستنی کارەکان لەگەڵ یاساکە بۆ زیاترکردنی دڵنیایی یاسایی و دڵنیایی لەلای وەبەرهێنەرەکان، وەک ئەنجامدانی هەماهەنگیی زیاتر لە نێوان وەزارەتەکان | | | |
| | حەوافزەکانی یاسای ئێستای وەبەرهێنان هێندە ڕوون نین بۆ تەوزیفی کارمەندی ناوخۆیی. | ڕەنگە ئەمە ببێتە مایەی سنورداركردنی دەرفەتی کار بۆ کرێکارانی ناوخۆیی. | وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بەم ئاڕاستەیە دەستی کردووە بە چاکسازیی لە کەرتەکانی نەوت و گازدا. | ئەنجامدانی سیاسەتەکان بە ئامانجی پتەوکردنی شارەزایی کرێکارانی ناوخۆ بۆ ئەوەی بتوانن پێویستیەکانی کۆمپانیا بیانیەکان دابین بکەن، هاندانی هێزی کاری ناوخۆیی بۆ بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنان و ڕاهێنان | ئەیلولی ٢٠١٨ | دەستەی وەبەرهێنان | RAND |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | لەسەر كار. نەسەپاندنى بارى گران و لە جياتى ئەمە حەوافز دابنرێت. | | | |
| ميكانيزمەكانى ناكۆكى بوارى وەبەرهێنان | نەبوونى ميكانيزمى بەديل بۆ يەكلاكردنەوەى ناكۆكييەكان كە ئەمە مەرجێكى پرباپەخە بۆ دەستەبەركردنى وەبەرهێنان. | بنچينەيەك كە پربايەخە بۆ وەبەرهێنەرى بيانى بريتيە لە هەبوونى مكيانيزمى جێى بڕوا بۆ چارەسەركردنى ناكۆكيەكان. ميكانيزمى لەم جۆرە زۆر پێويستن بۆ زانينى چۆنيەتى دوورخستنەوە و خۆپاراستن لە ناكۆكى وەبەرهێنان. | عێراق لە كانونى يەكەمى ٢٠١٥ بوو بە ئەندام لە سەنتەرى نێودەوڵەتى بۆ يەكلاكردنەوەى ناكۆكى وەبەرهێنان. | ڕاهێنان كردن لەسەر ICSID ، هەروەها ڕاهێنان لە بارەى خۆپاراستن لە ڕوودانى ناكۆكى. | كانونى يەكەمى ٢٠١٩ | | ICSID |
| دەستەى وەبەرهێنان | تواناى تەكنيكى و چاودێرى زۆر سنوردارە. | دەستەى وەبەرهێنان تەنها مۆڵەت دەردەكات. هيچ چالاكيەكى نيە لە بوارى بەدواداچوون و چاودێرى تا سود وەربگرێت لە پرۆسەى جێبەجێكردن و چاكتركردنى ژينگەى وەبەرهێناندا. پێويستە دەستەى | | دابينكردنى هاوكارى تەكنيكى بۆ چاكركردنى توانانى تەكنيكى و كارگێرى دەستەى وەبەرهێنان. دامەزراندنى شوێنێك كە هەموو كارەكانى لێ ڕاپەڕێنێرێت لە دەستەى وەبەرهێنان. دروستكردنى يەكەى | تشرينى دووەمى ٢٠١٦ | ئەنجومەنى باڵاى وەبەرهێنان دەستەى وەبەرهێنان | UNDP SIDA USAID |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | وەبەرهێنان توانای بەدواداچوونی گەشە پێ بدات بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو وەبەرهێنەرانەی ئێستا هەن لای خۆی بیانهێڵێتەوە.<br>ماڵپەرەکە کە ئامرازێکی پڕبایەخە بۆ راکێشانی وەبەرهێنان، کۆن بووە و تەمویلی نەماوە. | | لاوەکی بۆ هێشتنەوەی وەبەرهێنان لە دەستەی وەبەرهێنان<br>تەمویلی نوێکردنەوەی ماڵپەرەکە بکرێت. | | | |
| ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان | ئەنجومەنەکە رۆڵی خۆی بە تەواوی ناگێڕێت. | ئەنجومەنەکە،کە بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیرانە، دەتوانێت رۆڵێکی گەورە بگێڕێت لە دروستکردنی بڕیاردا و وەک دەستەیەکی هەماهەنگی سیاسەتەکان. بەڵام ئەم توانایانە بەکارنەهێراون. | یاسای وەبەرهێنان دەسەڵاتی زۆر دەدات بە ئەنجومەنەکە بۆ چاکترکردنی ژینگەی وەبەرهێنان، بەڵام ئەنجومەنەکە تەنها تەرکیز دەخاتە سەر هەندێک چالاکی وەک چاودێری چالاکییەکانی دەستەی وەبەرهێنان، ڕەزامەندی لەسەر پرۆژە بەرچاوەکان، و تەرخانکردنی زەوی بە خۆڕایی. | ڕێکخستنەوەی هەیکەلی ئەنجومەنەکە و پێناسەکردنەوەی رۆڵەکەی وەک گەورەترین دەستەی بڕیاردان لەسەر کەشی وەبەرهێنان و ژینگەی کار لە ڕێگەی دابینکردنی سکرتاریەتێکی کارا و بەتوانا لەژێر سەرپەرشتی ئەنجومەنی وەزیران.<br>یەکخستنی ئەنجومەنی ناکارای ئابوری لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان. | تشرینی دووەمی ٢٠١٦ | ئەنجومەنی وەزیران | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **بازاڕی کار و بەرنامەکانی هاندانی دامەزراندن** | | | | | | | |
| جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی هاندانی دامەزراندن بۆ ئەوەی بازاڕی کار داینامیکی بێت | قەبارەی گەورەی خزمەتی مەدەنی رەوشەکەی شێواندووە، گرفتی کارامەیی و نەبوونی دەرفەتی کار لە کەرتی تایبەت. | ئابوریەکی بچووک کە ژمارەیەکی زۆر لە هێزی کاری بازاڕی کار لەخۆبگرێت، هەروەها خزمەتی مەدەنی کە بووە بە"دوایین پەناگە بۆ دامەزراندن"، بازاڕەکەی شێواندووە. | چوارچێوەی ستراتیجی پاراستنی کۆمەڵایەتی پەرەی پێدراوە. | جێبەجێکردنی ستراتیجەکە، وەک یاسای نوێی کار، و میکانیزمە نوێیەکانی بەڕیوەبردن و دامەزراوەیی بۆ دڵنیابوون لە هەماهەنگی کردن لە بوارە جیاوازەکانی سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکاندا. | ئەولەویەتی بەرز ( حوزەیرانی ٢٠١٦ – حوزەیرانی ٢٠٢٠) | وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی نووسینگەی سەرۆک وەزیران | World Bank Group RAND |
| هاندانی کۆمپانیای بچووک و مامناوەندSME و بەڵێندەران | پێویستە دامەزراندنی بزنس هان بدرێت و رێزی لێ بگیرێت. | کۆمپانیای بزنسی بچوک و مامناوەند ئەگەری هەیە ببن بە گەورەترین دروستکەری هەلی کار لە سەرەوەی کەرتی گشتی، بەڵام پێویستە حکومەت حەوافزی بۆ دابنێت. | دەزگای رەند لە ساڵی ٢٠١٤ هەندێک راسپاردەی پێشکەش کرد. | تەبەنیکردنی ستراتیجێک بۆ گەشەسەندنی کەرتی تایبەت کە رێوشوێنی تێدابێت بۆ هاندانی کۆمپانیای بچوک و مامناوەند. دانانی میکانیزم بۆ حەوافز بۆ هاوکاری لە تەمویل کردنی پرۆژەکانیان. | ئەولەویەتی بەرز ( حوزەیرانی ٢٠١٦ – حوزەیرانی ٢٠٢٠) | وەزارەتی دارایی و ئابوری | RAND |
| **پەرەپێدانی توانا لە بواری ئامارەکانی باری ئابوری گشتی Macroeconomic** | | | | | | | |
| چاکترکردنی ئامارەکانی باری ئابوری گشتی بۆ دابینکردنی زانیاری | نەبوونی سەرچاوە (ستافی تەکنیکی و ژێرخانی ئەلیکترۆنی)، مەنهەج | دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان پێویستی بە سەرچاوەیە تا دەست بە رووپێوی سەرەکیی | دەزگای رەند لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان – دەستەی ئامار، کاری بۆ داڕشتنی رووپێوی | ئەولەوییەت دەدرێت بە کۆکردنەوەی سیستەماتیکانەی داتای بەرهەمهێنان بەگوێرەی | ئەیلولی ٢٠١٦ – کانونی یەکەمی | ئەنجومەنی وەزیران وەزارەتی دارایی و ئابوری | World Bank Group UNDP |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێویست بۆ دروستکردنی سیاسەت و چاودێری گەشەسەندنی ئابوری لە هەرێم. | و هەماهەنگی پەیوەست بە کۆکردنەوەی داتا. | ئابوری بکات، ئاماری سەرەکی و نیشاندەرەکانی کشتوکاڵی، بەرهەمهێنان، بیناسازی و خزمەتگوزاریە سەرەکییەکان وەک خوێندن و تەندروستی، و دامەزراندن لە کەرتەکانی نەوتی و نا-نەوتیدا. | هێزی کار لە هەرێمی کوردستان کردوە و ئێستاش ناوبەناو لە لایەن دەستەی ئامارەوە ئەم رووپێوە ئەنجام دەدرێت، ئەمە جگە لە راپۆرتەکانی نیشاندەری نرخەکانی بەکاربەر CPI.<br>یەکەمین مەزەندەی گشتگیری کۆی بەرهەمی هەرێمی GRP لە هەرێمی کوردستان لە لایەن دەزگای ڕەند و دەستەی ئامارەوە ئەنجام درا و ڕاسپاردەی تێدا بوو بۆ ژمێرەکانی ساڵانەی GRP. | کەرتەکانی ئابوری و داتای نرخ بۆ دۆزینەوەی GDP ی ساڵانە بە گوێرەی کەرتەکانی ئابوری و خەرجیەکان بە نرخی جێگیر و نرخی ئێستا. | ٢٠١٩ | وەزارەتی پلاندانان – دەستەی ئاماری هەرێم | RAND |
| پەرەپێدانی توانای ستافی تەکنیکی | راهێنانی زیاتر پێویستە بۆ ئەو ستافی دیاریکراو لە سەرجەم وەزارەتەکان و دەستەی ئاماری | پێویستە کار بکرێت لەسەر بەربەستەکانی ئێستا و بەکارهێنانی چەمکی ئامار، و تەکنیک و تێگەیشتن لە باری ئابوری گشتی و گرفتە | دەزگای ڕەند ۆرکشۆپ و راهێنانی بۆ دەستەی ئامار فەراهەم کردووە لە بارەی چوارچێوەی نموونە (سامپڵ)، دیزاینی رووپێو، کۆکردنەوەی | درێژەدان بە دابینکردنی پەرەپێدانی توانا بۆ هەڵبژاردنی ستافی تەکنیکی لە وەزارەتەکانی وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی و ئابوری | ئەیلولی ٢٠١٦ – کانونی یەکەمی ٢٠١٩ | کابینەی ئەنجومەنی وەزیران وەزارەتی پلاندانان – دەستەی ئامار | World Bank Group UNDP RAND |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هەرێم. | داراییەکان. | داتا و پاککردنەوەی، کرداری ژمێریاری ئامار، و پێشکەشکردنی داتا. ئاژانسی UNFPA ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانیش کاری لەگەڵ دەستەی ئامار کردووە بۆ پەرەپێدانی تواناکان. | | | | |
| **٣. چاکسازی لە هێورکردنەوەی کەرتی کۆمەڵایەتی** | | | | | | | |
| **تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی** | | | | | | | |
| تێگەیشتن لە کاریگەری هاوکاریەکان لەسەر بەرنامەی چاکسازی | شیکردنەوەی کاریگەری هەژاری و کۆمەڵایەتی. | نەبوونی زانیاری و هەڵسەنگاندنی توانا بۆ زانینی کاریگەرە ئەرێنی و نەرێنیەکانی بەرنامەی چاکسازی لە ماوەی مامناوەند خایەندا لەسەر هەژاران و نەداران. | | هەڵسەنگاندنی پێشوەختە بۆ ئەگەری کاریگەری هاوکاریەکان لەسەر بژێوی ئەو خێزانانەی کە لە نزیک یان لە ژێر هێڵی هەژاریەوەن. | دەستکردن بە داڕشتنی هێڵی بنچینە و دیزاینی هەڵسەنگاندنی کاریگەرەکان پێش ئەوەی بەرنامەی چاکسازییە | | RAND |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | که دەست پێبکات (حوزەیراد ی۲۰۱٦) | | |
| چاکترکردنی بەئامانجگرتنی بەرنامەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی | لە بەرنامەی ئێستای وەرگرتنی هاوکاری نەختینە، زۆر کەم هەژاران دەگرێتەوە. | چوارچێوە یاساییەکە روون نیە و توانایەکی کەم هەیە بۆ جێبەجێکردنی. | چوارچێوەی ستراتیجی پاراستنی کۆمەڵایەتی پەرەی پێدراوە. | جێبەجێکردنی شێوازی نوێی بەئامانجگرتن، لەوانە: (شوێنی جوگرافی، شێوازی PMT،کۆمەڵگە) دەستنیشان کردنی سودمەند لە رێی یەکخستنی تۆمارەوە (لە ماوەی درێژخایەندا). | ئەولەویەتی بەرز ( حوزەیرانی ۲۰۱٦ – حوزەیرانی ۲۰۱۸) | بۆ ئەم کارە دەزگای نوێ پێشنیار کراوە: فەرمانگەی پاراستنی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان. | World Bank Group RAND |
| **بیمەی کۆمەڵایەتی و خانەنشینی** | | | | | | | |
| سیستەمێکی خانەنشینی یەکسان و لەبار و بەردەوام بە روماڵێکی بەرفراوانەوە لە هەرێمی کوردستان | خەرجیی زۆرە، بەڵام روماڵەکە کەمە (شمولکردنەکە سنوردارە) لە پلانی خانەنشینی ئێستادا. هیچ بەرنامەیەک نیە بۆ بیمەی بێکاری. | توانای کارگێڕی لاوازە، چوارچێوەی یاسایی ناروونە، سیستەمەکە لەلایەنی داراییەوە سەقامگیر نیە و روماڵکردنی کەمە. | چوارچێوەی ستراتیجی پاراستنی کۆمەڵایەتی پەرەی پێدراوە. | یەکخستنی پلانی خانەنشینی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، زیادکردنی روماڵ کردنەکە، و دانانی بەرنامەی بیمەی بێکاری. | ئەولەویەتی بەرز ( حوزەیرانی ۲۰۱٦ – حوزەیرانی ۲۰۲۰) | فەرمانگەی نوێ پێشنیار کراوە: فەرمانگەی بیمەی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان | World Bank Group RAND |
| **کەرتی پەروەردە** | | | | | | | |
| دڵنیابوون لە | نەبوونی ژێرخانی | نەبوونی سەرچاوە بۆ | حکومەت دەستی | دانانی پلان بۆ بنیاتنانی | تشرینی | وەزارەتی پەروەردە | RAND |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەستگەیشتن بە خوێندنی ساوایان-١٢(K-١٢) | پێویستی قوتابخانە و بابەتی فێرکاری و فێربوون.<br>زیادبوونی داواکاری لەسەر خوێندن. | دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاو و لەبار بۆ قوتابیان.<br>نەبوونی داتا و پلاندانانی ستراتیجی بۆ بنیاتنانی قوتابخانە. | کردووە بە بنیاتنان و دابینکردنی کەرەستە بۆ ٩٠٠٠ پۆلی نوێ لە ماوەی پێنج ساڵدا، یەکخستنی قوتابخانەکانی ناوچە دوورەکان لەژێر پرۆسەدایە، سیستەمی گواستنەوەی قوتابیان داڕێژراوە.<br>حوکمەتی هەرێمی کوردستان دەستی کردووە بە پرۆسەکردنی گرێبەستکردن بۆ بنیاتنانی ٥٠٠ خوێندنگەی نوێ. | قوتابخانە و تەرخانکردنی زەوی و پلانی تەمویل کردن. | دووەمی ٢٠١٦ – تشرینی دووەمی ٢٠١٩ | | EU<br>USAID |
| دڵنیابوون لە کواڵیتی وانەوتنەوە و فێربوون | کەمیی مامۆستای شایستە لە بابەتە سەرەکییەکاندا.<br>نەبوونی چوارچێوەی سیاسەتی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی دڵنیایی جۆری و ستاندەرەکانی | نەبوونی سەرچاوە بۆ دامەزراندن و ڕاهێنان کردن بە مامۆستا و سەرپەرشتیار، نەبوونی توانای تەکنیکی بۆ داڕشتنی پشتگیری کارا لە مامۆستا و سەرپەرشتیاران.<br>٦٥ لە سەدی مامۆستایان | حکومەت دەستی کردووە بە دامەزراندنی سەنتەری گەشەپێدانی پیشەیی مامۆستایان PDC.<br>ستاندەرە ئەکادیمییەکان پەرەیان پێدراوە.<br>چوارچێوەی دڵنیایی جۆری خوێندنگەکان | پەرەپێدانی توانای زیاتر بۆ ستافی وەزارەتی پەروەردە بۆ داڕشتنی میکانیزمەکانی دڵنیایی جۆری و ستاندەرەکانی فێربوون.<br>پشتگیری زیاتر پێویستە بۆ درێژەدان بە دابینکردنی ڕاهێنانی مامۆستایان و هاندانی بۆ پشتگیری | تشرینی دووەمی ٢٠١٧ – تشرینی دووەمی ٢٠١٩ | وەزارەتی پەروەردە | RAND<br>EU<br>USAID<br>UNICEF<br>UNESCO<br>British Council<br>Birmingha |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | فێرکردن. | بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان نیە. مامۆستاکان زانیاریان نیە لەسەر ناوەڕۆکەکە و لەسەر شێوازەکانی فێرکاری بۆ وتنەوەی بەرنامە نوێیەکان.<br>نەبوونی توانا بۆ داڕشتن و جێبەجێکردنی دڵنیایی جۆری.<br>نەبوونی میکانیزمی ڕوون بۆ ستاندەرەکانی فێربوون<br>ژێرخان و توانای تەکنەلۆجی لاوازە لە سیستەمی پەروەردەدا<br>.نەبوونی توانا بۆ هەڵسەنگاندنی دەرەنجامەکانی فێربوونی قوتابیان | داڕێژراون.<br>پێداچوونەوە بۆ مەنهەج کراوە.<br>وەزارەتی پەروەردە تامەزرۆیە بۆ بەشداری لە TIMSS<br>وەزارەتی پەروەردە گرێبەستی کردووە لەگەڵ کۆلیجی بێرمینگهام بۆ داڕشتنی سەنتەری ڕاهێنانی مامۆستایان لە کاتی خزمەتدا. | سەرپەرشتیاران.<br>پەرەپێدانی توانای زیاتر بۆ ستافی وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەوەی بتوانن TIMSS بەڕێوە ببەن. | | | m College |
| دڵنیابوون لە خوێندنگەی سەلامەت و تەندروست | ٢٥ لەسەد لە قوتابخانەکان ئاوی خواردنەوە و ئاوەڕۆیان نیە. | بودجە و چاککردنەوە و توانای بیناسازی زۆر پێویستن. | چاککردنەوە بەردەوامی هەیە. | دانانی پلان بۆ چاکترکردنی دەزگا سەرەکییەکانی قوتابخانەکان. | ئەیلولی ٢٠١٦ – تشرینی دووەمی ٢٠١٩ | وەزارەتی پەروەردە<br>وەزارەتی پلاندانان | RAND<br>کۆمپانیاکانی بیناسازی |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **دانانی بەرنامەی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی و تەکنیکی TVET** | | | | | | | |
| پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی و تەکنیکی (TVET) | بەرنامەکانی (TVET) زۆر لاوازن: مەنهەج و شێوازی وانەوتنەوە کۆنن، هێندەی پێویست مەشقدەر ئامادە نیە، ئامراز و دەزگاکان پێویست نین، و هیچ چالاکیەکی پاش ڕاهێنان ئەنجام نادرێت. | هیچ شارەزاییەکی لەبار نیە بۆ گەشەپیدانی لەلای کەرتی تایبەت. ڕێژەیەکی بەرزی بێکاری هەیە بە تایبەتی لەنێو گەنجاندا و زیاد لە پێویست کارمەند لە کەرتی گشتی هەن، ئەمە گرفتێکی جدیە. | چەند بەرنامەیەکی (TVET) هەیە کە حکومەت بەڕێوەیان دەبات و کۆمەکبەخشان پشتگیری دەکەن، بەڵام هەماهەنگی نیە لە نێوانیان و تەمویلی ناوخۆییان یەکناگرێتەوە. ڕەند چەند ڕاسپاردەیەکی داڕشتووە بۆ چاکترکردنی (TVET) کە بە قۆناغ دانراوە. | لە ڕێی هاوکاری تەکنیکییەوە، بەرنامەیەکی گشتگیری (TVET) ئامادە بکرێت و جێبەجێی بکرێت. | تشرینی دووەمی ٢٠١٨ – تشرینی دووەمی ٢٠١٩ | وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی<br>وەزارەتی پەروەردە<br>وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | UNIDO<br>EU<br>Germany<br>RAND |
| **کەرتی تەندروستی** | | | | | | | |
| خزمەتگوزاری خۆپارێزی، تەندروستی سەرەتایی و چارەسەر | لە ٢٠٠٠ هەندێک چاکسازیی پێشنیار کراوە بەڵام کەرتەکە دووچاری چەند گرفتێک بۆتەوە: کەمی وەبەرهێنان لە سەرمایەی فیزیکی و مرۆیی، و ستاندەری نزم، و زێدەڕۆیی لە | پرۆژەیەکی چاکسازی بایەخپێدانی تەندروستی پێشکەشی پەرلەمان کراوە، بەڵام پەسەند نەکراوە و پرۆژەکە تەواونەکراوە. | دەستکراوە بە چەند چاکسازیەک، بەڵام هێشتا جێبەجێ نەکراوە. وەک "پلانی وەزارەت بۆ کاری تەندروستی" کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە تەبەنی کراوە بەڵام پەرلەمان پەسەندی نەکردوە. | دانانی ستراتیجێک بۆ چاکسازیی لە کەرتی تەندروستی بۆ خزمەتگوزاری خۆپارێزی و سەرەتایی و چارەسەر. پێویستە پلانەکانی چاکسازی لە چەند بوارێکدا ئەنجام بدرێن: | حوزەیرانی ٢٠١٦ – کانونی یەکەمی ٢٠١٩ | وەزارەتی تەندروستی ,<br>وەزارەتی پلاندانان<br>وەزارەتی خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی<br>وەزارەتی دارایی و ئابوری | RAND |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەکارهێنانی چارەسەر، حەوافزیی کەمی دارایی کە بۆتە مایەی کەمیی چوستی و نزمیی کواڵیتی و یەکسانیی خزمەتگوزاری تەندروستی. | | وەبەرهێنان لە ژێرخان دەستی پێکرد بەڵام وەستاون. لە بواری دەرمانسازیدا، ئاژانسی کۆنترۆڵی پزیشکی گەشەی بە تواناکانی خۆی داوە بۆ پشکنینی دەرمانەکان، بەڵام پێویستی بە بەرزکردنەوەی ئاستەکەیەتی. چاکسازییەکان هێشتا لە قۆناغی ساوایدان لە بواری: بیمەی تەندروستی، ئەنجومەنی پزیشکی، و بنکەکانی خێزانی دکتۆر/پسپۆڕ، سیستەمی دوو دەوامی. دەزگای ڕەند ژمارەیەک ڕاسپاردەی پێشکەش کردووە بە تێروتەسەلی لەسەر بایەخپێدانی تەندروستی سەرەتایی. ڕەند هەروەها سیستەمی بەڕیوەبردنی زانیاری | • تەبەنی کردنی ستاندەری بەرز بۆ کواڵیتی خزمەتگوزاری تەندروستی و سەلامەتی، بۆ نموونە لە ڕێی ئیعتیباری نەخۆشەکان و مۆڵەت بۆ شایستەیی و وەرگرتنەوەی بڕوانامە بۆ پسپۆڕیەکان.<br>• داڕشتنی سیستەمێکی زانیاری: (أ) سیستەمێکی گشتگیری بەڕێوەبردنی زانیاری بۆ بنکە تەندروستی و نەخۆشخانەکان، (ب)، سیستەمێک بۆ تۆماری پزیشکی، (ج) تۆماری نەخۆشییەکان، (د) سیستەمێک بۆ حەواڵەکردنی نەخۆش و تۆمارکردنی، و (ه) چاودێری تەندروستی لە بنکەکانی تەندروستی و نەخۆشخانەکانەوە.<br>• داڕشتنی PPP<br>• داڕشتنی تۆڕی فریاکەوتن و گواستراوە.<br>• دامەزراندنی بنکەی تایبەتمەند (وەک زانستی | | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | MIS دارشتووه و جێبەجێی کردووە، بەڵام دەبێت بە دامەزراوەیی بکرێت.<br>له داهاتوودا بڵاوکراوەیەک دەردەچێت سەبارەت بە دەرەنجامە تێروتەسەلەکان و راسپاردەکانی لێکۆڵینەوە لە سیستەمی بەڕێوەبردنی زانیاری بۆ خزمەتگوزاری سەرەتایی. | وەرەم) و تێکەڵکردنیان لەگەڵ سیستەمەکە بە گوێرەی درێژیی ماوەی خزمەتگوزاریەکە (لە سەرەتاییەوە بۆ حەواڵەکردن و بۆ خزمەتگوزاریەکانی نەخۆشخانە گەڕاندنەوەی) و<br>• چاکسازی لە بەرنامەی تەندروستی و مەنهەجی راهێنان، و بواری دەرمانسازیدا.<br>بەرەو وریاییەکی زیاتر لە بواری دەرمان (چاودێری و سەرپەرشتی ئاسایی) پێویستە. لەگەڵ زیادکردنی پێوەری کواڵیتی، رێسای توند بۆ ڕەچەتە، و بۆ خەزنکردن و دابەشکردن، و بەگژاچوونەوەی تەزویرکردنی دەرمان.<br>پێویستە وەبەرهێنانی گەورە بکرێت لە بنکە تەندروستیەکان و نەخۆشخانە گشتیەکان بۆ ئەوەی ئامێر و دەزگای | | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەوتۆیان بۆ دابین بکرێت کە بە گوێرەی ستاندەرە مۆدێرنەکان بن. | | | |
| تەمویلی تەندروستی | کەمی ئاستی کارامەیی، یەکسانی و کواڵیتی خزمەتگوزاریەکانی پاراستنی تەندروستی نزمن لەبەر نەبوونی دارایی. وەبەرهێنانی کەم دەکرێت لە بواری سەرمایەی مرۆیی و فیزیکی. | تەرخانکردنی بودجە وەک پێویست نیە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان لە کەرتی گشتی و بۆ دابینکردنی ئاستی گونجاوی خزمەتگوزاریەکان. | ڕەند ڕاسپاردەی پێشکەش کردووە بۆ جێبەجێکردنی بیمەی تەندروستی و چاکسازی لە دوو دەوامی. | داڕشتنی سیستەمی بیمەی تەندروستی، کە بە یەکسانی مامەڵە دەکات بۆ دابینکردنی پاکێجی گونجاوی خزمەتگوزاری، بە شێوەیەکی چالاک قەرەبووی دابینکەرەکان دەکاتەوە، و دابینکەری ئەهلی تێدایە. دانانی بیمەی پزیشکی و پلانی دارایی تەندروستی کە هانی کواڵیتی بدات و رۆڵی تەمویلی ئەهلی زیاتر بکات. داڕشتن و جێبەجێکردنی چاکسازی لە دوو دەوامیی دکتۆرەکان، و قەرەبووکردنەوەی دکتۆرەکان بە گوێرەی ئەدا. | حوزەیرانی ٢٠١٧ | وەزارەتی تەندروستی وەزارەتی دارایی و ئابوری | RAND |
| بەڕێوەبردنی کەرتی تەندروستی | وەزارەتی تەندروستی توانا و | چاکسازیی لە کەرتی خزمەتگوزاری | بڵاوکردنەوەی نامیلکە لەسەر هەیکەلی | داڕشتنەوەی هەیکەلی کەرتی تەندروستی گشتی | حوزەیرانی | وەزارەتی تەندروستی | RAND |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کارمەند و دارایی پێویستی نیە بۆ جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی سیستەمی نوێی خزمەتگوزاری تەندروستی<br>زۆربەی بەڕێوەبەران و کارگێڕانی نەخۆشخانەکان راهێنانیان وەرنەگرتووە لە بواری بەڕێوەبردندا. | تەندروستیدا بۆ ئەوەی بتوانرێت وەزارەتی پەیوەندیدار هێزی کار بەڕێوە ببات.<br>پێویستە داتا هەبێت تا بتوانرێت بڕیاری کارگێڕیی باش بدرێت و سیاسەتی بەڕێوەبردن و داراییکردن دابڕێژرێن.<br>کەرتی تایبەت بە خێرایی بەرفراوان دەبێت بە بێ ڕێنمایی و ڕێکارەکان و بە بێ پرۆسەی وەبەرهێنانی ستراتیجی. | پێشنیارکراو و پلانی تێروتەسەلی ستراتیجی لەژێر پرۆسەدایە. | و بەڕێوەبردنەکەی.<br>ڕێکخستنەوەی وەزارەتی تەندروستی بۆ ئەوەی جەخت بخرێتە سەر کارامەیی، داڕشتنی سیاسەتەکان، و جێبەجێکردنی پلانە داراییە نوێیەکان.<br>داڕشتنی وەسفی وەزیفی، بەرنامەی ڕاهێنان، ڕێچکەی پیشەیی، و سیستەمی هەڵسەنگاندنی ئەدای ستاف بۆ چاکترکردنی توانای بەڕێوەبردن.<br>لامەرکەزی بەڕێوەبردن و بودجە، و لێپرسینەوە لە هەمبەر نەخۆشخانە گشتیەکان.<br>زیادکردنی چاودێری و ڕێکار بۆ نەخۆشخانە ئەهلیەکان. | ٢٠١٧ | وەزارەتی پلاندانان<br>وەزارەتی دارایی و ئابوری | |
| **میوانداریێتی ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەری سوریایی** | | | | | | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سوود وەرگرتن لە پشتگیری کۆمەکبەخشە نێودەوڵەتیەکان بۆ هاوکاری ئاوارە و پەنابەران | | | بە سەرپەرشتی وەزارەتی پلاندانان لیژنەی باڵای هەڵسەنگاندنی پێداویستیەکان رووبەڕووی ئەم گرفتە بۆتەوە لە چوارچێوەی پلانی بەدەنگەوەهاتنی خێرا.<br>وەزارەتەکە بەدواداچوون بۆ پڕۆگرامەکان بە هاوکاری ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن. | دەستگەیشتن بە پشتگیری مرۆیی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ هاوکاری و پشتگیری ئاوارە و پەنابەران لە ماوەی کورتخایەندا.<br>سوودوەرگرتن لە سەرچاوە داراییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی بەدەر لە هاوکاری مرۆیی و جەخت بخرێتە سەر وەبەرهێنان لە ژێرخان و دابینکردنی خزمەتگوزاری گشتی.<br>دەستگەیشتن بە دارایی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان کە لە بواری پەرەپێدان کار دەکەن، لەوانە: نەتەوە یەکگرتووەکان، بانکی نێودەوڵەتی، و بانکی گەشەسەندنی ئیسلامی (کە تەمویلێکی ڕاگەیاند بۆ دەستپێشخەریەکی دارایی لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ بۆ پشتگیری لەو وڵاتانەی | حوزەیرانی – ٢٠١٦ و دوای ئەوە | | نەتەوە یەکگرتووەکان RAND |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ژمارەیەی زۆر پەنابەریان لەخۆ گرتووە). | | | |
| **٤. لێپرسینەوە** | | | | | | | |
| **چاکسازی لە بەڕێوەبردنی دارایی گشتی** | | | | | | | |
| پرۆسەی ئامادەکردنی بودجەی حکومەتی هەرێم | نەبوونی پرۆسەی ئامادەکردنی بودجەی ساڵانە. | لە سێ ساڵی ڕابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ بودجەیەکی ئامادە نەکردووە. | | دارشتنی بودجەی ساڵانە کە هەموو بەشەکانی MDA دەگرێتەخۆی لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێشکەش بکرێت بە پەرلەمان بۆ ئەوەی پەسەندنی بکات و بڵاوبکرێتەوە.<br>دارشتنی MTFF و لەو ڕێڕەوەشدا MTEF بۆ ڕێنمایی پرۆسەی ساڵانەی ئامادەکردنی بودجە، و دامەزراندنی سندوقی سەقامگیربوونی هەرێم. | ئەولەویەتی بەرز (٢٠١٦–٢٠٢٠) | وەزارەتی دارایی و ئابوری<br>تیمی پەرەپێدانی تواناکان | RAND |
| پۆلێنکردنی بودجە | پۆلێنکردنی ئێستای بودجە، زۆر کۆنە | چوارچێوەی ئێستای پۆلێنکردنی بودجە هەندێک خاڵی لاوازیی تێدایە و بوار نادات بە هەڵهێنجانی دەستبەجێ لە | | چاکترکردنی پۆلێنکردنی بودجە بە گوێرەی GFMS. | ئەولەویەتی مامناوەند (٢٠١٩–٢٠٢٢) | وەزارەتی دارایی و ئابوری | USAID<br>UNDP |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پێوەرە سەرەکی و باوەکانی شیکاریەوە بۆ سیاسەتی دارایی، کە بوار بە کەمکردنەوەی گشتگیری و تەبایی دەدات لە چوارچێوەی شیکاریدا. | | | | | |
| بەڕێوەبردنی گەنجینە | ژمێریاری گەنجینەیی یەکخراو Treasury Single Account (TSA)) لە ئارادا نیە. | نەبوونی TSA ڕێگە دەگرێت لە بەڕێوەبردنی کارای نەختینە بۆ دڵنیابوون لەوەی حکومەت هێندەی پێویست پارەی نەختینەی هەیە کە بتوانێت ئەو پابەندیە داراییانەی بدات کە کاتیان هاتووە، و بۆ وەبەرهێنانی کاتی زیادە بۆ دروستکردنی داهاتی سوود. | | هەڵسەنگاندنی بژاردەکانی TSA، و ئامادەکردنی خشتەی کات بۆ جێبەجێکردنی. | ئەولەویەتی بەرز (٢٠١٦-٢٠٢٠) | وەزارەتی دارایی و ئابوری<br>بانکی ناوەندی | USAID<br>UNDP |
| جێبەجێکردنی بودجە | هیچ سیستەمێکی کارای ئیلتیزام بوون لە ئارادا نیە بۆ کۆنترۆڵکردن و ڕاپۆرتکردن. | کۆنترۆڵی لاوازی ئیلتیزامەکان و نەبوونی ڕاپۆرتنووسین دەبێتە مایەی: خەرجی زیاتر، زیادبوونی قەرزی نەدراوە، وە خراپی تەرخانکردنی پارە. | | جێبەجێکردنی سیستەمی پابەندیتی کۆنترۆڵ و ڕاپۆرتنووسین، لەگەڵ وردەکاری مەزەندەی خەرجییەکان | ئەولەویەتی بەرز (٢٠١٦-٢٠٢٠) | وەزارەتی دارایی و ئابوری | USAID<br>UNDP |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| راپۆرتی ئابوری و ژمێریاری | کوالێتی راپۆرتی ئابوری و ژمێریاری حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە چاکسازییە. | ئەو راپۆرتی ئابوری و ژمێریانەی ئێستا پیادە دەکرێت، زانیاری پێویست ناخەنە بەردەست بۆ بڕیاردانی باشتر کە ببێتە مایەی باشتر بەکارهێنانی سامانە گشتیەکان. | | پێداچوونەوەی وردیی ئەو راپۆرت و ژمێریاریەی کە ئێستا هەن و بەراوردکردنیان لەگەڵ رێکار و رێنماییەکان، و دارشتنی پلانێک بۆ پتەوکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئاستی ستاندەرە نێودەوڵەتیەکان.<br>پێداچوونەوەی رەوشی جێبەجێکردنی GFMIS | ئەولەویەتی بەرز (٢٠١٦-٢٠٢٠) | وەزارەتی دارایی و ئابوری | USAID<br>UNDP |
| چاودێری ناوخۆیی و وردبینی ناوخۆیی | چاودێری ناوخۆیی بە باشی پیادە ناکرێت، و پێویستە ستاندەرەکانی چاودێری و وردبینی ناوخۆ پتەو بکرێن. | کارێک نیە کە بریتی بێت وردبینی ناوخۆ بە گوێرەی ستاندەری نێودەوڵەتی. وردبینەری ناوخۆیی وەک کەسی چاودێری ناوخۆیی کاردەکەن و وردبینی پێشوەخت ئەنجام دەدەن. هیچ پلانێک نیە بۆ وردبینی ساڵانە، وردبینی کردن پشت نابەستێت بە مەترسیەکان. هیچ | | پێداچوونەوەی چالاکیەکانی چاودێری دارایی لە بارەی جێبەجێکردنی بودجەوە.<br>نمونە و نەخشە و قۆناغبەندی بۆ پرۆسەی چاودێری خەرجیە سەرەکییەکان.<br>راوێژکردن بۆ پەرەپێدانی وردبینی ناوخۆیی حکومەت و دڵنیابوون لە پلانەکانی وردبینی و تەکنیکەکانی وردبینی. | ئەولەویەتی مامناوەند (٢٠١٩-٢٠٢٢) | وەزارەتی دارایی و ئابوری | USAID<br>UNDP |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | میکانیزمێکی ڕوون نیە بۆ ڕاپۆرتی وردبینی. | | ناساندنی پراکتیزەکردنی پیشەیی لە وردبینی ناوخۆیی حکومەتدا. | | | |
| **بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی گشتی** | | | | | | | |
| بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی گشتی | حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی گرفتی تەرخانکردنی سامانە دەگمەنەکانی بۆتەوە بەسەر چەندین پێویستی کە هەموویان ئەولەویەتیان هەیە. هەڵسەنگاندنی ڕێکوپێکی پرۆژەکان ڕێگەخۆش دەکات بۆ هەڵبژاردنی پرۆژەی گونجاو و دەرەنجام و دیزانی گونجاو، و کەمکردنەوەی مەترسیەکانی زێدەڕۆیی خەرجی بەکاربەر. هەروەها ژمارەیەکی زۆر پرۆژە هەن | هەنگاوەکانی مۆدێرنکردنی شێوازەکانی بەڕێوەبردنی بودجە دواکەوتوون. | قۆناغی بەرایی لە "سیستەمی بەڕێوەبردنی پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان KDMS " بریتیە لە هاوکاری تەکنیکی لە دەزگای ڕەندەوە بۆ دەستکردن بە پرۆسەی پێکەوە بەستنەوەی بودجەی وەبەرهێنان بە *دیدگەی* ٢٠٢٠. چوارچێوەی PIM. هەڵسەنگاندنی سادەی ئابوری بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنانی گشتی. هەڵسەنگاندنی سادەی دیاریکردنی پرۆژەکان و ئەولەویەت پێدانی. ئامادەکردنی پرۆژە بە گوێرەی کەرتەکان و | ئەم چالاکیانەی خوارەوە دادەڕێژرێن لە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی چاکترکردنی ڕێوشوێنەکانی وەبەرهێنانی گشتی و دامەزراندنی PIMS ی تەواو لە هەرێمەکە: i) چاکترکردنی دیزاینی پرۆژەی وەبەرهێنانی سەرمایە، و هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردنی پرۆژە، ii) داڕشتنی بەرنامەی پەرەپێدانی توانا لە بواری دیزانی پرۆژە و هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردنی پرۆژە، iii) چاکترکردنی پرۆسەی تۆمارکردنی پرۆژەکان بە ڕێگەی سیستەمی زانیاری Integrated Bank of | ئەولەویەت ی بەرز (ئەیلولی ٢٠١٦ – کانونی یەکەمی ٢٠١٩) | وەزارەتی پلاندانان | World Bank Group DFID RAND |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | وەستێندراون و پارەکانیان هەڵپەسێردراوە لەبەرئەوەی پارەی نەختینە لەبەردەست نیە. | | هەڵسەنگاندنی مەنهەجی بە گوێرەی: i: ڕێگەو بانەکان (ii ; گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا و (iiiپەروەردە. | (iv ، Projects چاکترکردنی چوارچێوەی یاسایی و ڕێکارەکانی هەرێمی کوردستان لە بواری PIMS و v) چاکترکردنی مەرجەکانی بەڕێوەبردنی پرۆژەکان و هەڵسەنگاندنی دوای تەواوبوونی پرۆژەکان.<br>پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بگەڕێت بۆ تەمویلی بەدیل بۆ بودجەی وەبەرهێنانی بۆ تەمویل کردنی پێویستیەکانی ژێرخان.<br>پێویستە سێینەی ئەو پرۆژانەی کە ڕاگیراون، جێبەجێ بکرێن. | | | |
| چاکترکردنی چوارچێوەی وەبەرهێنانی گشتی | پرۆسەی وەبەرهێنانی گشتی بەشێک نیە لە چوارچێوەی ماوەی مامناوەندی و پێناسەکراوی ڕێکوپێکی بودجە. | | لە کاتێکدا وەزارەتی پلاندانان پرۆسەیەکی هەیە بۆ وەبەرهێنانی گشتی، جەختەکە دەخرێتە سەر ئەوەی تا چەند پرۆژەیەک سوودی هەیە (جدوی)، | داڕشتنی MTFF/MTEF وەک ئامرازێکی سەرەکی سیاسەتەکان بۆ پشتگیری لە PIM و بودجەی ساڵانە. | ئەولەویەتی بەرز )ئەیلولی ٢٠١٦ – کانونی یەکەمی | وەزارەتی دارایی و ئابوری وەزارەتی پلاندانان | World Bank Group |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نەوەک سەر قەبارەی گشتی و دابەشبونی سێکتەرەکە بە پێی PIP، و تەواوکاری لەنێو MTFF/MTEF. | | (٢٠١٩ | | |
| **چاکسازیی لە گرێبەستە گشتیەکان** | | | | | | | |
| شێوازی ئەنجامدانی گرێبەستە گشتیەکان لە لایەن حکومەتەوە | بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی کەشی وەبەرهێنان، لاوازیەکی زۆر هەیە لە بەخشینی گرێبەستە گشتیەکان. | گرێبەستە گشتیەکان سەرچاوەیەکی گەورەی نیگەرانی ئیدارە بووە و ڕێوشوێنی کۆن و ناکۆک، بارێکی گرانن بە سەریەوە. کڕیاری شەفافانە ئاستەنگێکە. توانای کارمەندانی بواری کڕیاری لاوازە. بەڕێوەبردنی گرێبەستیش لاوازە، و پارەی بەڵێندەران زۆر دواکەوتووە و کەمیی پارەی نەختینەش ئەوەندەی تر کێشەکەی قوڵتر کردۆتەوە. | تیمێک پێک هاتووە لە چەند وەزارەتێک بۆ ئەوەی سەرپەرشتی چاکسازی و نوێکردنەوی سیستەمی گرێبەستە گشتیەکان بکەن. ڕێوشوێنی نوێ بۆ گرێبەستە گشتیەکان لە شوباتی ٢٠١٦ پەسەند کراو لە تەموزی ٢٠١٦ وە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. پاشکۆیەک بۆ ڕێوشوێنەکان ئامادە کراوە بۆ "گرێبەستە گشتیەکان بە گوێرەی PPP ". ڕاهێنانکردن بە | جێبەجێکردنی ڕێوشوێنە نوێیەکەی گرێبەستە گشتیەکان لە ڕێی ١) ڕاهێنانکردن بە فەرمانگەکانی جێبەجێکردن لەسەر ڕێوشوێنە نوێیەکان، ٢) کارکردن بە پاشکۆی "ڕێوشوێنی گرێبەستە گشتیەکان بە گوێرەی PPP" ٣) دەرکردنی سەرنج و ڕوونکردنەوە ٤) دەرکردنی "ئەنجامدانی بزنس" بە کەرەستەکانی حکومەت و بە گوێرەی ڕێوشوێنە نوێیەکان. ٥) پتەوکردنی ئەرک و سەرچاوەکانی یەکەی سیاسەتەکان و ٦) | ئەولەویەتی مامناوەند ڕاهێنانکردن بە فەرمانگەکانی جێبەجێکار: هاوکاری بەردەوامی بانکی نێودەوڵەتی کارکردن بە پاشکۆی ڕێوشوێنی | وەزارەتی پلاندانان لیژنەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان | World Bank Group USAID UNDP |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | راهێنانده‌ران ئەنجام دراوە بۆ جێبەجێکردنی ڕێوشوێنە نوێیەکان. | دامەزراندنی سیستەمی میکانیزمی سکاڵاکردن.<br>زیادکردنی شەفافیەت و دەستگەیشتنی گشتی بە زانیاری لە ڕێی بڵاوکردنەوەی سەرنجنامە لەسەر بەخشینی گرێبەست و کڕیاری بۆ زۆرینەی ئەوانەی تەندەر پێشکەش دەکەن لە ڕێی ماڵپەڕی ئەلکترۆنیەوە.<br>بەردەوامیدان بە پەرەپێدانی توانای بەرپرسانی کەرتی کڕیاری گشتی. | کڕیاری گشتی: کانونی یەکەمی ٢٠١٦<br>دەرکردنی سەرنجنامەی ڕوونکردنەوە: ئەیلولی ٢٠١٦<br>دەرکردنی "ئەنجامداذی بزنس" تەموزی ٢٠١٦<br>پتەوکردنی ئەرکەکانی یەکەی سیاسەتەکان کانونی دووەم ٢٠١٧ | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دامەزراندنی سیستەمی میکانیزمی سکاڵاکردن: کانونی یەکەمی ٢٠١٧<br>دەرکردنی SBD ئەیلولی ٢٠١٦<br>لە ئازاری ٢٠٧ دەسەپێندرێت<br>بڵاوکردنەوەی سەرنجەکان لەسەر بەخشینی تەندەرەکان لەسەر ماڵپەری ئەلیکترۆنی | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | :کانونی یەکەمی ٢٠١٨<br>پەرەپێدانی تواناکان: تەموزی ٢٠١٨ | | |
| **چاودێری دادوەری** | | | | | | | |
| پتەوکردنی سیستەمی دادوەری | | سەربەخۆیی سیستەمی دادپەوەری | | هەرێمی کوردستان دەرفەتی هەیە بۆ دارشتنی چوارچێوەیەکی پتەوی دامەزراوەیی، وەک سیستەمی سەربەخۆی دادوەری، کە کلیلە بۆ مافی موڵکداری و سیستەمی بازاڕ، و گەشەسەندنی کەرتی تایبەت. | ئەولەویەتی بەرز (٢٠١٨) | پەرلەمان | |
| **چاکسازی لە چاودێری دارایی** | | | | | | | |
| چوارچێوەی یاسایی | یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی پێویست، و کارامەیی و سنوردانان بۆ | ماوەی سەرۆک کورتە، هیچ روون نیە ئاخۆ سەرۆک و ئەندامانی دەستەکە پارێزبەندیان هەیە، یاساکە بە روونی ئاماژە بۆ ئەوە ناکات | | پێویستە پێداچونەوە بکرێت بە یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان، و لە چەند بوارێکدا پتەو بکرێت و روون بکرێتەوە بۆ دڵنیابوون لە دەزگایەکی | ئەولەویەتی بەرز (٢٠١٦–٢٠٢٠) | دیوانی چاودێری دارایی | UNDP<br>USAID |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دەرفەت بۆ دەستێوەردانی نەگونجاو لە کاری دەزگاکە، دابین ناکات. | ئاخۆ کار بە پێناسەی INTOSAI دەکات بۆ پابەندێتی (امتثال)، و وردبینی دارایی و ئەدا، و دەسەڵاتی بەدواداچوون بۆ ئەنجامەکانی وردبینی، و هیچ روون نیە ئاخۆ مەرجەکانی BSA چییە بۆ راپۆرت نوسین لەسەر دەرەنجامی کارەکانی، و ئاخۆ ئەو راپۆرتانە بڵاودەکرێنەوە بۆ رای گشتی. | | وردبینی بەهێز و سەربەخۆ و کارا و سنورردانان بۆ دەرفەتی نەگونجاوی دەستێوەردان لە کارەکانی ئەم دەزگایە. | | | |
| هەیکەلی بەڕێوەبردن و رێکخراوەکە | هەیکەلی ئێستای بەڕێوەبردنەکە و رێکخراوەکە مەبەستی BSA ناهێننە دی لە بەدیهێنانی سەرجەم بوارەکانی دەسەڵاتەکەی بە شێوەیەکی رێکوپێک و کارا. | هێندەی پێویست رێسا و رێنمایی نێوخۆیی نیە، هیچ سیستەمێک نیە بۆ چاودێری ئەدای BSA، هیچ دیدگە و پەیام و بەهایەک دانەرێژراوە، و بنچینەکانی ئاکار دانەرێژراوە. | | هەیکەلی ئیداری و رێکخراوەیی BSA پێویستی بە پێداچوونەوەیە بۆ ئەوەی بتوانێت دەسەڵاتەکانی بە شێوەیەکی رێکوپێک و کارا پیادە بکات. | ئەولەویەتی بەرز (٢٠١٦–٢٠٢٠) | دیوانی چاودێری دارایی | UNDP USAID |
| شێوازەکانی وردبینی | BSA کورت دەهێنێت لە | نموونە لەسەر بەربەستەکان: | | ئەولەویەتی هەرە لە پێش و بەپەلەی حکومەتی | ئەولەویەت | دیوانی چاودێری دارایی | UNDP USAID |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەدیهێنانی زۆربەی ستاندەرە سەرەکییەکانی INTOSAI لە بواری پابەندبوون و وردبینی دارایی و ئەدا. | شێوازی وردبینی BSA ی حکومەتی هەرێمی کوردستان، و رێوشوێنەکان و دەرکردەکان، تەبا نین لەگەڵ ستاندەرەکانی INTOSAI ، هیچ دڵنیاییەک نیە لەوەی کە وردبینیەکانی BSA تەواون و وردن و جێی متمانەن، هیچ وردبینیەکی دارایی و ئەدا ئەنجام نەدراوە. | | هەرێمی کوردستان بریتیە لە بەرزکردنەوەی ستاندەری پیشەیی و شایستەیی تەکنیکی و وردبینیەکانی پابەندێتی و دارایی BSA بۆ ئەوەی یەک بخرێت بێت لەگەڵ ستاندەرە بنەڕەتیەکانی INTOSAI. لە ماوەی درێژخایەندا، BSA وردبینی ئەدای خۆی دادەڕێژێت. ئەمەش بریتی دەبێت لە دارشتنی بڵاوکراوەی پێویست لەسەر وردبینی و راهێنان کردن بە سەرجەم ستافەکە لەسەر شێوازەکانی وردبینی بە گوێرەی مەترسیەکان. | ی بەرز (٢٠١٦-٢٠٢٠) | | |

# سەرچاوەکان


Acemoglu, Daron. ٢٠٠٩. "A Microfoundation for Social Increasing Returns in Human Capital Accumulation." The Quarterly Journal of Economics, Vol. ١١١, No. ٣.

Alderman, Harold and Ruslan Yemtsov. ٢٠١٢. "Productive Role of Social Protection." Background Paper for the World Bank ٢٠١٢–٢٠٢٢ Social Protection and Labor Strategy. Discussion Paper No. ١٢٠٣.

BMI Research. ٢٠١٦. Economic Analysis. "Grim Outlook for Iraqi Kurdistan in ٢٠١٦."

Callen, T., R. Cherif, F. Hasnov, A. Hegazy, and P. Khandelwal. ٢٠١٤. "Economic Diversification in the GCC: Past, Present and Future," *IMF Staff Discussion Note*, SDN/١٤/١٢, December ٢٠١٤.

International Energy Agency and Organization for Economic Cooperation and Development. ٢٠١٢. "Iraq Energy Outlook."

Iraq Central Statistical Organization and World Bank. ٢٠٠٧. "Iraq Household Socio-Economic Survey (IHSES)."

Iraq Central Statistical Organization and World Bank. ٢٠١٢. "Iraq Household Socio-Economic Survey (IHSES)."

Jones, Charles, and Dietrich Vollrath. ٢٠١٣. "Introduction to Economic Growth." ٣rd Edition. ISBN-١٣: ٩٧٨-٠٣٩٣٩١٩١٧٢.

Kurdistan Regional Government Ministry of Planning and UNDP. ٢٠١٢. "Building the Kurdistan Region of Iraq – The Socio-Economic Infrastructure."

Kurdistan Regional Government Ministry of Planning. ٢٠١٣. *Kurdistan Region of Iraq ٢٠٢٠: A Vision for the Future*, Erbil, Kurdistan Region – Iraq.

Kurdistan Regional Government and United Nations. ٢٠١٤. "Kurdistan Region of Iraq (KR-I) Has Become a Refuge from Iraq's Violence."

Kurdistan Regional Statistics Office (KRSO), Ministry of Planning. ٢٠١٢. "Labor Force Survey Report." Iraq.

Kurdistan Regional Statistics Office (KRSO), Ministry of Planning. ٢٠١٣. "Labor Force Survey Report." Iraq.

Kurdistan Regional Statistics Office (KRSO), Ministry of Planning. ٢٠١٤. "Labor Force Survey Report." Iraq.

Kurdistan Regional Government of Iraq. ٢٠١٦. *MNR Policy on Local Development in the Oil and Gas Industry*, Ministry of Natural Resources, Erbil.

Kurdistan Regional Government of Iraq. ٢٠١٣. *Tourism Strategic Plan for Kurdistan Region (Iraq)*, Ministry of Municipalities and Tourism, General Board of Tourism, Erbil, Iraq.

Kurdistan Regional Government of Iraq. ٢٠١١. *Regional Development Strategy for Kurdistan Region* ٢٠١٢- ٢٠١٦, Ministry of Planning, Erbil.

Levine, R. ٢٠٠١. "It's Not Factor Accumulation: Stylized Facts and Growth Models." The World Bank Economic Review ١٥.

Lipson, R., N. Ismail Ali, A. Al-Kazzaz. ٢٠١٤. "MENA shares knowledge on procurement under public- private partnerships," *MENA Knowledge and Learning Quick Note*, n°١٣٨, December, World Bank, Washington, D.C.

McCarthy Tétrault LLP. "Fraud Prevention: Ensuring Fairness & Transparency and Avoiding Bid Rigging." Legal Guide for Public Procurement Course. Ottawa. Canada.

McKinsey and Company. ٢٠١٥. *Saudi Arabia Beyond Oil: The Investment and Productivity Transformation*, McKinsey Global Institute.

Ministère des Affaires Etrangères. ٢٠٠٦. *Etude comparée des politiques d'aménagement du territoire et de développement regional dans les pays du Sud*, DGCID, Paris.

Müller-Jentsch, D. ٢٠٠٥. *Deeper Integration and Trade in Services in the Euro-Mediterranean Region: Southern Dimensions of the European Neighborhood Policy*, World Bank and European Commission.

RAND Corporation and KRG Ministry of Planning. ٢٠١٤. "An Assessment of Present and Future Labor Market in the Kurdistan Region-Iraq: Implications for Policies to Increase Private-Sector Employment."

RAND Corporation and KRG Ministry of Planning. ٢٠١٤. "Capacity Building at the Kurdistan Region Statistics Office Through Data Collection."

RAND Corporation and KRG Ministry of Planning. ٢٠١٤. "Health Sector Reform in the Kurdistan Region

- Iraq: Financing Reform, Primary Care, and Patient Safety."

RAND Corporation and KRG Ministry of Planning. ٢٠١٤. "Improving Technical Vocational Education and Training in the Kurdistan Region - Iraq.

RAND Corporation and KRG Ministry of Planning. ٢٠١٤. "Designing a System for Collecting Policy- Relevant Data for the Kurdistan Region - Iraq."

RAND Corporation and KRG Ministry of Planning. ٢٠١٤. "Strategic Priorities for Improving Access to Quality Education in the Kurdistan Region of Iraq."

RAND Corporation and KRG Ministry of Planning. ٢٠١٤. *Strategies for Private-Sector Development and Civil Service Reform in the Kurdistan Region – Iraq*, Rand Corporation, Santa Monica, CA.

RAND Corporation and KRG Ministry of Planning. ٢٠١٤. "The Future of Health Care in the Kurdistan Region - Iraq: Toward an Effective, High-Quality System with an Emphasis on Primary Care."

Republic of Iraq. ٢٠١٤. *Private Sector Development Strategy* ٢٠١٤-٢٠٣٠, Council of Ministers, Prime Minister's Advisory Commission, April ٢٠١٤.

Roland Berger Strategy Consultants. ٢٠١٤. *KRG Rapid Tourism Assessment Scoping*, World Bank Group Selection n°١١١٢٥٤٦٤, June ٢٠١٤.

UNDP and KRG Ministry of Planning. ٢٠١٢a. "Building the Kurdistan Region of Iraq / Socio-Economic Infrastructure."

UNDP and KRG Ministry of Planning. ٢٠١٢b. "Socio-Economic Infrastructure Needs Assessment for Kurdistan Region - Water Supply and Sanitation Infrastructure."

UNDP and KRG Ministry of Planning. ٢٠١٢c. "Socio-Economic Infrastructure Needs Assessment (SEINA) in KRG, Agricultural Sector, Moving from a Subsidized Agriculture to a Competitive Agriculture."

UNDP. ٢٠١٣. The Millennium Development Goals in Iraq (MDGs). "Iraq MDGs Progress

Report." UNDP, BSA-KRG-Iraq. ٢٠١٣. "A Strategy for Development."

UNICEF. ٢٠١٤. "Middle East and Norths Africa Out-of-School Children Initiative - Iraq Report."

United States of America Department of State. ٢٠١٥. *Iraq Investment Climate Statement* ٢٠١٥, Washington, DC.

World Bank and KRG Ministry of Planning. ٢٠١٥. "KRG Economic and Social Impact Assessment of the Syrian Conflict and ISIS Crisis." World Bank, Washington, D.C.

World Bank. ٢٠١٤. Over the Horizon: A New Levant. World Bank, Washington, D.C.

World Bank. ٢٠١٢. "Rents to Riches? The Political Economy of Natural Resource-Led Development." KRG. ٢٠١٤. LFS/R٢.

World Bank. ٢٠١٤. "Public Expenditure Review: Toward More Efficient Spending for Better Service Delivery in Iraq." World Bank, Washington, D.C.

World Bank. ٢٠١٥. "Where are Iraq’s Poor: Mapping Poverty in Iraq." World Bank, Washington, D.C.